# مەبەستەکانی شەریعەت

## وەك فەلسەفەیەك بۆ تەشریعی ئیسلامی

### دیدێکی ڕشتەبەندی


نووسینی: د. جاسر عەودە

و. بۆ عەرەبی: د. عەبدوللەتیف خەیات

و. بۆ کوردی: محەمەد محەمەد حەمەمیرزا



لە بڵاوکراوەکانی

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٨٢)

# مەبەستەكانی شەریعەت

## وەك فەلسەفەیەك بۆ تەشریعی ئیسلامی

## دیدێكی ڕشتەبەندی

# مەبەستەکانی شەریعەت

## وەك فەلسەفەیەك بۆ تەشریعی ئیسلامی

## دیدێکی ڕشتەبەندی

نوسینی: د. جاسر عەودە

و. بۆ عەرەبی: د. عەبدوللەتیف خەیات

و. بۆ کوردی: محەمەد محەمەد حەمەمیرزا

**مەبەستەکانی شەریعەت**

**وەک فەلسەفەیەک بۆ تەشریعی ئیسلامی**

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٢)

- نووسینی: جاسر عەودە
- وەرگێڕانی: محەمەد محەمەد حەمەمیرزا
- بابەت: ئایینی
- چاپ: یەکەم. ٢٠١٩. ناوەندی ڕینوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٧٩٤)ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق/ کوردستان - سلێمانی شەقامی - سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەڕۆك


وتەی وەرگێڕ .......................................... ٧

سوپاس و پێزانین .......................................... ٩

پێشەكی .......................................................... ١٢

بەشی پێناسەیی  بە ناوی (شەریعەتی ئیسلامی)؟ ............... ١٥

**بەشی یەكەم: مەبەستەكانی شەریعەت بە دیدی هاوچەرخ ............ ٣١**

١-١ مەبەستەكانی شەریعەت: مێژوویەكی پێشینە: ............................٣٣

١-٢ مەبەستەكان وەك تیۆرێكی پەرەپێدراو: سەدەی پێنجەم تا سەدەی هەشتەمی كۆچی:  ٦١

١-٣ چەمكە هاوچەرخەكانی مەبەستەكان: ............................٧١

**بەشی دووەم: ڕشتەبەندیی وەك فەلسەفە و میتۆدێك بۆ شیكردنەوە ............ ٨١**

٢-١ ڕشتەبەندیی و فەلسەفەی ڕشتەبەندیی: ............................٨٣

٢-٢ تێڕوانینێكی ڕشتەبەندیی بۆ شیكردنەوە: ............................٩٣

**بەشی سێیەم: فیقهی ئیسلامیی و پێشەوا و مەزهەبەكانی: سەربوردێكی مێژوویی .... ١٤٢**

٣-١ تەشریعی ئیسلامی چییە؟ ............................ ١٤٢

٣-٢ مەزهەبەكانی فیقهی ئیسلامی: كورتەیەكی مێژوویەكی: ............................ ١٥١

**بەشی چوارەم: تیۆرە مێژووییەکانی فیقهی ئیسلامی ........ ١٨١**

٤–١ سەرچاوە ڕەسەنەکان: قورئان و سوننەت: ........ ١٨٢

٤–٢ ئەو بەڵگە لەفزییانە کە لەسەر دەقەکان بونیاتنراون: ........ ٢٠٤

٤–٣ ئەو بەڵگە ئەقڵییانەی لەسەر دەق دامەزراون: ........ ٢٣٧

٤–٤ حوکمە شەرعییەکان: ........ ٢٨٨

**بەشی پێنجەم: تیۆرە هاوچەرخەکانی تەشریعی ئیسلامی ........ ٢٩٩**

٥–١ پرۆسەکانی پۆلێنکردن و زاراوە هاوچەرخەکان: ........ ٣٠٠

٥–٢ پۆلێنکردنی پێشنیارکراو: ........ ٣١٧

٥–٤ مۆدێرنەی ئیسلامی: ........ ٣٥٢

٥–٥ تێڕوانینی پۆست مۆدێرنە بۆ تەشریعی ئیسلامی: ........ ٣٨٠

**بەشی شەشەم: تێڕوانینی ڕشتەبەندی بۆ تیۆرەکانی تەشریعی ئیسلامی ........ ٤٠٥**

٦–١ دەربارەی شەرعییەتدان بە هەموو (پەیپێبراوەکان): ........ ٤٠٦

٦–٢ بەرەو جێبەجێکردنی سیفەتی هەمووەکی تەشریع: ........ ٤١٤

٦–٣ بەرەو کرانەوەو نوێبوونەوەی خودیی: ........ ٤٢٢

٦–٤ بەرەو فرە ڕەهەندیی: ........ ٤٤٤

٦–٥ بەرەو (مەبەستداریی): ........ ٤٧٥

دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ........ ٥١٠

سەرچاوەکان ........ ٥٣٥

# وتەی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری مەزن، درود لەسەر گیانی پاکی سەروەرو پێشەوامان موحەممەد پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، وە لەسەر شوێنکەوتووانی تا ڕۆژی دوایی.

ئەم کتێبە نوسەرەکەی (د. جاسر عەودە) بە زمانی ئینگلیزی نوسیویەتی، مەبەستی بووە توێژی بیرمەندان و کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان بە تایبەتی و موسڵمانان بە گشتی بە زمانێکی نوێ ئاشنا بکات بە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلام، ئەویش بە بەکارهێنانی زانستی ڕشتەبەندیی کە تا ڕادەیەکی زۆر لەم بوارەدا زانستێکی نوێیە. پاشان (د. عەبدوللەتیف خەییات) هەستاوە بە وەڕگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی، زانستییانەو بە ئەمانەتەوە کاری وەرگێڕانەکەی بە ئەنجام گەیاندووە.

برایانی بەڕێزم، مامۆستایان لە سەنتەری زەهاوی پێشنیاری وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەنرخەیان بۆکردم، بەندەش دەست لە دەست و قووەت لە خوا دەستمدایە وەرگێڕانی، خوای گەورە تەوفیقی دام کارەکە بەپایان بگەیەنم (الحمد لله)، چونکە هەر نیەتە زامنی سەرکەوتن یان شکستە.

نایشارمەوە تیایدا کەوتمە بەردەم کۆمایەك زاراوەی کۆن و نوێ، بۆ هەندێ لە زاراوەکان چەندین مانای کوردی بەردەست بوون، بەڵام هیچیان واتای پڕاوپڕیان نەدەبەخشی، بۆ هەندێکی تریان وشەی هاوواتامان لە زمانی کوردی دا هەر نەبوو، بۆیە دەبوو هەوڵبدەم بەپێی میانەی بابەتەکەو داڕشتنی دەستەواژەکە مانایەك

هەڵبژێرم لەوانیتر نزیکتر بێت لە واتا ڕەسەنەکە، هاوکات شکۆ و پێگەی قوتابخانە مەزهەبییەکان و پێشەوایان و ڕاو هزری نوسەرانیان بپارێزی، خوێنەری بەڕێزیش ئاسانتر لێیان تێبگات. بۆ نمونە هاتووین زاراوەی ڕشتەبەندیمان بۆ زاراوەی (منظومة)ی عەرەبی بەکارهێناوە، هەرچەندە ڕشتەبەندی زیاتر لە بواری ئەدەب و بەشە وێژەییەکاندا بەکاردەهێنریٚ، بەڵام وشەیەکی ترمان بەردەست نەبوو لەم وشە مانادارتر بێت بۆ وشە عەرەبییەکە. بۆ چەمك و زاراوەکانی تریش وەك (تقليدي، ذريعة، إستصحاب، إعتذاري، السببية و... تادوایی) بەهەمانشێوەیە. دواجار ئەم دەقە کوردییەی لیٚ بەرهەم هات کە ئومێدەوارم مایەی سود بێت و دەرگایەکی نویٚ بێت بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مەبەستەکانی شەریعەت. ئومێدەوارم وەرگێڕانەکە مەبەستی نوسەری گەیاندبێت و زانیاریەکی خستبێتە سەر مەڵۆی پسپۆڕیی پسپۆڕان لەو بوارەدا، زانستخوازانیش بە میتۆدی زیاتر کرانەوە لە کتێبخانەی کوردی دا سودی لێببینن.

هەر هەموو کارەکە فەزڵ و تەوفیقی خوای گەورەیە، لە سەرەتاو کۆتادا سوپاسی خوای گەورە دەکەم.

محەمەد محەمەد حمەمیرزا

٢٠١٩/٥/٢٨ زایینی

٢٣/ ڕەمەزان/١٤٤٠ کۆچی– سلێمانی

# سوپاس و پێزانین

بەدڵنیاییی کە خوای گەورە لە نیعمەتە بێشومارەکانی زاتی خۆی زۆرێکی زۆری بەسەرمدا ڕشتووە، نە لە ژمارە دێن و نە منیش شایانی ئەوانەم، لەو زاتە باڵادەستە دەپاڕێمەوە ئەم کارە بچوکەم لێ وەربگرێ، ئومێدەوارم بەشداریکردنێ بێت بە مەعریفەی مرۆیی، هەرچەندە بێ کەموکووڕیی نیە بەڵام هەر بەڵکو خوای گەورە لێم وەربگرێ، ئەوەش وەك هەوڵێك بۆ نزیکبوونەوە لەو زاتەو وەك سوپاسگوزاریم لەسەر ئەو نیعمەتە لە ژمارە نەهاتووانەی کە پێی بەخشیوم.

لێرەدا بە ئەرکی سەرشانمی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەش بە ژمارەیەك لە زانایان و مامۆستایان و هاوەڵانم بکەم، لەوانەی لەرێگای زانستەوە پشکیان هەبووە لە فێرکردنم و گەشەدان بە تواناکانم. لە مامۆستای پایەبەرز موحەممەد غەزالییەوە –بەڕەحمەت بێت– دەستپێدەکەم، بۆ مامۆستا ئیسماعیل صادق عەدوی –بەڕەحمەت بێت–، مامۆستا مەحمود فەرەج، بەڕاستی هەر لە سەرەتای تەمەنمەوە زۆر لە قورئان و فیقه لای هەریەك لەو بەڕێزانە فێربووم، هەروەها سوپاس و پێزانینم پێشکەش بە پرۆفیسۆر موحەممەد کامیل و پرۆفیسۆر حازم رەئفەت دەکەم، لەسەر ئەو بیرو هزرە دەوڵەمەندەیان لەسەر شیکارکردنی رشتەبەندییەکان کە لە کاتی خوێندنی بڕوانامەی دکتۆراکەمدا لە زانکۆی واترلۆ لە کەنەدا لێیانەوە فێربووم، هەروەها بۆ مامۆستای بەڕێز ئەحمەد عەسال و دکتۆر

صەلاح سولّتان کە لەماوەی خوێندنم بۆ ماستەر لـە فیقهـی بـەراوردکار لـە زانکـۆی ئیسـلامی ئەمــەریکی لــە مەشـیغان هانیانـدام بەدواداچـوون بـۆ مەبەسـەتەکانی شەریعەت بکەم، هەروەها بۆ دکتۆر جاری بانت کە لە کاتی دکتۆراکەم لە خوێندنـە ئاینیی و ئیسلامییەکاندا بە سەرپەرشتی ئەو هەستام بە توێژینەوەیەکی زانستی لە زانکۆی ویلز لە شاری لامبیتەر لە بەریتانیا، هەروەها سوپاس و پێزانینم بۆ جەنابی شێخ زەکی ئەحمەد یەمانی هەیە، دامەزرێنەرو سەرۆکی مەڵبەنـدی لێکۆڵینـەوە لـە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە لەندەن، کە بە چاکەی خۆی منی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبەری دامەزرێنەری ئەو مەڵبەندە، وە بۆ ئەو هەموو پشتگیری و هاوکارییـەی پێشکەشی کردم.

بەهەمانشێوە نابێ بەسەریدا تێپەڕم و هـەردەبێ سـوپاس و پێزانینـی خـۆم بـۆ ژمارەیەك لەو زانایانە دەربـبڕم کە بەشێوازی جۆراوجۆر پشکییان هەبووە لەوەی کە لە زانستی مەبەستەکانی شەریعەتدا فێری بووم و مشـتومڕم لەگەڵیانـدا هـەبووەو و لەم کتێبەدا یاداشتم کردوون، خوای گەورە پاداشتی مامۆسـتا عەبـدوالله بـن بییـە، دکتۆر موحەممەد سەلیم عـەوا، مامۆسـتا یوسـف قـەرەزاوی، مامۆسـتا تـەها جـابر عەلوانی، مامۆستا حەبیب بن خۆجە، مامۆستا حەسەن تورابی، مامۆستا فەیصـەل مەولەوی- بەڕەحمـەت بێـت-، دکتـۆر حەسـەن جـابر، دکتـۆر موحەممـەد کـەمال ئیمان، دکتـۆر ئیـبراهیم غـانم، دکتـۆر سـەیفەدین عەبدولفـەتتاح و دکتـۆر ئەحمـەد رەیسونی.

هاوکات پێمخۆشە پێزانینی خۆم بۆ پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامی دەربـبڕم، بەتایبەتی بۆ دکتۆر جەمال بەرزنجی و دکتۆر ئەنەس شێخ عەلی، بۆ ئەو پشتگیرییی و پیشەگەرییە گەورەیە کە لە ئاستێکی بـەرزدا نوانـدییان بەرانبـەرم، هـەروەها بـۆ

خوشكه شیراز خـان و مەریـەم مـەحمود و مایـدە مالیـك، كـە ڕەنجـی زۆریـان تێـدا كێشاو تێبینی و سەرنجی بەرهەمداریان پێشكەش كرد، بەهەمانشێوە بـۆ مامۆسـتا صدیق عەلی كە هەستا بە دیزاینكردنی هێڵكارییە ڕوونكەرەوەكان[1]. سوپاسی بـرای بەڕێزم صـوهەیب ئـەمین دەكـەم كـە دیزانینـی سـەرەتایی بـۆ هێڵكارییـەكان و بـۆ لیستی سەرچاوەكان كرد كە لە كۆتایی كتێبەكەدا دەخرێنە ڕوو.

لە كۆتاییدا خۆم بە قـەرزاری خانەوادەكـەم دەزانم بەتایبـەتی دایكـم و بـاوكم و خوشكەكەم و هاوسەرو منداڵەكانم.

جاسر عەودە

[1]– زیادەیەكی تایبەت بە كۆپییە عەرەبییەكەی: سوپاسی بەردەوامم هەیە بۆ دكتۆر عەبدوللەتیف خەییات كە هەستا بە وەرگێڕانی ئەم كتێبە بۆ زمانی عەرەبی، پێزانینم هەیە بۆ ئەو وردەكارییە زۆرەی، ئەو پیشەگەرییە بەرزەی، هاوكات هاوكاریی بەرهەمدارمان بوو لە قۆناغی پێداچوونەوەو وردبینیكردن لەو دەقانەدا كە لە دووتوێی ئەم كتێبەدا گواستراونەتەوە، وە بۆ زاراوەكان لە بوارە جۆراو جۆرەكانی مەعریفەدا، هەروەها سوپاسم بۆ ئەو برایانە هەیە كە هەستان بە دیزاینكردن و دەرهێنانی كۆپییە عەرەبییەكەی لەسەر ئاستێكی تایبەتمەند لە جێبەجێكردن.

# پێشەکی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآ ﴾

البقرة: ٣٢

پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی خۆشحاڵە ئەم کتێبە کە تایبەتە بە بابەتی مەبەستەکانی شەریعەت پێشکەش بکات، نوسەرەکەی، دکتۆر جاسر عەودە، زانایەکی بەناوبانگە، کەسێکی فرە توانایە، ئەرك و توانایی خۆی بە ئاراستەی بایەخدان بە بواری مەبەستەکاندا ئاراستەکردووە، ئەم کتێبە ناوازەیەی بەڵگەیە لەسەر زانستێکی ورد و جیددی، شێوازێکی نوێ لە میتۆد و فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامی پێشکەش دەکات، کە لەسەر مەبەستەکانی شەریعەت بونیاتنراوە، هیواخوازین ئەو شیکارییە گرنگ و ئەو هزرانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدان تەنها ئەوە نەبێت کە پشکێکی کارایان لە بەرەوپێشبردنی بواری مەبەستەکانی شەریعەتدا هەبێت، بەڵکو گرنگی و بایەخپێدانی زیاتر لەنێو خوێنەراندا بەلای ئەم بابەتەدا رابکێشێ.

پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی تێبینی کردووە ئەو کتێبانە کە بە زمانی ئینگلیزی لە بابەتی مەبەستەکاندا لەبەردەستدان کەمن، بەڵکو هەر بەدەگمەن لەو بوارەدا بوونیان هەبێت، لەبەرئەوە پەیمانگا بڕیاریدا ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە ئەویش بە کارکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێکی وەرگێڕدراو و نوسراو لەو بوارە گرنگەدا تا خوێنەرانی زمانی ئینگلیزی شارەزا ببن پێی، جگە لەم کتێبەی لەبەردەستی خوێنەردایە پەیمانگا هەستاوە بە ئامادەکردنی لیستێك بەناوی ئەو

کتێبانەوە کە تا ئێستا بە زمانی ئینگلیزی دەریکردوون، کە ئەمانەن: کتێبی (مقاصد الشريعة) نوسینی موحەممەد تاهیر بن عاشور، کتێبی (نظرية الإمام الشاطبي في مقاصد الشريعة) دکتۆر ئەحمەد رەیسونی، کتێبی (نحو تفعيل مقاصد الشريعة) نوسینی جەمالودین عەتییە، دەکرێ گرنگ بێت ئەوەش بخەینە سەر باسەکە کە وێڕای چڕی تێهەڵکێشبوونی بابەتی مەبەستەکانی شەریعەت و قورسییەکەی، ئەوا ئەو کتێبانەی ناومان هێنان مەبەست پێیان تەنها دواندنی زانایان و پسپۆڕان نیە، بەڵکو خوێنەری هۆشیاریش لە خوێندنەوەیاندا بەویستی خوای گەورە چێژ و سود وەردەگرێ.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی دکتۆر جاسر عەودە، بریتییە لە پێشکەشکردنی دیدێکی رشتەبەندیی، کە لەسەر فەلسەفەی رشتەبەندییەکان بونیاتنراوە، ئەویش بە مەبەستی دارشتنی فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامی کە لە پێگەی مەبەستەکانی شەریعەتەوە هەنگاو هەڵدەگرێ، نوسەر وادەبینێ بۆ ئەوەی حوکمە ئیسلامییەکان مەبەستەکانی خۆیان لە دادپەروەریی و یەکسانیی و مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدان و باشی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی جیهانی هاوچەرخ بپێکن و جێبەجێ بکرێن، ئەوا دەبێت مەبەستەکانی شەریعەت بە هەند بگیرێن و حیسابی جیددییان بۆ بکرێ، چونکە مەبەستی خوای گەورەیان تێدایە، هەروەها ناوەڕۆکی ڕەوشتیی شەریعەتیان تێدایە، کە ئەم دووانە دڵ و بناغەی تەشریعی ئیسلامین.

دکتۆر عەودە شێوازێکی نوێ لە شیکردنەوەو پۆلێنکردن و جیاکردنەوە کە سود لە روخسارە گونجاوەکانی تیۆری رشتەبەندیی وەردەگرێ پێشکەش دەکات، وەك گشتگیریی، فرەیی رەهەندەکان، کرانەوە، سروشتی مەعریفی و مەبەستداریی رشتەبەندییەکان بەشێوەیەکی تایبەت، جا بە تێڕوانینێکی گشتگیرانەتر ئەوا ئەم شێوازە میتۆدییە وردە چەندین ناوەڕۆکی گرنگی لەخۆگرتووە، ئەویش لەپێناو دارشتنەوەی یاسا، بەڵێننامەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی، هەروەها

حوکمی چاك و ئەقڵپەسەند کە پەیوەستە بە ڕێسا ئیسلامی و چەمکە فیقهییە ئیسلامییەکانەوە.

پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٨١ز کاری لەسەر ئەوە کردووە ببێتە مەڵبەندێك بۆ ئاسان گەیشتن بە دیدێکی زانستییانەی دڵسۆزو گەرموگوڕی بونیاتنراو لەسەر دیدێکی ئیسلامیانەو بەهاو بنەما ئیسلامییەکان. پەیمانگا لەماوەی دوو دەیەو چەند ساڵێکدا زۆرێك لەو توێژینەوانەی جێبەجێکردووە، چەندین کۆڕو کۆنگرەی بەستووە، زیاتر لە دوو سەدو پەنجا کتێبی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بەچاپ گەیاندووە، زۆرێك لەو کتێبانەش وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی تر. لێرەدا خۆشحاڵین سوپاسی نوسەری ئەم کتێبە بکەین، کە بەدرێژایی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی کتێبەکە هاوکارییەکی پتەوی لەگەڵماندا نواند، لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ لیژنەی نوسینی پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی–نوسینگەی لەندەن–هەبووە، هەروەها خۆشحاڵین سوپاسی خۆمان دەربڕین بۆ تیمی نوسین و بەرهەمهێنەر لە نوسینگەی لەندەن، بەهەمانشێوە بۆ هەریەك لەو کەسانە کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشکی هەبووە لە تەواوکردنی ئەم کتێبەدا، لەوانە: دکتۆرە مەریەم مەحمود، مایدە مالیك، دکتۆرە واندا کراوس، شیراز خان، صدیق عەلی، بەو ئومێدە کە خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە لەسەر ئەو زەحمەت و کۆششەیان و پاداشتی نوسەری کتێبەکەش بداتەوە لەسەر ئەم کارە پڕ بەهایەی.

**ئەنەس شێخ عەلی**
**ڕاوێژکاری ئەکادیمی پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی**
**نوسینگەی لەندەن، بەریتانیا**

# بەشی پێناسەیی

**بە ناوی (شەریعەتی ئیسلامی)یەوە؟!**

بەم بەیانییە ئەم چەند دێڕە دەنوسم، ئەویش لەدوای ئەوەی ئۆتۆمبێلەکەمم لێخوڕی بەرەو شوێنی کارەکەم لە لەندەن، کە دەبوا چێژم لە لێخوڕینەکە وەربگرتایە، چونکە کەشو هەوا لەو ڕۆژەدا کە یەکێك بوو لە ڕۆژەکانی مانگی تەمموز زۆر خۆش و جوان بوو، ئاسمان ساف (کە ئەمە بەدەگمەن لە لەندەن بەمشێوەیە ڕوودات)، بەڵام نەمتوانی لەم بەیانییەدا چێژ لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکە وەربگرم، چونکە شارەکە، بەڵکو تەواوی وڵاتەکە، لە (باری ئەوپەڕی ئامادەباشیدا بوو)، ئەمەش مانای ئەوە بوو هەروەك دەزگای ئاسایش هەواڵی پێدابن کە شەپۆلێکی تر لە شەپۆلەکانی (تیرۆر) بووەتە شتێکی (حەتمی)! جا مادامێ حاڵەتەکە بەوجۆرە بوو لەکاتێکدا کە لە هاتووچۆدا بووم لە شارەکەدا ئیتر شتێکی نامۆ نەبوو منیش وەك هەموو لەندەنییەکانی تر دەمارەکانم گرژ و ئاڵۆز بن، بەملاو ئەولامدا ئاوڕبدەمەوە لە ترسی هەر (ڕەفتارێکی گوماناوی) هەروەك دەستەڵات هۆشداری پێدابووین—ئیتر ئەم دەستەواژەیە هەر مانایەکی هەبێت—. بەڵام بێتاقەتییەکەی من لەوەی لەو ڕۆژانەدا لە لەندەن ڕوویاندەدا هۆکارێکی تریشی هەبوو، چونکە هەموو ئەو تاوانانە (کە ئەمە گوزارشتکردنی ڕاستەقینەیە لەوەی ڕوودەدات نەك —تیرۆر—) (بەناوی شەریعەتی ئیسلامییەوە) ڕوودەدەن، کە هەندێ لەوانەی هەستاون بەم کارانە خۆیانیان لێدوانیان بەم واتایە داوە، کاتێك ئەم قسەیەم بیست بە تووڕەییەوە وتم: بۆچی؟ ئایا شەریعەتی ئیسلامی ڕێگا بەمجۆرە تاوانانە دەدات کە جیاوازی ناکەن لەنێوان تاوانبارو بێتاوان لەم شارە بێوەی و سەلامەتانەدا؟ ئەی ئەو حیکمەت و هەڵسوکەوتە چاك و جوانە لەکوێیە کە هەموو موسڵمانێك دەیزانێ و بەشێکی جیانەبووە لە شەریعەتی ئیسلامی؟

لێرەدا گوتەکانی ئیبن قەییم—بەڕەحمەت بێت—(ت ٧٤٨ك/ ١٣٤٧ز) لەبارەی شەریعەتی ئیسلامەوە هاتنەوە بیرم، ئەو کۆمەڵە گوتەیە کە لەمەوپاش لە دووتوێی

ئەم کتێبەدا چەندین جار پێویستیم پێیـان دەبێت بگەڕێمـەوە سـەریان، هـەروەها پێویستم بەوەیە زۆر تیشك بخەمەسەر واتای وشەی (شەریعەت) هەر بەوشێوەیە کە ئیبن قەییم بەکاری هێنـاوە، لای ئـەو شـەریعەت ئەوەیـە کـە: (بنچـینەو بناغەکـەی بونیـاتنراوە لەسـەر حیکمـەت و بەرژەوەنـدی خـەڵکی لـە دنیـاو لـە ڕۆژی دواییـدا، هەمووی دادپەروەرییە، هەمووی بەزەییە، هـەمووی حیکمـەت و داناییـە، هـەمووی بەرژەوەندییە، هەر مەسەلەیەکیش لە دادپەروەری دەربچێت و بەرەو ستەم بڕوات، لە بەزەییەوە بەرەو دژەکەی بڕوات، لە بەرژەوەندییەوە بەرەو خراپەکاریی بـڕوات، لـە حیکمـەت و داناییـەوە بـڕوات بـەرەو بێهـودەیی و گاڵتـەو گـەپ ، ئـەوا ئـەوە شەریعەت نیە، با بەلێکدانەوەش بخرێتە ناوی)[1]. ئەم گوتەیە پوختەی پەیامی ئـەم کتێبەیە، ئەگەرچی زمانەکەی زمانێکی تایبەتە بە پسپۆڕیی کەسـی نـا پسـپۆڕ لـە تێگەیشتنیدا تووشی جۆرێك لە زەحمەت دەبێت.

### (شەریعەتی ئیسلامی) لە کوێدایە؟

ئیسلام ئاینی نزیکەی چواریەکی دانیشتوانی جیهانە[2]، زۆربەی موسڵمانانیش لەو ناوچەیەدا دەژین کە لە باکوری ئەفەریقاوە درێژدەبێتەوە بۆ باشوری ئاسیا، لەگەڵ بوونی کەمینەیەکی زۆر کە لە ئەوروپاو ئەمـەریکای بـاکور و باشـوردا ژیـان بەسـەر دەبەن، بەجۆرێ کە ئاینی ئیسلام لە رووی ژمارەی دانیشـتوانەوە لـە کـۆی گشـتی ولاتانی جیهان بووەتە ئاینی دووەم یان سێیەم[3]، لەنێویشیاندا عەرەب (کە رێژەیان نزیکەی ١٩٪ یە)، تورك (رێژەیان ٤٪)ە، ڕێژەی موسڵمانانی دانیشتوی کیشـوەری هیندسـتان (نزیکـەی ٢٤٪)ە، ئەفەریقییـەکان (رێـژەیان ١٧٪)یـە، موسـڵمانانی باشوری کیشوەری ئاسیا (رێژەیان ١٥٪)یە.

---

[1]- إعلام الموقعين، شمس الدين إبن قيم، طه عبد الرؤوف سعد (١٩٧٣)، بەرگی ٣ ل/٣.

[2] -CIA, The World Factbook, available from http: // www. Cia. Gov/cia/publications/factbook.

[3] -John L. Esposito, ed. The Oxford History of Islam (Oxford; University Press,1999 ) p690.

موسڵمانان له سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی حه‌وته‌می زاینییدا ته‌نها كۆمه‌ڵه‌یه‌كی بچوك بوون له شاری مه‌ككه‌، به‌ڵام له كۆتاییه‌كانی هه‌مان سه‌ده‌ی حه‌وته‌می زاینیدا بوونه هێزێك كه زاڵبوون به‌سه‌ر هه‌ردوو گه‌وره ئیمپراتۆریه‌تی ئه‌و سه‌رده‌مه‌یاندا، ئیمپراتۆریه‌تی ڕۆمانی و ئیمپراتۆریه‌تی فارسی، به‌م پێیه‌ش ئیسلام بوو به ئاینی كه‌لتوره جۆراو جۆره‌كان و خاوه‌نی ژیاریكی ئاوه‌دان و گه‌شه‌سه‌ندوو و به سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا درێژبوویه‌وه‌.

به‌ڵام وێنه‌كه له ئه‌مڕۆدا جیاوازه‌و جۆرێكیتره‌، له راپۆرتی ساڵانه‌ی به‌رنامه‌ی گه‌شه‌پێدانی سه‌ر به نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان، ده‌بینین كه چه‌ڵه‌مه‌ی ئاماژه‌ده‌ری گه‌شه‌پێدانی مرۆیی له زۆربه‌ی ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌دا كه زۆرینه‌یان موسڵمانن دابه‌زیوه[1]. حیسابكردنی چه‌ڵه‌مه‌ی ئاماژه‌ده‌ری گه‌شه‌پێدان به‌پێی ژماره‌یه‌ك پێوه‌ر حیساب ده‌كرێ، له‌وانه دابه‌زینی رێژه‌ی نه‌خوێنده‌واری، به‌رزبوونه‌وه‌ی رێژه‌ی فێركردنی حكومی و فه‌رمی، به‌شداریكردنی هاووڵاتییان له پرۆسه‌ی سیاسی و ئابووری وڵاتدا، به‌شداریكردنی ئافره‌تان له ژیانی گشتیدا، هه‌روه‌ها ئاستی بژێوی و داهاتی نه‌ته‌وه‌یی و تاك. ئێمه پله‌ی گه‌شه‌پێدانی هه‌ندێ ده‌وڵه‌تی عه‌ره‌بی ده‌وڵه‌مه‌ند ده‌بینین له‌كاتێكدا كه پێگه‌یه‌كی زۆر به‌رزی داگیركردووه له ڕووی تێكڕایی داهاتی تاكه‌وه‌، كه‌چی له رووی به‌جێگه‌یاندنی دادپه‌روه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه‌وه ته‌واو پێچه‌وانه‌یه له‌گه‌ڵ ئه‌و پێگه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌یدا، هه‌روه‌ها له ڕووی به‌شداریكردنی ئافره‌ت له ژیانی گشتیدا، وه ره‌خساندنی هه‌لی كار بۆ دانیشتوان به‌شێوه‌ی یه‌كسانی. به‌هه‌مانشێوه راپۆرته په‌یوه‌ندیداره‌كانی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان تایبه‌ت به‌و وڵاتانه كه زۆرینه‌یان موسڵمانن ده‌ریده‌خه‌ن كه به جۆره‌ها شێوه مافه‌كانی مرۆڤ پێشێل ده‌كرێ و گه‌نده‌ڵی بڵاوبووته‌وه تیایاندا، هاوكات بوونی چه‌ندین

---

[1] -Unitwd Nation Development Programme UNDP, Annual Report (2005 cited Jan. 2006; available from http;//www. Undp. Org/annualreports/.

ناڕەحەتی بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەو کەمینە غەیرە موسڵمانانەدا کە لەو کۆمەڵگایانەدا دەژین. بە کورتی و پوختی دەڵێین کە گەشەپێدانی مرۆیی لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا لە هەموو شوێنێك ڕووبەڕووی هەڕەشەی گەورە بووەتەوە، هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە موسڵمانان بەردەوام دەستەویەخە بن لەگەڵ کۆمەڵێ پرسیاری سەغڵەتکەردا کە لێیان دەکرێ.

ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامم دان گەیاندمیانە ئەو قەناعەتە کە (شەریعەتی ئیسلامی) کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و بەرهەمهێنەر و گەشەسەندوو و مرۆیی بەرپا دەکات، هەردوو لایەنی ڕۆح و ماددە گەشەسەندوو دەبن، خەڵکی ڕازاوە دەبن بە پاکوخاوێنی و تەندروستی و یەکگرتوویی. بەڵام ئەو گەشتانەی کە بە جیهاندا کردنم — بەداخەوە— هیچ یەك لەو سیفەتانەم لە زەمینەی واقیعدا لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا نەدۆزییەوە کە جێبەجێ بووبن، ئیتر زۆرینە بووبن یان کەمینە لەو کۆمەڵگایانەدا. لەبەرئەوە دەپرسم: ئایا (شەریعەتی ئیسلامی) راستەقینە لەکوێیە؟ ئایا شەریعەتی ئیسلامی چۆن بتوانێ ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو قەیرانانەدا ببینێ؟ بەدڵنیاییەوە ئەم کتێبە کە لەبەردەستی خوێنەردایە هەوڵدەدات وەڵامێك بۆ پرسیاری دووەم پێشکەش بکات، کە ئەمەش لە دواجاردا بە دەستەواژەیەکی تر سەردەکێشێ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم. کاتێك (شەریعەتی ئیسلامی) توانایی خۆی لە هێنانەکایەی گۆڕانکارییەکی راستەقینە لە ژیانی موسڵمانە سادەکاندا دەسەلمێنێ، ئەوا ئەوکات ئەوانیش زیاتر پابەند دەبن بە ئیسلامەوە، پاشتریش ئەو گۆڕانکارییی و پابەندبوونەیان لە واقیع و لە ژیانیاندا بە حەتمی رەنگدەداتەوە.

### ئایا (شەریعەتی ئیسلامی) هیچ گرفتێکی تێدایە؟

خوێنەر تێبینی دەکات کە تا ئێستاکە زاراوەی (شەریعەتی ئیسلامی)م لە نێوان دووکەوانەدا داناوە، چونکە بەرلەوە بێم ئیدیعا بکەم کە ئەم شەریعەتە دادگەریی و بەزەیی و پرەنسیپەکانی تریش جێبەجێ دەکات، ئەرکی سەرشانمە بێم پێناسەیەك

بۆ ئەو زاراوەیە بکەم، هەروەها تا بتوانین تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ بارودۆخی موسڵمانان پێشکەش بکەین، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە کە ئایا ئەوە ژیانی ئەوانە ئاماژە دەدات گوایا گرفتەکە لە (شەریعەتی ئیسلامی) دایە.

ئەم کتێبە کار لەسەر شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل بۆ زاراوەکانی فیقه و شەریعەت و فەتوا و مەزهەبەکان و ئیجتهاد و عورف و پەیوەندییە وردەکانی نێوان ئەو زاراوانە دەکات. بەڵام من پێمخۆشە لێرەدا بەخێرایی ئاماژە بە جیاوازی نێوان سێ چەمکی دەستەواژە گشتییەکەی (شەریعەتی ئیسلامی) بدەم، تا بتوانین وەڵامی پرسیاری پێشوو بدەینەوە:

١- **شەریعەت:** بریتییە لەو وەحییە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەریگرتووە، ئەرکی جێبەجێکردنی بووەتە پەیام و مەبەستی لەم ژیانەدا، کەواتە زۆر بە سانایی شەریعەت واتە قورئان و سوننەت.

٢- **فیقه:** بریتییە لە کۆمەڵێکی گەورە لەو ڕا تەشریعییانە کە لەناو سەراپای بەرنامەو مەزهەبەکاندا بوونیان هەیەو لەلایەن هەموو فیقهناسەکانەوە دەرچوون، تایبەتن بە جێبەجێکردنی شەریعەت -هەر بەوجۆرە لە بڕگەی پێشوودا پێناسەمان کرد- لە بوارە جیا جیاکانی ژیاندا بەدرێژایی مێژووی ئیسلام کە بۆ زیاتر لە چواردە سەدە درێژبووەتەوە.

٣- **فەتوا:** بریتییە لە پراکتیزەکردنی شەریعەت و فیقه -کە لەپێشەوە باسمان کردوون- بەسەر ژیانی واقیعی ئەمڕۆی موسڵماناندا.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی تێروتەسەلی ئەم لایەنانەو ئەوەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە. بەڵام وەڵامم بۆ ئەم پرسیارە: ئایا (شەریعەتی ئیسلامی) هیچ گرفتێکی تێدایە؟ ئەوا وەڵامەکەی بە کۆمەڵێ دەستەواژەی ڕوون و ئاشکرا بەمجۆرەیە:

- ئەگەر پرسیارەکە تایبەتە بە (شەریعەتی ئیسلامی) بە واتای شەریعەت کە هاتووەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، هەر بەو جۆرە کە لە رەفتارو لە ژیانیدا گەلاڵەو بەرجەستە بووە، هەروەها لە رێگای پەروەردەکردنی هاوەڵانی بەدرێژایی ساڵانێکی دوورودرێژ بەرجەستەی کردووە، ئەوا وەڵامەکە بریتییە لە: نەخێر، (شەریعەتی ئیسلامی) هیچ گرفتێکی تێدا نیە، شەریعەت بە هەموو ئەو دادگەریی و بەزەیی و حیکمەت و چاکەیەی کە تێیدایە بۆ مرۆڤایەتی بەرنامەی ژیانە، بە تەواوەتی هەر بەوجۆرە کە ئیبن قەییم پێشتر باسیکردووە.

- ئەگەر کەسی پرسیارکەر مەبەستی بە دەستەواژەی (شەریعەتی ئیسلامی) ئاماژدان بێت بە مەزهەبە ئیسلامییەکان لە فیقهدا، کە سەروەتێکی گەورەیان لە ئیجتهادکردن بۆ بەجێهێشتووین، ئەوا وەڵامەکە بەهەمانشێوە بریتییە لە: نەخێر، بە شێوەیەکی گشتی گرفتێك لە توێژینەوە تەشریعییەکاندا کە زانایان و فیقهناسان هەریەکەیان و لەپێگەی ژینگەو سەردەمی خۆیانەوە پێشکەشیان کردوون بوونی نیە. ڕاستە هەندێ لە فیقهناسان وەك تاك کەوتوونەتە هەڵەوە، هەندێجار هەڵوێستی نادروستیان لە مەسەلەکاندا پیادە کردووە، بەڵام ئەم حاڵەتە باری سروشتی هەر توێژینەوەیەکی فیقهییە، کاری تەواوی توێژەران لە تەشریعدا لە هەموو بارودۆخەکاندا ئەوە بووە هەندێکیان راو بۆچوونی هەندێکی تریان ڕاستبکەنەوە، هەر هەمووشیان بەشداربن لە وتووێژکردن کە ناپچڕێت و ناشبێت بپچڕێت.

-بەڵام ئەگەر کەسی پرسیارکەر مەبەستی بە (شەریعەتی ئیسلامی) بریتی بێت لەو کۆمەڵە فەتوایە کە لە ئەمڕۆدا دەردەچن، وەڵامەکە بەمجۆرەیە کە: لەم حاڵەتەدا پشت بە ناوەڕۆکی فەتواکە دەبەسترێت! هەندێ فەتوای ئەمڕۆ گوزارشتی ڕاستەقینەن لە ئیسلام و لە بەها ڕەوشتییەکانی، هەندێ فەتواش هەن کە بەدڵنیایی نە ئیسلامین و نە پەسەندیشن، با ئەو فەتوایانەش گواستنەوەیەکی

دەقاو دەق بن لە کتێبێکی کۆنی فیقهی ئیسلامییەوە، ئەگەری زۆرە ئەو فەتوایانە بۆشایی و کەموکووڕییان تێدا بێت، چونکە ئەمجۆرە فەتوایانە –زۆربەی جار– بۆ ژینگەیەکی تر دەرکراون و بارودۆخیان تەواو جیاواز بووە، یان ئەگەر ئەو فەتوایە لەسەر تێگەیشتنێکی شێواو و لێڵ بۆ دەقە شەرعییەکە بونیات نرابێت، با خودی دەقە ئەسڵییەکەش دەقێکی ڕاست و سەلمێنراو بێت، بەڵام موفتییەکە ویستبێتی بەو فەتوایە هەندێ زلهێز یان خاوەن دەستەڵات ڕازی بکات، ئەوا ئەو فەتوایە فەتوایەکی هەڵەو نا ئیسلامییە، ئیتر بێژەرەکەی هەرکەس بووبێت. هەروەها ئەگەر ئەو فەتوایە ڕێگا بە کەسێك بدات کە ستەم بکات، یان پاساودان بێت بۆ کاری خوێنڕێژیی و ڕەگەزپەرستی، –بۆ نمونە– بەرپا بووبێت لەسەر نەژادی خەڵك یان ڕەگەزیان، یان زیان بە کەسانی بێتاوان بگەیەنێت، یان پاساو بێنێتەوە بۆ ڕێگەدان بە ئەنجامدانی کاری ناڕەوشتی ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بن، با هەموو یان هەر یەکێك لەو فەتوایانەش لەسەر جۆرێك لە (تێگەیشتن) یان (ڕاڤەکردن) یان (گۆڕین) ی دەقەکان دامەزرابێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئەو فەتوایە هەر فەتوایەکی هەڵەو نا ئیسلامییە. بەڵام ئەگەر فەتواکە لەسەر سەرچاوەی ئیسلامی ڕاست و دروست دامەزرابێت، مەبەستی زانای ئیجتهادکار دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی خەڵکی بێت لە بازنەی مەبەستەکانی شەریعەت و ئامانج و ڕۆحی شەریعەتدا بێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا فەتوایەکی شەرعی و پەسەندە.

لەمەی پێشەوە، بواری بایەخپێدانی ئەم کتێبە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت، هەروەها ئەو بابەتانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات، بەڵام ئەم بابەتانە کۆمەڵە بابەتێکی تر پەیوەستە پێیانەوە کە سیفەتی ئاڵۆزی و تێهەڵکێشکردنیان تێدایە، پێویستییان بە باسی تێروتەسەل هەیە، لەبەرئەوە باش وایە ئێستە خستنەڕوویەکی گشتی بۆ مەوداو ئاسۆکان پێشکەش بکەم کە ئەم کتێبە لە دەریایان دەدات، لەدوای ئەوەش کورتەیەکی پوخت بۆ توێژینەوەکە پێشکەش

بکەم، ئینجا لێگەڕێم خوێنەر خۆی لەگەڵ بابەتە جۆراو جۆرەکانی بەشەکانی کتێبەکەدا ڕێ بکات.

### تێڕوانینێك بۆ پسپۆڕییەکان:

بەدڵنیایی پۆلێنکردنی کۆی شارەزایی (معرفة)ی مرۆیی بۆ (پسپۆڕییەکان) ئاڵۆزی چەمکەکان لەسەر خوازیارانی سوك دەکات، ئەویش بە کۆکردنەوەیان لە چەند بوارێکدا کە لەبری ئەوەی هەر چەمکێك ئیتر هەرچی و هەرچۆن بێت بە جیا قسەی لەسەر بکرێ بتوانرێ هەندێکیان لە هەندێکی تریان جیابکرێنەوە[١]. جێگیرکردنی ئەو بوارانە یان پسپۆڕییانە وا لە توێژەرانی مەعریفە دەکات بتوانن پسپۆڕی لە بوارێکی دیاریکراودا هەڵبژێرن، هەروەها جگە لە کەسانی پسپۆڕ هەرکەسێکی تریش لە خەڵکە گشتییەکە کە پێویستی پێی هەبێت بتوانێ بوارێکی مەعریفی دیاریکراو جیابکاتەوە، تا بتوانن لەو بوارەدا بگەڕێنەوە بۆ کەسانی پسپۆڕی ئەو بوارەو وەڵامی پرسیارەکانی خۆیانیان دەستبکەوێت.

بەڵام دابەشکردنی کۆی مەعریفە بۆ بوارو پسپۆڕییەکان نابێت ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ڕێگای بەکارهێنانی ئەو چەمکە سودمەندانەی تردا کە لە بوارەکانی مەعریفەدا بۆ توێژەر گرنگن و ئەگەری ئەوەیان هەیە (جیاوازبن)، هیچ کەسیش بۆی نیە ئیدیعای قۆرخکردنی سەرچاوەکانی هیچ یەك لە پسپۆڕییەکان بکات، بە جۆرێ کە بێت ڕێگیری لە داهێنانکردن تیایدا بکات یان دەرکەوتنی بیرۆکە نوێیەکان پەکبخات کە ئەگەری هەیە دژ بن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەودا.

ئەم کتێبە شێوازی فرەجۆری بوارەکانی کۆی زانیاری (معرفة) یان ئەوەی پێی دەوترێ فرەجۆری پسپۆڕییەکان پیادە دەکات، تیایدا هەموو ئەو جۆرانەی مەعریفە کە پەیوەندییان بەو بابەتانەوە هەیە و لە مەیدانی توێژینەوەدان

---

1 -Stephen Reed Cognition; Theory and Applications. $4^{th}$. USA;Brooks/Cole, 1996,p. 220

تێروتەسەل دەبن، ئەویش لە توێی هەندێ لە (پسپۆڕییەکان) کە بریتین لە: بنەماکانی شەریعەت، فەلسەفە، ڕشتەبەندییەکان، با لێرەدا کورتەیەك لە چۆنێتی هەوڵدان بۆ تەواوکاریی مەعریفی لەنێوان ئەو پسپۆڕییانەدا بە خوێنەر بدەین، بەڵام درێژەپێدانی تێروتەسەل بۆ ئەو تەواوکارییە دوادەخەین بۆ بابەتی خۆی لە دووتوێی ئەم کتێبەدا.

ئەم کتێبە لە سنوری بواری بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامیدا باسەکانی لەسەر لێکۆڵینەوە لە زانستی ئوسوڵی فیقه چڕدەکاتەوە، جگە لەوە لەو بابەتانەشدا کە پەیوەندیدارن بە خودی زانستی فیقهەوە هەر توێژینەوە ئەنجامدەدات، هەروەها لە زانستی فەرموودەو زانستەکانی قورئانیشدا. بۆ نمونە، لەسەر لاپەڕەکانی باس لە کۆمەڵێ حوکم و فەتوای فیقهیی دیاریکراو دەکات، ئەویش بە مەبەستی روونکردنەوەی کاریگەریی پراکتیکی ئەو تیۆرانە کە ئەو بنەمایانە دەخرێنەڕوو، ئەم توێژینەوەیە بەهەمانشێوە باس لە هەموو ئەو ڕێسا جۆراو جۆرانە دەکات کە لە زانستی فەرموودەو تەفسیری قورئاندا بەکاردەهێنرێن، ئەویش لە میانەی پەیوەندییان بە بنەماکانی شەریعەتەوە هەر بەوجۆرە کە دەیانخوێنین، لە سەدەی بیستەمدا هەندێ لە زانایان و چاکسازان پێشنیاریان کردووە کە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامیی بکرێتە زانستێکی تایبەت بە خۆی، تەنانەت بکرێتە ئەلتەرناتیفی ئوسوڵی فیقه و بخرێتە جێگای ئەو[1]. چونکە زانستی مەبەستەکانی شەریعەت پێشتر بەشێوەیەکی کلاسیکیانە وەك بابەتێکی لاوەکی دەخوێنرا کە سەربە ئوسوڵی فیقه، پێشتر لەژێر ناوی بابەتی (بەرژەوەندییە ڕەهاکان–المصالح المرسلة–) دا خوێنراوە، یان لەژێر ناوی (بۆنەی پێوانەگیریی–مناسبة القياس–) دا هاتووە[2]. بەڵام ئێمە لەم کتێبەدا زانستی مەبەستەکان بەوە دادەنێین کە میتۆدو

[1]– مقاصد الشريعة الإسلامية، محمد طاهر بن عاشور، كوالا لامبور ١٩٩٩، ل٢.

[2]– سەردانی بڕگەی ٥–٢ بکە.

بنەمایەکە بۆ خودی ئوسوڵی فیقه، بە چاوپۆشین لەو مشتومڕە کە ئایا دابنرێ بە بوارێکی مەعریفی یان (پسپۆڕ)یەکی سەربەخۆ بە خۆی یان دانەنرێ [1].

هەروەها زانستی لۆژیکی نوێ، فەلسەفەی بەراوردکار و فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە، کە لە فەلسەفەی هاوچەرخدا کۆمەڵە بوارێکی لاوەکین، ئەمانە هەموویان پەیوەندی راستەوخۆیان بە بابەتەکانی ئەم کتێبەوە هەیە، چونکە ئێمە کاتێك بیر لە فەلسەفە یان بنەمای هەر تەشریعێك دەکەینەوە کە تەشریعی ئیسلامیش یەکێکە لەوانە، ئەوا لۆژیك پێگەیەکی سەنتەریی داگیر دەکات تیایدا، ئەم کتێبە گرنگییەکی تایبەتی داوە بە فەیلەسوف و زاناکانی سەدەی پێنجەم تا سەدەی هەشتەم، چونکە لەسەردەستی ئەواندا پەسەندکردن یان پەرەپێدان –یان رەخنەگرتن– بۆ لۆژیکی یۆنانی ئەنجامدراوە، ئێمەش دەمانەوێت ئەوە بخەینەڕوو کە لۆژیکی یۆنانییەکان کاریگەری چی بووە لەسەر میتۆدی بیرکردنەوەیان.

لۆژیکی نوێ لێرەدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لایەنەکانی جیاوازبوونی لەگەڵ لۆژیکی کلاسیکی یۆنانیدا دەبێتە خاڵی هەنگاونانمان بۆ رەخنەگرتن بە دیدێکی هاوچەرخانە لە خودی ئوسوڵی فیقه. بەڵام فەلسەفەی یاسا بە واتا نوێیەکەی، ئەوا وەها باسی دەکەین کە فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامی دەتوانێ سود لە چەمك و بونیادی فەلسەی یاسای هاوچەرخ وەربگرێ، بەتایبەتی لە تیۆرە نوێیەکانیدا کە پشت بە سیستمی رشتەبەندیی دەبەستن، بەڵام فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە ئەوا بریتییە لە بەشێك لە بەشەکانی فەلسەفەو دژە بە (مۆدێرنە) و لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەی بەهێزی بۆ فەلسەفەی یاسا بە گشتی لێ بەرهەمهاتووە، بۆ تەشریعی ئیسلامیش بەهەمانشێوە، لەبەرئەوە ئەم کتێبە هەڵدەستێت بە

[1]– ئەم بابەتە یەکێك بوو لە تەوەرەکانی کۆنگرەی (مقاصد الشريعة الإسلامية و وسائل تحقيقها في المجتمعات الإسلامية) لە زانکۆی ئیسلامی جیهانی لە مالیزیا، ئابی ٢٠٠٦ز.

نیشاندانی هەموو ئەو دیدە رەخنەئامێزانە کە لەدوای فەلسەفەی مۆدێرنەوە هەنگاویان هەڵگرتووە، ئینجا بە رۆڵی خۆی (رەخنەی لێدەگرێ).

بەڵام (زانستی رشتەبەندییەکان-المنظومات-) پسپۆڕییەکی نوێیەو وەك بەشێکی سەربەخۆ لە زانکۆکاندا دەوترێتەوە، ژمارەیەك لە پسپۆڕیی زانستی لاوەکی لەخۆ دەگرێ، ئەوەی کە بە تایبەتی لای ئێمە گرنگەو جێگای بایەخپێدانە تیۆری یان فەلسەفەی رشتەبەندییەکانە، هەروەها زانستی شیکاریی رشتەبەندییە، چونکە ئەم دووانە پەیوەندییان بە بابەتەکانی ئەم کتێبەوە هەیە، فەلسەفەی رشتەبەندیی فەلسەفەیەکی هاوچەخەو دژە بە مۆدێرنەیی، بەڵام شێوازی رەخنەگرتنی لە مۆدێرنە جیاوازە لە شێوازی رەخنەی تیۆرەکانی پۆست مۆدێرنە، هەروەها ئەم کتێبە باس لە کۆمەڵە چەمکێکی دیاریکراو لە تیۆری رشتەبەندییەکان دەکات، بۆ نمونە چەمکی هەمووەکی رشتەبەندیی، فرەیی رەهەندەکانی، کراوەیی، مەبەستدارییەکەی، ئەویش بۆ سود وەرگرتن لێی لە گەشەدان بە میتۆدی شیکاریی کە لەمەوپاش لە توێژینەوەکەدا ئەنجامی دەدەین.

بابەتێکی تریش کە بەهەمانشێوە پەیوەندی بە رشتەبەندییەکانەوە هەیە هەبوونی پسپۆڕییەکی نوێیە، ئەویش زانستی بۆچوونە مەعریفییەکانە، چونکە پاشتر لە کاتی لێکۆڵینەوەمان بۆ بنەماکانی تەشریعی ئیسلامیی چەند چەمکێك لە زانستی بۆچوونە مەعریفییەکان بەکاردەهێنین بۆ پەرەدان بە چەندین چەمکی سەرەکی وەك چەمکی پۆلێنکردن کە بریتییە لەو میتۆدە بەهۆیەوە پێناسەی زاراوەکان دەکرێ و لەیەك جیا دەکرێنەوە، هەروەها چەمکی بۆچوونکاریی سروشتی بۆ مەعریفەی مرۆیی کە فیقە دەچێتە ژێر ئەم پێناسەیەوە، هەروەها چەمکی (ژینگەی مەعریفی) یان زاراوەی بەناوبانگ: (دیدی زانا)، کە ئەمەش دواتر لە دووتوێی بنەماکانی فیقهی ئیسلامیدا بەکاردەهێنرێ بۆ داڕشتنەوەی سەرلەنوێ بۆ تیۆری عورف وەها کە کتێبەکە پێشنیاری دەکات.

لەڕاستیدا فەرامۆشکردنی سود وەرگرتن لەو بیرۆکە گونجاوانە کە لەنێو پسپۆڕییە فەلسەفییەکانی تردا هەن، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەنجامدانی پرۆسەی توێژینەوە لە تیۆری بنەماکان و فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامی لە تویێی بەراوردکاریی نێوان سەرچاوە کلاسیکییەکان و لێکۆڵینەوە دەستنوسەکانیدا قەتیس دەکات، ئەمەش تا ئاستێکی زۆر تەشریعی ئیسلامیی لە رووی بناغە تیۆرییەکەیەوە وەك شتێك (کە کاتی بەسەرچووە) دەهێڵێتەوە، هەروەها لە رووی جێبەجێکردنییەوە لە واقیعی خەڵکیشدا بە هەمان ئاست، یەکێکیتر لە بابەتە گرنگ و زەرورییەکانی ئەم کتێبە بریتییە لە پیادەکردنی میتۆدێکی توێژینەوە لە ئوسولی فیقهدا کە کراوە بێت لەسەر پسپۆڕییە فرەجۆرەکان.

**پوختەی توێژینەوەکە:**

لەڕاستیدا پراکتیزەکردنی شەریعەتی ئیسلامی (یان بە واتایەکی وردتر خراپ پراکتیزەکردنی) لەم سەردەمەدا بە زۆری هەڵپاچین و دابڕینە نەك گشتگیریی، پیشەگەرییە نەك ڕەوشتیی، تاك رەهەندییە نەك فرە رەهەندیی، بە چاویلکەیەکی سپی یان رەش دەڕوانێتە مەسەلەکان بێئەوەی فرەلایەنی بابەتەکان بە هەند بگرێ، پراکتیزەکردنێکی هەڵوەشێنەرە نەك پێکهێنەر، پشت بە ئامـاژەو وشـەکان دەبەستێ نەك بە مەبەست و ئامانجەکانی پشتەوەی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی. زیاد لەوەش ئەو ئیدیعایەی کە دەیبینین گوایا ئەوە (زانستی یەقین)ییەو (لە بەرانبەریەوەیە نائەقلانیەتی پۆست مۆدێرنەییە)، یان کەسێ کە دەڵێ موجتەهیدەکان یان گێڕەرەوانی فەرمووده (بێهەڵەن)و (لە بەرانبەریەوەیە مێژوویيەتی پۆست مۆدێرنەییە بۆ خودی دەقە شەرعییەکان). هەموو ئەمانە لاوازیی رۆحانیەت زیاتر دەکات، هەروەها نەبوونی لێبوردەیی لەگەڵ ڕا جیاوازەکان لە دیدو تێڕوانینیاندا، ئینجا هاتنەگۆڕی ئایدیۆلۆژیای توندو ڕەق، ونبوونی ئازادیی، هەروەها سیستمە سیاسییە ملهوڕەکان. لە هەمانکاتدا تێبینی دەکرێ کە بەرنامە باو و کارپێکراوەکان نەریتیان وایە دژایەتی فێربوون لەو فەلسەفانەوە دەکەن کە با لە ژینگەی ئیسلامیشەوە دەرنەکەوتبن دەکرێ سودی زۆریان بۆی هەبێت. یان هەندێکیان –بە پێچەوانەوە– فەلسەفەکانی تر بە تەواوەتی پیادە دەکەن لە کاتێکدا کە بەریەککەوتنیان هەیە لەگەڵ باوەڕە ئیسلامییە نەگۆڕەکاندا.

–کەواتە– ئەم توێژینەوەیە لەسەر سێ تەوەرە دەڕوات: (١) میتۆد، (٢) شیکردنەوە، (٣) ئەنجامە تیۆرییەکان.

(١) میتۆد وەها ئەم توێژینەوەیە دەیخاتە ڕوو لەسەر دوو تیۆر بەرپا دەبێت: (أ) تیۆری مەبەستە شەرعییەکان (هەروەك لە بەشی یەکەمدا دەیخەینە ڕوو)، (ب) تیۆری رشتەبەندیی (بەشی دووەم). هەر لە توێی ئەم تەوەرەیەدا ئەمانە دەخەینە

بەرچاو: (أ) تیۆرە هاوچەرخەکانی مەبەستەکان کە تێڕوانینی نویێ پیشاندەدەن و پەیوەستن بە چاکسازی و گەشەپێدانی گشتگیرەوە، مەبەستەکانیش وەك فەلسەفەو میتۆدێکی سەرەکی دەخاتەڕوو بۆ هەڵسەنگاندنی تیۆرە کلاسیکی و نوێیەکان لە تەشریعی ئیسلامیدا. (ب) تیۆری رشتەبەندییەکان، لە پێناسەکردنی شێوازێکی نویێ لە شیکارکردن کە پشت بە سیفەتە گشتییەکانی رشتەبەندیی دەبەستێت سودی لێ وەردەگرین، کە ئەمانەن: مەعریفەیی، گشتگیریی، کرانەوە، پلەبەندی قوچکەیی، فرە ڕەهەندی، مەبەستداریی، مەبەستداریش سیفەتی سەرەکی و باڵادەستە لە تیۆری رشتەبەندییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی.

(٢) ئەم کتێبە هەڵدەستێ بە پێداچوونەوە بە پێناسە ئوسوڵییەکانی شەریعەتی ئیسلامی و فیقهی ئیسلامی دا (بەشی سێیەم). ئینجا شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ هەندێ لە تیۆرە ئوسوڵییە کلاسیکییەکان دەخاتە ڕوو، هەروەها رووپێوێکی مێژوویی و تیۆری بۆ هەموو مەزهەبە ئیسلامییەکان لە (هەردوو بەشی چوارەم و پێنجەم، بە پلەبەندی) ئەنجام دەدات، ئینجا لە (هەردوو بەشی چوارەم و پێنجەم بە پلەبەندی)، پێناسەیەك بە پۆلێنکردنە نوێیەکانی میتۆدە کلاسیکییەکان و ئاراستە هاوچەرخەکان لە لێکۆڵینەوەی تەشریعی ئیسلامیدا پێشکەش دەکات. پاشان هاتووە هەردوو میتۆدە پێشوەکەی ئاوێتە بە یەك کردووە (أ و ب لەسەرەوە) تا بە هەردووکیان میتۆدێکی کاملیان لێ دروست بکەین، ئەویش لەپێناو شیکارکردن و داڕشتنی تیۆرەکانی تەشریعی ئیسلامی (بەشی شەشەم). ئینجا شەریعەتی ئیسلامی وەك (رشتەبەندییەکی تەشریعی) پێشکەش دەکات کە هەڵگرو ڕازاوەیە بە روخسارەکانی مەبەستداریی و لە ڕێگای جێبەجێکردنی مەبەستەکانییەوە ئەویش جێبەجێ دەبێت.

(٣) لەمبارەیەوە ئەم کتێبە چەند دەرئەنجامێکی تیۆری (لە هەردوو بەشی شەشەم و حەوتەم)ی دا دەخاتە ڕوو، بۆ نمونە سەلماندنی حوجییەتی شەرعی بۆ

(واتـــای مـــەرام–دلالـــة الغایـــة–) کـــە بـــە (واتـــای مەبەســـتە–دلالـــة المقصـــد)، وە چارەسـەرکردنی بەریەککـەوتن لـەنێوان بەڵگەکانـدا بـە شـێوازی تێـڕوانین لـە فـرە رەهەندییەکەیان، هەروەها بە هەندگرتنی ڕەوشی فەرموودەکان لە ڕێگای تێـڕوانین بـۆ مەبەسـت و نیەتـە جـۆراو جۆرەکـانی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) لـە هەڵسوکەوتە ڕێزدارو پیرۆزەکانیـدا، کۆتـا ئـەنجامی تیـۆری هـەمووەکیش کـە ئـەم کتێبـە پێـی دەگـات ئەوەیـە کـە پێـوەری راسـت و دروسـتی هـەر میتۆدێـك لـە میتۆدەکـانی ئیجتهـاد بریتییـە لـەوە کـە تـا چ ئاسـتێك مەبەسـتەکانی شـەریعەت دەستەبەر دەکات، سودی کرداریی ئەم ئاراستەیەش بریتییە لـەوە کـە ئـەوە تـەنها حوکمە ئیسلامییەکانە دەبنە ئەو حوکمانە بەهۆیانەوە پرەنسیپەکانی دادپەروەریی و رەفتاری رەوشتی و بەزەیی و لێبـوردەیی و بەرژەوەنـدی مـرۆڤ جێبـەجێ دەبـن، هەموو ئەمانەش لە خودی خۆیاندا کۆمەڵە مەبەستێکن لە مەبەستەکانی شەریعەت.

**جاسر عەودە**

**لەندەن– بەریتانیا**

# بەشی یەکەم
# مەبەستەکانی شەریعەت بە دیدی هاوچەرخ

**تێڕوانینی گشتی:**

بۆچی زەکاتدان بووەتە یەکێك لە پایەکانی ئیسلام؟ ئەی سودە جەستەیی و رۆحییەکانی رۆژووی رەمەزان چین؟ بۆچی خواردنەوەی هەر بڕێك لە عەرەق ئیتر تا هەرچەندە کەمیش بێت گوناهێکە لە گوناهە گەورەکان لە ئیسلامدا؟ ئایا چ پەیوەندییەك لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە؟ شەریعەتی ئیسلامی چۆن چۆنی دەتوانێت پشکی هەبێت لە پرۆسەی (گەشەپێدان و ژیانی مەدەنیدا)؟ مەبەستەکانی شەریعەت ئەو پرەنسیپانەن کە وەڵامی ئەم پرسیارانەو هاوشێوەیان لەبارەی شەریعەتی ئیسلامی دەدەنەوە، چونکە مەبەستەکان کۆمەڵێ حیکمەتیان لە پشتەوەی حوکمەکانەوە هەیە، بۆ نمونە (بەرژەوەندی گشتی) بریتییە لە حیکمەتی زەکاتدان، یان (پارێزکاری) یەکێکە لە حیکمەتەکانی رۆژووگرتن، مەبەستەکانی شەریعەتیش ئەو کۆمەڵە مەبەستە باڵایەن کە حوکمەکان لە ڕێگای رێپێدان یان قەدەغەکردنی کۆمەڵە هۆکارێکی دیاریکراوەوە هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات، بۆ نمونە: مەبەستی (پاراستنی ئەقڵ و گیانی خەڵك) ئەو

قەدەغەكردنــە گشــتگیرەی ئیســلام لــە خــواردن و خواردنــەوەی سەرخۆشــكەرو هۆشبەرەكان ڕووندەكاتەوە، مەبەستەكان مەبەستی زاتـی شـەرع داڕێـژەرن (واتـە خوای گەورە)، ئەوانیش بـریتین لـە كۆمەڵـە پرەنسـیپ و بەهایـەك كـە شـەریعەتی ئیسلامی لەسەریان بەرپا بووە، وەك: دادگەریی، كەرامەتی مرۆیی، ئازادی ئـیرادە، لێبـوردەیی، ئاسـانكاریی، دەسـتەبەریی كۆمەڵایـەتی، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە كـە مەبەسـتەكانی شـەریعەت پەیوەنـدی نێـوان تەشـریعی ئیسـلامی و نێـوان چـەمكە هاوچەرخەكان وەك مافەكانی مرۆڤ و گەشەپێدان و مەدەنییەت وێنا دەكات.

ئەم بەشە چییەتی (ماهیّەت)ی مەبەستەكانی شەریعەت باس دەكات، كـە چـۆن دەتوانێت هەستێ بـە ئەنجامـدانی ڕۆڵێكـی یەكلاكـەرەوە لـە نوێكردنـەوەی فیقهـی ئیسـلامی كـە بووەتـە زەرورەتێكـی جیـددی، هـەروەها كۆمەڵـە پێناسـەیەك هـەم كلاسیكی و هەم نوێ بۆ مەبەستەكانی شەریعەت و پۆلێنكردنیان پێشكەش دەكات، لەگەڵ چڕكردنەوەی باس لەسەر سێ قۆناغ لە قۆناغەكانی پەرەسەندنی مێژوویـیدا وەك زانستێك لە زانستەكانی ئیسلام، ئەویش ماوەی مێژوویی هاوەڵانە –خوا لێیان ڕازی بێت–، پاشانیش ماوەی دامەزراندنی مەزهەبە ئیسـلامییەكانە، ئینجـا مـاوەی نێوان سەدەی پێنجەم و هەشتەمی كۆچییە. دواجاریش ئـەو زاراوە نوێیانـە كـە لـە بابەتی مەبەستەكاندا هەن دەخەینە بەرچاو، لەگەڵ ڕۆچوون و فراوانكردنی كرۆك و گرنگێتی هەندێك لەو زاراوانە. مەبەستەكانی شەریعەتیش پشكی گەورەیان هەیە لە گرنگی پێدانیان لەم كتێبەدا، لەوانەش ئەو تیۆرو میتۆدانەی تەشریعی ئیسلامی كە لە دووتوێی ئەم كتێبەدا هاتوون شیكار دەكرێن و بەپێی ڕادەی گونجانیـان لەگـەڵ مەبەستەكانی شەریعەتی ئیسلامیدا ڕاستدەكرێنەوە.

## ١-١ مەبەستەکانی شەریعەت: مێژوویەکی پێشینە:

### مەبەستەکان چین؟

وشـەی (مقصـد) بـە واتـای مەبەسـت و ئامـانج و پرەنسـیپ و نیـەت و مـەرام و سەرئەنجام دێت[١]، لە یۆنانیدا بە (Telos) و لە ئینگلیزی دا بە (purpose)، لـە زمـانی فەرەنسـیدا بـە (finalite)، لـە ئەڵمانیـدا بـە (Zweck) هـاتووە[٢]. مەبەستەکانیش لە شەریعەتی ئیسلامیدا بریتین لە مەرام و ئامـانج و مەبەسـتەکانی پشتەوەی حوکمە ئیسلامییەکان[٣]. ژمارەیەك لە ئوسولّییەکان-واتـە تیۆریزەکـاران لە فیقهی ئیسلامیدا) وا دادەنێن مەبەستەکانی شەریعەت جگە لـەوە کـە گوزارشـت بـن لـە (بەرژەوەنـدی مـرۆڤ) شـتێکیتر نـین. بـۆ نمونـە پێشـەوا جـوەینی (ت ٤٧٨ ك/١١٨٥ز)، لـە پێشـەوەی ئـەو زانایانەوەیـە کـە بەشـداربووە لـە دانـانی تیـۆری مەبەستەکان و پەرەپێدانی تا گەیشتووەتە ئەم بارەی ئـەمڕۆی، (پـاش ماوەیـەکی کەم وردەکاری زۆرتر لەسەری پێشکەش دەکەین)، هـاتووە وشـەی مەبەسـتەکان و دەسـتەواژەی (بەرژەوەندییـە گشـتییەکان)ی بـە هـاو واتـای یـەك دانـاوە[٤]، ئینجـا پێشـەوا ئـەبو حامیـدی غـەزالی (ت ٥٠٥ك/١١١١ز) هـاتووە بـە شـێوەیەکی فـراوانتر تیـۆریزەو پـۆلێنکردنی بـۆ مەبەسـتەکان کـردووە، بـەڵام هـەموویانی لـەژێر بەشـی (بەرژەوەندییـە ڕەهاکانـدا-المصـالح المرسـلة)دا دانـاوە (هـەروەك پاشـتر زیـاتر روونیدەکەینەوە)[٥]. هەریـەك لـە پێشـەوایان فـەخرەدینی ڕازی (ت ٦٠٦ك/ ١٢٠٩ز)و

---

١- بحث في مقاصد الشريعة، محمد الطاهر إبن عاشور، ٢٠٠٦/ل٢

2 -Rudolf von Jhering Boston Book Co 2001

٣- مقاصد الشريعة الإسلامية إبن اشور، ل١٨٣.

٤- غياث الأمم في التياث الظلم، عبد الملك الجويني، قطر، ١٤٠٠ك، ل٢٥٣.

٥- المستصفى، أبو حامد الغزالي، بيروت، ١٤١٣ك، ب، ١، ل١٧٢.

پێشەوا ئامەدی (ت ٦٣١ك/ ١٢٣٤ز) شوێنکەوتەی پێشەوا غەزالین لە زاراوەکانیدا[1].

ئەوەش پێشەوا نەجمەدینی توف یە(ت ٧١٦ك/ ١٣١٦ز) کە (بەرژەوەندی) خستووەتە سەرووی واتای تایبەتی دەقەکە (هەروەك لەمەوپاش باسیدەکەین)، پێناسەی بەرژەوەندیش بەوە دەکات کە بریتییە لەو (هۆکارەی سەردەکێشێ بۆ مەبەستی شەرع دانەر (واتە خواو پێغەمبەرەکەی)[2]. بەڵام پێشەوا قەراف (ت ٦٨٤ك/ ١٢٨٥م) هاتووە پەیوەندی لە نێوان (بەرژەوەندی) و (مەبەست) دا گرێداوە، ئەویش بەوە کە هاتووە ڕێسایەکی ئوسوڵی خستووەتە ڕوو: (ڕیساکە: شەرع تەنها ئەو مەبەستە بە هەند دەگرێ و ئیقراری پێدەکات کە پەیوەست بێت بە مەبەستێکی ڕاست و دروستەوە، بەرژەوەندییەکی پێ بەدەست بێت یان خراپەیەکی پێ لابرێ)[3].

ئەمانە چەند نمونەیەکی کەمن کە لێیانەوە پەیوەندی پتەو لە نێوان هەردوو چەمکی (بەرژەوەندی) و (مەبەست) لە چەمکە ئوسوڵییەکاندا دەردەخەن، (بە تایبەتی لە نێوان هەردوو سەدەی پێنجەم و هەشتەمی کۆچیدا، ئەویش ئەو ماوەیەیە کە تیۆری مەبەستەکان گەشەی کرد تیایاندا، لەمەوپاش بە تێروتەسەل تر لەسەری دەوەستین).

---

[1]- المحصول في أصول الفقه، أبوبكر المالكي العربي، عمّان/ ١٩٩٣ز) ب/٥، ل/٢٢٢. الإحكام ، الآمدي، ل/٤، ل٢٨٦.

[2]- التعيين في شرح الأربعين، نجم الدين الطوفي، بيروت، ١٤١٩ك، ل/٢٣٩، ل/١٦.

[3]- الذخيرة، شهاب الدين القرافي، بيروت، ١٩٩٤ز، ب/٥، ل٤٧٨.

**مەبەست و ڕەهەندەکانی:**

مەبەستەکان لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە چەندەها شێواز پۆلێن دەکرێن، ئەویش بەپێی چەند پێوەرێکی لەبەرچاوگیراو. لێرەدا چەند دانەیەك لەو پێوەرانە تۆمار دەکەین:

١-ئاستەکانی زەرورەت، کە پۆلێنکردنی کلاسیکی لە مەزهەبە فیقهییەکاندا لەسەری ڕۆیشتووە.

٢- بوارەکان یان بەشی ئەحکامەکان کە مەبەستەکە پەیوەستە پێیەوە.

٣-بواری ئەوانەی کە مەبەستەکە دەیانگرێتەوە.

٤-ئاستی گشتگیری مەبەستەکە یان تایبەتمەندییەکەی.




**هێڵکاریی ١-١: پلەبەندیی قوچکەیی بۆ مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی (بەپێی ئاستەکانی زەرورەت)**

پۆلێنکردنە کلاسیکییەکان مەبەستەکان دابەش دەکەن بۆ سێ ئاستی زەروری: زەرورییەکان، پێویستییەکان و جوانکارییەکان. پاشان زەرورییەکان دابەش دەکرێن بۆ: (١) پاراستنی ئایین، (٢) گیان، (٣) ئەقڵ، (٤) وەچە، (٥) سامان[١]. هەندێك لە ئوسولییەکان زەرورەتێکی تریان خستووەتە پاڵ ئەم پێنج زەرورەتە کە بە فراوانی پەسەندکراون ئەویش (زەرورەتی ناموس)ە[٢]. ئەو بنەمایەی ئەو زەرورییانە لەسەری بونیاتنراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوانی بەو مەسەلە سەرەکییانە داناوە کە خودی ژیانی مرۆیی بەوانەوە بەردەوام دەبێت، هەروەها کۆدەنگییەکی گشتی لە نێوان زانایاندا هەیە کە پاراستنی ئەو زەرورییانە مەبەست و ئامانجی هەر شەریعەتێکی ئاسمانییە[٣]. چونکە مەبەستەکان لەسەر ئاستی زەرورییەکان بریتین لە مەسەلەی ژیان یان مردن، مەبەستەکانیش لەسەر ئاستی پێویستییەکان زەرورەتییان بۆ ژیانی مرۆیی کەمترە، ئەوانیش وەك بازرگانی و هاوسەگیریی، مەبەستەکانیش لەسەر ئاستی جوانکارییەکان یان شتە کەمالییەکان ئەوا زەرورەتییان لە پێویستییەکان کەمترە[٤]. خوێنەر لە وێنەی ١-١ دا هێکارییەك دەبینێ کە پلەبەندی قوچکەیی بۆ ئاستەکانی زەرورەت ڕووندەکاتەوە.

ئاستەکانیش لە نێو پلەبەندییە قوچکەییەکەدا تێهەڵکێش بە یەکتر دەبن، هەروەك پێشەوا شاتیبی ڕوونیدەکاتەوە، چونکە هەر ئاستێك پشتگیری و پارێزگاری لە ئاستی خوارەوەی خۆی دەکات، بەم پێیە ئەوا ئاستی پێویستییەکان

---

[١]- المستصفى، الغزالي، ب/١، ل/١٧٢، المحصول في أصول الفقه، إبن العربي، ب/٥، ل/٢٢٢، الإحكام، ب/٤، ل/٢٨٧.

[٢]- الستصفى، الغزالي، ب/١، ل/١٧٢. الموافقات، الشاطبي، ب/٣، ل/٤٧.

[٣]- الموافقات، الشاطبي، ب/٣، ل٥.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو، ب/٣، ل١٧.

هەڵدەستێ بە ڕۆڵی (پاسەوانێتی) بۆ ئاستی زەرورییەکان، وە هەروەها[1]. لەبەرئەوە دەبینین هەندێ لە زانایان وایان پێباشە بڕوانرێتە هەموو مەبەستەکان پێکەوە وەك بڵێی (چەند بازنەیەکی بەیەکدا چوون) لە جیاتی ئەوە کە حیسابی پلەبەندی قوچکەیی لە یەك دابڕاویان بۆ بکرێ[2].

تێبینی دەکرێ قوچکەی ئاستەکانی زەرورەت قوچکەی بەرژەوەندی و مەبەستە(مرۆییەکان)مان (نەك خواییەکان) بیردەخاتەوە، کە ئەبراهام ماسلۆ لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ڕێکیخستووە. ناوی ناوە بە دەستەواژەی (پەیژەی پێویستییەکان)[3]. ماسلۆ وادەبینێ پێویستییە مرۆییەکان فرەجۆرن، لە سەرەتاوە لە داخوازییە سەرەکییەکان و لە سەلامەتی جەستەییەوە کە زەرورەتی ژیانە دەست پێدەکات، پاشان بەرزدەبنەوەو پێویستییە مرۆییەکان دەگرێتەوە وەك پێویستبوون بە خۆشەویستی و ڕێزلێگرتن و هیتریش، ئینجا بەرزدەبنەوە بۆ شتە کەمالییەکان وەك (سەلماندنی خود) و هاوشێوەی ئەمیش، ماسلۆ لە ساڵی ١٩٤٣ز پێنج ئاستی لە پێویستییەکان خستووەتەڕوو، پاشان لە ساڵی ١٩٧٠ز بیرۆکەکانی خۆی پەرەپێدا و هات پلەبەندییەکی قوچکەیی خستەڕوو کە پێکهاتووە لە حەوت ئاست لە پێویستییەکان[4].

لێرەدا وێکچوونێکی دانسقە لە رووی ئاستی مەبەستەکانەوە لە نێوان تیۆرەکەی شاتیبی و تیۆرەکەی ماسلۆدا هەیە. ئەوەش زیاد دەکەم کە کۆپی هەموارکراو لە تیۆرەکەی ماسلۆ و وێکچوونی تر لەگەڵ تیۆرە ئیسلامیەکان لە (مەبەستەکاندا)،

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ب/١، ل١٥١.

[2]- نحو تفعيل مقاصد الشريعة، عطية جمال، عمّان، ٢٠٠١، ل٤٥.

[3] -A. H. Maslow, A Theory of Human Motivation 1943 50, p. 370-96

[4]- A. H. Maslow A Theory of Human Motivation, 

پیشاندەدات کە جێگای بایەخپێدانە، ئەویش توانابوونە لەسەر گەشەدان بە خـودی تیۆرەکە لەگەڵ کاتدا.

تیۆرە ئیسـلامییەکان تایبـەت بـە مەبەسـتەکان بەدرێـژایی سـەدەکان پـەرەیان پێدراوە، چونکە ئەوەتا تیۆرە هاوچەرخەکان رەخنەیان لە پـۆلێنکردنی کلاسـیکی مەبەستە زەرورییەکان گرتووە، ئەویش بە ژمارەیەك هۆکار، هەندێ لەوانە:

١- زانسـتی مەبەسـتەکان لـە تیـۆرە کلاسـیکییەکەیدا بـاس لـە هـەمووەکی شەریعەتی ئیسلامی دەکات، بەدەگمەن باس لە مەبەستەکانی بەشە تایبەتەکان لـە شەریعەتی ئیسلامیدا بکات، چونکە تیۆری کلاسـیکی مەبەسـتەکان کـە لەسـەرەوە باسمان لە هێڵە سەرەکییەکانی کرد وەڵامی زۆرێك لە پرسیارە وردەکانی تایبەت بە حوکمێکی دیاریکراو یان بەشێکی دیاریکراو لـە بەشـەکانی شـەریعەت ناداتـەوە کـە باسمانکردن و بە پرسیاری (بۆچی؟) دەست پێدەکات.

٢-لەڕاسـتیدا مەبەسـتەکان لـە وێنـە کلاسـیکییەکەیدا تـەنها بـاس لـە تاکـەکان دەکات، باسی خێزان یان کۆمەڵگە یان مرۆڤ بە گشتی ناکات، وەك بڵێی شەریعەتی ئیسلامی تەنها گرنگی بـە ژیـانی تـاك و ناموسـی تـاك و سـامانی تـاك دەدات، نـەك ژیانی کۆمەڵگا، یان نـاموس و رێـزو کەرامـەتی کۆمـەڵگا، یـان سـەروەت و سـامانی کۆمەڵگاو و ئابوورییەکەی، ئەمانەش کۆمەڵە مانایەکن کـە ئیسـلام گرنگـی تـەواوی پێداون.

٣-پـۆلێنکردنی مەبەسـتەکان لـە دیمەنـە کلاسـیکییەکەیدا، وێـڕای باسـکردنی پلـەکانی زەرورەت، هـەر گـەورەترین و گرنگترینـی پرەنسـیپ و مەبەسـتە زەرورییەکانی نەگرتووەتەوە، وەك دادپەروەریی و ئازادی هەڵسوکەوت و چـەندینی تر لە پرەنسیپە گرنگەکان.

٤-پرۆسـەی هـەڵێنجانی مەبەسـتەکان لـە رێگـای ئـەو کەلـەپورە فیقهییـەوە ئەنجامـدراوە کـە فیقهناسـان دایاننـاوە، نـەك لـە دەقـە رەسـەنەکانی قورئـان و

سوننەت، چونکە ئێمە کاتێك باسی مەبەستە کلاسیکییەکان دەخوێنینەوە، ئەوە دەبینین کە سەرچاوەکانیان هەمیشە لە ئەحکامی فیقهی ئیسلامییەوەن ئەوانەی کە مەزهەبە جۆراو جۆرەکانی پێیان گەیشتوون، نابینین کە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بووبنە بناغەیەك بۆ هەڵێنجانی مەبەستەکان، ئەمەش پرسێکە کاریگەری و بایەخێکی گەورەی هەیە.

زانا هاوچەرخەکان هەوڵیانداوە لایەنەکانی کەموکووڕی کە باسمانکردن چارەسەر بکەن، ئەویش بە هێنانەکایەی ژمارەیەك چەمك و پۆلێنکردن کە ڕەهەندی نوێ بە مەبەستەکانی شەریعەت دەدەن.

جا دەربارەی ئەو مەودایە کە مەبەستەکان بە گشتی و بە تایبەت دەیانگرێتەوە، زانا هاوچەرخەکان هاتوون مەبەستەکانیان دابەشکردووە بۆ سێ ئاست کە ئەمانەن[1]:

١**–مەبەستە گشتییەکان:** بریتین لەو مەبەستانە کە بوونیان لە هەموو بەشەکانی شەریعەتدا دەبینرێ، ئەوانیش وەك زەرورییەکان و پێویستییەکان کە لەپێشەوە باسمانکردن، هەروەها ئەو مەبەستانە کە لەم سەردمە نوێیەدا جەختیان لەسەر دەکرێ وەك دادپەروەریی، جیهانگەریی و ئاسانکاریی و هیتریش.

٢**–مەبەستە تایبەتەکان**: ئەمانەش بریتین لەو مەبەستانە کە بوونیان لە هەموو لایەنەکانی بەشێك یان لقێکی دیاریکراو لە بەشەکانی شەریعەتدا دەبینرێ، وەك بەرژەوەندی منداڵان لەو تەشریعانەدا کە تایبەتن بە کاروباری خێزان یان بەشی باری کەسێتییەوە، هەروەها سەرکۆنەکردنی ئەو تاوانبارانە کە تاوان ئەنجامدەدەن لەو تەشریعانەدا کە تایبەتن بە سزاکان یان بەشی سزاو سەرزەنشتکردن، وە

---

[1]– طرق الكشف عن مقاصد الشريعة، نعمان جغيم، ماليزيا ٢٠٠٢، ل/ ٢٦–٣٥.

قەدەغەکردنی قۆرخکردن لەو تەشریعانەدا کە تایبەتن بە گرێبەست یان بەشی مامەڵە داراییەکان.

**٣-مەبەستە هەندەکییەکان (المقاصد الجزئية):** ئەم مەبەستانە باس لە (هۆ-علة) یان (حیکمەت) لە بوونی دەقێکی دیاریکراو یان حوکمێکی دیاریکراو دەکەن، وەك مەبەستی پشکنین و گەڕان بەدوای راستگۆییدا کاتێك دەقەکە ژمارەیەك لە شایەت لە کێشەیەکی دیاریکراودا دەسەپێنێ، هەروەها وەك مەبەستی ئاسانکاری کردن کاتێ کە ڕێگا بە کەسی بەڕۆژووی نەخۆش دراوە کە بیشکێنێت، وەك مەبەستی ناندان بە هەژاران لە ڕێگای حوکمدان بە ئەرکی وەبەربردن یان دابەشکردنی گۆشت لە کاتی رۆژانی جەژندا یان ئەوەی پێی دەوترێ بە رێگیریکردن لە پاشەکەوتکردنی گۆشتی قوربانی، هیتریش بەهەمانشێوە.

بەڵام دەربارەی زاڵبوون بەسەر گرفتی تەرخانکردنی مەبەستەکان تەنها لەسەر رەهەندی تاك لە تیۆرەکەدا، ئەوا چەمکی مەبەستەکانی شەریعەت فراوانتر بوون بەجۆرێ کە بوارەکەی فراوانتر کردووە تا هەمووی خەڵکی بگرێتەوە، واتە سەراپای کۆمەڵگا بە هەموو ئاستە جۆراو جۆرەکانییەوە، تەنانەت هەمووی مرۆڤایەتی بە گشتی بگرێتەوە، لەبەرئەوە مامۆستا تاهیر ئیبن عاشور بۆ نمونە لە توێژینەوەکەیدا لەبارەی مەبەستەکانی شەریعەتەوە ئەولەویەتی داوە بە مەبەستەکانی ئوممەت و خستووەنیەتە پێش ئەو مەبەستانەوە کە باس لە تاکەکان دەکەن، هەروەها دەبینین کە مامۆستا ڕەشید ڕەزا لە تیۆرەکەیدا دەربارەی مەبەستەکانی شەریعەت بابەتی (چاکسازیی) و (مافەکانی ئافرەت)ی خستووەتە سەر تیۆرەکەی، مامۆستا یوسف قەرەزاویش لە تیۆرەکەیدا تایبەت بە مەبەستەکان لایەنی (کەرامەتی مرۆڤ) و بەڵکو (مافەکانی مرۆڤ)ی بەپێی داڕشتنەکەی خۆی گرتووەتەوە، ئەم نوێگەرییە لە زانستی مەبەستەکاندا وایلێکردووە وەلامگۆ بێت لەگەڵ کێشەو مەسەلە گرنگە هاوچەرخەکاندا، بەم پێیەش ئەوا لە ئاستی (حیکمەتی پشتەوەی

ئەحکامەکان)ەوە هەنگاو هەڵدەگرێ بۆ ئاستی پلانڕێژیی واقیعی بۆ چاکسازیی و نوێگەریی و گشتگیری ئیسلامی، هەروەك لە لاپەڕەکانی لەمەوپاشدا درێژە بەو باسە دەدرێ.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەو فراوانکردنە لە توێژینەوە نوێیەکانی مەبەستەکاندا هەوڵێك بووە تا ئاسۆی مەبەستەکان ببێتە ئاسۆیەکی جیهانی و مرۆیی، ئەویش بەوپێیە کە وایلێهاتووە ڕاستەوخۆ لە دەقەکانەوە وەربگیرێ، نەك لە کتێبەکانی فیقهی ئیسلامییەوە، ئەمەش گۆڕانکارییەکی گرنگە، چونکە وای لە مەبەستەکانی شەریعەت کردووە بتوانێت ئەو حوکمە فیقهییانە تێپەڕێنێ کە پەیوەستن بە میانەی سەردەمی خۆیانەوە، بەجۆرێ کە مەبەستەکانی شەریعەت ڕاستەوخۆ پەیوەست بن بە دەقە شەرعییە نەمرەکانەوە، گومانیشی تێدا نیە کە ئەم کارە بەهایەکی باڵاترو قووڵتری هەیە، بەمشێوەیەش مەبەستەکانی شەریعەت لە پرەنسیپەکانیدا ڕۆیشتووە بەرەو جیهانگەریی و گشتگیریی.

لێرەدا دەتوانرێ هەندی نمونە لەسەر مەبەستە گشتییەکان بهێنین کە ڕاستەوخۆ لە دەقەکانەوە هەڵێنجراون و ئەم کاریگەریەیان هەبووە:

١-مامۆستا ڕەشید رەزا (ت ١٣٥٤ك/ ١٩٣٥ز) هەستاوە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە قورئانی پیرۆزدا و گەڕاوە بەدوای ئەو مەبەستانەدا کە تیایدا بە ئامانج گیراون، ئەو ئەنجامەی دەستکەوتووە کە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە: چاککردنی پایەکانی ئاین، ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە مرۆڤ لەبارەی پێغەمبەرایەتییەوە نەزان بووە پێی، ڕوونکردنەوەی ئەوە کە ئیسلام ئاینی سروشت و ئەقڵ و زانستە، ئاینی حیکمەت و بەڵگە و ئازادییە، ئاینی چاکسازی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و سیاسییە،...وە ئافرەتان مافی خۆیانیان پێبدرێ[١].

---

[١]- الوحي المحمدي: ثبوت النبوة بالقرآن، محمد رشيد رضا، ل/١٠٠.

٢-مامۆستا تاهیر ئیبن عاشور (ت ١٣٢٥ك/ ١٩٠٧ز) ئەم بیرۆکەیە خستووەتەڕوو کە مەبەستی گشتی شەریعەتی ئیسلامی بریتییە لە پاراستنی سیستمی ئوممەت، لە یەکسانیی، ئازادیی، لێبوردەیی، جیهانگەریی و ڕەچاوکردنی سروشتی پاك[1]. دەکرێ لێرەدا گرنگ بێت ئەو تێبینییە بدرێ کە واتای ئەو (ئازادییە) ئیبن عاشور و زانایانی تری هاوچەرخیش خستوویانەتەڕوو جیاواز بێت لە واتای ئەو (ئازادکردنە) کە فیقهناسان مەبەستیان بووە کاتێ کە وتوویانە (خاوەنی شەرع ئازادی ڕەچاوکردووە)[2]، چونکە ئازادکردن پێچەوانەی کۆیلایەتییە، بەڵام (ئازادیی) بە واتای هاوچەرخ فراوانترە لە تەنها ئازادکردن لە کۆیلایەتی، بەڵام دەقە شەرعییەکان باسی چەمکی ویستی ئازادانە (المشیئة) دەکەن، ئەمەش چەمکێکە لە چەند ڕوویەکەوە وێکچوونی هەیە لەگەڵ چەمکی ئازادیی بە واتا هاوچەرخەکەی و هەروەها لەگەڵ چەمکی (ئیرادەی ئازادانە)دا. ئەوەتا ویستی ئازادانە (المشیئة) لە (ئازادی ئاین)دا لە قورئانی پیرۆز -بۆ نمونە-بە دەستەواژەی ﴿فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ﴾ الكهف:٢٩ هاتووە. بەڵام وەك زاراوە ئەوا چەمکی (ئازادیی) مانایەکی نوێیەو لە نوسراوەکانی مەبەستە ئیسلامییەکاندا تازە دەرکەوتووە، ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە تاهیر ئیبن عاشور بنچینەی بەکارهێنانی خۆی بۆ زاراوەی (ئازادیی) داوەتە پاڵ: ئەو کتێب و نوسینانە کە لەبەرئەنجامی شۆڕشی فەرەنسییەوە نوسراون، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە فەرەنسییەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی)[3]، بەڵام هاتووە بە تێروتەسەلی قسەی لەسەر تێڕوانینێکی پاکو پوختی ئیسلامی بۆ ئازادی بیرکردنەوە، بۆ ئازادی باوەڕ، ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی

[1]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/١٨٣.

[2]- شرح فتح القدير، كمال الدين السيواسي، ب/٤، ل/٥١٣.

[3]- أصول النظام الأجتماعي في الإسلام، محمد الطاهر إبن عاشور، عمّان، ٢٠٠١، ل/٢٥٦-٢٦٨.

هەڵسوكەوت كردووە، هەموو ئەمەش–وەها من دەیبینم–لە پێگەی چەمكی (المشیئة)ی قورئانییەوە هەنگاوی هەڵگرتووە[1].

٣–مامۆستا موحەممەد غەزالی (ت ١٤١٦ك/١٩٩٦ز) بانگەشە دەكات بۆ (پەند و وانە وەرگرتن لە چواردە سەدەی ڕابردووی مێژووی ئیسلامی)، لێرەشەوە هاتووە چەمكی مەبەستەكانی فراوانتر كردووە تا چەمكەكانی (دادپەروەریی و ئازادیی) لەسەر ئاستی زەرورییەكان بگرێتەوە[2].

٤–هەروەها مامۆستا یوسف قەرەزاوی (١٣٤٥ك/١٩٢٦ز لەدایكبووە) هەستاوە بە دیراسەكردنی قورئانی پیرۆز، لێیەوە گەیشتووە بەم مەبەستە گشتییانە: (ڕاستكردنەوەی بیروباوەڕ لە بیرو بۆچوونەكانیدا بەرانبەر بە خوایەتی و پەیام و لێپرسینەوە، دابینكردنی كەرامەتی مرۆڤ و مافەكانی، بانگەوازكردن بۆ پەرستنی خوای گەورە، پاككردنەوەی دەروونی مرۆیی، ڕاستكردنەوەو بەهێزكردنی ڕەوشت، پێكهێنانی خێزانێكی چاكەكار و پاراستنی مافی ئافرەت، بونیاتنانی ئوممەتی شایەت بەسەر مرۆڤایەتییەوە، بانگەوازكردن بۆ جیهانێكی مرۆیی و هاوكار بە یەكتر)[3]. بەڵام مامۆستا قەرەزاوی جەخت دەكات كە تا فیقهناس بڕێكی پێویست لە شارەزایی و زانست بە قورئان و سوننەت بەدەست نەهێنێ، نابێت هەوڵبدات بۆ خستنە ڕووی تیۆری گشتی لە مەبەستەكانی شەریعەتدا[4].

٥– مامۆستا تەها جابر عەلوانی (١٣٥٤ك/١٩٣٥ز لەدایكبووە) بەهەمانشێوە هەستاوە بە لێكۆڵینەوە لە قورئانی پیرۆزدا تا (مەبەستە شەرعییە باڵاو هەژموونداڕەكان) دیاری بكات، واتە ئەوانەی مامۆستا عەلوانی وەسفیان دەكات بە:

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٧٠–٢٨١.

[2]– نحو تفعیل مقاصد الشریعة، جمال عطیة، ل/٤٩.

[3]– كیف نتعامل مع القرآن العظیم، یوسف القرضاوي، ط/١، ١٩٩٩ز.

[4]– وتووێژی زارەكی، لەندەن، ئازاری/٢٠٠٥ز، وە سراییفۆ–بۆسنە /مایس/٢٠٠٧ز.

(یەکتاپەرستیی، پاککردنەوەی دەروون، ئاوەدانی–واتە بەرپاکردنی ژیار لەسەر زەویدا–)[1]، مامۆستا عەلوانی لە ئێستادا سەرقاڵە بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ تا هەریەك لەو سێ مەبەستە روونبکاتەوە[2–3].




**هێڵکاریی ١–٢: بەپێی (سروشتی دەرکپێکردن) لە شەریعەتی ئیسلامی دا، ئەوا ئەو پێکهاتانەی لەسەرەوە بۆ مەبەستەکانی شەریعەت هاتوون هەموویان راست و دروستن.**

---

[1]– مقاصد الشريعة، طه جابر العلواني، بيروت ٢٠٠١ز، ل/٢٥.

[2]– وتووێژی زارەکی، قاهیرە، نیسان ، ٢٠٠٧.

[3]– کاتی نوسینی ئەم کتێبە د. تەها جابر عەلوانی لە ژیاندا بووە. لە رۆژی ٢٠١٦/٣/٤ز کۆچی دوایی کردووە (بەرەحمەت بێت)، تا ئێستە نازانم ئایا ئەو پرۆژەیەی سەرەوەی بە ئەنجام گەیاندووە یان نا؟ (وەرگێڕ)

زانستی (مەبەستەکانی شەریعەت) کە لەسەرەوە باسکراوە لە واقیعدا وێنای هەمان ئەو بۆچوونە دەکات کە خودی فیقهناسە هاوچەرخەکان لە چەمکەکانی چاکسازیی و نوێکردنەوەدا بۆی چوون، هیچ کەسیش بۆی نیە بڵێت ئەو پۆلێنکردن و پێکهاتانە-ئیتر کۆنەکان یان نوێیەکانیان بێت-خودی هەمان ئەو مەبەستە شەرعییانەن کە خوای گەورە ویستویەتی، چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێوە سروشتییەکان کە خوای گەورە دروستیکردوون ئەوا وەها کە لە هێڵکارییەکەی ئێرەدا دەیبینین و بۆچوونی زانایان لەسەر دابەشکردنی مەبەستەکان دەردەخات ئەم بازنەو قوچکەو لاکێشانە نابینین تیایاندا،، چونکە هەموو ئەو پێکهاتانە کە لە زانستەسروشتی و مرۆییەکاندا چوونیەك دەردەکەون، هەروەها هەموو ئەو دابەشکردنانە کە دەچنە ژێر ریزبەندییەکە، هەموویان دەستکردی مرۆڤ و بۆچوونی مرۆڤن، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی مەسەلەکان لای خۆی و لای غەیری خۆیشی روون بن پێویستی پێیان هەیە.

لەبەرئەوە کۆتا شتێك کە بتوانرێ دەربارەی دابەشکردنی ڕاستەقینەی مەبەستەکانی شەریعەت بوترێ ئەوەیە کە ئەوانە چەندین دابەشکردنن و (فرە ڕەهەندن)، بەجۆرێ کە ئاستەکانی زەرورەت و بواری ئەحکامەکان و بەشەکانی ئەرك پێ سپێردراوان و بوارە گشتییەکان هەر هەموویان ڕەهەندی راست و دروستن و وێناکردنە بۆ ڕای بە هەندگیراو و پۆلێنکردنی پەسەند. خوێنەر لە بەشی دووەمدا کە تایبەتمان کردووە بۆ تیۆر و فەلسەفەی رشتەبەندییەکان فراوانبوونێ بۆ چەمکی فرە ڕەهەندی دەبینێت.

بەهەمانشێوە لە میانەی ئەو ڕایانەی لە سەدەی بیستەمدا هێنامانن دەردەکەوێت کە مەبەستەکانی شەریعەت لە واقیعدا هەمان ڕای ئەو زانایانە دەنوێنێ کە لەبارەی مەسەلەکانی چاکسازی و نوێبوونەوەی فیقهی ئیسلامییەوە خستوونیانەتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو مەبەستانە لە دەقەکانی وەحییەوە

وەرگیراون، ئەم ئاوێتەبوونەش لە زەینی فیقهناسدا لە نێوان دەق و خواستەکانی چاکسازیی لە هەر سەردەمێکدا گرنگییەکی تایبەت بە مەبەستەکان دەبەخشێ، لەبەرئەوە من زانستی مەبەستە شەرعییەکان دادەنێم بە یەکێك لە گرنگترینی هۆکارە هزرییەکان و میتۆدە کاراکان بۆ چاکسازی و نوێبوونەوەی ئیسلامی، کەواتە ئەوە میتۆدێکە لە ناو زانستی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوە نەك لە دەرەوەی، ئەقڵی ئیسلامی دەدوێنێ و باس لە مەسەلە ئیسلامییە گرنگەکان دەکات، ئەم خستنەڕوویە جیاوازییەکی ریشەیی هەیە لە پڕۆژەکانی (چاکسازیی) یان (نوێبوونەوە) کە لە دەرەوەی سنوری زاراوە ئیسلامییەکان و زانستە ئیسلامییەکانەوە دێن. وا لە خوارەوە کورتەیەك لە مێژووی بیرۆکەی مەبەستەکانی شەریعەت دەخەینەڕوو هەر لە گوتەی هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەر) تا دەگاتە ئەم سەردەمەی ئێستامان.

**زانستی مەبەستەکان لە ئیجتیهادی هاوەڵاندا:**

لەڕاستیدا بیرۆکەی لێکۆڵینەوە لە نیەت یان مەبەست یان ئامانج لە ئایەتێکدا یان لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوادا (درودی خودای لەسەر) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) هەروەك لە چەندین ریوایەتدا هاتووە. یەکێك لە مەسەلە زانراوەکان ئەو فەرموودەیەیە کە بە چەند شێوازێك لەبارەی (نوێژی عەسر لە بەنو قورەیزە)وە هاتووە، کاتێ پێغەمبەری خوا (درودی خودای لەسەر) فەرمانیدا بە هاوەڵانی بڕۆن بەرەو بەنو قورەیزە[1]، نابێ نوێژ جگە لەو شوێنە لە شوێنێکی تر بکەن ((کەستان نوێژی عەسر نەکات لە بەنو قورەیزە نەبێت))[2]. بەڵام لەپێش ئەوە هاوەڵان بگەنە بەنو قورەیزە کاتی نوێژی عەسر لە

[1]– ئەو ڕووداوە نزیکەی ساڵی حەوتەمی کۆچی بووە، شوێنەکە چەند میلێك لە مەدینەوە دوور بووە.

[2]– الجامع الصحیح، البخاري، بیروت، ط/٣، ب/١، ل٣٢١. صحیح مسلم، مسلم، بیروت، ب/٣، ل/١٣٩١.

تەواوبووندا بوو، لێرەدا هاوەڵان دابەشبوون بەسەر دوو ڕا دا: تاقمێکیان لەسەر ئەوە پێداگربوون کە نابێ نوێژی عەسر بکەن تا نەگەنە بەنو قورەیزە با کاتەکەشی بەسەر بچێت، تاقمەکەی تریان لەپێش ئەوە بگەنە بەنو قورەیزە لە ڕێگادا نوێژیان کرد، لە ترسی ئەوە نەبادا کاتەکەی بەسەر بچێت.

بەڵگەی ئەوانەی کە لەسەر ڕای یەکەم بوون ئەوەبوو کە فەرمانەکەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) روون بوو، لەبەرئەوە فەرمانیان بە هەموو هاوەڵان دا کە لە بەنو قورەیزە نەبێت نابێت نوێژ بکەن، بەڵام بیانووی تاقمی دووەم ئەوەبوو کە (مەبەست)ی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و (نیەت)ەکەی ئەوەبووە کە بەخێرایی بڕۆن بەرەو بەنو قورەیزە (وتراویشە: بەڵکو مەبەستەکە پەلەکردن بووە)، واتە نە (مەبەست) و نە (نیەت)ی دواخستنی نوێژەکە نەبووە با کاتە فەرزکراوەکەشی تێپەڕێت.

گێڕەرەوەی فەرموودەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێ کاتێ هاوەڵان پێغەمبەریان (درودی خودای لەسەر) ئاگادار کرد بەوەی کە کردیان، ئەو هیچ لێدوانێکی لەسەر نەدا، واتە ڕەزامەندبوو لەسەر هەردوو ڕایەکە[1]. پاشتر فیقهناسان و زانایان وتوویانە ڕازیبوونی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) لەسەر هەردوو ڕایەکە مانای ئەوەیە کە هەردوو هەڵوێستەکە ڕاست و دروست بوون. بەڵام زانایەکی گەورە کە ئیبن حەزمی زاهیرییە لەم هەڵوێستە دەرچووە، ئەو هاوەڵانەی بە هەڵە ناوزەد کردووە کە بەرلەوە بگەنە بەنو قورەیزە نوێژیان کردووە، وتوویەتی دەبوایە ئەو تاقمە نوێژی عەسریان نەکردایە تا دوای گەیشتنیان بە بەنو قورەیزە، هەر بەوجۆرە کە

[1]- هەروەك بوخاری دەڵێ عەبدوالله ی کوڕی عومەر گێڕاویەتەوە، ب/١، ل/٣٢١، مسلم، ب/٣، ل/١٣٩١.

پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) فەرمانی پێدابوون، با ئەگەر لە دوای نیوە شەویشدا بگەیشتنایەتە جێ[1].

ڕووداوێکی تر لە سەردەمی هاوەڵاندا هەیە کە مەبەستدارو مانادارەو لە ڕووداوەکەی بەنو قورەیزە دەچێت، چونکە دەرئەنجامەکانی وەرگرتنی هەڵوێستێکی تەشریعی لەو ڕووداوە دووەمەدا کە پشت بەو مەبەستە دەبەستێت کاریگەرییەکی دوورتری هەبووە چونکە تێگەیشتن لە دەقەکە کراوە نەك لەسەر ڕواڵەتی دەقەکە. ئەو ڕووداوە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا (خوا لێی ڕازی بێت) ڕوویداوە، پێگەو پایەی عومەر لە ئیسلامدا، هەروەها نەریتی ئەو لە ڕاوێژکردنی بە ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵان لە مەسەلە گشتییەکاندا لەگەڵ جیاوازی ڕاو بۆچوونیان، وایان لە ڕایەکانی عومەر کردووە کە بەڵگەدار و مانایەکی تایبەتییان هەبێت. لەو ڕووداوەدا هاوەڵان داوایان لە عومەر کرد زەوی و زاری میسر و عیراق کە تازە بە تازە رزگارکرابوون دابەش بکات بەسەریاندا، بەو پێیە کە ئەو زەوی و زارانە (دەستکەوتی جەنگین)[2]. بەڵگەو پاساویان ئەوەبوو کە چەندین دەقی ڕوون و دیاریکراو لە قورئانی پیرۆزدا هەن (دەستکەوتە جەنگییەکان) دەبەخشن بەو جەنگاوەرانە کە بەدەستیان هێناوە: ﴿ فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمۡتُمۡ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾ الأنفال: ٦٩، ئیتر جگە لە ڕێنماییەکانی سوننەت لەوبارەیەوە. بەڵام عومەر ڕەتیکردەوە سەراپای شارەکان و زەوی بەرفراوان دابەش بکات بەسەر هاوەڵاندا، لەم بڕیارەیدا پشتی بە چەندین ئایەتی تر بەست کە دەستەواژەکەیان گشتگیرترن، بۆی ڕوونبوویەوە کە (مەبەست)ی خوای گەورە ئەوەیە کە ماڵ و سامان قۆرخ نەبێت لە دەستی دەوڵەمەنداندا: ﴿كَيۡ لَا يَكُونَ

---

[1]- المحلى، علي إبن حزم، ب/٣، ل/٢٩١.

[2]- الخراج، يعقوب أبو يوسف، ل/١٤، ٨١.

دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ ﴾ الحشـر: ٧، واتــه تــا دەوڵەمەنــدان مــاڵ و ســامان لــە کۆمەڵگادا قۆرخ نەکەن، عومەر بەمجۆرە لە مەسەلەکە گەیشتووە، ئەو هاوەڵانـەش کە پشتگیریان لە ڕایەکەی کرد لەگەڵیدا بوون، چونکە بۆ تێگەیشتنیان لەو ئایەتانە کە تایبەتن بە دابەشکردنی دەستکەوتە جەنگییەکان بەسەر جەنگاوەراندا لـەتوێی میانــەی (مەبەســت)ێکی دیــاریکراودا لــە مەبەســتەکانی شــەرع هــاتوون لــەناو ئایەتـەکانی تـردا تێگەیشـتنیان بـۆ کـردوون، ئـەویش مەبەسـتێکە پەیوەسـتە بـە دادپەروەرییـەوەو ڕێگیریکردنـە لـە قۆرخکـاریی، یـان (بەرتەسـککردنەوەی مـاوەی بۆشایی نێوان توێژەکانە)-بە دەستەواژەی ئـەم سـەردەمە. گرنگێتـی ئیجتیهـادی عومەر لەو مەسەلەیەدا ئەوەیـە کـە دەتـوانرێ لـە ڕووی-ئوسـوڵییەوە-دابنـرێ بـە جۆرێك لە (کۆدەنگی) کە ژمارەیەکی بەرچـاو لـە هـاوەڵان یـەك ڕا بـوون لەسـەری، ئەمەش ئیجتیهادێکە بە چاوپۆشین لە پێناسەی (کۆدەنگی) یـان (حوجییـەتی ڕای هاوەڵان) لە فیقهـدا بـەهای خـۆی هەیـە، ئەمانـەش کۆمەڵـە مەسـەلەیەکن کـە ڕای جیـاواز لـە نێـوان هاوەڵانـدا لـە هـەموو مەزهەبەکانـدا بەدەوریانـدا سـوڕاوەتەوە، هەروەك لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین.

هەروەها دەتوانین لە ئیجتیهادە جۆراو جۆرەکانی عومەرەوە نمونـەی مانـادار و قووڵ لـە هـەمان مەسـەلەدا وەربگـرین، وەك هەڵپەسـاردنی سـزای دزیکـردن سـاڵی برسێتی لە مەدینەی مونەووەرە[١]، هۆیەکەشی ئەوە بووە عومەر پەی بەوە بـردووە لە کاتێکدا کە خەڵکی دەناڵێنن بەدەسـت پێویسـتییان بـە پـارووی سـەرەکییانەوە تەنها بۆ پاراستنی گیانیان، ئەوا جێبەجێکردنی سزای دزیکردن کـە دەقـی قورئـانی پیرۆز و سوننەت لەسەری هـاتووە، نایەتـەوە لەگـەڵ پرەنسـیپی دادپەروەریـدا کـە

---

[١]- منهج عمر بن الخطاب في التشريع، محمد البلتاجي، ط١، ٢٠٠٢، قاهيرة، ل/١٩٠.

مەبەستێکی سەرەکییە لە ئیسلامدا، لەبەرئەوە ئەم پرەنسیپە بالآیەی کردە سەرچاوەی ئیجتهادەکەی کە بریتییە لە هەڵپەساردنی حوکمی سزای دزیکردن.

نمونەیەکی تریش لە فیقهی عومەر بریتییە لە کارنەکردنی بە جێبەجێکردنی (مانای ڕواڵەتی) بۆ فەرموودەیەکی پیرۆز کە بە ڕاشکاوانە دەفەرموێ ئەو سەربازە موسڵمانەی کە یەکێك لە سەربازانی دوژمن دەکوژێ ئەوا شمەکە تایبەتەکانی ئەو کوژراوە بۆ ئەوە: ((مَنْ قتل قتيلاً فلهُ سَلَبُه))[1]. عومەر بڕیاریدا هەموو شمەکە نرخ بەرزەکان کۆبکرێنەوەو سەربازەکان تەنها پێنجیەکیان پێبدرێ–وەك دەستکەوتی جەنگی–مەبەستیشی ئەوە بووە پارێزگاری بکات لە پرەنسیپی ویژدان بە خەرجدان لە نێوان سەربازەکاندا، هەروەها مەبەستیشی ئەوە بووە کە خەزێنەی دەوڵەت دەوڵەمەند بکرێ.

با چوارەم نمونەش لە فیقهی عومەر بخەینە ڕوو، ئەویش بڕیاردانی بووە کە دەبێ ئەسپەکانیش بخرێنە ناو ئەو سەروەتەوە کە زەکاتیان لەسەر فەرز دەکرێ، یان ئەوەی کە پێی دەوترێ مەسەلەی دەفری زەکات، ئەمە لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) بە ڕاشکاوانە فەرمانیداوە کە ئەسپ هەڵاوێرد بکرێ لە زەکاتدان ((ليس على المسلم في فرسه صدقة)). بەڵگەی عومەریش ئەوە بووە کە نرخی ئەسپەکان لە سەردەمی ئەودا لەچاو نرخی وشتردا زۆر بەرزبووتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر) وشتری خستبووە ناو ئەو سەروەتەوە کە دەبێ زەکاتی لێبدرێ[2]. بە دەستەواژەیەکی تریش دەڵێین کە تێگەیشتنی عومەر لە (مەبەست)ی زەکاتدان ئەوەیە جۆرێکە لە یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی کە دەوڵەمەندان دەیدەن، ئەویش لەپێناو سوککردنی مەینەتییەکان لەسەر هەژاران، ئیتر بە چاوپۆشین لە جۆری دیاریکراو لە سەروەت و

[1]– بداية المجتهد و نهاية المقتصد، إبن رشد، ب/١، ل/٢٩١.

[2]– شرح فتح القدير، السيواسي، ب/٢، ل/١٩٢.

مـالّ و شمەكـەكان كـە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) باسـیكردوون و ئـەو تێگەیشتنە وشە بە وشەیەی لێبكرێ[1].

بەڵام، -جگە لە مەزهەبی حەنەفی-ئیتر هیچ یەك لە مەزهەبەكان قبوڵی ناكـەن هیچ جۆرە فراوانكردنێ بۆ (دەفری زەكات) واتە ئەو شتانە كە زەكاتیـان لێـدەدرێ زیـاد بكـرێ، ئەمـەش ڕادەی بڵاوبوونـەوەی تێگەیشـتنی رواڵـەتیی لـە تێگەیشـتنی فیقهی كلاسیكی لە دەقەكاندا بە شێوەیەكی گشتی بۆمـان ڕووندەكاتـەوە. ئـەوەتا ئیبن حەزم دەڵێ: (زەكات تەنها لە سەر هەشت جۆر لە مـالّ و سامان فـەرزكراوە، ئەوانیش ئاڵتون و زیو و گەنم و جۆ و خورمـاو وشـتر و ڕەشـەوڵاغ و مـەڕوماڵات بـە مـەڕو بزنییەوە...سـوننەتیش هـەر ئەمـەی هێناوە...زەكـات لەسـەر بـەروبوومی میوەهات و كشتوكالّ و جگـە لەوانـەی باسمـان كـردوون فـەرز نـاكرێ، زەكـات نـە لەسەر ئەسپ و نە كۆیلەو نە هەنگوین و نە لە شمەكەكانی بازرگانیدا فەرز نیە)[2].

لێـرەدا زۆر ڕوونـە كـە ئـەم ڕایـە تـا چ ئاسـتێ بەتوانایـە لەسـەر لەكارخسـتنی دامـەزراوەی زەكـات لـەوەی بتـوانێ ڕۆڵێكـی كـارا بگێـڕێ لـە جێبـەجێكردنی دادپەروەری یان ئەو حیكمەتەی كە بەهۆیەوە زەكات فەرزكراوە.

مامۆستا یوسف قەرەزاوی بـە پشتبەسـتنی بـە پرەنسـیپی (حیكمـەتی حوكمـە شەرعییەكان) نەیارە لەگەڵ ڕای جەماوەری زانایان لە مەسـەلەی دەفـری زەكاتـدا، ئەویش كاتێ هاتووە لە كتێبـە بەنرخەكەیدا بـە نـاوی (فقـه الزكـاة) ئـەم بابەتـەی باسكردووە، نوسیویەتی و دەڵێ:

(هەر مالّ و سامانێك گەشە بكات دەفری زەكاتە...چونكە زەكات بۆ نەهێشتنی پێویستی هەژاران و نەداران و قەرزاران و ڕێبوارانە، بۆ جێبەجێكردنی بەرژەوەندییە گشتییەكانی موسڵمانانە وەك جیهاد و لەپێناوی خواداو بۆ پێكەوەبەستنی دڵـەكان

[1]- فقه الزكاة، يوسف القرضاوي، ب/١، ل/٢٢٩.

[2]- المحلى، إبن حزم، بيروت، ط/١، ل/٢٠٩.

لەسەر ئیسلام فەرزکراوە...ئەوە بەدوور دەبینرێ کە شەرع دانـەر (خـوای گـەورە) مەبەستی ئەوە بێت ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی کەسێکەوە کە پێنج وشـتر یـان چـل سـەر مـەڕ یـان پێـنج مـەن لـە جـۆی هـەبێت پاشـان بێـت لـێ ببـورێ لـە گـەورە سـەرمایەداران ئەوانـەی کـە خـاوەنی گـەورەترین کارگـەو قەبـەترین تـەلارن، یـان پزیشکان و پارێزەران و گەورە مووچەخۆران و پیاوانی پیشـە ئازادەکـان، ئەوانـەی لە یەك رۆژدا ئەوەندە پەیدا دەکەن کە خاوەنی پێنج وشتر یان پێـنج مـەن جـۆ لـە سالآنێکدا پەیدای دەکات)[1].

بـەلآم عومـەری کـوڕی خـەتتاب لـە هـەموو ئەحکامـە شـەرعییەکاندا کـاری بـەو میتـۆدە نـەکردووە کـە پشـت بـە مەبەسـتەکان دەبەسـتێ، ئـەوەتا بوخـاری لـە عومـەرەوە دەگێڕێتـەوە لـە جێنشـینییەکەیدا وتوویـەتی: (ڕاکـردن و دەرخسـتنی ناوشان لە پای چی لە کاتێکدا خوای گەورە ئیسلامی سەربەرزکردووە و بێبـاوەڕیی و خەڵکەکەیی ڕەتکردووەتەوە؟) ئەویش وەك ئاماژەیەك بۆ حیکمەتی ڕاکردن کاتێ پێغەمبـەری خـوا (درودی خـودای لەسـەر) فـەرمانی پێکـردووە، کـە بریتییـە لـە پیشـاندانی هێـزو توانـای موسـڵمانان کـاتێ مەککـەیان رزگـار کـردووە، چـونکە بێباوەڕان بڵاویان کردبووەوە کە نەخۆشییەکانی مەدینە موسـڵمانانی لاوازکـردووە، بـەلآم عومـەر وتـی: (واز لـە شـتێك نـاهێنین کـە لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خـوادا کردوومانە)[2]. عومەر لەم هەڵوێستەدا جیاوازی کردووە لـە نێـوان (پەرستشـەکان) و (مامەڵـەکان) دا، ئـەوەش جیاوازییەکـە کـە لـەو بـەدواوە هـەموو قوتابخانـەکانی ئوسوڵی فیقھ کاریان پێکردووە. بۆ نمونە شاتیبی گوزارشتی لەم جیـاوازی خسـتنە کردووەو دەڵێ: (ئەسـڵ لـە پەرستشـەکاندا بەندایەتیکردنـە بـێ ئاوڕدانـەوە بـە لای ماناکانـدا، ئەسـڵیش تیایانـدا ئەوەیـە تـا مۆڵـەت نـەدرێ ئـەنجام نـەدرێن، چـونکە

---

[1]- فقه الزكاة، يوسف القرضاوي، ب/١، ل/١٤٦-١٤٨.

[2]- صحيح البخاري، كتاب الحج، باب الرمل.

ئەقڵەکان هیچ ڕۆڵێکیان نیە لە داهێنانی پەرستشەکاندا. ئەوەیش کە لە مەسەلە ئاساییەکاندایە ئەوا ئەسڵ ئەوەیە ئاوڕبدرێتەوە بە لای ماناکاندا و ئەسڵیش ئەوەیە مۆڵەتی کردنی هەبێت تا ئەو کاتە بەڵگەیەك هەبێت لەسەر ئەنجامدانی پێچەوانەکەی)[1].

گرنگێتی ئیجتیهادکردن لەو نمونانەدا کە باسمانکردن لەڕاستیدا خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە هاوەڵان (خوا لێیان رازی بێت) لە هەموو بارو زروفێکدا ئەوەیان جێبەجێ نەکردووە کە زانایانی ئوسوڵی فیقە دواتر ناویانبردووە بە (واتای لەفز)، (یان ئەو مانایە کە ڕواڵەتی گفتارەکە لە دەقێکی شەرعیدا دەیدات بەدەستەوە). چونکە ناوەڕۆکی پراکتیکی لە دەقێکدا هەندێجار لە مەبەستی دەقەکەوە هەڵێنجانی بۆکراوە، دەکرێ ئەمەش ناوبنرێ بە (واتای مەرام–دلالة الغاية) یان (واتای مەبەست–دلالة المقصد)، چونکە ئەمجۆرە واتایە بوار دەڕەخسێنێ تا ئاسانکاری زیاتر لە تێگەیشتن لە لەفزەکان و دانانیان لە میانەی خۆیاندا بکرێ ، ئەم حاڵەتەش لە ناو ئەو نمونانەدا دەردەکەوێ کە پێشتر هێنران.

بەڵام ئاراستەی مەزهەبیی هاوچەرخ لە لێکۆڵینەوەی شەریعەتدا[2] پرۆسەی گۆڕانکاریی کردن لەبەر ڕۆشنایی مەبەستەکاندا بە دژی واتای زمانەوانی دەقەکە دانانێ. ئەم ئاراستەیە داوای بوونی (هۆیەکی دیسپلیندار–علة منضبطة) لە پشتەوەی دەرکردنی حوکمەکە دەکات، هەرکات ئەو هۆیە کە حوکمەکە بەبۆنەی ئەوەوە دەرچووە بوونی نەما یان ئەو هۆیە کە حوکمەکەی پێ تایبەتکراوە لەدوای هێنانی دەقە گشتییەکە ئەوا حوکمە شەرعییەکە جێبەجێ ناکرێت[3]. نمونە لەسەر ئەوە کە لەسەرەوە باسکراوە وەك ئەو هۆیەی بەپێی ئەو حوکمی سزادانی دز

---

[1]– الموافقات، الشاطبي، ب/٢، ل/٦.

[2]– خوێنەر لە بەشی پێنجەمدا پۆلێنکردنێکی پێشنیارکراو بۆ قوتابخانە فیقهییە هاوچەرخەکان دەبینێ.

[3]– ضوابط المصلحة في الشريعة الإسلامية، محمد سعيد رمضان البوطي، ط٦، ٢٠٠١، ل/١٢٩–١٤٣.

جێبەجێ دەکرێ بریتییە لە: دزییەك کە مرۆڤێك پێی هەڵدەستێ بێئەوەی پێویستی بە دزیکردن هەبێت. کەواتە سزای دزیکردن هەر لە بنەڕەتەوە جێبەجێ ناکرێ لەسەر ئەوانە کە عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) چاوپۆشی لێکردوون. بەڵام ئەگەر نەتوانرا ئەمجۆرە تێگەیشتنە بۆ هەندێ ئیجتیهادکردن بەدەست بهێنرێ، با عومەریش (خوا لێی ڕازی بێت) بێت، ئەوا کۆمەڵەی ئاراستەی مەزهەبیی هاوچەرخ ڕەخنە لەمجۆرە ئیجتیهادانەی عومەر دەگرن و بەوەی دادەنێن کە (پێچەوانەی دەقە)[1]. بەڵام من وادەبینم ئەو پێوەرانە کە ئوسولییەکان بۆ ڕاست و دروستی (هۆ) بەمەرجیان گرتووە ناچەسپێت لەگەڵ ئەوەدا کە دەیڵێن، بۆ نمونە، (بوونی پێویستی) مانایەك نیە کە (دیسپلیندار) بێت واتە نەگۆڕ بێت و لە هەموو حاڵەتێکدا پێوانەبکرێ، چونکە دەکرێ (بوونی پێویستی) بە پێی گۆڕانی بارودۆخەکان بگۆڕدرێت، کەواتە، ئەو پێوەرە کە لەپێناو گۆڕینی حوکمەکەدا پێی دەگەین هۆیەکە نیە، بە واتای ئوسولی وشەکە، کەواتە لە ڕووی پراکتیکییەوە وادەبینین باشتر وایە ئەو گۆڕانەی عومەر بە باشی زانیوە بدرێتە پاڵ (مەبەست)ی دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی، نەك بدرێتە پاڵ گوتەی ئەوانە کە دەڵێن هۆیە.

دووەم نمونە کە بەو ئاراستەیەدا خراوەتە ڕوو بریتییە لەوە کە دەوترێ هۆی جێبەجێکردنی حوکمی بردنی شمەکی کوژراو بریتییە لە (مۆڵەتدانی پێشەوا بەپێی بەرژەوەندی)[2]. بەڵام ئێمە جارێکیتر دەڵێین ئەم هۆیە (دیسپلیندار) نیە چونکە بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان دەگۆڕدرێ، لەبەرئەوە وا باشترە ئەو گۆڕانە کە عومەر پیادەی کردووە بدەینە پاڵ مەبەستی دادگەریی لە نێوان سەربازەکاندا و مەبەستی جێبەجێکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی.

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٤٣.

[2]– ئەمە ڕای پێشەوا مالیکە، بەڵام هەموو مەزهەبەکانی تر دەربارەی ئەم مەسەلەیە پێچەوانەی ڕای عومەرن. بدایە المجتهد، إبن رشد، ل/٢٩٠–٢٩١.

مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەو نمونانە بۆ روونکردنەوەی تێگەیشتنی پێش وەختەیە لە مەبەستەکان لە پرسی پراکتیزەکردنی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی دا، هەروەها بۆ ئەوەیە تا ناوەڕۆکی مەبەستەکان لە جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەدا گرنگییەکی سەرەکییان پێبدرێ. بەڵام ئەو ڕۆڵە کە مەبەستەکان لە شێوازە جۆراو جۆرەکانی ئیجتیهادکردندا پێی هەڵدەستێ، هەروەها پەیوەندی لە نێوان (هۆ) و (مەبەست) دا ئەوا لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا بە تێروتەسەلی قسەی لەسەر دەکرێ.

## مەبەستەکان و تیۆرە پێشینەکانی:

تیۆری مەبەستەکان و پۆلێنکردنی لەدوای سەردەمی هاوەڵانەوە دەستی بە پەرەسەندن کردووە، بەڵام مەبەستەکان وەها کە ئەمڕۆ ئێمە دەیزانین هەتا ڕۆژانی سەردەمی ئوسولییە دواییینەکان کە لە سەدەی پێنجەمەوە تا سەدەی هەشتەمی کۆچی خایاندووە بە شێوەیەکی ڕوون پەرەی نەسەندووە، ئەمەش لەم بڕگەیەدا کە دێت بە تێروتەسەلی قسەی لێدەکەین. بەڵام لە سێ سەدەی یەکەمدا چەندین زاراوە دەرکەوتن کە پەیوەندییان بە مەبەستەکان یان هۆکارەکانەوە هەیە وەك: حیکمەت، هۆ (العلة)، گونجان (المناسبة)، هەروەها مەرامی گوتەی پێشەوایانی فیقه، لەدوای ئەوەش لە نێو ژمارەیەك لە تیۆری ئوسولییەکاندا، ئەویش بۆ نمونە کاتێ قسەیان کردووە لەسەر (پێوانەگیریی) و (بەچاکزانین) و (بەرژەوەندی). بەڵام خودی مەبەستەکان وەك بابەتێکی تایبەت کە لێکۆڵینەوی سەربەخۆ یان گرنگی پێدانی تایبەتی پێبدرێ ئەوا هەتا کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی زەق نەکراوەتەوە، پەرەدان بە تیۆری (پلەکانی زەرورەت) یش کە لەسەر دەستی پێشەوا جوەینی (ت ٤٧٨ك/ ١٠٨٥ز) ئەنجامدراوە تا دوای ماوەیەکی زۆر هەر نەکەوتبووە ڕوو، واتە تا سەدەی پێنجەمی کۆچی. ئێستاش چەمکە پێش

وەختــەكانی مەبەســتەكان لــە نێــوان ســەدەی ســێیەم و پێنجــەمی كۆچــیدا دەخەینەڕوو.

١-حەكیمی ترمزی (ت ٢٩٦ك/٩٠٨ز): لەڕاستیدا یەكەمین كتێبێك كـە بـە ئێمـە گەیشـتبێت و تایبـەت بێـت بـە بابـەتی مەبەسـتەكان و لـە ناونیشـانەكەیدا وشـەی (مەبەست)ەكانی بەكارهێنابێت بریتییە لە كتێبی (الصلاة و مقاصدها)، ئەویش لـە نوسـینی ترمـزی حەكیمـە[1]. نـاوەڕۆكی ئـەم كتێبـە حیكمـەتی كردارەكـانی نوێـژ و نهێنییـە رۆحییەكـەیی تێدایـە، لەگـەڵ ئـارەزووی سـۆفیگەرییەكی ڕوون و ئاشـكرا تیایدا. لە نمونەی ئەو حیكمەتانە: (كردارەكانی نوێژ جۆراو جۆرن ئـەویش بـەپێی جۆراو جـۆری بـاری كەسـەكەیە: بـە وەسـتان رزگـاری دەبێـت لـە سـەرەڕۆیی، بـە ڕووكردنە قیبلە ڕزگاری دەبێت لە بادانەوەو پشتهەڵكردن، بە وتنی الله أكبر ڕزگاری دەبێت لە خۆ بەزلزانین، بە حەمـد و سـەناكردن ڕزگـاری دەبێـت لـە بێئاگـایی، بـە ڕوكوع بردن رزگـاری دەبێـت لـە بێمـەیلی و ساردوسـڕی، بـە سـوژدەبردن ڕزگـاری دەبێت لە گوناهكردن)...ترمزی حەكیم لەبارەی حەجیشەوە كتێبێكی هاوشـێوەی نوسیوە، هاتووە ناونیشانی: (الحج و أسرارە)ی بۆ هەڵبژاردووە[2].

٢-ئەبو زەیدی بەڵخی (ت ٣٢٢ك/٩٣٣ز): یەكەمین كتێبێ كە لـە مەبەسـتەكانی مامەڵەكردندا زانرا بێت بریتییە لـە كتێبەكـەی ئـەبو زەیـدی بـەڵخی بـە ناونیشـانی (الإبانة عن علـل الدیّانـة)، لـەم كتێبـەدا هـاتووە مەبەسـتەكانی پشـتەوەی حوكمـە فیقهییــەكانی خســتووەتەڕوو، بــەڵخی كتێبێكــی تــری تایبــەت كــردووە بــە بەرژەوەندییەكان ناوی ناوە (مصـالح الأبـدان و الأنفـس)، تیایـدا چـۆنێتی كـردارو

---

[1]- بەپێی گوتەی رەیسونی، نظریة المقاصد عند الإمام الشاطبي، أحمد الریسوني، فیرجینیا، ط١، ١٩٩٢.

[2]- مقاصد الشریعة الإسلامیة: دراسات في قضایا المنهاج و قضایا التطبیق، أحمد الریسوني، لندن، ٢٠٠٦، ل/١٨١.

حوكمە شەرعییەكانی ڕوونكردووەتەوە كە پشـكیان هەیـە لـە تەندروسـتی مرۆڤـدا، ئیتر جەستەیی بن یان دەروونی[1].

٣-قــەففالی شاشــی (القفــال الشاشــی الكـبير) (ت ٣٦٥ك/٩٧٥ن): كـۆنترین دەستنوسێ كە توانیبێتم لە خانەی پەڕتووكی میسریدا لە بابەتی مەبەستەكاندا بـە دەستی بێنم بریتییە لە كتێبەكـەی قـەففال بـەناوی (محاسـن الشـريعة)[2]. قـەففال كتێبەكەیی بـە بەشـێكی پێناسـەیی بـە درێـژی بیسـت لاپـەڕە دەسـت پێكـردووە، پاشـان بـەپێی ئـەو نەریتـەی كـە كتێبـە فیقهییـەكان لەسـەری ڕاهـاتوون هـاتووە كتێبەكــەیی دابەشــكردووە (بــە بەشــی پاكوخــاوێنی دەســتپێكردووە، ئینجـا دەستنوێژ، پاشان نوێژ، بۆ بەشەكانی تریش هەروەها). قەففال لە كتێبەكەیـدا بـە كورتی باسی هەر حوكمێكی بەجیا كردووە، پاشان درێژەیـداوە بـە مەبەسـتەكان و حیكمەتی پشتەوەی، دەستنوسەكە تا ئاستێكی باش ڕوونە، قەبارەی دەگاتـە ٤٠٠ لاپـەڕە، لـە كۆتـا لاپـەڕەی دەستنوسـەكەدا بـەرواری تـەواوبوونی لـە نوسـینەوەی تێدایـە، ئــەویش ڕۆژی یـازدەی مـانگی ڕەبیعـی یەكـەم سـاڵی ٣٥٨ك (ڕێكـەوتی ٩٦٩/٢/٧ن). بەشەكانی فیقـه پانتاییـەكی گـەورەیان لـە كتێبەكـەدا داگیركـردووە، ئەمە لە كاتێكدا كە بە توندی تەرخانیكردووە لەسەر حوكمە تاكییەكان، هیچ جۆرە تیۆرێكی گشتی لەبارەی مەبەستەكانەوە نەخستووەتەڕوو. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەم كتێبە دادەنرێ بـە هـەنگاوێكی گـرنگ لـە گەشـەدان بـە تیـۆری مەبەسـتەكان.

---

[1]- الدليل الإرشادي الى مقاصد الشريعة الإسلامية، محمد كمال إمام، لندن ، ٢٠٠٧، ل/٣.

[2]- لە ڕێگای دكتۆر ئەحمەد ریسونی لە ڕێكخراوی كۆنگرەی ئیسلامی، ساڵی ٢٠٠٦ز لـە پێڕسـتی ڕێسـا فیقهییەكان لە جیددە بە بوونی ئـەم كتێبـەم زانـی، ، ئینجـا بـە هاوكـاری دكتـۆر ئەیمـەن فوئـاد تـوانیم مایكرۆفیلمی دەستنوسەكە دەستبخەم، ساڵی ٢٠٠٦ (محاسن الشريعة) القفّال الشاشی، لـەژێر ناونیشـانی فقهی شافعی، دەستنوسی ژمارە ٢٦٣: قاهیرە ٣٥٨ك/٩٦٩ن).،

لێرەدا لە بەشی پێناسەی کتێبەکە برگەیەك وەردەگرین (خوێنەر لە وێنەی ژمارە ١-٣ دا هەمان بڕگە دەبینێ). دەڵێ:

لێبڕام لەسەر نوسینی ئەم کتێبە، وەك ئاماژەیەك لەسەر باشییەکانی شەریعەت و چوونی بۆ نێو سیاسەتێکی چاك و کراوە و لکاندنی بە ئەقڵە ساغەکانەوە، چوونە نێو ئەو وەڵامەوە بۆ هەرکەسێ کە پرسیار لە هۆیەکانی دەکات و دانانی لە شوێنی ڕاست و بە حیکمەتدا، زانراویشە ئەم پرسیارە لەلایەن خاوەنەکەیەوە لەسەر یەکێك لەم دوو ڕووە دەوەستێت: یان لەگەڵ سەلماندنی بەدیهێنانی جیهان و ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتییە، چونکە شەریعەتەکان لە واتاکانیاندا دەدرێنە پاڵ پەرستراوێکی خاوەن موڵك و بەتواناو حەکیم، کاری بەندەکان چاك دەکات هەتا لە لە خانووی خۆشەویستیدا ماوەیەك بمێننەوە، ئینجا بە گوێڕایەڵیان شایستەی پاداشتی چاك بن لە دنیاو لە قیامەتدا...ڕووی دووەمیش لەسەر واتای تانەدانە لە پێغەمبەرایەتی و گوتنە بە دروستبوونی جیهان یان تانەدان لە پێغەمبەرایەتی لەگەڵ تەسلیمبوون بە دروستبوونی جیهان، لێکۆڵینەوەش لەم بارە بەڵگەیە لەسەر خراپبوونی جۆر لەسەر خراپبوونی ئەسڵەکەی.

٤-ئیبن بابەویهی قوممی (ت٣٨١ك/٩٩١ز): هەندێك لە توێژەران دەڵێن باسکردنی مەبەستەکانی شەریعەت تا سەدەی بیستەم قۆرخ بووە لەسەر مەزهەبەکانی ئەهلی سوننە[١]. بەڵام لە واقیعدا یەکەمین لێکۆڵینەوەی تەواو کە تایبەت کرابێت بۆ قسەکردن لەسەر مەبەستەکانی شەریعەت ئیبن بابەویهی صدوقی قوممی نوسیویەتی، کە یەکێکە لە هەرە ناودارترین زانایانی فیقهی شیعە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا، ئەم زانایە کتێبێکی ٣٣٥ بەشی دەربارەی ئەم بابەتە

[١]- (المقاصد في الشريعة الشيعيّة)، حسن جابر.

نوسیوە[1] ، ئیبن بابەویهی قوممی لە کتێبەکەیدا  بە ناوی (علل الشرائع) تەفسیرێکی ئـەقڵی بـۆ بـاوەڕ بـە خـوای گـەورەو بـە پێغەمبـەران و بـە غـەیب و هـیتریش لـە باوەڕەکان پێشکەش دەکـات، هـەروەها هـاتووە بـاس لـە مەبەسـتەکان و پاسـاوە ڕەوشـتییەکانی نوێـژ و ڕۆژوو و حـەج و زەکـات و چـاکە لەگـەڵ بـاوك و دایکـدا و هیتریش لە ئەرکە ئیسلامییەکان پێشکەش دەکات[2] .


بسم الله الرحمن الرحيم

ێنەی ١-٣ لاپەڕەی یەکەم لە کۆپی دەستنوشی قەففالی گەورە:

(محاسن الشريعة) لە خانەی پەڕتوکخانەی میسری دا

---

[1]– ئەمە بەپێی گوتەی پرۆفیسۆر محمد کمال إمام لە کۆلیژی ماف لـە زانکـۆی ئەسـکەندەریە (وتووێـژی زارەکی، قاهیرە، ئابی/٢٠٠٦ز).

[2]– علل الشرائع، إبن بابويه الصدوق القمّي، النجف ١٩٦٦.

٥–عامريی فەیلەسوف (ت٣٨١ك/٩٩١ز): یەکەمین پۆلێنکردنی تیۆریی بۆ مەبەستەکان کە زانراوە بریتی بووە لەوە کە عامریی فەیلەسوف لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الإعلام بمناقب الإسلام) نوسیویەتی[1]. بەڵام پۆلێنکردنەکەی عامریی بۆ مەبەستەکان تەنها لەبەر ڕۆشنایی سزاکانەوە لە شەریعەتی ئیسلامیدا قسەی لەسەر کردووە.

دەربارەی پۆلێنکردنی مەبەستەکانیش بەپێی (ئاستەکانی زەرورەت) ئەوا تا سەدەی پێنجەمی کۆچی نەهاتووەتە پێش هیچ پەرەسەندنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، پاشانیش تیۆرەکە بەرەو هەڵکشان چووە تا لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا گەیشتووەتە ئەوپەڕی قۆناغە مێژووییەکانی خۆی (ئەگەر ئەوەی لە سەدەی بیستەمی زایینیدا ڕوویداوە هەڵاوێردی بکەین).

---

[1]– ئەمە بەپێی گوتەی دکتۆر ئەحمە رەیسونی، وتووێژی زارەکی لە جیددە لە مانگی ت٢/ ٢٠٠٦ز، کە ئاماژەی پێدام بە بوونی ئەم کتێبە.

## ٢-١ مەبەستەكان وەك تیۆرێكی گەشەسەندوو: سەدەی پێنجەم تا سەدەی هەشتەمی كۆچی:

### دەركەوتنی فەلسەفەی شەریعەتی ئیسلامیی:

سەدەی پێنجەمی كۆچی ئەو دەركەوتنەی كە مامۆستا عەبدوالله بن بییە ناویناوە بە (فلسفة للتشريع الإسلامي) بەخۆیەوە بینیوە[١]، دەركەوت شێوازەكانی ئیجتیهاد كە پێشتر باو بوون و فەلسەفەكەیان تەرخان بوو لەسەر میتۆدی ناویی یان پیتییەكان، بەس نین بۆ وەڵامدانەوەی پێویستییەكانی ژیاری ئیسلامی كە بە خێرایی پەرەیان سەند، لەبەرئەوە تیۆری (بەرژەوەندی ڕەها–المصلحة المرسلة) هاتەڕوو، ئەویش وەك شێوازێك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو بوارەدا كە زانایان ناویانبردووە بە (ئەوەی كە دەق لەسەری نەهاتووە)، كە بەمەش هەوڵدەدات قەرەبووی سنورداریی پێوانەگیریی كلاسیك بكات.

لە لێكۆڵینەوەیەكی پێشترمدا ڕوونمكردووەتەوە كە پێوانەگیریی كلاسیك لە ڕێگای پاساوەوە بەس نیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو مەسەلەو ڕووداوانەدا كە بە تازەیی دێنەڕوو–هەرچەندە ئوسولییەكان دواتر لە ڕێگای تیۆرەكانیانەوە لەسەر (گونجانی پێوانەگیریی) هەوڵیانداوە پەرەی پێبدەن و فراوانی بكەن–چونكە پێوانگیریی بە پاساوەكان بە مەرجی (بەرزەفتكردنی) ئەو پاساوانە هەر بە سنورداری دەمێننەوە[٢]. بەڵام بەشی بەرژەوەندی ڕەها یارمەتیدەر بوو لە پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەدا، بەرژەوەندی ڕەهاش هۆكارێك بووە بۆ دەركەوتنی تیۆری مەبەستەكان لە شەریعەتی ئیسلامیدا. هەندێ لە زانایانیش لە نێوان

---

[١]– وتووێژی زارەكی لەگەڵ مامۆستا ئیبن بییە لە مەككە، نیسانی/٢٠٠٦ز، هەروەها لە پێشەكی كتێبەكەمدا بە ناوی (فقه المقاصد: إناطة الأحكام الشرعية بمقاصدها (فیرجینیا/ ٢٠٠٦ز)

[٢]– (دوران الأحكام الشرعية مع مقاصدها وجوداً و عدماً: دراسة أصولية نقدية تطبيقية)، جاسر عودة، ٢٠٠٤.

سەدەی پێنجەم و هەشتەمی کۆچیدا خاوەنی چاکەن لـە بەشـداریکردنێکی بەرچـاو لە پەرەدان بە تیۆری مەبەستەکان، ئـەوانیش: پێشـەوا جـوەینی، پێشـەوا غـەزالی، پێشــەوا عیــزز کــوڕی عەبدولســەلام، پێشــەوا قیرافــی، پێشــەوا ئــیبن قــەییم، دەرکەوتووترینیان پێشەوا شاتیبی بووە.

## ئەبولمەعالی جوەینی (ت٤٧٨ك/١٠٨٥ز):

کتێبەکەی پێشەوا جوەینی (البرهان في أصول الفقه) یەکـەمین چارەسـەرکردنی ئوسوڵییە بۆ تیۆری (ئاستەکانی زەرورەت)، بە شێوازێکە کە لەو تیۆرە دەچێت لە ئەمڕۆدا زانراوە. جوەینی پێنج ئاست لە مەبەستەکانی پێشـنیار کـردووە ئـەوانیش بـریتین لـە: زەروریـیەکان، پێویسـتییە گشـتییەکان، خراپـەکان، سـوننەتەکان، وە (ئەوەش کە ناتوانرێ لەژێر بەندێکی دیاریکراودا پۆلێن بکـرێ)[١]، دەڵێـت مەبەسـتی شەریعەتی ئیسلامی  بریتییە لە (پاکوبێگەردی) ئاینی خەڵکی، پـاکی دەروونیـان ، ئەقڵیان، داوێنیان و ماڵ و سامانیان[٢].

جوەینی کتێبێکی گرنگی تری هەیە بە ناوی (غياث الأمم في التيـاث الظلـم)، بـە هەڵســەنگاندنی مــن بەشــداریکردنێکی تــری بــەهاداری جوەینییــە لــە تیــۆری مەبەستەکاندا، هەرچەندە ئەم کتێبە زیاتر بایەخی بە کاروبارە سیاسـییەکان داوە، جوەینی لە (الغيّاثي)–ئەمە ناوی کورتکراو و باوی کتێبەکەیە–ئەگـەرێکی خـەیاڵی دەخاتەڕوو ئەویش بریتییە لـەوە کـە فیقهزانـان و هـەڵگرانی مەزهەبـەکان ڕۆژێ لـە ڕۆژان هـەر هـەموویان لەسـەر ئـەم زەوییـە لـەناو دەچـن، وادەبینـێ ئیسـلام لـەو حاڵەتەدا فریادڕەسێکی تری نیە جگە لە بیناکردنەوەی حوکمەکانی شەریعەت هـەر لە بناغەوە لە بەشە جۆراو جۆرەکانیدا کە ناوی بردوون بـە (بنـەما گومانبڕەکـان)،

[١]– البرهان، الجويني، ط٤، ب/٢، ل/٦٢١–٦٢٢، ٧٤٧.

[٢]– سەرچاوەی پێشوو.

وە لەسەر (حوکمە جێگیرەکان کە ئەگەرە دژەکان و شێوازی گۆڕینی ماناکان ناتوانن بچنە ناویەوە) بەپێی داڕشتنی جوەینی خۆی[١]. ئەو (حوکمە جێگیرانە) کە بە کرداریی ناویبردوون بە (مەبەستەکان) بریتین لە: (لە هەر بنەمایەك لە بنەماکانی شەریعەتدا ڕێسایەك هەیە پێگەی وەك پێگەی جەمسەر وایە لە دەستهاڕدا و وەك بەردی بناغە لە بینادا، بەڕوونی دەڵێین کە ئەوە سەرچاوەی دروستبوونی بەشەکانە و هەر هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە)[٢].

هەندێك لەو بنەما گومانبڕانە کە جوەینی سەرلەنوێ لە بونیاتنانی شەریعەتدا پشتی پێبەستوون بریتین لە: (ئاسانکاریی) لە بەشی شتە پیسەکاندا، (نەهێشتنی زیانی نەداران) لە بەشەکانی زەکاتدا، (ڕازیبوونی خاوەن موڵك) لە مامەڵەکانی فرۆشتندا[٣]. بەم پێیە وادەبینم کە کتێبی (غیاث الأمم)ی جوەینی پرۆژەیەکە بۆ (داڕشتنەوەی سەرلەنوێ)ی فیقهی ئیسلامی لەسەر بنەمای (مەبەستەکان). ئەگەرچی جوەینی بە زمانێکی وەها گوزارشتی لە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی کردووە کە بیپارێزن لە چەوساندنەوەی زانستی و سیاسی[٤]. گومانی تێدا نیە ئەو ڕایانەی جوەینی زیاتر لە دەقی خودی کتێبەکە شایانی قسەلێکردن و شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلن.

---

[١]- الغيّاثي، الجويني، ل/٤٣٤.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٤٩٠.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٤٤٦، ٤٧٣، ٤٩٤.

[٤]- سەیری بەشی پێناسەیی کتێبی غيّاث الأمم بکرێ، دکتۆر عەبدلعەزیم دیب نوسیویەتی، کە پوختەی میانەی مێژوویی و سیاسی کتێبەکە دەخاتە ڕوو.

**ئەبو حامیدی غەزالی (ت٥٠٥ك/١١١١ز):**

پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالی، کە قوتابی پێشەوا جوەینییە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (المستصفى) پەرەیداوە بە تیۆری مامۆستاکەی، هاتووە ئەو (زەرورەت)انەی کە جوەینی پێشنیاری کردوون بەپێی ئەم پلەبەندییە ڕێکیخستوون: (١) ئاین، (٢) گیان (خود)، (٣) ئەقڵ، (٤) وەچە، (٥) ماڵ و سامان[١]. غەزالی هەروەها لە میانەی گوتەکانی لەسەر ئەو زەرورەتانە هاتووە زاراوەی (پارێزگاری) داڕشتووە، بەڵام غەزالی، وەك پابەندبوونی خۆی بە مەزهەبی شافیعییەوە کە لە ڕێگای پرۆسەی پێوانەگیرییەوە نەبێت هیچ حوجییەتێك بۆ هەر جۆرە ئیجتیهادێك نابینێ، ئەمیش ڕەتیکردووەتەوە حوجییەتی شەرعی بدات بە هیچ یەك لەو مەبەستانە یان بەرژەوەندییانە کە پێشنیاری کردوون و ڕێکیخستوون، بەڵکو ئاماژەی پێکردوون گوایا ئەوانە (بەرژەوەندی گوماناوی و خەیاڵاوین)[٢].

بەڵام غەزالی هەندێ پێوانەی فیقهی سەرنجڕاکێش دەخاتەڕوو، کە مەبەستەکانی بە واتای پاساوە شەرعییەکان بەکارهێناوە، جا وێڕای ئەوە کە خۆی و مەزهەبی شافیعی ڕەخنە لە مەبەستەکان دەگرن کە شتانێکی (گومانین) و (نا ڕێکوپێکن). ئەوا غەزالی نمونەیەکی نوسیوەو دەڵێ: (حوکمی شەرعمان ئەوەیە کە هەر خواردنەوەو خواردنێك سەرخۆش بکات ئەوا حەرامە، ئەوەش بە پێوانەگیریی لەسەر عەرەق، کە حەرامکراوە تا ئەقڵ کە جێگای ئەرك پێسپاردنە پارێزراو بێت...مەبەستی شەرعیش لە خەڵکی پێنج شتە، ئەویش پارێزگاریکردنە لە ئاین و گیان و ئەقڵ و وەچەو ماڵیان. هەرشتێك پاراستنی ئەم پێنج بنەمایە لەخۆبگرێ ئەوە بەرژەوەندییە، هەرشتێکیش ئەم پێنج بنەمایە فەرامۆش بکات ئەوە خراپەیەو

---

[١]- المستصفى، الغزالي، ل/٢٥٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل/١٧٢.

لابردنی دەبێتە بەرژەوەندی، وە ئەگەر لە کتێبی پێوانەگیریی دا مانایەکی گونجاو بدەین پێی ئەوا ئەمجۆرەمان مەبەستە[1].

غەزالی هەروەها ڕێسایەکی سەرەکی بەپێی ئاستەکانی زەرورەت وەها کە خۆی خستوویەتە ڕوو پێشکەش کردووە، ئەو ڕێسایەش ئەوەی تێدایە کە پێویستە زەرورەتە باڵاکان پێشبخرێن بەسەر زەرورەتە نزمەکاندا، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە هەردوو زەرورەتەکە لە جێبەجێکردنیاندا سەربکێشن بۆ دوو ناوەڕۆکی دژ بەیەك[2]. لێرەدا دەبینین کە ئیجتیهادکردنە مەبەستارییەکەی غەزالی پابەند نیە بە دەستگرتنی زۆر توند بە مەزهەبی شافیعییەوە بەقاڵبی (توندوتۆڵکردن) لە پرۆسەی بیرکردنەوەی پێوانەگیریی لە لایان، کە غەزالی لە المستصفی و لە کتێبە ئوسوڵییەکانی تریدا پیادەی کردووە.

**عیززی کوڕی عەبدولسەلام (ت٦٦٠ك/١٢٠٩ز):**

پێشەوا عیزز لەبارەی حیکمەتی حوکمەکان دوو کتێبی بچوکی هەیە، هەردووکیان پەیوەندییان بە مەبەستەکانەوە هەیە بە واتای حیکمەتەکان، ئەوانیش (مقاصد الصلاة و مقاصد الصوم)[3]، بەڵام بەشداریکردنی سەرەکی عیزز لە پەرەدان بە تیۆری مەبەستەکان لەو کتێبەیدا هاتووە کە دەربارەی بەرژەوەندییەکان نوسیویەتی بە ناوی (قواعد الأحكام في مصالح الأنام). هەروەها بەتەنیشت درێژەپێدانی عیززی کوڕی عەبدولسەلام لە لێکۆڵینەوە لە هەردوو چەمکی بەرژەوەندی و خراپە، هاتووە پەیوەندی لە نێوان حوکمەکان و مەبەستەکانی خستووەتەڕوو. بۆ نمونە وتوویەتی: هەرکەس لە پرۆسەی هێنانی بەرژەوەندییەکان

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٧٤.

[2]– سەرچازەی پێشوو، ل/٢٦٥.

[3]– مقاصد الصوم، العز بن عبد السلام، ١٩٩٥. مقاصد الصلاة، ٢٠٠٠..

و لابردنی خراپەکاندا شوێن مەبەستەکانی شەرع بکەوێت ئەوا لە کۆی ئەوە باوەڕ یان زانینی لا دروست دەبێت کە نابێ بەرژەوەندی پشتگوێ بخرێ، ئەوەش کە خراپەیە نابێت نزیکی بکەوێت، با ئەو شتەش دەق و کۆدەنگی و پێوانەگیریی تایبەتی تێدا نەبێت، چونکە تێگەیشتن لە خودی شەرع ئەو ئەرکە لەسەر خاوەنەکەی فەرز دەکات[1]. لەدوای عیززی کوڕی عەبدولسەلام قوتبەدینی قەستەلانی هاتووە (ت٦٨٦ك/١٢٨٧ز) ئەمیش شوێن پێی عیززی هەڵگرتووەو دوو کتێبی لە بابەتی مەبەستەکاندا نوسیوە، یەکێکیان باس لە نوێژو ئەویتریان باسی ڕۆژوو دەکات، هەردوو کتێبەکەش هەمان میتۆد پەیڕەو دەکەن کە بریتییە لە (حیکمەتی حوکمەکان)[2].

## شەهابەدینی قەرافی (ت٦٨٤ك/١٢٨٥ز):

بەشداریکردنی شەهابەدینی قەرافی لە تیۆری مەبەستەکاندا بریتییە لەوە کە جیاوازی خستووە لە نێوان هەڵسوکەوتە جۆراو جۆرەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەویش بەپێی مەبەست یان (مەرام)ی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر). لە کتێبەکەیدا بەناوی (الفروق) هاتووە کە: جیاوازی خستووە لە نێوان هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەك فەرماندان و هەڵسوکەوتی وەك فەتوادان، کە بریتین لە پێڕاگەیاندن، وە بە پێشەوایەتی...هەڵسوکەوتەکانیشی بەم وەسفانە ئاسەواریان لە شەرعدا جیاوازە...هەموو ئەوەی کە وەك پێڕاگەیاندن گفتی پێکردووە یان کردوویەتی ئەوە حوکمێکی گشتی بووە...بەڵام ڕەوانەکردنی سوپاو خەرجکردنی ماڵی بەیتولمال و دانانی دادوەران و والییەکان و دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگی و گرێدانی پەیمانەکان، ئەوا ئەوانە جیا لەوانیتر وەك

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو/ ب/٢، ل/١٦٠.

[2]- الدليل الإرشادي، إمام، ل/٥٤-٦٠.

پێشـەوایەك هەڵسـوكەوتی كـردووە تیایانـدا[1]. شـەهابەددینی قـەرافی بەمشـێوەیە مانایەكی نوێی بۆ مەبەسـتەكان خسـتووەتەڕوو بـەوەی كـە ئەوانـە مەبەسـتەكانی پێغەمبەرن لە هەموو ڕۆڵگێڕان و گفتار و هەڵسوكەوتە پـیرۆزە جـۆراو جۆرەكانیـدا. پاشان مامۆستا ئیبن عاشور هاتووە (ت١٩٧٦ز) كتێبی (الفروق) قەرافی كە پێشـتر ئاماژەمان پێكرد پەرەپێداوەو كردوویەتە بەشێك لە تیۆری مەبەستەكانی[2].

قـەرافی هـەروەها شـتی تـری دەربـارەی بابـەتی (كردنـەوەی بیانووەكـان) بـۆ جێبـەجێكردنی بەرژەوەندییـەكان نوسـیوە، ئەمـەش فراوانكردنێكـی تـری گرنگـە لـە تیۆری مەبەستەكاندا، قەرافی دەڵێ هەروەك چۆن دەبێـت ئـەو بیانووانـە دابخـرێن كـە سەردەكێشن بۆ سـەرئەنجامی شـتانی قەدەغـەكراو، ئـەوا بەهەمانشـێوە ئـەو بیـانوو و هۆكارانـە كـە دەبنـە هـۆی هێنـانی بەرژەوەنـدی و مەبەسـتەكان دەبێـت بكرێنـەوە[3]. لێرەوە دەبینین كە قەرافی خۆی قەتیس نەكردووە تەنها لەسەر لایـەنی نـەرێنی كـە لـە میتۆدی (داخستنی بیانووەكان)دا دەردەكەوێت. پاشتریش خوێنـەری بـەڕێز لـە بەشـی شەشەمدا وردەكای زیاتر لەمبارەیەوە دەخوێنێتەوە.

### شەمسەدین ئیبن قەییم (ت ٧٤٨ك/١٣٤٧ز):

بەشداریكردنی پێشەوا ئیبن قەییم لە تیۆری مەبەستەكاندا لە ڕێگای لێكۆڵینەوە ڕەخنەگرە بەرفراوانەكەیەوە دەردەكەوێت كە پێـی دەوترێـت (فێڵـە فیقهییـەكان-الحیل الفقهیة-)، ئەویش لەسەر ئەو پرەنسیپە كە ئەو فێڵانە دژن بە مەبەستەكان. لەوەی كە لەم بەشەدا نوسیویەتی هاتووە:

ئەگەر كەسێ بە مەبەستی حەڵاڵكردنی شتێك كە خوا حەرامیكردووە فێڵبكـات، ئـەو شتەش نەكات كە خـوا فـەرمانی پێكـردووەو بێـت شـەرعی خـوا لـەكاربخات، ئـەوا ئـەو

---

[1] - الفرقان مع هوامشه، شهاب الدین القرافي، بیروت، ١٩٩٨، ب/١، ل/٣٥٧.

[2] - مقاصد الشریعة الإسلامیة، ل/١٠٠.

[3] - الذخیرة، القرافي، ب/١، ل/١٣٥. الفروق، القرافي، ب/٢، ل/٦٠.

کەســە هەوڵیــداوە ئــاینی خــوا لــە چــەند ڕوویەکــەوە خــراپ بکــات: یــەکێکیان پوچـەڵکردنەوەی حیکمـەتی شـەرعە لـەو کـارەدا کـە فێڵـی لەسـەر کـراوە، نەهێشـتنی حیکمەتەکەیـەتی و دژایەتیکردنـە پێـی، دووەم ئـەو کـارە کـە فێڵـی تێـدا دەکـات نـە حەقیقـەتێکی هەیـەو نـە مەبەستیشـە، بـەڵکو ئـەوە تـەنها لـە ڕواڵەتـدا ڕەوایـە، کـاری ڕواڵەتیش مەبەستێك نیە لای ئەو، بەڵکو مەبەستەکەی خـودی شـتە حەرامکراوەکەیـە، ئەمــەش تــەواو ڕوونــە کــە فێڵکەرەکــە مەبەســتیەتی، بــۆ نمونــە کەســی ســووخۆر مەبەسـتەکەی سـووە کـە حەرامـە، شـێوەکانی کـڕین و فرۆشـتنی ڕێگاپێـدراو لای ئـەو مەبەست نیە، هەروەها ئەو کەسەش کە فێڵ لەسەر نەهێشتنی میراتـی دەکـات بـەوەی ماڵەکـەی لـە ڕواڵەتـدا دەبەخشـێ بـە کەسـێ کـە یـەك پـەنجایی پێنابەخشـێ، ئـەوە حەقیقـەتێکی مەبەسـتدارە کـە دەیـەوێ حـوکمی میراتـی لـەکاربخات، مەبەسـتی بـەو کـارەی پێبەخشـینە ڕواڵەتییەکـە نیە...چـونکە شـەریعەت بـۆ دڵـەکان وەك خـۆراك و دەرمان وایە بۆ جەستەکان، ئەمەش بە حەقیقەتی خۆیان جێبەجێ دەبن نەك بـە نـاو و وێنەکانیان.

ئـیبن قـەییم میتـۆدە فیقهییەکـەی کورتدەکاتـەوە، کـە حوکمـە شـەرعییەکان دەبەستێتەوە بە حیکمەت و بەرژەوەندییەوە، خۆی بە چەند وشـەیەکی ڕەوانبێـژو مانادار گوزارشتی لێدەکات (پێشتریش ئەم چەند وشەیەم هێناوە) دەڵێ: ((بنچینەو بناغەی شەریعەت بونیاتنراوە لەسەر حوکم و بەرژەوەندی خەڵکی لە دنیاو لە ڕۆژی دواییدا، هەمووی دادپەروەرییە، هـەمووی بەزەییـە، هـەمووی حیکمـەت و داناییـە، هەمووی بەرژەوەندییـە، هـەر مەسـەلەیەکیش لـە دادپـەروەری دەربچێت و بـەرەو سـتەم بـڕوات، لـە بەزەییـەوە بـەرەو دژەکـەی بـڕوات، لـە بەرژەوەندییـەوە بـەرەو خراپـەکاریی بـڕوات، لـە حیکمـەت و داناییـەوە بـەرەو بێهـودەیی و گاڵتـەو گـەپ ملبکێشێ، ئەوا ئەوە شەریعەت نیە، با ئیتر چەندەها مانا گۆڕین بێت بەسەریدا)[١].

---

[١]- إعلام الموقعين، إبن القيم، ب/٣، ل/٣

**ئەبو ئیسحاقی شاتیبی (ت ٧٩٠ك/١٣٨٨ز):**

پێشەوا شاتیبی لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا نزیکە لەو زاراوانەوە کە پێشەوا جوەینی و غەزالی بەکاریانهێناون، بەڵام وادەبینم کتێبەکەی بەناوی (الموافقات في أصول الشريعة) توانیویەتی لە سێ لایەنی گرنگەوە گەشە بدات بە تیۆری مەبەستەکانی شەریعەت، کە –لە چەند خاڵێکدا–بەمجۆرەن:

(١) مەبەستەکانی لە (بەرژەوەندییە ڕەهاکانەوە) گواستوەتەوە بۆ (بنەماکانی شەریعەت): لە پێش کتێبی الموافقات مەبەستەکان بە بە شێك لە (بەرژەوەندییە ڕەهاکان) دادەنران، مەبەستەکان لەپێش ئەمەوە وەك بابەتێکی ئوسوڵی سەربەخۆ باس نەکراون، بەڵام شاتیبی لەناو کتێبی الموافقات دا لەو بەشەیدا کە تایبەتی کردووە بە مەبەستەکان دەستیکردووە بە وەرگرتن و دەرهێنانی دەق لە قورئانی پیرۆز و کردوویەتی بە بەڵگە لەسەر ئەوە کە خوای گەورە مەرام و مەبەستی بە دروستکراوانی خۆی هەیە، هەروەها لە ناردنی پێغەمبەرانیدا، لەو ئاینانەیدا کە ناردوونیەتە خوارەوە[1]، لەبارەی مەبەستەکانەوە دەڵێ بریتین لە: (بنەماکانی ئاین و ڕێساکانی شەریعەت و پرەنسیپە گشتییەکانی ئاین)[2].

(٢) مەبەستەکانی لە (حیکمەتی حوکمەکان)ەوە گواستوەتەوە بۆ (ڕێسای حوکمەکان): لە پێگەی پێشخستنی مەبەستەکان و گشتگیرییانەوە وادەبینێ کە ناکرێ (هەمووەکان–الكلّيّات–) بەتایبەتی زەرورییەکان حوکمی حوکمە بەشییەکانیان لەسەر بدرێ و نابێت کار لەسەر پووچەڵکردنەوەیان بکرێ[3]. ئەم کارەی هەنگاوێکی گواستنەوەی ئازایانە بوو لە بنەما کلاسیکییەکانەوە، تەنانەت لەناو مەزهەبی مالیکیشدا کە مەزهەبی پێشەوا شاتیبی خۆیەتی، ئەویش–وەك

---

[1]– الموافقات، الشاطبي، ب/٢، ل/٦

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ب/٢، ل/٢٥.

[3]–سەرچاوەی پێشوو، ب/٢، ل/٦١.

هەموو مەزهەبەکانی تر-پێگەیەکی پێشکەوتووتر بە لەفزی (تایبەت) دەدات و خستویەتییە پێش لەفزی (گشتی)یەوە کە واتای گشتی دەخاتەڕوو، ئەویش لە ڕێگای (تایبەتکردنەوە)، (کە دواتر مشتومڕی ڕەخنەگرانەی لەسەر دەکرێ)[1] ، شاتیبی هەروەها مەسەلەی شارەزابوون بە زانستی مەبەستەکانی کردووەتە مەرجێکی پێویست بۆ سەلامەتی ئیجتیهادکردن لەسەر هەموو ئاستەکان[2].

(٣) مەبەستەکانی لە ئاستی (گوماناوی)یەوە گواستوەتەوە بۆ ئاستی (گومانبڕ)یی: ئەویش لە میانەی بەڵگەهێناوەی بۆ ئەو پێگەیە کە لە نێو بنەماکاندا بۆ مەبەستەکانی شەریعەت خواستویەتی، شاتیبی لەو بەرگەیدا کە تایبەتی کردووە بە مەبەستەکان هاتووە بە بەڵگەهێنانەوە بۆ گومانبڕی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەستپێکردووە با کەموکووڕیشی تێدا بێت بەڵام بەڵگەی زۆری هەیە، ئەمەش ئەو میتۆدەیە کە بۆ گەیشتنی بە مەبەستەکان لە بنەڕەتدا پیادەی کردووە[3] ، ئەم میتۆدەش بەهەمانشێوە دەربازبوون بووە لەو لۆژیکە بەربڵاوە کە لەسەر فەلسەفەی یۆنانی بونیاتنرا بوو، کە بەڵگە لەسەر بەگومانبوون لە لێکۆڵینەوەی کەموکووڕدا و لەسەر (گومانبڕی-یقينية-) ی میتۆدە هەڵێنجراوەکان دێنێ (لەمەوپاش شیکارکردنی زیاتر دەخرێتە ڕوو).

کتێبەکەی شاتیبی هەتا سەدەی بیستەم تاکە کتێبی بڕواپێکراو و پەیڕەوکراو بووە بۆ مەبەستەکانی شەریعەت لە فیقهی ئیسلامیدا، بەڵام ئەو پێشنیارەی کە وتوویەتی با مەبەستەکانی شەریعەت لەناو (بنەماکانی شەریعەت) دا بن هەروەك ناونیشانی کتێبەکەی ئاماژەی پێدەکات ئەوا ئەو پێشنیارەی بەهەمان بڕەوی کتێبەکەی ڕەواجی نەبووە.

---

[1]- نظرية المقاصد، الريسوني، ل/١٦٩.

[2]- الموافقات، الشاطبي، ب/٤، ل/٢٢٩.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ب:٢، ل/٦.

## ٣-١ چەمکە هاوچەرخەکانی مەبەستەکان:

**لە (پاکوبێگەردی) و (پاراستنەوە) بۆ (گەشەپێدان) و (مافەکان)**

زاراوە مەبەستییەکان لەسەر دەستی فیقهناسان و توێژەرە هاوچەرخەکانەوە پەرەیان سەند، ئەگەر چی هەندێ لە فیقهناسە هاوچەرخەکان ڕەتیدەکەنەوە کە زاراوەکانی مەبەستەکانی شەریعەت بچنەژێر (نوێگەرییەوە)[١] . وا لەخوارەوە هەندێ نمونە دەهێنین کە لە بواری (زەرورییەکان) دا هەڵمانبژاردوون.

بۆ نمونە (پاراستنی وەچە) زاراوەیەکی کلاسیکیی و باوە وێنای یەکێك لە زەرورییەکان دەکات کە شەریعەت کار لەسەر جێبەجێکردنی دەکات. عامریی فەیلەسوف لەتوێی هەوڵە پێش وەختەکەیدا بۆ تیۆریزەکردنی مەبەستەکان لە واتای پاراستنی وەچە لە شەریعەتدا گوزارشی لێکردووەو دەڵێ: (هەڕەشەکردنە لە ئەتککردنی ئابڕوو)[٢]. بەڵام پێشەوا جوەینی تیۆرەکەی عامریی پەرەپێداوەو لە تیۆری (هەڕەشەکان)ەوە، واتە لە سیستمی سزاکانەوە، گۆڕیویەتی بۆ تیۆری (پارێزبەندیی)، جوەینی لە واتای پاراستنی وەچە لە شەریعەتدا گوزارشتی لێکردووە کە بریتییە لە (پاکداوێنی)[٣]. بەڵام زاراوەی (پاراستنی وەچە) ئەبو حامیدی غەزالی دایناوە، بەو پێیە کە یەکێکە لە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر ئاستی زەرورییەکان[٤]، شاتیبی ش زاراوەکەی غەزالی پیادەکردووە، هەروەك لەپێشەوە باسکراوە.

لە سەدەی بیستەمیشدا ئەوانەی دەربارەی مەبەستەکان نوسینیان هەیە هەستاون بە نوێکردنەوەی زاراوەی (پاراستنی وەچە) و گۆڕیویانە بۆ زاراوەیەکی

---

[١]- بۆ نمونە مامۆستا عەلی جومعە. (وتووێژی زارەکی، قاهیرە، ك١، ٢٠٠٥).

[٢]- الإعلام، العامري، ل/١٢٥.

[٣]- البرهان، الجويني، ب:٢، ل/٧٤٧.

[٤]- المستصفى، الغزالي، ل/٢٥٨.

گرنگ کـه پـەیوەنـدارە بـە (پاراسـتنی خێـزان). بـۆ نمونـە ئـیبن عاشـور پاراسـتنی خێزانـی دانـاوە بــە یــەکێك لــە مەبەســتەکانی شــەریعەت. ئــیبن عاشــور لــەو توێژینەوەیەیدا کە ناودەبرێ بە (سیستمی کۆمەڵایەتی لە ئیسلامدا) لـە باسـی ئـەو مەبەسـتانەدا کـە پەیوەنـدارن بـە کۆمـەڵگاو بـەها رەوشـتییەکانەوە لـە تەشـریعی ئیسلامیدا درێژەی بەم باسە داوە[1]. جا ئەگەر ئەو بەشدارییەی ئـیبن عاشـور بـەوە دابنێین کە جۆرێکە لە داڕشتنەوەی سـەرلەنوێ بـۆ زاراوەی (پاراسـتنی وەچـە) بـە دەستەواژەی نوێ یان وای دابنێین کە گۆڕینیەتی بۆ تیۆرێکی نوێ، ئەوا هەر ڕوونە کە ئیبن عاشور دەرگای بۆ زانا هاوچـەرخەکان کردووەتـەوە بـۆ پاڵنـان بـە تیـۆری مەبەستەکان بـەرەو ئاسـۆی نـوێ کـە لـە بەرژەوەنـدی کۆمـەڵگاو ئوممەتدایـە، ڕاو بۆچوونە نوێیەکان نە دووبارەکردنەوەی تیۆرەکەی عـامریی بـوو لـە (سـزاکان یـان هەڕەشەکان)، وە نە تیۆرەکـەی غـەزالی بـوو لـە (پاکوبێگـەردی)، بـەڵکو کۆمەڵـە تیۆرێك بوون لە (بەهاکان) و لە (سیستم)-بەپێی زاراوەکانی ئیبن عاشـور-، ئەمـە لە کاتێکدا هەندێ لـە زانـا هاوچـەرخەکان دژن بـە بیرۆکـەی هێنانەکایـەی چـەمکی نوێ، وەك دادپەروەریی و ئازادیی، لە مەبەستەکانی شەریعەتدا، بـەڵکو ئـەوەیان لا باشترە ئەم چەمکانە تەنها بە واتا بخرێنە ناو تیۆرە کلاسیکییەکەوە[2].

هەروەها مەبەستی (پاراستنی ئەقڵ)، کە پراکتیزەکردنی تا سـەردەمێکی نزیـك لەوەوە نزیك بوو کە قەتیس کرابێت لە مەسەلەی حـەرامکردنی سەرخۆشـکەرەکان لــە ئیســلامدا، بــەڵام ئــەمڕۆ پــەرەی ســەندووە تــا-هــەروەك لــە توێژینــەوە هاوچـەرخەکاندا هـاتووە-ئەمانـەش بگرێتـەوە: (بڵاوکردنـەوەی بـیری زانسـتی)،

[1]- أصول النظام الأجتماعي في الإسلام، إبن عاشور، ل/٢٠٦.

[2]- لەوانە مامۆستا عەلی جومعەیە (وتووێژی زارەکی، قاهیرە، ك١، ٢٠٠٥).

(گەشتکردن بۆ دەستخستنی زانست)، (قەڵاچۆکردنی ڕۆحی برکەیی)، (زاڵبوون بەسەر کۆچکردنی ئەقڵەکان لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا)، چەندین ئامانجی تریش[1].

بۆ مەبەستی (پاراستنی ناموس) و (پاراستنی گیان)یش ئەوا بەهەمانشێوەیە، هەردوو مەبەستەکە لای غەزالی و شاتیبی لەسەر ئاستی زەرورییەکانن، کە ئەوان لە گوتەکانی عامریی دا دەربارەی (قەدەغەکان) یان سزاکان لەسەر ئەتککردنی ناموس پێشینەیان هەبووە)، هەروەها گوتەکەی جوەینیش دەربارەی (پاراستنی گیان و داوێن). چەمکی (ناموس) لەناو ڕۆشنبیری عەرەبیدا تا پێش ئیسلام شوێنێکی سەنتەریی هەبووە. ئەوەتا عەنتەرە–شاعیری ناسراوی سەردەمی نەفامی–شانازی دەکات بە کوشتنی هەردوو کوڕەکەی (ضمضم) وەك بەرگرییەك لە ناموسی خۆی، لە دوو دێڕ شیعردا کە ئەمە واتای کوردییانە دەڵێ:

**ترسم هەبوو بمرم و شەڕ سوڕێك نەدا بە**

**سەر دوو کوڕەکەی (ضمضم)دا**

**ئەوانەی کە جنێویان بە ناموسم داو من جنێوم پێنەدانەوە**

**هەروەها نەزریان کردبوو کە خوێنم بڕێژن ئەگەر من پێیان نەگەم.**

کەواتە زەمکردنی ناموسی عەنتەرە لە لایەن ئەو دوو پیاوەوە هۆکارێکی بەس بووە بۆ کوشتنیان، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هاتووە دەفەرموێ: ((خوێن و ناموس و ماڵ و سامانی هەر موسڵمانێك بۆ موسڵمانێکی تر حەرامە))[2]. بەڵام ئەم ماوەیە لەناو نوسینە هاوچەرخەکاندا دەربارەی شەریعەتی ئیسلامی ئەوە ڕوودەدات کە وردە وردە لە جێگای دەستەواژەی (پاراستنی ناموس) دەستەواژەی (پاراستنی کەرامەتی مرۆیی) بەڵکو دەستەواژەی (پاراستنی

---

[1]– فقه المقاصد، ل/٢٠.

[2]– صحيح البخاري، ب١، ل/٣٧.

مافـەکانی مـرۆڤ) جێگـای بگرێتـەوە، ئـەوەش وەك مەبەسـتێك لـە مەبەسـتەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە سنوری خۆیدا[١].

گونجان و تەبابوونی (مافەکانی مرۆڤ) لەگەڵ ئیسلام بووەتە بابەتی مشتومڕێکی گـەرم لـە ئـەمڕۆدا، ئـیتر لەسـەر ئاسـتی توێـژەرە موسـڵمانەکان بێـت یـان غـەیرە موسڵمانەکان بێت چوونیەکە[٢]. لە ساڵی ١٩٨١ز دا (جاڕنامەی ئیسلامی جیهانی بـۆ مافەکانی مرۆڤ) دەرچوو، ژمارەیەکی زۆر لە زانایان کە نوێنەرایەتی هەموو دەسـتە ئیسلامییە جۆراو جۆرەکانیان دەکرد بەشداریان تێدا کردو خستیانەڕوو، دەرکردنی ئەو جاڕنامەیـە لـە یۆنیسـکۆ بـوو واتـە لـە (ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بـۆ فێرکردن و زانست و کەلتور). ئەم بەڵگەنامەیە-کە لە سەرچـاوەکانیدا ژمارەیـەکی زۆر لە دەقە ئیسـلامییەکانی تێـدا بـوو-زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو بەنـد و خاڵانـەی تێدابوو کە لە (جاڕنامـەی جیهـانی مافـەکانی مرۆڤـدا) هـەبوون، وەك مـافی ژیـان، ئـازادیی، یەکسـانیی، دادپـەروەریی، دادگـاییکردنی دادپەروەرانـە، قەدەغـەکردنی ئەشکەنجەدان، مافی پەنابـەری، ئـازادی بـیرو بـاوەڕ، ئـازادی ڕا دەربـڕین، ئـازادی گردبوونەوە، مافی فێربوون و مافی گواستنەوە[٣].

بەڵام هەندێك لە ئەندامانی کۆمسـیۆنی بـاڵای مافـەکانی مرۆڤـی سـەربە نەتـەوە یـەکگرتووەکان دڕدۆنگـی خۆیـان لەسـەر جاڕنامـەی ئیسـلامی بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ دەربڕی، چونکە هەستیان بـەوە کـرد گوایـا ئـەم جاڕنامەیـە (هەڕەشـەیکی گـەورە

---

[١]- مدخل لدراسات الشريعة الإسلامية، يوسف القرضـاوي، ١٩٩٩، ل/١٠١. نحـو تفعيـل مقاصـد الشـريعة، جمال عطية، ل/١٧٠. حقوق الإنسان محور مقاصد الشريعة، كتاب الأمة، أحمد الريسوني، محمد الزحيلي، محمد أ. شبير، رقم: ٨٧، ٢٠٠٢. الفقه الإسلامي في طريق التديد، محمد سليم العوا، ل/١٩٥.

[٢]- الإسلام هو نظام شامل لحماية و عزيز حقوق الأنسان، محمد صالح عثمان، ٢٠٠٩.

[3] -Bora Laskin Law Library, University of Toronto. 2005, 2004.

دەکات لە کۆدەنگی نێوان هەموو کەلتورەکان لەو خاڵانەدا کە بەپێی ئەوانە جاڕنامەی جیهانیی بۆ مافەکانی مرۆڤ گەڵاڵە کرابوو[1].

بەڵام هەندێکی تریان ڕایان وابوو (ئەو جاڕنامەیە ڕەهەندی ئەرێنی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ دەدات، چونکە، بە پێچەوانەی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، بەڵگەکانی جاڕنامەی ئیسلامی پشت بە سەرچاوەی خوایی دەبەستن، کە ئەمەش پاڵنەری ئاکاریی نوێ دەخاتە سەر پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤەوە)[2]. لەڕاستیدا سەیرکردنی ئەم مەسەلەیە لە دیدی مەبەستەکانی شەریعەتەوە بۆ ئەو دوو هەڵوێستەی پێشەوە ئەوا پشتگیری لە هەڵوێستی دووەم دەکات ، بێئەوەی دڕدۆنگی تاقمی یەکەم پشتگوێ بخات، بەتایبەتی ئەگەر زاراوەکانی مەبەستەکان تەبابن لە ڕێکردن لەگەڵ زاراوەکانی سەردەمداو ڕۆڵێکی گەورەتریان هەبێت لە ئیجتیهادی فیقهی هاوچەرخدا، ئەم باسە لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا دەخەینەڕوو.

بەدڵنیایی کە لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی پەیوەندی مافەکانی مرۆڤ بە مەبەستەکانەوە پێویستی بە هەوڵی زیاتر هەیە، ئەویش بە نیەتی چارەسەرکردنی ئەو تەمومژە کە هەندێك لە توێژەران هەست بە بوونی (نا تەبایی) دەکەن لەسەر ئاستی پراکتیزەکردن لە نێوان تێگەیشتنی ئیسلامی و تێگەیشتنی نەتەوەیی جیهانیی بۆ ئەو مافانە[3].

هەروەها (پاراستنی ئاین) –بە زاراوەی غەزالی و شاتیبی– لە لای عامریی ڕیشکی خۆی هەبووە، ئەویش لەو گوتەیەیدا دەربارەی (هەڕەشە لە داماڵینی

[1] -UNHCHR, 2003, 2005 (E. CN.4 Sub.2 2003. NGO.15. En.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

[3]– الإسلام هو نظام شامل لحماية وتعزيز حقوق الإنسان، صالح. الإسلام عام الألفين، مراد هوفمان، ط١، ١٩٩٥، ل/٥٦.

هێلکەکە) واتە ئەو سزایە کە بەپێی گوتەی ئەو لەبەرئەنجامی پاشگەزبوونەوە لە ئاین دەدرێ بەسەر کەسێکدا[١]. بەڵام ئەم تیۆرە لە مەبەستەکانی شەریعەتدا تێگەیشتنێکی نوێی لێکراوە بەجۆرێ کە مانایەکی تەواو جیاواز وەربگرێ، جیاوازییەکەش مانای خۆی هەیە. ئیبن عاشور هاتووە زاراوەی (ئازادی بیرو باوەڕەکان)ی خستووەتە ڕوو[٢]، جگە لەویش لە توێژەرانی تری هاوچەرخدا هەن کە دەستەواژەی (ئازادی باوەڕ)ی وەك مەبەستەکان کە شەریعەتی ئیسلامی کۆشش دەکات بۆ جێبەجێکردنیان خستووەتە ڕوو[٣]. کەسانێ لە خاوەنانی ئەم زاراوە نوێیانە پشت بەم ئایەتە دەبەستن: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴾[4] البقرة: ٢٥٦. بەو پێیە کە ڕێسای سەرەکییە لە مەسەلەی گۆڕینی ئایندا لە ئیسلامەوە بۆ...یان لەویترەوە...بۆ ئیسلام، بەپێچەوانەی ئەو هەڵوێستە باوە کە پرەنسیپەکە بریتییە لە (سزای پاشگەزبوونەوە) بۆ گۆڕینی ئاین با تاوانی تریش بەدوای خۆیدا نەیەنێت، ئەمەش وێڕای ئەوە کە هەڵوێستێکی هەڵەیە بەڵام هەر هەڵوێستێکە بڵاوەیکردووە، مەرجەعە کلاسیکییەکانیش ئەوەندەی کە تایبەتە بە مەبەستی (پاراستنی ئاین) باسی لێدەکەن.

دواجار زاراوەی (پاراستنی ماڵ و سامان) لای غەزالی، بەهەمانشێوە ئەو زاراوانەی پێش ئەویش وەك (قەدەغەکردن لە بردنی ماڵ و سامان) لای عامریی، هەروەها (پاراستنی ماڵ و سامان) لای جوەینی، ئەوا ئەوانیش لەم دواییانەدا

---

[١]- الإعلام، العامري، ل/١٢٥.

[٢]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/٢٩٢.

[٣]- نحو تفعيل مقاصد الشريعة، جمال عطية، ل/١٧١. حقوق الإنسان محور مقاصد الشريعة، كتاب الأمة، أحمد الريسوني، محمد الزحيلي، محمد أ. شبير.

[٤]- واتە: هیچ جۆرە زۆرەملێیەك نیە لە هیچ یەك لە مەسەلەکانی ئایندا، نەك تەنها زۆرەملێ نەبێ لە وەرگرتنی ئایندا، وەها کە هەندێ لە نوسەران تێی دەگەن، وەك یوسف عەلی بیکسول.

کەوتنەبەر نوێکردنەوە، بەجۆرێکی لێهاتووە کە لەژێر دەستەواژەی کۆمەڵایەتی-ئابووریدا باسدەکرێت، وەك (بەجێگەیاندنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی)، (گەشەپێدان)، (ئاڵوگۆڕی دارایی)، (گەشەکردنی کۆمەڵایەتی)، هەروەها (بەرتەسککردنی ماوەی بۆشایی ئابووری لە نێوان توێژەکاندا). گومانی تێدا نیە ئەم پەرەسەندنە بوار بە مەبەستەکانی شەریعەت دەدات هانی گەشەی ئابووری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بدات، ئەمەش مەسەلەیەکە زۆربەی ئەو دەوڵەتانە کە زۆرینەی دانیشتوانیان موسڵمانە پێویستیان پێیەتی.

**(گەشەپێدانی مرۆیی) مەبەستە:**

دەستەواژەی (گەشەپێدانی مرۆیی) لە دوایین ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە دەربارەی گەشەپێدان نوسراون هاتووە، ئەمەش دەستەواژەیەکە زۆر لە گەشەی ئابووری بە چەمکە کلاسیکییەکەی فراوانترە، بەپێی نوێترین ڕاپۆرتەکانی بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان،

زۆربەی ئەو دەوڵەتانە کە زۆرینەی دانیشتوانیان موسڵمانن پلەبەندییان لە ئاستی (پێشکەوتوو) کەمترە، ئەویش بەپێی چەڵەمەی ئاماژەدەر بە گەشەپێدانی مرۆیی. ئەم چەڵەمەیە لەسەر حیسابێك دادەمەزرێ کە لە دوو سەد ئاماژەدەر دەرهێنراوە، لە نێویشیاندا: پێوەرەکانی بەشداری سیاسیی، کەمی ڕێژەی نەخوێندەواریی، هەروەها ڕێژەی چوون بۆ قوتابخانەو زانکۆکان، درێژی تەمەنی پێشنیارکراو، فەراهەمبوونی ئاوی پاکە، کەمی ڕێژەی بێکارییە، ئاستی بژێوی و پێوەرەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. بەڵام هەندێ لەو دەوڵەتانە کە زۆرینەی دانیشتوانیان موسڵمانن، بەتایبەتی دەوڵەتە نەوتییە دەوڵەمەندەکان، هەندێ لە ڕادەی دوالیزمەیی تیایاندا دەردەکەوێت، هەروەك ئەو ڕاپۆرتانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوونیدەکەنەوە کە باسکران، جیاوازی لە نێوان ئاستەکانی داهاتی

نەتــەوەیی و نێــوان پێوەرەکــانی دادپــەروەری کۆمەڵایەتیــدا هەیــە، بەتایبــەتی بەشداری ئافرەتان لە ژیانی گشتی و بەشداریکردنی ئابووریدا[١].

جا بە تەنیشـت ئـەو کەمینـە موسـڵمانەوە کـە لـە دەوڵەتـە پێشـکەوتووەکاندا دەژیـن، ئـەوا هەڵسـەنگاندن بـۆ پلـەی پێشـکەوتنی هەنـدێ دەوڵـەتیش کـراوە کـە زۆرینەی دانیشتوانیان موسڵمانن، ئەوانە لـە ڕیـزی ئـەو دەوڵەتانـەدان کـە تێکڕایـی گەشەپێدان تیایاندا بەرزە یان دەوترێ دەوڵەتی (پێشکەوتوون)، لەوانەش برۆنای، قەتــەر، ئیمــاراتی عــەرەبی یــەکگرتوو، بــەڵام ئــەو دەوڵەتانــە کــە باســکران بــە هەموویانەوە ڕێـژەی دانیشـتوانیان کـەمترە لـە یـەك لـە سـەدی کـۆی موسـڵمانان. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتانی موسڵمان وەك یەمەن و نایجیریاو مۆریتانیـا و جیبۆتی و زامبیاو سەنیگال و غینیاو ساحلی عاج و مالی و نایجەر دەکەونە نـاو پلـە هەرە نزمەکانی چەڵەمەی ئاماژەدەر بە گەشەپێدانی مرۆییەوە. (ئەم دەوڵەتانـەش بە هەموویانەوە ڕێژەی دە لە سەدی ژمارەی گشتی موسڵمانان پێکدەهێنن).

بۆیە پێشنیار دەکەم پێوەری (گەشەپێدانی مرۆیی) لەم سـەردەمەماندا دابنـرێ بە داڕشتنی سەرەکی بۆ ئەو پرسە کە لە فیقهدا پێی دەوترێت بەرژەوەندی گشتی، ئەمەش بەرژەوەندییەکە پێویستە مەبەستەکانی شەریعەت لـە ڕێگـای حوکمـەکانی شەریعەتی ئیسلامەوە کۆشش بۆ جێبەجێکردنی بکەن، دەکرێ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش بە پێـوەرێکی ئـەمبریقی (واتـە زانسـتی بونیـاتنراو لەسـەر ئـەزموون و سـەرنجدان)، لــە ڕێگــای (ئامانجــەکانی گەشــەپێدانی مرۆییــەوە) کــە نەتــەوە یەکگرتووەکان دیاری دەکەن پێوانە بکرێ، هەروەها بە پێوەرە زانستییە باوەکانی تریش، جا هەرچەندە بواری گەشەپێدانی مرۆیی ئـەویش هـەروەك مافـەکانی مـرۆڤ پێویسـتی بـە توێژینـەوەی بـەرفراوان هەیـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە پەیوەندییـە

---

[١]– قراءات معرفية في الفكر الأصولي، قطب سانو، ط١، ٢٠٠٥، ل/١٥٧.

دیالیکتییەکانی لەگەڵ تیۆرە جۆراو جۆرەکانی مەبەستەکانی شەریعەتدا، ئەوا بەرەو پێشچوونی (گەشەپێدانی مرۆیی) بە مەبەستی داگیرکردنی جێگای خۆی لەتوێی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامیدا پێگەیەکی پتەو و قایمی لەناو جیهانی ئیسلامیدا پێدەدات، نەک–وەها کە هەندێ لە زاهیرییە نوێیەکان–بۆی دەڕوانن گوایا تەنها (ئامرازێکە لە دەستی هەژموونی خۆرئاواییدایە)[1].

کەواتە، لە کۆی ئەوەی لەپێشەوە باسکرا، دەڵێین ئەم کتێبە لە واتای چەمکە کلاسیکی و نوێیەکانەوە بۆ مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی هەنگاو هەڵدەگرێ، تا ببنە ڕێساو پێوەری ڕێنماکار بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ڕشتەبەندی تەشریعی ئیسلامی. بە دەستەواژەیەکی تریش دەڵێین، لەم توێژینەوەیەدا مەبەستەکان وەها پێشکەش دەکرێن کە فەلسەفەیەکە بۆ خودی تەشریعی ئیسلامی.

[1]–حقيقة الديمقراطية، محمد شاكر الشريف، الرياض، ل/٣. نقد الجذور الفكرية للديمقراطية الغربية، محمد علي مفتي، الرياض، ل/٩١

# بەشی دووەم:
# ڕشتەبەندییەكان وەك فەلسەفە
# وەك میتۆدێك بۆ شیكردنەوە

**تێڕوانینی گشتی:**

پێش ئەوەی هەستین بە شیكردنەوەی بنەماكانی تەشریعی ئیسلامی و فەلسەفەكەی لە دیدێكی (ڕشتەبەندییەوە)، دێین وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە:

- ڕشتەبەندیی چییە؟ ئایا بوونێكی (ڕاستەقینەی) هەیە یان تەنها داهێنانێكی (ئەقڵییە)؟
- (فەلسەفەی ڕشتەبەندیی) چییە، چ پەیوەندییەكی بە فەلسەفەی ئیسلامی و فەلسەفە نوێیەكانەوە هەیە؟
- (تێڕوانینی ڕشتەبەندیی) بۆ شیكردنەوە چییە؟
- لایەنەكانی وێكچوون و جیاوازی لە نێوان شیكردنەوە بەپێی ڕشتەبەندییەكان و شێوازەكانی تری شیكردنەوە چییە؟

ئەم بەشە تیشك دەخاتە سەر (فەلسەفەی ڕشتەبەندییەکان) ئەویش لە ڕێگای دۆزینەوەی چییەتی (ماهیة) ڕشتەبەندیی، ئێمەش کاتێ لە ڕێی تێڕوانین و بۆچوونی فەلسەفەی ڕشتەبەندییەوە دەمانەوێ مەسەلەکان نزیکبکەینەوە ئەوا دەڕوانینە بەدیهێنانی بونەوەر و ئەرکی سەرشانی و هەموو ئەو پانتاییە فراوانەی کە تێیدایە، بەوپێیە کە ڕشتەبەندییەکی گشتگیرە و پێکهاتووە لە ژمارەیەك لە ڕشتەبەندی لاوەکی کراوە لەسەر یەك کە لە ژمارە نایەن، هاوکات تێهەڵکێش و کارلێکی یەکترن، ئەویش لە شێوەی پێکهاتەیەکی ڕیزبەندی قوچکەییدا و بەوە دەناسرێ کە لە هەموو ئاستەکاندا مەرامدارە، ئینجا دێین سودەکانی تێڕوانینی ڕشتەبەندیی بۆ لێکۆڵینەوە بە کورتی دەخەینە پێشچاو، بەراوردی دەکەین بە **شێوازەکانی لێکۆڵینەوەی کلاسیکی، کە بە گشتی بەوە وەسفیان دەکەین (بەش بەشکراون)، لە کۆتاییشدا پێناسەیەك بۆ شێوازی خۆم لە پرۆسەی تێڕوانینی ڕشتەبەندیی بۆ لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکەم، ئەویش بەپێی ئەو پێناسەیەم کە ڕشتەبەندییەکان دیاری دەکات، یان ئەوەی پێی دەوترێ (نیشانەگشتییەکانی ڕشتەبەندیی). لێرەدا خوێنەری بەڕێز تێبینی دەکات ئەو زمانەی کە زاڵە بەسەر ئەم بەشەدا تا ئاستێکی بەرچاو زمانێکی زانستییە، چونکە (ڕشتەبەندیی)، هەرچەندە بوارێکە گەشەی کردووەو بواری زانستی و مرۆیی زۆر لەخۆ دەگرێ، بەڵام ئەم بوارە لە بنەڕەتدا لە منداڵدانی زانستە سروشتییەکانەوە لەدایکبووە، نەك لە بواری زانستە مرۆییەکاندا.

## ٢-١ ڕشتەبەندیی و فەلسەفەی ڕشتەبەندییەکان:

### مەبەستداریی، هۆکارگەریی، نا ئەقڵانیی

زۆرجار بازدانەکانی بەرەوپێشچوون لە زانستە سروشتییەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی قوولْ لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا. زانستە دێرینەکان، بەتایبەتی زانستە یۆنانییەکان وەك زانستی خیمیا و ئەندازەی سێگۆشەکان و گەردوون، نوێکاریی گەورەیان بەسەردا هاتووە، ئەوە بۆ خەڵکی دەخەنەڕوو ئەو زانستەی کە دەیزانن زۆر کەمە لەچاو ئەوەدا کە نایزانن. ئینجا لەم زانستانەوە تیۆرەکانی مەبەستداریی لەدایك دەبن و دەڕواننە بونەوەر کە (مەبەست) و (مەرام)ێکی هەیە، ئەم تیۆرانە توانیان بچنە ناو فەلسەفەوە بەجۆرێ کە دواتر بوونە تیۆری باو و بەربڵاو تەنانەت لە فەلسەفەی خودی ئاینیشدا. فەلسەفەی ئاینیش هەتا سەدەکانی ناوەڕاست هەر بەوجۆرە مایەوە کە تیۆرە مەرامدارییە کۆنەکانی پیادە دەکرد، ئینجا سەرلەنوێ (داڕشتنەوەی بۆ کردن) بەجۆرێ کە گوزارشت لە مەبەستی خوای گەورە بکەن لە بەدیهێنراوەکەیدا، پاشان فەلسەفەی ئیسلامی تیۆرە مەبەستدارە یۆنانییە کۆنەکانی پیادەکردو بەجۆرێ دایڕشتنەوە کە گوزارشت لە چەمکە کەلامییە ئیسلامییەکان (عەقیدەناسییەکان) بکات.

بەڵام فەیلەسوف و/ زانا موسڵمانەکان لەبارەی هۆکارگەرایی هاتن پەرەیاندا بە چەمکە دێرینە لەناوچووەکان، نەك تەنها بە واتای زانستییانەی ئەزموونیی، بەڵکو بە واتا ئاینیەکەشی، لە بەشی شەشەمدا ئەمە باسدەکەین، ئەم پەرەسەندنانە کە فەلسەفەی ئیسلامی خستنیەسەر فەلسەفەی یۆنانی-بەتایبەتی لە میتۆدی هۆکارگەرایی ئەزموونیدا- ڕێگای خۆشکرد بۆ هەنگاونان بەرەو ڕاپەڕینێکی ئەقڵانی ئەوروپی و لۆژیکی ئەزموونیی مۆدێرنەیی، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ گۆڕانکاری لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی جۆراوجۆر لە (مەرامداریی)یەوە بۆ (هۆکارگەرایی) بەتایبەت لە سەدەی حەڤدەیەمی زاینیدا.

کاتێکیش لە زانستە دێرینەکانەوە –وەك خیمیا و ئەندازەی سێگۆشەکان و زانستی گەردوون– زانستی نوێ لە سەدەی حەڤدەیەمدا لەدایکبوو، فەیلەسوف و زانا سروشتییەکان دەستیاندایە بانگەشەکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردە سروشتییەکان، ئەوەش بەپێی کۆمەڵێ پرەنسیپی هەڵقوڵاو لە سروشتی هەستپێکراوەوە کە خۆی بەخۆی پێوانە دەکات نەك بە شتێکیتر لە پشتەوەی خۆی، لەگەڵ پێدانی هەژموونێکی زیاتر بەو گریمانەیە کە سروشت جگە لەوە ئامێرێکی قەبەیەو بەپێی پرەنسیپی ئامێرەکان کاردەکات شتێکیتر نیە، لە دەرەوەی بواری (زانست)یش ئیتر هیچ مەبەستێکی تری نیە کە تیایدا کۆتایی بێت، مەبەستیش بە زانست زانستی ئەزموونییە. بەڵام (مەبەستی) گەورەو تاکە مەبەست کە لەدوای ئەوە ماوەتەوە بریتییە لەوە کە مرۆڤ کۆنترۆڵی بونەوەر بکات تا سودە ماددییەکانی خۆیی لێ بەدەستبێنێ.

ئا بەمشێوەیە فەلسەفەی مۆدێرنەیی جێگای (سەنتەربوونی مرۆڤی لە بونەوەردا) گرتەوە، کە لە بیرکردنەوەی کۆندا بریتی بوو لە پرەنسیپی باوەڕی مەرامداریی، لە جێگایدا پرەنسیپێکی نوێ جێگای گرتەوە کە خودی (سەنتەربوونی مرۆڤ بوو لە بونەوەردا)، گوایا لە ڕێگای چالاکی و هەوڵ و کۆششی مرۆڤ خۆیەوە جێبەجێ دەبێت، نەك لە ڕێگای بەخششێکی خوایی یان باوەڕێکی ئاینییەوە بێت. بەڵکو وای لێهات مەرامداریی بە واتا باوەڕیەکەی وەها سەیر دەکرا کە بیرۆکەیەکەو پێشکەوتنی زانست پەکدەخات. بەمجۆرە بیرۆکەی (هۆکارگەرایی) کەوتە گێڕانی ڕۆڵی شێوازی بیرکردنەوەی (لۆژیکی) و باو، ئەو باوەڕەش بووە باو کە دەتوانرێ لە ڕێگای ڕاڤەکردنی هۆکارگەرایی بەش بەشکردن بۆ هۆکاری دیاریکراو و نەتیجەیەکی دیاریکراو بۆ هەر هۆکارێك ڕاڤەی بوونی هەر شتێك لە سروشتدا بکرێ. یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەو بیرکردنەوەیە ئەوەبوو هەموو باوەڕیان هێنا کە هاتنەکایەی هەر ئەنجامێك (تەنهاو تەنها) –وەها کە دەڵێن– ئەنجامێکی سروشتییە

بۆ ڕوودانی هۆکاری ئەو ئەنجامە بەشێوەیەکی ئابلۆقەدراو. ئا بەمجۆرە تیۆری نوێی لێکۆڵینەوەی بەش بەشکاری هەر تیۆرێکی تری رەتکردەوە کە هەڵگری دیاردەیەك یان ڕەفتارێکی سروشتی مەرامداریی بێت یان پەیوەست بێت بە هەر مەبەستێکەوە، ئەویش بەو بیانووە کە ئەوە (میتافیزیکییە) واتە سەر بە پشتەوەی سروشتە، هەروەها ناڕوونەو لە دەرەوەی ئەو بازنەیەیە کە پێی دەوترێ لۆژیك و ئەقڵ.

ئەوەش کە دەکرێ ناوی بنێین بە (مۆدێرنەی ئیسلامی) بەشێوەیەکی گشتی جۆرێك بوو لە پەرچەکردار بۆ مۆدێرنەی ئەوروپی، هات ڕەزامەندی دا لەسەر بیرۆکەی سەنتەربوونی زانست بە چەمکی مۆدێرنە و پێشکەوتنەکەی، چونکە ئەقڵی ئیسلامی زیاتر لە هەر ئەقڵێکی تر ئامادەباش بوو بۆ بیرۆکەی هۆکارگەرایی، ئەوەش بەهۆی بەشداریکردنی ئیسلامییانە بوو لە فەلسەفەدا لەپێش ئەوە ڕاپەڕینی ئەوروپی بێتە مەیدان. بەمشێوەیە مۆدێرنەی ئیسلامی لە چوارچێوەی زانستی نوێ و لەتوێی چەمکی هۆکارگەراییدا کاری لەسەر تێگەیشتنێکی نوێ کرد، یان لەسەر داڕشتنێکی نوێ بۆ فەلسەفەی ئیسلامی بۆ ئاین یان (زانستی کەلام) کرد. سەرلەنوێ تێگەیشتن بۆ بنەما سەرەکییەکان و لقەکانی باوەڕ لە ئیسلامدا کرا تا تەبا بێت لەگەڵ ئەنجامەکانی زانستدا (بەپێی زانستە سروشتییەکان پێش سەدەی بیستەم)، هۆکارگەرایی ئەزموونیی بووە ئەو لۆژیکە کە زانستی نوێی کەلام لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەدەوریدا دەخولایەوە. ڕوونترین گوزارشت بۆ هەموو ئەو گۆڕانکاریانە کە لە میتۆدی کەلامیی ئیسلامی دا باسکران لە نوسینەکانی پێشەوا موحەممەد عەبدە دا دەبینین وەك **رسالة التوحيد** ەکەی، (خوێنەر لە بەشی پێنجەمدا باسێکی فراوانتر لەسەر موحەممەد عەبدە و لێکدانەوەکانی لە پێگەی مۆدێرنەی ئیسلامییەوە دەبینێت).

پاشان خۆرئاوا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە لایەن فەلسەفەی پۆست مۆدێرنەوە ڕەتکردنەوەیەکی ریشەیی بۆ هەموو (خورافاتە گەورەکان) کە خستنیە پاڵ مۆدێرنە بەخۆیەوە بینی. هەموو ئاراستەکانی پۆست مۆدێرنە–هەروەك لە بەشی پێنجەمدا باسی دەکەین–ڕێکەوتن لەسەر (هەڵوەشاندنەوەی هەموو بە سەنتەربووەکان). چونکە بەپێی هەڵوێستی پۆست مۆدێرنگەراکان، پێویستە سەنتەر بە خاڵی و بە بۆشی بمێنێتەوە، نابێ هیچی تێدا بێت، با ئەو شتەش کە لە سەنتەردایە زانست یان مرۆڤ یان خۆرئاوا بێت هەر دەبێ نەمێنێ، یان تەنانەت خوای (باڵادەست)یش. خودی (ئەقڵانیەت)یش وەها کە پۆست مۆدێرنەکان دەیبینن شتێکی ویستراو نەبوو چونکە بادانەوە بووە بەدەوری سەنتەردا و فەرامۆشکردنی هەر شتێکی تری جگە لەو بووە، بەڵام هاوکات ئاراستەی (نا ئەقڵانیی) بووە ئەلتەرناتیفێکی ویستراو بەڵکو (ڕەوشت)یش.

پاشان ئەو ئاراستەیە هات کە دەکرێ ناوی بنێم بە (پۆست مۆدێرنەی ئیسلامی)، ئەمیش لەلایەن خۆیەوە هەستا بە بەکارهێنانی چەمکە هەڵوەشێنەرەکان بۆ ڕەخنەگرتن، ئەویش بەشێوەی ڕەخنەگرتنێکی ریشەیی لە بنەماکانی باوەڕ لە ئیسلامدا. چونکە ئەو پێگە گەورەو سەنتەرییەی کە قورئانی پیرۆز و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە ئیسلام و لە تەشریعی ئیسلامدا داگیری دەکەن لای ئەوان بووە بابەتێك بۆ (ململانێی ئازادانەی دژ بەیەکەکان)، ئەمە بەپێی گوتەی دورەیدا، لە بەشی شەشەمدا درێژە باسێکمان دەربارەی پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی پۆست مۆدێرنەی (ئیسلامی) خستووەتە ڕوو، هەروەها کاریگەری لەسەر هەندێ لێکۆڵینەوەی ئیسلامی لە سەدەی بیستەمداو هەتا ئەمڕۆش.

**بەرەو فەلسەفەیەکی (ئیسلامی) بۆ ڕشتەبەندییەکان:**

ئەوەی لەم بەشەدا بەلامانەوە گرنگە بریتییە لە فەلسەفەی ڕشتەبەندیی بەو سیفەتە کە فەلسەفەیەکە وێنای قۆناغی (پۆست پۆست) –دوو جار–دوای مۆدێرنە دەکات، هەروەها بەو سیفەتە کە لایەنگریی ئەقلگەرایی دەکات وەك پرەنسیپێك بەڵام ناسوڕێتەوە بەدەوری ئەوروپا یان خۆرئاوادا. پاشتر درێژە بەم باسە دەدەین کە چۆن فەلسەفەی ئیسلامی و بنەماکانی تەشریع دەتوانن سود لەو پەرەسەندنە ببینن کە لەم فەلسەفە نوێیەدا ڕوویداوە.

لەڕاستیدا تیۆری ڕشتەبەندیی یان فەلسەفەی ڕشتەبەندیی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، تا ببێتە وەڵامێکی ڕەتکەرەوە بۆ هەردوو فەلسەفەی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە، ئەمیش بریتییە لەو فەلسەفەیە کە بیرۆکەی (دابڕین–کورتکردنەوە)ی مۆدێرنەیی ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێ گوایا دەتوانرێ هەموو شارەزاییەکانی مرۆڤ شیبکرێن تەنها بۆ هۆکارو بۆ ئەنجامی سادە، لە هەمانکاتیشدا دەتوانێ نا ئەقلانیی و هەڵوەشاندن لە قوتابخانەی پۆست مۆدێرنە ڕەتبکاتەوە، ئەو دووانە– ئەگەر لێیان وردبینەوە–لە خودی خۆیاندا لەوە زیاتر نین کە دەچنە ناو (خورافاتە گەورەکانەوە). کەواتە بەپێی فەلسەفەی ڕشتەبەندیی: بونەوەر ئامێرێکی گەورە و زەبەلاح نیە کە بە حەتمی دەبێ لە جووڵەدا بێت وەها کە مۆدێرنە دەڵێ، بونەوەرێکی نەناسراویش نیە وەها کە پۆست مۆدێرنە دەڵێ کە هەرجۆرە پێناسەکردنێکی هەڵەیە، ناشتوانرێ پێکهاتەی ئاڵۆزی بونەوەر لە ڕێگای زنجیرە هۆکارێکەوە وەك (هۆکارەکە تەنها ئەوەیەو بەس) ڕاڤە بکرێ، واتە پەیوەندییەکان وەها کە مۆدێرنە دەڵێ تەنها هۆکار و ئەنجامی سادەکار بن، هەروەها ناشتوانرێ لەڕێی نائەقلگەراییەوە کە ڕەتکەرەوەی هەر بیرۆکەیەکی سەنتەرییە وەها کە پۆست مۆدێرنە دەڵێ ڕاڤە بکرێ. ناشتوانرێ گرفتەکانی جیهانی هاوچەرخیش–بەپێی فەلسەفەی ڕشتەبەندیی– بە پاڵنان بە گالیسکەی

پێشکەوتنەوە لە بواری وردەکاری هونەرییەوە وەها کە مۆدێرنە دەڵێ چارەسەر بکرێ، هەروەها ناتوانرێ لەڕێی شێوەیەك لە شێوەکانی نەبوونییەوە چارەسەر بکرێ وەها کە پۆست مۆدێرنە دەڵێ. ئابەمشێوەیە بە فەزڵی فەلسەفەی ڕشتەبەندیی، چەمکی مەرامداریی گەڕایەوە بۆ گۆڕەپانی وتووێژە فەلسەفی و زانستییەکان، لەگەڵ تەواوی سێبەرە مەبەستدارەکانی.

یەکێك لەو بیرۆکانە کە ئەم کتێبە دەیەوێت بیخاتەڕوو و بڵاوی بکاتەوە بریتییە لە (فەلسەفەی رشتەبەندیی ئیسلامی). ئەم فەلسەفە ئیسلامییە پێشنیارکراوە دەتوانێ سود لە ڕەخنەی فەلسەفەی رشتەبەندیی وەربگرێ کە لە هەر یەك لە مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەی گرتووە، ئەوەش بە مەبەستی ڕەخنەگرتنی شێوەکانی (ئیسلامیی) لە مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنە و تێپەڕاندنی خاڵە نەرێنییەکانیان.

خوێنەر لە بەشی شەشەمدا ژمارەیەك لە تیۆرە فەلسەفییە رشتەبەندییەکان دەبینێ کە هەر لە بنەڕەتەوە بیرۆکەی خودایان ڕەتکردووەتەوە، ئەویش تەنها لەبەرئەوە کە پیاوانی ئاینی لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی مۆدێرنەوە کۆمەڵێ بەڵگەیان خستووەتە ڕوو کە بەرپابوون لەسەر هۆ و هۆکارهێنەر و ئەنجام، بۆ سەلماندنی بوونی خوای گەورە. بە ویژدانەوە بڵێین کە دەکرێ بەڵگەکان—هەموویان—بە تێپەڕبوونی کات تووشی لەکارکەوتن ببن بێئەوەی ئەو شتە تووشی لەکارکەوتن ببێت کە خودی بەڵگەکان هەوڵدەدەن بیسەلمێنن. لەبەرئەوە دەکرێ فەلسەفەی ڕشتەبەندیی ئیسلامی پێشنیارکراو لەپێناو (نوێکردنەوەی) بەڵگەکانی باوەڕ و سەلماندنە ئەقڵییەکانی کاری خۆی لەسەر دەرئەنجامەکانی فەلسەفەی ڕشتەبەندیی بونیات بنێ بەجۆرێ کە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمدا. باوەڕی گومانبڕم هەیە کە پێویستە سەلماندن لەسەر قەشەنگی و ئیعجازی بەدیهێنراو کە خوای باڵادەست بەدیهێناوە لەجیاتی ئەوەی لەسەر بەڵگەی کۆن دابمەزرێ کە خولگەیان لەسەر هۆکار و دەرئەنجام دادەمەزرێ دەبێت لە ئێستادا لەسەر کۆمەڵە

سەلمێنراوێکی ڕشتەبەندیی دابمەزرێ. تێڕوانینی ڕشتەبەندیی بریتییە لە تێڕوانینی گشتگیریی، مامەڵە لەگەڵ ئەو شتەدا دەکات کە دەخرێتە بەرباس بەو سیفەتە کە ڕشتەبەندییەکی کامڵەو پێکهاتووە لە ژمارەیەك ڕشتەبەندیی لاوەکی. ڕشتەبەندیش ژمارەیەك سیفەت و نیشانەی هەیە کە لە پرۆسەی شیکردنەوەیدا بۆ پێکهاتەکانی لە ڕشتەبەندییە لاوەکییەکان حوکمی تێدا دەکەن، هەروەها ئەو ئاستە دیاری دەکات کە ئەو ڕشتەبەندییە لاوەکییانە کار لەسەر یەکتر دەکەن و ئاوێتە بە یەك دەبن لە نێوان خۆیاندا و ئاوێتە دەبن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریاندا.

لێرەدا هەندێ بەڵگەی ڕشتەبەندیی دەربارەی بوون و مەزنی خوای گەورە دەخەینە بەرچاوت، کە بە زاراوەی کەلامی بریتین لە سەلمێنراوەکان، لێرەدا زۆر بە کورتکراوەیی دەیانهێنم، گومانیشی تێدا نیە ئەو سەلمێنراوە کە دەخرێنە ڕوو دەتوانرێ بەشێوەیەکی بەرفراوانتر وێنا بکرێت و لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت و سوننەتە کەونییە گشتییەکاندا مشتومڕیان لەسەر بکرێ:

١-بەڵگەی پێکهاتەی چڕ: لەڕاستیدا ناتوانرێ سروشتی پێکهاتەی چڕو ڕەسەن لە دیزاینی بونەوەردا بەبێ بوونی پێکهێنەرێکی مەزن کە بەشەکانی ئەم بونەوەرەی هەر لەسەرەتاوە بەمشێوە پێکهێناوە تێگەیشتنی لێبکرێ.

٢-بەڵگەی ڕەفتاری ئامانجدار: سروشت بەوە دەناسرێت کە خاوەنی چالاکییەکی سروشتی-کیمیاییە- کە ئامانجی کۆمەڵێ مەبەستی دیاریکراوە، هەروەك ڕشتەبەندییەکان و رشتەبەندییە لاوەکییەکانی بەڵگەن لەسەر ئەوە، ئەمەش سەلماندنێکە لەسەر بوونی (دیزاینکار)ێکی بەتوانا کە سروشتی لەسەر ئەمشێوەیە ڕێکخستووە.

٣-بەڵگەی ڕێکخستن: میکانیزمی کاری جەستەیی هەر هەموو بەدیهێنراوە زیندووەکان بەوە ناسراوە کە هەر خۆی خۆی ڕێکدەخات، جا هەرچەندە ژمارەیەکی بێسنور لە فاکتەرە دەرەکییەکان بوونیان هەیە کە پاڵی پێوە دەنێن

بۆ نارێکوپێکی. بەڵام هەر بەڵگەیەکی ترە لەسەر دیزاینی ڕەسەن و حەکیم بۆ ئەم بونەوەرە.

٤–بەڵگەی ڕیزکردن: بەدڵنیایی کە دیزاینی پێشکەوتوو و چڕ لە ڕیزکردنی پرۆسە سروشتییەکاندا–وێڕای زۆری هەنگاو و قۆناغە زۆرەکان کە هەر پرۆسەیەك لێیان پێکهاتووە–سەلماندنێکی ترە.

٥–بەڵگەی وێکچوونی ئەندامیی: ژمارەیەك لایەنی وێکچوونی سەیر نێوان هەموو پێکهاتە ئەندامییەکان دەبەستێت بەیەکەوە، هەر لە بەدیهێنراوە زۆر بچوکەکانەوە، تا گیانداران، ڕووەکەکان، جەستەکانی مرۆڤ، تا کۆمەڵگاکان، تەنانەت تا ژیارە زەبەلاحەکان، هەر هەموویان بە یەك سیستمی ڕوخسار وێکچوو دەچن بەڕێوە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕشتەبەندی ترە لەسەر بەدیهێنەری ئەم بونەوەرە. ئەم سەلماندنە لە زاراوەی ئیسلامیدا بەناوی (ڕێسا خواییەکان) ناسراوە، چاودێریکردنیان لە شەریعەت و لە جووڵەی مرۆڤدا بە مەبەست گیراوە.

جا ئەگەرچی ئەم باسە زۆر بەکورتی خرایە ڕوو، بەڵام لەڕاستیدا تێڕوانینی بیروباوەڕی ئیسلامی بەو شێوازە کە لێرەدا خستمانە پێشچاو، بناغەیەکی کەلامی بۆ تێڕوانینی ڕشتەبەندیی لە شەریعەتی ئیسلامی و لە فەلسەفەکەی پێکدەهێنێ ، کە بەویستی خوای گەورە لەنێو ئەم کتێبەدا بە درێژی باسی دەکەین.

### ئایا ڕشتەبەندییەکان (ڕاستەقینەن) یان (بیرۆکەو گومانی خەیاڵی)؟

بەوپێیە کە بیرۆکەی ڕشتەبەندیی لەم باسەی ئێستاماندا گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەوا پێویستە لەسەرمان وەڵامی ئەم پرسیارە فەلسەفییانە بدەینەوە: مەبەستمان بە ڕشتەبەندی چییە؟ ئایا جیهان هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر شێوەی ڕشتەبەندییەکان دروستبووە؟ یان ڕشتەبەندیی تەنها بۆچوونێکەو داهێنانی خەیاڵە؟ دەکرێ لە گۆشەنیگایەکی ترەوە بڕوانینە هەمان پرسیار– کە لەڕاستیدا

پرسـیارێکە لـە فەلسـەفەی بـوون–، بـێین پرسـیار لـە پەیوەنـدی نێـوان لایەنـە (سروشتی) و (ئەقڵییە)کان لە شارەزاییە مرۆییەکانماندا بکـەین. ئـەم پرسـیارە بـە دوو وەڵام وەڵامدەدرێتەوە کە ڕەنگدانـەوەی دوو ئاراسـتەی فەلسـەفی کلاسـیکین، ئەوانیش ئەمانەن: ئاراستەی واقیعی و ئاراستەی ناویی.

ئاراستەی واقیعی دەڕوانێتە حەقیقەتی سروشتیی بەو پێیە کە بوونێکی واقیعـی دەرەکی هەیەو جیایە لە هۆشیاری تاك. بەڵام ئاراستەی ناویی وادەبینیٚ کە بـوونی حەقیقـەتی مـاددی دیـارو بەرچـاوەو بەکەسـێتی کـراوە، واتـە هۆشـیاری ئـەقڵی و هەستیی مرۆڤ بەرهەمیدێنیٚ، جگە لەوە شـتێکی تـر نیـە[١]، جـا بـەپێی ئەمـە، ئـەوا وەڵامی لۆژیکی جۆریی واقیعی (چەسپاو) دەبینین ئەوەی تێدایـە کـە شـارەزاییمان لەگـەڵ ڕشـتەبەندییەکان چەسـپاوە لەگـەڵ (حەقیقـەتی) جیهانـدا، بـەڵام وەڵامـی شێوەیی ناویی (دوالیزمەیی) ئاماژە بەوە دەدات کە ڕشتەبەندیی تەنها لە ئەقڵماندا هەیە، بە هیچ جۆر پەیوەندی بە جیهانی ماددیەوە نیە [٢].

بەڵام فەلسەفەی ڕشتەبەندیی ئەوا وەڵامێکی جیاواز دەخاتە ڕوو کە مامناوەندە لە نێوان ئەو دوو ئاراستەیەدا باسمانکردن، ئەو دەڵیٚ سروشتی پەیوەندی لە نێـوان ڕشتەبەندییەکان و جیهانی ڕاستەقینەدا بریتییـە لـە (بەرانبـەریی)، واتـە پـەیبردنی ئـەقڵی و هەسـتیمان بـۆ جیهـانی دەوروبـەرمان لەسـەر شـێوەی ڕشـتەبەندییەکان (بەرانبەرە) لەگەڵ ئەو واقیعەدا کە هەیە بێئەوەی هیچی لێجیابێتەوە یان چەسپاو بێت لەگەڵیدا[٣]. بەپێی ئەم تیۆرە، ئەوا مەرج نیە ڕشتەبەندیی وێناکراو چەسپاو بێت

---

[1] –Robert Flood and Ewart Carson. 1993. P247

[2]- E. Laszlo, 1972 p. 151.

[٣]– سەرچاوەی پێشوو.

لەگەڵ (حەقیقەتی) بووەکان لە جیهانی واقیعیدا، بەڵکو ڕشتەبەندیی هۆیەکە بۆ (ڕیکخستنی هزرمان لە جیهانی حەقیقیدا)[١]، هەروەك زانایانی ڕشتەبەندیی دەڵێن.

لێرەوە دەڵێین، پێناسەی ڕشتەبەندیی بریتییە لە: (هەر شتێ بوونێکی هەبێت ئەوا دەکرێ ناوێکی لێبنرێ، ئیتر هەر چییەك بێت)[٢]. ئەمەش وەها نیە (کە بە تێڕوانینی خەیاڵ بڕوانرێتە حەقیقەت)، وەها کە هەندێکیان وەسفی دەکەن[٣]، چونکە تیۆری ڕشتەبەندییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەر تێڕوانینێ بۆ ئەوە کە پێی دەڵێین (حەقیقەت) لە ڕێگای هەر ڕشتەبەندییەکەوە بێت ئەوا بریتییە لە پرۆسەیەکی (پەیپێبردن)[٤]. جا بەهەر حاڵ، ئەم پرۆسەی پەیپێبردنە بریتییە لەو شێوازە کە ئێمە وەك مرۆڤ بەپێی ئەو توانیومانە تیۆرە زانستییە سروشتییەکانمان بە درێژایی سەدەکان بگۆڕین و پەرەیان پێبدەین، بێئەوەی ئەمە بەو مانایە بێت کە هەر دەبێ گۆڕان لە حەقیقەتی خودی سروشتییە ماددییەکاندا ڕووبدات. بەمجۆرە ئەوا هەندێ ڕەخنە لەوە دەگرین کە ئەم کتێبە پێشکەشی دەکات و ناومانناوە سروشتی پەیپێبردنی فیقهی ئیسلامی...

---

1 -E. Von Glaserfeld, 1987
2 -Konrad Z. Lorenz, 1971
3 -Lars Skyttner, 2002
4 -John Laszlo 1996. P197.

## ٢-٢ تێڕوانینێکی ڕشتەبەندیی بۆ شیکردنەوە:

### کەلەپوری شیکردنەوەی (بەش بەشکەر):

وشەی شیکردنەوە (analysis) لە وشەی (analusis)ی یۆنانیـەوە هـاتووە بۆمان کە بە واتای (شیکردنەوە) یـان (لێکجیاکردنـەوە و لێکهەڵوەشـاندن)[١] دێـت. کاتێك خوێنەرێکی ئاسایی وشەی شیکردنەوە دێتە بەرچاوی ئەوە بە خەیاڵیدا دێت کە بریتییە لە گۆڕینی شتەکە یان گواستنەوەیەتی بۆ پێکهاتـەی سـادەتر، یـان بـە پێناسەیەکی تر: دابەشکردنی شتەکە بۆ بەشە سادەترەکانی، ئەمەش ئەو مانایەیە کـە لـە فەرهەنگـە زمانەوانییەکانـدا دەیبینـین[٢]. بـەڵام شـیکردنەوە لـە فەلسـەفەدا بریتییـە لـە چـەمکێکی فەلسـەفیی سـەرەکی، هـەر قوتابخانەیـەکی فەلسـەفی بـە شێوازی جیاواز لەویتر پێناسەی دەکات، لێرەوە پێناسەکانی بەپێی ژمارەی خودی قوتابخانە فەلسـەفییەکان فـرە پێناسـە دەبێـت، لەڕاسـتیدا هەنـدێ هەوڵـدراوە بـۆ دابەشکردنی شێوازەکانی شیکردنەوە لەناو چـەند دەسـتەیەکدا کـە هەنـدێکیان لـە هەندێکی تریان جیادەکرێنەوە. بۆ نمونە هەوڵی **مەوسوعەی ستانفۆرد بۆ فەلسەفە**، شـێوازەکانی شـیکردنەوە پـۆلێن دەکـات بـۆ: (هەڵوەشـێنەر)، بـۆ (گەڕانـەوە) و (لێکدانەوە)[٣]. بەڵام مـن پشـتگیرییەکی ڕاشـکاوانەم بـۆ هـیچ یـەك لـەو سـێ جـۆرە پێناسەیە لـە لای هـیچ فەیلەسـوفێك یـان قوتابخانەیـەکی فەلسـەفی دیـاریکراو بـۆ دەرنەکەوت، دەبێ ئەوەش بڵێین کە لەڕاستیدا دەتوانرێ هەریـەك لـەو سـێ جـۆرە پێناسەیە وەربگێڕدرێ بۆ دوو پێناسـەکەی تـر[٤]. بۆیـە لێـرەدا باسـی ژمارەیـەك لـە شێوازە سەرەکییەکانی شیکردنەوە دەکەم بەبێ هیچ جۆرە دابەشـکردنێ، ئـەویش

---

[1] -Michael Beany, 2007

[٢]- دەتوانرێ گەڕانەوە بکرێ بۆ نمونە بۆ بەندە تایبەتەکان بـە (شـیکردنەوە، لـە : Edward Craig, 1998. Robert Audi. 1999.

[3]-Beany, Analysis.

[4] -John Ongley. No. 127 2005. No. 27

وەك نمونە بۆ ئەوە کە پێی دەوترێ (کەلەپوری بەش بەشکراو)، منیش وەهای دادەنێم کە بەشێکە لە کەلەپوری هۆکارگەریی هەروەك لەپێشەوە باسکرا.

ڕیشکی چەمکی (بەش بەشکراو) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوازانە کە لە فەلسەفەو ئەندازەی کۆنی یۆنانیدا باو بووە. بۆ نمونە لە کتێبی باباس **(المجموعة الرياضية)** دا، کە ئەم کتێبە بە پشتبەستن بە سەدەکانی ئەندازەی کۆن پەرەیسەندووە نوسراوە، ئەویش لەدوای ئەوە کە **ئەقلیدس** لە کتێبەکەیدا بەناوی **(المبادیء)** پێشکەشی کردووە، ئەوا ئەم پێناسەیە بۆ شیکردنەوە دەبینین: (گریمان ئەو شتەی کە داوادەکرێت بوونی هەیەو ڕاستییە، پاشان بەنێو شتە پێکهێنەرەکانیدا یەك بە یەك تێدەپەڕین[1]، ئەویش بەپێی ئەو گریمانەیە کە بوونی هەیەو ڕاست و دروستە، تا دەگەینە شتێك کە دانی پێدا دەنێن و پەسەندی دەکەین، پاشانیش ئەگەر ئەو پەسەندکراوە ڕاست و دروست بوو، ئەوا ئەو شتەش کە داوای سەلماندنی دەکرێت دەبێتە شتێکی ڕاست و دروست، بەڵگەی سەلماندنیش بریتییە لە پرۆسەی پێچەوانەی ئەو شیکردنەوەیە[2]. کەواتە ئامرازی سەرەکی لێرەدا بریتییە لە شیکردنەوەی ئەو شتە کە دەخوازرێ بسەلمێنرێ بۆ پێکهاتەکانی لە ڕێگای چەند هەنگاوێکی دووبارەبووەوە. ئا بەمشێوەیە ئەوا بەڵگەی سەلماندنی (گەڕانەوە) کە باباس خستییە ڕوو لەسەر ئەم هەنگاوە بەش بەشکراوانە بەرپا دەبێت.

ئیفلاتۆن لە کاتی خۆیدا پەرەیداوە بە (درەختەکانی پۆلێنکردن) وەك بەشێك لە شێوازی خۆی بۆ شیکردنەوەی بەش بەشکراو. ئیفلاتۆن ئەم درەختانەی بە هۆی (دابەشکردنی ڕەگەز (توخم) بۆ جۆرە پێکهێنەرەکانی) داهێناوە، ئەویش لە ڕێگای

---

[1]- ئەمە ئەو دەستەواژەیەیە وەرگێڕ پێشنیاری کردووە لە بەرانبەر وشەی (akolouthon) یۆنانییەوە، پێناسەی تری ئەمەیە: (شتێك ڕوودەدات یان دەبێت لە یەك کاتدا لەگەڵ شتێکی تردا).

[2] -Jaakko and Remes Hintikka. 1974. P. 9-10

زنجیرەیەك لە دابەشكردنە دووانەییەكانەوە[1]. پاشـان كتێبـی **ئەرسـتۆ أنـالوطیقي: یەكەم و دووەم (یان القیاس و البرهان)** هاتەڕوو، كە پەرەسەندنێكی جۆریی بوو لە شێوازی دابەشكردن یان بەش بەشكراوی، كە تیایدا چەمكی (بونیاد)[2]ی پێشـكەش كـرد. ئەرسـتۆ بـە دیزاینكردنـی درەختـەكانی پـۆلێنكردنی بەڵگـەكان دەسـتیدایە شیكردنەوەكانی ئەویش بە دابەشكردنیان بۆ توخمە لۆژیكییـە جـۆراو جۆرەكـانی، پاشان هەستا بە لێكۆڵینـەوەی بونیادەكـەی) و لـە پەیوەندییـە بەراوردكارەكانیـدا قسەی زیاتری كرد[3].

دواتر شێوازەكانی ئیفلاتۆن و ئەرستۆ بۆ شیكردنەوەی بەش بەشكراو–وەها من دەیبینـم–ئاسـەواری زەبـەلاحی هـەبوو لەسـەر بیركردنـەوەی مرۆیـی بـە تایبـەتی خۆرئاوایی بەدرێژایی دوو هەزار ساڵی ڕابردوو، ئەم ئاسەوارەش لە چەندین شێوەدا دەركەوت، لە نمونەكانیشی: دابەشكردنی جۆرەكان و (**المقولات**) لای ئـیبن روشـد[4] بـوو، هــەروەها باسـی ئـەكویناس لەسـەر (بەشـەكان)[5]، وە (كورتكردنــەوە تـا سـادەترینی مەسـەلەكان)[6] لای دیكـارت، (هەڵوەشـاندنی هزرەكـان لای لـۆك بـۆ (سەرنجە هەستییە سـادەكان)[7]، هـەروەها كورتكردنـەوەی لیبنیتـز بـۆ ڕاكـان بـۆ (خودی حەقیقە ڕۆشنەكان)[8]، وەسفی **كانت** بۆ جۆرە لاوەكییەكان كـە (پێكهاتـەن لە حەقیقەتە پێشینەكان)، میتۆدی (شیكردنەوەی لۆژیكی) لای فریدج) و (زنجـیرە

---

[1] -Eileen C Sweeney, p. 197-243.

[2]- مختصر منطق أرسطو، الولید إبن رشد، ١٩٩٢، ل/٥.

[3] -Aristotle, 1990 vol. 1.

[4]- مختصر منطق أرسطو، إبن رشد، ل/٥.

[5] -Sweeney, p.197..

[6] -Rene Descartes. 1684.

[7] -John Locke. 1975.

[8]- Ongley, What is Analysis.

هـەڵێنجراوەکان) لای ڕاسـڵ، تـا میتـۆدی (پشـکنینی ڕێسـا زمانەوانییـەکان) لای فیتغنستاین[1].

جا هەرچـەندە فرەجۆرییـەکی گـەورەو ئـاڵۆزیی لـە شـێوازەکانی شـیکردنەوەی فەلسەفی سەرەوەدا بوونی هەیە، بەڵام لە هـەموو شـێوەکانی شـیکردنەوەی بـەش بەشکراودا ئـەوەی کۆیاندەکاتـەوە ئەوەیـە کـە کەوتوونەتـە بـەر ڕەخنـە لـە لایـەن تیۆریزەکاران و فەیلەسوفە هاوچەرخەکانی ڕشتەبەندییەوە. ڕەخنەکەش ئاراستەی ئەمانە کرابوو: (١) میتۆدی بەش بەشکراو یان گەردیلەیی، (٢) لـۆژیکی کلاسـیکی، (٣) دیدی جێگیری بێ جووڵە.

بۆ خاڵی (١) لـەبارەی بیرکردنـەوەی بـەش بەشـکراوی بەرتەسـك، ئـەوا ئامـاژە دەدات بـە نیشـانەیەکی گشـتی لـە فەلسـەفەو زانسـتدا کـە بـەردەوامبوو تـا لـەم دواییانەدا تێڕوانینی ڕشتەبەندیی خرایە ڕوو، ڕاستە هەندێ لـە بیرۆکـە گشـتییەکان جاروبـار دەردەکـەوتن، لەوانـە بـۆ نمونـە دیـدی ئەرسـتۆ بـۆ پشـتەوەی سروشـت بەشێوەیەك کە (قوچکەیی ڕیزبەندیی) کۆنترۆڵی دەکات، یـان بیرۆکـەی هیگـڵ کـە (هەمووەکە زیاترە لە کۆی بەشەکان)[2]. بـەڵام ئاراسـتەی گشـتی بـۆ شـیکردنەوەی فەلسـەفی هـەر بـە بـەش بەشـی گەردیلـەیی مایـەوە نـەك هـەمووەکی گشـتگیریی، ئەمـەش وایلێکـرد بکەوێتـە بـەر ڕادەیـەکی گـەورە لـە نـەبوونی وردەکـاری لـەو ئەنجامانەدا کە لێیەوە هەڵێنجران.

بۆ خاڵی (٢) دەربارەی لۆژیـك، کاتێـك پرەنسـیپی (بونیادگـەریی) هێنرایـە نـاو شیکردنەوەی فەلسەفی ئیتر بیرکردنەوەکە چڕکرایەوە لەسەر پەیوەندییە لۆژیکییە سادەکان لە نێوان دیاریکراوەکاندا لە دەرەوەی لۆژیکی بونیادی وەك هـەمووەکی، یـان ئەرکـە گشـتگیرییەکەی، یـان مەبەسـت لێـی بـە گشـتی. ڕاسـتە زنجـیرەی

[1] -Beany.
[2] -Lars Skyttner

دەرئەنجامەکان کە ڕاسل پێیان گەیشت دیدەکەی ئەرستۆی بۆ پێوانەیی لۆژیکی پەرەپێدا وەها کە گونجاو بێت لەگەڵ سەردەمی مۆدێرنەدا، بەڵام زانستی لۆژیك لە ڕۆژەکانی ڕاسلەوە گۆڕانکاری سەرەکی بەسەردا هات کە دەبێت دابنرێ بە بەشێکی جیانەبووەوە لە لێکۆڵینەوە شیکارییە سەردەمییەکاندا ئیتر هەرچی بن[1]. دەبێ ئەوەش بوترێ کە تێڕوانین بۆ بونیادی لۆژیکی ئەمڕۆ وایلێهاتووە کە شێوەیەکە لە شێوەکانی (پشتگیری کردن)[2]، لەجیاتی ئەوە کە تەنها پەیوەندی لۆژیکیی دەستنوسی بێت.

دواجار، شیکردنەوەی بەش بەشکراو جەختدەکات لەسەر پەیوەندییە جێگیرە بێ جووڵەکان (٣) لە نێوان توخمەکاندا، زۆرجاریش لایەنی دینامیکی جووڵەیی بۆ گۆڕانکاری فەرامۆش دەکات، کە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر ڕاپەڕاندنی گشتی بۆ هەر نمونەیەکی شیکردنەوە، بەڵام شیکردنەوەی ڕشتەبەندی نوێ ئەوا لە هەر ڕشتەبەندییەکدا گرنگییەکی تایبەتی دەدات بە (دینامیکییەکانی گۆڕانکاری)[3].

ئێستاش دەگوێزمەوە بۆ پێناسەی شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی وەك ئەلتەرناتیفێکی زۆر کاراتر لە شیکردنەوەی بەش بەشکراو کە تا ئێستا باسمان لێکردووە.

**شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی:**

شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی لەسەر پێناسەی خودی ڕشتەبەندییەکان بەرپا دەبێت[4]، واتە ئەو کەسە کە هەڵدەستێ بە شیکردنەوەکە وا دادەنێ ئەو شتە کە شیکردنەوەکەی لەسەر دەکرێ بریتییە لە (ڕشتەبەندێك). لێرەشدا شیکردنەوەکە نیشانە جیاکارەکانی ئەو شتەی تێدایە کە دەخوازرێ شیبکرێتەوە، واتە

---

[1] -Beany.
[2] -Peter A. Cornhng, 1998; 21
[3] -Skyttner.
[4] -Kenneth E. Kendall and Julic E. 1999. P27.

نیشانەکانی ڕشتەبەندییەکە هەر بەوجۆرە کە تیۆری ڕشتەبەندیی لە کاتی هەستان بە شیکردنەوەکە دیاری دەکات. کەواتە ئەمە لایەنی پەیوەندییە لە نێوان تیۆری ڕشتەبەندییەکان و شیکردنەوەی ڕشتەبەندی دا، بەڵام بۆ پێناسەکردنی خودی ڕشتەبەندیی، ئەوا یەکێك لە پێناسە باو و بڵاوەکان بۆی ئەمەیە: (ڕشتەبەندیی بریتییە لە چەند یەکەیەك یان لە چەند توخمێکی ئاوێتەو تێهەڵکێش بە یەك لە نێوان خۆیاندا بۆ ئەوەی یەکەیەکی کامڵ پێکبهێنرێ مەبەستەکەش جێبەجێکردنی ئەرکێکە)[1]. بەمشێوەیە ئەوا شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی بەشێوەیەکی سروشتی جیاکاری یەکەکان یان توخمەکان یان ڕشتەبەندییە لاوەکییەکان دەگرێتەوە، هەروەها پێناسەی پەیوەندی نێوانیان و تەواوکاریی لە نێوانیاندا دەکات تا کۆمەڵێ کردار یان ئەرکی دیاریکراو جێبەجێ بکات[2]. بۆ نمونە (وایتهید) پێناسەی چەمکی شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی دەکات کە بریتییە لە: (وروژاندنی بەرچاوڕوونییە کە لە ڕێگای کۆمەڵێ پێشنیاری گریمانەیی بە هزرەکان ئەنجام دەدرێت، پاشانیش خستنە جوڵەی هزرەکانە لە ڕێگای سەرنجدانی راستەوخۆوە لە ڕێگای بەرچاوڕوونییەوە. ئەم پرۆسەیەش، لەگەڵ نیشتەجێکردنی هەموو پێکهاتەکە، وە دۆزینەوەی پەیوەندییە نێوانییەکان لە نێوان بەشەکاندا، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەوەدا کە پەیوەستە بە هزرەکانەوە، هەموو ئەمە لە کتوپڕدا بۆچوونێك بۆ ڕشتەبەندیی لە زەیندا دروست دەکات)[3]. بێگومان ئەوە خستنەڕووی پەیوەندییە نێوانییەکانە کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەو ڕشتەبەندییە دەخاتەڕوو کە دەچێتە ژێر شیکردنەوەوە، شیکردنەوەکە پاڵ پێوەدەنێ و دووریدەخاتەوە لە هزرە گەردیلەیی و بێجووڵەکانی واتە (شیکردنەوەی بەش

---

[1] -Skyttner. P. 5.

[2] -Kendall, p.27.

[3] -Hugh R.King. p. 132.

بەشکراو). ئەم شیکردنەوە ڕشتەبەندییە بەمشێوازە لە ئێستادا قبوڵکردنێکی گشتی پێدەدرێ، وایلێهاتووە کە پراکتیزە دەکرێ لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە بوارەکانی مەعریفە[1].

بەڵام لێرەدا دەڵێم کە وێڕای سەرکەوتن و پێشکەوتنی میتۆدی شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی لە ژمارەیەك لە بوارەکاندا بەسەر میتۆدی شیکردنەوەی بەش بەشکراودا، هەروەها لە زۆری ژمارەی ئەو بوارانە کە ئەم شیکردنەوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات لە ئێستادا، هێشتا بە بەراورد بە خودی تیۆری ڕشتەبەندییەکان هەر کامڵ نەبووە. چونکە لە گۆڕەپانەکەدا بڕێکی بەسود لە توێژینەوە دەربارەی چەمکی (ڕشتەبەندیی) لەنێو تیۆری ڕشتەبەندییەکاندا بوونیان هەیە، کە لەپێناو ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی ڕشتەبەندیی بە شێوەیەکی ساغ و دروست سودیان لێ وەرنەگیراوە. چونکە ئەو شێوازانە کە تا ئەمڕۆ کاریان پێدەکرێ هێشتا هەر لەسەر پێناسەکردنی سادەکاریی و باو بۆ ڕشتەبەندی بەرپا بوون کە پێشتر باسمان کردن کە بریتییە لە (کۆمەڵە یەکەیەکی ئاوێتەو تێهەڵکێشکراو لە نێوان خۆیاندا)[2]، کە ئەم پرۆسەیە ژمارەیەکی زۆر لە نیشانەکانی ڕشتەبەندیی وندەکات کە لە ئان و ساتی ئەنجامدانی پرۆسەی شیکردنەوەکەدا سودی گەورەیان هەیە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەم مەسەلەیە بەدرێژی دەخەینە ڕوو، پاشان بە فراوانی باس لە ژمارەیەك لەو پێناسەو نیشانانە دەکەین، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی پێوەرە نوێیەکان بۆ شیکردنەوەی ڕشتەبەندییەکان کە وادەبینم بۆ ئەرکی شیکردنەوە زیاتر گونجاو و تەبا بن کە لەم کتێبەدا لەبەردستماندان.

جا ئەگەر ئەم گریمانەیەمان لا پەسەند بوو کە هەر شتێك هەوڵی شیکردنەوەی دەدەین (ڕشتەبەندیی) بێت، ئەوا ئەوەی کە داواکراوە بریتییە لە هەستان بە

---

1 -Beany.

2 -Skyttner. P. 5.

پرۆسەی وێناکردنی نیشانەکانی ئەو ڕشتەبەندییە، لە گۆڕەپانەکەشدا ژمارەیەك تیۆر دەربارەی نیشانە گشتییەکانی ڕشتەبەندییەکان بوونیان هەیە، لێرەدا کورتەیەك لەسەر هەندێکیان پێشکەش دەکەم. ئینجا خوێنەری بەڕێز تێبینی دەکات ئەو نیشانانە کە دەخرێنە پێشچاو تا مەودایەك بریتین لە نیشانەی تایبەت و لەفزی ڕووت، لەم هونەرەشدا بە زمانێك گوزارشتیان لێدەکرێ کە نزیکترە لە زمانی زانستە سروشتییەکانەوە. بەڵام من بە پێویستی دەزانم بەرلەوە ژمارەیەك لە نیشانەکانی ئەو ڕشتەبەندییانە هەڵبژێرین کە زۆرتر گونجاون لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم کتێبەدا هەستین بەم ڕووپێوکردنە.

### تیۆری نیشانەکانی ڕشتەبەندیی:

لە لێکۆڵینەوە پێشووەکانمدا لەسەر زانستی ڕشتەبەندییەکان باسمکردووە کە بۆ ئەوەی ڕشتەبەندیی (بکەرێکی کارا) بێت ئەوا پێویستە ڕازێنرابێتەوە بە کۆمەڵێ نیشانە کە لای من بریتین لەمانە: مەرامداریی، کرانەوە، تەواوکاری لە نێوان توخمەکانی ڕشتەبەندییە لاوەکییەکاندا، بونیادی قوچکەیی، هاوسەنگیی لە نێوان بەش بەشی و تەواوکاریدا[1]. بۆیە لێرەدا نمایشێکی تێروتەسەل بۆ کۆمەڵە نیشانەیەکی ڕشتەبەندییەکان پێشکەش دەکەم ئەویش بەپێی هێنانە ڕووی ئەو توێژینەوانە کە بڵاوکراونەتەوە و پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە. با لە زەینی خوێنەریشدا ئاستی پەیوەندی لە نێوان ئەو نیشانانە لە ڕشتەبەندییە سروشتییەکان و نێوان بەڵگە باوەڕییە (ئیسلامییە)کاندا لەسەر دروستکەرو بەدیهێنەری بونەوەر بە سیستەمە شکۆدارەکەی -پاکو بێگەردی بۆ ئەو زاتە- بوونی هەبێت، کە لە جێباسی پێشووی ئەم بەشەدا ئاماژەم پێداوە.

---

[1] -G. Auda, 1996, pp. 32. 34. 91. 105. 111

(بيرتالانفى)، كه (باوكى تيۆرى ڕشتەبەندييەكانه) ژمارەيەك نيشانەو تايبەتمەندى گشتى بۆ ڕشتەبەندييەكان بە كورتى دەخاتەڕوو[1]. ئێمەش لە لايەن خۆمانەوە بە گواستنەوەيان لە بيرتالانفييەوە پوختەيەك لەو نيشانەو تايبەتمەندييانە دەخەينەڕوو:

١- گشتگيريى: نيشانەى گشتييەتى ڕشتەبەنديى نيشانەيەكە ناتوانرێ لە ڕێگاى شيكردنەوەى ڕشتەبەندييەوە بخرێتە ڕوو، بەڵام پێويستە شايانى ئەوە بێت كە وێنا بكرێ، گشتييەتى نيشانەيەكى گرنگە لە ڕشتەبەنديەكاندا كە سماتس باسێكى تێروتەسەلى لێكردووە[2]، هەروەها ليترر[3] و دى سوسّور[4].

٢- پەيوەستبوونى بە مەرامێكەوە: پێويستە پرۆسەى ئاوێتەبوونى ڕشتەبەنديى لەگەڵ شتێكى تردا گەيشتبێت بە حاڵەتێكى داواكراو يان كۆتاييەوە، يان تێهەڵكێشبوون بگاتە برێك لە هاوسەنگى خوازراو.

٣- ئاڵوگۆڕكردنى پەيوەندييەكان لە نێوان توخمەكانى ڕشتەبەنديى و نيشانەكانيدا و پێويستى هەندێكيان بە هەندێكى تريان: ئەو توخمانەى كە پەيوەندى لە نێوانياندا نيەو هەندێكيان پێويستى بە هەندێكى تريان نيە هەر لە بنەڕەتەوە ڕشتەبەند نين.

٤- هاتووەكان و دەرچووەكان: مەسەلە هاتووەكان لە ڕشتەبەنديى داخراودا پێشتر بڕياريان لەسەر دراوەو ناچنە ژێر هەمواركردنەوە، بەڵام ڕشتەبەنديى كراوە ئەوا هاتووە نوێيەكان لە ژينگەى دەوروبەريەوە وەردەگرێ, هەر سيستمێكى (زيندوو) ئيتر هەرچى بێت پێويستە كراوە بێت و ئاوێتە بێت لەگەڵ دەوروبەريدا، ئەگەرنا دەمرێت!

---

[1] -Von Bertalanffy,1969.

[2] -Smuts, Press, 1973.

[3] -Litterer, 1969.

[4] -Skyttner.

٥- گۆڕین: هەر ڕشتەبەندییەك تەماعی ئەوەی هەبێت ئامانجەكانی خۆی جێبەجێ بكات پێویستە توانای هەبێت لەسەر گۆڕینی هەندێ لە كاریگەرەكان یان (هاتووەكان) بۆ كارتێكراوەكان یان (دەرچووەكان)، ئەو پرۆسەی گۆڕینەش لە ڕشتەبەندییە زیندووەكاندا سروشتێكی سوڕیان هەیە.

٦-ڕێكخستن: پێویستە ئەو توخمانە كە هەندێكیان پەیوەستن بە هەندێكی تریانەوەو ڕشتەبەندییان لێ پێكدەهێنرێ، بەشێوەیەك لە شێوەكان ڕێكخراوبن، ئەمەش مەسەلەیەكەو لەپێناو جێبەجێكردنی ئەو مەبەستەدا كە ڕشتەبەندی بە ئامانجی گرتووە زەرورییەو هەر دەبێ بوونی هەبێت. سیفەتی ڕێكخستن میكانیزمی خستنەڕوو و ڕاستكردنەوەی ئەو لادەرە هەستپێكراوانەی ناو ڕشتەبەندییەكەی تێدایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە هەڵسەنگاندن و ڕاستكردنەوە دوو داواكارین لەپێناو توندوتۆڵكردنی كارا بۆ جووڵەی رشتەبەندییەكە. كەواتە بۆ بەردەوامبوونی ڕشتەبەندییە زیندووەكان پێویستە ڕێكخستن پارێزگاری بكات لە حاڵەتی جێگیر لە هاوسەنگی جووڵەیی دا.

٧- نیشانەی قوچكەیی: دەبێ سیفەتی ئاوێتەیی سروشتی زاڵبێت بەسەر ڕشتەبەندییەكاندا، كە قەوارەی گەورەن و پێكهاتوون لە سیستمی لاوەكی لەخۆیان بچوكتر. ئەم سیستمانەش دەچنە ژێر ڕشتەبەندی گەورەتر لەوان كە نیشانەی قوچكەییش هەر ئەمەیە.

٨- جیاكاریی: یەكە تایبەتەكان لەناو ڕشتەبەندییە ئاوێتەكاندا ئەركی تایبەت پێشكەش دەكەن. ئەمەش لە نیشانەكانی ڕشتەبەندییە ئاوێتەكانە، هەر ئەمەشە پێی دەوترێ دابەشكردنی كار یان پسپۆڕی كار.

٩- فرەیی كۆتاییەكان و یەكسانبوونیان: ئەم نیشانەیە بەواتای توانایی گەیشتنە بە خودی ئامانجە كۆتاییەكان بەشێوازی جۆراو جۆر كە هەموویان لە پلەی ڕاست و دروستیاندا پەسەندن و یەكسانن، یان ئەوەیە كە ڕشتەبەندییەكە لە

بارێکی سەرەتاییدایە، لەگەڵ توانابوونی کە لە ئامانجی جۆراو جۆردا کۆتایی بێت و مەرجیش نیە هەندێکیان بچنە پاڵ هەندێکی تریان.

١٠- وزەی هەڕەمەکی: ئەم نیشانەیە بە واتای ڕادەی نا ڕێکوپێکی یان هەڕەمەکی دێت کە لە ڕشتەبەندییەکەدایە. لەڕاستیدا هەموو ڕشتەبەندییە نا ئاقڵەکان بەرەو پشێوی مل دەنێن، جا ئەگەر وازیان لێبهێنێ چیدەکەن با بیکەن ئەوا دواجار دەگەنە حاڵەتی وەستانی تەواو و لێژدەبنەوە بۆ بارستەیەکی نەتواناو هیچ لێنەهاتوو. کاتێکیش سیستمەکە دەگاتە ئەو حاڵەتە ئەوا بڕی وزەی هەڕەمەکی گەیشتووەتە ئەوپەڕی. بەڵام سیستمی زیندوو دەتوانێ -تا ماوەیەکی دیاریکراو- دووربکەوێتەوە لەو چارەنووسە ئەویش بە ڕێکخستنی بۆ وزە بە فەزڵی ئاوێتەبوونی لەگەڵ ژینگەکەیدا، ئەوکاتیش ئەو مەبەستە جێبەجێ دەبێت کە پێی دەوترێ بە (ڕێکخستنی وزەی هەڕەمەکی)، ئەمەش سیفەتێکە کە هەموو بونەوەرە زیندووەکان پێی دەناسرێنەوە. لەبەرئەوە **هیتشینز** پێناسەی سیستم دەکات کە بریتییە لە (کۆمەڵێك بونەوەر هەندێکیان پەیوەستن بە هەندێکی تریانەوە بە جۆرێ کە گردبوونەوەی ئەو بونەوەرانەو پەیوەندی نێوانیان کەمکەرەوە بێت بۆ ئەو وزە ونبووەی نێوانیان)[١].

بەڵام کاتز و خان ئەوا بەپێی ئەم نیشانانە پێناسەی سیستمی کراوە دەکەن: ڕاکێشانی وزە، هێنانی زانیاری، دەرچووە هەنووکەییەکان، دەرچووەکان، ڕووداوە خولاوەکان، وننەکردنی وزە، میکانیزمی هێماکردن، هاوسەنگی، جیاکاریی (یان فراوانبوون)، تەواوکاریی (یان هەماهەنگی)، یەکسانبوونی کۆتاییە جۆراو جۆرەکان (هەروەك لای بیرتالانفی)[٢] بینیمان.

[1] -D.Hitchins, 1992.
[2] -D. Katz and L.kahn, 1966.

(ئاکۆف)یش بەپێی دوو توخم یان زیاتر پێناسەی ڕشتەبەندییەکان دەکات، بە مەرجێ ئەم سێ مەرجە تیایدا جێبەجێ ببێت[1]:

١-دەبێ ڕەفتاری هەر توخمێك کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵەکە هەبێت.

٢-دەبێ ڕەفتاری توخمەکان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵەکە وەها بێت کە هەندێکیان پشت بە هەندێکی تریان ببەستن.

٣-جا پێکهاتەی کۆمەڵە لاوەکییەکان هەر چۆن بێت، ئەوا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵەکە دەبێت، بەلام هیچ لەوان بە تەنها کاریگەری سەربەخۆی لەسەر کۆمەڵەکە نابێت.

بەلام تشیرتشمان، کە ئەمیش لە مەسەلەی کۆمەڵەکاندا یەکێکە لە ڕابەرانی تیۆریزەکردن، هاتووە ئەم نیشانانەی بۆ ڕشتەبەندیی خستووەتە ڕوو[2]:

١-ڕشتەبەندیی مەرامدارە (واتە ئامانجدارە).

٢- پێکهاتووە لە چەندین بەش (یان پێکهاتە) کە هەریەکەیان مەبەستێکی هەیە.

٣-دەتوانێ ئاستی ڕاپەڕاندنی کارەکەی دیاری بکات.

٤-دەبێ تاکێك یان زیاتر بە ئامانج بگرێت.

٥-دەبێ لە سنوری ژینگەیەکدا بێت و لە ئامێزی بگرێت.

٦-دەبێ خۆی لە هەناوی خۆیەوە دروستکەری بڕیارەکان بێت، هاوکات بە بڕیارەکانی ئاستی کارکردنی بەشەکان بگۆڕێت.

٧-دەبێ دروستکەرێکی هەبێت کە بایەخ بە بونیادی ڕشتەبەندییەکە بدات، هاوکات ڕاو بۆچوونی بۆ سیستمەکەی بۆ ئاراستەکردنی ئەو چالاکییانە کە خاوەنی بڕیارەکان پێویستی پێیەتی تێروتەسەل بێت، لە کۆتاییشدا کاریگەری لەسەر کۆتا ئامانج لە تەواوی چالاکی ڕشتەبەندییەکەدا هەبێت.

---

[1] -R.Ackoff, 1981.

[2] -W.Churchman, 1979.

٨–دەبێ ئامانجی دروستکەر ئەوە بێت هەموارکردن بخاتەسەر سیستەمەکە بۆ ئەوەی بەهاکەی لای بە ئامانج گیراو لە ڕشتەبەندییەکەدا بەرزبکاتەوە.

٩–پێویستە دروستکەری ڕشتەبەندییەکە دڵنیا بێت کە سیستەمەکە جێگیرو نەگۆڕە تا ئەو سنورە کە وای لێدەکات بونیاد و ئەرکەکەی پێناسە بکات.

بۆڵدینغ لەسەر نیشانەی (ڕیزکردن و ڕێکوپێکی) لە ڕشتەبەندییەکاندا لەسەری دەڕوات[1] و لای ئەو بەڵگەیە لەسەر بوونی خوای گەورە ئەوەش وەك نمونەیەك بۆ ئەوەی لە برگەی پێشوودا باسمانکردووە. بۆڵدینغ دەڵێ ڕیزکردن و ڕێکوپێکی و نا هەڕەمەکی بە شێوەیەکی (سروشتی) باشترە لە نەبوونی ڕێکخستن و ڕیزکردن و بوونی هەڕەمەکی، بە جۆرێکی وەها کە جیهان جوانتر و چێژی زیاتری هەبێت لە دیدی تیۆریزەکاری ڕشتەبەندییەکانەوە. بۆڵدینغ هەروەها لە نیشاندانی نیشانە گشتییەکانی ڕشتەبەندییەکاندا وادادەنێ کۆشش کردن بۆ گەیشتن بە سیستم و یاسا، لە ڕێگای هێنانە ناوی زمانی ژمارەکان و ژمێریایەوە، دەبێتە یارمەتیدەر لە خستنەڕووی نیشانەی ڕیزکردن و ڕێکوپێکی.

(بۆلەر) باسی خۆی لەسەر نیشانەی قوچکەیی و فرەیی ئاستەکان چڕدەکاتەوە، لێرەدا ئەو خاڵانە تۆمار دەکەین کە ئەو خستوونیەتە ڕوو[2]:

١–لەڕاستیدا بونەوەر قوچکەییەکی کەڵەکە بووە لە ڕشتەبەندییەکان، واتە بریتییە لە ڕشتەبەندیی سادەو پێکەوە ڕێککراون تا ڕشتەبەندیی ئاوێتەبوو و ئاڵۆزتریان لێ پێکبهێنرێ، ئەمەش لە سەرەتاوە لە پێکهاتەکانی خوارتر لە گەردیلەوەن تا ئاستی ژیارەکان.

٢–ڕشتەبەندییەکان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە خاوەنی تایبەتمەندی هاوبەشن، دەبێت گوزارشتکردن لەو تایبەتمەندییانە بەپێی گوزارشتە گشتییەکان بێت کە

---

[1] -K. Boulding, 1964.
[2] -D. Bowler, 1981.

دەتوانرێ بەکاربهێنرێن بۆ وەسفکردنی ئەو ڕشتەبەندییانە کە هەر لە بنەڕەتەوە جیان لەوانەی لەبارەیانەوە هاتووە.

٣-هەر ئاستێك لە ئاستەکانی ڕشتەبەندییەکان خاوەنی تایبەتمەندی دیاریکراون، بەڵام ئەو تایبەتمەندیانەن کە بە گشتی چەسپاون لەگەڵ ئەوانەدا کە لە سیستمی قوچکەییدا لە سەرەوەی ئەون، واتە ئەو ئاستانە کە ئاوێتەییان زۆرترە، بێئەوەی بچەسپێن لەسەر ئەو ئاستە سادانە کە لە خوار ئەوانەوەن.

٤ -دەتوانرێ هەندێ لایەنی گشتی لە پەیوەندییەکاندا جیابکرێنەوە کە چەسپاو بن لەسەر هەموو جۆرەکانی ڕشتەبەندبییەکان لەسەر هەموو ئاستێك لە ئاستەکانی بوون.

٥-هەر ڕشتەبەندییەك ژمارەیەك لە خاڵە سنوردارکراوەکانی هەیە کە ئاماژە دەدەن بە پلەیەك لە جیاکاری لە نێوان ئەوەی کە لە نێو سیستمەکەدایەو ئەوەی لە دەرەوەیدایە.

٦-هەر شتێکی بووە لە بونەوەردا، ئیتر ئەو بوونەی لە جۆری بوونی زاراوەیی یان سروشتی یان دەروونی بێت، ئەوا بریتییە لە ڕشتەبەندییەك لە وزەو ماددەو زانیاری.

٧-بونەوەر سیستمێکەو پێکهاتووە لە ژمارەیەك ڕشتەبەندیی، بەردەوامیش دەبێت لەسەر ئەم بارەی ئێستای بە مەرجێ هیچ یەك لە تاقمی پرۆسەکانی بونەوەریی نەیەت تاقمێکی تر لەو پرۆسەیەدا وەلا بخات.

ماتۆراناو فاریلا هاتن بیرۆکەیەکیان خستەڕوو ئەویش ئەوەیە دەبێ لە هەر سیستمێکی زیندوو دا نیشانەیەك بوونی هەبێت ئەویش توانابوونیەتی لەسەر ئەوەی پێیان وتووە بە نوێبوونەوەی خودی. ئەم نیشانەیە بوار بۆ سیستمی زیندوو دەڕەخسێنی کە سەربەخۆییەکی خودی هەبێت. چالاکی ڕشتەبەندیی خودیش

نوێدەبێتەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی بەرەو ناوەوەی دەڕوات، بـەجۆرێ کـە تاکـە ئامانجی پارێزگاریکردن بێت لەسەر نوێبوونەوە خودییەکەی[١].

لۆهمانیش لە خستنەڕووی تیۆری (یاسا وەك ڕشـتەبەندییەکی کۆمەڵایـەتی) دا سودی وەرگرتووە لە بیرۆکەی توانابوونی ڕشتەبەندیی لەسەر نوێبوونەوەی خودی، ئەوەش بەو مەبەستە تا یاسا وەڵامدەرەوە بێـت بـۆ (ئـەو بەشـە لـەو ژینگەیـە کـە بەپێی پێوەرەکانی خۆی هەڵیبژاردووە)، پاشانیش لە ڕێگای (پەیوندییە بەسـتراوە ناوخۆییەکان)ەوە خۆی پەرە بەخۆی دەدات، ئیتر لێرەوە یاسا (پارێزگاری لەسـەر نوێبوونەوەی خودی دەکات)، بەپێی گوتەی ئەو[٢]، لـە داهـاتوودا ئـەم بیرۆکەیـە لـە بواری نوێکردنەوەی فیقهدا (لە بەشی شەشەمدا) بەگەڕ دەخەین.

بەڵام غاراجیداغی هاتووە پێنج پرەنسیپی بۆ ڕشـتەبەندییەکان پێشـنیارکردووە کە لە ڕێگای بـەڕێوەبردنی ڕشـتەبەندییە بازرگانییەکانـەوە پێیـان گەیشـتووە، کـە ئەمانــەن: کرانــەوە، مەرامــداریی، فــرە ڕەهەنــدی، دوورکەوتنــەوە لــە حوکمــە ئاسانکراوەکان، هەروەها تایبەتمەندییـە دەرهێنراوەکـان[٣]. بەهەمانشـێوە هیتشـنز بیرۆکەی (فەلسەفەی ڕشتەبەندییەکان)ی خستووەتەڕوو کە لەسەر سێ پرەنسـیپی سەرەکی بەرپا دەبێت، ئەوانیش بریتین لە: (گشتییەتی)، (کرانەوە) و (ئاوێتەیی)[٤].

کۆستلەریش تێڕوانینێکی قوچکەیی بۆ ڕشتەبەندییەکان پێشکەش دەکـات، کـە بــە نیشــانەی گشــتییەتی یــان گشــتگیریی گوزارشــی لێکــردوون، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێ کە گشتییەکان و بەشییەکان ئیتر لـە بونـەوەرە ئەندامییەکانـدا یـان لـە ڕشتەبەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت بوونێکی سەربەخۆیان نیە. ئەوانە لـە ئاراسـتە تەواوکارییەکەیانداو لە جەختکردن لە بوونی خودییـان لـە ڕەفتـاری (هاوکارییانـدا)

---

[1]- H. Maturana and V.Varela, 1992.
[2] -Niklas Luhmann, 2004, p.10
[3] -Jamshid Gharajedaghi, 1999.
[4] -D.K. Hitchins, 2009.

بەدیار دەکەون[1]. منیش لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشترمدا لەسەر ئەم زانستە ڕوونمکردووەتەوە کە ئەو (ڕەفتاری هاوکارییە) تا ئەوپەڕی پلەکان بەرهەمهێنان و بەگەڕخستنی توانا ڕەخساوەکان لەناو ڕشتەبەندییدا بەرهەم دێنێت[2].

بەڵام ویفر هاتووە سیستەمەکانی بەپێی نیشانەیەك كە بە پلەی ئاڵۆزی ناویبردووە پۆلێنکردووە. درێژەی ئەم پۆلێنکردنەی بەمجۆرەیە[3]:

١-پلەی چڕو ئاڵۆزیی ڕێکخراو: ڕشتەبەندیی هەر بونەوەرێکی زیندوو نمونەیەکی کلاسیکییە لەسەر پلەی ئاڵۆزی ئەو ڕێکخراوە.

٢-پلەی چڕو ئاڵۆزیی نا ڕێکخراو: ئەمجۆرە تایبەتە بە ڕشتەبەندییە نا زیندووەکانەوە، بەجۆرێ کە ژمارەی گۆڕدراوەکان زۆر گەورەیە، هەر گۆڕدراوێکیش ڕەفتارێکی هەیە کە ناتوانرێ پێشبینی بکرێ یان ناتوانرێ بناسرێ.

٣-سادەیی ڕێکخراو: ئەمجۆرە لە سیستەمە سادەکاندا بۆ نمونە ئامێرەکان بەدی دەکرێت، کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە بەشەکانی تێدایە.

سایمۆن هاتووە ڕشتەبەندییەکانی بەپێی نیشانەی (بەش بەشکراوی) پۆلێنکردووە، ئەویش بەمشێوەیەی خوارەوە[4]:

١-ڕشتەبەندییەك کە شیاوی بەش بەشکردنە: بەجۆرێ ڕشتەبەندییە لاوەکییەکان (کە چەند بەشێکن لە ڕشتەبەندییە گشتییەکە) هەر یەکەیان سەربەخۆیە لەویتریان.

٢-ڕشتەبەندییەك کە شێوە شایانبوونێکی بۆ بەش بەشکردن هەیە: بەشیوەیەك کە ئاوێتەبوون و کارلێك لە نێوان ڕشتەبەندییە لاوەکییەکاندا لاوازە، بەڵام بەو پلەیە نیە کە نەتوانرێ نەبینرێ.

---

1- A. Koestler, 1967.
2 --G. Auda, ph. D. 1996, p. 60.
3 -W. Weaver, no. 194. 1948.
4 -H.Simon, Press. 1969.

٣–ڕشتەبەندییەك كە شایانی بەش بەشكردن نیە: ئەمیش وەهایە كـە هـەبوونی بەشـێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ پشـت لەسـەر ڕشـتەبەندییەكانی تـر دەبەسـتێت و بـە شێوەیەكی ڕوون كاریگەریان لەسەری هەیە.

بـەڵام ئـاكوف ڕشـتەبەندییەكانی بـەپێی مەبەسـتەكانیان پـۆلێنكردووە ئـەویش بەمجۆرەیە[1]:

١–ڕشـتەبەندییەك كـە پارێزگـاری لـە مەبەسـتەكەی خـۆی دەكـات: بـەردەوام هەوڵدەدات بمێنێتەوە لە مەبەستێكدا كە پێشتر دیاریكراوە.

٢–ڕشتەبەندییەك كە كۆشـش دەكـات بـۆ گەیشـتن بـە مەبەسـتەكەی: ئـەمیش دەڕوانێتـە ئـەو بژاردانـە كـە پەیوەنـدن بـە چـۆنێتی مامەڵـەكردن لەگـەڵ هـەموو جۆرەكانی ڕەفتاری گۆڕدراو لە نێو سیسـتمدا. لێـرەدا ڕەفتـاری پێشـووتر، كـە لـە یادەوەری سادەدا پاشەكەوت كراوە، ڕێگا دەدات بە گۆڕانكارییـەكان كـە ڕوودەدەن ئەویش بەپێی ئەو مەعریفەیە كە سیستمەكە بەدەستیهێناوە.

٣–ڕشـتەبەندییەك كـە كۆشـش بـۆ چـەند مەبەسـتێك دەكـات: لەتوانایدایـە هەڵبژاردن بكات لە نێو كۆمەڵەیەكی ناوخۆیی لـە كردارەكـان وەك وەڵامگۆیـەك بـۆ گۆڕانی بارودۆخە دەرەكییەكان. ئەمجۆرە گۆڕانەش لـە مەبەسـتدا ئـەوە دەخـوازێ چەند ئەلتەرناتیفێك بوونیان هەبێت كـە هەنـدێكیان لـە هەنـدێكی تریـان جیـاوازن، ڕشتەبەندییەكەش بە گشتی بڕیار لەسەر باشترینی هۆكارەكان دەدات بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەكان.

٤–ڕشتەبەندییەك كە مەبەستەكانی لە گۆڕاندان: ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر بڕیارە وەرگیراوەكان دەبێت. ڕشتەبەندییەكە لێرەدا هەڵدەستێ بـە پشـكنینی ئـەو زانیارییانـە كۆیكردوونەتـەوەو لـە هۆشـدا پاشـەكەوتی كـردوون، ئـەویش لـەپێناو داهێنانی ئەلتەرناتیفی نوێ بۆ كاركردن. ئەم فاكتەرانەش هەڵدەستن بە دیاریكردنی

---

1 -R.Ackoff, no. 11 1971.

ئـەو پرۆسـەیە ئەمانـەن: ئـیرادە، مەبەسـت، سـەربەخۆیی خـودی، میکـانیزمی زیـادکردنی هـەنگاوەکانی دواتـر، فێربـوون، هۆشـیاری، ئـەم پرۆسـانەش تـەنها لـە ڕشتەبەندی بونەوەرە زیندووەکاندا بوونیان هەیە.

جـۆردن بـە پشتبەسـتنی بـە سـێ نیشـانە بەشـداریکردووە لـە پـۆلێنکردنی سیستمەکاندا، کە ئەمانەن: بونیادگەریی لە بەرانبەر فەرمانگـەریی، مەرامـداریی لـە بەرانبـەر بـێ مـەرامیی، میکـانیکی لـە بەرانبـەر ئەندامییـەوە، ئـەویش بـەپێی ئـەم خاڵانەی خوارەوە[1]:

١.بونیادگەریی، مەرامداریی، میکانیکی، هەروەك لە تۆڕی ڕێگاکاندا هەیە.

٢.بونیادگەریی، مەرامداریی، ئەندامیی، هەروەك لە پردی هەڵواسراودا هەیە.

٣.بونیادگەریی، بێ مەرامیی، میکانیکی، هەروەك ئەوەی لە زنجیرەی چیاکاندا هەیە.

٤–بونیادگەریی، بێ مەرامیی، ئەندامیی، هەروەك ئەوەی لە بڵقدا هەیە (یان هەر سیستمێکی سروشتی لە باری هاوسەنگیدا).

٥–فەرمانبەریی، مەرامداریی، میکانیکی، هەروەك لە هێڵی بەرهەمهێنانـدا هەیـە (بەجۆرێ کە هەر لەکارکەوتنێ لە یەکێك لە ئامێرەکاندا نابێتـە هـۆی لەکارکـەوتنی ئامێرەکانی تر).

٦–فەرمانگـەریی، مەرامـداریی، ئەنـدامیی، هـەروەك لـە بونـەوەرێکی زینـدووی ئەندامیی دا هەیە.

٧–فەرمانگەریی، بێ مەرامیی، میکانیکی، هەروەك لە ئاوێکی هەڵقوڵاودایـە کـە بەهۆی گۆڕانکاری لە حەوزی ڕووبارەکە بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە.

٨–فەرمانگەریی، بـێ مەرامـداریی، ئەنـدامیی، هـەروەك لـە پێکـەوە بەسـتراوی (کۆنتینیۆم) کات–شوێندا هەیە.

---

[1] -J.Jordan, 1968.

هەروەها بیر تیۆرێکی خستووەتەڕوو و ناویبردووە بە (نمونەیەکی لەبار بۆ ژیان) کە لەسەر چوار پرەنسیپی ڕێکخستن بەرپا دەبێت ئەوانیش ئەمانەن[1]:

١-یەکەم پرەنسیپی ڕێکخستن: فرەجۆری و دابەشبوون، ئەویش لە ڕێگای سیستمێکی دامەزراوەییەوە، کە بەلای هاوسەنگیدا بکەوێت، هەروەها دەبێت بەجۆرێ دیزاین بکرێ کە تا بتوانرێ تێچوونەکەی کەمتر بێت.

٢-دووەم پرەنسیپی ڕێکخستن: کەناڵەکانی گواستنەوەی زانیارییەکان لە نێوان یەکەکانی کارگێڕی و پرۆسەکان و ژینگەدا، ئەویش بەشێوەیەك هەریەکەیان ڕازێنرابێتەوە بە وزەیەکی باڵاتر لەوەی کە سیستمە لاوەکییەکە بەرهەمی هێناوەو ڕازێنراوەتەوە پێی.

٣-سێیەم پرەنسیپی ڕێکخستن: هەرکات ئەو زانیاریانە کە دەخرێنە سەر یەکێك لە کەناڵەکان سنورێکی دیاریکراویان تێپەڕاند ئەوا دەکەونە ژێر گۆڕینی وزە، وە دەبێت بڕی گۆڕینی وزە هاوتا بێت بەلانی کەمەوە بە فرەجۆری کەناڵەکە.

٤-پرەنسیپی ڕێکخستنی چوارەم: لەڕاستیدا دەبێت کارکردنی سێ پرەنسیپە پێشووەکە بەردەوام بە تێپەڕبوونی کات دووبار ببنەوە، بەبێ خاوخلیچکی نواندن.

بەڵام سکیتنر پێشنیاری بیست سیفەتی گشتی دەکات کە ئەمانەن، جەختیش لەوە دەکات کە بۆ هەموو جۆرە سیستمەکان گونجاون[2]، ئەوانیش ئەمانەن:

١-پرەنسیپی گشتگیریی سیستم: سیستم بەوە دەناسرێ کۆمەڵێ تایبەتمەندی گشتگیری هەیەو لە هیچ یەك لە بەشەکانیدا دەرناکەون، بەهەمانشێوە بەشەکانیش خاوەنی کۆمەڵێ تایبەتمەندین کە لە سیستمدا بە سیفەتە گشتگیریەکەی دەرناکەون.

---

[1] -S. Beer, Press, 1972.

[2]- Skyttner. سکیتنەر لەم کتێبەیدا لێکۆڵینەوەیەکی رووپێوی و لیستێکی بە ناوی سەرچاوە گشتییەکان لەبارەی تیۆری ڕشتەبەندییەکانەوە پێشکەش کردووە، منیش لێرەدا سودم لێ بینیوە.

٢- پرەنسیپی وزەی زەبەلاح بۆ هەموو سیستمەکە: ئەم پرەنسیپە بەو واتایەیە کە ئەگەر ئێمە هەر سیستمێکی لاوەکی دابنێین، کاتێ کە جیایە لە سیستمە لاوەکییەکانی تر و تا ئەوپەڕی وزەی کاربکات، ئەوا سیستم بە گشتگیریەکەی خۆی تا ئەوپەڕی کار ناکات بە وزەکەی خۆی.

٣-پرەنسیپی تاریککردن: لە تواناادا نیە هیچ سیستمێك بە ناسینێکی تەواو بناسرێ.

٤-پرەنسیپی (بیست و هەشتا): واتە لە هەر سیستمێکی گەورەو ئاڵۆزدا، ئەوا تەنها بیست لە سەدی سیستمەکە توانای هەیە هەشتا لە سەدی بەرهەمەکە بەرهەمبێنێ.

٥-پرەنسیپی قوچکەیی لەسەر یەك کەڵەکەبوو: ڕێکخستنی دیاردە سروشتییە ئاڵۆزەکان لەسەر شێوەی قوچکەیی کەڵەکە بوون، هەر ئاستێکیش تیایدا پێکهاتووە لە چەند سیستمێکی کامڵ.

٦-پرەنسیپی داهاتە زیادەکان: پاراستنی سیستم بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە سەقامگیربوونی لە بارودۆخە شڵەژاوەکاندا ئەوە دەخوازێت کە یەدەکی زیادە لە داهاتە زیندووەکاندا هەبێت.

٧-پرەنسیپی وزە زیادەکان: ئەمیش بەهەمانشێوە، توانابوون لەسەر کارکردنی کارا لە هەر تۆڕێکدا بۆ بڕیارە لەیەك ئاڵێنراوەکان دەخوازێت لێشاوێك لە زانیاری بڕژێنە ناو سیستمەکە.

٨-پرەنسیپی کاتی سەقامگیر: لەڕاستیدا هاوسەنگی سیستم جێبەجێ نابێت مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە کاتی سەقامگیریی لەناو سیستمەکەدا درێژتر بێت لە کاتی شڵەژاوی.

٩-پرەنسیپی قەرەبووی نەرێنی بۆ لەدەستچووەکان: کاتێك پاشەکشەی نەرێنی ڕوودەدات (واتە ئامانجەکان جێبەجێ نەبوون) ئەوا پێویستە باری هاوسەنگی لە

سیستمدا به مەودای فرەجۆری فراوان لە بارودۆخە سەرەتاییەکاندا بە جێگیری بمێنێتەوە.

١٠-پرەنسیپی قەرەبوونی ئەرێنی بۆ لەدەستچووەکان: کاتێك پاشەکەشەی ئەرێنی لە سیستمدا ڕوودەدات (واتە ئامانجەکان جێبەجێ بوون و زیاتر لەوەش)، ئەوا دواتر دەرئەنجامی ڕیشەیی جۆراو جۆر لە بارودۆخی وێکچووی سەرەتاییدا بەرهەمدێن.

١١-پرەنسیپی گێڕانەوەی هاوسەنگی: سیستم ناتوانێ پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات هەتا هەموو ئەو گۆڕدراوە سەرەکییانە کە سروشتەکەی توانای بەرگەگرتنیانی هەیە لە سنوریدا نەمێننەوە.

١٢-پرەنسیپی باری جێگیر: لەپێناو مانەوەی سیستم لە بارێکی هاوسەنگدا پێویستە هەموو سیستمە لاوەکییەکان تیایدا لە بارێکی هاوسەنگدا بن، هەروەها دەبێ لەپێناو مانەوەی هەموو سیستمە لاوەکییەکان لە بارێکی هاوسەنگدا هەمووی سیستمەکەش لە باری هاوسەنگدا بێت.

١٣-پرەنسیپی ڕێکخستنی خودی سیستمەکان: سیستمە ئاوێتەکان هەڵدەستن بە ڕێکخستنی خۆیان، چونکە شێوە بونیادییە جیاکارەکان و شێوە ڕەفتارییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاوێتەبوون و کارلێکی نێوان ڕێکخستنە لاوەکییەکانەوە بەرهەمدێن.

١٤-پرەنسیپی گۆڕەپانە سەقامگیرەکان: سیستمە ئاوێتەکان خاوەنی گۆڕەپانی سەقامگیرن و پلیکانە ناسەقامگیرەکان لەیەکیان جیادەکەنەوە، جا ئەگەر سیستمەکە لە گۆڕەپانی نا سەقامگیردا پارێزگاری لە بوونی خۆی کرد، ئەوا دواتر لە ناکاودا دەگەڕێتەوە بۆ باری گۆڕەپانی سەقامگیر.

١٥-پرەنسیپی زیندوویی: زیندوویی ئەرکێکە لە ئەرکەکانی سیستم و لە هاوسەنگی ڕاست و دروستی نێوان پەرەسەندنی خودی لە نێوان سیستمە لاوەکییەکاندا دەردەکەوێ، لەگەڵ پارێزگاریکردن لەسەر کاملبوونی لەگەڵ سیستمی

سـەرەكیدا، یـان هاوسـەنگی لـە نێـوان نـەگۆڕی هـەمووەكی و پەرەسـەندنی بەشەكاندا.

١٦-یەكەم پرەنسیپی توندوتۆڵكردن: بۆ ئـەوەی توندوتۆڵكردن سـەركەوتوو بێـت پێویستە بەراوردكردنێكی هەمیشەیی و میكانیكی تایبەتمەندییە ڕەفتارییـەكانی بەرانبەر پێوەرێكی پێوانەیی تێدا بێت ، هەروەها دەبێت بەردەوام پێداچوونەوە بە كاری ڕاستكردنەوەی میكانیكی بەدوایدا بێت.

١٧-دووەم پرەنسیپی توندوتۆڵكردن: دەبێ لە پرۆسەی ڕێكوپێككردندا ڕێكـوپێكی هاوتا بێت بە بەیەكگەیشتنی پێكهاتەكانی ڕشتەبەندیی.

١٨-سێیەم پرەنسیپی توندوتۆڵكردن: لە پرۆسەی توندوتۆڵكردندا ئەوا گێڕانـەوەی گۆڕدراوەكان لە ژێر توندوتۆڵكردندا بە هەمان ئاراستە ئەنجامـدەدرێ، هـەروەها لە كاتی كشانی بەرەو قورتاربوون لە ڕێكوپێككردن.

١٩-پرەنســیپی پێداچــوونەوەی گــەڕاوە: بــەردەوام پرۆســەی ڕووپێــویی بــۆ دەرئــــەنجامی كـــاركردن ئەنجامـــدەدرێ، ســـەركەوتنەكان و لایەنـــە شكستخواردووەكانی كاریگەریان هەیە لە هەمواركردنی ڕەفتاری ئایندەدا.

٢٠-پرەنسیپی ئەوپەڕەی هێز: ئەو سیستمانە كە پارێزگاری لەسـەر بـوونی خۆیـان دەكـەن لـە ڕووی كێبڕكێـوە لـە نێـوان بـژاردە جـۆراو جۆرەكانـدا بـریتین لـەو سیستمانە كە گەشـەیان كـردووە بـۆ هـەڵقولانی هێـزی هاتنـەناو كـە زیـاترە لـە هــەڵقولانی لای سیســتمە كێبڕكێكارەكــان، ئــەو هێزانــەش بــەكاردەهێنێ بــۆ جێبەجێكردنی ئەو بەردەوامبوونەی كە پێویستییەكان دەیخوازێ.

سـیفەتی پێكهاتــەی قوچـكەیی لـە سیسـتمەكاندا ئامـاژەی بـە ژمارەیـەك لـە پۆلێنكردنە گشتییەكانی سیستمەكان و سیستمە لاوەكییەكان داوە، بە جـۆرێ كـە چەندین نیشـانەی تایبـەتی بەخشیوە بـە هـەر ئاسـتێك لـە ئاسـتەكانی پێكهاتـەی قوچكەیی. وا لێرەشدا لەمبارەیەوە هەندێ درێژە بە باسەكە دەدەین.

## تیۆرەکانی پێکهاتەی قوچکەیی سیستمەکان:

تیۆرەکانی سیستمەکان هەوڵیانداوە ئاستەکانی تیۆری بۆ پێکهاتەی قوچکەیی سیستمەکان بەشێوەیەکی گشتی دیاری بکەن، لێکۆڵینەوەیان لە پەیوەندی نێوان ئەو ئاستانە کردووە، بۆ نمونە (فیفاز) دەبینین کە زانیاری پەیوەست بە ئاستەکان بەپێی (نمونەی پەرەسەندن) دەخاتە ڕوو، بە شێوەیەك کە بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندی ئەو سیستمانە و ڕەفتاریان لەسەر ئاستێکی دیاریکراو دەبێت لێکۆڵینەوەی ئاستی باڵا و خوارووی بۆ ئاستی داواکراو تێدا بێت[١]. بەڵام بۆڵدینغ لە تیۆرەکەیدا ئەوا ئەو ئاستانە کە ئاوێتەی پێکهاتەی قوچکەیی سیستمەکانی پێدەناسرێ دەبێت بە ڕیزبەندی ئاوێتەیەکی میکانیکی و توندوتۆڵ و ئەرێنی و گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی جەستەیی و زۆربوون و دانیشتوانیی و ژینگەیی و پەرەسەندن و مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆحییە[٢]. بەڵام میلەر وادەبینێ کە ئاستەکانی پێکهاتەی قوچکەیی بۆ (سیستمە زیندووەکان بەم ڕیزبەندییەیە: خانەکان، پارچەکان، گیانەوەرە وردەکان، کۆمەڵەکان، ڕێکخراوەکان، کۆمەڵگا بچوکەکان، کۆمەڵگا گەورەکان، ئەو سیستمانە کە گەلان تێدەپەڕێنێ[٣].

(دی شاردانیش) تیۆرێکی جێگرەوەی هەیە کە بەرپا دەبێت لەسەر ئەقڵ/ ژینگەی بیرکردنەوە، ئاستەکانی پێکهاتەی قوچکەیی لای ئەو بریتین لە: وزە، ماددە، ژیان، حەزو ئارەزووەکان، بیرۆکەکان، ژینکە هزرییەکان[٤]. لازلۆیش چەند ئاستێکی تەریب بەیەکی لە ناو قوچکەکەدا خستووەتەڕوو کە بە شوێن و هونەری وردەکاریی و زانست و پەیوەندییەکان و شێوەکانی حوکمدا درێژ دەبنەوە کە لە

---

[1] -R. Fivaz, press. 1989.
[2] -K. Boulding,…………………1978.
[3] -Miller, Living Systems…………… 1978
[4] -T. de Chardin,…………………..(Without date).

هێڵکاریی ٢-١ (أ) دا دەردەکەوێ[١]. بەڵام (سوك) ئەوا (جۆرەکانی سروشت)ی دابەشکردووە بۆ یەکەکان، پێکهاتە دوالیزمەکان و پسپۆڕییەکان (بڕوانە هێڵکاریی ٢-١ (ب)[٢].

(أ)

| شوێن | هونەریی | زانست | پەیوەندییەکان | حوکم |
|---|---|---|---|---|
| ئەشکەوت/ چادر | وزەی مرۆیی | وێنەی هیرۆغلیفی | خێزان | ڕاوکردن |
| گوند | وزەی ئاژەڵیی | پیشەکییەکانی زانست | نوسین بە هێماکان | ئاستی خێڵەکیی |
| شارۆچکە | ئامرازە کانزاییەکان | ماتماتیک | نوسین بە پیتەکان | ئاینی تیۆکراتی |
| شار | هونەری ئامێرەکان | هزرەکانی نیوتن | بەیەکگەیشتنی میکانیکی | حکومەتی نەتەوەیی |
| وڵاتە یەکگرتووەکان | سەردەمی کۆمپیوتەر | تیۆری ڕێژەیی ئەنشتاین | بەیەکگەیشتنی کارەبایی | سەروەری بۆ گشت گەلانی جیهان |

**خشتەی ٢-١: (أ) پێکهاتە قوچکەییە تەریبەکان لای لازلۆ**

(ب)

| یەکە | پێکهاتە دووانەییەکان | سیستم |
|---|---|---|
| ئەقڵی کۆمەڵییانە | کەلتور/ کۆمەڵگا | کۆمەڵایەتیی سەرووی بایۆلۆجی |
| ئەقڵ | بەڵگەنەویست/ ئەقڵ | سەرووی بایۆلۆجی |
| بونەوەری ئەندامیی | جۆر/ تاک | کۆمەڵایەتی- بایۆلۆجی |
| خانە | جیناتی بۆماوە/ جەستە | زیندەزانی |
| گەردیلە | خولگە/ ئەلیکترۆنات | کیمیاناسی |
| بەشیی | وزە/ قەبارە | زانستی فیزیک |
| شێوە | بەردەوام/ جیاکەرەوەی پێکهاتەکان | ماتماتیک |

**خشتەی ٢-١ (ب) پێکهاتەی قوچکەیی سوك بۆ (پۆلێنکردنە سروشتییەکان)**

Laszlo, Ervin..........................1972. -1
J. e. Salk, ......................1983. -٢

جگە لەم توێژەرو بیرمەندانە کەسانی تر هەن کە لەسەر هەمان بابەت قسەیان هەیەو تیۆریان پێشنیار کردووە وەك کیرشنەر، کیلەر، کوك، تشیکلاند، باوەرز، کاتز وەخان، باولەر، سکیتنەر، بیر، ماتیرنا، فالیرا و هیتریش کە بەدەوری هەمان مەسەلەدا دەسوڕێنەوە، بەڵام بەو مەبەستە کە پوختەیەك لەسەر بیروبۆچوونیان بخەینە بەردەم خوێنەر دەستکۆتا بووین بە خستنەڕووی تیۆری ئەم چەند توێژەرەی سەرەوەیان[1].

لەڕاستیدا ئەم کتێبە وەك (ڕشتەبەندییەك)ی کراوە کە ئاوێتە دەبێت لەگەڵ دەقەکانی وەحی و ڕلستییەکانی ژیاندا مامەڵە لەگەڵ بنەماکانی تەشریعی ئیسلامیدا دەکات، ئینجا حوکم و ئاراستەکانی لێ پەیدا دەبێت. ئەم ڕشتەبەندییەش هەڵگری پێکهاتەیەکی قوچکەییە کە پێکهاتووە لە ڕشتەبەندییە لاوەکییەکان و چارەسەری جۆرەها بابەتی ئوسوڵی دەکات. بەڵام ناتوانین کار بە هیچ یەك لەو تیۆرانە بکەین کە لەپێشەوە هێنامانن تا ببنە ڕێسایەك بۆ شیکردنەوەی ڕشتەبەندی کە لەم کتێبەدا داواکراوە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە کە زۆر بەکورتی دەیانخەینەڕوو:

یەکەم: زۆربەی ئەو تیۆرە ڕشتەبەندییانە ئاراستەیان بەرەو ڕشتەبەندی بونەوەری ماددییە، لەبەرئەوە بەپێی لێکۆڵینەوەمان بۆ جیهانی فەلسەفە و تەشریع ئەوانە گونجاو نین چوون خۆیان جێبەجێ بکرێن.

دووەم: زۆرێك لەو پۆلێنکردنانەی سەرەوە ئاسانکەر بوون: دوالیزمەیی دابەشکردن و یەکلایەنی ڕەهەند، بە پێچەوانەی نیشانە فرە ڕەهەندەکانی ڕشتەبەندییەکانن کە لێرەدا کاریان پێدەکەین.

---

[1] –J.W. Kirchner. 1983. G. Klir. 1985. N.Cook, 1980. Peter Checkland, 1999. W.T. Powers, 1973.

لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە بڕیارمدا کۆمەڵەیەکی نوێ لە نیشانەکانی ڕشتەبەندی بخەمەڕوو کە لە پرۆسەی شیکردنەوەی گشتگیردا کە لەم کتێبەدا پێی هەڵدەستین بەکار دەهێنرێن، هاوکات دەکرێ لە باسی شیکردنەوەکانی تردا بۆ ڕشتەبەندییە ئاینی یان کۆمەڵایەتی یان یاسایی تر سودگەیەنەربن.

**ڕشتەبەندیی و نیشانە پێشنیارکراوەکانی بۆ شیکردنەوەی ویستراو:**

ئەم کتێبە وادادەنێ کە تەشریعی ئیسلامی بە بنەماکانییەوە بریتییە لە (ڕشتەبەندییەك) و بەپێی ژمارەیەك لە نیشانەکان شیکردنەوەی بۆ دەکرێ. دواتر هەڵدەستم بە پێشنیارکردنی ژمارەیەك لە نیشانە دیاریکراوەکانی ئەو ڕشتەبەندییە، پاساویش بۆ بەکارهێنانی هەریەك لەو نیشانانە بەپێی ڕەچاوکردنی دوو فاکتەر دەبێت: یەکەم: بەپێی تیۆری ڕشتەبەندییەکان، دووەم: بەپێی زانستی کەلام یان فەلسەفەی ئیسلامی. بەم پێیە ئەوا شیکردنەوە گشتگیرەکان لەم کتێبەدا ڕووبە ئاراستەی ئەم شەش نیشانەیەن: (١) سروشتی پەیپێبردن لە ڕشتەبەندییەکاندا، (٢) گشتییەتی، (٣) کرانەوە، (٤) پێکهاتەی قوچکەیی کە پەیوەندی نێوانییان هەیە، (٥) فرە ڕەهەندی، (٦) مەرامداریی یان مەبەستداریی.

**(١) سروشتی پەیپێبردن لە ڕشتەبەندی تەشریعی ئیسلامی دا:**

**یەکەم: بەپێی تیۆری ڕشتەبەندیی:** پێشتر ڕوونمانکردەوە کە (پەیوەندی پێکەوەبەستن) بە تێڕوانینی تیۆری ڕشتەبەندییەکان بریتییە لەو ڕووبەرە فەلسەفییە مامناوەندە کە (چەسپاندن) لای واقیعگەراکان و (دوالیزمەیی) لای ناوییەکان بە یەك دەگەیەنێت، واتە باشترین وەسفکردنە بۆ پەیوەندی لە نێوان ئەو ڕشتەبەندییانە کە گریمانەی ئەقڵین و نێوان حەقیقەتدا. زاراوەی (سروشتی پەیپێبردن لە ڕشتەبەندییەکاندا) دەربڕینێکی ترە دەربارەی ئەو پەیوەندییە، بەڵام

ئـەوەی لـەو بـوارەدا کـە بەلامانـەوە گرنگـە ئەوەیـە کـە ڕشـتەبەندی گریمانـەکراو بریتییە لەو بۆچوونە کە لە (زەینی فەقیهدا پەیدا دەبێت نەك لە زەمینەی واقیعدا)، ئەمەش لە حاڵێکدا بمانەوێ لە گوتەکانی ئیبن تەیمییە سوود وەربگرین[1].

**دووەم: بەپێی فەلسەفەی ئیسلامی:** ئەوا فیقه کۆششێکی مرۆییە لەبەرئەنجامی کردارەکانی زەین و ئیجتهادەوە بەرهەمدێت، ئەویش بە پشتبەسـتن بـە دەقـەکانی قورئان و سوننەت، کە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو مانایانە کـە مەبەسـتن یـان واتـا کردارییەکان. زانایانی کەلام و ئوسوڵییەکان فێریان کردووین کـە خـوای گـەورە بـە فیقهناس وەسفناکرێت چونکە هیچ شتێك نیە شاراوەبێت لەو زاتە، بەڵام فیقهنـاس شتانێك هەن شاراوەن لێی[2]. لەبەرئەوە ئەوا فیقه پرۆسەیەکی پەیپێبردنی مرۆییە[3]، تێگەیشـتنی مرۆییـە[4]، مـەرجیش نیـە شـایانی هەڵـەکردن نـەبێت واتـە هـەردەبێ خستنەڕوویەکی ڕاستەوخۆ بێت بۆ ئەوەی کە مەبەستی خوای گەورەیـە. (عـەینی) ئەمە راڤە دەکات و دەڵێ: (فیقـە واتـە تێگەیشـتن، تێگەیشـتنیش دەخـوازێ بـاش پەیپێبردن هەبێت، پەیپێبردنیش هێزێکە بە دەرککردنێکی ئەقڵی توانایی لە مرۆڤدا دروست دەکات لە پێکەوەبەستنی وێنەو مانا گشتگیرەکان[5]. بەیهەقی نوسیویەتی و دەڵێ: (فیقه بە واتا وردو پڕاوپڕەکەی بریتییە لە گومان نەك زانست، چونکە زانست بابەتێکی ترە، باوەڕبوونیش بەوە کە: فلانە حوکم بەپێی مەبەسـتی خـوای گـەورە

[1]- کتب و رسائل و فتاوى، أحمد إبن تيمية، الرياض ط٢ ب ١٩، ل/١٣١.

[2]- مجمع الأنهار، عبدالرحمن شيخزادة، بيروت، ١٩٩٨، ب١، ل/١١

[3]- التقرير والتحرير في أصول الفقه، إبن أمير الحاج، بيروت، ١٩٩٦، ب١، ل/٢٦.

[4]- كتب ورسائل وفتاوى، إبن تيمية، ب١٣، ل/١١٣.

[5]- عمدة القاري شرح صحيح البخاري، بدرالدين العيني، بيروت، ب٢، ل/٥٢.

دراوە، ئـەوە گوتەیەکـە مەحالّـە بسـەلمێنرێ)[1]. کەواتـە نیشـانەی (سروشـتی پـەیپێبردن لـە تەشـریعی ئیسـلامی دا) نیشـانەیەکی سـەرەکییە لـەپێناو زۆر پێویستبوونی بە قبولّکردنی فرە میتـۆدی و فـرە سەرچاوەیی لـە نێـوان مەزهەبـە ئیسلامییەکاندا، لە داهاتووشدا بە درێژی دەچینەوە سەر ئەم باسە.

**(٢) هەمووەکیی ڕشتەبەندیی تەشریعی ئیسلامی:**

**یەکەم: بەپێی تیۆری رشتەبەندیی:** پێشتر روونمانکردەوە کە خالّی سـەرەکی جیاکاریی بۆ شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی لەسەر شیکردنەوەی (بەش بەشـکردن) لـە تێڕوانینی فەلسەفەی ڕشتەبەندییەکانەوە بریتییە لە سروشتی هەمووەکی گشتگیر، ئـەویش لەبەرانبـەر تێڕوانینـی بەشـییەتی/گەردیلەیی کلاسـیکییەوە. یـەکێك لـە نیشانەکانی میتۆدی بیرکردنەوەی مرۆیی کە تا سـەردەمێکی نزیـك زالّ بـوو بریتـی بوو لـە بیرکردنـەوەی بەشـیی کـە بـەرپابووە لەسـەر پەیوەنـدی یـەك هـۆ بـە یـەك دەرئەنجامەوە، لە سەرەتای ئـەم بەشـەدا ئـەوەمان خسـتەڕوو، بـەلاّم لـە ئێسـتادا توێژینەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر زانستییە سروشـتیی و کۆمەلاّیەتییەکانـە کـە لـە جووڵەدایـە ئـەویش لـە میتـۆدی (شـیکردنەوە بـە پارچـە) بـە پەیوەندییـە کلاسـیکییەکانی و دەسـتەواژە لۆژیکیەکانیـەوە، بـۆ ڕاڤـەکردنی هـەموو دیـاردە سروشتی و کۆمەلاّیەتییەکانی لە پێگەی ڕشتەبەندییە هەمووەکییەکانـەوە[2]. بـەڵکو کۆتا شتێك کە زانست لە ئەمڕۆدا پێیگەیشتووە بۆمان دەردەخات تەنانەت دوالیزمە سروشتییە سەرەکییەکان، وەك کات و شوێن، ماددەو وزە، جەستەو ئەقلّ، ئەوا بە بێئـەوەی کـە گریمانـەی نزیککـەرەوە دابنـێین ناتوانرێـت بـە تـەواوەتی لەیـەك

---

[1]– الإبهاج في شرح المنهاج، علي السبكي، بيروت، ١٩٨٣، ب١، ل/٣٩.

[2] -Laszlo, P. 4.

جیابکرێنـــەوە[1]. چـــونکە تیـــۆری ڕشـــتەبەندییەکان وادەبینـــێ کـــە تـــەواوی پەیوەندییەکانی هۆکار و دەرئەنجام وەك بەشێك وان لە وێنە گشـتییەکە، لـە کـۆی پەیوەندییـــەکانی نـــاو ڕشـــتەبەندییەکە تایبەتمەنـــدی نـــوێی لێ بەرهەمـــدێت، ئـــەو پەیوەندییانەش لەنێوان خۆیاندا پەیوەندی دەکەن بۆ ئەوەی (گشتێك) کـە زیـاترە لەوەی کە تەنها کۆی بەشەکان بێت.

**دووەم: بەپێی فەلسەفە ئیسلامی:** ئێمە دەبینین هەر حوجییەتێك کە فیقهناسان بۆ نمونە شاتیبی ناویانبردووە بە (بەڵگەی گشتی) لە بنەما نەگۆڕەکانی تەشـریعی ئیسلامییە[2]، تەنانەت فیقهناسان ڕێگا نادەن کە (بەڵگەی هەندەکی بەڵگەی گشـتی پووچەڵ بکاتەوە)[3]. بەدڵنیایی کە زیندووکردنـەوەی میتـۆد و زمـانی بیرکردنـەوەی گشتی لە باسکردنی ئوسـوڵی فیقهـدا سـودمەند دەبێـت نـەك تـەنها بـۆ فەلسـەفەی تەشـریعی ئیسـلامی بـەڵکو بـۆ زانسـتی کـەلامیش، ئەمـەش بـەپێی ڕشـتەبەندییە هاوچـەرخەکان بـە مەبەسـتی گەیشـتنە بـە بەڵگـەی لـۆژیکی زیـاتر، لەنێویشـیاندا بەڵگـــەکانی ســـەلماندنی بـــوونی خـــوای گەورەیـــە، هـــەروەك پێشـــتر بـــە کـــورتی باسمانکردووە.

### (٣) نیشانەی کرانەوە لە ڕشتەبەندیی تەشریعی ئیسلامی دا:

**یەکەم: بەپێی تیۆری رشتەبەندیی:** تیۆریزەکارانی ڕشتەبەندییەکان جیاوازییان خستووە لە نێوان ڕشتەبەندییە کراوەکان و داخراوەکانـدا، جـەختیان کردووەتـەوە کە هەر (ڕشتەبەندییەکی زیندوو) دەبێت کراوە بێت[4]. ئەمەش دەچەسـپێت بەسـەر

[1] -Alfred Korzybski. 1958. P. xxxviii

[2]– بۆ نمونە دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ کتێبی البرهان في أصول الفقه، عبدالملك الجويني، ط٤، ب٢، ل/٥٩٠، و الموافقات في أصول الشريعة، إبراهيم الغرناطي الشاطبي، تحرير عبدالله دراز، ب١، ل/٢٩.

[3]– الموافقات، الشاطبي، ب٢، ل/٦١.

[4] -Maturana, P. v.

بونەوەرە زیندووەکاندا، هەروەها بەسەر هەر ڕشتەبەندییەکدا کە مەبەست بە مانەوەی هەبێت[1]. پێشتریش باسمانکردووە کە بیرتالانفی هەردوو نیشانەی کرانەوەو مەرامداریی لە تیۆرە ڕشتەبەندییەکەیدا بەستوەتەوە بەیەکەوە لەگەڵ (فرەجۆری کۆتاییەکان و یەکسانبوونیان)، واتە ڕشتەبەندیی کراوە خاوەنی توانایی بێت لەسەر گەیشتن بە هەمان ئامانج لە هەموو بارودۆخە سەرەتاییە جۆراو جۆرەکاندا، وە لە ڕێگای کۆمەڵە ئەلتەرناتیفێکەوە کە لە ڕاستییاندا یەکسانن. ئەوەش پێی دەوترێ (بارودۆخی سەرەتایی) ئەوا ئەو فاکتەرە کاریگەرانەن کە لە ژینگەوە پەیدا دەبن، کەواتە ڕشتەبەندیی کراوە ئاوێتە دەبێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا کە لە دەرەوەی ڕشتەبەندییەکەیە، بەپێچەوانەی ڕشتەبەندییە داخراوەکان کە دابڕاون لە ژینگە.

**دووەم: بەپێی فەلسەفەی ئیسلامی:** جا هەرچەندە ڕشتەبەندیی تەشریعی ئیسلامی بەو مانایە کە باسمانکرد ڕشتەبەندییەکی (کراوە) و (نوێبووەیە). بەڵام ژمارەیەك لە فیقهناسان هێشتا هەر بانگەشە بۆ (داخستنی دەرگای ئیجتهاد لە بنەماکاندا)[2] دەکەن، ئەمەش لەڕاستیدا لەباریدایە کە تەشریعی ئیسلامی بگۆڕێت بۆ (ڕشتەبەندییەکی داخراو)، کە تەنانەت لە دواجاریشدا سەردەکێشێ بۆ (دۆگمایی–چەقبەستوویی) تەشریعی ئیسلامی، واتە وەستانی لەوەی بتوانێ ئاوێتە ببێت لەگەڵ داخوازییەکانی سەردەم و واقیعدا. ئەم بانگەشەیە لە کاتێکدایە کە هەموو مەزهەبە فیقهییە ناسراوەکان و زۆرینەی زۆری فیقهناسان بەدرێژایی سەدەکان کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە ئیجتهاد مەسەلەیەکی زەرورییە لە فیقهی ئیسلامیدا، چونکە دەقە (تایبەتەکان) بە پایان دەگەن بەڵام ڕووداوەکان کۆتاییان

---

[1] -VonBertalanffy

[2]– مجلة الأحكام العدلية، جمعية المجلة، ل/١٠٠.

نایەت[1]. لێرەوە ئوسولێیەکان هاتوون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و مەسەلە نوێیەکاندا میکانیزمی دیاریکراویان پەرەپێداوە، یان بە دەستەواژەی ڕشتەبەندیی فیقھ (لەگەڵ ژینگەدا ئاوێتە دەبێت). هەندێك لەو میکانیزمانە کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە نوێیەکاندا دەرکەوتن بریتین لە پێوانەگیریی و بەرژەوەندی و بەهەندگرتنی عورف. بەڵام ئەم میکانیزمانە، هەروەك لەمەو پاش دەردەکەوێت، لە ئێستادا پێویستییان بە نوێبوونەوە هەیە تا (نەرمییەکی گەورەتر) بە تەشریعی ئیسلامی ببەخشن، تا بتوانێ لەو ڕێگایەوە وەڵامگۆ بێت لەگەڵ بارودۆخە خێرا گۆڕدراوەکان لەم سەردەمەدا. لەبەرئەوە ئەوا میکانیزمەکانی (کرانەوە) و پلەکانی دەبێتە یەکێك لەو نیشانانە کە پشتی پێدەبەستین لەو شیکردنەوە ڕەخنەییدا کە دواتر پێشکەشی ڕشتەبەندیی بنەماکانی ئیسلامی دەکەین، هەروەها بەو ڕشتەبەندییە لاوەکییانە کە پەیوەندن بە میکانیزمە ئیجتهادییە جۆراو جۆرەکانەوە.

## (٤) پێکهاتەی قوچکەیی ڕشتەبەندیی ئیسلامی و دابەشکردنە میانەییەکانی:

شیکردنەوەی ئەوە کە دەمانەوێت وەك پێکهاتەیەکی قوچکەیی بۆی بڕوانین شیکردنەوەیەکە بریتییە لە تێڕوانینی سەرەکی و باو لە شێوازەکانی ڕشتەبەندیی و بەش بەشکردنی چوونیەك. جا ئەگەر لە باسی پێشووماندا ژمارەیەك لە تیۆرە گشتییەکانمان بۆ پێکهاتە قوچکەییەکان و پراکتیزە سنوردارەکانیان خستبێتە بەرچاو، ئەوا باسەکە لێرەدا بریتییە لە تیۆری دابەشکردن یان پۆلێنکردن لە زانستی پەیپێبردندا، ئەوەش وەك هەوڵێك بۆ دەرهێنانی ستراتیژی پۆلێنکردنی گشتی گونجاو بەو بابەتە کە لەبەردەستماندایە. کەواتە دابەشکردنی ڕشتەبەندی گشتی بۆ دەستەو

---

[1]– قواطع الأدلة في الأصول، أبو مظفر السمعاني، بيروت، ب٢، ل/٨٤. المستصفى في علم الأصول، أبو حامد الغزالي، ط١، ب١، ل/٢٩٦. إعلام الموقعين، شمس الدين إبن القيم، ب١، ل/٣٣٣.

بەشەکان پرۆسەیەکە کۆشش دەکات بۆ جیاکردنەوەی جیاوازییەکان یان هاونمونەیی لە نێوان نیشانەکانی ئەو بەشانەدا، هەر نیشانەیەکیش ڕەهەندێك دیاری دەکات لە پانتایی نیشانە فرە ڕەهەندەکان، بەم پێیەش، ئەوا ئەو بەشانە کە نیشانەی هاونمونەیی زاڵە بەسەریاندا دەچنەوە سەر هەمان کۆمەڵە یان دەستەیە، ئەو بەشانەش کە نیشانەکانی جیاوازی زاڵە بەسەریاندا ئەوا سەر بەو کۆمەڵە یان دەستە جیاوازەن[1]. ئەم کارە یەکێکە لە زۆرترین کارە دەرکپێکراوە سەرەکییەکان و گرنگێتی خۆی هەیە، کە خەڵکی لەو ڕێگایەوە هەڵدەستن بە تێگەیشتن لەو زانیاریانە وەریاندەگرن، هەروەها گشتاندنەکان و پێشبینییەکان دادەڕێژن، ناو و نازناو دەدەن بەسەر توخمە جۆراو جۆرەکان و هزری ئەو شتەدا کە لە سەروبەندی توێژینەوەدایەو بەپێی ئەوە هەڵیدەسەنگێنن[2].

لە زانستی پەیپێبردندا دوو لێکدانەوەی تیۆری بۆ پرۆسەی دابەشکردن یان پۆلێنکردن هەیە، ئەوانیش بە بۆچوونی من ڕەنگدانەوەی دوو شێوازی ئەلتەرناتیفن بۆ دابەشکردنی شتەکان بۆ دەستە جیاکارییەکان، ئەو دوو لێکدانەوە ئەلتەرناتیفە ئەمانەن: (١) دابەشکردنێ کە لەسەر (وێکچوونی نیشانەکان)، بونیاتنراوە (٢) دابەشکردنێ کە لەسەر (چەمکە ئەقڵییەکان)[3] بونیاتنراوە.

دابەشکردنی شتەکان بۆ دەستەکان بەپێی وێکچوونی نیشانەکان (١) کۆشش دەکات بۆ دۆزینەوەی لایەنەکانی وێکچوون و جیاوازی کە ناوی دەبەن بە (سروشتی) لە نێوان ئەو شتانەدا کە دابەشدەکرێن بەسەر دەستەکاندا، هەر وێکچوون و جیاوازییەك لە نێوان دوو شتدا بەپێی چەسپاندن یان جیاوازییان پێوانە دەکرێن ئەویش بەپێی (نیشانە) یان سیفەتی سروشتی کە پێشتر دیاریکراوە[4]. لە

---

[1] -G.Auda. PHD, 1996. P.19.

[2]- سەرچاوەی پێشوو. ل/٦.

[3] -Robert A. Wilson and Frank., 1999. P.104-05.

[4] -Auda, 1996. P.32.

ڕێگای چەسپاندنی نیشانەکە حوکم بەسەر شتەکەدا دەدات بەوەی کە سەربە دەستەیەکی دیاریکراوە لەگەڵ نیشانەکانی (نمونەی نمونەیی دا) کە بە وێناکردنێکی تەواوەتی وێنای ئەو دەستەیە دەکات[١].

بەڵام بەپێی شێوازەکەی تر، ئەوا لە جیاتی دابەشکردنیان بەپێی وێکچوون و جیاوازی لە نێوان نیشانەکانیاندا، دابەشکردنی شتەکان بۆ دەستەکان بەپێی چەمکە ئەقڵییەکان دەستەکان دیاری دەکات. (٢) چەمکی ئەقڵیش بریتییە لە پرەنسیپێك یان تیۆرێك کە لەبەرچاودا نیە، لە دەرکی ئەو کەسەدا چاپ دەبێت کە هەڵدەستێ بە پۆلێنکردنەکە، بەجۆرێ کە پێکەوەبەستنی پێکهاتەیی لە نێوان هۆکارگەریی و ئەو لێکدەرەوانەدا کە چوارچێوەیەکی بونیاتگەری پێکدێنن چاپ دەبێت. چونکە چەمکەکە وەك نیشانەیەکی سادە نیە بەوە وەسفبکرێ ئایا دەچەسپێ یان ناچەسپێ بەسەر شتە پۆلێنکراوەکەدا، بەڵکو ئەو بریتییە لە کۆمەڵە پێوەرێکی فرە ڕەهەند، کە دەکرێ لە یەك کاتدا ببێتە بناغەیەك بۆ دابەشکردنی شتەکان، بۆ چەندین دەستە، هەروەها چەمکەکە کۆمەڵێك دەستە بەرهەمدێنێت کە مەرج نیە هەموو یەکلاکەرەوەو سنور ڕوون و دیاربن، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵە دەستەیەکن پێیان دەوترێ (نزیکەرەوە) یان (ناڕوون ) یان (گومانیی)[٢]، واتە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان دەستەکاندا ژمارەیەکی ڕوون نیە یان هێڵێکی دیاریکراو بێت،

---

[١]- دەگونجێ نیشانەکان بینراوبن یان ئەندامیی بن یان ژمارەیی، یان کۆمەڵە فاکتەرێك بن، بۆ نمونە دەکرێ پۆلێنی ژمارەیەك لە شتەکان بەپێی نیشانەکانی ڕەنگ، یان قورسایی، یان قەبارە، یان نرخ، یان شێوە بکرێت، وە هەروەها. چونکە هەریەك لەو نیشانانە دەکرێ ژمارەیەك لە پۆلێنکردنەکانی لێ پەیدا ببێت، چونکە پۆلێنکردن بۆ نمونە، ئەوەیە کە مرۆڤ چۆن چۆنی هەستکردنی بە ڕەنگ لە چەند وشەیەکدا دیاری بکات، کە جیاوازن بەپێی جیاوازی زمان و کەلتورەکان، کاریگەر دەبێت بە ژمارەیەك فاکتەری دەروونی–ماددی و دەماریی و فەسیۆلۆجی.

[2] -G.Auda and M.Kamel. 2000. P.584.

بـەڵكو هەڵسـەنگاندنێكی كەسـێتییە كـە دەكـرێ لـە سـنوری (ئـەقڵگیری)دا لـە كەسێكەوە بۆ كەسێكیتر جیاواز بێت [١].

لەڕاستیدا ڕەخنەگرتن لەسەر بنەمای نیشانەكان ئاراستـەی پـۆلێنكردن كـراوە، ئەویش بەهۆی بوونی ژمارەیەك لایەنی كەموكورتی تیایدا، بەڵام لەو پۆلێنكردنانەدا كە لەسەر چەمكە ئەقڵییەكان بونیاتنراون ئەو كەموكورتییانە بوونیان نیە. لێرەشدا هۆیە تیۆرییەكانی پشتەوەی بە باشزانینمان بۆ شێوازەكانی پـۆلێنكردنی شـتەكان بۆ دەستەكان لەسەر بنەمای چەمكەكان لـە جیـاتی پۆلێنكردنیـان لەسـەر بنـەمای نیشـانەكان دەخەینـەڕوو، ئـەم هۆیانـەش كـە لێـرەدان دواتـر بـەكاریان دێـنین لـە ڕەخنەگرتن لە شـێوازی كلاسـیكی لـە دابەشـكردنی مەزهەبـە فیقهییەكانـدا لەسـەر بنەمای نیشانە ساكارەكان دەڵێن گوایا لە یەكیان جیادەكاتەوە:

(أ) بێگومـان شـێوازەكانی پـۆلێنكردن كـە لەسـەر بنـەمای چـەمكەكان بونیـات دەنرێت پۆلێنكردنێكی تەواو و ڕشتەبەندییە، بەپێچەوانەی ئەو شێوازانە كە لەسـەر نیشانەكان بونیاتنراون، چونكە ئەم دواییـنە مامەڵە لەگەڵ شـتەكاندا دەكـات وەهـا كـە لیسـتێك بـن لـەو سـیفەت یـان نیشـانانە كـە پەیوەنـدییان بـە یـەكترەوە نیـە، بەمشێوەیە زۆرێك لە زانیارییە بەهادارە پێویستەكان بۆ شیكردنەوە وندەبن.

(ب) لەوانەیـە ئـەو شـێوازانە كـە لەسـەر نیشـانەكان بونیـاتنراون جـۆرە گشتاندنێكیان لێبكەوێتەوە كە زیادەڕەویان تێدا بكرێ، ئەویش لە ڕێگـای داڕنینـی

[١]- لـەو نمونەیـەدا كـە هێنامانـەوە دەتـوانرێ هـەمان ئـەو شـتانە لـە میانـەی یـەكێك لـە چـەمكەكاندا پۆلێنبكرێن، وەك چەمكی (سودمەندیی). چونكە (سودمەندیی) هەر شتێك نیشانەیەكی سادەی نیـە كـە حوكمی بەسەردا بدرێ كە ڕاستە یان هەڵەیە، واتە شـتەكە (سـودێكی هەیـە) یـان (سـودی نیـە). بـەڵكو سودمەندیی لەوانەیـە تێكەڵەیـەكی لێكئـاڵێنراو بێـت لـە: نرخـی شـتێك، بـەهای جوانییەكـەی، ڕۆڵـی لـە كۆمەڵگایەكدا، چەندین ڕەهەندی تـریش. كەواتـە هێڵـی (ناڕوون) لـە نێـوان جۆرەكانـدا، وەك ئـەوە كـە سودی باڵای هەیە، یان سودەكەی مامناوەندە یـان سـودەكەی نزمـە، ئـەوا ئـەوە ژمارەیـەكی ڕوون یـان پێوەرێكی ڕوونی نیە.

برێکی زۆر لە زانیارییەکان بۆ دانی بڕیاری ساکار دەربارەی بوون یان نەبوونی یەکێك یان زیاتر لە نیشانەکان.

(ت) ئەو پۆلێنکردنانە کە لەسەر نیشانەکان بونیاتنراون ڕێگا بە بوونی چەندین جۆر لە ئاستەکان لە بوون بە ئەندام لەو شتەدا کە لە دەستەکەیدایە نادات، چونکە بونیاتنراون لەسەر شێوازی دابەشکردنی حەتمی لە دەستە چەقبەستوەکاندا، چونکە حوکمدان لەسەر ئەندامبوونی شتەکە لە دەستەی خۆیدا بە ڕاست یان هەڵە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوەو توندە.

(پ) لە پرۆسەی دابەشکردن بۆ دەستەکان لەسەر بنەمای نیشانەکان، هەندێجار لەپێناو پارێزگاریکردن لەسەر گونجاندنی نیشانەکان ئەوە ڕوودەدات کە نیشانەیەکی گرنگ پۆلێنکردنی دوالیزمەیی تیایدا جێبەجێ نابێت، واتە یان ئەوەتا بوونی هەیە یان بوونی نیە.

لەبەرئەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە چەمکەکان دەبەستێت وەك بنەمایەك بۆ دابەشکردنی دەستەکان–هەر دەستەیەك بێت–، ئەمەش پراکتیزە دەکرێ لەسەر ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی و مەزهەب و ڕێبازو بەرنامەکانی، هەروەك لە دووتوێی ئەم باسەدا ئەو لایەنانە لەو دەستانەدا کە ڕەخنەگرتن دەیانگرێتەوە ڕووندەکەینەوە کە سنوریان لەسەر بنەمای نیشانەکان زانراوە. بەڵام دابەشکردنەکان لەم باسەدا تەرخان نیە تەنها لەسەر پێکهاتەی قوچکەیی یان درەختیی، بەڵکو شیکردنەوەی لەدوای ئەوەش دەڕوات بەرەو شیکردنەوەی پەیوەندییە نێوانییەکان لە نێوان چەمکە لاوەکییەکان، بێئەوەی تەرخان بکرێ لەسەر شیکردنەوەی لۆژیکی رواڵەتی، هەروەك لە پێوانەگیریی ئەرستۆدا یان زنجیرە دەرئەنجامە دەرهێنراوەکانی لای ڕاسل هەیە، بەڵکو شیکردنەوە چڕدەبێتەوە لەسەر ئاسەواری کرداریی لە جێبەجێکردنی حوکمە فیقهییەکان کە لەسەر ئەو چەمکانە بونیاتنراون.

**(٥) فرە ڕەهەندی ڕشتەبەندیی شەریعەتی ئیسلامی:**

**یەکەم: بەپێی تیۆری رشتەبەندیی:** لێرەدا دوو ڕەهەندی گرنگ و بە هەندگیراو لەنێو زاراوەکانی فرە ڕەهەندی ڕشتەبەندییەکاندا بوونیان هەیە، ئەوانیش ڕەهەندی پلەو ئاستن، پلەی ڕەهەندەکان، بریتییە لە ژمارەی ئەو ڕەهەندانەی بوونیان هەیە لەو (بوارەدا) کە دەکەوێتە ژێر توێژینەوە. بەڵام ئاستی ڕەهەندەکان بریتییە لە ژمارەی ئاستەکان یان ئەو برە ڕێژەییانە کە لە تواناداییە بوونیان هەبێت لە هەر ڕەهەندێکدا. فەلسەفەش لە وێنە باوەکەیدا مەیلی بیرکردنەوەی لە میانەی یەک پلەو دوو ئاستدایە، ئەو دەڕوانێتە دیاردەکان، بەڵکو تەنانەت ئەو هزرانەش کە (ئارەزووی دژ)یان هەیە، ئەوەش لە میانەی تەنها یەك پێوەردا، لەسەر ئەمەش ئەوا دیاردەکان یان هزرەکان (دژ بە یەکن)، نەك وەها کە (تەواوکاربن)، دێت بە شێوازی هەڵبژاردنی حەتمی شیکردنەوە بۆ هەریەك لە دوو دژەکە دەکات، نەك لەسەر شێوازی گەورەکردنی دەستەکەوتەکان بۆ هەردوو لایەنەکە[1]. کەواتە بەپێی ئەم تێڕوانینە بەردەوام گوزارشت لە دیاردەکان و هزرەکان لەسەر بنەمای بەرانبەرکێ لە نێوان دوو بەشی دژ بە یەك دەکرێ کە مەحاڵە کۆبکرێنەوە یان میانگیریی لە نێوانیاندا بکرێ.

بۆ نمونە، خەڵکی وا گومان دەبەن کە بە حەتمی دەبێت هەڵبژاردن لە نێوان ئاین و زانستدا بکەن، لە نێوان ئەزموونیی و لۆژیکی، لە نێوان ماددی و غەیبی، لە نێوان واقیعی و ناویی، لە نێوان هەڵێنجان و دەستکەوتنی دەرئەنجامدا بکرێ، لە نێوان گشتی و تایبەتدا، لە نێوان دەستەجەمعی و تاکییدا، لە نێوان پێشختنی مەرام و پێشختنی ڕەوشتدا بکرێ، لە نێوان ئەقڵ و ماددەدا، لە نێوان بابەتی و بە تاکەکەسیدا بکرێ، ئیتر ئا بەوشێوەیە هیتریش بڵێ. ئەو چەمکە بەرانبەریەکانە کە باسمانکردن هەموویان بیرکردنەوەی تاکلایەنی و ڕەهەندی تاکلایەنی پلە دەنوێنن،

---

[1] -Jamshid Gharajedaghi, 2004. P. 38.

بەجۆرێ کە بیرکردنەوە چڕکراوەتەوە لەسەر تەنها یەك فاکتەر، لە کاتێکدا کە دەکرێ ئەو جووتە لە دیاردەکان یان هزرەکان بەپێی ڕەهەندەکانی تر (تەواوکار) بن، چونکە لەوانەیە زانست و ئاین دژ بەیەك بن–ئەمەش بەهەر حاڵ بەپێی تێڕوانینی باو و بڵاو–لەو ڕووەوە کە ئاین پێگەی یەکەم بە دەقی ئاینی دەدات بەپێچەوانەی زانست، بەڵام لە توانادایە بە تەواوکاری یەکتری دابنرێن کە هەریەك لەوان بۆ نمونە لە هەوڵی بەختەوەرکردنی مرۆڤدایە، یان لە ڕووی گرنگیدانی هەریەکەیان بە ئەسڵی ژیان و خەڵك، شتانی تری لەمشێوەیەش، هەروەها دەتوانرێ بڕوانرێتە ئەقڵ و مادده کە لە ڕووی پەیوەندییان بە پێنج هەستەوە دوو دژن، بەڵام نوێترین تیۆرەکانی دەرکپێکردن و زانستی مۆخ دەڕواننە ئەقڵ و مادده کە دوو شتی تەواوکاری یەکترن و کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە، بۆ جووتە بەرانبەرەکانی تریش کە باسکران هەروەهایە.

ونبوونی تێڕوانینی ڕشتەبەندیی فرە ڕەهەند لە حوکمە دوالیزمە سادەو باوەکاندا لەو ئاراستانەدا دەردەکەون کە هەندێکیان وا گومان دەبن کە دژ بەیەکن، بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئەو ئاراستە بەرانبەر بەیەکانە کە دوورترین دوو خاڵن لە هێڵی لاربووەدا یان لە ژمارەیەك لە خاڵەکاندا دەکرێ ئەو حوکمانە چاکبکرێن. لێرەوە ئەوا دیالیکتە باوەکان زۆرجار دەکەونە هەڵەی فەلسەفییەوە، ئەویش هەڵبژاردنی حەتمییە لە نێوان دوو ئەگەردا، وەك یەقینی و گوماناوی، قازانج و زەرەر، سپی و ڕەش، نزم و بەرز، باش و خراپ، بۆ نمونە لە بواری ڕەنگەکاندا، دەبینین کە بیرکردنەوە لەسەر بنەمای یەك پلەیی، لە ڕێگای تەنها هەردوو رەنگی سپی و ڕەشەوە دەڕوانێتە شتەکان، بەڵام ئەسڵ وایە بڕوانینە هەردوو ڕەنگی سپی و ڕەش کە دەکەونە سەر هەردوو سەری هێڵی لارەوەبوو یان ژمارەیەك لە هێڵ کە ژمارەیەکی دیارینەکراو لە ئاستی خۆڵەمێشییان تێدایە (بڕوانە وێنەی ٢–٢ کە ئەم بیرۆکەیە ڕووندەکاتەوە) بەڵکو ڕەنگەکانیش.



**وێنەی (٢–٢) وێنە خۆڵەمێشییەکە وردەکارییە جۆراو جۆرەکان دەشێوێنێ کە لە وێنە ڕەنگکراوەکەدا هەن، بەڵام ئەو (شێواندن)ە کە بەهۆی قەتیسبوون لەسەر سپی و ڕەش ڕوودەدات بڕێکی پەسەند لە زانیاریمان بۆ ناهێڵێتەوە، کەواتە لەم وێنەیەدا، دەکرێ تەنها بە سەیرکردنی وێنەکە بە سپی و ڕەش وێنەیەکی ناڕوونمان دەستبکەوێت، وەک بڵێی تەنها** بەڵگەی وروژێنراون.

**دووەم: بەپێی فەلسەفەی ئیسلامی:** لەمەوپاش لەو شیکردنەوە گشتگیرەدا کە دەیخەینەڕوو بۆمان دەردەکەوێت کە بیرکردنەوەی مەزهەبیی باو (تقلیدی) بە ڕادەیەکی زۆر یەک ڕەهەند بووەو هەڵەی دوالیزمەیی تێدابووە. چونکە شێوازی یەک ڕەهەندی لە کاتی باسکردنی مەسەلە داواکراوەکەدا تەنها سەیری یەک فاکتەر دەکات. لێرەوە زۆربەی زۆری ئەو فەتوایانە کە دەردەچوون تەنها لەسەر یەک بەڵگە بونیاتنرابوون کە بەزۆری پێی دەوترا (بەڵگەی مەسەلەکە)، ئەمە لە کاتێکدا لە یەک مەسەلەکدا چەندین بەڵگە هەن نەک تەنها یەک بەڵگە، کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەش بەبێ دوورخستنەوەی هەندێکیان دەبێتە هۆی دەرئەنجام و ئەحکامی جۆراو جۆر. ئەمەش بابەتێکی پەیڕەوکراو بوو کە لە توێژینەوە کۆن و نوێیەکاندا

وەك باسێكی سەربەخۆ لە باسەكانی ئوسولّی فیقھ لەژێر ناونیشانی ناكۆكی یان جیاوازی بەڵگەكان دەخوێنرا. لەم باسەدا دەبینین كە شێوازی (كۆكردنەوە لەنێوان بەڵگەكاندا) نمونەیەكە لەسەر پیادەكرنی شێوازی فرە ڕەھەندی، كە لە بەشی شەشەمدا باسی لێدەكەین.

لەلایەكی ترەوە دەبینین ئەو حوكمانە كە لەسەر ھەڵبژاردنی دوالیزمە حەتمییەكان بونیاتنراون، وەك حەڵاڵ/ حەرام، ھەڵوەشێنەرو/ ھەڵوەشێنراو، ڕاست و/ خراپ، ڕێكوپێك و/خەیاڵی،، وە چەندینی تر لەو حوكمانە كە كۆت و بەندییان لەسەر شەریعەتی ئیسلامی داناوەو ڕێگریان لێكردووە كە ڕووبەرە خۆڵەمێشییە ڕێژەییە واقیعییەكان لە نێوان ئەو حاڵەتە ڕوونە باسكراوانەدا بە ھەند بگیرێن.

لەمەوپاش لەتوێی شیكردنەوەی ئەم باسەدا دەردەكەوێ كە چۆن ھەندێ لە مەزھەبە فیقھییەكان پێشنیاری بوونی (پێگەیەك لە نێوان دوو پێگەدا) بۆ فراوانكردنی پۆلێنكردنە دوالیزمەكان كردووە، ئەمەش بەشداریكردووە لە دۆزینەوەی كەشێكی واقیعی و نەرم لەسەر تەشریعی ئیسلامی لە زۆر حاڵەتدا.

**(٦) مەبەستداریی ڕشتەبەندیی تەشریعی ئیسلامی:**

**یەكەم: بەپێی تیۆری ڕشتەبەندیی:** یەكێك لە نیشانە باو و بڵاوەكان لە تیۆرە ڕشتەبەندییەكاندا كە لەپێشەوە خستمانەڕوو مەبەستداریی و پەیوەستبوونە بە ئامانجێكەوە، بەڵام غاراجیداغی ھاتووە لە جیاوازی خستن لە نێوان (ئامانجەكان) و (مەبەستەكان)دا پەیڕەوی لە ڕایەكەی ئاكدۆف كردووە، ڕشتەبەندیی بەوە داناوە كە مەبەستدارە ئەگەر بتوانێ (١) ھەمان دەرئەنجام بە ڕێگای جۆراو جۆر لە ھەمان ژینگەدا بەرھەمبێنێ، (٢) بتوانێ دەرئەنجامی جۆراو جۆر لە ھەمان ژینگەدا یان ژینگە جۆراو جۆرەكاندا بەرھەمبێنێ[١]. لەمەوە ڕووندەبێتەوە ئەو ڕشتەبەندییانە

[١]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٢.

که بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن بگەنە ئەوەی ناودەبرێ بە ئامانج ئەوا دەرئەنجامەکانی بەشێوەیەکی میکانیکی بە بەکارهێنانی هەمان هۆکارەکان بەرهەمدێنێ، لە حاڵەتێکدا کە ژینگەکە نەگۆڕ بێت، هیچ بژاردەیەکیش یان ئەلتەرناتیفێ بەدەستەوە نەبێت کە هۆکارەکانی بگۆڕێت بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانجەکان. بەڵام ئەو ڕشتەبەندییانە کە بە ئاراستەی گەیشتن بە مەرامەکان یان مەبەستەکان دەڕۆن لە توانایاندایە بۆ گەیشتن بە هەمان مەرام یان مەبەست هۆکاری جۆراو جۆر پیادە بکەن. جگە لەوەش ئەوا ئەو ڕشتەبەندییانە کە بە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجەکان دەڕۆن لە توانایاندا نیە لە هەمان ژینگەدا دەرئەنجامی جۆراو جۆر بەرهەمبێنن، چونکە دەرئەنجامەکانی لە ڕێگای (بەرنامەڕێژییەکی پێشترەوە) بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕوودەدات. بەڵام ئەو ڕشتەبەندییانە کە بە ئاراستەی گەیشتن بە مەبەستەکان دەڕۆن لەگەڵ جێگیربوونی ژینگە لەسەر ئەو حاڵەتەی کە تێیدایە ئەوا لە توانایاندایە دەرئەنجامی جۆراو جۆر بەرهەمبێنن مادامێ ئەو دەرئەنجامە جۆراو جۆرانە مەبەستە داواکراوەکان جێبەجێ دەکەن. ئەم کتێبە لەمەوپاش پیادەی پرەنسیپی (مەبەستداریی) دەکات بەو مانایە کە لێرەدا خستمانەڕوو، وەك نیشانەیەك کە دەچەسپێ بەسەر بنەماکانی تەشریعی ئیسلامیدا، بە گشتی و لە ڕووی هەموو ئاست و توخمەکانییەوە.

**دووەم: بەپێی فەلسەفەی ئیسلامی:** هۆکارگەریی لە میانەی لێکۆڵینەوە لە زانستی کەلام لە کردارەکانی خوای گەورەدا بابەتی قسە لەسەرکردنێکی دوورو درێژە. ئەو پرسیارەش کە مشتومڕ لەبارەیەوە دەکرا بریتی بوو لە: (ئایا کردارەکانی خوای گەورە بە پاساوی مەبەستدارییەوە ڕوودەدەن یان نا؟) گرنگ ئەوەیە تێبینی بکەین کە زانستی کەلام جیاوازی نەخستووە لە نێوان چەمکی

پاساو/ هۆکارەکان و نێوان چەمکی ئامانج/ مەبەست/ حوکمدا[1]. بەڵکو جیاوازی لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا لە بواری ئیجتیهادی فیقهیدا کراوە[2]. لەڕاستیدا باسی فەلسەفی کەلامیی لەبارەی پاساوەوە پەیوەندی بە باسەکانی ئەم کتێبەوە هەیە، چونکە خودی شەریعەتی ئیسلامی خۆی لە ڕووی باوەڕەوە (کارێکی خواییە) لە ڕێگای وەحییەوە بۆمان هاتووە، ئەو ئامانجانەش کە لە پشتەوەی شەریعەتن بریتین لە مەبەستە شەرعییەکان. کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا مەبەستێك لە پشتەوەی هاتنەخوارەوەی ئەم شەریعەتە لەلایەن خوای گەورەوە هەیە؟ زانایانی کەلام لەسەر ئەم پرسیارە سێ وەڵامیان پێداوین:

(أ) کردارەکانی خوای گەورە (دەبێ) هۆکار/ مەبەست/ئامانجیان هەبێت: موعتەزیلەو شیعەکان (هەموویان جگە لە هەندێ هەڵاوێردکردن) هەموو کردارەکانیان دابەشکردووە بۆ کرداری (چاك) و کرداری (خراپ)[3]. باوەڕیان وابووە هەر کردارێك نیشانەیەکی (خودی) لەم دوو نیشانەیە (چاك یان خراپ)ی تێدایە کە بە گۆڕینی بارودۆخەکان شایانی گۆڕین نین، پاشان باوەڕیان وابووە کە ئەقڵی مرۆیی خۆی توانای هەیە لەسەر ئەوە کە ناویانبردووە بە (بەچاکزانین و بەخراپ دانانی عەقڵی)، واتە لەسەر ناسینی چاك لە خراپ با بەبێ وەحی خواییش بێت. چونکە دەستنیشانکردنی چاککردن و خراپکردن کرداری ئەقڵین، موعتەزیلەش ئەم بۆچوونەیان چەسپاندووە بەسەر مرۆڤ و بەسەر خوای گەورەشدا (بەپێی–ئەسڵی دادپەروەریی–لە لایان). ئەوەی کە تایبەتە بە مرۆڤەوە، ئەوا کردارە چاکەکان لەلایان (فەرزە) و کردارە خراپەکانیش (حەرامن). ئەوەشی کە پەیوەندی بە خوای گەورەوە هەیە، ئەوا کردارە چاکەکان–بەپێی دارشتنی ئەوان–(فەرز دەبن لەسەر

---

[1]– دەتوانرێ سەردانی کتێبی الموافقات ی شاتیبی بکرێ ب١، ل/١٧٣.

[2]– فقه المقاصد: إناطة الأحكام الشرعية بمقاصدها، جاسر عودة، ٢٠٠٦، ل/٥١.

[3]– المعتمد في أصول الفقه، محمد الطيب االبصري، ط١، ١٩٨٣ز، ب٢، ل/١٨٤.

خوای گەورە)، کردارە خراپەکانیش بریتین لەو کردارانە کە (مەحاڵە ئەنجامیان بدات)، ئەمیش هەر بەپێی دارشتنی ئەوان. هەروەها باوەڕیان وایە ئەو کردارانەی کە نە پاساویان هەیەو نە ئامانجیان هەیە کرداری گاڵتەو گەپ و بێهودەن، کەواتە کرداری خراپن، لەبەرئەوە ئەوان باوەڕیان وایە کە هەموو کردارەکانی خوای گەورە (پاساودارن)[١].

(ب) کردارەکانی خوای گەورە لە سەرووی هۆکار و مەبەست و ئامانجەکانەوەن: ئەشعەرییەکان و (سەلەفییەکان و لەنێویشیاندا حەنبەلییەکان) هەڵوێستی پەرچەکرداریان پیادە کردووە لەسەر گوتە پێشوەکانی موعتەزیلەکاندا، لێرەوە توند بەرپەچی لایەنی بەرانبەریان داوەتەوە. ئەمانە وتوویانە دەکرێ کردار (چاك) بێت یان (خراپ) بێت، بەڵام وتوویانە کە بڕیاردان لەسەر خراپی و چاکی دەبێت لەسەر بنەمای شەریعەت بێت نەك ئەقڵ. چونکە لە ئامادەنەبوونی شەریعەتدا—کە ئەشعەرییەکان دەڵێن—دەکرێ هەر کردارێکی (چاك) یان (خراپ) چوونیەك بن (بەڵام بۆ ئەوەی وردتر بین، لێرەدا ئەوە زیاد دەکەین کە هاتوون زانستییان لە بەرانبەر نەزانییەوە هەڵاوێردکردووە، دادپەروەریش لە بەرانبەر ستەمەوە بە هەمانشێوە)[٢]. وتوویانە بە پشتبەستن بەوە ئەوا خوای گەورە هەر لە بنەڕەتەوە (فەرز نیە لەسەری) هیچ کردارێك ئەنجامبدات، هەموو ئەوەی کە دەیکات (باش) و (چاکە). لەبەرئەوە ئەشعەرییەکان باوەڕیان وایە کە کردارەکانی خوای گەورە لە (سەرووی هۆکارەکانەوەیە)، چونکە ئەو کەسەی کە بە هۆیەکەوە شتێك دەکات ئەوا پێویستی بەو هۆیە هەیە، بەڵام خوای گەورە پێویستی بە هیچ شتێك نیە[٣].

---

[١]– نظرية المقاصد عند الشاطبي و مدى أرتباطها بالأصول الكلامية، أحمد الطيب، رقم/١٠٣، ٢٠٠٢، ل/٣٩. في مقاصد الشريعة، طه جابر، ل/٧٥. الآمدي و آراؤه الكلامية، ط١، ل/٤٤١.

[٢]– نظرية المقاصد، الطيب، سەرچاوەیەکی پێشتر.

[٣]– سەرچاوەی پێشوو.

ئەشـــعەرییەکان بەهەمانشـــێوە بەڵگـــەیان هێناوەتـــەوە کـــە خـــوای گـــەورە خـــۆی ڕەخســـێنەری هۆکارەکانـــە، دروســـتکەری هۆکارەکانـــە، هـــەروەها بەدیهێنـــەری دەرئەنجامەکانە، لەبەرئەوە ئەو زاتـە هەرچـی بوێت دەیکـات بێئـەوەی پێویسـتی بەوە بێت پابەند بێت بە شتێکەوە کە ئێمە لە حوکمی هۆکارەکـان و ڕەخسـێنەری هۆکارەکاندا پابەندین پێیەوە [1].

ئەشعەرییەکان بنەمای فیقهیی و فەلسـەفە ڕەوشـتییەکانیان لەسـەر لۆژیـك کـە باسمانکرد بونیاتناوە.-بۆ نمونە غەزالی-باسیکردووە کە (تیۆری مامناوەنـد) (کـە لەلای ئەرستۆش بـە لـۆژیکی میـانڕەوی نـاوبراوە) ڕاسـت و دروسـتە چـونکە دەقـە شـەرعییەکان پشـتگیری لێدەکـەن، نـەك وەهـا کـە فەیلەسـوفەکان دەڵـێن ئـەقڵ ڕەزامەندی لەسەر داوە [2].

(ت) ئاراستەی سێیەم وادەبینیٚ کە کردارەکانی خـوای گـەورە وەك بەزەییـەکی ئەو زاتە بـە بەنـدەکانی هۆکـار و مەبەسـتیان هەیـە. ئەمـەش ڕای مامناوەنـدە کـە ماتوریدییـــەکان پـــەیڕەویان کـــردووە، ئەمانـــە تـــاقمێکن لـــە حەنەفییـــەکان بـــە هەموویانـــەوە ژمارەیـــان ناگاتـــە ژمـــارەی ئـــەو تاقمانـــە کـــە باســـمـــان کـــردوون. ماتوریدییەکان وادەبینن کە موعتەزیلەکان پێکاویانە لەو باوەڕەیانـدا کـە وتوویانـە کردارەکانی خوای گـەورە ڕەخسـێنەری هۆکـارن، بـەڵام وتوویانـە لـەوەدا هەڵـەیان کردووە کە خوای گەورەیان بەوە داناوە کە (پابەنـدە) بـە ئەنجامـدانی ئـەوەی کـە ئەنجامی دەدات. ماتوریدییەکان ئەشعەرییەکانیش بە ڕاست دەزانن لـەو گوتەیانـدا کـە وتوویانـە خـوای گـەورە (پێویسـتی نیـە) بـە هۆکارەکـان، بـەڵام وتوویانـە کـە هۆکارەکان و مەبەستەکان و بەرژەوەندییەکان بریتین لـە (پێویسـتییەکانی) مـرۆڤ، نەك هی خوای گەورە بن. ماتوریدییەکان پرەنسیپی چاککردن و خراپکردنیان قبوڵ

---

[1]- مقاصد الشريعة، طه جابر العلواني، ط١، بيروت، ٢٠٠١، ل/٧٥.

[2]- تهافت الفلاسفة، أبو حامد الغزالي.

بووە، بەڵام (ئەقڵ) لای ماتوریدییەکان دەستەڵاتی ئەوەی نیە بە سەربەخۆیی بەبێ شەرع حوکم بدات لەسەر ئەوەی کە چاگە و ئەوەی کە خراپە، بەڵکو ئەقڵ (ئامێرێکە) خوای گەورە بەخشیویەتی بە مرۆڤ تا پەی بە چاك و خراپ ببات هەرکات پێی گەیەنرا[١].

لەڕاستیدا زۆرێك لە فیقهناسان ئەوانەی لە ڕووی مەزهەبی ڕاگەیەنراویانەوە بە (فەرمی) ئەشعەرین، پێچەوانەی هەڵوێستی ئەشعەرییەکانن لەوەدا کە پەیوەندە بە پاساونەدان بە کردارەکانی خوای گەورە بە هۆکارەکان، لەمبارەیەوە هاتوون هەڵوێستێکیان پەیڕەو کردووە کە لە هەڵوێستی ماتوریدییەکانەوە نزیکترە، بەڵام ئەو فیقهناسانە بارودۆخی سیاسی و ترس لە چەوساندنەوە –وەها من دەبینم– وایلێکردوون پارێزگاری لە دووری نێوان ڕای خۆیان لە ڕای موعتەزیلەکان بکەن بەوەی کە بێن پرەنسیپی (چاککردن و خراپکردن)ی موعتەزیلەکان ڕەتبکەنەوە. نمونەش لەسەر ئەوە هەڵوێستی ئامیدی بووە (ت٧٢٨ك/١٢٣٤ز)[٢]، شاتیبی (ت٧٩٠ك/١٣٨٨ز)[٣]، ئیبن تەیمییە (ت٧٢٨ك/١٣٢٨ز)[٤]، ئیبن قەییم (ت٧٤٨ك/١٣٤٧ز)[٥]، ئیبن روشد (ت٥٨٤ك/١١٨٩ز)[٦]. هێرشی ئیبن روشد بۆ سەر ئەشعەرییەکان لە هەموویان توندتر بووە، لە میانەی ڕەخنەگرتنی لە کتێبی **التهافت** نوسیویەتی کە: (ئەوانەی هۆکارەکان ڕەتدەکەنەوە ئەوا خودی ئەقڵ ڕەتدەکەنەوە)[٧]. شایانی باسە شاتیبی مەبەستە گشتییەکانی شەریعەتی داناوە بە

---

[١]– روح المعاني في تفسير القرآن العظيم، شهاب الدين الآلوسي، بيروت، ب١٥، ل/٣٩.

[٢]– الإحكام في أصول الأحكام، علي أبو الحسن الآمدي، بيروت، ب٣، ل/٢٤٩.

[٣]– الموافقات، الشاطبي، ب٢، ل/٦.

[٤]– دقائق التفسير، أحمد إبن تيمية، ب٢، ل/١١٠.

[٥]– إعلام الموقعين، إبن قيم، ب٣، ل/٣.

[٦]– تهافت التهافت، إبن رشد.

[٧]– سەرچاوەی پێشوو.

کۆمەڵە بنەمایەك کە لە خودی بنەماکانی فیقهـ ڕیشـەداکوتاوترو قـووڵترن، لـە نێـو ئەوەدا کە ناویبردووە بە (بنەماکانی ئاین و هەمووەکانی شـەریعەت) مەبەسـتەکانی بـەوە دانـاوە کـە لـە پشـتەوەی کـردارە تەشـریعییەکانی خـوای گـەورەوەن–بـە پێچەوانەی ڕای زانراوی ئەشعەرییەکان–[1].

لــە کۆتــایی خســتنەڕووی ئــەو شــەش نیشــانەیە بــۆ میتــۆدی شــیکردنەوەی پێشـنیارکراو بـۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، کـە ئـەوانیش بریتـی بـوون لـە: سروشـتی پەیپێبردنی ڕشتەبەندیی، هەمووەکی، کرانەوە، پێکهاتـەی قوچـکەیی کـە خـاوەنی پەیوەندییە نێوانییەکانە، فرە ڕەهەندی و مەبەستداریی، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم شەش نیشانەیە هەندێکیان پەیوەسـتن بـە هەنـدێکی تریانـەوە ئـەویش بـە پێکەوەبەستنی لۆژیکی پتەو. بەڵام نیشانەی مەبەستداریی ئەو نیشـانەیەیە کـە لـە نیشـانەکانی تـر زیـاتر پەیوەسـتە بـە هەریـەك لەوانـەوە، هاوکـات وێنـای میتـۆدی سەرەکی شیکردنەوەی ڕشتەبەندی دەکات کە ئەم کتێبە پیادەی دەکات.

لێــرەدا پوختەیــەك بــۆ پەیوەندییــەکانی نێــوان نیشــانەی مەرامــداریی یــان (مەبەستداریی) و نێوان پێنج نیشانەکەی تر بۆ میتۆدی شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی پێشنیارکراو دەهێنین کە بەمشێوەیەیە:

(أ) مەبەستداریی پەیوەستە بـە نیشـانەی سروشـتی پـەیپێبردن لـە شـەریعەتی ئیسلامی دا، چـونکە ئـەو ڕا جـۆراو جۆرانـە کـە لـەبارەی سروشـتی مەبەسـتەکانی شــەریعەتی ئیســلامی و پێکهاتەیانــەوە خراونەتــە ڕوو لــە واقیعـدا ڕەنگدانــەوەی شێوازەکانی دەرکپێکردنی فیقهناسن بۆ سروشتی خودی شەریعەت و پێکهاتەکەی.

(ب) لەڕاستیدا مەبەستە گشتییەکانی شەریعەتی ئیسـلامی بـریتین لـە سـیفەتی گشتی و پرەنسیپی گشتی بۆ شەریعەت.

[1]– الموافقات، الشاطبي، ب٢، ل/٢٥.

(ت) مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە پرۆسەی ئیجتیهادکردندا هەڵدەستن بە بینینی ڕۆڵێکی خولگەیی، بە هەموو شێوە جۆراو جۆرەکانیەوە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ واقیعدا، چونکە ئەو میکانیزمەیە کە شەریعەتی ئیسلامی بەهۆیەوە پارێزگاری لەسەر کرانەوەی خۆی دەکات.

(ث) دەتوانرێ لە ڕێگای ژمارەیەك لە شێوازەکانی پێکهاتە قوچکەییەکانەوە– هەروەك باسکرا–، بڕوانرێتە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی بەجۆرێ کە پێکهاتە قوچکەییەکان تەریب بن لەگەڵ ڕشتەبەندیی خودی شەریعەتی ئیسلامیدا.

(ج) مەبەستەکان چەندین ڕەهەند فەراهەم دێنن کە هاوکاری دەکەن لە چارەسەرکردن و تێگەیشتن لە (دژایەتی ڕواڵەتی) و (بەڵگە دژ بە یەکەکان)، ئیتر لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا بن یان لە شێوازەکانی هەڵێنجاندا بن لە تەشریعی ئیسلامیدا هەروەك لەمەوپاش دێت.

لەبەرئەوە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی دادەنێم بە پرەنسیپی سەرەکی و میتۆدی سەرەکی لەو شیکردنەوەیەدا کە لەسەر ڕشتەبەندییەکان بونیاتنراوە و ئەم کتێبە پەیڕەوی دەکات. هەروەها چونکە کارایی هەر ڕشتەبەندییەك بەوە دەپێورێ کە تا چەندە مەبەستەکان (مرۆیی یان سروشتی) جێبەجێ دەکات، کەواتە ڕاست و دروستی ڕشتەبەندی تەشریعی ئیسلامی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپێی ئەو مەبەستانە دەپێورێ کە ئەو ڕشتەبەندییە دەستەبەریان دەکات.

گرنگە–بەرلەوە بگوازینەوە بۆ بەشی سێیەم کە دەربارەی تەشریعی ئیسلامییە–پوختەیەك لەسەر دوو بەشە پێشووەکە بخەینەڕوو. ئەم دوو بەشەی پێشوو میتۆدی تیۆرییان خستووەتەڕوو کە ئەم لێکۆڵینەوەیە کاری پێدەکات، لە واقیعدا لەسەر دوو کۆمەڵە تیۆر دەوەستێت، ئەوانیش تیۆری ڕشتەبەندییەکان و تیۆری مەبەستە شەرعییەکانە. لە پاشماوەی ئەم کتێبەدا پشت بە نیشانەکانی

ڕشتەبەندییە پێشنیارکراوەکان دەبەسترێ، واتە: سروشتی پەیپێبردن، هەمووەکی، کرانەوە، پێکهاتەی قوچکەیی، فرە ڕەهەندی، مەبەستداریی، –هەروەك لەم بەشەدا پێناسەمان کردن– تا ببنە ئەو ئامرازو پێوەرانە کە لە شیکردنەوەکەدا پشتیان پێدەبەستین، بەڵام ئەو شیکردنەوەیە کە لە بەشەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدا لەبارەی تیۆرە باو (تقلیدی)و هاوچەرخەکان پێشکەشیان دەکەین، بە پلەی یەکەم پشت بە نیشانەکانی سروشتی پەیپێبردن و پێکهاتەی قوچکەیی دەبەستن. پاشانیش دێینە سەر بەشی شەشەم بۆ پێناسەکردنی بنەماکانی تەشریعی ئیسلامی بەو سیفەتە کە (ڕشتەبەندییەکە) نیشانەکانی هەمووەکی و کرانەوەو فرە ڕەهەندی و مەبەستداریی تیایاندا فەراهەم دەبێت ئەویش لە ڕێگای جێبەجێکردنی مەبەستەکانی شەریعەتەوە.

# بەشی سێیەم
# فیقهی ئیسلامیی، پێشەواو مەزهەبەکانی: سەربوردێکی مێژوویی

### تێڕوانینێکی گشتی

ئەم بەشە شیکردنەوەیەك بۆ مەزهەبە فیقهییە باوەکان (تقلیدییەکان) پێشکەش دەکات، لە ڕووی مێژوویی و سەرچاوە سەرەکییەکانیانەوە. بەشەکە بە بڕگەیەك دەست پێدەکات کە باس لە چەمکی شەریعەتی ئیسلامیی و بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەکات. پاشان لە باسی دوای ئەودا کورتەو پوختەیەك بۆ پەرەسەندنی مەزهەبە فیقهییەکان پێشکەش دەکات، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) هەتا ئەو سەردەمە کە ناوی (سەردەمی داڕوخانی) بەسەردا بڕاوە، ئامانجیش لەو پوختەیە ڕێخۆشکردنە بۆ ڕەخنەگرتن لەو شێوازە کە (لەسەر نیشانەکان بەرپابووە) و لە پۆلێنکردنی مەزهەبە باوەکاندا بەکارهێنراوە. ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێرەمان باس لە نۆ مەزهەبی ئیسلامی دەکات ئەوانیش: مالیکی، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی، شیعەی جەعفەری، شیعەی زەیدی، زاهیری، ئیبازی و موعتەزیلە.

## ٣-١ تەشریعی ئیسلامیی چییە؟

### فیقه و شەریعەت:

دەستەواژەی (شەریعەت) هەروەك خۆی گوێزراوەتەوە بۆ زمانی ئینگلیزی، بەڵام بەکارهێنانەکەی تیایدا بە چوار مانای جیاواز هاتووە کە لە زمانی عەرەبیدا

هەن، ئەوانیش بریتین لە: فیقه، شەریعەت، یاسا و عورف[١]. وشەی فیقه لە قورئـان و سوننەتدا بە زۆر واتا هاتووە کە ئامـاژە دەدات بـە تێگەیشـتن، وەرگرتنـی مانـا، بوونی زانست بە ئاین[٢]. بەڵام لە کۆتا سـەردەمی پێشـەوایانی مەزهەبەکانـدا واتاکـە جێگیر بوو کە وشەی فیقه بە گشتی وەها پێناسەکرا کە بریتییە لە (بوونی زانسـت بە حوکمە شەرعییە کردارییەکان لە بەڵگە وردکراوەکانەوە (التفصـیلیة))[٣]. کەواتـە فیقه وەها لەم پێناسەیەدا دەردەکەوێ تەرخانە لەسـەر مەسـەلە (کرداریـەکان) لـە بەرانبـەر مەسـەلە (باوەڕییەکانـەوە)، مەبەسـت بـە بەڵگـە تێروتەسـەلەکانیش ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر).

بەڵام دەستەواژەی (حوکمەکانی شـەریعەت) ئـەوا کـاتێ لـە ئـەمڕۆدا لـە زمـانی ئینگلیـزی دا بـەکاردەهێنرێ تارماییـەکی نـەرێنی هەیـە، چـونکە بـە شـێوەیەکی گشتاندن و بێ وردەکاری ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە خۆرئاواییەکان ناوی دەبەن بـە سـزا جەسـتەییەکان (یـان سـزاکان) و لـە هەنـدێ وڵاتیشـدا کـە زۆرینـە موسـڵمانن جێبەجێ دەکرێن. بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە سـەرژمێرییەکان بـە ڕوونـی ئامـاژە دەدەن کــە ئــەو ســزایانە بــە شــێوەیەکی ســەرەکی لەســەر کەســانی لاواز و فەرامۆشکراوی نێو کۆمەڵگاکانی ئەو وڵاتانە جێبەجێ کراون[٤]. ئـەم پراکتیزەکردنـە بەشییە کۆمـەڵێ پرسـیاری ڕاسـتەقینە دەربـارەی پاڵنـەرو هۆکـارە سیاسـییەکانی پشتەوەی جێبەجێکردنی ئەو سـزایانە دەوروژێنـێ، بـە چاوپۆشـین لـەو مشـتومڕە

---

1 -Mohammad Abdul-Khalig Omar, 1999, Tariq Ramadan, 2005. P. 28..

[٦]- بۆ نمونە لە قورئانی پیرۆزدا بڕوانـە، سـورەتی النسـاء، ئایـەتی ٧٨، سـورەتی الأنعـام، ئایـەتی ٢٥، سورەتی التوبة، ئایەتی ١٢٢، بە ریزبەندی.( هەروەك لە وەرگێڕانەکەی یوسف عەلی)دا دەردەکەوێ.

[٣]– بۆ نمونە بڕوانە: أصول الفقه، محمد أبو زهره، ١٩٥٨، ل/٥.

4 -Ramadan, Stop in the Name of Humanity.

فیقهی و یاساییانه کە لەبارەی وردەکاری و مەرجە زۆرەکانی ئەو سزایانەوە هاتوون.

بەڵام شەریعەت لە خودی قورئانی پیرۆزدا بریتییە لەو (بەرنامە)یە کە خوای گەورە بۆ ژیانی باوەڕداران ناردوویەتە خوارەوە، هەروەك لە وشەی (شِرعة) لە سورەتی المائدة، وشەی (شريعة) لە سورەتی الجاثية دا دەیبینین، دەبینین یوسف عەلی وشەی یەکەمی بە واتای (یاسا) و وشەی دووەمی بە واتای (ڕێباز) وەگێڕاوە. بەڵام بیکسۆڵ وشەی یەکەمی بە واتای (یاسای خوا) و وشەی دووەمی بە واتای (ڕێباز) وەرگێڕاوە. ئیرفینغ یش وشەی یەکەمی بە واتای (کۆمەڵە یاسایەك) و وشەی دووەمی بە واتای (ڕێگا)) وەرگێڕاوە. بژاردەی منیش بۆ وەرگێڕانی وشەی شەریعەت بریتییە لە (بەرنامەی ژیان)، ئەم بژاردەیەش لە بژاردەکەی دکتۆر تاریق ڕەمەزان دەچێت[1].

بەڵام لەبەر هەندێ پێوری تیۆری و کرداریی بووتە پێویست کە بە ڕوونی جیاوازی بخەین لە نێوان چەمکی فیقه و چەمکی شەریعەتدا. لە ڕووە تیۆریەکەوە هەردوو زاراوەکە ئاماژە بە دوو مانای جیاواز دەدەن، چونکە فیقه بەپێی زاراوەکانی زانستی ڕشتەبەندیی کە لەپێشەوە خستنمانە ڕوو وێنای لایەنی (پەیپێبردن) دەکات لە تەشریعی ئیسلامیدا، بەڵام شەریعەت بەپێی پێناسەکەی ئەوا لایەنی (وەحی ئاسمانییە) لەو تەشریعە. لەبەرئەوە وشەی (فەقیە) ئاماژەیە بۆ مرۆڤێك کە خاوەنی (تێگەیشتن)[2] و (بۆچوون)[3] و (پەیپێبردن)[4] بێت. ڕاست نیە

---

[1]- Tariq Ramadan, 1999. P.28. ئەو ئایەتە قورئانیانەی کە ئاماژەی پێدەدەن بریتییە لە: سورەتی المائدة، ئایەتی ٤٨، سورەتی الجاثية، ئایەتی ١٨.

[2]- کتب ورسائل وفتاوى، ب١٣، ل/١١٣.

[3]- الإبهاج شرح المنهاج، السبكي، ب١، ل/٣٩.

[4]- التقرير، الحاج، ب١، ل/٢٦.

خوای گەورە بەو وەسفانە وەسفبکرێ، چونکە ئەمانە سیفەتی کەموکورتین نەك سیفەتی کەماڵ، بەڵام شەرع دانەر، ئەوە وشەیەکە ئاماژە بۆ خوای گەورە دەکات[1]. چونکە بەرنامەی شەرع تەنها لە خوای گەورەوەیە[2]. ڕاست نیە وشەی (شەرع دانەر) ئاماژە بێت بۆ خەڵکی، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئاماژەی پێبدەین بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەو سیفەتە کە (گەیەنەری پەیامەکەیە لە خوای گەورەوە)[3].

### یاسا و عورف:

وشەی یاسا (قانون) لە بنەڕەتدا وشەیەکی فارسییە، بە عەرەبی کراوە تا بە واتای (بنەماکان)[4] بەکاربهێنرێ، پاشان وایلێهاتووە کە لە زمانی عەرەبیدا لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بە مانای یاسای نوسراو[5] هاتووە. ئەو یاسا نوسراوە، لەو وڵاتانەشدا کە شەریعەتی ئیسلامی وەك سەرچاوەیەك یان (سەرچاوەی) تەشریع پەیڕەو دەکەن، دەتوانرێ ماددەکانی ڕاستەوخۆ لە فەتوا فیقهییەکانەوە وەربگیرێ (واتە ئەو ڕایانە کە سەربە مەزهەبێکن یان زیاتر لە مەزهەبێکی ئیسلامین، زۆرجاریش بەشێوەی خۆی (حرفی) وەردەگیرێ). ئەمە بە شێوەیەکی تایبەتی لە بواری یاساکانی خێزان و یاسای میراتی لە ژمارەیەك لەو وڵاتانەدا دەردەکەوێ کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان موسڵمانن. بۆ نمونە یاسای خێزانیی میسری ژمارە ٢٥ لە ساڵی ١٩٢٥ز، ئەو یاسایەیە کە بە یاسای ژمارە ١٠٠ ی ساڵی ١٩٨٥ز هەموارکراوە،

---

[1]- مجمع الأنهار شيخى زادة، ب١، ل/١١.

[2]- سەرچاوەی پێشوو.

[3]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، بەشی شەشەم.

[4]- لسان العرب، محمد إبن منظور، ب١٣، ل/٣٥٠.

[5]- مجمل الأحوال السياسية، العروة الوثقى، رشيد رضا، شباط، ١٨٩٨ز.

زۆربەی ماددەکانی ڕاستەوخۆ لە فیقهی حەنەفییەوە وەرگیراوە[1]. بەڵام زۆرێك لەو ماددە یاساییانەی کە لەو وڵاتانەدا نوسراوە لە سیستمی یاسای وڵاتانی ترەوە (عەلمانی) وەرگیراوە، یان کۆی هەموو یاساکان هەندێجار لەسەر داب و نەریت و عورفی ناوخۆیی دامەزراوە. بۆ نمونە ماددەی ٦٦ لە هەمان یاسای ناوبراو (٢٥ لە ساڵی ١٩٢٥ز) لە عادەتێکی میسرییەوە وەرگیراوە کە دەڵێ: (بوك پابەندە بە کڕینی کەلوپەلی ماڵەکەی لە ئاستێکدا کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو مارەییەدا کە وەریگرتووە)[2]، ئەمەش مەرجێکی عورفییە کە لە فیقهدا لەناو هیچ مەزهەبێك لە مەزهەبە فیقهییە ناسراوەکاندا نایبینی.

بەڵام عورف پڕاوپڕ بە واتای عادەت (داب و نەریت) دێت، یان بە دەستەواژەیەکی وردتر بە واتای (عادەتی چاك) دێت کە کۆمەڵگا پەسەندییەتی[3]. مەخابن، هەندێ عورفی هەڵە لە هەندێ وڵاتدا هەن وەها دادەنرێن کە بەشێکن لە (شەریعەتی ئیسلامی)، بەڵکو هەندێ لە خەڵکی دەڵێن گوایا ئەمە بە مەبەستی ڕاکێشانی دڵەکانە، بۆ نمونە هەندێ داب و نەریتی خێڵەکی هەڵە[4]، تەنانەت با بە تەواوەتیش ڕوون بێت کە ئەو عادەتانە شەرعەن حەرام بن، نمونەی ڕوون لەسەر ئەمە بریتییە لە تاوانەکانی کوشتن بە ناوی (ناموس و شەرەف) کە لە هەندێ ژینگەی کۆچەری و دەشتەکی عەرەبیدا و لە هەندێ لە ناوچەکانی باشوری ئاسیادا[5] ئەنجام دەدرێن. بەڵام لە ڕێچکەکانی ئوسوڵی فیقهدا ئەوا زۆربەی زانایان عورف

---

[1]- فقه السنة، السيد سابق، ب٢، ل/٢٢٧.

[2]- سەرچاوەی پێشوو.

[3]- النهاية في غريب الحديث و الأثر، المبارك الجزري، ب٣، ل/٢١٦.

[4] -Aharon Layish, P.63.

[5]- سەردانی پێگەی: www. Wluml. org

بەوە دادەنێن کە ئاسەواری لە جێبەجێکردنی حوکمە شەرعییەکاندا سنورداره، هیچ کەسیش خودی عورف بە سەرچاوەیەکی تەشریعی نازانێ[1].

لە وێنەی ٣–١ پوختەیەکی هەموو پەیوەندییە (کلاسیکییەکان) لە نێوان فیقە و شەریعەت و یاسا و عورفدا دەبینرێ. چونکە چەمکی شەریعەت لە زاراوەی باو و بڵاودا–کە ورد نیە–پێکدێت لە قورئانی پیرۆز و لە سوننەتی پێغەمبەرێتی، هەروەها لەو حوکمە فیقهییانەش کە لەو دوو سەرچاوەیەوە وەرگیراوە. بەڵام عورف جگە لە چەند حاڵەتێکدا نەبێت ئیتر کاریگەرییەکی ئەوتۆی نیە لە پراکتیزەکردنی فیقهدا، لەبەرئەوە خوێنەر تێبینی بچوکیی ڕووبەری لێکەوتن لە نێوان بازنەی عورف و بازنەکانی تردا دەکات کە لە وێنەکەدا بەدیار دەکەون. دواجاریش ئێمە یاسای نوسراو (دانراو)مان هەیە، کە ئەمەش لە فیقە و عورف و سەرچاوەی ترەوە وەرگیراوە، لەبەرئەوە یەکتربڕین لە نێوان سێ بازنەکەدا دەبینین. پاشتر لە بەشی شەشەمدا ئەم وێنەیە دووبارە دەکەینەوە.




---
[1]– حجية

**وێنەی ٣-١ هێڵکارییەك کە پەیوەندی (کلاسیکی باو و بەربڵاو) لە نێوان چەمکەکانی شەریعەت و فیقھ و عورف و یاسادا ڕووندەکاتەوە، سەرنجبدە کە چۆن فیقھ دراوەتە پاڵ قورئان و سوننەت وەك بەشێك لە (وەحی) کە ئەمەش وردەکاری کەمی تێداکراوە.**

## گرنگێتی جیاکاریی نێوان فیقھ و شەریعەت:

کاتێ هێڵی جیاکەرەوەی نێوان فیقھ و شەریعەت ناڕوون و لاوازە ئەوا ئەمە بە کرداری ڕێگا بە پیرۆزکردنی ئیجتهادییە فیقهییەکانی مرۆڤ دەدات، تەنانەت دەدرێنە پاڵ خوای گەورەش نەك بدرێنە پاڵ خاوەنەکانیان. لە مێژوودا ڕوویداوە ئەم ئیدیعایانە کە جیاوازی ناکەن لە نێوان فیقھ و شەریعەتدا بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دوو دیاردەی ترسناك، یەکەمیان تۆمەتبارکردن لەلایەن مەزهەبە ئیسلامییەکانەوە هەندێکیان بۆ هەندێکی تریان کە بیدعەیان لە ئایندا داهێناوە، دووەمیشیان دۆگمابوون و بەرەنگاربوونەوە دژ بە نوێبوونەوە لە فیقهی ئیسلامیدا.

تۆمەتبارکردنی مەزهەبە ئیسلامییەکان بۆ یەکتری بە بیدعەگەرایی لە ئایندا یان تەنانەت دەرچوون لە ئاین، مەسەلەیەکە کە لە مێژووی ئیسلامیدا لە نێوان کۆمەڵانی زانایان کە سەربە مەزهەبە جۆراو جۆرەکانن زۆر ڕوویداوە. تەنها بەوەوە نەوەستاون کە هەڵە یان تەنانەت گوناهباری بدەنە پاڵ لایەنەکەی تر بەڵکو بەرانبەرەکەی تۆمەتبارکردووە بە نکولیکردن یان باوەڕنەبوون بەوەی کە پێی دەوترێ

(زەرووریيەکانی ئاین) یان نکولیکردن بنەما شەرعییە نەگۆڕەکان، یان لە مەسەلەکانی (کۆدەنگیی) دا. بڕێکی زۆر لەو ململانێ خوێناوییە کە لە نێوان کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا بەدرێژایی مێژوو ڕوویداوە سەرچاوەکەی ئەو تۆمەتبارکردنە ناڕەوایانە بووە بۆ یەکتری لە نێوان شوێنکەوتووانی مەزهەبە ئیجتهادییە جۆراو جۆرەکاندا. نمونەیەك لەوە ئەو ململانێ سەختە بووە کە لە نێوان موعتەزیلەو تاقمەکانی تر لە سەردەمی عەبباسییەکاندا لە سەدەی دووەمی کۆچی (هەشتەمی زایینی)دا ڕوویداوە، نمونەیەکی تریش ئەو شەڕە سەختە بووە کە لە خۆراسان لە ساڵی ٣٩٠ك/١٠٠٠ز، لە نەیساپور لە ساڵی ٥٥٣ك/١١٥٩ز، لە ئەسفەهان لە ساڵی ٥٨١ك/١١٨٦ز، لە قودس لە ساڵی ٨٧٤ك/١٤٧٠ز هیتریش کە ڕوویانداوە، هەموو ئەم شەڕانەش لە نێوان شوێنکەتووانی مەزهەبی شافیعی و حەنەفیدا بووە، هەمووشیان بە هۆکاری ناکۆکی مەزهەبیی لاوەکییەوە بووە، بۆ نمونە، ئەو شەڕە خوێناوییە کە لە نێوان شافیعیەکان و حەنەفییەکاندا لە خۆراسان نزیکەی ساڵی ٣٩٠ك/١٠٠٠ز ڕوویداوە بەو هۆیەوە هەڵگیرساوە کە کاتێ خەلیفە لەبەر زۆر بەدڵداچوونی غەزالی و زانستەکەی بڕیاریداوە مەزهەبی فەرمی لە دادگاکاندا لە مەزهەبی حەنەفییەوە بگۆڕێ بۆ مەزهەبی شافیعی، چونکە پێشەوا غەزالی هەروەك زانراوە شافیعی مەزهەب بووە. لە ڕواڵەتدا وادەردەکەوێ ناکۆکی فیقهی لە نێوان پەیڕەوانی ئەم دوو مەزهەبەدا هۆکاری ئەو شەڕو کوشتارە بووە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ململانێ لە نێوان شوێنکەتووانی ئەو دوو مەزهەبەدا لەسەر دەستەڵاتی سیاسی بابەتی ناکۆکی ڕاستەقینە بووە.

نمونەیەکی سێیەمیش لەسەر ئەوە بریتییە لە بانگەشەکەی پێشەوا ئیبن صەلاح بۆ قوتابیانی بۆ (شمشێر)، بە داڕشتنی ئەو، بۆ وەستانەوە بەڕووی مامۆستایانی فەلسەفە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا (سەدەی سیازدەیەمی زایینیدا).

نمونەی چوارەمیش بریتییە لەو شەڕە زۆر دووبارە بووانە کە لە نێوان سوننەو شیعەدا ڕوویانداوە کە ئەنجامەکەی (کوشتن و بە تاڵانکردن و سوتاندن) بووە،

وەها کە مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، لە شارەکانی بەغداو بەسرەو کەرخ و ڕەی و هیتریشدا. (مێژوو بۆ نمونە ئەو شەڕانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ساڵەکانی ٣٥٠ك/٩٦٢ز، ٣٦١ك/٩٧٢ز، ٣٦٣ك/٩٧٤ز، ٣٧٠ك/٩٨١ز، ٣٩٨ك/١٠٠٨ز، ٤٠٥ك/١٠١٥ز، ٤٢١ك/١٠٣١ز، ٤٣٢ك/١٠٤١ز، ٤٣٨ك/١٠٤٧ز، ٤٧١ك/١٠٧٩ز، ٤٧٦ك/١١٤٨ز، هیتریش هەر بەمشێوەیە ڕوویانداوە)[١]. تا ئێستاش تۆمەتبارکردنی یەکتری بە دەرچوون لە ئاین بەهۆی ناکۆکی هاوشێوە لە ڕاو بۆچووندا لەبارەی کۆمەڵە مەسەلەیەکەوە کە لە واقیعدا دەچنەوە سەر فیقهی ئیسلامی یان سەر ڕەفتارو ئاکارە ئیسلامییەکان بەردەوامە، تا ئێستاش لەم سەردەمەدا چەندین ڕەوت کە هەڵگری بۆچوونی توندو تیژو نا لێبوردەن لە نێوان ڕا جیاوازەکاندا دروست دەبن مادامێ ئازادی ڕادەربڕین دەستی بەسەردا گیراوەو بونیاتنانی کەلتوری پێکەوە ژیانی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو مەزهەبەدا پەکدەخات.

لە لایەکی تریشەوە دۆگمابوون و چەقبەستویی و بەرەنگاربوونەوەی نوێبوونەوە لە فیقهی ئیسلامیدا بەردەوامەو تا دێت زیاد دەکات و گەورە دەبێت چونکە بازنەی (پیرۆز)، یان (نەگۆڕەکان)، بەردەوام و بەدرێژایی سەدەکان لە فراوانبووندایە، پاشانیش بازنەی (نەگۆڕەکان) فراوانتر بوو تا وردە وردە ڕای پێشەوا موجتەهیدەکانیشی گرتەوە لە هەموو مەزهەبە فیقهییە جۆراو جۆرەکاندا. لە دواجاریشدا خەڵکانێك هاتن و وتیان گوایا (دەرگای ئیجتهاد) بە تەواوەتی داخراوە، بەم پێیەش مەزهەبە ئیسلامییەکان بە گشتی دواکەوتن لەو گۆڕانکارییە واقیعییە ڕاستەقینەیە کە هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەتا سەردەمی نوێ بەردەوام لە گۆڕاندایە.

## ٣-٢ مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامی: کورتەیەکی مێژوویەکی:

### تێڕوانینی گشتی:

[١]- البداية والنهاية، إسماعيل إبن كثير، ب١١-١٢. الكامل في التأريخ، علي الشيباني، ط٢، ب٢، ٨، ١٠.

مەبەستمان لەم باسە خستنەڕووی ڕووپێوێکی کورت و پوختە بۆ پەرەسەندنی مێژوویی حەوت مەزهەبی فیقهی کە ئەم باسە لەخۆیان دەگرێ، لە سەردەمی دوای پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) دەست پێدەکات، تا ئەو سەردەمە کە ناوی (سەردەمی داڕوخانی) لێنراوە. (باگراوندی مێژوویی) لەنێو ئەو رووپێوە مێژووییەدایە چونکە لە پشتەوەی پەرەسەندنی تیۆرە سەرکییەکانەوەیە کە لە بڕگەکانی داهاتوودا دەیانخەینە ڕوو. هەروەها لەم باسەدا تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بۆ دابەشکردنی کلاسیکی (یەك ڕەهەندی و بەرپابوو لەسەر نیشانەکان–) بە زاراوەی ڕشتەبەندیی– هەروەك لە مەزهەبە فیقهییە باوەکاندایە دەخرێتە ڕوو.

### سەردەمی دوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر):

لە سەرەتای سەردەمی دوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کۆمەڵە ئیجتهادێکی زۆر لە لایەن هاوەڵانەوە دەرکەوتن کە مێژوو گواستونیەتەوە بۆمان، تیایاندا میتۆدێکی گشتی بۆ دەرهێنانی ڕاکان لە حوکمە فیقهییەکاندا دەردەکەون کە ڕاستەوخۆ پشت لەسەر دەقەکان دەبەستن بەتایبەتی لەسەر قورئانی پیرۆز یان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە لە بارودۆخی هاوشێوەدا هاتوون. لەو نمونانە مشتومڕی بەناوبانگی نێوان هاوەڵان دەربارەی میراتی نەنك، وە چۆنێتی مۆڵەت وەرگرتن، ماوەی عوددەی بێوەژن، ڕۆژووگرتن لە سەفەردا و چەندین مەسەلەی تریش[1].

پاشان کاتێ سنوری دەوڵەتی ئیسلامی بەرفراوانبوو، هاوەڵانیش بە ئاوێتە بوونیان لەگەڵ نەتەوە نوێیەکانی تر کە خاوەنی ژیاری جۆراو جۆر بوون شارەزایی نوێیان بەدەستهێنا، ئیتر هاوەڵان کەوتنەبەر ئاراستەکردنی پرسیار گەلێك کە

---

[1]– صەحیحی بوخاری، ب٤، ل/١٦٣٨.  ب٦، ل٢٦٦٦. المحصول فی علم الأصول، محمد بن عمر الرازی، ط١، ب٥، ل/٥٢٩.

وەڵامی راستەوخۆیان لە دەقە شەرعییەکانەوە پێنەبوو. لەم حاڵەتانەشدا هاوەڵان کاریان بە تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی دەکرد، بەتایبەتی ئەو هاوەڵانە کە دەوڵەت لە دەزگاکانی ڕاپەڕاندندا دایینابوون. لەو پرسیارانە کە لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی هاوەڵان بوونەوە مەسەلەی (خاکە ڕزگارکراوەکان) و (بارمتەی دروستکراو) (یان پیشەگەران، واتە بەرپرسێتی پیشەکار لەو شمەکەی دروستی دەکات)، وە مەسەلەی (کۆکردنەوەی قورئان)، هەروەها ئیجتهادەکانی عومەر (خوا لێی ڕازی بێت). کە لە بەشی یەکەمدا هەندێکیانمان باسکردووە.

بەڵام چەند بارودۆخێك پشکیان هەبوو لە زیاترکردنی جیاوازییەکان لە ئیجتهادی هاوەڵاندا لە نێوان خۆیاندا، دواتر لەمەیشەوە یەکەمین پۆلێنکردن لە مەزهەبە فیقهییەکاندا پەیدابوو ئەویش بەگوێرەی جیاوازییەکان لە شێوازەکانی ئیجتهاد لە نێوان موجتەهیداندا. ئەم مەزهەبانەش، بەڵکو ئەو ڕەوتانە، سەریان لەوەوە دەرچوو بوونە هۆی دەرکەوتنی دوو کۆمەڵە کە ناوبران بە (ئەهلی ڕەئی) و (ئەهلی فەرموودە)، ئیمەش لێرەدا بەگوێرەی لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان لە مێژووی مەزهەبە ئیسلامیەکاندا بە کورتی ئەو فاکتەرانە دەهێنین کە بوونە هۆی ئەو جیاکارییە. ئەو فاکتەرانەش کە بوونە مایەی ئەو ئاراستانە لە سێ فاکتەردا کورتدەکرێنەوە، ئەوانیش ئەمانەن: یەکەم: ناکۆکییە سیاسی/ تاقمگەرییەکان، دووەم: کەسایەتی پێشەوا موجتەهیدەکان لەو سەردەمەدا، سێیەم: پرژو بڵاوبوونەوەی هاوەڵان بە وڵاتاندا.

**فاکتەری یەکەم:** لەدوای کوشتنی جێنشینی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان (خوا لێی ڕازی بێت) لە ساڵی ٣٥ك/٦٥٥ز ناکۆکی گەورە ڕوویاندا، ئەوەش ڕووداوێك بوو کە جیاوازی و ناکۆکی خستە نێوان هاوەڵان و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون لە کۆمەڵە سیاسییە ناکۆك بە یەکەکان، زۆر زوویش ئەو کۆمەڵە سیاسیانە

بوون به تاقمی شەڕو کوشتار لەنێوان خۆیاندا[1]. ناکۆکییە چەکداریەکەش بووە گوزارشتکردن بۆ دەرکەوتنی تاقمەکان، هەر ئەو ناکۆکییە سیاسیانە جیاوازی لە تێگەیشتن دەربارەی (مەسەلەکانی باوەڕ) ی لێکەوتەوە، یان هەندێ لە لایەنە ناکۆکەکان بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد[2]. ئەو ناکۆکییە سیاسی/تاقمگەرییە بووە هۆی پەیدابوونی دیاردەیەك کە لێکەوتەی نەرێنی زۆر قووڵی لەسەر فیقهی ئیسلامی دانا، ئەویش دیاردەی (دانان) یان (دەمهەڵبەست)ی فەرموودەی پێغەمبەرایەتی. هەندێ لە ڕاویەکان کە خودی خۆیان بەشداریان کردووە لە دانانی فەرموودە دانیان بەوەدا ناوە کە ئەو فەرموودانەیان دەمهەڵبەست بوون تا شەرعییەت بە ڕاو بۆچونی خۆیان بدەن یان تا پشتگیری لە سەرکردە سیاسییەکانیان بکەن[3].

**فاکتەری دووەم:** ئەوەیە کە کەسایەتی زانایانی ئەو سەردەمە کاریگەرییان لەسەر ئەو قوتابیانەیان هەبووە کە لەوانەوە فێری زانست بوون، وە لەسەر ئەو مەزهەبانە کە پەیدابوون و جێگای خۆیانیان گرتووە. هەریەکەیان و لە ناوچە جوگرافییەکەی خۆیدا. یەکێك لە نمونە مێژووییە دیارەکانی کاریگەری کەسایەتی موجتەهید لەسەر ئیجتیهادەکانی بریتییە لەو ڕا جیاوازییە کە لە نێوان هەردوو هاوەڵی بەڕێزو چاکدا عەبدوالله ی کوڕی عومەر و عەبدوالله ی کوڕی عەبباسدا هەبووە، چونکە ئەوەتا کاتێ ئەبو جەعفەری مەنصور داوای لە مالیکی کوڕی ئەنەس کردووە کە کتێبی (الموطأ) بنوسێ، دەگێڕنەوە شێوازی ئەو میتۆدەی بۆ مالیك کورتکردووەتەوە کە ویستویەتی لە نوسیندا پەیڕەوی بکات، پێی وتووە: (کتێبێك بنوسە سود بە خەڵکی بگەیەنێت، تیایدا دوور بکەوەرەوە لە

---

[1]- مقدمة إبن خلدون، عبد الرحمن إبن خلدون، ط٥، ب٢، ل/٦٠٨.

[2]- تأريخ المذاهب الإسلامية، محمد أبو زهرة، ل/٤٨.

[3]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٤٢.

ئاسانكارییەكانی ئیبن عەبباس و توندگرتنەكانی ئیبن عومەر) [1]. عەبدوالله ی كوڕی عومەر بەوە ناسراوە كە حەزی بەلای توندگیریدا بووە، بۆ نمونە لە دەستنوێژگرتندا ناو هەردوو پێڵوی چاوی بە ئاو دەشۆری كە ئەم كارە بووە مایەی ئازاردانی چاوەكانی. ئەو كەسایەتییەی بەڕوونی كاریگەری لەسەر ڕای قوتابییەكانی دروستكرد، وەك نافیع و سالم و سولەیمانی كوڕی یەسار، كەچی عەبدوالله ی كوڕی عەبباس حەزی بەلای ئاسانكردن و ئاسانگیریدا بووە، لە فەتواكانیدا دەركەوت و لە قوتابییەكانیدا ڕەنگیانداوەتەوە، وەك جابیر كوڕی زەید و ئیبراهیمی نەخەعی و سەعیدی كوڕی موسەییب. بەڵام دایكە عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئافرەتێكی بەهێزو ئازاد بووە، ئەو كەسایەتییە بەهێزەی كاریگەری هەبووە لەسەر فەتواو ڕاو بۆچوونەكانی، كە تیایاندا ئازادی ئافرەتی سەلماند لە هەڵسوكەوتكردن و لەسەر مافەكانی كە شەرع بۆی دەستەبەر كردووە، تەنانەت هەندێجار ڕاو بۆچوون و ئەوانەی لێیەوە گێڕدراونەتەوە ڕاستەوخۆ ناتەبا بوون لەگەڵ ئەو فەرموودانەدا كە هەندێ لە هاوەڵان (خوا لێیان رازی بێت) گێڕاویاننەتەوە. -بۆ نمونە-بەدرەدینی زەركەشی كتێبێكی تایبەت كردووە هەموو ڕەخنەكانی عائیشەی (خوا لێی ڕازی بێت) تیایدا كۆكردووەتەوە كە لە ڕیواتی هاوەڵەكانی تری وەرگرتووە، ناوی ناوە بە **(عین الإصابة في ما أستدركته عائشة على الصحابة)** [2]. منیش تێبینیم كردووە مەزهەبی حەنەفی ڕایە تایبەتەكانی عائیشەی زیاتر لە مەزهەبەكانی تر لا پەسەندبوون، وادێتە زەینم ئەوەش

---

[1]- المقدمة، إبن خلدون، ل/٦٨٣.

[2]- عين الإصابة في ما أستدركته عائشة على الصحابة، بدر الدين الزركشي، ط٢، ١٩٧٠

دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری هەردوو قوتابییەکەی عائیشە شەعبی و حەمماد، چونکە هەردووکیان مامۆستای ئەبو حەنیفە بوون[1].

**فاکتەری سێیەم و کۆتایی:** ئەوەیە کە سەدەی یەکەمی کۆچی جوڵەیەکی بەرفراوانی لە کۆچکردنی بەخۆیەوە بینی، هەر لە کۆچکردنی هاوەڵانەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) بە تایبەت بۆ عیراق و شام و میسر، هەتا ئەو ڕزگارکەرە موسڵمانانە کە کۆچیان بۆ وڵاتانی دوورە دەست کرد، هەندێکیشیان بڕیاریانداوە لەو وڵاتانەدا بمێننەوە کە پێیان گەیشتوون. خوێنەر دەتوانێ لە وێنەی ٣-٢ دا نەخشەی جێنشینی ئیسلامی لە سەدەی یەکەمی کۆچی/ حەوتەمی زایینیدا ببینێ، کە جەنگەکانی ئەو سەردەمانە چۆن ڕێڕەوی کۆچکردنیان لە نیوە دوورگەی عەرەبەوە بۆ دەرەوەی دیاریکردووە. بۆ نمونە عیراق بووبە شوێنی نیشتەنی ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵان-خوا لێیان ڕازی بێت-، وەك عەلی کوڕی ئەبو تالیب و کوڕەکانی، عەبدوالله ی کوڕی عەبباس، موحەممەد کوڕی مەسلەمە، ئوسامەی کوڕی زەید، ئەبو مەسعودی ئەنصاری، میسریش بووبە شوێنی نیشتەنی عەمروی کوڕی عاص و کوڕەکانی، قەیس کوڕی سەعد، موحەممەد کوڕی ئەبوبەکر، عەمماری کوڕی یاسر, و هیتریش، یەمەنیش بووبە شوێنی نیشتەنی مەعازی کوڕی جەبەل، عوبەیدوالله ی کوڕی عەبباس، هیتریش، وڵاتی شامیش بووبە شوێنی نیشتەنی موعاویەو زۆرێك لە ئومەوییەکان بە ڕەگەزنامە، هەروەها عەبدوالله ی کوڕی عومەر، شەرحەبیل کوڕی حەسنە، خالیدی کوڕی وەلید، زەححاکی کوڕی قەیس و هیتریش، عومانیش بوویە شوێنی نیشتەنی حوزەیفەی کوڕی یەمان و هاوەڵانی تریش، ئەبو ئەییوبی ئەنصاریش زۆر لەوە دوورتر ڕۆیشت، گەیشتە نزیك

---

[1]- البحر الرائق، زين الدين النجيم، ط٢، ب٣، ل/١١٧. الهداية شرح بداية المبتديء، علي المرغياني، ب١، ل١٩٦. حاشية ردّ المختار، محمد أمين عابدين، ب٣، ل/٥٥.

شاری قوستەنتینییە (ئەستەنبوڵی ئەمڕۆ)، هەر لەوێیش کۆچی دوایی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵان هەر لە مەککەی پیرۆزو مەدینەی درەوشاوەدا مانەوە[١]. پاشان فیقهی ئیسلامی بە فەزڵی ئەو ژیارانە کە کۆچبەرە موسڵمانەکان تیایاندا تێکەڵ بە خەڵکانیتر بوون پەرەی سەندو وایلێهات بووبە خاوەنی ڕەهەندی جوگرافی و کەلتوری نوێ.




**نەخشەی ٣– ٢: ئەم نەخشەیە ئەو ڕێگایانە بە ڕوونی نیشاندەدات کە جەنگەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی (حەوتەمی زایینی) پیایاندا ڕۆیشتوون.**

[١]– نمونەکانی ئەم کۆچکردنەم لە نیوەی دووەمی بەرگی٢ لە مێژووی ئیبن خەلدون المبتدأ و الخبر دەرهێناوە. هەروەها باسی ناکۆکییەکانی نێوان هاوەڵان دەکات لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر). ڕیوایەتەکەی ئیبن خەلدون بۆ ئەو ڕووداو و ناکۆکییانە وەها دەبینم کە لە نێوان مێژوونوساندا لە هەموویان هاوسەنگترە.

مامەڵـەکردنی ئـەهلی ڕەئـی و ئـەهلی فـەرموودە لەگـەڵ دیـاردەی فـەرموودە دەمهەڵبەستراوەکان–کە لەسەرەوە باسکران– ئەو فاکتەرانەی کە باسکران بـە دوو شـێوازی جیـاواز کاریگـەرییان لەسـەریان هـەبووە. لێـرەدا هێڵـە گشـتییەکانی ئـەو پەرچەکردارانە کە لە هەردوو ڕەوتەکەوە دەرچووە دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: ئەهلی ڕەئی:** پەرچەکرداری ئەهلی ڕەئـی بـە گشـتی بـۆ دیـاردەی ئـەو فـەرموودە دەمهەڵبەسـتراوانە کـە بـە درۆ دراونەتـە پـاڵ پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) ئـەوە بـووە کـە بەشـێوەیەکی گشـتی خۆپارێزییـان لـە پەسـەندکردنی فـەرموودە (آحـاد)ەکـان کـردووە، بـۆ فـەرموودە (مرسـل)ەکانیش بـە شـێوەیەکی تایبەت، بۆ دۆزینـەوەی چارەسـەری فیقهـی بـۆ مەسـەلە تـازە دروسـتبووەکان لـە پرەنسیپە هەڵێنجراوەکاندا مەیلیان ئەوە بووە لەو ئایەتانەوە هـەڵێنجان بکـەن کـە هەڵگری سیفەتی گشتگیری لەفزەکە بوون. ئەم شێوازەش لە ڕووی مێژووییەوە بـە پەرەسەندنی هـەردوو میکـانیزمی پێوانـەگیریی بـە واتـا ئوسـوڵی و بـە باچـاکزانین کۆتایی هات تا بوونەتـە دوو تیـۆری جـێگیرو نـەگۆڕ. فیقهزانـە عێراقییـەکانیش بـە تایبەتی بەوە بـەناوبانگ بـوون کـە لـە شـێوازەکانی ئیجتهادکردنیانـدا پشـتیان بـە (ئەقڵ) بەستووە، ئەمەش بە ئاستێکی وەها بوو کـە هەنـدێ لـە فیقزانـانی مەدینـە بەوە مەتباریان دەکردن کە ئەقڵی خۆیان دەدەن بەسـەر فـەرموودەی پێغەمبـەردا (درودی خوای لەسەر)[1].

**دووەم: ئـەهلی فـەرموودە:** مامەڵـەکردنی ئـەهلی فـەرموودە لەگـەڵ دیـاردەی فەرموودە دەمهەڵبەستراوەکان و لەگەڵ مەسەلە فیقهییـە تـازە دروسـتبووەکان بـە شێوازێکی جیاواز بووە. لەڕاستیدا ئەم زانایانە گرنگیان بـە لێکۆڵینـەوەی ورد داوە لە سەنەدی فەرموودەی پیرۆزدا، ئەوەش بە لێکۆڵینەوە لە ئەمانەتپارێزی ڕاویەکان

[1]- تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة، ل/٤٥٨.

و پێداچوونەوە بە ژیننامەیاندا بەوپەڕی بایەخپێدانەوە، گەڕان و لێکۆڵینەوەیان چڕکردووەتەوە لەسەر هەر فەرموودەیەك كە پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە زمانی ئەو مەسەلە تازە دروستبووانەوە هەیە کە بەدوای وەڵامێكدا دەگەڕان بۆیان. ئەهلی فەرموودە تەنانەت فەرموودەی لاوازییان لە پێوانەگیریی و لە پرەنسیپی هەڵێنجان لەو ئایەتانەوە كە خاوەنی لەفزی گشتی بوون بە باشتر دەزانی[1].

بە تەنها شوێنی جوگرافیی کاریگەری لەسەر ڕاو بۆچوونەکانی ئەهلی ڕەئی و ئەهلی فەرموودە نەبووە، وەها کە هەندێ لە توێژەران وای بۆ دەچن[2]. ڕاستە هۆکاری کۆچکردن كە لەپێشەوە باسمانکرد ڕۆڵی هەبووە لەسەر مەیل و حەزی ئەوانە كە لە عیراقدا ژیاون و بردوونی بەرەو پرەنسیپی ڕەئی (لەوانەیە ئەوەش بەهۆی کاریگەری عەلی و ئیبن عەبباسەوە بووبێت)، ڕاستیشە ئەوانەی لە حیجاز یان لە شامدا ژیاون حەزو مەیلیان بەرەو دەستگرتن بە فەرموودە ڕیوایەتکراوەکانەوە بووبێت ئیتر هەرچۆن بووبن (لەوانەشە ئەوەش بەهۆی کاریگەری ئیبن عومەر و ئەبو هورەیرەوە بووبێت).

چونکە، لە کاتێکدا کە قوتابخانەی عیراقییەکان لە ڕێگای پێوانەگیریی و پرەنسیپی بەچاکزانینەوە_هەڵسوکەوتیان بە ڕەئییەوە کردووە، ئەوا قوتابخانەی حیجازییەکانیش، بە تایبەتی فیقهناسانی مەدینە، لە ڕێگای بەرژەوەندییەوە پرۆسەی ڕەئییان ئەنجامداوە، ئەمەش لە فیقهی پێشەوا مالیك و قوتابییەکانیدا دەیبینین. بەڵام حیجازییەکان لەو حاڵەتەدا كە ناویاننا‌وە (نەبوونی دەق) هاتوون بەرژەوەندییە ڕەهاکانیان بە گشتی بەکارهێناوە، مەبەستیشیان بەمە نەبوونی دەقێکی تایبەتە کە باس لەو مەسەلەیە بکات لێکۆڵینەوەی لێدەکرێ.

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٣٣.

عیراقییەکانیش لـە بەرانبـەرەوە لـەو حاڵەتـەدا پێوانـەگیرییان بـەکارهێناوە، بـەوە ناسراون کە لە حاڵەتی بوونی واتای فەرموودەیەکدا یـان پێوانـەکردن لەسـەری کـە بەوەیان داناوە (نـەیارە لەگـەڵ ئـەقڵ) دا ئـەوا بـە شـێوەیەکی تایبـەت کاریـان بـە پرەنسیپی بەچاکزانین کردووە. جا بەهەر حاڵ، لەمەوپاش شـێوازەکانی تێڕوانینـی فیقهی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە بەشی داهاتوودا باسدەکەین.

دواجار ئەوەش دەڵێین کە جیاوازی لە نێوان ئەهلی ڕەئی و ئەهلی فەرموودە لە پەیوەنـدییان بـە دەقــەکانی قورئـان و سـوننەتەوە جیاوازییــەك نیـە لـە نێـوان (کلاسیکییەکان) و (لیبراڵەکان)دا، کە هەندێ لە نوسـەرە هاوچـەرخەکان دەیڵـێن[١]. ئـەوەش ڕوونـە کـە هــەردوو قوتابخانەکـە (کلاسـیکین) چـونکە هــەردووکیان لـە بنەڕەتەوە بونیاتنراون لەسەر دەقەکانی قورئان و فەرموودە پیرۆزەکان و شتێکیتر جگـە لـەوان بـوونی نیـە. ئەوەنـدە هەیـە کـە مامەڵـەکردنی ئـەهلی ڕەئـی لەگـەڵ دەقەکاندا (ئەقڵانی)تر بووە، بـەڵام ئـەهلی فـەرموودە زیـاتر (دەق)ی بـوون، واتـە هــەردوو ئاراسـتەکە وێنـای دوو شـێوازی جیـاواز دەکـەن لـە پراکتیزەکردنـی دەقـە شەرعییەکان بەسەر واقیعدا، هەرئەوەندەو هیچیتر.

## سەردەمی پێشەوایانی فیقه:

دەکرێ هەردوو سەدەی دووەم و سێیەم ناو بنێین بە (سـەردەمی پێشـەواکان). چونکە مەزهەبە فیقهییە باوەکان وەها کە ئێستا ئاشنایین پێیان بە ناوی ژمارەیـەك لە پێشەوایان کە لەو سەردەمەدا ژیاون ناونراون. مەزهەبـەکانی شـافیعی، مـالیکی، حەنــەفی، حەنبــەلی، شـیعەو (کــە پاشــتر دوو تاقمیــان لێ باســدەکەین ئــەوانیش

---

[١]– بۆ نمونە بڕوانە کتێبی الإمام الشافعي وتأسيس الأيديولوجية الوسطية، نصر حامـد أبـو زيد، ط٣، ٢٠٠٣ز، ل/٩٨.

جەعفەری و زەیدین) ئیبازی، –هەر هەموویان بە ناوی دامەزرێنەرەکانیانەوە ناونراون: موحەممەد کوڕی ئیدریسی شافیعی (ت ٢٤٠ك/٨٥٤ز)، مالیکی کوڕی ئەنەس (ت ١٧٩ك/٧٩٥ز)، ئەبو حەنیفە نیعمانی کوڕی سابیت (ت ١٥٠/٧٦٧ز)، ئەحمە کوڕی حەنبەل (ت ٢٤١ك/٨٥٥ز)، جەعفەری صادق کوڕی موحەممەد باقر (ت ١٤٨ك/٧٦٥ز، کە شەشەمین ئیمامە لە دوازدە ئیمامەکە)[1]، زەیدی کوڕی عەلی زەینولعابدین (ت ١٢١ك/٧٣٩ز)، عەبدوالله ی کوڕی ئیباز (ت ٨٦ك/٧٠٥ز) –بە ڕیزبەندی[2]. ژمارەیەکی تریش لە پێشەوایان هەن لەوانەی کە لەو سەردەمەدا ژیاون، بە ناوی مەزهەبە پووکاوەکان ناونراون و شوێنەواریان لە مێژوودا نەماوە، وەك سوفیانی سەوری (ت ١٦١ك/٧٧٨ز)، ئەبو سەور (ت ٢٤٠ك/٨٥٤ز)، ئەوزاعی (ت ١٥٧ك/٧٧٤ز)، لەیسی کوڕی سەعد (ت ١٧٥ك/٧٩١ز)، تاکە هەڵاوێردکردنێك لە ناونانی مەزهەبەکان بە ناوی دامەزرێنەرانیانەوە مەزهەبی زاهیرییە، لەوانەیە شێوازی دەقگەرایی نامۆ و کەسێتی دامەزرێنەری ئەو مەزهەبە کە (داود کوڕی عەلییە، ت ٢٦٨ك/٨٨١ز)، بەهۆی نەبوونی پانتایی جەماوەری و ڕانەکێشانێکی گەورەی خەڵکی بەلایدا، دوو هۆکار بووبن لە ناونەنانی مەزهەبەکە بە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە وەها کە مەزهەبەکانی تر پێی ناسراون.

---

[1]– بەپێی مەزهەبی شیعە دوازدە پێشەواکە بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب و هەردوو کوڕەکەی حەسەن و حوسەین دەست پێدەکەن، دوای ئەوانیش نۆ پێشەواکەی تر بەدوای یەکدا هاتوون کە لە وەچەی حوسەینن ئەوانیش: عەلی کوڕی زەینولعابدین کوڕی حوسەین، موحەممەدی باقر، جەعفەری صادق، موسای کازم، عەلی ڕەزا، موحەممەد جەواد، عەلی ئەلهادی، حەسەنی عەسکەری و مەحەممەد کوڕی حەسەنی عەسکەری.

[2]– بڕوانە: صفة الصفوة، عبد الرحمن أبو الفرج، ط٢، ١٩٧٩. حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، ط٤، ١٩٨٥. وفيات الأعيان و وأنباء الزمان أحمد إبن خلكان.

هەریەك لەو پێشەوایانەش بەرهەم و کەلەپورێکی گەورەی لە ڕوایات و فەتواو قوتابی لەدوای خۆی جێهێشتووە. هەریەك لەو پێشەوایانەش بەدرێژایی ژیانی میتۆدی خۆی لە ئیجتیهادکردن گەڵاڵە کردووە، بە وردی پابەندبووە بە میتۆدی خۆی –بە لانی کەمەوە هەروەك قوتابیەکانی بۆی گواستونیەتەوە– لە دەرکردنی فەتوادا، وە لە لێکۆڵینەوە لە فەرموودە پیرۆزەکاندا کە پێیان گەیشتووە. بەڵام هەموو ئەو پێشەوایانە کە باسکران کۆمەڵێ ڕیوایەتی زارەکی یان نوسراویان بۆ فەرموودەی پیرۆز و کۆمەڵێ فەتوا بەجێهێشتووە، کەسیان نەهاتووە بۆچوونێکی تیۆری بۆ میتۆدەکەی لە ئیجتیهادکردن یان ئەوەی کە پاشتر ناسرا بە ئوسوڵی فیقهـ بەجێبێڵێ. جگە لە پێشەوا شافیعی لە کتێبی (الرسالة)کەیدا[1].

لێرەدا خستنەڕوویەکی کورت بۆ دروستبوونی هەریەك لە مەزهەبەکانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی نیشان دەدەین، ئەویش بەپێی هەریەك لە مەزهەبە فیقهییەکان کە لەسەرەوە باسکراون. تیایدا (زنجیرەی) پێشەوایانی هەموو مەزهەبەکان دەردەکەوێ. زنجیرەیەی ئەو پێشەوایانەم بە شوێنکەوتنی (کتێبە باوەڕپێکراوەکان)ی هەریەك لەو مەزهەبانە دەستکەوتووە، هەر بەوشێوەیە کە ئێستا لە زانکۆ و پەیمانگا ئیسلامییە باوەکاندا دەخوێنرێن، کە دادەنرێن بە (دەقی سەرەکی) بۆ هەریەك لەو مەزهەبانە.

بنەماکانی مەزهەبی حەنەفی –وەك بنەما– بە دوو نەوە لەدوای دامەزرێنەری مەزهەبەکە پێشەوا ئەبو حەنیفە دەرکەوت. بەپێی ئەو زانیاریانەش کە گەیشتوون پێمان، ئەبو حەنیفە خۆی هیچ کتێبێکی فیقهی نەنوسیوە، بەڵکو کۆمەڵە مەسەلەیەکی پەیوەند بە باوەڕ و پەروەردەوە نوسیوە، وەك (الفقه الأکبر)[2]، (الرّد

---

[1]– الرسالة، محمد بن إدريس الشافعي، القاهرة، ١٩٣٩ز.

[2]– تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة، ل/٣٧٨.

على القدرية)[1]، (العالم و المتعلم)[2]. ئـەبو حەنیفـە هـەروەها ژمارەیـەك فـەرموودەی پیرۆزی گێڕاوەتەوە، یەکەمین قوتابی بەڕێزو نەجیبی کە نـاوی ئـەبو یوسـف بـووە (ت ١٨٢ك) لە کتێبیکدا کۆیکردوونەتەوە بە ناوی **الآثار**[3]. دواتر ئەبو یوسف خۆیشی کتێبێکی داناوە بە ناوی **الخراج**[4]، تیایدا فەتواکانی ئەبو حەنیفەی دەبارەی مەسەلە داراییە جۆراو جۆرەکان شەرحکردووە، بەتەنیشت ڕاکانی ئەبو یوسف خۆیشـیەوە، کە هەندێجار ڕاکانی جیاواز بوون لە ڕای پێشەوا ئـەبو حەنیفـەی مامۆسـتای. ئـەبو یوسف هەروەها کتێبێکی تری بە ناوی **اختلاف إبن أبى ليلى**[5]، لەبارەی حوکمەکان و ڕاکـانی ئـیبن ئـەبی لیلـی دانـاوە، کـە ئـەوکات دادەوری یەکـەمی بەغـداد بـووە، بەتايبەتی ڕا جیاوازی ئەبو حەنیفە لەسەر ڕایەکانی. لـەبارەی موحەممـەدی کـوڕی حەسەنی شـەیبانی (ت ١٨٧ك/٨٠٣ز)، کـە گـرنگترین قوتـابی ئـەبو حەنیفـەو ئـەبو یوسـف بـووە.، هـاتووە کتێبـی **الاخـتلاف** ی ئـەبو یوسـفی لـەدوای خـۆی ڕیوایەتکردووە. جگە لەوە موحەممەدی کوڕی حەسەن چەندین کتێبی گشتگیری لە فیقهدا نوسیوە کـە ئێسـتاکە دادەنـرێن بـە سەرچـاوەی سـەرەکی فیقهـی حەنـەفی گرنگترینیـان کتێبـی **الجـامع الکـبیر**[6]ە. مەزهـەبی حەنـەفی تـا ئـەو مێـژووە بـە پشتبەستن لەسەر کۆمـەڵێکی گـەورە لـە فـەرموودەی پـیرۆز و فـەتوا دەخوێنـدراو جێبەجێ دەکرا، نەك لەسەر میتۆدێکی دیاریکراو. واتە تا ئەو کاتەی کە نەوەیـەکی دواییینە نەهاتن پێشتر شتێك دانەنرابوو بە ناوی بنەماکانی حەنەفییەت. هەریەك لـە

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو.

[2]- سەرچاوەی پێشوو.

[3]- سەرچاوەی پێشوو.

[4]- الخراج، أبو يوسف.

[5]- تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة، ل/٤٢٠.

[6]- سەرچاوەی پێشوو.

سورخوسی (ت ٤٨٩ك/١٠٩٦ز) و بەزدەوی (ت ٥٤٢ك/١١٤٧ز) کتێبێکیان داناو ناویان نا بنەماکان (**الأصول**)[١]. هەردووکیان لایەنە ڕواڵەتییەکانی تیۆرییان بۆ میتۆدی مەزهەبی ئوسوڵی ڕوونکردەوە تیایدا، وەك حوکمی فەرمانی شەرعی، پەیوەندی نێوان لەفزی تایبەت و گشتی لە دەقەکاندا، مەسەلەکانی حوجییەت، پێوانەگیریی، هەڵوەشاندنەوەو هیتریش. سورخوسی لە پێشەکی کتێبەکەیدا وتوویەتی وادەبینیێ کاتی ئەوە هاتووە نوسینی ڕوونکەرەوە دەربارەی ئەو بنەمایانە بنوسرێ کە موحەممەدی کوڕی حەسەن ئەو بەشانەی لەسەر بونیاتناوە کە لە لایان زانراون، ئەمەش بەو مەبەستەیە تا ئەو فیقهناسانە کە لەدوای ئەوانەوە دێن کاتێ ڕووبەڕووی کۆمەڵە مەسەلەیەك دەبنەوە کە پێشتر لە مەزهەبەکەدا باسنەکراون بێن فیقهەکەیان لەسەر ئەو بنەمایانە بونیات بنێن[٢]. بەڵام وادەبینم ئەو فیقهناسە حەنەفییانە کە لە نەوەکانی دواتردا هاتوون فەتواو ئیجتیهادەکانیان لەبەر ڕۆشنایی و ڕاکانی ئەبو حەنیفەو ئەبو یوسف و موحەممەدی کوڕی حەسەن بونیاتناوە، نەك لەسەر بنەما تێروتەسەلەکانی میتۆدی مەزهەبی تیۆری وەها کە سورخوسی و بوزدەوی خوێندنەوەیان بۆ کردووەو پێیگەیشتوون.

مەزهەبی مالیکیش لە پەرەسەندنی خۆیدا قۆناغە هاوشێوەکانی پەرەسەندنی مەزهەبی حەنەفی پەیڕەو کردووە، پێشەوا مالیك کۆمەڵێگی زەبەلاح لە فەتواو فەرمودە پیرۆزەکانی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە، بە تایبەتی لە کتێبی **الموطأ**[٣]دا. پاشان ئیبن وەهەب (ت ١٨٧ك/٨١٣ز) کە قوتابی پێشەوا مالیك بووە

[١]- أصول السرخسي، محمد بن احمد السرخسي، أصول البزدوي- كنز الوصول إلى معرفة الأصول. كراتشي، باكستان.

[٢]- أصول السرخسي، السرخسي، ب١، ل/١٠.

[٣]- موطأ الإمام مالك، مالك،

هەستاوە بە نوسینی کتێبی **المجالسات**[1]، **تیایدا** ئەو فیقهەی گێڕاوەتەوە کە لە ماوەی دانیشتنی لەگەڵیدا لە پێشەوا مالیکی بیستووە، هەروەها سەحنون (ت ٦٩٥ک/١٢٩٦ز) کە زانایەکی تری مەزهەبی مالیکییە، کتێبی **المدوّنة الأم**[2] ی نوسیوە، ئەمیش لەو کتێبەیدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕاکانی پێشەوا مالیکی تۆمارکردووە. بەڵام لەبارەی میتۆدی تیۆری پێشەوا مالیك و نەوەکانی دوای ئەو لە پەیڕەوانی مەزهەبەکەی ئەوا بە ڕوونی و تێروتەسەلی قسەی لێنەکراوە، تا ئەو کاتەی ئەبوبەکری کوڕی عەرەبی (ت ٥٤٥ک/١١٥٠ز) و شەهابەدینی قەرافی (ت ٦٨٤ک/١٢٨٥ز) هاتوون، ئەویش لە هەردوو کتێبەکەیاندا بە ناوی **المحصول** و **القواعد** بە ڕیزبەندی[3]. بەڵام کتێبەکانی پێشەوا مالیك کە لێیەوە گێڕدراونەتەوە، بە تایبەتی کتێبی **الموطأ**، ئەوا هەر وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ مەزهەبەکەی ماوەتەوە.

مەزهەبی حەنبەلیش بە هەمانشێوەیە، سەرەتای مەزهەبەکە بریتی بوو لە موسنەدێکی گەورە لە فەرموودە پیرۆزەکان کە پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەل لەدوای خۆی جێیهێشتووە، بەدوایدا کۆمەڵە فەتوایەکی بە گێڕانەوەی قوتابییەکانی هاتوون، بۆ نمونە دوو کوڕەکەی، صالح (ت ٢٦٦ک/٨٧٩ز) و عەبدوالله (ت ٢٩٠ک/٩٠٣ز)، وە چەند قوتابییەکی تری وەك ئەبوبەکری ئەسرەم (ت ٢٦١ک/٨٧٥ز)، عەبدوالله مەیمونی (ت٢٧٤ک/٨٨٧ز)، حەرب (ت٢٨٠ک/٨٩٣ز)، ئەبوبەکری مەروەزی (ت ٢٧٥ک/٨٨٨ز). هەروەها قوتابییەکی مەروەزیش بە ناوی ئەبوبەکری خەللال (ت٣١١ک/٩٢٣ز) کە هەستاوە بە نوسینی مەوسوعەیەك لە

---

[1]– تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة، ل/٤٢٠.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

[3]– سەرچاوەی پێشوو.

فیقهی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا، ناوی ناوە بە **کتاب السنن**[1]. ئەوەندە هەیە ئەو تیۆرە فەلسەفیەی کە مەزهەبی حەنبەلی لەسەری بونیاتنراوە تا ماوەیەکی زۆر دواتر بە شێوازی ئوسولّی راڤە نەکرابوو، تا ئەو کاتەی ئیبن تەیمییە (ت ٧٢٨ك/١٣٢٨ز) و ئیبن قەییمی قوتابی (ت ٧٤٨ك/١٣٤٧ز)[2] دەرکەوتن، کە بە شێوەیەکی ڕوون پشکیان هەبوو لە مەزهەبەکەدا، هەروەها بەشدارییەکانی نەجمەدینی توفی (ت ٦٢١ك/١٢٢٤ز) و ئیبن رەجەب (ت ٧٩٥ك/١٣٩٣ز) و ئیبن لەححام (ت ٨٠٣ك/١٤٠٠ز) ڕۆڵی خۆیانیان هەبووە.

زەیدی کوڕی عەلی زەینولعابدینیش هەستاوە بە ڕیوایەتکردنی فەرموودەی پیرۆز و ژمارەیەکی زۆر فەتوای دەرکردووە (یان ڕیوایات بە داڕشتنی شیعە)، کە ئەبو خالیدی واسیتی لە کتێبەکەیدا بە ناوی **المجموع**[3] کۆیکردوونەتەوە. پاشان قوتابییەکەی بە ناوی ئیبراهیمی کوڕی زەبرقان (ت ١٨٣ك/٧٩٩ز) هاتووە کتێبەکەی لێیەوە گێڕاوەتەوە[4]. زانایانی نەوە یەك لەدوا یەکەکانی مەزهەبی زەیدی میتۆدی پێشەوا زەیدییان ڕوونکردووەتەوە، بەتایبەتی ئەحمەد کوڕی عیسای کوڕی زەیدی کوڕەزازای (ت ٣٨٩ك/٩٩٩ز)، هەروەها ئەبو القاسم (ت ٢٤٢ك/٨٥٦ز)، و ئیمامی هادی (ت ٢٩٨ك/٩١١ز)[5].

ئیبازییەکانیش لە ڕووی ناوەوە دەچنەوە سەر عەبدوالله کوڕی ئیباز (ت ٨٦ك/٧٠٥ز)، بەڵام لە سەدەی سێیەمی کۆچی (سەدەی نۆیەمی زایینی)[6] دا وردە وردە بەو ناوە دەناسران و کەوتنە پەرەدان بە مەزهەبە تایبەتەکەیان. پشکی

---

[1]- تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة، ل/٥٢٤.

[2]- كتب ورسائل وفتاوى، أحمد إبن تيمية، ط٢. المسودة، إبن تيمية. إعلام الموقعين، إبن القيم.

[3]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٤٩٥.

[4]- الإمام زيد، محمد أبو زهرة، ١٩٦٥ز، ل/٢٦٧.

[5]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٧٠.

[6] -Amr K. al-Nami, (www. Islamfact. Com, 2006), Ch. i.

گەورەی خەملێنی ئەم مەزهەبە کە دواتر کۆکرایەوە جابر کوڕی زەیدی ئەزدی بووە (ت ٩٣ك/٧١١ز)، کە قوتابی ژمارەیەك لە هاوەڵان بووە، لەوانە ئیبن مەسعود، عائیشە، ئیبن عومەر، ئیبن عەبباس و ئەنەسی کوڕی مالیك –خوا لێیان ڕازی بێت– . زنجیرەی قوتابیانیش لەدوای جابر نەوە بە نەوە هەریەك لە موسلیم کوڕی ئەبی کورەیمە، پاشان ڕەبیعی کوڕی حەبیب، پاشتر مەحبوبی کوڕی ڕەحیل، پاشتریش موحەممەد کوڕی مەحبوب[1] بوون. جابر کتێبێکی گەورەی لە فەرموودەو فیقهدا داناوە، ناسراوە بە **دیوان جابر بن زید**، کە ئیبازییەکان پەیڕەوی لێدەکەن و مەزهەبەکەیان تا ئەمڕۆش لەسەر ئەوە بونیاتنراوە[2].

ئیمام جەعفەری صادقیش فەرموودەی پیرۆزی گێڕاوەتەوە، ژمارەیەك فەتوایشی دەرکردووە، هاوکات بە قووڵی و ناوازەیی چووەتە نێو ژمارەیەك زانستی تر، وەك زانستی کیمیا و ماتماتیك[3]، جەعفەری صادق کۆمەڵێك قوتابی ناوازەی فێرکردووە کە لێیەوە زانستییان وەرگرتووە، ئەو فەرموودانەی کە ڕیوایەتی کردوون لێیەوە گواستونیانەتەوە، هەروەها ڕاو بۆچوونەکانیان گواستوەتەوە، بە تایبەتی موسا کازمی کوڕی، (کە ئەویش یەکێکە لە دوازدە ئیمامەکە)، هەروەها ئەبو حەنیفەو مالیك و سوفیان و ئیبن ئیسحاق و ئیبن ئەبی حازم و یەحیای کوڕی سەعید و جابر کوڕی حەییان قوتابیانی جەعفەری صادق بوون، ئەم دواییینەیان کە جابرە ناوی زانستی جەبر لە ناوی ئەوەوە وەرگیراوە[4]. بەڵام ڕا جیاوازییەك هەیە کە ئایا ئەوە ئیمام باقر (باوکی جەعفەری صادق) بووە کە یەکەمین کتێبی ناسراوی لە ئوسوڵی فیقهدا داناوە. تەنانەت لە پێش کتێبی **الرسالة** ی پێشەوا

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

[3]– تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة، ل/٧٠٠.

[4] -Plessner, M. 2008.

شافیعی دا، یان ئەوەیە کە تیۆریزەکردن لـە مەزهـەبی جەعفەریـدا لـە کـاتێکی زۆر دواتـردا هـاتووە[1]. جـا مەسـەلەکە هـەرجۆر بێـت هـەر کۆدەنگییـەکی گشـتی لـەناو مەزهەبی جەعفەریدا هەیە کە (ئیجتیهادی ئازادانە) لـەدوای کۆتـا ئیمـام لـە دوازدە ئیمامەکە دەستیپێکردووە (لە سەدەی سێیەمی کۆچی/ نۆیەمی زایینی)دا، چـونکە پشتیوانانی ئـەم مەزهەبـە لـەپێش ئـەو بـەروارەوە لـە تەقلیـدەوە نەچـوون بـەرەو ئیجتهاد، واتە لە شوێنکەوتنی پێشەواکانەوە یەك لەدوای یەك تـا ئـەو کاتـەی پێـی دەوترێ (کاراکردنی ئەقڵ) ئەویش لە باری نەبوونی دەق و ڕیوایەتەکاندا[2].

ئەم سەربوردو خستنەڕووە بەم گوتەیە کۆتایی پێـدێنین کـە مەزهـەبی شـافیعی جیا لە مەزهەبەکانی تر بەوە ناوزەد دەکرێ کە پێشەوا شافیعی خۆی هەستاوە بـە نوسین و تۆمارکردنی ئـەو فـەرموودەو فیقـه و زانسـتی ئوسـوڵە کـە لـە لای بـوون. بەڵکو زۆربەی زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە پێشەوا شافیعی هەستاوە بە دانانی پایەکانی ئوسوڵی فیقه، بەو سیفەتە کـە لـەنێو زانسـتە ئیسـلامییەکاندا زانسـتێکی سەربەخۆیە، ئەویش بە نوسینی کتێبی **الرسالة**[3]. توێژەران لێکۆڵینەوەیان کردووەو ڕا جیاواز بوون لەوەی کە تا چ ئاستێك فەلسەفەی یۆنانی کاریگەری لەسەر زانستی ئوسـوڵی شـافیعی هـەبووە، هەنـدێکیان دەڵـێن کـە شـافیعی هـەر لـە بنەڕەتـەوە نەچووەتە ناو فەلسەفەی یۆنانی، هاوکات کەسانیتریش هەن کە وتوویانـە شـافیعی شـارەزابووە بـە زمـانی یۆنـانی، کاریگـەری یۆنـانی بـە گوتـەی ئـەوان (دیـارە بـە نوسینەکانیەوە)[4]. منـیش لـەدوای گـەڕان و لێکۆڵینـەوە هـیچ بەڵگەیـەکی مێـژوویم

---

[1]- حركة الإجتهاد عند الشيعة الإمامية، عدنان فرحان، ط١، ل/١١. أصول الفقه، أبو زهره، ل/١٥.

[2]- حركة الأجتهاد عند الشيعة الإمامية، عدنان فرحان، ط١، ل/١١.

[3]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٠.

[4]- العلاقة بين المنطق والفقه عند مفكري الإسلام، محمود محمد علي، ٢٠٠٠.

نەبینی کە پشتگیرییەکی بەهێز لە بەڵگەی هیچ لایەك لەو دوو لایەنە بکات، بەڵام وا دەبینم، بەپێی ئاگاداربوونم بەسەر نوسینەکانی پێشەوا شافیعی و بەسەر فەلسەفەی یۆنانیدا لە سەرچاوەکانیانەوە، کە میتۆدی شافیعی لە ئوسوڵدا، بە تایبەتی لە هەردوو کتێبە گرنگەکەیدا **الرسالة و الأم**، هیچ ئاسەوارێکی راستەوخۆی لۆژیکی یۆنانی یان فەلسەفەی یۆنانی تیایاندا بەدی ناکرێ، بەڵام ئەمە ئەو ئەگەرە رەتناکاتەوە کە ئەوەی لە فەلسەفەی یۆنانی بەردەستی کەوتووە خوێندویەتیەوە، ئەوەش بە گوتەی ئەوانە کە ژیننامەی شافیعیان نوسیوە. جا بە هەرحاڵ بەدڵنیایی کە خودی ئوسوڵی مەزهەبی شافیعی لە کتێبە ئوسوڵییەکانی دوای شافیعی پەرەسەندێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، هەروەك لای قەففالی شاشی (ت ٣٣٦ك/٩٤٦ز)، عەبدولمەلیکی جوەینی(ت ٤٧٨ك/١٠٨٥ز)، ئەبو حامیدی غەزالی (ت ٥٠٤/١١١١ز) بەدی دەکرێ، کە هەریەکیان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کاریگەر بووە بە فەلسەفەی یۆنانی و ئەمەش مەسەلەیەکە هیچ مشتومڕێ هەڵناگرێ[1].

---

[1]– المنطق عند الغزالي في أبعاده الأرسطوية وخصوصيته الإسلامية، ١٩٨٩ز. في غياث الأمم في التياث الظلم، عبد العظيم الديب (إمام الحرمين)، قطر، ١٤٠٠هجري.

## ڕەخنەگرتن لە پۆلێنکردنی مەزهەبەکان لە ڕووی ڕواڵەتییەوە

| | قورئان | سوننەت | کۆدەنگی | پیوانەگیری | بەرژەوەندی | بەچاکزانین | عورف | رای پیشەوا | رای هاوەڵان | ئیستیصحاب |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| مالیکی | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | | ✓ | | ✓ | ✓ |
| حەنەفی | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | | ✓ | ✓ | | ✓ | ✓ |
| شافیعی | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | | | | | ✓ | |
| حەنبەلی | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | | | ✓ | ✓ |
| جەعفەری | ✓ | ✓ | ✓ | | | | | ✓ | | ✓ |
| زەیدی | ✓ | ✓ | ✓ | | | | | ✓ | | ✓ |
| زاهیری | ✓ | ✓ | | | | | | | | ✓ |
| ئیبازی | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | | | | ✓ |
| موعتەزیلە | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | ✓ | | | | |

وێنەی ٣-٣ ئەم خشتەیە پوختەی (سەرچاوەکانی تەشریع) دەخاتەڕوو بەو وەسفە کە (نیشانەکانی پۆلێنکردنن) بۆ جیاکاری کردن لە نێوان مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامیدا. ئەم شێوازە لە پۆلێنکردن لە زۆر لایەنەوە بە سنوردار وەسفدەکرێ، بۆ نمونە لە ڕەهەند دا تاکلایەنەو لە گشتاندندا زیادەڕەوە.

لێرەدا شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ پۆلێنکردنی مەزهەبە باوەکان لە تێڕوانینی زانستە دەرکپێکراوە هاوچەرخەکانەوە تاوتوێ دەکەین[١]. ئێمە لە بەشی دووەمدا پێناسەیەکمان بۆ بیرۆکەی دابەشکردن/پۆلێنکردن خستەڕوو، هاتین پۆلێنکردنمان لەسەر نیشانەکان بەراورد کرد بە پۆلێنکردن لەسەر چەمکەکان ئەنجامدا. مرۆڤیش دەتوانێ بەپێی ئەو سەربوردە مێژووییە کە لەم بەشەدا خستمانەڕوو ئەو دەرئەنجامە هەڵبگۆزێ کە پۆلێنکردنی مەزهەبە فیقهییەکان لە (پۆلێنکردن لەسەر بنەمای چەمەکان) دەستیپێکردو بە (پۆلێنکردن لەسەر نیشانەکان) کۆتایی هات. چونکە زانایان پۆلێنکردنیان لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای ڕادەی پشتبەستنی یەکێکیان بە ڕەئی لە بەرانبەر پشتبەستنی لەسەر فەرموودە لە دەرکردنی فەتواکانیدا ئەنجامداوە، پێوەری پۆلێنکردنیش بریتی بوو لە (چەمکی ئەقڵ یان ڕەئی، بەجۆرێ کە ئەهلی ڕەئی لە گەیشتنیان بە حوکمی شەرعی بەڵگەدارتر بوون زیاتر لە ئەهلی فەرموودەی گوماناوی. بەڵام ئەم پۆلێنکردنە بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەند بۆ پۆلێنکردنێك کە ناوەکەی خۆی لە ناوی پێشەواکانەوە وەرگرت، نیشانەکانی پۆلێنکردنی لە لیستی (سەرچاوەکانی تەشریع)ەوە وەرگرت کە لەسەر دەستی نەوەی دووەم و سێیەم لە قوتابیانی پێشەوا ناوبراوەکانەوە گەشەی کرد. ئەمەش بەجۆرێ کە پۆلێنکردنی مەزهەبە فیقهییەکان بە شێوەی پراکتیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیشانانە کە دەکرێ مەزهەبەکە کاریان پێبکات یان نەیکات (ئەو نیشانانەش بریتین لە–سەرچاوەکان–، لە سەرەکی و لاوەکییان، ئەوانیش ئەمانەن: قورئانی پیرۆز، سوننەتی پێغەمبەرایەتی، کۆدەنگیی، پێوانەگیریی، بەرژەوەندیی، بەچاکزانین، عورف، ڕەئی پێشەوا، ڕەئی هاوەڵان، ئیستیصحاب، بەڵگەی پەراوێزیی تریش).

---

[١]– بۆ دەستخستنی بابەتی تێروتەسەل سەردانی: Keil, Robert, A. Wilson. Press. 1999. بکە.

ئەمەی خوارەوە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ پۆلێنکردنی مەزهەبەکان لەسەر بنەمای نیشانەکان، ئەویش بە بونیاتنان لەسەر شیکردنەوەی تیۆریی ڕشتەبەندیی کە لە بەشی دووەمدا لە کاتی باسکردنی پۆلێنکردن لە زانستی پەیپێبردندا خستمانەڕوو:

١- **فەرامۆشکردنی زانیاری شیکاریی گرنگ:** لەو پۆلێنکردنەی کە لەسەر مەزهەبەکان باسکرا و لەسەر کۆمەڵێ نیشانە بونیاتنراوە تێبینی دەکرێ وێکچوون لە نێوان (سەرچاوەکان) کە ناوی جۆراو جۆری لە مەزهەبەکاندا پێدراوە وندەکات. بۆ نمونە ئەو وێکچوونەی کە لە نێوان چەمکی پێوانەگیریی لای حەنەفییەکان و چەمکی بەچاکزانین کە لای جەعفەرییەکان هەیە ونە، هەروەها چەمکی مەبەستەکان کە لای مالیکییەکان دەیبینین و چەمکی بەرژەوەندی ڕەها کە لای شافیعییەکان هەیە. هەروەها جیاوازییە گرنگەکانی نێوان ئەو چەمکە کە زاراوەی (کۆدەنگیی) لای زاهیری و مالیکی و جەعفەرییەکان پێدراوە، ئەوەش کە زاراوەی (بەچاکزانین)ی لای حەنەفییەکان و مالیکی و موعتەزیلە پێدراوە وندەکات. بۆ هیتریش بەهەمانشێوە.

٢- **گشتاندنی زیادەڕەو:** پرۆسەی جیاکاری لە مەزهەبەکاندا یان جیاوازی خستن لە نێوانیاندا بەپێی ئاستی کارکردنی ئەو مەزهەبەیە یان کارنەکردنیەتی بەو نیشانەیە (سەرچاوە) یان هەر نیشانەیەکی تر ئەنجامدەدرێ، وەك سوننەت یان کۆدەنگیی یان بەچاکزانین یان عورف. بەلام، تەنانەت پێناسەکردنی ئەو نیشانە/سەرچاوانە، لە نێوان مەزهەبێك و مەزهەبێکی تردا جیاوازە، لەبەرئەوە ناتوانرێ بکرێتە بنەمایەکی ورد بۆ پۆلێنکردن ئەگەرنا ئەوا دەکەوینە ناو گشتاندنێکی دوور لە وردەکاری.

٣- **بژاردە دوالیزمە یەکلاکەرەوەکان:** هەرچەندە (توفی) وەك حەنبەلییەك پۆلێن دەکرێ، بەلام ئەو شێوازەی کە حوجییەت دەدات بەو بەرژەوەندییە کە بە

ئەقڵ دەرکی پێدەکرێ و دەیخاتە سەرووی بەڵگەی تایبەتەوە (کە ئەویش بە هەر حاڵ بەڵگەیەکی گوماناوییە) وای لێدەکات تەواو جیاواز بێت لە بنەماکانی مەزهەبی حەنبەلی، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە میتۆدەکەی لە موعتەزیلەکانەوە نزیکە. هەروەها غەزالی کە وەك شافیعییەك پۆلێن دەکرێ، لە کتێبی **المستصفى** کەیدا کۆمەڵێ پێوانەکاری هەیە کە لەسەر پاساودان بە مەبەستە (نا توندوتۆڵەکان) لە بەشی بەرژەوەندییە ڕەهاکاندا بونیاتی ناون، ئەمەش وای لێدەکات بتوانرێ بخرێتە جێگایەکەوە لە نێوان مەزهەبی شافیعی و مالیکیدا بێت. ئیبن تەیمییەش بەهەمانشێوە– وا دادەنرێ سەر بە مەزهەبی حەنبەلییە–کەچی لە مەسەلەی حوجییەتی کارکردن بە کارەکانی خەڵکی مەدینە پشتگیری لە مەزهەبی مالیکی کردووە. خۆیشی کاری پێکردووە، (نیزام)یش کە سەر بە مەزهەبی موعتەزیلەکانە هاتووە ئیجتیهادی بە پێوانەگیریی ڕەتکردووەتەوە، کە ڕای زاهیری و جەعفەریەکانیش هەروەهایە. ئا بەمشێوەیە نمونەی زۆر هەن لە وردەکاری نەکردن لە بژاردەی دوالیزمەییدا دا لە نێوان ئەوەی کە موجتەهید سەربە مەزهەبێکی دیاریکراو بێت یان هەرگیز سەر بەو مەزهەبە نەبێت.

٤– **پشتگوێخستنی فرە ڕەهەندی لە پۆلێنکردندا:** مەزهەبەکان بە حوکمی مێژوویی دروستبوون و بە کردەی چەندین فاکتەر خەمڵیون، هەیانە فاکتەری جوگرافییە، هەیانە سیاسییە، هەشیانە پەیوەندی بە سیستەمی دادگاکانەوە هەیە لە ویلایەتە جۆراو جۆرەکاندا، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بەڵام ئەم فاکتەرانە نەچوونەتە ناو پرۆسەی پۆلێنکردنی مەزهەبەکان بەپێی (بنەماکانیان)، ئەمیش بەهەمان شێوازی ئەو فاکتەرە دوالیزمانەن کە باسکران.

٥– **سوڕانەوەی مەزهەب بە دەوری کەسایەتی پێشەوادا:** بەتەنیشت ئەو لایەنە سنوردارانە کە لە شێوازی کلاسیکیدا باسمانکردن و لەسەر نیشانە/سەرچاوەکان بونیاتنراون، ئەوا ناونانی مەزهەبە فیقهییە باوەکان بە ناوی پێشەواکانەوە

ڕەنگدانەوەی ئاراستەیەکی گشتییە بەرەو ڕاکێشان ڕووبە کەسایەتییە ناوازەکانی پێشەوایانی مەزهەبەکان، کە لەجیاتی ئەوە دەبوو ڕێنمایی بدرایە بە گرنگیدان بە وردەکارییەکانی میتۆدی فەلسەفی ئەو پێشەوایانە، ئەم حاڵەتە بە ئاستێکە ئەوەندەی پابەندبوون بە ڕای پێشەوایانەوە بە هەند گیراوە بەو ئاستە پابەندبوون بە تیۆری بنەماکانەوە بە توند نەگیراوە، با ڕای پێشەوایش پێچەوانە بووبێت لەگەڵ (بنەماکانی مەزهەبەکەدا).

دواتر لە بەشی پێنجەمدا پۆلێنکردنێکی چەمکداریی بۆ تیۆرە نوێیەکان لەبارەی فیقهی ئیسلامییەوە پێشکەش دەکەین، وەك هەوڵێك بۆ دەربازبوون لە لایەنە کەموکورتەکانی پۆلێنکردنی کلاسیکی کە ئێستاکە خستمانەڕوو و لەسەر نیشانە سەرچاوەییەکان بونیاتنراوە.

## زنجیرەی قوتابیان و ڕیوایەتەکان:

لەو هەوڵەمدا بۆ دانانی هەموو ئەو پێشەوایانە کە لەسەرەوە باسکران لە یەك دیدگای مێژوویی دا، هەستام بە ڕێکخستنی هێڵکاری ٣-٤ ئەویش بە مەبەستی شیکردنەوەی هەندێ لە پەیوەندییەکانی زانا پێشەواکان بە قوتابیەکانیانەوە، هەروەها زنجیرەی مێژوویی بۆ مەزهەبەکان. لەم هێڵکارییەدا کۆمەڵێ هاوەڵی هەڵبژاردە کە شەش هاوەڵن-خوا لێیان ڕازی بێت-(ناوەکانیانم خستووەتە ناو یەکەم ڕیزی لاکێشەکان) دەبینرێ، هەروەها دوزادە لە پشتیوانانم دەستنیشان کردووە، وە حەوت لە پێشەوایانی مەزهەبەکان (کە ناویان لە لاکێشە پرژوبڵاوەکاندان)، چەند نمونەیەکیش لە قوتابیانیان دەستنیشان کراون.




وێنەی ٣-٤: زنجیرەی ئەو قوتابیانەی کە بە تێپەڕبوونی کات مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامییان پێکهێناوە، سەرەتا لە ژمارەیەك هاوەڵی هەڵبژاردەوە دەست پێدەکات، بە ژمارەیەکی هەڵبژاردە لە ئوسوڵییەکان کۆتایی پێدێت.

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردن هەستاین بە هەڵبژاردنی ئەو کۆمەڵە دیاریکراوە، تیرەکان لەسەر هەموو ئاستەکان بە زانایەکی مامۆستا دەست پێدەکەن و بە قوتابیەکانی کۆتاییان پێدێت، ئێمەش ئەم هێڵکارییەمان لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەك ئامادە کردووە[١]. ئەم تێبینیانەش کە لە خوارەوە یاداشت دەکرێن لەسەر شیکردنەوەی ئەو هێڵکارییە بونیاتنراون.

١- زنجیرەی پرۆسەی فێرکردن و ڕیوایەت کە پشتیوانان لە هاوەڵانەوە وەریانگرتووە تەواو تێهەڵکێش و پێکئالاوە. زنجیرەکانی بەیەکگەیشتنیش لە نێوان پشتیوانان و پێشەوایانی مەزهەبدا ئەویش بەهەمانشێوە تەواو تێهەڵکێش و پێکئالاوە، ئەگەر چی پەیوەندییە تێهەڵکێش کراوەکان کەمترن لەوەی لە نێوان هاوەڵان و پشتیواناندایە. هێڵکارییەکە دەریدەخات کە ئاستی بەیەکگەیشتن نەوە لەدوای نەوە، بەردەوام لە نزمبوونەوەدا بووە، تا گەیشتووەتە ئەو ئاستە کە مەزهەبە فیقهییەکان لە ڕووی مێژووییەوە گەشەیان کردووەو بە هەموو پێوەرە پراکتیکییەکان لە یەکتر دابڕاون. باوەڕم وایە لاوازی ئاوێتەبوون و کارلێك لە نێوان مەزهەبەکانی فیقهدا پشکی هەبووە لە کەمکردنی داهێنان و کەمی پوختەکردنی هزرەکان و زاڵبوونی ڕا بەشییەکان بەسەر تێڕوانینی هەموەکی بەراورکاردا، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە مەزهەبەکان هاتوون زاراوەی جۆراو جۆریان بڕیوە بەسەر چەمکە وێکچووەکاندا.

٢- زنجیرەکان دەریدەخەن کە هەریەك لە عائیشەو ئیبن عەبباس و ئیبن عومەر-خوا لێیان ڕازی بێت-کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە لەسەر نەوەی پشتیوانان بەگشتی، هەروەك لە نمونەکانی ڕیوایەتکاران و زانستخوازانەوە

---

[١]- صفة الصفوة، أبو الفرج، الكاشف في معرفة من له رواية في الكتب السنة، حمد المشقي، ط١. تقريب التهذيب، أحمد إبن حجر. لسان الميزان. إبن حجر، ط٣. سير أعلام النبلاء، محمد الذهبي. التأريخ الكبير، محمد البخاري، حلية الاولياء، الأصبهاني. تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة.

دەردەکەوێ کە لە هێڵکارییەکەدا باسمانکردووە، بەڵام کاریگەری عائیشە لەسەر فیقه لە ڕێگای ڕاکان و ڕیوایەتەکانییەوە کە لە ڕێگای ئالوبەیتەوە لە نەوەکانی پێشەوا عەلییەوە پێمان گەیشتوون مەزهەبەکانی ئەهلی سوننە دەیسەلمێنن، بەڵام مەزهەبە شیعەکان دانی پێدانانێن. لە لایەکی تریشەوە هەندێ لە هاوەڵان وەك عومەری کوڕی خەتتاب کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر زۆرێك لە هاوەڵانی تر لە وێنەی ئیبن عەبباس و کەسانیتریش لە ئالوبەیت.

٣-جەعفەری صادقیش کە (پشکی شێری هەیە لە فیقهی شیعەدا، مەزهەبی جەعفەریش یان ئیمامی یان دوازدە ئیمامی بە ناوی ئەوەوە ناونراوە) شوێنەواری لەسەر هەموو مەزهەبە سوننیەکان دیارە، ئەویش لە ڕێگای پێشەوا مالیك و ئەبو حەنیفەو قوتابیان و قوتابیانی قوتابیانیانەوە.

٤- شەعبی و ئیبن موسەییب لای ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵان خوێندوویانە، کاریگەریان لەسەر مالیك هەبووە (لە ڕێگای زوهرییەوە)، هەروەها لەسەر ئەبو حەنیفە، کاریگەریان لەسەر هەموو پێشەوایانی دوای ئەوانیش هەبووە. بەمجۆرە ئەوا ڕاکانیان قورساییەکی تایبەتی هەیە.

٥- مالیك و ئەبو حەنیفە کاریگەریان لەسەر شافیعی هەبووە، بۆ ئەبو حەنیفە (لە ڕێگای ئەبو یوسف)ی قوتابییەوە بووە، ئیبن حەنبەلیش کاریگەری مالیکی (لە ڕێگای شافیعییەوە) و ئەبو حەنیفەی (لە ڕێگای ئەبو یوسف و موحەممەدی کوڕی حەسەن)ەوە لەسەر بووە، داود کاریگەری ئیبن حەنبەل و شافیعی (لە ڕێگای ئیبن راهویە) لەسەر بووە. جەعفەر و زەیدیش-کە دوو پێشەوای دوو مەزهەبی جیاوازی شیعەن-زانستی خۆیانیان لە هەمان ڕێگاوە وەرگرتووە، ئەویش ڕێگای عەلی زەینولعابدین کوڕی حوسەینە-خوا لە هەموویان ڕازی بێت-.

٦- لە کۆتاییدا دەڵێم بەڕاستی ناتوانرێ لە ڕێگای هێڵکاریی زنجیرەیی سادەوە کە وەك شێوەیەکی ڕوونکردنەوە هێناومانە شارەزایی تەواو بە فرە میتۆدی و

جیاوازی کاریگەری زانا پێشەوا ناوەبراوەکان بەسەر قوتابیانیانەوە بەدەست بێت. بۆ نمونە عائیشەو ئیبن عومەر و ئیبن عەبباس زانستیان گەیاندووەتە ژمارەیەك لە پشتیوانان، بەلاّم هێزو تواناو سروشتی کاریگەرییان لەسەر شوێنکەوتووانیان جیاوازە بە جیاوازی ژمارەیەك لە فاکتەری کۆمەلاّیەتی. بۆ نمونە عوروەی کوڕی زوبەیر خوشکەزای عائیشەیە-خوا لێی ڕازی بێت-، بەم پێیەش زیاتر لە هەموو قوتابیەکانی تری نزیکتر بووە لێیەوە، ئاسەواری ڕاو کەسایەتییەکەی لەسەری زۆر زیاتر بووە لە کاریگەری هەر یەکێك لە هاوەلاّنیتر لەسەری، ئیبن عومەر نافیع و ئیبن یەساری لە کۆیلەیەتی ڕزگارکردووە، لەبەرئەوە پەیوەندییان لەگەلّیدا پەیوەندییەکی تایبەت و ناوازە بووە. ئیبن عەبباسیش ئامۆزای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بووە، هەروەها ئامۆزای عەلی بووە-خوا لێیان ڕازی بێت-، کە ئەم پەیوەندییانەش بازنەیەکی فراوان بە پەیوەندییەکان و پێگەیەکی ناواز بە هەریەك لە مەزهەبە فیقهییەکان دەبەخشێ، ئیتر سوننی بێت یان شیعی.

**سەردەمی داڕوخان:**

پاشان لەدوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی مێژوویی، ئەو قۆناغە هاتەپێش کە ناودەبرێ بە (سەردەمی داڕوخان) لە ژیاری ئیسلامیدا بە گشتی، وە لە تیۆری بنەماکانی فیقهی ئیسلامیدا بە تایبەتی، جا هەر لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی کۆچی (سەدەی سیازدەیەمی زایینی)یەوە، واتە لەو کاتەوە کە بەغدا لە ساڵی ٦٥٦ك بە دەستی تەتارەکان داگیرکرا[١]. ئیتر لەوکاتەوە فیقهناسانی هەر مەزهەبێك دەستیانکردووە بە ناونانی گوتەکانی پێشەوای مەزهەبەکەو گوتەی قوتابیەکانی بە (دەقێك لە مەزهەبەکەدا)، بەجۆرێ کە ئەو (دەقانە) لە واقیعدا جێگای دەقە

---

[١]- تأریخ الفقه الإسلامي، عمر سلیمان الأشقر، ط١، ١٩٨٢ز، ل/١١٩.

ئەسڵییەکانیان گرتەوە، واتە دەقەکانی قورئان و سوننەت. لە سەردەمی داڕوخاندا، ڕێگا نەدەدرا بە فیقهناس ئیجتیهاد بکات، اللّهم مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ڕایەك لە پێشەواکەوە یان لە یەکێك لە زانایانی مەزهەبەوە نە لە نزیك و نە لە دوورەوە نەدۆزرابێتەوە کە شیاو بێت پێوانەگیریی لەسەر بکات ئەمەش بە دەگمەن نەبێت ڕووینەداوە[١]. ئەوانە خۆیان سەرقاڵکردووە بە نوسینی پوختەی کتێبەکانی ئەوانەی لە پێش خۆیانەوە بوون، ئەویش لەناو دەقی (متن) زۆر تەواو کورتدا کە ناڕوونی زاڵبووە بەسەریاندا، یان داڕشتنەوەی هەمان ئەو دەقانە لە چەند دێڕە شیعرێکی ئاڵۆزدا کە زانستخواز هەمووی تەمەنی لە لەبەرکردنیاندا خەرجدەکرد، دواتر مەسەلەکە وایلێهات ئەوە ڕوویدا کە (دەرگای ئیجتهاد داخرا)، هەرچەندە وائیلی حەللاق و کەسانیتریش هەندێ لە پاشماوەکانی ئیجتیهادە ئازادەکانیان دەستکەوت لە هەموو مەزهەبە جۆراو جۆرەکانی ئەو سەردەمەدا[2]. ئەو فاکتەرەش کە پشکی گەورەی لە مانەوەی هەندێ لە مەزهەبە فیقهییەکاندا هەبووە لە هەندێ ناوچەی جوگرافی دیاریکراودا تا گەیشتوونەتە ئێمە فاکتەری دادگا شەرعییەکان بووە، چونکە دەبوایە هەر دادگایەك پەیڕەوییەکی توندی لە یەکێك لە مەزهەبەکان بکردایەو سەر بەو بوایە. پاشتر لەو سەردەمەدا دیاردەی دابەشبوونی مەزهەبەکان ڕوویدا بۆ هەر جۆرە دیمەن و ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی ئیسلامیدا،، تەنانەت ڕووبەرە تایبەتکراوەکان بۆ نوێژکردن لە مزگەوتەکاندا بەپێی

---

١- مجلة الأحكام العدلية، ل/١٠٠.

2 -Wael B.Hallaq. no. 1 1984.

مەزهەبەکان دابەشکرابوو[1]. هاوکات کێبڕکێ و پاشانیش ململانێی سەخت و توند لە نێوان مەزهەبەکاندا سەریهەڵدا، ئەمەش بە ئاستێکی وەها بوو کە دواجار بووە هۆی ناکۆکی و شەڕو دووبەرەکی خوێناوی و کاولکردنی ژمارەیەك لـە شـارە گـەورەکان، کە ئەمەش مەسەلەیەکی دووبارەیە هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێداوە[2]. پاشـان ئـەو بەش بەشی و دابەشبوونە لە سـەردەمی نوێـدا گـۆڕدرا بـە جـۆرێکی تـر. هـەروەك لەمەوپاش دێت.

---

[1]– خۆم ژمارەیەك لەو مزگەوتانەم بینی کە چوار ڕووبەریان تایبەتکردبوو بۆ نوێژکردنی شـوێنکەوتووانی هەر چوار مەزهەبەکە: شافیعی و مالیکی و حەنەفی و حەنبەلی، بۆ نمونە مزگـەوتی سـوڵتان حەسـەن لـە قاهیرە. هەروەها وەك وێنەکانی مزگەوتی حەرام لە مەککە لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سـەدەی بیستەمدا کە بارودۆخێکی هاوشێوەی هەبوو. لە لایەکی تریشەوە مزگەوتەکانی شیعە تا ئـەمڕۆش جیـان لە مزگەوتەکانی سوننە.

[22]– پێشتر لە بڕگەی ٢–٢ هەنـدێك لـە هۆکارەکـانی دووبـەرەکی و ناکۆکییـەکانی حەنـەفی–شـافیعیمان دەربارەی دادگاکانەوە خستەڕوو.

# بەشی چوارەم
# تیۆرە مێژووییەکانی فیقهی ئیسلامیی

## سەرنجێکی گشتی

ئامانجی ئەم بەشە پێشکەشکردنی ڕووپێوێکی پان و پۆڕە بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی بۆ تیۆرە ئوسوڵییە سەرەکییەکان کە لە داهاتوودا دێت بۆ ئەو نۆ مەزهەبە مێژووییە کە لەپێشەوە باسمانکردن، ئەوانیش مەزهەبەکانی مالیکی، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی، جەعفەری، زەیدی، زاهیری، ئیبازی و موعتەزیلە. ئەم شیکردنەوەیە چڕدەبێتەوە لەسەر پۆلێنکردنی ڕیزبەندی قوچکەیی بۆ تیۆرە جۆراو جۆرەکان و شێوازەکانی هەڵێنجان، ئەویش بە میتۆدێکی بەراوردکار. دواتر هەر لەم بەشەدا هەندێ نمونەی فیقهی پێشکەش دەکەین تەنها بۆ ڕوونکردنەوە نەك بۆ مشتومڕکردن لەسەریان. خوێنەری بەڕێز هەروەها تێبینی دەکات کە زمانی ئەم بەشە بە تایبەت و پوخت ناوزەد دەکرێت، چونکە ئوسوڵی فیقه یان فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامی زمانێکی تێدا بەکاردەهێنرێ کە خاوەنی زاراوەی دیاریکراو بێت. لەبەرئەوە مەبەستمانە ئەو پەراوێزانەی کە پەیوەندن بەم بەشەوە هاوکاربن بۆ ئەو خوێنەرانە کە مەبەستیانە تا بۆ دەستخستنی وردەکاری بە شێوەیەکی فراوانتر بگەڕێنە بۆ سەرچاوەکانی تر.

باسی یەکەمی ئەم بەشە تاوتوێی سەرچاوە ڕەسەنەکانی فیقهی ئیسلامی دەکات، کە قورئان و سوننەتە، باسی دووەمیش باس لەو بەڵگە لەفزیانە دەکات کە پەیوەندن بەو سەرچاوە یەکەمانەوە هەر بەوجۆرە کە هەموو مەزهەبەکان پیادەیان کردووە، پاشتر باسی سێیەم بەڵگە ئەقڵییەکان یان سەرچاوە لاوەکییەکان دەخاتەڕوو و پەیوەستن بە دەقەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان، هەروەك پاشتر لە جێگای خۆیدا باسی دەکەین. ئینجا باسی چوارەم و کۆتایی شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە بۆ هەموو جۆرو ئاستەکانی (حوکمە شەرعییەکان، و شیاوییەتی).

## ٤-١ سەرچاوە ڕەسەنەکان: قورئان و سوننەت:

(بەڵگەکان) بریتین لەو سەرچاوەو ڕێکارانە کە مەزهەبی فیقهی پەیڕەویان دەکات تا لە ڕێی ئەوانەوە هەڵێنجان بۆ حوکمە شەرعییەکان بکات. بەڵگەکان دوو سەرچاوەی سەرەکی دەگرێتەوە کە هەموو مەزهەبە فیقهییەکان (وەك پرەنسیپ) کۆدەنگن لەسەری، ئەوانیش قورئان و سوننەتن، ئەگەرچی ڕا جیاوازی زۆر لەسەر وردەکاری مانای ئەم دوو سەرچاوە سەرەکییە هەیە، چونکە ئەو دوو سەرچاوەیە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکین. پاشان (بەڵگەکان) چەند سەرچاوەیەکی تر بۆ حوکمە شەرعییەکان دەگرێتەوە، وەك (عورف) و (شەرعی پێش ئیمە)، هەروەها شێوازی فیقهی تر کە بە سروشتی پێیان دەوترێ سەرچاوە لاوەکییەکانی تەشریع، لەوانە پێوانەگیریی، کۆدەنگیی، داخستنی بیانووەکان، وە هیتریش. جیاوازی نیلەۆان مەزهەبەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پێناسەکردن یان حوجییەتی بەڵگە یان بۆ پێناسەو حوجییەت پێکەوە.




**وێنەی ٤-١: (بەڵگەکان) پۆلێنکراون بەپێی بەهەندگرتنیان (وەك پرەنسیپ) لای هەموو مەزهەبە فیقهییەکان.**

## قورئانی پیرۆز:

ئەم قورئانە پیرۆزە کە ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە لەسەر هەمان ئەو موصحەفە (جگە لە نیشانەکانی سەرو بۆرو خاڵبەندی) کۆپی کرایەوە کە لەسەر بڕیاری جێنشینی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان-خوا لێی ڕازی بێت-ئەنجامدرا، دوای ئەوە کە (لیژنەیەك) لە نوسەرانی وەحی پێکهێنرا و هەستان بە نوسینەوەی، پاشان هاوەڵان بڕیاریاندا لەسەر ئەوە کە لیژنەکە ئەنجامیاندا، بیرۆکەی کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لەتوێی یەك بەرگ لەناو دوو بەرگدا پشتگیری تەواوی هاوەڵانی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەدەستهێنا، بەڵام ئەو کۆکردنەوەیە تا دوای لەناوچوونی خوێنەران-واتە هاوەڵانی قورئان لە سنگ-

دەستی پێنەکردو هەتا ناکۆکی لـە نێـوان هاوەڵانـدا دەربـارەی دەقـی کـۆپیکراو و خوێندنەوە جۆراو جۆرەکانی دروست نەبوو دەرکردنـی بڕیـارێکی یەکلاکـەرەوە بـە کۆکردنەوەی دەرنەچووبوو. لە سەردەمی عوسماندا–خوا لێی ڕازی بێت–پێویستی بـە دەرچـوونی بڕیـاری کۆکردنـەوەی قورئـان لـە یـەك بەرگـداو لـە یـەك کـۆپی باوەڕپێکراودا، بەڵکو دەرکردنی بڕیاریش لەلایەن جێنشینەوە بە سوتاندنی هـەموو کۆپیکراوەکانی ترو یەکخستنی ڕەئی و لە گۆڕنـانی هـەر ناکۆکییـەك بەشـێوەیەکی یەکجارەکی گەیشتە ئەوپـەڕی. عوسمـان–خـوا لێـی ڕازی بێـت–دەربـارەی کـۆپی باوەڕپێکراوەوە بڕیاریدا کە ئەگەر جیاوازی لەسەر شێوەزارەکان دروست بـوو ئـەوا لیژنـەی کۆکـەرەوەی قورئـان پشـت بـە شـێوەزاری قـورەیش ببەسـتێت، چـونکە شێوەزاری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بووە. ئـەو دە جـۆر خوێندنەوەیـە کـە ئـەمڕۆ بـاو و ناسـراون هـەر هـەموویان بـەپێی ئـەو نوسـینەوە عوسمانییـەن، ئـەو جیاوازییەش کە لە نێوانیاندا هەیە تەنها جیاوازی خاڵبەندی و سەربۆری ئیعرابە، کە ئەمانـەش چـەند زیادەیـەك بـوون لـە قۆنـاغێکی دواتـردا خرانـە سـەر قورئانـە عوسمانییەکە[1]. ئـا بەمشـێوەیە لـەوەدا کـە دەکـرێ نـاوبنرێ موصـحەفی عوسمـان دەبینین کە کۆدەنگییەك لە نێوان هەموو مەزهەبەکاندا بەبێ هەڵاوێردکردن هەیە.

بەڵام تاکە هەڵاوێردکردنێ کە لە دەرەوەی ئەو کۆدەنگییەیە، بریتییە لـە ڕایـەك کە ژمارەیەکی کەمتر لە پەنجەکانی یەك دەست لە فیقهناسـە شـیعە جەعفەریـەکان پیادەیان کرد ئەویش لە ئان و سـاتی (سـەردەمی داڕوخـان)دا هاتـەڕوو کـە پێشـتر باسمـانکرد. ئەوانـە دەڵـێن ژمارەیـەکی زۆر ئایـەتی قورئـانیی هـەن کـە نـین لـەناو موصـحەفەکەی عوسمانـدا، دەڵـێن هەمووشـیان پەیوەنـدییان بـە گرتنەدەسـتی کاروباری جێنشینی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و کۆمەڵە مەسەلەیەکی ترەوە هەیە کـە

---

[1]– النشر في القراءات العشر، محمد بن محمد إبن الجزري.

نزیکن لەوەوە، تەنانەت دەڵێن گوایا هەندێ لە هـاوەڵانی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسەر) بە هۆکاری سیاسی ئەو ئایەتانەیان شاردووەتەوە. بـەڵام جگـە لـەوان ئـیتر هەرچی سەرچاوە مێژووییەکانی سوننەو شیعە هەن کە ئەمڕۆ ناسراون، تۆمـەتێکی لـەوجۆرەیان تێـدا نیـە. بەهەمانشـێوە هـیچ مەرجـەع یـان پێشـەوایەکی شـیعە لـە سەردەمی نوێدا پشتگیری ئەو گوتەیەی نەکردووە، تەواوی مەرجەعە شـیعەکان لـە ئەمڕۆدا بە جیاوازی پلەو پایەیانەوە، لە پێشەوا خومەینی و صەدرەوە، تا دەگاتـە هەردوو بەڕێز فەزڵوالله و مەهـدی شەمسـەدین، پشـتگیری لـەو ڕایـە ناکـەن، بـەڵکو ناڕەزاییان دەربڕیوە لێی و ریسوایان کردووە[1]. منیش بۆ خۆم تاکە ڕایەکی فیقهـیم لە هیچ کتێبێکی فیقهی شیعەدا وێڕای زۆریان نەبینیوە کـە باسـی لـەوجۆرەی تێـدا بێت و بونیاتنرابێت لەسەر ئەو (ئایەت و سورەتانە) گوایا لەم قورئانـە پـیرۆزدا کـە ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە بوونیـان نیـە. لەبەرئـەوە ڕاسـت و دروسـت ئەوەیـە بڵـێین موصـحەفی عوسمـانی بـەپێی هـەموو مەزهەبـە فیقهییـەکان تاکـە موصـحەفێکی پەسەندکراو و ڕاستە کـە هـەڵگری سـەراپای قورئـانی پـیرۆزە، لـەوە بـەولاوە ئـیتر هەرجۆرە گوتەیەك لە هەر لایەنێکەوە بێت یان لەسەر هەر لایەنێك بێـت گوتەیـەکی نا باش و ناپەسەندە.

جگە لەوەش ئێمە بۆ نمونە ئیبن جوزری دەبینین کە زیاتر لە هەشـتا ڕیوایـەتی بۆ هەریەك لە دە خوێندنەوە ناسراوەکانی ئەمڕۆ هێناوە[2]. لەبەرئەوە ئـەوا هەریـەك لەو خوێندنەوانە گەیشتووەتە ئاستی تەواتور هەروەك هـەموو مەزهەبـە ئیسـلامییە ناسراوەکان دانیان پێدا ناوە.

دەربـارەی فیقهـیش، ئـەوا هـەموو مەزهەبـەکان لـەپێناو هـەڵێنجانی حوکمـە شەرعییەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئایەتەکانی ئەو موصحەفە کـە لەبەردەسـتماندایە، بـە

[1]– العلاقة بين السنة والشيعة، محمد العوا، ط١، القاهرة، ٢٠٠٦ز.

[2]– النشر في القراءات العشر، إبن الجزري.

ڕیزپەڕی حەنەفییەکان کە لە هەندێ ئایەتدا دەگەڕێنەوە بۆ موصحەفەکەی ئیبن مەسعود، هەروەها بە ڕیزپەڕی گەڕانەوەی مەزهەبەکان بۆ ڕیوایاتی ئاحاد بۆ هەندێ ئایەتی تر (بۆ نمونە وەها کە عەلی، ئوبەی، عائیشە، سالم-خوا لێیان ڕازی بێت-خوێندوویانەتەوە). ئەو ڕیوایەتە جۆراو جۆرانە بۆ ژمارەیەکی سنوردار لە ئایەتەکان (کە خاوەنەکانیان تەنانەت دوای کارپێکردنی عوسمان -خوا لێی ڕازی بێت- بە کۆپییە فەرمییەکە هەر پابەندبوون پێیانەوە) بریتین لە چەند ڕیوایەتێك کە جیاوازی لەسەریان زۆر کەمەو هیچ شتێك لە ماناکان ناگۆڕێت، بەڵکو فیقهناسانی مەزهەبەکان وەك فەرمووده مامەڵیان لەگەڵدا دەکەن نەك وەها کە ئایەتن وەك ئایەتەکانی تری قورئانی پیرۆز[1]. حەنەفییەکانیش جگە بۆ مەبەستەکانی فیقە ئیتر کاریان بە موصحەفەکەی عەبدوالله ی کوڕی مەسعود نەکردووە، نەك وەها کە قورئانێك بێت بۆ خوێندنەوە، ئەویش بەوپێیە کە لە پلەی بەناوبانگدایە بەڵام نەگەیشتووەتە پلەی تەواتور تا دابنرێ بە خوێندنەوەیەکی کارپێکراو. بەهەمانشێوە ئەو ڕایانەی کە حەنەفییەکان بە پشتبەستن بە موصحەفەکەی ئیبن مەسعود خستوونیانەتە ڕوو لە هیچ بارێکدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە لە کۆی ڕای جەماوەری زانایان[2].

---

[1]- مناهل العرفان في علوم القرآن، محمد الزرقاني، ط١، ل/١٨٢. أصول التشريع الإسلامي، علي حسب الله، ل/٢٢.

[2]- أصول التشريع، حسب الله، ل/٢٣.




**وێنەی ٤-٢: پۆلێنکردنی ڕیوایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەپێی پلەی ڕاستی و دروستییان.**

لە لایەکی ترەوە، موعتەزیلەو هەندێ لە زانا ئوسوڵییەکان پێگەو پایەی ئەوەی کە ناوی (ئەقڵ)یان لێناوە خستوویانەتە بالاترین جێگا لە نێوان سەرچاوە ئەسڵییەکانی تەشریعدا، تەنانەت بە بەراوردکردنیش لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا[1]. موعتەزیلە بەرگری لەم ڕایەیان دەکەن و دەڵێن پێگەی ئەقڵ بەرزترە لە پێگەی دەقە شەرعییەکان چونکە ئەقڵ لە مەسەلەی باوەڕبوون بە خودی دەقە شەرعییەکان بنچینەو ئەسڵە، بەڵام لەدوای ئەوە کە مرۆڤ باوەڕدێنێ بە دەقی دابەزێنراوی خوایی، ئیتر مەعتەزیلە جەختدەکەن کە دەق تاکە پێوەرێکە موسڵمان دەگەڕێتەوە بۆی تەنانەت بە حوکمدانیشی لەسەر خودی ئەقڵ. لێرەوە دەبینین کە جیاوازی موعتەزیلە لەم مەسەلەیەدا جیاوازییەکی لەفزی یان فەلسەفییە، بەڵام فیقهی موعتەزیلە ئەوا زۆر لە فیقهی مەزهەبەکانی تر دەچێت، بە تایبەتی مەزهەبی شافیعی (کە پاشتر ڕوونیدەکەینەوە). کەواتە (پێشخستنی ئەقڵ بەسەر وەحیدا) لای موعتەزیلەکان هەڵوێستێکی فەلسەفی کەلامییە نەك تیۆرێکی ئوسوڵی بێت لە پرۆسەی هەڵێنجانی حوکمە شەرعییەکاندا.

---

[1]- المغني، عبد الجبار، ب٤، ل/١٧٤. فضل الإعتزال، عبد الجبار، ل/١٣٩.

**سوننەت:**

سوننەت بریتییە لەو گفتار و کردارانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە هاوەڵان ڕیوایەتیان کردوون، هەروەها ڕەزامەندییەکانی (چونکە ئامادەبوونی پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر– لە هەڵوێستێکدا و نەنواندنی ناڕەزایی لەسەری دادەنرێ بە ڕەزامەندی و بڕیاردان لەسەر ئەوە کە ڕوویداوە، هەروەك لای پسپۆڕانی ئەو زانستە زانراوە). بەڵام پەیوەندی ماناکانی سوننەت بە ماناکانی قورئانی پیرۆزەوە (بڕوانە وێنەی ٤–٣) ئەوا ئەمانە دەگرێتەوە: (١) مانایەك لە سوننەتدا کە هاومانا بێت لەگەڵ مانای قورئانی پیرۆزدا، (٢) مانایەك لە سوننەتدا کە ڕوونکردنەوە یان درێژەپێدان بێت بۆ مانایەکی گشتی لە قورئانی پیرۆزدا، (٣) مانایەك لە سوننەتدا کە تایبەتکردن بێت بۆ دەستەواژە گشتییەکان لە قورئانی پیرۆزدا، (٤) مانایەك لە سوننەتدا کە خستنەسەری مەرجەکان بێت بۆ حوکمە گشتییەکان لە قورئانی پیرۆزدا، دواجاریش (٥) مانایەك لە سوننەتدا کە حوکمێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ کە لە قورئانی پیرۆزدا نە لە نزیك و نە لە دوورەوە نەهاتووە. هەموو مەزهەبە فیقهییەکان کۆدەنکن لەسەر سێ خاڵی یەکەم، ڕا جیاوازیشن لەسەر دوو خاڵی کۆتایی. ئەویش بەپێی ئەم وردەکاریانەی خوارەوە:




وێنەی ٤–٣: پۆلێنکردنی ئەو پەیوەندییانە کە لە نێوان فەرموودەو قورئانی پیرۆزدا دروست دەبن.

ئەگەر دەقێکی قورئانی پیرۆز دەربارەی مەسەلەیەك (گشتی) بوو و دەقێکی سوننەت لەسەر هەمان مەسەلە (تایبەت) بوو، ئەوا شافیعی و حەنبەلی و زاهیری و زەیدی و جەعفەرییەکان فەرموودەی (آحاد) دادەنێن بە (تایبەتکردنی) دەقێکی گشتی لە قورئاندا، بەم پێیەش ئەوا دەقە گشتییەکە تایبەت دەکرێ، بەڵام حەنەفییەکان ئەو (تایبەتکردنە) دادەنێن بە جۆرێك لە ڕەتکردنەوە بۆ گشتێتی دەقی قورئانی گومانبڕ، لەبەرئەوە حەنەفییەکان بە شێوەیەکی گشتی ڕەتیدەکەنەوە کە ڕیوایەتە (آحاد)ەکان ببنە کۆت و بەند و تایبەتکار کە دژن لەگەڵ لەفزە گشتییەکانی قورئانی پیرۆزدا.

ڕای پێشەوا مالیکیش لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە هەوڵیداوە بەڵگەیەك بدۆزێتەوە کە پشتگیری لەو فەرموودە (آحاد)انە بکات کە واتایەکی گشتی لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز تایبەت دەکەن، جا ئەگەر بەڵگەیەکی نەدۆزیبێتەوە پشتگیری لەو فەرموودەیە بکات ئەوا ڕەتیکردووەتەوە کاری پێبکات. ئەو بەڵگە پشتگیرییەش کە پێشەوا مالیك هەوڵیداوە دەستی بکەوێت یان بریتییە لە کارێك لە کارەکانی خەڵکی مەدینە (کە ئەمەش بەڵگەیەکە هەموو مەزهەبەکان بە گشتی ڕەتیدەکەنەوە)، یان پێوانەگیرییەك بێت کە پشتگیری واتای فەرموودەکە بکات. ئەگەر هاتوو هیچ یەك لەو بەڵگانەی نەدۆزییەوە ئەوا میتۆدی خستنەپێش بەکاردەهێنێ تا لە ڕێگایەوە فەرموودەی (آحاد) لەو حاڵەتەدا ڕەتبکاتەوە.

بەڵام ئەگەر فەرموودە پیرۆزەکە حوکمێکی تێدا بێت کە لە قورئانی پیرۆزدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەهاتبێت، ئەوا هەموو مەزهەبەکان قبوڵ دەکەن کار بەو حوکمە بکەن کە فەرموودەکە دەیڵێت، بە مەرجێ ئەو حوکمە کە تێیدایە تایبەت نەبێت بە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر). ئەو کارانەش کە تایبەتن بە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) لەوانەیە لەو کارانە بن کە تایبەتن بە کەسایەتی خۆیەوە بەو سیفەتە کە پێغەمبەرە، چونکە دەکرێ شتێك لەسەر ئەو

فەرز بێت بەڵام فەرز نەبێت لەسەر خەڵکی، وە یان لەو کارانەی بن کە بە حوکمی سیفەتی خوارِسکی مرۆیی ئەنجامیداون نەك تەشریع بن، یان عادەت بووە نەك عیبادەت، واتە بەو حوکمە کە ئەویش (درودی خوای لەسەر) مرۆڤێك بووە ژیاوە وەك ئەو خەڵکەی تریش کە لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا لە نیوە دوورگەی عەرەبدا ژیاون. وێنەی ٤–٤ ئەم پۆلێنکردنە دەخاتەڕوو.




وێنەی ٤–٤: پۆلێنکردنی کارەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەو ڕووەوە کە تەشریعن یان تەشریع نین.

هەندێ لە زانایانی مەزهەبی مالیکی و حەنبەلی دوو جۆری تر کردەوەیان خستووەتە سەر کردەوەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە ناکەونە ژێر تەشریعێکەوە کە دەبێت هەر موسڵمانێك پابەند بێت پێیەوە، ئەو دوو جۆرەش ئەمانەیە کە وەك (پێشەوایەتی) واتە وەك سەرکردەیەك ئەنجامیداون، وە ئەو کردەوانەی کە وەك (دادوەریی)، واتە بە سیفەتی (دادوەر) ئەنجامیداون. بۆ نمونە قەرافی هەموو کارەکانی پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) لە کاتی جەنگەکاندا خستووەتە ژێر سیفەتی (هەڵسوکەوتەکانی بە حوکمی پێشەوایەتی)، بڕیارەکانیشی (درودی خوای لەسەر) کە پەیوەندن بە حکومەت و سیاسەتەکانیەوە هەروەك لە

زاراوەی هاوچەرخدا هاتووە بەهەمانشێوەیە، کە لە بەشی یەکەمدا بە درێژی باسکراوە، قەرافی هەروەها بە پێی ئەم پۆلێنکردنەی دەڵێ هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) (ئاسەواریان لەسەر شەریعەت جیاوازە، هەر گفتارێکی یان کردارێکی کە بە مەبەستی پێڕاگەیاندن ئەنجامیداون ئەوە حوکمێکی گشتی هەیە، بەڵام ڕەوانەکردنی سوپاو و خەرجکردنی دارایی خەزێنەی دەوڵەت و دانانی دادوەر و والییەکان و دابەشکردنی دەستکەوتە جەنگییەکان و بەستنی پەیماننامە، ئەوا بە سیفەتی (پێشەوایەتی) ئەنجامیداون تا کۆتایی ئەو گوتانەی کە لە بەشی یەکەمدا باسکراون. کەواتە کارەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ نمونە لە دادوەریدا بریتییە لە تەشریعێك کە تایبەتە بەو دادوەرانەوە کە پسپۆڕن بە حوکمدان لەو دادگایانەدا کە تایبەتن بەو مەسەلانەوە، بۆ هەموو موسڵمانان نین. بەم نوێیانەش تاهیر ئیبن عاشور (کە ئەمیش هەر مالیکییە) بەدوای قەرافیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر کردەوەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) داوە، هاتووە چەند کارێکی تری لە کارەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ مەبەستی دیاریکراو زیادکردووە، کە ئەوانیش لە دەرەوەی تەشریعی گشتین، وەك: ئامۆژگاریکردن، ئاشتەوایی، تەمبێکردن، فێرکردنی ڕاستییە باڵاکان (کە لە بەشی شەشەمدا بەدرێژی دەگەڕێینەوە سەری).

ئیبازییەکانیش ئەو کارانە کە ناویانناون (پەرستشەکانی پێغەمبەر) (درودی خوای لەسەر) بەوەیان دادەنێن کە تایبەتن بە خودی خۆیەوە، مەبەستیشیان بەمە ئەو پەرستشانەیەتی کە ئەنجامیداون بەڵام بەردەوام نەبووە لەسەریان، کەچی مەزهەبەکانی تر ئەم کارانە بە (سوننەت) دادەنێن با پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەردەوامیش نەبووبێت لەسەریان. هەندێ لە موعتەزیلەکان جیاوازییان خستووە لە نێوان ئەو کارانەدا کە ناویانناون بە (پەرستشەکانی پێغەمبەر) (درودی خوای لەسەر) و بەوەیان ناوزەد کردوون کە تاکە کردارێکن دەبێ هەموو موسڵمانێك پابەند بێت

پێیانەوە، وە نێوان هەموو کردارەکانی تری و هاتوون بەوەیان ناساندون کە لە ڕیزی مامەڵە گۆڕدراوەکانە. بەڵام لەڕاستیدا ئێمە پێوەرێکی ڕوونمان نیە تا بتوانین بەهۆیەوە جیاوازی بخەین لە نێوان ئەوەی کە دەتوانین دایبنێین بە (پەرستشەکان) و ئەوەی کە دەتوانین دایبنێین بە (مامەڵەکان)، ئەم پۆلێبکردنەمان تەنانەت لای موعتەزیلەکانیش بە کاملی نەبینی. لە داهاتوودا ڕای زانایان لەسەر ئەو پێوەرە خوازراوە کە لە نێوان پەرستشەکان و مامەڵەکاندایە دەخەینەڕوو.

(ئیجتیهادی پێغەمبەر) یش (درودی خوای لەسەر) –لە ڕووی بنچینەو لە ڕووی مەودایەوە– جێگای ناکۆکییەکی دوورو درێژە لە نێوان مەزهەبە ئوسولییەکاندا، بە ڕای منیش هێشتا نەگەیشتووینەتە وەڵامێکی تێروتەسەل دەربارەی مەودای ئەو ئیجتیهادە کە جەماوەری زانایان بنچینەکەیان سەلماندووە. زاهیرییەکان و هەندێ لە فیقهناسانی مەزهەبەکانی تریش ڕایان لە ڕای جەماوەری زانایان جیاوازە کە دەڵێن پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) توانایی ئیجتیهادکردنی هەیە[1]. ئیبن حەزم ڕای جیاوازی خۆی لە ڕای زۆرینە لەسەر ئەوە بونیاتناوە کە ئیجتیهادی مرۆڤ (گومانی)یە، لە بەرانبەر (یەقینی گومانبڕ)ەوە کە وەحی پێشکەشی دەکات و وتوویەتی ئەو کارە لە هەموو کاتێکدا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)[2] ڕێگاپێدراوە. بەڵام پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالی و جەماوەری زانایان دەڵێن وەسفکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ وەحی بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە وەحی لە هەموو کاتێکدا بەپێی داخوازی ئەو دانەبەزیوەتە سەری، کەواتە پێویستە ئیجتیهاد بکات تا وەحی بێتە خوارەوە بۆ سەری و ئەو ڕا ئیجتیهادییەی کە پێچەوانەی وەحی بووە ڕاستیبکاتەوە[3].

---

[1]– إرشاد الفحول إلى تحقيق علم الأصول، محمد بن علي الشوكاني، ط١، ب١، ل/٤٢٦.

[2]– الإحكام في أصول الأحكام، علي إبن حزم، ط١، ب٥، ل/١٢٥.

[3]– المستصفى، الغزالي، ب١، ل/٣٤٦. الجامع الصحيح، البخاري، رقم/٢.

ڕا جیاوازی –لە مەسەلەی ئیجتیهادکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)– لە واتای (وەحی)دا دروستبوو کە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەند جێگایەکدا هاتووە[١]. هەندێ لە ڕاڤەکارانی قورئان ئەو ئایەتانەیان بەو واتایە ڕاڤەکردووە کە: (هەرچی پێغەمبەر–درودی خوای لەسەر–گۆی پێکردبێت وەحییە)[٢]. بەڵام زۆربەی مەزهەبەکان ئەم لێکدانەوەیەیان ڕەتکردووەتەوە، چونکە وا دەبینن لە نێو گفتارەکانی دا (درودی خوای لەسەر) گفتاریان تێدایە کە: (تایبەتە بە کاروبارەکانی دنیاوە) هەروەك خۆی (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی، هیتریشیان تێدایە تایبەتە بە مەبەستی دیاریکراوەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە.

جگە لەوە تا ئێستەش وتووێژێکی زیندوو لە نێوان ئەو ئوسوڵیانەدا هەیە کە ڕێککەوتوون لەسەر پرەنسیپی ئەنجامدانی ئیجتیهاد لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر)، ئەوەش لەو بارەوەیە کە ئایا ئەو ئیجتیهادە شایانی ئەوەیە هەڵە بێت. لە کاتێکدا کە قورئانی پیرۆز لە چەند جێگایەکی دیاریکراودا ڕاستکردنەوە بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەدات[٣]، کەچی ژمارەیەك فیقهناس ڕەتیانکردووەتەوە کە ئەگەری هەبێت هەڵە لە ئیجتهادی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) ڕووبدات، ئەوەش بەو پێیە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەك پێغەمبەرێك بێهەڵەیە[٤]. بەڵام زۆربەی مەزهەبەکان دانیان بەوەدا ناوە کە ئەگەری

---

[١]– ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴾ النجم: ٣ – 4، ﴿ قُلْ مَا يَكُونُ لِىٓ أَنْ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلْقَآئِ نَفْسِىٓ ﴾ يونس: ١٥، ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ ٱلْأَقَاوِيلِ ﴿٤٤﴾ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِٱلْيَمِينِ ﴾ الحاقة: 44 – 4٥

[٢]– حجية السنة، عبدالخالق، ل/١٦٦. کۆنگرەی فیقهی ئیسلامی، ١٩٨٤، ل/٣٤.

[٣]– بۆ نمونە بڕوانە ئایەتەکانی: ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْآخِرَةَ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ الأنفال:٦٧، ﴿ عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَتَعْلَمَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴾ التوبة: ٤٣ ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰٓ ﴾ عبس: 1 – ٣.

[٤]– الإحكام في أصول الأحكام، علي الآمدي، ط١، ب٤، ل/٩٩.

ڕوودانی هەڵە لە ئیجتیهادکردنی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هەیە بەو مەرجە ئەو هەڵەیەی ڕاستەخۆ لە ڕێگای وەحییەوە راستکرابێتەوە[1]. مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە مەسەلەکە پەیوەندی بە کارێك لە کاروبارەکانی دنیاوە بووبێت.

–بەڵام من وەها من دەبینم! – جیاوازی خستنی تەواوەتی لە نێوان ئەو کارانەیدا کە دنیایین و ئەوانە کە دنیایی نین مەسەلەیەکە یەکلایی نەبووەتەوە، ئەم نمونەیە دەخەمە پێشچاو لەبارەی ڕوودانی هەڵە لە کارێك لە کارەکانی دنیادا، واتە لەو فەرموودەیەدا کە ناسراوە بە فەرموودەی (پیتاندنی دارخورما)[2]. لە کتێبی صەحیحی موسلیمدا فەرموودەیەك هاتووە بەمجۆرەیە: ((موسای کوڕی تەڵحە لە باوکییەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لەسەر) تێپەڕیم بە لای کەسانێکدا کە بەسەر دارخورماوە بوون، پێغەمبەر فەرمووی: ئەوانە خەریکی چین؟ ئەوانیش وتیان: دەیپیتێنین، نێرەکە دەخەینە ناو مێینەکە ئیتر دەپیتێت، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: وا نابینم ئەو کارە سودێکی هەبێت، تەڵحە دەڵێ، کەسەکان ئاگادارکران بە گفتارەکەی پێغەمبەرو ئەوانیش وازیان لە کارەکەیان هێنا، ئینجا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) ئاگادارکرا بە وازهێنانیان، ئەویش فەرمووی: ئەگەر سودێکی بۆیان هەیە با بیکەن، چونکە من گومانێکم برد و ئێوەش کار بە گومانم مەکەن، بەڵام ئەگەر دەربارەی زاتی خوای گەورە شتێکم پێوتن ئەوا وەریبگرن چونکە من درۆ لەسەر خوای گەورە ناکەم. لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتووە کە فەرموویەتی: منیش مرۆڤم، هەرکات شتێکم لەبارەی ئاینەکەتانەوە پێوتن ئەوا کاری پێبکەن، وە ئەگەر بە ڕای خۆم شتێکم پێوتن ئەوا منیش مرۆڤم. ڕیوایەتکارانی تریش وەك

---

[1]– حجية السنة، ل/٢٣١. الإجتهاد في الشريعة الإسلامية وبحوث أخرى، ل/٤٤.

[2]– چەند ڕیوایەتێك بۆ فەرموودەکە هەیە، إجتهاد الرسل، عبد الجليل عيسى، ل/١٣٢.

بەدواداچـــوونێك بــۆ فەموودەكـــەی پێغەمبـــەر (درودی خـــوای لەســـەر) وتوويانـــە فەرموويەتی ئێوە زاناترن بە كاروباری دنياكەتان)).

فەرموودەيەكی تريش هەيە كـە تەمومـژی ديـاريكردنی بـواری (كاروبـاری دنيـا) زياتر دەكات ئەويش بريتييە لە فەرموودەی (الغِيلة)[1]. موسليم و ماليـك دەگێڕنـەوە كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموويەتی: ((خەريك بوو ڕێگريتـان لێبكـەم لە جووتبوون لە كاتی شيردانی منداڵدا، پاشان ڕۆم و فارسەكانم بينی ئـەو كـارەش دەكـــەن و زيانێـــك بـــە منداڵـــەكانيان ناگەيـــەنێ))[2]. ئـــەم دوو فەرموودەيـــەو هاوشێوەكانيان مەسەلەی دياريكردنی ئەو كارانەی كە لە كاروبارەكانی دنيان وەهـا من دەبينم مەسەلەيەكە يەكلانەبووتەوە، لێرەوە باسەكە پێويستی بە لێكۆڵينەوەی زياتر هەيە.

ئەو بابەتـەش كـە پەيوەنـدی بـە پـۆلێنكردنی فەرموودەكانـەوە هەيـە لـە ڕووی سەلماندنيانەوە، ئەوا فەرموودە صەحيحەكان وەها پۆلێن دەكرێن كە موتەواتيرن، يان مەشـهورن، يـان ئاحـادن. فـەرموودە موتـەواتيرەكان لای هـەموو مەزهەبـەكان سـەلمێنراويان گومـانبڕە وەك گومـانبڕی سـەلماندنی قورئـانی پـيرۆزن، چـونكە لـە ژمارەيەكی زۆر لە هاوەڵانەوە گوێزراونەتەوەو (خەملاندنی ئەو ژمارەيەش لە نێـوان ڕاكاندا جياوازە)، مەحاڵە ئەوانەش لە نێوان خۆياندا ڕێككـەوتبن لەسـەر درۆكـردن. ئـەو فەرموودانـەش كـە ئـەمجۆرە دەيانگرێتـەوە دەربـارەی بنـەماكانی ئيسـلام و پەرستشەكانن كـە هـەر موسڵمانێك دەيـانزانێ (وەك سـروتەكانی نوێـژ، كارەكـانی حەج، ڕۆژوو و ئەوانيتريش).

---

[1]– الغيلة: بريتييە لە جووتبوون لە كاتی شيردان بە منداڵ، عـەرەب لـەپێش ئيسـلامدا باوەڕيـان وابـووە يەكێك لەو شتانەی كە زيان بە منداڵی شيرەخۆرە دەگەيەنێت ئەوەيـە كـە دايكـی لـە مـاوەی شـيردانيدا سكپڕ ببێت.

[2]– الموطأ، مالك، ل/٤١٨. صحيح مسلم، مسلم، ل/٥٤٢.




**وێنەی ٤–٥ پۆلێنکردنی ڕیوایەتەکانی فەرموودەی پیرۆز لە ڕووی ژمارەی راویانەوە.**

بەڵام ئەم فەرموودە موتەواتیرانـە زۆر بەکـەمی نـەبێت فـەرموودە گفتارییـەکان ناگرێتەوە. ژمارەی هەموو فەرموودە موتەواتیرەکانیش لە نێوان دوازدە فـەرموودە تا هەشتا فەرموودە مەزەندە دەکرێن. موتەواتیری ئەم فەرموودانە لـە لای تـەواوی مەزهەبەکان ئەوە دەگەیەنێ کە لەسەر هەر موسڵمانێك فەرزە باوەڕی پێیان هەبێت و کاریان پێبکات.

بـەڵام جـۆری دووەم لـە فـەرموودە بریتییـە لـە (فـەرموودەی مەشـهور)، کـە ژمارەیـەك لــە ڕاوییــەکان دەیانگێڕنــەوەو ڕاویــەکانیان کــەمترن لــەو ژمارەیــە بیانگەیەنێتە ئاستی تەواتور واتە ئەو ئاستە کە وایان لێبکات مەحاڵ بێت ڕێکبکەون لەسەر درۆکردن یان هەڵـە بکـەن، ئـەمجۆرەش ژمارەیـەکی بچـوك لـەو فەرموودانـە دەگرێتەوە کە لـە کتێبـە بەردەسـتەکانی فەرموودەکانـدا هـەن (لای هەرکـەس کـە هەستاوە بە ژماردنیان ژمارەیان ناگاتـە سـەد فـەرموودە)، ئەمـەش وا دەکـات کـە کاریگەری کردارییان سنوردار بێت.

ئەو کۆمەڵە فەرموودەیەش کە زۆرینەی زۆری فەرموودە پیرۆزەکان دەگرێتـەوە بـریتین لـە کۆمـەڵی فـەرموودە ئاحادەکـان. هـەموو مەزهەبـە فیقهییـەکانیش-بـە ڕیزپـەڕی کەمینەیـەك نـەبێت لـە موعتەزیلـە- بـۆ هـەڵێنجانی تـەواوی فیقهەکـەیان متمانەیان لەسەر ئەمجۆرە فەرموودەیە هەیـە. ئـەم فەرموودانـەش لـە ڕێگـای یـەك زنجیرەوە یان چەند زنجیرەیەکی کەمەوە لە ڕاوییەکان گوازراونەتەوە بۆمان کە بـە سروشتی خۆی جیاوازییەکی کەم لە لەفزی ڕیوایەتـەکانی هەنـدێکیان لـە هەنـدێکی تریاندا بەدی دەکرێت. پرۆسەی سەلماندنی لێهاتوویی ڕاویەکان و ڕاست و دروستی فەرموودەکە وەك سەنەد واتە گواستنەوەکەی باسی دوورو درێـژو وردەکـاری زۆری تێدا کراوە کە مرۆڤ لە ناو کتێبەکانی زانستی فەرموودەدا دەیبینێ[١].

جـا بـۆ ئـەوەی فـەرموودە بـە ڕاسـت دابنـرێ، پێویسـتە لـە سـەنەد و لـە دەق (متن)یدا پێکەوە ڕاست و دروست بێت، وە بۆ ئەوەی دەقی فەرموودە ڕاسـت بێـت دەبێت: زمانی دەقە (متن)ەکەی ڕاسـت بێـت، نابێـت دژ بێـت لەگـەڵ فـەرموودەی تردا، نابێت دژ بێت لەگەڵ ئەقڵ یان پێوانەگیریدا بەجۆرێ کە نـەتوانرێ گونجانـدن لـە نێوانیانـدا دروسـت بکرێـت[٢]. بـەڵام بـە تێپـەڕبوونی مێـژوو کەمتەرخـەمی لـە ڕەخنەگرتن لە مەتنـەکان ڕوویـداوە، ئـەوکات حوکمـدان لەسـەر ڕاسـت و دروسـتی فەرموودە بە زۆری تەنها لەسەر سەنەدەکەی بووە، دەربارەی سـەنەدی فـەرموودە جۆراو جۆرەکان جیاوازی لە نێوان زانایانیشدا کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سـەر زانسـتی فیقـه. کـە خوێنـەر لـە وێنـەی ٤-٦ دا پوختەیـەك بـەو پێوەرانـە کـە بەکارهێنراون بۆ پەسەندکردنی سەنەد و دەق دەبینێت.

ئەگـەر ڕاسـتێتی فـەرموودە سـەلمێنرا ئـەوا لای زاهیرییـەکان (گومـانبڕە) و (ڕەهایـە)، واتـە لـە پرۆسـەی هـەڵێنجانی حوکمـە فیقهییـە پراکتیکییەکانـدا کـاری

---

[١]- المقدمة في علوم الحديث، أبو عمرو إبن الصلاح، ١٩٧٧.

[٢]- الإيضاح في علوم الأصطلاح، الخشوعي، ١٩٩٢، ل/٧٤.

پێدەکرێ، لە هەمانکاتیشدا دەبێت باوەڕی پێبکرێ با فەرموودەیەکی ئاحادیش بێت. بەڵام هەموو مەزهەبەکانی تر فەرموودەی ئاحاد بەوە دادەنێن کە دەبێت لە فیقهدا کاری پێبکرێ، بەڵام بەشێك نیە لەوە کە پێویستە باوەڕی پێبکرێ. هەندێ لە موعتەزیلە جیاوازی دەخەن لە نێوان فەرموودە گفتارییەکان و فەرموودە پراکتیکییەکاندا (ئەم دواییەنەیان بێدەنگبوونی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە مەسەلەیەك لە مەسەلەکاندا دەگرێتەوە)، چونکە فەرموودە پراکتیکییەکان دانانێن بە بەڵگە کە لە تەشریعدا کاری پێبکرێ (واتە هەموو موسڵمانێك پابەند بێت پێیەوە) جگە لە بواری پەرستشەکاندا نەبێت، ئەوان (فەرموودە گفتارییەکان) لە لایەکی ترەوە بەوە دادەنێن کە بەڵگەن و لە بواری تەشریعی پەرستشەکان و لە مامەڵەکردنیشدا پێکەوە کاریان پێدەکرێ. ئەوەندە هەیە لە جیاکردنەوەی نێوان پەرستشەکان و مامەڵەکاندا پرسیارێکی تر هەیە کە یەکلانەکراوەتەوە. زۆربەی مەزهەبەکان پەرستشەکان بەو مەسەلانە دادەنێن کە (ئەقڵ پەی بە ماناکەیان نابات)، بەڵام ئەمەش هەر وەڵامێکی یەکلاکەرەوە نادات بەدەستەوە[1].

لەڕاستیدا ڕاستکردنەوەی فەرموودەی پیرۆز لە لایەنی سەنەدەوە پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە بۆ ئەوەی فەرموودەکە دەرگای فێربوونی لەسەر واڵا بکرێ، هەروەها چەند مەرجێکی تریش بۆ گواستنەوەی فەرموودە واتە بۆ ڕیوایەتکردنی پێویستن، ئەمەش لە ڕووی تیۆریەوە لای هەموو مەزهەبەکان کۆدەنگیی لەسەرە. جا بۆ ئەوەی مرۆڤ شایانی ئەوە بێت کە فێری فەرموودە ببێت و بیگوێزێتەوە ئەوا دەبێت باڵغ بووبێت (زۆربەی ئەو گوتانەی کە لەبارەی تەمەنەوە هاتوون و کەسی گێڕەرەوە بەوە دادەنێن کە باڵغ بووبێت ئەوەیە کە دەبێت تەمەنی لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێت)، هەروەها دەبێت ناسراو بێت بە توندوتۆڵی ( واتە بە هێزی

[1]– پێشتر هەستام بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ڕووپێوی کە پەیوەندی بە هەوڵی جیاکردنەوەی تیۆری بوو لە نێوان پەرستشەکان و مامەڵەکاندا لەو کتێبەمدا بە ناوی فقه المقاصد، عودە، ل/٦٤–٦٧.

بیرتیژی). هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێ فەرمووده بگێڕێتەوه دەبێت کەسی گێڕەرەوه باڵغ و موسڵمان و پارێزکار و توندوتۆڵ بێت، له هەمانکاتدا پێویسته زنجیرەی سەنەدەکه زنجیرەیەکی پێکەوەلکاو و لێکنەپچڕاو بێت له نێوان ئەو و پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) نابێت پچڕانی بەیەکگەیشتن له نێوان ڕاویەکان و مامۆستاکانیاندا هەبێت.




**وێنەی ٤–٦: مەرجەکانی ڕاستێتی فەرموودەی ئاحاد لای فەرموودەناسانی پێشینه.**

مەسەلەی دیاریکردنی دریژ باسە وردەکان بۆ هەریەك لەو مەرجانە بووەتە جێگای ڕا جیاوازییەکی زۆر لای زانایانی فەرمووده، تەنانەت لەناو زانایانی یەك مەزهەبیشدا. جگە لەوەش ئێمە دابەشبوونێکی ڕوون و بەرچاو لە میتۆدی حوکمدان لەسەر متمانەی ڕاویەکان لە نێوان مەزهەبە سوننییەکانیش (مالیکی، شافیعی، حەنەفی، جەنبەلی و زاهیریی)ەکاندا دەبینین، هەروەها لە مەزهەبە شیعەکانیشدا (جەعفەری و زەیدی) و لای ئیبازییەکانیش هەر ئەو جیاوازییە دەبینرێ، هەریەکەیان کۆمەڵێك ڕیواتکاری متمانەپێکراوی تایبەت بەخۆی هەیە. چونکە هەموو سوننەکان هەموو هاوەڵان بە دادپەروەر و ڕاستگۆ دادەنێن، پشتیوانانیش بەهەمان چاو سەیردەکەن، لەنێویشیاندا ئالوبەیت کە پێشەوایانی شیعەن، یان ئەوانەی کە بە پێشەوایانی ئیبازی دادەنرێن (نازناوی شیعەو ئیبازی لەم دواییانەدا نەبێت ئەویش لەدوای دامەزراندنی ئەو دوو مەزهەبە ئیتر ناوی لەمجۆرەیان نەبووە). بەڵام نەوە دواینەکانی شیعەو موعتەزیلە لە ڕیوایەتکردنی فەرموودەی پیرۆزدا لە لای ئەهلی سوننە بە گشتی بە دادپەروەر و ڕاستگۆ دانانرێن، هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەهلی سوننە بە (بیدعەچییان) دادەنێن. بەڵام جەعفەری و زەیدییەکان فەرموودەی هەمان ئەو هاوەڵانە (جگە لە ژمارەیەکی کەمیان نەبێت کە دایان دەنێن بە ئالوبەیتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەوانەی کە نەگۆڕاون) وەرناگرن. ئەم هەڵوێستەیان تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکییەی نێوان عەلی لە لایەکەوەو نێوان موعاویەو عائیشە–خوا لێیان ڕازی بێت–لە لایەکی ترەوە، ئەو ناکۆکییەی کە هەروەك دەزانرێ دواتر سەری لەو شەڕە ناوخۆییەوە دەرچوو کە لە جەنگی جەمەلدا لە ساڵی ٣٧ك/٦٥٧ز دا ڕوویدا، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا ئەوا فەرموودەو ڕیوایاتی پێشەوایان کە جێگای متمانەی شیعەن تا ئاستێکی گەورە فیقهێکی هاوشێوەیان بۆ ئەو حوکمانە بەرهەمهێنا کە فیقهناسانی سوننە پێیگەیشتوون (جگە لە کۆمەڵی جیاوازییەکی لاوەکی نەبێت لە هەندێ حوکمی

شەرعیدا، کە–بە ڕای من– قەبارەیان تێپەڕناکات لە قـەبارەی ئـەو جیاوازییانـەی کە لە نێوان مەزهەبەکانی ئـەهلی سـوننە خۆیانـدا هـەن). مـن وادەبیـنم جیاوازییـە ڕاستەقینەکانی نێوان شیعەو سوننە لەو مەسەلانەدایە کە پەیوەندییان بـە زانسـتی کەلامەوە هەیە (ئەوانەش وێڕای گوتەی هەردوو لایـەن لـەو بارەیـەوە هـەر کۆمەڵـە مەسەلەیەکی (فەلسەفین) نەك (باوەڕیی) )، هەروەها لە هەندێ مەسەلەی سیاسیدا و گوزارشت کـردن لێیـان بـە ئەدەبـەوە یـان بـەبێ ئـەدەبی (بەتایبـەتی هەڵوێسـتە سیاسـییەکان لـەبارەی هـاوەڵان و مەسـەلەی جێنشـینی لـەپێش و لـەپاش شـەڕی ناوخۆیی کە لەدوای کوشتنی عوسمان–خوا لە هەموویان ڕازی بێـت– هەڵگیرسـا). ئیبازییـــەکانیش ئەگەرچـــی جیـــاوازی مێـــژوویی و سیاســـی لـــە نێـــوان ئـــەوان و مەزهەبـەکانی تـردا هەیـە بـەڵام دواجـار بەهەمانشـێوە ئیجتیهادکردنیـان بـەوە کۆتاییهات کە تا ئاستێکی زۆر فیقهێکی وێکچوویان لە فیقهی مەزهەبـەکانی تـرەوە بەرهەمهێنا[1].

کۆتـا مـەرجیش بـۆ ئـەوەی گێـڕەرەوەی فـەرموودە فەرموودەکـەی پەسـەند بێـت، ئەوەیە کە دەبێـت سـەنەدی فەرموودەکـە لـە نێـوان ئـەو و پێغەمبـەردا (درودی خـوای لەسەر) بەیەك گەیشتبێت–واتە پچڕانی تێدا نەبێت–، ئەمەش مەرجێکە کە لەبارەیـەوە جیاوازی لق و پۆپدار لە نێوان مەزهەبەکانـدا بـەرپابوو. ئەگـەر هـاتوو لـە سـەنەدەکەدا کەموکووڕییـەك لـە کەسـی گێـڕەرەوەدا یـان لـە کەسـانی زیـاتر لـەو لـە سـەرەتای سەنەدەکەوە یان ناوەڕاستیدا یان کۆتاییەکەیدا بوونی هەبوو ئەوا ئەو زاراوانەی کـە لـە وەسـفکردنی کـەمو کووڕییەکـەدا بـەکاردەهێنرێن جیـاوازن، بـەم پێیـەش مەسـەلەی پەسەندکردنی فەرموودەکە لە لای زانایانی فەرموودە لە بارێکەوە بـۆ بـارێکیتر جیـاواز دەبێـت، ئـەم جیاوازییانـەش بـووە هـۆی دروسـتبوونی جیـاوازی زۆر لـە مەسـەلە

---

[1]– العلاقة بین السنة والشیعة، کورتەیـەکی بـە کـەڵك لـەو مەسـەلانەدا لـە لایـەن محمـد سـلیم العـوا وە، ل/٣٤–٤٨.

فیقهییەکاندا. بۆ نمونە فەرموودەی مورسەل (بریتییە لەو فەرموودەیە کە ڕاستەوخۆ دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەگەر لە زنجیرەی گێڕانەوەیدا یەکێك لە ڕاویەکان لە هاوەڵان یان خودی هاوەڵی ڕاوی کەوت واتە بوونی نەما) ئەوا ئەو حاڵەتە کاریگەری لەسەر جیاوازیی فیقهی لە نێوان مەزهەبەکاندا دروست دەکات (بڕوانە شێوەی ٤-٧)، مالیکی و حەنەفییەکان ئەم فەرموودەیە تەنها لە پشتیوانانەوە پەسەند دەکەن واتە کەموکورتی لە زنجیرەکەدا لە ناونەهێنانی هاوەڵی گێڕەرەوەدا بێت، شافیعیش فەرموودەی لەمجۆرە وەرناگرن مەگەر لەگەڵ بوونی بەڵگەی پشتگیری کردنیدا نەبێت، وەك هاتنی فەرموودەکە بە ڕیوایەتێکی تر (با ئەویش هەر مورسەل بێت). جەعفەری و زەیدییەکان ئەمجۆرە فەرموودەیە وەرناگرن مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە لە ئیمامەکانیانەوە گێڕدرابێتەوە. بەڵام پێشەوا ئەحمەد، فەرموودەی مورسەل بە فەرموودەیەکی سەنەد لاواز دادەنێ، لەبەرئەوە کاری پێناکات لە حاڵەتێکدا نەبێت کە لەو مەسەلەیەدا فەرموودەی تری لە بەردەستدا نەبێت، کەچی پێشەوا ئەحمەد لەگەڵ ئەوەشدا هەر هاتووە پێگەیەك لە سەرووی بەڵگە لاوەکییەکانەوە بە فەرموودەی لاواز دەبەخشێت (وەك پێوانەگیریی).




**شێوەی ٤-٧: هەڵوێستی هەندێك لە مەزهەبە فیقهییەکان لەسەر فەرموودەی مورسەل.**

بەڵام دەق (متن) ی خودی فەرموودەکە (کە لە پلـەی فـەرموودە ئاحادەکانـە)، دەبێـت لـە چـەند ڕسـتەیەکی تـەواودا هاتبێـت، دەق (مـتن)ی فەرموودەیـەکیش وەرناگیرێ نەیار بێت لەگەڵ فەرموودەی تری گومانبڕدا یان لەگەڵ پێوانەگیریدا (لە لای مالیکییەکان، یان ئەگەر گێڕەرەوەی فەرموودەکە لای حەنەفییەکان فیقهناس نەبێت). هەروەها فەرموودیەکی مورسەلیش پەسەند ناکرێ ئەگـەر کـردەی خـودی ڕاویەکە پێچەوانە بێت لەگەڵیدا یان نەیار بێت بـە (ئـەقڵ) هـەروەك موعتەزیلـەکان دەڵێن[1].

بەڵام من وادەبینم هەمان ئـەم زاراوانـەش (نـەیاریی) و (پچـڕان) و (ئـەقڵ) هـەر بەوجۆرە کە لە مەزهەبە فیقهییەکاندا بەکارهاتوون پێویستییان بە ڕەخنـەلێگرتن و نوێبوونەوەی فەلسەفی هەیە، وەك ئـەوەی لـەم کتێبـەدا مەبەسـتمانە، لـە لایـەکی تریشەوە، ئەو مەرجەی کە دەڵێ نابێت فەرموودەکان دژ بە (ئەقڵ) بن مەسەلەیەکە پڕە لـە تەمومـژی دیـالیتکیکی، چـونکە غـەزالی و فیقهناسـانی تـریش لەوانـەی کـە ئەقڵیان خستووەتە ناو زاراوەکانیان وەها وەسفیان کردووە کە بریتییـە (لـەو شـتە کە هەست قبوڵی دەکات و بە ئەزموونیش دەزانرێت)[2] ، ئەم پێناسـەیەش هەمیشـە لە گۆڕان و پەرەسەندندایە.

ئەم باسەی ترمان کە دێت چڕدەبێتەوە لەسەر خستنەڕوویەکی کورت بۆ ئامڕازە زمانەوانییـەکان کـە هـەموو مەزهەبـەکان لـە هـەڵێنجانی حوکمـەکان لـە سەرچـاوە سەرەکییەکانەوە بەکاریان هێناون و لەم باسەدا خوێنەرمان ئاشنا کردووە پێیان.

---

[1]- المعتمد في أصول الفقه، محمد البصري، ط١، ب٢، ل/١٥٣.

[2]- المستصفى، الغزالي، ب١، ل/١٤٢.

## ٤-٢ ئەو بەڵگە لەفزییانە کە لەسەر دەقەکان بونیاتنراون:

### تێڕوانینی گشتی:

کاتێك فیقهناسان باس لە (بەڵگە)یەك لە قورئان یان لە سوننەتدا دەکەن، ئەوا لە واقیعدا مەبەستیان پێی حوکمێکە کە لە واتای لەفزێکی دیاریکراوی ئایەتێك یان فەرموودەیەکی پیرۆزەوە وەرگیراوە. یەکێك لەو چەند وەسفەشی بەسەردا دەچەسپێ کە ئەم باسەمان قسەی لەسەر دەکات، چونکە لەفزەکان بەپێی چەند نیشانەیەك پۆلێن دەکرێن لەوانەش: ڕوونی لەفزەکە، واتاکەی، گشتگیریەکەی، ئەم پۆلێنکردنانە لە لای هەموو مەزهەبە فیقهییەکان لە دەرهێنانی ماناو حوکمەکاندا جێگە دەستیان هەیە. ئینجا بە پەرەسەندنی مەزهەبە فیقهییەکان لە ڕووی مێژووییەوەو وەرگرتنی فەلسەفەی یۆنانی لەنێو فەقیهە ئوسوڵییەکاندا بەشێوەیەکی زیاتر، ئیتر مەسەلەی ئەم پۆلێنکردنانە وایان لێهات کە بە تەواوەتی لەو پۆلێنکردنانە دەرچوون کە لە کتێبەکانی لۆژیکدا لای یۆنانییەکان بڵاوەی کردبوو، چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بێت یان لە ڕووی پێکهاتەیەوە چوونیەك بوو. ئەم باسەی ئێرەمان ئەو مەسەلەیە ڕووندەکاتەوە، ئەویش لە ڕێگای خستنەڕووی هەندێ درێژەباسی ئەو دابەشکردنانە.




شێوەی ٤–٨: لەفزەکان لە ڕووی ڕوونییان، واتایان، گشتگیرییانەوە.

**ڕوونیی:**

لــەبارەی پــۆلێنکردنی دوو لایــەنی بەرانبــەر بەیــەك لــە ڕوون و ئاشــکراییدا کۆدەنگییەك لە نێوان مەزهەبەکاندا بوونی هەیە، بـەجۆرێ لـەفزەکان وەهـا پـۆلێن دەکـرێن کـە (ڕوونـن) یـان (نـاڕوونن)[١]. فیقهناسـان دەسـتەواژە ڕوونـەکان دابـەش دەکـەن بـۆ چـوار ئاسـتی ڕوونیـی، لـە زۆر زۆر ڕوونیانـەوە تـا کـەمترین ڕوونییـان، ئـەوکات دەسـتەواژەکە وەهـا وەسـفدەکرێ کـە دەقێکـی (جێگـر و چەسـپاو) یـان (دیـارە) یـان (ئاشـکرا) یـان (ڕاڤـەکراو). ئـەم دابەشـکردنەش لەسـەر سـێ پێـوەر بونیاتنراوە: توانابوون لەسەر تایبەتکردن، توانابوون لەسەر لێکدانـەوە، توانـابوون لەسەر هەڵوەشاندنەوە.




شێوەی ٤–٩: پۆلێنکردنی لەفزە ڕوون و ناڕوونەکان

---

[١]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٠٩.

کەواتە لەفزی توندوتۆڵ داڕشتنێکی ڕوونە (پێویستی بە هیچ جۆرە تایبەتکردن یـان لێکدانەوەیەکـەوە نیـە، (سەلمێنراویشـە هەڵنەوەشـێنراوەتەوە) (واتـە لـە سەردەمی پێغەمبەردا-درودی خوای لەسەر-)[1].

| | توانایی تایبەتکردن | توانایی لێکدانەوە | توانایی هەڵوەشاندنەوە |
|---|---|---|---|
| توندوتۆڵ (محکم) | نەخێر | نەخێر | نەخێر |
| دەق | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر مەگەر بە بەڵگەیەک بێت |
| ڕواڵەتی | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ |
| ڕاڤە بکرێ | پشت بە بەڵگەی (ڕاڤەکار) دەبەستێت | | |

شێوەی ٤-١٠: پۆلێنکردنی لەفزە ڕوونەکان لە ڕووی توانابوون لەسەر تایبەتکردن و لێکدانەوەو هەڵوەشاندنەوەی.

ئەم لەفزە توندوتۆڵە واتایەکی دووپاتکەرەوەی زیاتری لە هەموو لەفزەکانی تـر تێدایە، واتە دەتوانێت تایبەت بکات یان لێکدانەوە بکات یان تەنانەت توانایی هەیە لەفزە (دژەکان)ی تر هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام -لە سەرەتاوە-وادەبینم کـە هـەردوو مـەرجی (سـەلماندنی) هەڵنەوەشـاندنەوە و سـەلماندنی (دژ نـەبوون) جۆرێـك لـە تەمومژیان تێدایـە، چـونکە هەڵوەشـاندنەوەو دژییـەتی هـەردووکیان زۆرجـار بـەبێ بەڵگەو بـەبێ میتـۆدێکی نـەگۆڕ ئیـدیعایان لەسـەرکراوە، پاشـتر درێـژە بـەم باسـە دەدەین.

بۆ دەق (نص)یش ئەوا لای فیقهناسان لەفزێکی ڕوونە بەڵام شایانی ئەوەیـە بـە لەفزێکی تر تایبەت بکرێت، هـەروەها دەکـرێ بـە دەرکـەوتنی بەڵگەیـەکی (نـەیار)

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل/١١٢، پاشتریش شیکردنەوەی زیاتر بۆ بابەتی هەڵوەشاندنەوە دێتە پێش.

هەڵوەشێنرێتەوە[1]. ئەو بەڵگەیەش کە هێزو توانای تێدایە پرۆسەی تایبەتکردن یان لێکدانەوە ئەنجامبدات یان (دەقەکە) هەڵوەشێنێتەوە ئەوا پێویستە خۆی دەقێك بێت یان توندوتۆڵ بێت.

ئەمجۆرە تێڕوانینە زمانەوانییە ڕووتە بۆ بەڵگە شەرعییەکان بۆ ئەوەی پێشخستن و لەپێشتری بە هەندێ لە لەفزەکان بدات بەسەر هەندێکی تریاندا مەسەلەیەکە فیقهناسانی هەموو مەزهەبەکانی فیقهـ بە هەندیان گرتوون و کاریان پێدەکەن. بەڵام هەندێ لە فیقهناسان چەند بەڵگەیەکیان لە دەرەوەی (دەقەکە) پێشنیارکردووە کە تواناییان هەیە (دژ) بەو دەقە بوەستنەوە، بۆ نمونە بەرژەوەندی و عورف، بۆ نمونە (توفی) کە فیقهناسێکی دیاری مەزهەبی حەنبەلییە، بەرژەوەندی خستووەتە پێش دەقی تایبەتی (گوماناوی)یەوە. ئیبن عابیدینیش کە فەفیقهێکی دیاری مەزهەبی حەنەفییە، واتای دەقی بەستوەتەوە بە عورفەوە، هەروەك لەمەوپاش ئەو باسە دێت. ئەمجۆرە ڕایانەش ڕووبەڕووی پرسیارێکی سەرەکیمان دەکەنەوە دەربارەی (گومانبر)ی ئەو لەفزە ڕوونە کە بەپێی زاراوەی مەزهەبە فیقهییەکان خراوەتە ژێر پلەی (دەق)ەکەوە، تا ئاستێکی زۆریش بووەتە هۆی چەقبەستوویی لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ واقیعدا. ئەم خاڵە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەبەرئەوە پاشتر لە میانەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر (کرانەوە) لە سیستمی فیقهی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین.

ئاستی سێیەمی (ڕوون)یش بریتییە لە لەفزی (ڕواڵەتی)، کە تەنها لای حەنەفییەکان وەك جۆرێکی سەربەخۆ لە دەق دیاری دەکرێ، چونکە لای حەنەفییەکان جیاوازی لە نێوان دەق و ڕواڵەتدا ئەوەیە کە مانای دەق لە قورئان و

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل/١١٤.

سوننەتدا (بە مەبەست گیراوە)، بەڵام مانای ڕواڵەتی وەك واتایەكی ناوەخنی و لاوەكی تێگەیشتنی لێدەكرێ[1]. مانای ناوەخنی لاوەكیش (ڕواڵەتی) بەپێی گوزارشت لێكردنی فیقهناسە حەنەفییەكان مانایەكی (گومانبڕە)، بە مەرجێ (دەق)ێك یان (توندوتۆڵ)ێك دژی نەوەستێتەوە.

نزمترین ئاستیش لە لەفزی ڕووندا بریتییە لە (ڕاڤەكراو). مەبەستی فیقهناسان بەم زاراوەیە ئەوەیە كە لەفزەكە ڕوون نیە، بەڵام لەفزێك یان چەند لەفزێك ڕوونیدەكەنەوەو ڕاڤەی دەكەن. بەڵام ئاستی ڕوونی لەفزەكە لەبەر ڕۆشنایی لەفزەكانی تردا پشت بەو لەفزانەی تر دەبەستێت، واتە ئەگەر لەفزەكە توندوتۆڵ یان دەقێك بێت یان ڕواڵەتی بێت.

زانایانی ئوسوڵ لەفزە ناڕووەنەكانیش بۆ چوار جۆر دابەش دەكەن، ئەویش بە پشتبەستن لەسەر ئەوە كە ئایا سەرچاوەی (ناڕوونیەكە) بریتییە لە پێكهاتەی لەفزەكە یان ئایا لەفزەكە تا كوێ هەڵگری مانایە. چوار ئاستی لەفزە ناڕوونەكان بریتییە لە: شاراوە، تەمومژاوی، گشتی، وێكچوو[2].

| گشتی | هۆكارەكانی ناڕوونیی | |
|---|---|---|
| | بونیادی | مەودا |
| شاراوە | | ✓ |
| ئاڵۆز | ✓ | |
| كورتی | | ✓ |
| هاوشێوە | ✓ | |

شێوەی ٤–١١: پۆلێنكردنی جۆرەكانی لەفزە ناڕوونەكان، بەپێی هۆكاری ناڕوونییان.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل/١١٠.

[2] – أصول التشريع، ل/١١٢.

لەفزی (شاراوە) لە ڕووی ئەو مانایەوە لەفزەکە دەیگرێتەوە ڕوون نیە[1]. چونکە فیقهناسان بۆ نمونە ڕا جیاوازن دەربارەی ئەوە کە ئایا لەفزی دز (السارق) لە ئایەتی ٣٨ لە سورەتی المائدة جۆری دزین بە شێوازی فێڵڵێکردن و گیرفانبڕیش دەگرێتەوە یان نا، بەمشێوەیە مەزهەبەکان وەڵامی جۆراو جۆریان لەسەر ئەم پرسیارە داوە ئەویش بەپێی میتۆدیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ لەفزە شاراوەکاندا. حەنەفییەکان (جگە لە ئەبو یوسف) کەسی گیرفانبڕیان بەهۆی جیاوازی ناوەکان بەپێی گوتەی ئەوان نەخستووەتە ڕیزی دزەکانەوە[2]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تا ئەوپەڕی ئاست خۆیان پابەندکردووە بە میتۆدی تێگەیشتنی پیتبازییەوە لەو مەسەلەیەدا. بەڵام مالیکی و شافیعییەکان و پێشەوا ئەحمەد وادەبینن کە دز (السارق) دەچەسپێت بەسەر واتای دزیکردندا. هەروەها دووپاتیان کردووەتەوە کە (پێویستە) ئەو مانایە (بگەڕێتەوە بۆ عورف)، ئەمەش نزیکترین مانای بە مەبەست گیراوە.

نمونەیەکی تریش کە بریتییە لە وشەی بکوژ (القاتل) لە فەرمووده پیرۆزەکەدا کە دەفەرموێت: ((بکوژ–میراتی کوژراوەکەی پێنابڕێت–)). لێرەوە ڕا جیاوازی دەربارەی وشەکە سەریهەڵداوە کە ئایا وشەی (القاتل) لە مانای ناوەکیشدا بکوژی بە هەڵەش دەگرێتەوە یان نا، یان هاندان لەسەر کوشتن، یان بەشداریکردن لە کوشتندا. بۆ نمونە شافیعی وشەی بکوژی وەها داناوە هەرکەسێك دەگرێتەوە کە پێی بوترێ بکوژ، ئیتر ئەو کوشتنە بە ئەنقەست بێت یان بە هەڵە. بەڵام پێشەوا مالیك پێدادەگرێ لەسەر ئەوە کە پێویستە مرۆڤ مەبەستی بە ئەنقەست کوشتنی هەبێت جا پێی دەوترێ بکوژ، لەبەرئەوە کوشتنی هەڵە لای ئەو ناچێتە ناو ئەم زاراوەیەوە.

---

[1]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١١٥–١١٧.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١١٦.

حەنەفییەکان جارێکی تر لەو مەسەلەیەشدا هاتوون ڕایەکی دەقاو دەقیان هەڵبژاردووە، بڕیاریانداوە کە مانای میانەیی لە وشەی بکوژ (القاتل)دا بریتییە لە (کردەی کوشتن)، جا ئەگەر مرۆڤەکە خۆی ڕاستەوخۆ دەستبەکار بێت لە کوشتندا، ئیتر بە ئەنقەست بێت یان بە غەیرە ئەنقەست، ئەوا فەرموودەکە دەیگرێتەوە، بەڵام ئەگەر خۆی ڕاستەوخۆ دەستبەکار نەبێت لە کوشتندا، تەنانەت ئەگەر هاوکاری بکوژەکەشی لە کردەی کوشتندا کردبێت، با بە ئەنقەستیش بێت، ئەوا هەر بە بکوژ دانانرێ و فەرموودە پیرۆزەکە نایگرێتەوە (ئەمەش مەسەلەیەکی سەیرە).

سەرمان سوڕدەمێنێ -لەم نمونەیەو لە هاوشێوەکانی- کە فیقهناسان چۆن چۆنی دەگەن بە کۆمەڵە حوکمێکی شەرعی کە هەندێجار ئەقڵ ناتوانێت لێیان تێبگات، تەنهاو تەنها لەبەرئەوە کە لە هەڵێنجانی حوکمەکاندا بە وردی پابەندن بەتیۆری زمانەوانی خۆیانەوە. بەشێوەیەك لە دوو نمونەی پێشوودا (کە پەیوەندن بە پێناسەی دز و بکوژەوە) ئەوە دەبینین حوکمە شەرعییە هەڵێنجراوەکان تەنها لە ڕێگای زمانەوانییەوە هەندێجار دەبنە هۆی ئاسەواری شەرعی و یاسایی نەرێنی بەڵکو ترسناکیش لەسەر مەبەستە شەرعییە باڵاکان، وەك دادپەروەری و پاراستنی سیستمی کۆمەڵگا، هەروەك لە دوو نمونە پێشووەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ.

لەفزی تەمومژاویی (المشكل)یش واتای وشەیەکە کە لە ڕووی پێکهاتەیەوە زیاتر لە مانایەك هەڵدەگرێ، بەم پێیە ئەوا لە ڕێگای بەڵگەی ترەوە نەبێت کە لە دەرەوەی ئەون ناتوانرێ تێگەیشتنی لێبکرێ[١]. نمونەی باویش لە کتێبەکانی ئوسوڵدا لەسەری وشەی (قروء)ە کە لە ئایەتی ٢٢٨ لە سورەتی البقرة دا هاتووە. مەزهەبە فیقهییەکان لەبارەی مانای ئەم لەفزەوە ڕایان جیاوازە، ئەوەش بەهۆی

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل/١١٩.

جیاوازییـــان لەســـەر ئـــەو بەڵگانـــە کـــە لـــە ڕاڤـــەکردنی وشـــە تەمومژاوییەکانـــدا بەکاریانهێناوە. جیاوازی لە ڕا دا لەسەر ئەم لەفزەو هاوشێوەکانی سەردەکێشێ بۆ جیاوازییان لەسەر (بەڵگە دژەکان)، کە لەمەوپاش باسی دەکەین.

لەفزی گشتیی (المجمل)یش بریتییە لە لەفزێك کە واتاکەی ژمارەیـەك مانـا یـان حوکمی شەرعی دەگرێتەوە، بەجۆرێ کە بە حەتمی چەندین لەفز یان بەڵگەی تر بۆ ڕوونکردنەوەی دەدۆزرێتەوە[1]. بـۆ نمونـە هـەردوو وشـەی (نوێـژ) و (حـەج) کـە لـە قورئان و سوننەتدا هاتوون، چـەندین حـوکمی وردەکارییـان تێدایـە کـە لـە ڕێگـای دەقەکانی ترەوە تێگەیشتنیان لێدەکەین. فیقهناسان دەڵێن لەپاش وردکردنـەوەی لـەفزە گشـتییەکە، ئـەوکات وشـەکە (ڕوون) دەبێـت، واتـە یـان دەبێتـە دەق یـان توندوتۆڵ یان ڕاڤەکراو[2].

لە کۆتاییشدا لەفزی وێکچوو (متشابە)مان هەیە، ئەمیش لەفزێکە بەپێی گوتەی فیقهناسان ناتوانرێ (بە ئەقڵ) تێگەیشتنی لێبکرێ[3]. نمونە لەسەری پیتە عەرەبییە پچڕ پچڕەکانە کە لە سەرەتای هەندێ سورەتی قورئانی پیرۆزدا هاتوون، هـەروەها ئەو سیفەتانەی کە وەسفی خوای گەورەیان پێدەکرێ و هاوواتان لەگەڵ ئەوانەدا کە وەسفی مرۆڤیان پێدەکرێ، چـەندین نمونـەی تـریش. جـا لـەم حاڵەتانـەدا دەبێـت لەپێناو خستنەڕووی وێکچوونەکە لێکدانەوەیان لە وشەو لە زاراوەکاندا بۆ بکرێ.

ئەگەر منیش لێرەدا بەرلـەوە لـە بەشـی شەشـەمدا مشـتومڕیان لەسـەر بکـەین لێدوانێکم هەبێت، ئەوا–بە ڕاشکاوی–وادەبیـنم ئـەو پۆلێنکردنـە بـۆ لـەفزە ڕوون و ناڕوونەکان پۆلێنکردنێکی بێ بنەمایە! هۆی ئەم ڕەخنەگرتنە تونـدەم ئەوەیـە کـە جیاوازی لە لەفزەکاندا واتە لە نێوان (توندوتۆڵ) و (دق) یان (ڕواڵەتی)دا پشـت بـە

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٢١–١٢٥.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

[3]– سەرچاوەی پێشوو.

توانـایی تایبـەتکردن یـان لێکدانـەوە یـان هەڵوەشـاندنەوە دەبەسـتێ، هـەروەك فیقهناسە ئوسوڵییەکان بڕیاریان لەسەرداوەو لەپێشـەوە باسمـان کـردووە، چـونکە هەموومان دەزانین چەندین نمونەمان هـەن کـە لێکۆڵـەری کەلـەپوری فیقهیمـان لـە هەموو مەزهەبەکاندا بەسەریاندا تێدەپەڕێ، کە کە دەیسەلمێنێ هەر لـەفزێك پێـی وترابێت (توندوتۆڵ) یان (دەق) لە مەزهەبێك لە مەزهەبەکاندا، ئەوا بووەتە جێگای نـاکۆکیی لەوبارەیـەوە کـە ئایـا لـەفزێکی تـر تایبـەتیکردووە یـان لێکدانـەوەی بـۆ کردووە یان هەڵیوەشاندووەتەوە، ئیتر لە هەمان مەزهەبدا بێت یان لە مەزهـەبێکی جیاوازدا بێت. لەبەرئەوە وەهـا مـن دەیبیـنم دابەشـکردنەکان بـۆ (تونـدوتۆڵ) یـان (دەق) یان (ڕواڵەتی) پاشتر مانای یەك بەش دەدەن، ئەویش بریتییە لە (ڕواڵەتی). ئەم لەفزە ڕواڵەتیەش ئەگەر لـەفزێکی تـر بـوونی هـەبوو کـە ماناکـەی بگۆڕێ یـان ڕاڤـەی بکـات ئـەوا حوکمـدان لەسـەر پلـەی ڕوونیەکـەی پشـت بـە پلـەی ڕێـژەیی ڕوونیەکەی دەبەسـتێت کـە لـە لـەفزی ڕاڤـەکاردا دەیبیـنین. بەمشـێوەیە، زۆربـەی لەفزەکان لە قورئان و سوننەتدا بە شێوەیەك لە شێوەکان دادەنـرێن بـە (گشـتیی) یان (شاراوە) یان (تەمومژاویی)، کە ئەمیش بۆ دەرکـەتنی ماناکـانی پێویسـتی بـە ڕوونکردنەوە هەیە، بەم پێیە ئەوا جیاوازییەکی (سروشتی) وەها کە گومان دەبـرێ هەبێت لەنێوان ئەم جۆرانەدا بەپێی شێوازی (سنوردارکردن و وێنە) بوونی نیە.

**واتا (الدلالة):**

دووەم پـۆلێنکردن بـۆ لـەفزەکان لـە ڕووی واتـای ویسـتراوەوەیە کـە لـە لەفزەکاندان. زۆربەی مەزهەبە فیقهییەکان کۆدەنگن لەسەر دوو پۆلێنکردن بۆ واتـا کە هەردوو مەزهەبی حەنـەفی و شـافیعی خسـتوونیانەتەڕوو، مەزهەبـەکاتی تـریش پـۆلێنکردنی هاوشـێوەیان لـە مانـادا ئەنجامـداوە. کاتێـك منـیش هەسـتام بـە شیکردنەوەی ئەو دوو پۆلێنکردنە ناوبراوە بـۆ بەڵگـەکان بـۆم ڕوونبوویـەوە کـە بـا

دابەشکردنەکانیش جیاوازبن ئەوا هەتا ئاستێکی زۆر لەیەك دەچن، خوێنەر لەم دوو هێڵکارییەدا ٤–١٢، و ٤–١٣ پوختەیەك بۆ هەردوو پۆلێنکردنەکەی حەنەفییەکان و شافیعییەکان بەو ڕیزبەندییە دەبینێ.




شێوەی ٤–١٢: واتای خوازراو لە لەفزەکاندا لای حەنەفییەکان

**پۆلێنکردنی حەنەفییەکان بۆ واتای خواستراو لە لەفزەکاندا:**

حەنەفییەکان وادەبینن کە واتای داواکراو بۆ لەفز لەوانەیە (واتـای دەسـتەواژە) بێت کە ڕاستەوخۆ و بێ تەمومژ ماناکە دەبەخشێت، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە لەفزەکـە توندوتۆڵـە یـان دەقـە یـان ڕواڵـەتی یـان ڕاڤـەکراوە، ئەمانـەش کۆمەڵـە زاراوەیەکن پێشتر لێکدانەوەمان بۆ کردوون. هەروەها دەکرێ (واتا بە هێمـا) بێـت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەوانەیە ماناکە پشـت ئەسـتور بێـت بـە تێگەیشـتن لـە پەیوەندی نێوان مانایەکی ڕاستەوخۆ و مانایـەکی ناڕاسـتەوخۆ بـەڵام بـە مەبەسـت گیراوە. بۆ نمونە ئایەتی قەرزدان (کە درێژترین ئایەتە لە قورئانی پیرۆزدا) لە واتای لە دەستەواژەکەدا بەو مانایەیە کە پێویستە گرێبەست بـەپێی ڕێکـەوتنی هـەردوولا ببەسـترێت، بـەڵام ئایەتەکـە لـە هەمانکاتـدا بـەپێی واتـا بـە هێمـا ئەوەیـە کـە گرێبەسـتەکە بـە شـەرعی هـەردوولا لەبـەردەم یاسـاو دادگاکانـدا پابەنـد دەکـات، هەرچەندە ئەمە لە ئایەتەکەدا ڕاستەوخۆ باس نەکراوە، بەڵام ئەوە بە ئاماژەپێـدان تێگەیشتنی لێدەکرێ. نمونەیەکی تـریش بریتییـە لـە ئایـەتی الشـوری، کـە واتـای

دەستەواژەکە مانای ئەوەیە کە فەرمانڕەوا دەبێت ڕاوێژ بە خەڵکی بکات، بەڵام ماناکەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ-واتە بە واتای ئاماژەپێدان-مانای تریش دەگەیەنێ، وەك (لێپێچینەوە لە فەرمانڕەوا) و (ڕوونی-الشفافية) هەبێت.

لەم دوو نمونەیەی سەرەوەدا دەبینین کە چۆن چۆنی دەتوانرێ واتای ڕاستەوخۆ-واتە واتای دەستەواژە-فراوانتر بکرێ تا مانای ناڕاستەوخۆیش بگرێتەوە-واتە واتای ئاماژەپێدان-کە ئەم فراوانتر کردنەش چۆن بەشداری دەکات لە چارەسەرکردنی کێشەکانی سەردەم کە موسڵمانان لە ڕێگای دەقە شەرعییەکانەوە زۆر پێویستییان بە چارەسەرکردنیان هەیە. بەڵام واتای دەستەواژە لای هەموو مەزهەبەکان پلەی لەپێشتری ڕەهای هەیە بەسەر واتای ئاماژەپێدان، چونکە واتای دەستەواژە بە (گومانبڕ) و دڵنیاکەر دادەنرێت، بەڵام واتای ئاماژەپێدان بە (گوماناوی) و ناڕوون دادەنرێ، لەبەرئەوە واتای ئاماژەپێدان لە ڕووی ئەسوڵییەوە بەوە دانانرێ کە فەرزی (شەرعی) لە حوکمەکاندا بەدوایدا بێت، بەم پێیەش ئەوا مەسەلەکانی (پابەندبوونی یاسایی) یان (لێپێچینەوە لە فەرمانڕەوا) یان ڕوونیی (الشفافية) بە ئەرکی شەرعی دانانرێن وەها کە دەقی گومانبڕ و یەکلاکەرەوەی لەسەر بێت. دواتریش لە داهاتوودا باس و مشتومڕ لەسەر حوکمە شەرعییەکان و پلەکانیان دەکەین.

بەڵام پێوانەگیریی ڕوون و ئاشکرا (القياس الجليّ) یان پێوانەگیریی سەرەتایی (بریتییە لە واتایەکی داواکراو و لەو گوزارشتکردنە هەڵدەگۆزرێ کە لە ڕێگای ئەقڵەوە بەدەست دێت). هەندێ لە فیقهناسان (واتای داواکراویان بە واتایەکی داواکراوی تر-دلالة الدلالة) ناوبردووە[١]. نمونەی ئەم واتا داواکراوە وەك حەرامکردنی خواردنی ماڵ و سامانی منداڵی بێباوکە بە ناڕەوا، هەروەك لە ئایەتی ١٠ی سورەتی

---

[١]- أصول التشريع، حسب الله، ل/٢٧٥.

النساء دا هاتووه، كه به پێوانەگیریی سەرەتایی ڕێگیریکردنه له بەفیڕۆدانی ماڵ و سامانی منداڵی بێباوك ئیتر به هەر شێوازێك ببێت. نمونەیەکی تریش بریتییه لەو ئایەته كه له سورەتی الإسراء دایەو قەدەغه دەكات له وتنی (أفّ) بەرانبەر به باوك یان دایك، چونكه پێوانەگیریی ڕوون و ئاشكرا یان پێوانەگیریی سەرەتایی بۆ ئەمە دەخوازێت كە ئازاردانی دایباب به هەر شێوەیەك لە شێوەكانی ئازاردان حەرامبكرێ. ئەمجۆره پێوانەگیرییه لە لایەنی حوجییەتەوە ناگاتە حوجییەتی پێوانەگیریی فیقهیی لای فیقهناسان، ئیبن تەیمییەش ئەم پێوانگیرییه سەرەتاییەی بۆیه باسكردووه تا ڕەخنه بگرێ لەو (گومانبڕییه) كه ئەرستۆ جیا لەوانیتر بۆ پێوانەگیریی لۆژیكی دەیلێت.

كۆتا واتای داواكراو بەپێی پۆلێنكردنی حەنەفییەكان بریتییه له واتای ویستن –الاقتضاء–، ئەمیش هەر ئاماژه دەدات به مانایەك كه له ڕێگای (ئەقڵ)ەوه كاتێ لەفزەكه دەبیستین پێی دەگەین. چونكه لابردن (الحذف)، هەروەك جۆرێكه له ڕەوانبێژی له زمانی عەرەبیدا، ئەوا له هەمانكاتدا جۆرێكه له ناڕوونیی، بەڵام بەدڵنیایی كه له تەشریع و هەروەها له دەوڵەمەندكردنی فرەجۆری ڕاكانیشدا نەرمییەكمان پێدەدات. بۆ نمونه، لەم ئایەته پیرۆزەدا هاتووه كه: (حرّمت عليكم الميتة) المائدة/٣، لەم ئایەتەدا وشەیەك لابراوه: كه لەوانەیه وشەی (خواردن (أكل) بێت (واته حرّم عليكم أكل الميتة)، یان وشەی بەكارهێنان (استخدام) بێت (واته حرّم عليكم أستخدام عظام الحيوان الميّت أو جلده بۆ نمونه)[١]. چونكه وشەی (استخدام) لەم نمونەیەدا گشتگیرتره له وشەی (أكل)، لەوانەیه هەردوو ماناكەش ئەو مانا لابراوەی (به مەبەست گیراوەی) لەخۆ گرتبێت. مەزهەبه فیقهییەكان لەبارەی پێدانی پلەی لەپێشترو پێشخستن بۆ گۆڕینی وشەی لابراو به جێگرەوە

[١]– أصول التشريع، حسب الله، ل/٢٧٩.

گشتییەکەی (واتە—أستخدام—لەو حاڵەتەدا)، یان بە جێگرەوە تایبەتەکەی (واتە—أكل—) ڕایان جیاوازە. پێشەوا شافیعی کاری بە جێگرەوە گشتییەکە کردووە، بەڵام حەنەفییەکان کار بە جێگرەوە تایبەتەکە دەکەن.

## پۆلێنکردنی شافیعی بۆ واتای خواستراو (الدلالات):

لە دابەشکردنەکەی شافیعی دا بۆ واتای خواستراو (الدلالة) دەردەکەوێت (بڕوانە شێوەی ٤—١٣) کە وێکچوونێکی گەورە لەگەڵ دابەشکردنەکەی سەرەوەی مەزهەبی حەنەفیدا هەیە، لای شافیعییەکان بەشی ڕاشکاو (الصريح) دەردەکەوێت کە وێکدەچووێنرێ بە وشەی (العبارة)ی حەنەفییەکان، هەروەها بەشی چەمك (المفهوم) لای شافیعییەکان لە دەستەواژەی (پێوانەگیریی ڕوون) و (ویستن)ی لای حەنەفییەکان دەچێ، جیاوازیش لە نێوان هەردوو پۆلێنکردنەکەدا لەوەدایە کە شافیعییەکان چەمکی ئاست (مستوى) دەخەنە سەر پۆلێنکردنی خۆیان کە مەبەست پێی دیاریکردنی واتای خواستراوە (لە لەفزە باسکراوەکاندا) ئایا بە مەبەستەوەیە یان بێ مەبەستە، بەمجۆرەش ئایا واتاکە بە هێما (إشارة) یان بە ئاماژە (إيماء) دادەنرێ. جیاوازی زاراوەیی نێوان هێماو و ئاماژە ئەوەیە کە ئاماژەکردن (إيماء) پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هۆیەکەوە یان بە بۆنەی لەفزەکەوە هەیە، بەڵام هێما لە (مانای زمانەوانییەوە) وەردەگیرێ، بێئەوەی پێویستی بە دەرهێنان یان پاککردنی هۆیەکەوە هەبێت بە شێوازێکی میتۆدی[1]. ئەمەمان وت لە کاتێکدا ئەو بەشەی کە شافیعییەکان لێرەدا زیادی دەکەن هیچ کاریگەرییەکی فیقهی نیە.

---

[1]— سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٨٣.




**شێوەی ٤-١٣: چەمکی واتا خواستراوەکان لای مەزهەبی شافیعی.**

هــەردوو مەزهــەبی جەعفــەری و زەیـدی دابەشـکردنێکی جیاوازیـان بـۆ لـەفزە (توندوتۆڵەکان) خسـتووەتەڕوو، ئـەویش بەهەمانشـێوە -وەهـا مـن دەیبیـنم- لـە دابەشکردنەکەی شافیعی و حەنەفی دەچێت. زاراوەکانی جەعفـەری و زەیدییـەکان لەمبارەیەوە بریتین لە: ڕوون و ئاشکرا، ڕواڵەتی، چەمك، تایبەت، چاککردنی ئەقڵی و خوازراو، کە بەپێی پلەی حوکمە شەرعییەکان بەم ڕیزبەندییەیە[١]. پێناسـەکردنی هەریـەك لـەو زاراوانــە لـە بەرانبـەر پۆلێنکردنەکـەی هــەردوو مەزهـەبی حەنـەفی و شافیعییەوە وێکچوونێکیان هەیە، لەوانەیە تاکە زیادەیەك کە لـە پـۆلێنکردنی ئـەم دوو مەزهەبەدا شایانی باسکردن بێت بـریتی بێـت لـە بەشـی (چـاککردنی ئـەقڵی)، ئەمەش بەشێکە دەرگا لەسەر ئیجتیهادی ئازاد دەکاتەوە، بەڵام ئەوان بە مـەرجیان

[١]- دروس في علم الأصول، محمد باقر الصدر، ط٢، ل/٨٨.

گرتووه كه نابێت له مەسەلەكەدا دەقێكی ڕاشكاو یان ڕوون یان میانه یـان تایبـەت بوونی هەبێت[1]. بەڵام دوو جیاوازیتر له نێوان پۆلێنكردنەكەی شافیعی و حەنەفیـدا هەیـەو ئاسـەواری فیقهییـان هەیـە، ئـەوانیش بـریتیین لـە: یەكـەم پەیوەندییـە ڕیزبەندییەكان له نێوان واتا داواكراوەكاندا، دووەمیش (چەمكی پێچەوانەیە).

یەكەم: حەنەفی و شافیعییەكان له ڕیزكردنـی واتـا لەپێشـترەكاندا ڕا جیـاوازن، واته ئایا له حاڵەتی كۆبونەوەی زیاتر له واتایەك له لەفزەكەدا یـان چـەند لەفزێكـدا كه ئیشـی لەسـەر دەكرێ كـام لـە واتـا خواسـتراوەكان پێویسـته یەكـەمجار كـاری پێبكری. ڕیزكردنی حەنەفییەكان بەمجۆرەیە:

١–واتای دەستەواژە.

٢–واتای ئاماژە.

٣–واتای پێوانەگیریی سەروگر، یان پێوانەگیریی ڕوون و ڕۆشن.

٤–واتای ویستراو (الأقتضاء).

بەڵام ڕیزكردنـی شـافیعییەكان بـەمجۆرەی خوارەوەیـە (بـە بـەكارهێنانی زاراوه حەنەفییەكان، لەگەڵ چاوداخستن له ئاستی جیاوازی نێوان هەردوو زاراوەی واتـای خواستراوی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ):

١–واتای دەستەواژە.

٢–واتای پێوانەگیریی ڕوون و ڕۆشن.

٣–واتای ئاماژە.

٤–واتای ویستراو.

ئەو جیاوازیەش له ڕیزكردنی واتای خواستراوی پێوانەگیریی سەرەتایی و واتـای ئامـاژه لـە نێـوان حەنـەفی و شـافیعییەكاندا بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی چـەند

---

[1]– الإمام زيد، أبو زهرة، ل/٣٦٣.

جیاوازییەك لە حوكمە فیقهییەكاندا لە نێوان حەنەفی و مەزهەبەكانی تردا لە حاڵەتێكدا (ئەگەر ئەو مەزهەبانە بە گشتی شوێنكەوتەی پۆلێنكردنەكەی شافیعی بكەون). یەكێك لەو جیاوازییانەش بۆ نمونە لە ئایەتی: ﴿ وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ ﴾ النساء:٩٣ دایە. مانای ناوەكی (ئاماژە) ئەم ئایەتە ئەوەیە كە تاكە پاداشت بۆ بكوژ دۆزەخە (واتە تەنها ئەو)، هاوكات ئەو سزایەی تریش كە دەقەكە باسیكردووە[1]. كەچی ئەم ئایەتەی تر دەبینین كە بە دەق دەفەرموێت: ﴿ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ ﴾ النساء:٩٢. چونكە شافیعی بە واتای پێوانەگیریی سەرەتایی حوكمی داوە، لە نێوان كوشتن بە ئەنقەست و كوشتن بە هەڵە كە ئایەتەكە باسی دەكات، بەم پێیە ئەوا بكوژی بە ئەنقەست لای شافیعی هەمان ئەو خوێنەی دەكەوێتە سەر كە دەكەوێتە سەر بكوژی بە هەڵە، لەگەڵ ئەو سزایەش كە دەكەوێتە سەری.

لێرەدا دەبینین كە شافیعییەكان پێوانەگیریی سەرەتاییان بە لەپێشتر زانیوەو داویانە بەسەر واتای ئاماژەدا، چونكە نزیكترین واتایە بۆ واتای دەقەكە (یان بۆ واتای دەستەواژە)، بەڵام حەنەفییەكان واتای ئاماژەپێدانیان بە لەپێشتر زانیوە چونكە (لە ڕێكخستنەوە نزیكە) واتە ڕێكخستنی وشەكان[2]. بەم پێیەش ئەوا هەردوو مەزهەبەكە لە واقیعدا هەوڵدەدەن بەپێی توانا پابەندبن بە واتای دەقاودەقی دەقەكەوە و نزیكەوتنەوە لێی. ئەوەی كە لەم لێكۆڵینەوە كەم و سادەیەمدا پێشنیاری دەكەم ئەوەیە كە پێویستە قورسایی گەورە لە واتای داواكراودا بدرێت بە مەبەست و بە ئامانجی دەقەكە، چونكە ئەوە لە واتای دەقاودەقی لەپێشترە، بۆ ئەوەی شەریعەت مەبەستەكانی خۆی لە دنیای خەڵكیدا جێبەجێ بكات، كە لەمەوپاش باسدەكرێ.

---

[1]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٣٥.

[2]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٣٦.

## چەمکی پێچەوانە:

لە دابەشکردنی واتای (چەمك)دا هەموو مەزهەبەکان جگە لە مەزهەبی حەنەفی هاوڕان لەگەڵ مەزهەبی شافیعیدا کە دابەشی بکەن بۆ چەمکی ڕەزامەندی و (کە پێوانەگیریی سەرەتایی دەگرێتەوە) بۆ چەمکی پێچەوانە. چەمکی پێچەوانەش لای ئوسوڵییەکان بەو مانایە هاتووە کە هەروەك دەقەکە بە تێکستەکەی مانایەك بە حوکمدان دەدات، ئەوا چەمکە پێچەوانەکەشی مانایەکی پێچەوانە دەدات بەدەستەوە، یان لە ڕووی لۆژیکییەوە بریتییە لە: بوونی ڕاستییەك کە دەخوازێ دژو پێچەوانەکەشی هەر بوونی هەبێت. ئەمەش بە زمانی سەرزارەکی لۆژیك مانای ئەوەیە کە بوونی (س) واتە (نەبوونی نەبوونی س)ە. ئەو مەزهەبە فیقهییانەش کە دانیان ناوە بە چەمکی پێچەوانەدا هاتوون ئەم چەمکەیان دابەشکردووە بۆ پێنج بەشی جیا جیا، ئەوانیش ئەمانەن: (نازناو)، (وەسفکردن)، (مەرج)، (مەبەست) و (ژمارە). ئەمەش مانای ئەوەیە کە باسکردنی یەکێك لەو جۆرانە لە دەقێکی قورئانیدا یان لە دەقێکی فەرموودەدا، ئەوا بەپێی چەمکی واتای پێچەوانەش نەبوویەکی لۆژیکیی لەخۆیدا هەڵگرتووە بەڵکو پووچەڵکردنەوەیەکی شەرعییە بۆ دژو پێچەوانەی ئەو جۆرەیە. حەنەفییەکان ئەم لۆژیکەیان ڕەتکردووەتەوەو وادەبینن لە حاڵەتی بوونی یەك هۆکار بۆ دەقێکی شەرعی ئیتر ناکرێ دوو حوکم لە یەك کاتدا لەخۆ بگرێ[1].




**شێوەی ٤–١٤: جۆرەکانی چەمکی پێچەوانە.**

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٣٩.

یەکێك لە نمونەکان لەسەر جۆری (نازناو) وشەی وشتری لەوەڕگایە (سائمة) کە لە فەرموودە پیرۆزەکەدا هاتووە و دەفەرموێ: وشتری لەوەڕگا زەکاتی لێدەدرێ ((في السائمة زكاة))[1]. ڕەشەوڵاغیش وشتر نیەو لای هەموو مەزهەبەکان بەپێی واتای پێچەوانە زەکاتی لێنادرێ جگە لە مەزهەبی حەنەفی، کە پشتگیری لە واتای پێچەوانە ناکات[2].

نمونەش لەسەر (وەسفکردن) وشەی ئافرەتە باوەڕدارەکانە (المؤمنات)، لە وەسفی ئەو ئافرەتانەدا هاتووە لە ئایەتی ٢٥ ی سورەتی النساء دا باسکراون (ئەویش لە میانەی باسی هاوسەرگیریدا). پێشەوا شافیعی باوەڕدایی کردووەتە (مەرجێك) بۆ ڕاست و دروستی دامەزراندنی هاوسەرگیری، بەمشێوەیەش ڕێگای بە هاوسەرگیری کردن جگە لەگەڵ ئافرەتانی باوەڕدار نەبێت ئیتر لە هیچ بارێکدا ڕێگای بە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی بێباوەڕ نەداوە، ئەوەشی بەپێی واتای پێچەوانە کردووە. بەڵام حەنەفییەکان لەبەرئەوە کار بە واتای پێچەوانە ناکەن ئەوا ڕێگایان بە موسڵمانان داوە هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتانی باوەڕدار و ئافرەتانی بێ باوەڕیشدا بکەن.

نمونەش لەسەر مەرج (الشرط) ئەم ئایەتەیە: ﴿وَإِن كُنَّ – واتە تەڵاقدراوەکانتان– أُوْلَٰتِ حَمۡلٖ فَأَنفِقُواْ عَلَيۡهِنَّ حَتَّىٰ يَضَعۡنَ حَمۡلَهُنَّۚ﴾ الطلاق:٦. جا بەپێی واتای پێچەوانە: ئەگەر ئافرەتە تەڵاقدراوەکە سکپڕ نەبوو، ئەوا **مافی** ئەوەی نیە خەرجیکێشانی وەربگرێ، ئەمەش مەسەلەیەکە کە حەنەفییەکان کاری پێناکەن چونکە کار بە واتای پێچەوانە ناکەن[3].

---

[1]– فقه الزكاة، القرضاوي، ب١، ل/٢٤٠.

[2]– أصوا الفقه، أبو زهرة، ل/١٤١.

[3]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٤٣.

نمونەش لەسەر (مەبەستداریی) لـه ئایـەتی: ﴿ وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ ٱلْخَيْطِ ٱلْأَسْوَدِ مِنَ ٱلْفَجْرِ ﴾ البقـرة:١٨٧. دا دەبیبـنین کـه پەیوەنـدی بـه رۆژووەوە هەیـە. ئـەم ئایەتـە ئـەوەی تێدایـە کـە خـواردن و خواردنـەوە ڕێگایـان پێدراوە تا ئەو کاتەی کە کـاتی باسـکراو دێتـە پـێش، لـەوە بـەولاوە ئـیتر ڕێگـای پێنەدراوە. حەنەفییەکانیش بە سروشتی هـاوڕان لەگـەڵ هـەمان حـوکمی فیقهیـدا، بەڵام ئەوان خواردن و خواردنەوە کە لە ئایەتەکەدا باسکراون بـە ئەسـڵ دادەنـێن و دیاریکردنی کاتیش بۆ نەخواردن و نەخواردنەوە هەر بە هەمان دەقە، نەك بە واتای پێچەوانە[1].

واتای پێچەوانە هەروەها پراکتیزە کراوە لەسەر ژمارە (العدد)، هەرکات ئایەتێك یان فەرموودەیەکی پیرۆز باسی ژمارەیان کردبێت، ئەوا هەموو ژمارەکانی تر بەپێی واتای پێچەوانە قوبووڵ نین، ژمارەیەکی تر ناتوانێت جێگای ئەو ژمارەیە بگرێتەوە کە لە میانەکەدا هـاتووە. نمونـەش بـۆ ئەمـە بریتییـە لـەو ڕیـژەو بەشـانە کـە لـەو فـەرموودە پیرۆزانـەدا باسـکراوە پەیوەنـدن بـە زەکاتـەوە. حەنەفییـەکان لەگـەڵ مەزهەبەکانی تـردا هـاوڕان کـە ئـەوانیش لـە سـنوری ئـەو ژمارانـەدا دەوەسـتن کـە دەقەکان هێناویانن، بەڵام ڕاکەیان لەسەر خودی دەقەکە بونیات دەنێن نەك لەسەر واتای پێچەوانە.

ڕاستە هەموو مەزهەبە فیقهییەکان ئـەو وەسـفانە کـە لەسـەر شـێوازی خواسـتن (المجاز) باسکراون هەڵاوێردیان دەکەن لە چـەمکی پێچـەوانە، هـەروەها ئاسـەواری ئەو چەمکی پێچەوانەیە هەڵاوێرد دەکەن کە (دژایەتی) دەقەکانی تر دەکات[2]، بەڵام خودی چەمکی پێچەوانە (هەروەك لە نمونەکاندا ڕووندەبێتەوە) دەمانخاتە بـەردەم

---

[1]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٤٤.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٤٠.

جۆرێك لە بژاردەی دوالیزمـەیی حـەتمی–بـە دەسـتەواژەی لۆژیـك– [1]، ئـەوەش بـە جۆرێکە کە نە مامناوەندی لە نێوان ئەو بژاردانەدا قبولّ دەکات و نە کۆکردنەوەیان پێکەوە پەسەند دەکات. ئەم خوێندنەوەیەش بۆ دەقی شەرعی لای ئەوانە کـە کـار بەم چەمکە دەکەن سنور دادەنێ بۆ نەرمی و فرەیـی حوکمـە شـەرعییەکان بـەپێی بارودۆخی گۆڕدراو. ئەم حالّەتەش حالّەتێکی ترە لە لاوازی لۆژیکی فیقهی ئیسلامی لەوەی خۆی لەگـەلّ بارودۆخـە گۆڕدراوەکانـدا بگـونجێنێ، هـەروەها لەکارخسـتنی دەقە شەرعییەکانە لە ئاراستەکردنی ئەو خۆ گونجاندنەدا.

با نمونەیەکی تریش بێنین: کاتێك واتای پێچـەوانە پراکتیـزە کـرا لەسـەر واتـای ژمارە کە لەسەرەوە باسکرا، ئەوکات شتێکی لێ بەرهـەمهات کـە پێـی دەوتـرێ (دژ بەیـەکی) لــە نێــوان ژمارەیــەك فــەرموودەی پــیرۆزدا کــە دەربــارەی ژمــارە دیاریکراوەکانی ئەو بڕانە کە زەکاتیـان لێدەدرێ هـاتوون، ڕیوایەتـە ڕاسـتەکانیش لەسـەر ئـەم ژمارانـە لـە سـنورێکی کەمـدا جیاوازییـان هەیـە [2]. ئـەم بـارە وای لـە فیقهناسـان کـرد ناچـاربن داوای هەڵوەشـاندنەوەی –هەڵوەشـاندنەوەی شـەرعی– چەند ژمارەیەك بکەن کە لە فەرموودە ڕاست و سەلمێنراوەکاندا هاتوون، لەبەر هیچ شتێکی تر نا بەڵکو تـەنها لەبـەر پارێزگـاریکردن لـە ڕیزبەنـدی لـە پراکتیزەکردنـی واتای پێچەوانە بەسەر ژمارەکاندا.

–بۆ نمونە– لەبارەی ئەو ژمارەیەوە کە پێویستە وەك زەکات لـە بڕکـەی وشـتر وەربگیرێ، دەبینین جیاوازی هەیە لە نێوان نامەی ئەبوبەکر و نامەی عەلی و نامەی

---

[1]– ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو دوو ڕووداو بۆ نمونە (أ) و (ب) بوونیان هەبوو، ئـەوا یـان (أ) یـان (ب) یەکێکیان ڕاستە، بەڵام ناکرێ لە هەمانکاتدا هەردووکیان (أ) و (ب) ڕاست بن، ناشـکرێ هیچـکامیان نە (أ) و نە (ب) ڕاست نەبن.

[2]– فقه الزكاة، القرضاوي، ب١، ل/١٨٢.

عەمروی کوڕی حەزمدا –خوا لێیان ڕازی بێت–[1]. جا لەبەر بوونی ئەو جیاوازییانەو واتای ژمارەکان، فیقهناسان دەربارەی ئەوە کە پشت بە کام لەو ژمارانە ببەستن ڕایان جیاوازە (ئینجا کام لەو ژمارانە بەپێی واتای پێچەوانە رەتبکەنەوە). ژمارەیەکی کەم لە زانایان، بۆ نمونە تەبەری هەستاوە بە کۆکردنەوە لە نێوان هەموو ڕیوایەتە پێشووەکانداو لێرەوە ئازادی هەڵبژاردنی لە نێوان ئەو ژمارانەدا کە بۆ بڕیاردان لەسەر بڕی زەکات لەو حاڵەتەدا هاتوون جێهێشتووە بۆ فیقهناس[2]. کۆکردنەوەش باشتر و لەپێشترە، کارکردنیش بە دەق لەپێشترە لە فەرامۆشکردنی.

بەڵام ئەگەر ئێمە لە ڕەهەندێکی ترەوە مەسەلەکە بە هەند بگرین، واتە لە دەرەوەی ڕەهەندی واتاوە، ئەوا نە پێویستمان بەوەیە دژ بەیەکی بەرۆکمان بگرێ و نە پێویستمان بە چارەسەرکردنیشی دەبێت. چونکە بەڵگەنەویستە کە یەکێك لە کۆی مەبەستەکانی زەکات –بەڵکو گشت مەبەستە شەرعییەکان– ئاسانکارییە، هەموو فیقهناسانیش بڕیاریان لەسەر ئەم پرەنسیپە داوە، لەبەرئەوە هەندێ لە فیقهناسە هاوچەرخەکان بڕیاریانداوە کە دەکرێ ژمارەکان لە بڕەکانی زەکاتدا بەپێی بارودۆخی زەکاتدەران خۆیان بگۆڕدرێ، ئەمەش بە مەبەستی ئاسانکاری کردنە[3]، هەرئەمەش لەپێشتر و سودگەیەنەرترە.

**گشتگیر و تایبەت:**

پۆلێنکردنی لەفزەکان/ زاراوەکان بەپێی ئەو سنورە کە واتاکە مەبەستییەتی ئەنجامدراوە، جیاوازی تیۆریی دەربارەی پەیوەندی لە نێوان ئەو جۆرانەدا کە لەبەرئەنجامی ئەو دابەشکردنەوە هاتووتەنە ڕوو بووەتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ جیاوازی لە ڕاکاندا لەسەر ئاستی فیقهی کرداریی. لەفزەکان تەنها بەپێی

[1]– صحيح البخاري، أبواب الزكاة.

[2]– جامع البيان عن تأويل آى القرآن، محمد بن جرير الطبري، ب٥، ل/٤٠١.

[3]– فقه الزكاة، القرضاوي، ب١، ل/١٨٤.

(گشـتگیریان) و تابەتمەنـدییان) پـۆلێنکراون، (کـە ئەمـەش جـارێکیتر پۆلێنکردنـە یۆنانییەکـەمان بیردێنێتـەوەو دواتـریش باسـی دێـت)، لـەفزەکان بەهەمانشـێوە پـۆلێنکراون بـۆ (گشـتی) لـە بەرانبـەر (تایبـەت)ەوە، (ڕەهـا) لـە بەرانبـەر (مەرجدارەوە).




**شێوەی ٤–١٥: پۆلێنکردنی لەفزەکان لە ڕووی سنورو بواریانەوە**

## گشتگیر:

لەفزی گشتی لە واتاکەیدا زیاتر لـە مانایـەك دەگرێتـەوە، بـەڵام لـەفزی تایبـەت تەنها یەك مانا دەگرێتەوە، ئیتر ئەو مانایە ئاماژە بێت بۆ کەسێك یان بۆ سـیفەتێك بێت چوونیەکە. فیقهناسان کۆدەنگن کە ئەگەر لەفزەکە تایبەت بوو ئـەوا واتاکـەی گومانبڕە (قطعي)یـە، ناشـکرێ بـە بونیاتنـان لەسـەر گریمانـەی بۆچـوونی ئـەقڵی گوماناویی بێت[١].

بەڵام فیقهناسان لەبارەی گومانبڕی دەقـی قورئـانی پـیرۆز کاتێـك کـە گشـتییە ڕایان جیاوازە، حەنەفییەکان بە گومانبڕی دادەنێن بەڵام مەزهەبەکانیتر بە گومانیی دادەنێن بەم پێیـەش شـایانی تایبەتکردنـە. ئـەم ناکۆکییـەش لـە ڕا دا کاریگـەریی لەسەر ئەو دەقانە هەیە کە گومان وایە (دژ بەیەك بن). بۆ نمونـە دەربـارەی واتـای

[١]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٤٦.

داواکراو لە چەند ئایەتێکی گشتیدا لە بەرانبەر لەفزی تایبەتەوە لە فەرموودە ئاحادەکاندا ڕا جیاوازی هاتەڕوو کە دەتوانرێ ئەو لەفزە گشتییانە لە ڕووی تیۆرییەوە تایبەت بکرێن.




**شێوەی ٤–١٦: جیاوازی ڕاکان دەربارەی پەیوەندی لە نێوان فەرموودەی ئاحاد و ئایەتێك کە لەفزەکەی گشتییە**

لێرەدا نمونەی باو و بەربڵاو بریتییە لە لەم ئایەتە: ﴿إِذَا قُمۡتُمۡ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغۡسِلُواْ وُجُوهَكُمۡ وَأَيۡدِيَكُمۡ إِلَى ٱلۡمَرَافِقِ﴾ المائدة: ٦، ئەمەش گوزارشتێکی گشتییەو هیچ ڕێزبەندییەکی دیاریکراو بۆ شۆردن دیاری ناکات. بەڵام لە لایەکی

تـرەوە ژمارەیـەك فـەرموودەی پـیرۆز هـەن وەسـفی چـۆنێتی دەسـتنوێژگرتنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکەن کە بە بەردەوامی پـەیڕەوی ڕیزبەندییـەکی دیـاریکراوی لـە دەسـتنوێژگرتنیدا کـردووە. لێـرەدا حەنەفییـەکان فـەرزبوونی ڕیزبەندییەکی دیاریکراو بۆ دەستنوێژگرتن ڕەتدەکەنـەوە (ڕیزبەنـدی بـە سـوننەت دادەنێن) ئەویش بە بونیاتنان لەسەر تیۆرەکەیان کە دەڵـێن لـەفزە گشـتییەکە لـە ئایەتی ناوبراودا گشتییەکی گومـانبڕەو نابێـت بـە فـەرموودەی (گومـانیی) تایبـەت بکرێ. کەچی هەموو مەزهەبەکانیتر ڕیزبەندیی لـەلایان فـەرزە، چـونکە ڕیزبەنـدیی دیاریکراو کە لە فەرموودە پیرۆزەکەدایە مانای گشـتیی کـە لـە ئایەتەکـەدا هـاتووە تایبەتکردووە[١]. بەڵام مالیك ڕەزامەنـدە لەسـەر بـە مـەرجگرتنی ڕیزبەنـدی ئـەویش لەسـەر ئـەو بنەمایـە کـە کارەکـانی خـەڵکی مەدینـە لـەو حاڵەتـەدا پشـتگیری لـە فـەرموودەی ئاحـاد دەکـەن، بـەڵام بـەبێ پشـتگیری خـەڵکی مەدینــە (یـان بـە پێوانەگیرییەکی بڕواپێکـراو) ئـەوا پێشـەوا مالیـك فەرموودەکـەی بـەوە دانـاوە کـە پێچەوانەیە لەگەڵ ئایەتەکەدا، بەمشێوەیەش ئایەتەکـە لەپێشـترە. چـەندین کـاری بەجێگەیاندنی تر لەسەر ئەو ڕا جیاوازییە هەن کە ئاسەواری گەورەترو گرنگییـەکی زۆرتریان هەیە–هەروەك لەمەوپاش دێت–.

**سنوردارکردن (التقیید):**

لەبارەی شێوازی مامەڵەکردنی مەزهەبـەکان لەگـەڵ ئایەتـە (سـنوردارەکان) لـە بەرانبـەر لـەفزە (ڕەها)کانـەوە ڕا جیاوازییـەکی هاوشـێوە لـە نێوانیانـدا ڕوویـداوە (بڕوانە شێوەی ٤–١٧).

[١]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٤٨.




**شێوەی ٤–١٧: ڕا جیاوازەکان دەربارەی لەفزی ڕەها**
**لە بەرانبەر لەفزی سنووردارکراو**

کاتێک فیقهناسان لێکۆڵینەوەیان لەسەر سنوردارکردنی لەفزێکی دیاریکراو کردووە هاتوون سەیری دوو پێوەریان کردووە کە ئەمانەن: (١) ئەو مەسەلەیە کە دەقەکە قسەی لەسەر دەکات، (٢) ئەو حوکمەی کە دەقەکە دەیخوازێت (کە جیاوازی هەیە لە نێوان فەرزکردن و قەدەغەکردندا). بەم پێیە هاتوون پەیوەندی نێوان لەفزی (سنووردارکراو) و لەفزی (ڕەها)یان دیاریکردووە، ئەویش بەپێی ئەم چوار ئەگەرە لۆژیکییەی خوارەوە لەبارەی وێکچوون و جیاوازی لەم دوو پێوەرەدا:

١– هەردوو مەسەلەکە لە یەك بچن و حوکمەکەشیان لە یەك بچێت.

٢– هەردوو مەسەلەکە لە یەك بچن و حوکمەکەیان جیاواز بێت.

٣– هەردوو مەسەلەکە جیاواز بن و حوکمەکەیان لە یەك بچێت.

٤– هەردوو مەسەلەکە جیاوازبن و حوکمەکەشیان هەر جیاواز بێت.

با لێرەدا چوار نمونەی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو چوار ئەگەرە، بە هەمان ڕیزبەندی پێشکەش بکەین[١]:

---

[١]– سودم وەرگرتووە لە کتێبی أصول التشریع، حسب الله، ل/٢٢٧.

١-لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە کە کەسێك لە ڕۆژێکی ڕەمەزاندا بە ئەنقەست ڕۆژووەکەیی شکاندووە، ئینجا پرسیاری لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کردووە کە چۆن چۆنی کەفارەتی بدات، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمانی پێداوە دوو مانگ بەڕۆژوو بێت. لە ڕیوایەتێکی تریشدا کە هەر لەسەر ئەم ڕووداوە و هەمان مەسەلە و هەمان حوکم هاتووە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمانی بە کەسی پرسیارکەر داوە (دوو مانگ بەدوای یەکدا) بەڕۆژوو بێت. چونکە هەموو مەزهەبەکان پشتیان بە سنورداری مەرجی بەدوای یەکدا بەستووە، لێرەوە هاتوون دەستەواژەی ڕەهای یەکەمیان بە دەستەواژەی سنورداری دووەم سنوردارکراو کردووە.

٢- دوو کەسی ڕیواتەکاری فەرموودە دوو فەرموودەیان لەبارەی زەکاتی وشترەوە ڕیوایەت کردووە: لە ڕیوایەتی یەکەمدا باسی (وشتر) کراوە بەبێ سنوردارکردن، بەڵام لە فەرموودەی دووەمدا باسی (وشتری لەوەڕگا) کراوە ئەمەش مانای ئەوەیە کە وشتری ئالیکدراو زەکاتی لەسەر نیە، بەڵام لەبەر وێکچوونی مەسەلەکە (واتە مەسەلەی زەکاتی وشتر) وای لە هەموو مەزهەبەکان کردووە ڕەزامەندبن لەسەر سنوردارکردنی ڕەها بە مەرجی دیاریکردنی (وشتری لەوەڕگا).

٣- چەندین ئایەتی پیرۆز باسی بابەتی کەسی شایەتیدەرمان بۆ دەکەن لە حاڵەتە جۆراو جۆرەکاندا، بۆ نمونە یەکێك لەوانە ﴿وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡۚ﴾ البقرة: ٢٨٢، ﴿وَأَشۡهِدُواْ ذَوَيۡ عَدۡلٖ مِّنكُمۡ﴾ الطلاق: ٦ ، ئایەتی یەکەم کە بە (ڕەهایی) باسی کەسی شایەتدەرمان بۆ دەکات باس لە گرێبەستە بازرگانیەکان دەکات، بەڵام ئایەتی دووەم شایەتیدەری دەستنیشان و سنورداری کردووە کە دەبێت (دادپەروەر بێت) کە باس لە شایەتیدانی تەڵاق دەکات. بەڵام هەموو مەزهەبە فیقهییەکان (جگە لە حەنەفی) ئەو گوزارشە نا سنوردارکراوەی کە لە

ئایەتی یەکەمدا هاتووە بەستوەتەوە بەو دیاریکردنەی کە لە ئایەتی دووەمدا هاتووە، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوا بەڵگەی دادپەروەری داواکراوە کە دەبێت لە هەموو شایەتەکاندا بوونی هەبێت.

٤- بۆ جۆری چوارەمیش، کە بریتییە لە جیاوازی لە مەسەلەکان و جیاوازی لە حوکمدا، نمونەکەش دوو ئایەتە دەربارەی دوو حاڵەت و دوو حوکم، یەکێکیان ئایەتی: ﴿ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٍ ﴾ المائدة: ٨٩ ﴿ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ ﴾ المجادلة: 4. چونکە جیاوازییەکە لێرەدا لە مەسەلەو لە حوکمەکەدا دەردەکەوێ، هەموو مەزهەبەکان کۆدەنگن لەسەر سنوردارنەکردنی ڕەهایی لە ئایەتی یەکەمدا بە لەفزی بەدوای یەکدا (متتابعين) لە ئایەتی دووەمدا کە ڕۆژوو سنوردار دەکات.

بەدواداچوونی منیش لێرەدا ئەوەیە کە ئێمە لەم شیکردنەوەیە بۆ پێوەرەکانی (گشتگیری و تایبەتکردن) ئاراستەیەکی گشتی لە نێوان زانایانی پێشینەدا دەبینین کە کاریان بە سنوردارکردن و تایبەتکردن کردووەو داکۆکی لێدەکەن. ئەم ئاراستەیەش ئەو چەقبەستوویەی زیاتر کردووە کە هەڵێنجانی زمانەوانی ڕووت سنورداری دەکرد-واتە دەقاودەقی بنچینەیی-. مرۆڤیش لە پرۆسەی هەڵێنجانی حوکمەکاندا بە شێوازی زمانەوانی ڕووت تێبینی دەکات کە تیۆرەکە هیچ حیسابێکی بۆ بارودۆخی ئەو حاڵەتە بەهەند گیراوانە نەکردووە کە دەکرێ کاریگەرییان لەسەر حوکمە شەرعییەکە هەبێت، یان بۆ ئەو مەبەستانە کە دەقەکە مەبەستییەتی و دەکرێ بەهەمانشێوە کاریگەرییان لەسەر حوکمەکە هەبێت. چونکە ئەو حوکمانە کە پەیوەندییان بەو بژاردە جۆراو جۆرانەوە هەیە بۆ نمونە بۆ کەفارەتەکان کە پێشتر نمونەمان لەسەریان هێناوەتەوە پێویستە بژاردەکان بە کراوەیی بهێڵرێنەوە بەبێ هیچ هۆکارێك سنوردار و تایبەت نەکرێن، کە ئەمەش جۆرێك لە نەرمی بە موفتی دەبەخشێت تا چارەسەری بارودۆخە جۆراو جۆرەکانی

تاکەکان بکات، بەوشێوەیە کە گونجاوە لەگەڵ بارودۆخی تایبەتییانداو لەگەڵ باگراوندی ڕۆشنبیری گشتییاندا، ئەم شێوازەش نزیکترە لە مەبەستی پەروەردەیی و مەبەستی چاکسازی بنچینەیی لەو کەفارەتانەدا. چونکە بەرتەسککردنەوەی ئەو بژاردانە حوکمی توند و زبر و ڕەق دەسەپێنن و (وەك ڕۆژووگرتنی دوو مانگ بەدوای یەکدا بە حەتمی) ڕێگیری دەکات لە جێبەجێکردنی نەرمی و ئاسانکاری. لە هەمانکاتیشدا ناتەبایە لەگەڵ مەبەستی ڕێسای گشتی بە ئاسانکاری کردن و لێبوردەیی لە مەسەلە پەرستشییەکاندا.

بە هەمانشێوە، برێکی زۆر لەو لێکۆڵینەوانە کە تایبەتن بە زەکاتەوە لەسەر چەند مەسەلەیەك چڕ بووبوونەوە، وەك ئایا ئەو مانگایانەی کە فەرزە زەکاتیان لێبدرێ مانگای لەوەڕگان یان نا، ئایا ئاڵتون دەبێت لە شێوەی بازنەییدا لە قاڵب درابێت یان نا، وە ئایا لەفزی نەدار (مسکین) دەکرێ واتای هەژار (فقیر)یش بگرێتەوە یان نا، ئایا شوشە یان مس یان خوێ بە یەکێك لە کانە خاوەکانی زەوی دادەنرێن یان نا، ئیتر تا کۆتایی لیستی ئەو پرسیارانە کە باو و بڵاون. هەموو ئەم پرسیارانەش لە بەشی زەکاتدا مەسەلەی ڕاستەقینە یان مەبەستی ڕاستەقینە لە سیستمی زەکاتدا فەرامۆش دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە زەکات سیستمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتییە بۆ هاوکاری و دەستەبەرکردنە لە نێوان دەوڵەمەندان و هەژاراندا، بایەخدانیش بەم پێوەرە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەو پێشخستن و ڕێنمایی گشتییدا گرنگترو لەپێشترە.

هەروەها، ڕاست نیە ئەو حوکمانەی کە پەیوەندن بە دادگا و کێشەکانەوە تەنها بە هەڵێنجان لە لەفزە زمانەوانییەکان سنوردار بکرێن هەروەك بینیمان، بەڵکو دەبێت ڕەچاوی گەشەسەندنی کۆمەڵگا بکرێت و هەستن بە بەجێگەیاندنی پێویستییەکانی، بەڕاستیش هەردوو مەبەستی (گشتی) و (ڕەها) لە هەر سیستمێکی دادوەریدا ئامانجیان ئەوەیە دادپەروەری جێبەجێ بکەن. بەڵام ئێمە

زۆرێك لە فیقهناسان دەبینین كە لەو بوارەدا لە جیاتی ئەوە هەر لە بنەڕەتەوە بگەڕێنەوە بۆ ڕێساكانی دادپەروەری كۆمەلایەتی و بەرژەوەندی گشتی، كەچی هاتوون دەستكۆتا بوون تەنها بە گەڕانەوە بۆ ڕێساكانی تایبەتكردن و سنوردارکردن،.

ڕاستە دەكرێ هەڵێنجانە زمانەوانییەكان پێویست بن بۆ دیاریكردنی تەنها كارە پەستشییەكان، بەڵام نابێت دابنرێن بە تاكە سەرچاوە بۆ حوكمدان یان هەڵێنجان لە مەسەلەكانی مامەڵەكاندا كە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە گشتییەكانەوە هەیە، كە بە دەگمەن پەرستشەكان لەو مەسەلانەدا بوونیان هەبێت، بەڵكو دەبێت هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا بە بەرنامەیەك بێت هەر لە بناغەوە پشت بە بەها ڕەسەن و مەبەستە خوازراوەكان ببەستن، دواتریش لە بەشی شەشەمدا بە فراوانی قسە لەسەر ئەو بەرنامەیە دەكەین.




**شێوەی ٤–١٨: پۆلێنكردنی مەعریفە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا**




**شێوەی ٤–١٩: پۆلێنکردنی لەفزەکان لە فەلسەفەی ئیسلامیدا**

## بەڵگە لەفزییەکان: کاریگەری فەلسەفەی یۆنانی:

پۆلێنکردنی گشتی مەعریفە لە فەلسەفەی ئیسلامی کەلەپورییدا پشت بە چەمکی بۆچوون (التصوّر) و بە ڕاست زانین (التصدیق) دەبەستێت، (بڕوانە شێوەی ٤–١٨)، بۆچوونیش دابەش دەبێت بۆ (لەفزەکان) و (ماناکان) و (دیاریکردن–پێناسەکردن)[١]. لەفزەکانیش لەو ڕووەوە لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێ کە مانا دەبەخشن، هەروەها لە ڕووی گشتگیرییان، پلەی بوونیان، پێکهاتەیان، وە

[١]– المنطق والفقه، علي، ل/١٧٤.

پەیوەندی لە نێوان وشـەکان و ماناکانیانـدا. واتـای وشـەکانیش لەسـەر ماناکانیـان واتایەکی یان (چەسپاوە) یان (لە هەناویدا ئەوە دەگەیەنێ) یان (پابەندییە). بەڵام لە ڕووی گشتگیرییەوە ئەوا لەفزەکان لە زانستی ئوسوڵدا دابەش دەبن بۆ (گشـتی) و (تایبـەت). دەکـرێ لـەفزەکان کۆمەڵـە وشـەیەکی سـادەو سـاکار بـن کـە توانـای دابەشبوونیان نەبێت (وەك ناو و کردار و پیتە لێکدراوەکان)، وە یـان پێکبهێنـرێن، دەکرێ واتای وشە جۆراو جۆرەکانیش یان واتای هاوبەش بن، یان هاو واتا بن، یان لە ژێرەوە ڕێکەوتبن، یان نەگونجێن بن.

جێگە دەستی فەلسـەفەی یۆنـانی لەسـەر ئـەم دابەشـکردنە دیـارە، بەتایبـەتی کاریگەری ئەرستۆ و قوتابخانەی مەششائییەکان[١]، چونکە ئـەو کاریگەرییـە لەسـەر هـەموو پۆلێنکردنـەکان و لقـەکانی دەردەکـەوێ، هـەر لـە (بۆچـوون و بەڕاسـت زانـین)[٢]ەوە، هـەتا وشـە (وێکچـوو و هـاو واتاکـان)[٣]. ڕوون و ئاشکرایشـە ئـەو فەیلەسوف و ئوسوڵییە موسڵمانانە کە لەدوای ئیبن سـینا هـاتوون لـە هـەڵگۆزین و دەرهێنانەکانی لە فەلسەفەی یۆنانییەوە بـە گشـتی شـوێنکەوتەی ئـەو بـوون. مـن وەها دەبینم فەیلەسوفە موسڵمانەکان لـە چـاوی ئەرسـتۆ و ئـیبن سـیناوە سـەیری (ماناکانیـان) کـردووە[٤]. هـەروەك لـە لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر خـود لـە بەرانبـەر خستنەڕوو، وە گومانبڕ لە بەرانبەر گوماناوییەوە و تا هیتریش دەردەکەوێ.

---

[١]- مەشائییەکان: ئەو قوتابیانەن کە لە سەردەمی ئەرستۆدا لە یۆنان خوێندنیان لەسەر کورسـی یاریگـا وەرزشییەکاندا بووە. دواتر بوونـە قوتابخانەیـەکی سـەربەخۆ و بۆچـوونی فەلسـەفی تایبـەتی خۆیانیـان هەبووە. (وەرگێڕ)

[٢]- إشارات و تنبيهات، أبو علي إبن سينا، تۆرنتۆ، ب١، ل/٤٩.

[٣]- أعمال أرسطو: التصنيفات، أرسطو،

[٤]- المنطق والفقه، علي، ل/١٧٩.

لـەم خسـتنەڕوویەدا کاریگـەری فەلسـەفەی یۆنـانی بـە ڕوونـی بەسـەر ئوسـوڵی فیقهی ئیسلامییەوە دیارە، کە لە ڕێگای فەلسەفەی ئیسلامییەوە دزەی کردووەتـە ناو زانستی ئوسوڵەوە. چونکە پێشەوایانی فیقهـ یان فەیلەسـوف بـوون بـە تـەواوی واتای وشەکە، هەروەك غەزالی و ئیبن ڕوشـد و ئـیبن تەیمییـە وەهـا بـوون، وە یـان کاریگـەری ئـەو فەلسـەفەیەیان بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لەسـەر بووە، هەروەك بە پێشەواکانی تریشەوە دەردەکەوێ. چونکە شێوازی پـۆلێنکردنی لەفزەکان لای ئەوان و واتای لەفزەکان لەسەر ماناکانیان، بە تـەواوەتی شـێوازێکی یۆنانی بووە.

لێرەوەو لـەژێر کاریگـەری فەلسـەفەی یۆنانیـدا بنـەماکانی فیقهـی ئیسـلامی بـە هەموو قوتابخانە جۆراو جۆرەکانییەوە مۆرکی (لۆژیکی یۆنانی)یان پێوە دەرکەت، هەر لێرەوەش ئەو پێناسانە هاتنەڕوو کە بونیاتنرابوون لەسەر ئەوەی پێی دەوترێ دیاریکردن و وێنە، وە دوالیزمەیی کلاسـیکی لـە هـەموو پۆلێنکردنـە لەفزییەکانـدا، هـەروەها پێوانـەگیریی لۆجیسـتی ڕواڵـەتی بـژارکراو و هـۆدار. دواتـریش لـە بەشـی شەشەمدا لەبەر ڕۆشنایی تیۆری ڕشتەبەندییە هاوچەرخەکان و لۆژیکی هاوچـەرخدا پێداچوونەوە دەکەین بە کاریگـەری فەلسـەفەی یۆنانیـدا، لـە هـەموو چمکەکانەوە بۆی دەڕوانین.

## ٣-٤ ئەو بەڵگە ئەقڵییانەی لەسەر دەق بەرپابوون:

### تێڕوانینی گشتی:

زانایان جیاوازییان خستووە لە نێوان (سەرچاوە ڕەسەنەکان) کە بریتین لە قورئان و سوننەت، وە نێوان (سەرچاوە لاوەکییەکان) کە پشتیان پێنەبەستوون لە حاڵەتێکدا نەبێت کە بەڵگە لە (دق) دا واتە دەقی (تایبەت) لە قورئان یان سوننەتدا نەبووبێت. لەم باسەماندا سەرچاوە لاوەکییان دەخەینەڕوو کە ئەمانەن: کۆدەنگیی، پێوانەگیریی، بەرژەوەندیی، بەچاکزانین، داخستنی بیانووەکان، عورف، ڕای پێشەوا، ڕای هاوەڵان، کارەکانی خەڵکی مەدینە، مانەوەی شتێك تا پێچەوانەکەی دەردەکەوێت (ئیستیصحاب).

ئەو فیقهناسانەی هەرکامێك لەم سەرچاوانەیان پەیڕەو کردبێت کە ئێمە لێرەدا بە سەرچاوەی ئەقڵی وەسفیان دەکەین، ئەوا ئەو پەیڕەوکردنەیان لەسەر بەڵگەکانی قورئان و سوننەت بونیاتناوە. بە باوەڕی من جیاوازی خستن لە نێوان بەڵگە ڕەسەنەکان واتە قورئان و سوننەت و نێوان بەڵگە لاوەکییەکان، لە واقیعدا جیاوازی خستنە لە نێوان بەڵگە زمانەوانییەکان و بەڵگە ئەقڵییەکاندا، هەردوو جۆری بەڵگەکانیش دواجار بە دەوری دەقەکاندا دەسوڕێنەوە، هەروەك لەمەودوا دەیبینین.

### کۆدەنگیی:

لێرەدا جیابوونەوەیەکی دانسقە دەبینرێ کە پەیوەندی بە (کۆدەنگیی)ەوە هەیە! لە کاتێکدا کە زۆربەی مەزهەبەکان وەك سەرچاوەیەکی (گومانبڕ) لە سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی پەیڕەوی لێدەکەن، کەچی هیچ جۆرە کۆدەنگییەك لەسەر پێناسەکردنی (کۆدەنگیی) نابینرێ! چونکە لەڕاستیدا دەیان

پێناسەو مەرج بوونیان هەیە بۆ ڕوودانی کۆدەنگیی، تەنانەت لەناو خودی هەر مەزهەبێکیشدا بە جیا. بۆ نمونە غەزالی –کە شافیعییە– وەها پێناسەی کۆدەنگیی دەکات کە بریتییە لە کۆدەنگیی تەواوی (ئوممەتی ئیسلام) لەسەر کارێك لە کاروبارەکانی ئاین[1]. بەڵام زۆرینەی زانایانی مەزهەبی–شافیعی و هیتریش– پێناسەی دەکەن کە بریتییە لە کۆدەنگی زانا (باوەڕپێکراوەکان) لەوانەیان کە پلەی (ئیجتیهاد)یان هەیە. لە هەمانکاتدا چەندین پێناسەشمان بۆ کەسی موجتەهیدی باوەڕپێکراو هەیە، کە خۆیان لە نێوان: شارەزابوون بە قورئان و سوننەت و پێوانەگیریدا دەبیننەوە، هەروەها چەندین مەرجی تر بۆ کەسی موجتەهید هەن، کە هەندێجار دەگاتە (لەبەرکردنی چوارسەد هەزار فەرموودە). خوێنەریش دەتوانێت لە هەردوو هێڵکاری ٤–٢٠، و ٤–٢١ دا بەراورد لە نێوان ئەو ڕایانەدا بکات.

گومانی تێدا نیە پەرتبوونی مەزهەبە باوەکان لە نێوان سوننەو شیعەو ئەوانی تریشدا پشکی خۆی هەبووە لە دروستبوونی ڕا جیاوازی دەربارەی مەسەلەکانی کۆدەنگیی، چونکە هەندێ لە مەزهەبەکان زانایانی هەندێ لە مەزهەبەکانی تریان بەوە نەزانیوە کە شایانی ئەوەبن ڕایەکی باوەڕپێکراویان لە کۆدەنگیی دا هەبێت[2]. هەندێکیتریش پێناسەکانی کۆدەنگیی سنوردار دەکەن کە تەنها بریتییە لە (کۆدەنگیی هاوەڵان)، هەروەك لە پێناسەی زاهیرییەکاندا دەیبینین، هەرچەندە ڕا جیاوازی زۆر هەیە لەسەر مەرجەکانی ئەو مرۆڤانە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) شایانی ئەوە بووبن کە پلەی هاوەڵێتییان هەبووبێت. چونکە

---

[1]– المستصفى، الغزالي، ب١، ل/١٧٣.

[2]– المحلى، إبن حزم، ب٥، ل/٨٨.

هەندێك لە زانایان وا دادەنێن كە هەركەس چاوی بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) كەوتبێت ئیتر ئەو كەسە شیاوە ببێتە هاوەڵێك و ئەندام بێت لە پرۆسەی كۆدەنگیی ڕاست و دروستدا، كەچی لەلایەكی ترەوە كەسانێتر هەن، لەوانەش ئیبن حەزم و حەنەفییەكان، هاتوون ژمارەی ئەو هاوەڵانەیان كە ئەهلی كۆدەنگین بە كەمتر لە سەد و سی هاوەڵ دیاریكردووە[1]. مالیكییەكانیش پێناسەی كۆدەنگییان فراوانتر كردووە بەجۆرێ كە (كۆدەنگیی خەڵكی مەدینە) دەگرێتەوە، ئەم كۆدەنگییەشیان بەوە داناوە كە سەرچاوەیەكی گومانبڕە بۆ تەشریع[2]. لە داهاتووشدا لە میانەی قسەكردن لەسەر كارەكانی خەڵكی مەدینە وردەكاری زیاتر پێشكەش دەكەین، چونكە لەگەڵ واتای كۆدەنگیی خەڵكی مەدینەی مالیكییەكان هاو واتایە[3].

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو.

[2]– إرشاد الفحول، الشوكانی، ل/٨٣. المستصفى، الغزالي، ب١، ل/١٨٧. كشف الأسرار عن أصول فخر الإسلام البزدوي، علاء الدين البخاري، ب٢، ل/١٨٤.

[3]– حجية الأدلة، سلطان، ل/١٢١.




**هێڵکاری ٤–٢٠: هەندێ لە ڕا جیاوازەکان لەبارەی پێناسەی خودی (کۆدەنگیی).**




**هێڵکاری ٤-٢١: بەراورد لە نێوان هەندێ لە ڕاکان لەبارەی مەرجەکانی موجتەهید کە کۆدەنگیی دەیگرێتەوە.**

هەردوو مەزهەبی جەعفەری و زەیدی دەڵێن کۆدەنگیی ئالوبەیەت (العترة) واتە (عەلی و فاتیمەو حەسەن و حوسەین)-خوا لێیان ڕازی بێت-بەسە بۆ ئەوە کە کۆدەنگییەکی ڕاست و دروست بێت[١]. بەڵام هەندێ لە زانا ئوسوڵییەکانی مەزهەبی جەعفەری دەڵێن کۆدەنگیی (قسەی پڕوپوچە) چونکە دەبێت کۆدەنگیی ئیقرار بکات بە ڕای پێشەوا بێهەڵەکان، یەکەمیشیان عەلییە-خوا لێی ڕازی بێت-، ئەوکاتیش لە هەموو حاڵەتەکاندا جیاواز نابێت لە ڕای پێشەوای بێهەڵە.

لەلایەکی ترەوە، ڕیوایەتێك دراوەتە پاڵ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەبی حازم (کە گەورە فیقهناسێکی حەنەفییە) دەڵێت ڕێکەوتنی چوار جێنشینەکە (ئەبوبەکر و

---

[١]- أصول الكافي، محمد الكليني، طهران، ب١، ل/١٧٨-١٧٩. هەروەها Irshad AbdulHaqq. (Islamic Law 2002. P. 83..

عومــەر و عوسمــان و عــەلی) لەســەر مەســەلەیەك دادەنرێــت بــە كۆدەنگییــەكی باوەڕپێكراو. هیچ یەك لە مەزهەبەكانی تـر دانیـان نـەناوە بـەمجۆرە كۆدەنگییـەدا. بەڵكو هەندێ لە كتێبە ئوسولّییە بەراوردكارەكان ڕای تریان هێناوە كە كۆدەنگیی بریتییە لە كۆدەنگیی ئەبوبەكر و عومەر، یان بریتییە لە كۆدەنگیی خەڵكی مەككـە یان مەدینە، بەڵكو كۆدەنگیی خەڵكی كوفـە، یـان خـەڵكی بەسـرە! هـیچ یـەك لـە مەزهەبە فیقهییە باوەڕپێكراو و ناسراوەكان ئەم ڕایانەیان بە هەند نەگرتووە چونكە لەجیاتی ئەوە بكرێنە بەڵگەی شەرعی لە پێوانەگیریی ڕای گشتییەوە نزیكترن!

لە هەمانكاتیشدا ڕا جیاوازیی لەسەر ئەوە هەیە كە ئایا دەبێت كۆدەنگیی (تەواو تەواو) بێت واتـە دەبێـت هـەموو ئەنـدامانی ئـەهلی كـۆدەنگیی ڕەزامەنـدی لەسـەر بـدەن، یـان تـەنها ئەوەنـدە بەسـە كـە (ڕای زۆرینـە)ی لەسـەر بێـت. تـەواوی مەزهەبەكان كۆدەنگیی تەواویان بە مـەرج گرتـووە تـا وای لێبێـت كـاری پێبكـرێ، جگە لە تەبەری و خەییات نەبێت كە دەڵێن با (یەكێكیش لە ئەندامانی كۆدەنگیش ڕای جیاواز بێت) ئەوا هەر دەتوانرێ كار بەو كۆدەنگییە بكرێ.

جا بە هەر حاڵ، مـن هـەموو ئـەم مەرجانـە كـە لـەبارەی ئەسـڵی كۆدەنگییـەوە هاتوون وادەبینم تەنها بابەتی تیۆرین، نەك وەهابن كە كۆمەڵە میكانیزمێك بن و بە كردەیی ڕوویاندا بێت، چونكە وێناكردنی كۆدەنگیی كـە لـە هەنـدێ لـە كتێبـەكانی فیقهدا هاتووە بەو واتایە بێت كە تەبایی و ڕێككەوتن لـە نێـوان ئـەهلی كۆدەنگیـدا لەسەر بڕیارێكی كۆمەڵیانەی دیاریكراو ڕوویدا بێت ئەوە ورد نیەو وانیە، هۆیەكەشی ئەوەیە لەو مێژووەدا ئێمە دەیزانین ڕووینـەداوە كـە پرۆسـەی (پێوانـەگیریی) یـان (سەلماندن) بۆ كۆدەنگییەك ڕوویدا بێت لە هەر مەسەلەیەكدا بووبێـت، بـە ئاشـكرا بووبێت یان بە لێ بێدەنگبوون.

بەهەمانشێوە ڕای جیاوازی تریش لەوبارەیەوە هەیـە كـە ئایـا (مـاوە)ی ئـەهلی كۆدەنگیی بەسەرچووە یان نا، زۆربەی مەزهەبەكان دەڵێن ئەگـەر زانایـان لـە هـەر

ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا گەیشتنە کۆدەنگیی ئەوا پێویستە پەسەند بکرێ[1].

بەڵام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و هەندێ لە موعتەزیلەکان لەبارەی ڕاستییەکەوە هۆشداریان داوەو وتوویانە دوور نیە یەکێك یان زیاتر لە ئەندامانی کۆدەنگیی ڕای خۆی بگۆڕێ مادامێ لە ژیاندایە، چونکە ئەوان وا دەبینن کە کۆدەنگیی بەڵگەیەکەو پابەندبوون دەخوازێ و نابێت پێشێل بکرێ، بۆیە بڕیاریانداوە کە پێویستە هەموو ئەندامانی کۆدەنگیی مردبن و سەردەمیان بەسەرچوو بێت، ئەمەش گرەنتی دەدات کە نابێت هیچکامیان ڕای خۆی بگۆڕێ نەبادا کۆدەنگییەکە پوچەڵ ببێتەوە. جوەینی کە شافیعی مەزهەبە، جیاوازی خستووە لە نێوان کۆدەنگییەك دەربارەی مەسەلەیەك کە دایناوە بە (گومانبڕ) و نێوان مەسەلەیەك کە دایناوە بە (گوماناویی). لەبارەی مەسەلە (گوماناویی)ەکانەوە هاتووە ڕایەکەی ئەحمەد کوڕی حەنبەلی لەبارەی (ماوەی کۆدەنگیی) پەیڕەو کردووە، مەسەلە گوماناوییەکانیش لای ئەو بریتین لەوانە کە گۆڕانکاری لە ڕای یەکێك لە ئەندامانی کۆدەنگییەکەدا قبولْ بکات، ئەمەش بە پێچەوانەی مەسەلە (گومانبڕە)کانەوە کە ئەم گۆڕانە قبولْناکەن[2]. بەڵام جوەینی ئەو پێوەرانەی پێشکەش نەکردووە کە جیاوازی دەخەن لە نێوان ئەو مەسەلانەدا کە دایناون بە گومانبڕ و ئەوانەشیان کە بە گوماناویی داناون.

یەکێك لە پۆلێنکردنەکانی کۆدەنگیی تایبەتە بەوەوە ئایا پێویست دەکات هەریەك لە ئەندامانی کۆدەنگیی ڕای خۆی ڕابگەیەنێت، کە ئەمەش مەسەلەیەکە زۆربەی زانا-ڕاستگۆکان-باوەڕیان وایە کە ئەوە لە واقیعدا مەحاڵە[3]. لەبەرئەوە هەندێك لە مەزهەبە ئوسولییەکان پشتیان بەوە بەستووە کە ناویاننناوە (کۆدەنگیی

---

[1]- حجية الأدلة، سلطان، ل/١٠٠.

[2]- البرهان، الجويني، ل/٦٤١.

[3]- أصول السخسي، السرخسي، ب١، ل/٣٠٥. المحصول في علم الأصول، الرازي، ب٤، ل/ ٢٥-٢٦.

بێدەنگبوون)، واتای ئەمەش ئەوەیە ئەو ئەندامانەی کە ڕاکانیان نازانرێ دەتوانرێ دابنرێن بە ڕەزامەند لەگەڵ ئەو ئەندامانەدا کە بە ڕاشکاوانە ڕای خۆیانیان وتووە. بەس خودی ئەم ڕایە–سەری لەوەوە دەردەچێ گوتەیەك بدرێتە پاڵ کەسێکی بێدەنگ–کە هیچ جۆرە کۆدەنگییەکی لەسەر نیە نە بە ئاشکراو نە بە بێدەنگیی، لە واقیعدا لێرەدا دوازدە ڕای جیاواز دەربارەی حوجییەتی ئەمجۆرە لە کۆدەنگیی بوونیان هەیە[1].

لە کۆتاییدا، لێرەدا پرسیارێك هەیە، ئایا ئەو حوکمە کە لەسەر کۆدەنگیی بونیاتنراوە لە توانادایە بە ڕەهایی بگۆڕدرێ یان (هەڵبوەشێتەوە)، مەزهەبە فیقهییەکان لێرەدا (بە هەڵاوێردکردنی هەندێ فیقهناس بە تاك تاکی) وا دەبینن بە هیچ جۆر ناتوانرێ ئەمجۆرە حوکمە بگۆڕدرێ[2]. ئەم ڕایەش لە واقیعدا پشت بە بڕیاری پرەنسیپێکی ئوسوڵی دەبەستێت کە لەدوای سەردەمی پێغەمبەرایەتیەوە هەڵوەشاندنەوە نەماوە، لە (لایەنی لۆژیکیشەوە) دژایەتی و نەیارییەك لە نێوان ئەو بڕیارەی کە کۆدەنگیی یەکەم پێیگەیشتووەو ئەوەی لە کۆدەنگیی دواتردا هاتووە بوونی هەیە[3]. بەڵام من بەپێی دەرئەنجامی ئەم پرەنسیپە باوەڕم وایە ئەو حوکمە فیقهییانە بەو گریمانەیە کە (کۆدەنگیی لەسەریان هەیە) ئەوا پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ماوەیەکی کاتیی دیاریکراوەوە هەیە یان لەبەر ڕۆشنایی بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراودا بڕیاریان لەسەردراوە، بەبێ پاساو کردوونیانەتە بڕیاری (هەمیشەیی) و لە نەگۆڕە شەرعییەکانن).

لۆژیکی ڕەخنەگرتنی ئیبن حەزم بۆ چەمکی کۆدەنگیی بەمجۆرە بووە: لەڕاستیدا ئەو مەسەلانە کە کۆدەنگیی قسەی لەسەریان کردووە دەبێت بە ڕوونی

---

[1]- حجية الأدلة، سلطان، ل/٣٢.

[2]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٩٧.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل/١٩٨.

لە قورئانی پیرۆز یان فەرموودەیەکی موتەواتیردا باسکرا بێت، یان دەبێت لەو مەسەلانە بێت کە دەربارەی تێگەیشتن لە دەق یان فەرموودەیەك لە فەرموودە ئاحادەکان ڕای جیاواز هەبێت تیایاندا. لە حاڵەتی یەکەمدا: بەو پێیە کە حوکمەکە لە قورئانی پیرۆزدا یان لە فەرموودەیەکی موتەواتیردا بوونی هەیە، ئەوا پێویستی بە کۆدەنگیی نیە تا حوجییەتی پێبدرێ، چونکە قورئان و سوننەت دوو سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ حوکمە شەرعییەکان. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا: ئەوا کۆدەنگیی تەنها داوایەکەو حەقیقەتێکی دڵنیاکەرو گومانبڕی نیە. بەڵگەش لە حوکمە شەرعییەکاندا هەیە کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێ کۆدەنگیی بسەلمێنرێ، با ئەو کۆدەنگییە لە نێو هاوەڵانیشدا بێت، چونکە ژمارەیان بە هەزاران هاوەڵە[1].

جا وێڕای بوونی ئەو هەموو ڕا جیاوازانە کە لەسەر پێناسەی کۆدەنگیی بە کورتی لێرەدا باسمانکردن، ئێمە هەر بەلامانەوە سەیرە کە زۆربەی ئوسولییەکان لە هەموو مەزهەبەکاندا هەر کۆدەنگیی دادەنێن بە بەڵگەیەکی (گومانبڕ) و سود بە (زانستی یەقینی) دەگەیەنێت! لە نمونەی ئەو زانایانە کە ئەم قسەیە دەکەن وەك بەغدادی، جوەینی، غەزالی، شیرازی، سەمەرقەندی، نەسەفی، ئەلفەڕاء و سورخوسی ن، هەروەها چەندینێکی زۆری تریش. لە بەرانبەریشەوە هەندێ لە زانا ئوسولییەکان وەك ڕازی و ئامەدی و کۆدەنگیی بە بەڵگەیەکی (گوماناویی) دادەنێن[2].

---

[1]- الإحكام، إبن حزم، ب٨، ل/١٠٣.

[2]- الفقيه والمتفقه، أبوبكر البغدادي، ب١، ل/١٥٤. البرهان، الجويني، فقرى/٦٢٧. المستصفى، الغزالي، ب١، ل/١٧٦-١٧٧. المغني في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني، ط١، ل/٢٧٣. المعتمد، البصري، ب٢، ل/٢١. شرح اللمع، إبراهيم الفيروزآبادي، ب٢، ل/٦٦٦. كشف الأسرار، ب٢، ل/٢٨٩.. سەرچاوەی تریش.

**پێوانەگیریی (القیاس):**

پێوانـەگیریی سەرچـاوەیەکی لاوەکییـە لـە سەرچـاوەکانی تەشـریع، هـەر چـوار مەزهەبە سوننییەکە دایدەنێن بە بەڵگەی شەرعی، موعتەزیلـەو ئیبازییـەکانیش بـە هەمانشێوە. بەڵام جەعفەری و زەیدیدی و زاهیرییـەکان و هەنـدێ لـە موعتەزیلـە وا دەبینن کە پێوانەگیریی (تەشریعێکی هەوەسکارییە). بـۆ نمونـە لـە ڕەتکردنـەوەی پێوانەگیریدا لە پێشەوا جەعفـەری صـادیقەوە گواسـتراوەتەوە کـە وتوویـەتی هـەر مەسەلەیەك بوونی هـەبێت ئـەوا وەڵامەکـەی لـە قورئـان و سـوننەتدا هەیـە[١]. بـەڵام پێوانەگیریی وەها مـن دەبیـنم لـە واقیعـدا (میکانیزم)ێکـە فیقهنـاس لـە ڕێگایـەوە دەگاتە حوکمێکی فیقهی، نەك (سەرچاوە)یەك بێت لە سەرچاوەکانی تەشریع.




**شێوەی ٤-٢٢: ڕای جیاواز دەربارەی حوجییەتی پێوانەگیریی.**

[١]- الأجتهاد والتجديد في الفقه الإسلامي، محمد مهدى شمس الدين، ١٩٩٩، ل٢٣.

پرۆسـەی پێوانـەگیریی چـوار بەشـی هەیـە، ئـەوانیش بـریتین لـە: (بنـەڕەتی)، (لاوەکی)، (هۆ) و (حوکم). پێوانەگیریی بریتییە لە پێوانەکردنی مەسەلەیەك لەسەر مەسەلەیەکی تر، حوکمی مەسەلەی یەکەم کە (بنەڕەتییە) زانراوە، بـەڵام حـوکمی مەسەلەی دووەم کە (لاوەکییە) نەزانراوە. پرۆسـەی پێوانـەگیریی بـوونی هۆیـەکی هاوبەش لە نێوان هەردوو مەسەلەکەدا دەگرێتەوە، ئینجا بە وێکچوواندنی مەسەلەی دووەم لەسەر مەسەلەی یەکەم، ئەوا ئەو حوکمە کە مەسـەلەی یەکـەم دەگرێتـەوە دەچەسپێت بەسەر مەسەلەی دووەمیشدا[1].




**هێڵکاریی ٤–٢٣: (أ) چوار بەشەکەی پێوانەگیریی، (ب) چۆنێتی ئاوێتەبوون و کارلێکی بەشەکان لە پرۆسەی پێوانەگیریی دا.**

[1]– أصول التشريع، حسب الله،ل/١٢٤. أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٠٤. أصول الشاشي، أحمد أبـو محمـد الشاشي، ل/٣٢٥. تفسير البيضاوي، ب٣، ل/٥. نهاية السول شرح منهاج الوصول، جمال الدين الأسنوي، ب٣، ل٤. كشف الأسرار شرح المصنف على المنار، أحمد بن عبد الله، ل/١٩٦. المعتمـد، البصـري، ب٢، ل/١٩٥. أرشاد الفحول، الشوكاني، ل/١٩٨.

پێوانەگیریی لای مەزهەبەکانی زاهیری و شیعەی جەعفەری و زەیدییەکان و هەندێ لە موعتەزیلە پرۆسەیەکی (گومانبڕ نیە) بەڵکو جۆرێکە لە داهێنان لە ئایندا. ئیبن حەزمیش کاتێ وەسفی پێوانەگیریی دەکات هاتووە گوزارشی لەو هەڵوێستە کردووەو دەڵێ پێوانەگیریی حوکمێکە زانستێکی گومانبڕی نیەو دامەزراوە لەسەر بەڵگەی گوماناوییی[1]. ئیبن حەزم هەروەها ڕەخنە لەوانە دەگرێت کە بە پشتبەستن لەسەر کۆدەنگیی پەیڕەوی لە شەرعییەتی پێوانەگیریی دەکەن، چونکە کۆدەنگیی لای ئەو بە هیچ جۆر ناتوانرێت بسەلمێنرێ[2]. ئیبن حەزم و زاهیرییەکان بە گشتی وا دادەنێن کە تەنها مانای ڕواڵەتی قورئانی پیرۆز یان فەرموودەی پیرۆز بە حوجییەت وەسفدەکرێ یان شەرعییەت بە شەریعەت دەدات. ئیبن حەزم باوەڕی وایە کە بەگەرخستنی ئەقڵ جۆرێکە لە گومان و خەملاندن و دەکرێ لە (کاروبارەکانی دنیادا سودگەیەنەر بێت)، نەك لە کاروبارەکانی ئایندا[3].

لە دەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی زاهیرییەکان بۆ پرەنسیپی پێوانەگیریی کۆمەڵێ فەتوای نامۆ پەیدابوون کە خەڵکی لێیان دەخوازن تا هەندێجار خۆیانی پێ دەربخەن، هەروەها ئەو فەتوایانەش کە دەگەڕێنەوە بۆ ڕەتکردنەوەی پێوانەگیریی لۆژیکی ئەقڵیی بوونە مایەی ئەوە خەڵکی بە گشتی بە تێڕوانینێکی ناپەسەند بڕواننە مەزهەبی زاهیریی. ئیبن حەزم–بۆ نمونە–فەرموودەیەکی پیرۆز دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تیایدا فەرموویەتی: ((مۆڵەت لێخواستنی بێدەنگبوونیەتی))، مەبەستی کچی عازەبە کە ئەگەر پرسیاری لێکرا ڕای خۆی

---

[1]–الإحكام، إبن حزم، ب١، ل/٢٩، ٧٠، ١٢١. المحصول في علم الأصول، الرازي، ب٥، ل/١٤٤. الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب٣، ل/١٨. الإحكام، الآمدي، ب٤، ل/٦٢. المعتمد، البصري، ب٢، ل/٢٩٩. المستصفى، الغزالي، ب٢، ل/٥٥٧.

[2]– الإحكام، إبن حزم، ب٨، ل/١٠٣.

[3]– بەپێی دەستەواژەی کتێبی حجية الأدلة، سلطان، ل/٢٨٤.

دەربڕێ بۆ ڕەزامەندبوونی لەسەر هاوسەرگیریی ئەویش لە شەرمدا بێدەنگ بوو کە بە ڕاشکاوی ڕای خۆی دەربڕێ ئەوە نیشانەی ڕەزامەندبوونیەتی. ئیبن حەزم لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئەگەر وتی بەڵێ ئەوە گرێبەستەکە پوچەڵدەبێتەوە)[1]، واتە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکە! ئیبن حەزم لێرەدا قبوڵی نەکردووە گرێبەستەکە بە پێوانەگیریی بکرێ لە نێوان ڕەزامەندی نواندن لە ڕێگای بێدەنگبوونەوە کە لە فەرموودە پیرۆزەکەدا هاتووە، وە ڕەزامەندبوونی خۆی بە وتنی (بەڵێ) دەربڕێ. بەلاّم مەزهەبەکانی تر ئازادییان بە کچی شوکردوو داوە کە ڕەزامەند بێت بە بێدەنگبوونی یان ڕەزامەندییەکە بە گفتار دەربڕێ، حەنەفییەکانیش–بۆ نمونە– ڕایان وایە کە تەواوی مەسەلەکە دەچێتە ژێر باری عورف، چونکە فەرموودەکەیان وەها لێکداوەتەوە کە ئەو ڕێگرییە ڕاستەوخۆیەی ئافرەتی عەرەبی بە گرێبەستکردن لەسەر خودی خۆی تەنها بۆ ئەوەیە (تا بێشەرمی نەدرێتە پاڵی)، بەپێی گوزارشی ئەوان، ئەمەش لە شەریعەتەوە نزیکە کە عورف و ڕۆشنبیرییە جۆراو جۆرەکان بە هەند بگیرێن.

مەزهەبەکانی جەعفەری و زەیدی و موعتەزیلە پێوانەگیرییان لا پەسەندە ئەگەر هاتوو هۆیەکە بە ڕاشکاوی لە دەقەکەدا بوونی هەبێت، نەك وەها کە بە گومان هەڵێنجانی بۆ کرابێت. مەزهەبەکانی تریش وا دادەنێن کە پێوانەگیریی بە هۆیەکی ڕاشکاوەوە بریتییە لە هەڵێنجانی زمانەوانی ڕاستەوخۆ بۆ حوکمە شەرعییەکان لە دەقەکاندا، نەك پێوانەگیریی بێت بە واتای زانراو. ئیبازییەکانیش تەواوی پرۆسەی پێوانەگیریی لەژێر بەشێکی گشتی لە سەرچاوەکاندا کە ناویانبردووە بە ڕەئی تۆمار دەکەن[2].

---

[1]– المحلی، إبن حزم، ب٩، ل/٥٧٥. فەرموودەکەش مالیك و ئەحمەد و موسلیم و کتێبەکانی تری فەرموودەش لە ئیبن عەبباسەوە دەیگێڕنەوە هەروەك لە صحیح الجامع الصغیر دا هاتووە.

[2]– دراسات في الإباضية، عمرو خليفة النامي، ١٩٧١ز، ل/٣٦.

جا ئەگەرچی فیقهناسێکی موعتەزیلی دیارو و ناودار بە ناوی (نیزام) پێگەیەکی گەورە بە ئەقڵ دەدات، بەڵام ئیجتیهادکردنی لە ڕێگای پێوانەگیرییەوە ڕەتکردووەتەوە، چونکە وادەبینیٚ کە مەرج نیە حوکمەکانی شەریعەت گونجاوبن لەگەڵ ئەقڵدا![1] نمونەیەکی زۆریش لە حوکمەکان دێنێتەوە کە حوکمەکانی تێدا دەردەکەویٚ (نەگونجاون لەگەڵ ئەقڵدا)، چونکە بە گوتەی ئەو شەریعەت یەکسانیی نەکردووە لە نێوان یەکسانەکاندا، جیاوازیشی نەخستووە لە نێوان جیاوازەکاندا. لەو نمونانەش لەمبارەیەوە هێناویەتی ئەوەیە شەرع فەرزیکردووە کە دەبێت بۆ سەلماندنی کوشتن دوو شایەت بوونیان هەبێت، بەڵام چوار شایەتی بۆ سەلماندنی زینا فەرزکردووە، هەروەها دەستنوێژگرتن شۆردنی چەند پارچەیەکی جەستەی تێدایە کە ناکەونە بەر پیسبوون، هیتریش لەمجۆرە[2]. بەڵام من پێموایە نمونەکانی نیزام لەسەر هێنانەوەی حوکمەکان مانای ئەوە نیە کە (نا ئەقڵانی بن)، بەڵکو ئەو نمونانە گوزارشت لە سوڕانەوەی حوکمە شەرعییەکان دەکەن لەگەڵ مەبەست و مەرامەکانیاندا، چونکە تێڕوانینی مەبەستدارانە بۆ ئەو حوکمانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مەبەستی ڕاستەقینە لە داواکردنی شایەتەکان بریتییە لە سەلماندنی چەند ڕووداوێکی دیاریکراو (کوشتن لە حاڵەتی یەکەمدا و ئاشکرابوونی ڕاشکاوانە بۆ زینا لە حاڵەتی دووەمدا). لەبەرئەوە هاتنی ژمارە لە خۆیدا لە هیچکام لە حاڵەتەکاندا مەست نیە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ سەلامەتی ڕێکارەکانی دادگاییکردن و بەجێگەیاندنی دادپەروەرییە. لە نمونەی دووەمدا کە نیزام هێناویەتی دەبینین کە دەستنوێژگرتن لە کارەکانی پەرستشێکە کە مەبەست پێی سەلماندنی بەندایەتی و پەرستن و ملکەچییە بێئەوەی ببەسترێتەوە بە هۆکاری ئەقڵی دیاریکراوەوە، هەربۆیە حەنەفییەکان و هەندێك لە فیقهناسانی مەزهەبەکانی تر ڕەزامەند نین کە

[1]- الإحكام، الآمدي، ب٤، ل/٩-١٠.

[2]- سەرچاوەی پێشوو.

پێوانەگیریی هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر مەسەلە پەرستشییەکان بکرێ[1]، لەبری ئەوە هاتوون پێناسەی پەرستشەکان دەکەن و دەڵێن (کۆمەڵە کردارێکن ئەقڵ دەرکی ماناکەیان ناکات)، وەك وردەکارییەکانی نوێژ و حەج کە مانایەکی ئەقڵگیریان نیە[2]، ئێمەش لەم کتێبەدا داوا دەکەین لە پرۆسەی پێوانەگیریدا سود لە مەبەستەکان وەربگیرێ، ئەویش لە ڕێگای دانانی بە بنەمایەك بۆ پێکەوەبەستنی حوکمە شەرعییە هەمە چەشنەکان و پێوانەکردن لەسەریان لە ڕێگای بەشداریکردنیان لە مەبەست و مەرامەکانیاندا بە تەنیشت هۆیەکانیانەوە.

دواجاریش، مالیکییەکان دەڵێن دەکرێ خودی مەسەلە ئەسڵییەکە لە بەرئەنجامی پێوانەگیرییەکی پێشترەوە بووبێت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەرهێنانی حوکمێك لە ڕێگای پێوانەگیرییەوە بۆ هەر مەسەلەیەکی لاوەکی کارێکەو لەباردایە بەدەست بێت، بێئەوەی پێویست بە (ئەسڵ)ەکە بکات کە بە ڕاشکاوی لە دەقەکاندا باسکراوە. پاشانیش حوکمێکی سێیەم بە پێوانەگیریی لەسەر مەسەلە نوێیەکە دەربهێنرێ، ئیتر بەمشێوەیە بەردەوامبوون سروشتییە. ئەمجۆرە فراوانکردنەش بۆ پێناسەکردنی پێوانەگیریی لای مالیکییەکان دەرگای پشتبەستن لەسەر هۆکارەکان دەکاتەوە بۆ بەرهەمێنانی زنجیرەیەك لە پێوانگیرییە ڕاست و دروستەکان، بێئەوەی پشت ببەسترێ لەسەر مەسەلە ئەسڵییەکە کە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتدا بە ڕاشکاوی باسکراوە ئەم پرۆسەیەش بەرفراوانکردنی مەبەستدارییە لە دیدێکی پێوانەگیرییەوە.

هۆ یان بیانوو لەم بەشەدا بریتییە لە دڵی پرۆسەی پێوانەگیریی و لەو مانایەی لەسەری دەوەستێ. مەزهەبە فیقهییەکان سێ مەرجیان بۆ هۆکاری ڕاست خستوەتەڕوو. هەموو ئەو مەزهەبانە کە پرەنسیپی پێوانەگیریی پیادە دەکەن

---

[1]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢١٨.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە دەبێت ئەم سێ خاڵە لە هەر هۆیەکی ڕاست و دروستدا فەراهەم بێن: (دەرکەوتن) و (درێژبوونەوە) و (متمانەبوون). چەمکی دەرکەوتن واتە ڕوونی و توانابوون لەسەر پەیبردن بە هۆیەکەو دڵنیابوون لە بوون یان نەبوونی. درێژبوونەوەش بە واتای توانابوونە لەسەر درێژکردنەوەی هۆیەکە تا حاڵەتەکانی تریش بگرێتەوە، هاوکات دەقێك بوونی نەبێت کە بەری ئەو هۆیە کورتبکاتەوە لەسەر حاڵەتێکی تایبەت، بۆ نمونە وەك تەرخانکردنی لەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر). متمانەش واتە نەبوونی دەستەواژەیەك لە دەقێکی شەرعیدا کە ڕێگر بێت بە درێژنەکردنەوەی ئەو هۆیە[1].

لەلایەکی ترەوە مەزهەبە فیقهییەکان ڕایان جیاوازە لەسەر بوونی مەرج/تایبەتمەندییەکی تر، کە ناویاننـاوە (توندوتۆڵی) هۆیەکە. توندوتۆڵی هۆیەکەش واتە: (نابێت بە گۆڕینی وێنەو کەس و کات و بارودۆخەکان گۆڕانی بەسەردا بێت)[2]. هۆکاری دەمەقاڵەش لەسەر مەرجی توندوتۆڵی لەو ڕاجیاوازییەدایە کە دەربارەی مەسەلەی پێوانەگیریی هاتووە کە ئایا ڕێگادراوە توندوتۆڵی ناوبنرێ بە (حیکمەت)، چونکە حیکمەت بەپێی واتای ناوبراو بەرژەوەندییەکی نا توندوتۆڵە. با لێرەدا هەندێ نمونە بێنینەوە کە جیاوازی نێوان هۆکار و حیکمەت لای مەزهەبە فیقهییەکان ڕووندەکاتەوە.

موسڵمان ئەگەر هاتوو (نەخۆش یان لە سەفەردابوو) بۆی هەیە کار بە ئاسانکاریی بکات کە ڕێگای دەدات بەڕۆژوو نەبێ، هەروەك لە ئایەتەکەی سورەتی البقرة دا هاتووە. کەواتە نەخۆشیی یان سەفەرکردن، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ڕێگای ئیجتیهادی تێگەیشتن لەو فەرموودە پیرۆزانە دیاری دەکرێ کە پەیوەستن بەو مەسەلەیەوە، ئەمانەش دوو هۆکارن بۆ کارکردن بەو ئاسانکارییە. بەڵام

---

[1]– المستصفى، الغزالي، ب٢، ل/٣٤٥، أصول الفقه، ل/٢٢٣.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

حیکمـەتی پشـتەوەی ئـەو ڕێپێدانـە بریتییـە لـە ئاسـانکاریی ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ ﴾ البقـرة: ١٨٥. زانایـان بـە پێـی بنـەمای پرەنسـیپی پێوانـەگیریی لەسـەر نەخۆشی و لەسەر هۆیەکە فەتوایان داوە کەسێکی بەتەمەنیش بۆی هەیە بەهـەمان ئاسانکاریی کاربکات کە بەڕۆژوو نەبێت، نـەك بـە پێوانـەگیریی لەسـەر ئاسـانکاریی کردن کە حیکمەتەکەیە. لەبەرئەوە لە زۆرینەی مەزهەبەکاندا نابینین ئـەو ڕێپێدانـە درێژببێتەوە تـا ئـەو کرێکـارەش بـۆ نمونـە بگرێتـەوە کـە هەڵدەسـتێ بـە کـارێکی دەستی زەحمەت و سەخت و جگە لەوە هیچ شتێکیتری نیە پێی بژی، لـە کاتێکـدا ئـەو کرێکـارە بـە هـۆی بەڕۆژووبوونیـەوە تووشـی زەحمـەت–هەنـدێجاریش زیـان– دەبێت. زانایان لە زۆربەی مەزهەبەکانـدا وتوویانـە کـە نەخۆشـی یـان سـەفەرکردن دەتوانرێ پێوانەگیرییان لەسەر بکرێ و بە وردی دیـاری بکـرێن، چـونکە دوو هـۆی توندوتۆڵن و گونجـاون پێوانـەگیرییان پێبکـرێ، بـەڵام ئاسـانکاری کـردن مانایەکـە شایانی دیاریکردن نیە چونکە (بەپێی گۆڕانی وێنـەو کـەس و کـات و بارودۆخـەکان دەگـۆڕدرێ). لەبەرئـەوە حیکمـەت بـە مەسـەلەیەکی نـا توندوتۆڵ دانـراوە، واتـە شلگیرەو ناتوانرێ دابنرێ بە پێوەر بۆ پێوانگیرییەکی فیقهی ڕاست و دروست.

ئەگەر منیش لێرەدا قسەیەکم هەبێت، ئـەوا دەڵـێم ئـەمجۆرە پێداگرییـە لەسـەر میتۆدی هۆکاریی –کە ڕۆڵی هیچ جۆرە پێکەوەبەستنێکی لۆژیکی نـابینێ جگـە لـە پێکەوەبەسـتنی نێـوان (هـۆ) و (هۆدروسـتکاردا)–، دەبێتـە هـۆی فەرامۆشـکردنی ئاسـتی مەبەسـتداریی لـە پرۆسـەی پێوانەگیریـدا، واتـە پێکەوەبەسـتنی حـوکم و مەبەسـتەکەی، کـە دواتـر هەنـدێجار دەبێتــە هــۆی ونبــوونی ڕۆح و مانــای بــە مەبەستگیراو لە ڕێپێدانی ڕۆژوونەگرتندا، بـا هۆکارگـەراییش ئـەوەی پێـی دەوتـرێ (توندوتۆڵی) لە لایەنی ڕواڵەتی ڕێکارییەوە جێبەجێ بکات. خوێنەری بـەڕێزیش لـە بەشی شەشەمدا مشتومڕێکی فراوانتر بۆ جیاوازی خستن لە نێوان هۆکار و حیکمەت

و مەبەسـتدا دەبینێـت، هـەروەها بانگەشـەیەك بـۆ زەرورەتـی بەهەنـدگرتنی مەبەستەكانی حوكمدان لە پرۆسەی پێوانەگیریدا.

زانا ئوسـوڵییەكان لـەپێناو هەسـتان بـە ئەنجامـدانی پێوانەگیرییـەكی دروسـت، هاتوون پەیڕەوی ڕێگایەكی فرە هەنگاویان كردووە كە لێرەدا كورتیدەكەینەوە: با خوێنـەریش بزانـێ كـە وشـەی (منـاط) ئاماژەیـە بـۆ هـۆ یـان پاسـاوی پشـتەوەی حوكمەكە.

١-دەرهێنانی هۆ یان پاساوەكە: ئەمە پرۆسەی تێڕامانە لە دەقە بنەڕەتییەكـە ئەویش بە مەبەستی دەرهێنانی زۆرترین ژمارەیە لە ئەگەری پاساوەكان كە حوكمە بنەڕەتییەكەیان لەسەر بونیاتنراوە. كەواتە ئەگەرەكانی پاسـاو بـریتین لـەو بابـەت یان ماددانە كە لـە دەقـە بنەڕەتییەكـەدا باسـكراون و دەكـرێ پاسـاوی پشـتەوەی حوكمەكە بێت.

٢-پاككردنـەوەی هـۆ یـان پاسـاو: لـەم هـەنگاوەدا فیقهناسـان هەڵدەسـتن بـە پشكنینی ئەو ئەگەرانە كە لە هـەنگاوی یەكەمـەوە یـەك یـەك دەسـتیان كـەوتوون، ئەوەش وەك هەوڵێك بۆ دیاریكردنی تەنها یەكێكیان تا ببێتە پاساو، ئەویش لەدوای دوورخستنەوەی هەموو ئەگەرەكانی تر. ئەم ڕێگایـەش وادەبینـرێ ئاسـانە چـونكە پشـت تـەنها لەسـەر یـەك پاسـاو دەبەسـتێت و بـۆ فیقهنـاس دەردەكـەوێت كـە پەسەندە، بـەڵام زانایـان هـاتوون مـەرجێكی تریـان لـە نێـوان هـەموو ئەگەرەكانـدا سەپاندووە بۆ هەڵبژاردنی پاساوی هەڵبژێردراو، ئـەویش بریتییـە لـەوە كـە دەبێـت (وەسفێكی گونجاو) بێت. بۆنەكـەش لێـرەدا بـە گشـتی بـەوە پێناسـە دەكـرێ كـە بریتییە لە (بەجێگەیاندنی بەرژەوەندی). ئەم بەرژەوەندییەش لە ڕووی تیۆرییـەوە لە كتێبە زوو وەختەكانی ئوسولی فیقهدا دەستنیشان نەكراوە. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لە كتێبە دواییینەكانی ئوسولی مەزهەبە سوننیەكاندا (ئەوانەی كە هەر لە بنەڕەتەوە كار بە پێوانەگیریی دەكەن) تێبینی بكـات كـە حـەزێكی هەڵكشـاو بـۆ بەسـتنەوەی

(بۆنە) بە (مەبەستە شەرعییەکان)ەوە بوونی هەیە، بینینی ئەم پێکەوەبەستنەش زیاتر لە تیۆرەکەی شاتیبی دا کە دەربارە مەبەستەکانە دەبینرێ، هەروەها لە تیۆرە پێشووەکانیشدا کە غەزالی و عیززی کوڕی عەبدولسەلام و قەرافی لەبارەی پێوانەگیرییەوە پێشکەشیان کردووە بەڕوونی دەبینرێ بەڵام بە پلەیەکی کەمتر لە شاتیبی[1]، بەڵکو توفی هاتووە وەسفی بەرژەوەندی کردووە کە بریتییە لە: (ئەو هۆیەیە کە سەردەکێشێ بۆ مەبەستی خوای گەورە)[2]. بەڵام کۆی زانا ئوسولییەکان ئوسولییەکان پشتگیرییان نەکردووە لە بەستنەوەی (هۆکار)ی حوکمەکە بە مەبەستەکەیەوە، چونکە مەبەستەکە (توندوتۆڵ) نیە وەها کە وتوویانە[3]. خوێنەریش لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا تێڕوانینێکی جیاواز بۆ مەسەلەی ئەم توندوتۆڵییە دەبینێت.

٤-جێبەجێکردنی پاساو یان هۆ: ئەمە کۆتا هەنگاوە لە پرۆسەی پێوانەگیریدا، فیقهناسی موجتەهید تیایدا هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە کە ئایا پاساوەکە چەسپاوە بەسەر ئەو حاڵەتە واقیعییەدا کە باسی دەکات. بۆ نمونە سەرخۆشبوون بریتییە لە پاساوی پشتەوەی (حەرامکردنی عەرەق) کە ئەمەش حوکمە ئەسڵییەکەیە. بەڵام کاتێ کەسی موجتەهید هەڵدەستێ بە ئیجتیهادکردن لەبارەی ماددەیەکەوە، ئەوا پرسیارەکە ئەمە دەبێت: ئایا بەم ماددە دیاریکراوە سەرخۆشبوون بۆ ئەقڵی مرۆیی جێبەجێ دەبێت یان جێبەجێ نابێت؟ نمونەیەکی تریش: دەست ئەنقەست هۆکاری تۆڵەسەندنەوەیە لە بکوژەکە. بەڵام پرسیارەکە لە حاڵەتی کوشتندا بەمجۆرە دەبێت: ئایا دەست ئەنقەست لە ڕوودانی کوشتنەکەدا بە دیاریکراوی جێبەجێ بووە یان جێبەجێ نەبووە؟ نمونەیەکی تریش: (هەژاریی) پاساوی پشتەوەی وەرگرتنی

---

[1]- علاقة المقاصد الشرعية بأصول الفقه، عبد الله إبن بيّه، ٢٠٠٦، ل/٢٥.

[2]- التعيين، الطوفي، ل/٢٣٩.

[3]- مباحث العلة في القياس عند الأصوليين، عبد الحكيم السعدي، ١٩٨٦، ل/١١٠.

زەکاتە. پرسیارەکەش بۆ جێبەجێکردنی پاساو و هۆیەکە ئەمەیە: ئایا ئەو کەسە دیاریکراوە هەژارە یان هەژار نیە؟

پێموایە جێبەجێکردنی ئەم هۆ و پاساوە دەکەوێتە سەر سنوری نێوان فیقھ و زانست، نەك تەنها بۆ فیقھ بێت، بەم پێیەش ئەوا نابێت سەرچاوەو حوکمدان تیایدا تەنها بۆ موجتەهید بێت (هەروەك لە کەلەپوری فیقهی کلاسیکیماندا دەیبینین). با نمونەیەکی ڕوونکردنەوە بدەین: فیقهناس چۆن دەتوانێ بیسەلمێنێ یان دڵنیا بێت کە ماددەیەکی دیاریکراو ماددەیەکی (سەرخۆشکەرە)، یان گومانپێبراوێکی دیاریکراو بەڕاستی (دەست ئەنقەست) بووە بۆ کوشتنەکە یان ئەقڵ تەواو نەبووە، یان کەسێکی دیاریکراو (هەژار)ێکە و لەژێر هێڵی هەژاریدایە؟ لە جیهانی ئەمڕۆماندا، بەرپرسێتی وەڵامدانەوەی ئەمجۆرە پرسیارانە کە لە واقیعدا ڕوودەدەن دەبێت ڕەوانە بکرێن بۆ زانایانی پسپۆڕ لە بوارەکانی کیمیاو و دەروونی و ئابووری کە پەیوەندارن بەو مەسەلانەوە، نەك بۆ ئەو فیقهناسانە کە پسپۆڕن لە هەڵێنجانی حوکمە وردەکان لە بەڵگە لەفزییەکانەوە. خوێنەر لە بەشی شەشەمدا بە فراوانتر ئەم باسانە دەبینێت.

فیقهناسانی هەموو مەزهەبەکان جیاوازی دەخەن لە نێوان ئەو هۆ و پاساوەدا کە دەقی لەسەرەو ئەو هۆ و پاساوەدا کە کەسی موجتەهید بە ئەقڵی خۆی پێیگەیشتووە بەبێ بوونی بەڵگەیەکی ماناو واتا ڕوون لە دەقەکاندا[١]. هەر لەسەر ئەم بنەمایە فیقهناسان (وەسفی گونجاو)یان پۆلێنکردووە بۆ چوا جۆر، هەروەك خوێنەر لە هێڵکاریی ٤-٢٤ دا دەبینێ.

[١]- أصول التشريع، حسب الله، ل/١٥٥.




**هێڵکاریی ٤–٢٤: چوار جۆری وەسفی گونجاو.**

مەزهەبە فیقهییەکان کۆدەنگن کە ئەگەر دەقەکانی قورئان و سوننەت ڕێگربوون لە وەسفکردن، با وایش دەربکەوێ کە سودی ڕواڵەتی هەیە، هەر ناتوانرێ لە پێوانەگیریدا بەکاربهێنرێ. چونکە ئەو سودەی کە مرۆڤ بۆ نمونە لە ڕێگای سوخواردنەوە دەستی دەکەوێت بە دەق باسکراوەو حەرامکراوە، سودەکانی سەرخۆشکەرەکان و قومارکردن کە لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوەو حەرامکراون هەر بەهەمانشێوەن. جا ئەگەر وەسفەکە بە دەقێکی ڕاشکاو هات، هەروەك لە سەرخۆشکردنی عەرەق یان بوونی کاری دەست ئەنقەست لە کوشتندا، ئەوا ئەو پێوانەگیرییەی کە لەو حاڵەتەدا پشتی پێدەبەسترێ ڕاست و دروستە، تەنانەت لای ئەو مەزهەبانەش کە ڕەزامەند نین لەسەر ئەنجامدانی پێوانەگیریی، ئەوانیش مەزهەبەکانی جەعفەری و زەیدی و موعتەزیلەو زاهیرییەکانن. چونکە ئەو مەزهەبانە وەسف یان پاساو بە واتای دەقەکە دادەنێن، نەك بە پێوانەگیریی.

وە ئەگەر وەسفیش هەلگری چەند دەستەواژەیەکی گشتی بێت لە دەقی شەرعیدا، بەجۆرێ سەربە مەسەلەیەکی تر بێت یان پەیوەست بێت بە حوکمێکی ترەوە، ئەوا ئەوکات دەبێتە وەسفێکی گونجاو لەلای شافیعی و حەنەفییەکان،

شافیعییەکان ناوی دەبەن بە (لەبار–ملائم–) بەڵام حەنەفییەکان ناوی دەبەن بە (گونجاو–مناسب) و بە بەڵگەیەکی ئەقڵیشی دادەنێن[1].

ئەو مانایەی فیقهناسان بە زاراوەی (وەسف) کە (دەقی لەسەر نەهاتووە) مەبەستییانە بریتییە لەو وەسفە کە ناتوانرێ لە ڕێگای هەڵگۆزینی زمانەوانی ڕاستەوخۆوە لە ئایەتێك یان فەرموودەیەکی دیاریکراوەوە هەڵێنجانی بۆ بکری، وەك لە سەرەوە باسمانکرد. بەڵام بۆ ئەو بەرژەوەندییانە کە لە توانادایە لە دەقەکانەوە هەڵێنجانیان بۆ بکرێ، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی زمانەوانی ڕاشکاو نیە پشتگیریان لێبکات یان بێت ڕەتیانبکاتەوە، ئەوا بەپێی مەزهەبە فیقهییەکان پۆلێندەکرێ کە لە (بەرژەوەندییە ڕەهاکانە–المصالح المرسلة–). لە برگەی ئایندەدا لەژێر ناونیشانی گشتی سەرچاوەی لاوەکی (چاککردن–الأستصلاح–) باسی لێدەکەین، چونکە حوجییەتی چاککردنیش هەر بوارێك بووە بۆ ڕا جیاوازی لە نێوان فیقهناساندا.

فیقهناسان بەهەمانشێوە لێکۆڵینەوەیان لەو پاساو و هۆیانە کردووە کە ئەنجامی ئەو پێوانەگیرییەی لەسەریان بونیاتنراوە (ناتەباو دژە) بە واتای دەقێکی تایبەت لەبارەی مەسەلەیەکی لاوەکییەوە کە قسەی لێدەکرێ. شافیعی و مالیك و ئیبن حەنبەل کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە لە حاڵەتی بوونی دەقدا ئیتر (هیچ بوارێك بۆ پێوانەگیریی نیە)، واتە بوونی ئایەتێك یان فەرموودەیەك پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە بێت کە لەژێر باسدایە. هاتوون ئەم ڕێسایەیان جێبەجێکردووە تەنانەت ئەگەر واتای ئایەتەکە گوماناویی بێت یان فەرموودەکە گومانیی لەسەر بێت یان واتاکەی گوماناوی بێت. بەڵام لە حاڵەتێکدا واتای ئایەتەکە گوماناوی بێت

[1]– سەرچاوەی پێشوو.

یان فەرموودەکە گومانیی بێت، ئەوا پەسەندی دەکەن کە پێوانەگیرییەکە مانا گومانییەکە سنوردار بکات[1].

بەڵام پێشەوا مالیك ئەوەشی وتووە کە ئەگەر فەرموودەکە (گوماناوی) بوو (وەك ئەوەی کە فەرموودەیەکی ئاحاد بێت ئەوا دیسان سەلماندنیشی گومانییە) و نەیارە لەگەڵ دەرئەنجامی زیاتر لە پێوانەگیریشدا (واتە زیاتر لە پێوانەگیریی چەمکی تر هەن کە هەریەکەیان واتای حوکمێك دەدات کە دژە لەگەڵ بەڵگە لەفزییەکانی فەرموودەکەدا).

چونکە ئەم پێوانەگیرییانە لای مالیك پێیان دەوترێ (بنەڕەتی)، بنەڕەتیش پێشدەخرێ بەسەر فەرموودیەکی گوماناوی لە کاتی دژ بەیەکی دا)[2]. ئەم ئیجتیهادەش کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لە پێداچوونەوە کردن بە دەقی فەرموودەکەدا. بۆ نمونە مالیك ڕاستی ئەو فەرموودە ئاحادەی ڕەتکردووەتەوە کە تیایدا هاتووە: ((ئەگەر سەگ دەمی کێشایە دەفری یەکێکتان با حەوت جار بیشوات))، لەسەر ئەو بنەمایە کە نایەتەوە لەگەڵ چەندین پێوانەگیریدا کە پێوانەکردنی دەفریان بەپێی ئەو ئایەت و فەرموودانە لەسەر دەکرێ کە ڕێگادەدرێ بە خواردنی ئەو نێچیرە سەگی ڕاو دەیهێنێت، مالیك لێرەوە هاتووە هەڵێنجانی بۆ بنەمایەك کردووە کە (پاشماوەی دەمی سەگ پاکە)[3]، با ئەم بنەمایەش دژ بێت لەگەڵ فەرموودە ئاحادە ڕاستەکەدا کە باسکراوە.

---

[1]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٤٠.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٤١.

[3]– سەرچاوەی پێشوو.




**هێڵکاریی٤–٢٥: ڕێکارە ڕواڵەتییەکانی پێوانەگیریی**

جیاوازی مەزهەبی مالیکی لەگەڵ مەزهەبەکانی تردا لەبارەی توانابوون بۆ بەلاداخستن و پێشخستنی (بنەما)یەك کە بە ڕێگای بەدواداچوونی یەك لەدوای یەك (ئیستیقراء) تێگەیشتنی لێدەکرێ بەسەر فەرموودەیەکی ڕاست و دروستدا، لەو ڕا جیاوازییەیان دەچێت کە لەبارەی ڕۆڵی بەرژەوەندییەوە لەگەڵ فیقهناسانی تردا ناڕێکن، ئێستاش باس لەو بابەتە دەکەین.

**بەرژەوەندیی:**

کاتێـك بەرژەوەندییـەکان پـۆلێن دەکـرێن بـۆ ئـەم سـێ جـۆر بەرژەوەندییـە: بەرژوەندییـەك کـە (دەق)ێـك پشـتگیری لێـدەکات و پێـی دەوتـرێ بەرژەوەنـدی بەهادار، وە بەرژەوەندییەك کە (دەق) بەهەندی ناگرێت و پێی دەوترێ بووە بـەژێر لێوەوە، وە بەرژەوەندییەك کە لە (دەق) دا نەهاتووە و پێی دەوترێ بەرژەوەنـدی ڕەها، ئەوا ئەمە وادەبینرێ کە ئاماژەیەکی ڕوون و پێناسەیەکی لـەفزی دەقـاودەق بوونی هەیە کە فیقهناسان مەبەستیان پێی (دەق)ە، واتە دەق لای ئـەوان بریتییـە لە لەفزی دەقەکە نەك مەبەستی دەقەکە.




هێڵکاریی٤–٢٦: پۆلێنکردنی بەرژەوەندییەکان

لە ڕووی باسکردنی (دەقاو دەق) لە دەقەکاندا بۆیان.

موعتەزیلە ڕەتیدەکەنەوە بەشێك بەناوی بەرژەوەندییەوە هەبێت و پێی بـوتری بەرژەوەندییـــە ڕەهاکـــان (المصـــالح المرســـلة)، ئـــەویش بـــە پێـــی چـــەمکە سەرەکییەکانیان دەربارەی چاککردن و خراپکردنی ئـەقڵیی، واتـای بەڵگەکەشـیان ئەوەیە ئەگەر ئیسلام بەرنامەیەکی کامڵ بێت بۆ ژیان، ئەوا هەر کارێك لە کارەکـان هەر دەبێت یان چاك بێت، بەم پێیەش بەرژەوەندییەکـەو دەبێـت بەدەسـتبهێنرێ،

وه یان خراپه، بەم پێیەش خراپەیەکەو دەبێت لێی بەدوور بن، با بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە قورئان یان سوننەتدا باسکرابێت چوونیەکە. ئەمەش هەڵوێستی مەعتەزیلەیە لەم مەسەلەیەدا، جا وێڕای بەهێزی بەڵگەکەشیان بە ڕای من و بە چاوپۆشین لە دەمەقاڵەی چاککردن و خراپکردنی ئەقڵی بەڵام هیچکام لە مەزهەبەکان هاوڕایان نین تیایدا.

فیقهناسان لەبارەی حوجییەتی بەرژەوەندی ڕەها ڕایان جیاوازە، مالیکی و حەنبەلییەکان بە شەرعی پەسەندییانە، وتوویانە ئەوەش بە پشتبەستنە بە قورئان و سوننەت و کۆدەنگیی و پێوانەگیریی، لەبەرئەوە ئەو بەرژەوەندییەیان پەسەند نیە ئیدیعای ئەوەی لێبکرێ کە ڕەهایە (دژ و نەیار) بێت لەگەڵ هیچ یەك لەو چوار بەڵگەیەدا کە باسکران ئەگەرنا ئەوا دەبێتە بەژەوەندییەکی ڕەهای لەرزۆك[1]. ئیبازییەکانیش بەرژەوەندیی دەخەنە ناو بنەمای (ڕەئی)[2]. مالیکیش لە نێو چەند مەرجێکدا پشتگیری لە- کە شاتیبی لێیەوە دەیگوێزێتەوە- حوجییەتی بەرژەوەندی ڕەها دەکات، کە دەتوانرێ لەم سێ خاڵەدا کورتبکرێنەوە[3]:

١- دەبێت بکەوێتە نێو بواری مامەڵەو شتە ئاساییەکان، نەك تەنها لە نێو بواری پەرستشەکاندا بێت.

٢- نابێت دژ بێت لەگەڵ دەقێکی تایبەتکراو یان بنەمایەکدا، پێشتر واتای بنەما (أصل) مان لای مالیکییەکان ڕوونکردەوە.

٣- دەبێت ببێتە مایەی بەرژەوەندییەکی باڵاتر یان گشتگیرتر لە بەرژەوەندییە تایبەتەکان کە دەقەکان باسیان دەکەن.

---

[1]- الإحكام، الآمدي، ب٤، ل/٢١٦.

[2]- دراسات في الإباضية، النامي

[3]- الأعتصام، أبو إسحاق الشاطبي، ب٢، ل/١٢٩-١٣٣.




**هێڵکاریی٤–٢٧: ڕای جیاواز لەبارەی بەرژەوەندی ڕەهاوە.**

زانا حەنبەلییە دواییینەکانیش بەرژەوەندی ڕەهایان خستووەتە ناو ڕێساکەیانەوە لەبارەی گۆڕانی فەتوا بە گۆڕانی بارودۆخەکان بەپێی بەرژەوەندی، کە ئیبن تەیمییەو ئیبن قەییم بەناوبانگن پێی و لەبارەیەوە نوسینێکی تێروتەسەلیان هەیە[1]. بەڵام توفی، کە گەورە فیقهناسێکی حەنبەلییە، هەڵوێستێکی مشتومڕو دەمەقاڵە ووروژێنەری هەیە کە تا ئەمڕۆش مشتومڕی گەرمی لەبارەوە دەکرێ[2]، فتوای داوە کە بەرژەوەندی هەر لە بنەڕەتەوە بریتییە لە مەبەستی بەرژەوەندی ئیسلامی، ئەو دەقە تایبەتانەش (واتە ئەو دەقانە واتایان لە هەر بارێکدا بێت گوماناوییە) کە دژایەتی بەرژەوەندی دەکەن پێویستە بەرژەوەندی پێشبخرێ بەسەریانداو مەسەلەکە بە باری بەرژەوەندیدا بکەوێت. لەوانەشە

---

[1]– إعلام الموقعين، إبن قيم، ب٣، ل١٥٠–١٥٣.

[2]– نظرية المصلحة في الفقه الإسلامي، حسن حامد حسان، ١٩٨١، ل/٨–١٢.

پێناسەکردنەکەی بۆ بەرژەوەندی زیاتر مایەی وروژاندنی دەمەقاڵەکە بێت، کە سەرچاوەکەیی ناوناوە عادەت و ئەقڵ[1].

بەڵام مەزهەبەکانی تر بەرژەوەندییان دانەناوە بە سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بۆ تەشریع، ئەوەندە هەیە وادەبینم هەر مەزهەبێك لە ئیجتیهادەکانیدا شێوازی تایبەتی خۆی بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیڕەو کردووە لە کارکردن بە هەمان واتای بەرژەوەندی. بۆ نمونە شافیعییەکان بەرژەوەندی–ئیتر لە دەقدا باسکرابێت یان نەکرابێت–دەخەنە ناو چەمکی (بۆنە) لە پێوانەگیریدا، هەروەك ڕوونمان کردەوە[2]، حەنەفییەکانیش بەرژەوەندی–ئیتر لە دەقدا باسکرا بێت یان نەکرابێت–دەخەنە ناو بنەمای بەچاکزانین[3]. جەعفەری و زەیدییەکانیش هەرچەندە لەلایەن خۆیانەوە ڕێگیریان لە بەرژەوەندی کردووە بەوپێیە کە (گومانییە) و (وێنای ڕای ئیمامی بێهەڵە ناکات)[4]، بەڵام لەو بەڵگە ئیجتیهادییەیاندا کە ناویانناوە بە (بەڵگەی ئەقڵی) ڕادەیەکی گەورە لە کاراکردنی بەرژەوەندی بوونی هەیە لە لایان. کە لەدوای قورئان و سوننەت و کۆدەنگیی کردوویانەتە بنەمایەك وەها کە خۆیان پێناسەیان کردووە[5]. دواجاریش، مەزهەبی زاهیری تاکە مەزهەبە کە بەرژەوەندی ڕەتدەکاتەوە، وەها منیش دەبینم هیچ سەرچاوەیەکی تریان نەخستووەتە جێگاکەی.

---

[1]– التعيين، الطوفي، ل/٢، ٢٣٩.

[2]– تخريج الفروع على الأصول، محمد أبو المناقب الزنجاني، ط٢، ل/٣٢٠.

[3]– بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، علاء الدين كاساني، ط٢، ب١، ل/٦٥.

[4]– أصول الكافي، الكليني، ب١، ل/١٩٢، ٢٧٩.

[5]– تأريخ المذاهب الإسلامية، أبو زهرة، ل/٧٠٠.

**بەچاكزانین (الآستحسان):**

هەروەها ڕای جیاواز لەبارەی حوجییەتی بنەمای بەچاكزانین كەوتەڕوو كە بووە مایـەی لێـك دووركەوتنـەوەی ڕایـەكان بـۆ دوو لایـەنی بەرانبـەر بەیـەك. شـافیعی و جەعفـەری و زەیـدی و زاهـیری بنـەمای بەچـاكزانین دادەنـێن بـە ناشـەرعی و بـە بەڵگەی حوكمكردنی نازانن[١]، بـەڵكو شـافیعی و ئـیبن حـەزم پێناسـەی دەكـەن بـە (حـوكمی هەوەسـكاریی) و بـە (سەرچـاوەیەك بـۆ ڕا جیـاوازی)[٢]. بـەڵام لـە لایـەنی بەرانبــەرەوە، حەنــەفی و مــالیكی و ئیبــازی و حەنبــەلی و موعتەزیلــە بنــەمای بەچاكزانین پەیڕەو دەكەن و پشتگیریان لێكردووەو كاریان پێكردووە.

كۆلكەی هاوبەش لە هەموو تیۆرەكانی بەچاكزانیندا بریتییە لەوە كە موجتەهید بەپێی ڕێسایەك حوكم لەسەر مەسەلەیەكی دیاریكراو دەدات كـە جیـاوازە لـە ڕێسـا یان بنـەما لەسـەر ڕاهاتووەكـە كـە بەهۆیـەوە حـوكم لەسـەر حاڵەتـە وێكچـووەكان دەدات. (بڕوانە هێڵكاریی ٤–٢٨).




**هێڵكاریی ٤–٢٨: ڕای جیاواز لەبارەی بنەمای بە چاكزانین**

---

[١]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٠٥.

[٢]– الأم، محمد بن إدريس الشافعي، ط٢، بيروت، ب٧، ل/٣٠١. الإحكام، إبن حزم، ب٥، ل/١٩٥–١٩٧.




**هێڵکاریی ٤-٢٩: حوکمدان لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو بەپێی ڕێسایەکی جیاواز لەو بنەمایە کە حکم لەسەر حاڵەتە وێکچووەکان دەدات.**

پێشەوا مالیك کە مامۆستای شافیعییە، بنەمای بەچاکزانین بە (حوکمێکی هەوەسکاری) دانانێت وەها کە شافیعی دەڵێت، بەڵکو دایناوە بە (نۆ بەش لە دە بەشی زانست)[١]. چونکە بەچاکزانین لای پێشەوا مالیك بریتییە لە تێڕوانینێکی قووڵ بۆ فاکتەرێکی دیاریکراو کە فیقهناس وا لێدەکات حوکمی لەسەر ڕاهاتوو بگۆڕێت، چونکە هۆیەکە یان پاساوە کارپێکراوەکە لەو حاڵەتەدا بە باشی بە هەند نەگیراوە. ئەو فاکتەرەش، کە پێی دەوترێ بنەمای بەچاکزانین، دەکرێ دابەشبکرێ بۆ شەش جۆر، کە ئەمانەن: دەق، کۆدەنگیی، زەرورەت، پێوانەگیریی، بەرژەوەندی و عورف[٢].

---

[١]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٤٤.

[٢]- حجية الأدلة، سلطان، ل/٤٦٠.

لێرەدا چەند نمونەیەکی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو بنەمایانە دەهێنین، لـە هـەموو ئەو مەزهەبانەوە وەرگیراون کە پەیڕەوی لە بنەمای بەچاکزانین دەکەن:




**هێڵکاریی: ٤-٣٠: پۆلێنکردنی بنەماکانی بەچاکزانین**

١-بەچاکزانین بەپێی دەقەکە: یەکێك لە فەرموودە ڕاستەکان ئـاڵوگۆڕپێکردنی شمەکە وێکچووەکان حەرام دەکات مەگەر لـە حاڵەتێکدا نـەبێت کـە (دەسـت بـە دەست ) بێت، ئەگەرنا ئەوا مامەڵەکە دادەنرێت بە (سوی قەرز-النسیئة-). بـەڵام دەقی تر هەن کە ڕێگا دەدەن بە بە قەرزدانی شـتێك بـۆ کـاتێکی دیـاریکراو (بـەبێ زیادە خستنەسەری)، کە ئەمەش لە هەر حاڵەتێکدا بێـت دەکەوێتـە نـاو قـەرزەوە، بەڵام مالیکییەکان ڕێگادان بـە قـەرزدانیان وەهـا پـۆلێنکردووە کـە بەچـاکزانینێکە بـەپێی دەقەکـە[1]، کەچـی مەزهەبـەکانی تـر مەسـەلەی سـوی قـەرز لـە بەشـی تایبەتکردنی گشتیدا دادەنێن.

٢- بەچاکزانین بەپێی کۆدەنگیی: کڕین لەگەڵ دواخستنی ڕادەستکردن بـەپێی بەچـاکزانین ڕێگاپێـدراوە، وەك ڕێگـادان بـە قـەرزکردن بـەپێی بەچـاکزانین کـە لەپێشەوە باسمانکرد، دەربارەی دواخستنی ڕادەسـتکردن ئـەوا ئەسـڵی حوکمەکـە بریتییە لە حەرامبوونی لە هـەموو مەزهەبەکانـدا، چـونکە ڕێسـای زانـراو دەخـوازێ مرۆڤ شتێك نەفرۆشێ کە لەلای نیە، هەروەك لە فەرموودەیەکی پیرۆزا هاتووە، واتە

---

[1]- الموافقات، الشاطبي، ب٤، ل/٢٠٧.

شمـەكێك نەفرۆشـێ كـە خـۆی خـاوەنی نیـە. بـەڵام حەنەفییـەكان دەڵـێن جـۆرە (كۆدەنگییەك) لەسەر ئەمجۆرە گرێبەستە بوونی هەیە ، ئەمەش هۆكـارێكی بەسـە كە لـە ڕێسـاكە هـەڵاوێرد بكـرێ[١]. بـەڵام ئـەو (كۆدەنگییـە) كـە حەنەفییـەكان لـەو حاڵەتەدا دەیڵێن وادبینم تەنها عورفێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراوەو لـەوە زیـاتر نیـە، ئەویش وەك جۆری ئەو عورفەیە كە ئیبن عابدین لەو پەیامەیدا كـە ناوینـاوە: **نشـر العَرْف فيما بني من الأحكام على العُرْف**[٢]بـە هەنـدی گرتـووە، ئـەم زانایـە لـە زانـا دواییەنـەكانی مەزهـەبی حەنەفییـە. پەیوەنـدیش لـە نێـوان عـورف و ئـەو حوكمـە فیقهییانەدا كە لە قورئان و سوننەتەوە هەڵێنجانیان بۆ كراوە بابەتێكی گرنگـەو لـە ئایندەدا دەچینەوە سەری.

٣- بەچاكزانین بەپێی زەرورەت: هەندێ لە فیقهناسان لەژێر ئەم جۆرەدا چـەند نمونەیەكیان هێناوە، وەك ڕێگەدان بە پزیشك بە پشكنینی شـەرمگای نـەخۆش بـۆ زەرورەتی چارەسەركردن.

٤- بەچاكزانین بەپێی پێوانەگیریی: لەمجۆرەدا دوو پێوانەگیریی هەن نەیارن بە یەك، ئینجا یەكێكیان هەڵدەبژێردرێ، نمونەی كلاسیكی بەناوبانگ بۆ ئەمە بریتییـە لەوە كە حەنەفییەكان بڕیاریانداوە خواردنی خۆراكی پاشماوەی باڵندەی گۆشتخۆر -وەك داڵ-سەرگەڕ- پاك و حەڵاڵە. لێرەدا دوو پێوانەگیریی دژ بەیەكن: یەكەمیان ئەوەیە خواردنی خۆراكی پاشماوەی گیانداری گۆشتخۆر-وەك شێر- لایان حەرامە، دووەمیشیان پێوانەگیرییە لەسەر خۆراكی پاشماوەی ئادەمیزاد-كـە گۆشـتخۆرە- ئەوەیە كە حەڵاڵە. حەنەفییەكان هاتوون پێوانەگیریی دووەمیان وەك بەچاكزانینێك هەڵبژاردووە.

---

[١]- أصول السرخسي، السرخسي، ب٢، ل/٢٠٣. كشف الأسرار، النسفي، ب٢، ل/٢٩٢. نظرية المصلحة في الفقه الإسلامي، ل/٥٩٠. تأريخ المذاهب الإسلامية، ل/٤٤٧.

[٢]- نشر العَرْف فيما بني من الأحكام على العُرْف، محمد أمين إبن عابدين، ب٢، ل/١١٩.

٥- بەچاكزانین بەپێی بەرژەوەندی گشتی: نمونەی بەناوبانگ لێرەدا لە كتێبە ئوسولییەكاندایە، ئەویش بریتییە لە بیمەكردنی ئەو شتەی دروستدەكرێ، جا وێڕای بوونی فەرموودەیەكی ڕاست كە بڕیار دەدات (كەسی پیشەگەر پارێزراوە). چونكە فەرموودە پیرۆزەكە لە-لەفزدا- مانای ئەوەیە كە پیشەگەر بەرپرس نیە لەو زیانەی بەر ئەو شتە دەكەوێ كە دروستی دەكات، بەڵام چەند مەزهەبێك لە مەزهەبەكانی فیقه دەڵێن كەسی پیشەگەر دەبێت گەرەنتی ئەو شتە بدات كە دروستی دەكات، ئەمەش بەپێی بەچاكزانینە بۆ جێبەجێكردنی بەرژەوەندییەكی گشتی بە گۆڕانی كاتەكان.

٦- بەچاكزانین بەپێی عورف: نمونەی بەناوبانگ لێرەدا لە كتێبەكانی زانستی ئوسولدا هەمان ئەو نمونانەن كە لەژێر بەچاكزانین بەپێی كۆدەنگیی باسكراون. هەر ئەمەش پرسیارێكی گرنگ لەبارەی پەیوەندی نێوان كۆدەنگیی و عورف دەوروژێنێ.

## داخستنی هۆكارەكان

داخستنی هۆكارەكان بریتییە لە شێوازێكی تر لە شێوازەكانی ئیجتیهادكردن لە فەتوادا كە هەندێ لە فیقهناسان دایاننناوە بە سەرچاوەیەك-با لاوەكیش بێت-بۆ تەشریع، بە تایبەتی لە مەزهەبی مالیكیدا[1]. زۆرینەی فیقهناسان باسی داخستنی هۆكارەكان وەك بەڵگەیەكی سەربەخۆ ناكەن، بەڵكو ماناكەیان خستووەتە ژێر بنەمای بەرژەوەندییەوە[2]. داخستنی بیانوو ڕێگیریكردن یان قەدەغەكردنی كارێكی ڕەوا و ڕێگاپێدراو دەگرێتەوە چونكە لەوانەیە هۆكارێك بێت سەربكێشێ بۆ كارێكی ناڕەوا یان زیانگەیاندن[3]. فیقهناسان لە هەموو مەزهەبەكاندا باسیان كردووە كە

---

[1]- أصول الفقه، أبز زهرة، ل/٢٦٨.

[2]- حجية الأدلة، سلطان، ل/٥٢٢.

[3]- إرشاد الفحول، الشوكاني، ل/٢٤٦.

کاری قەدەغەکراو لەم بەشەدا هەر دەبێت ئەگەرێك بێت سەربکێشێ بۆ حەرامێکی گەورەتر، کە ئەگەر کارەکە نەکرا ئەگەرەکەش نامێنێ، بەڵام لەبارەی ڕێکخستنی ئەگەرەکانەوە ڕایان جیاوازە. مالیکییەکان ئەگەرەکانی کەوتنە ناو حەرام یان زیانیان دابەشکردووە بۆ چوار ئاست (بڕوانە هێڵکاریی ٤–٣٢)[1].




**هێڵکاریی ٤–٣١: جیاوازی ڕایەکان لەسەر داخستنی هۆکارەکان**




**هێڵکاریی٤–٣٢: چوار جۆر لە ئەگەرەکان لای ئەو فیقهناسانە کە کار بە داخستنی هۆکارەکان دەکەن**

---

[1]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٧١.

**فيقهناسان لەم نمونانەدا بەمشێوەیە باسیان لە چوار ئەگەرەکەی سەرەوە کردووە:**

١-نمونە لەسەر کارێك کە بە حەتمی دەبێتە هۆی دەرئەنجامی خراپ، مەسەلەی هەڵکەندنی بیرە لە سەر ڕێکای گشتی دا، فیقهناسان وتوویانە بە حەتمی زیان بە خەڵکی دەگەیەنێت. لەبەرئەوە زانایان کۆدەنگن کە لەم حاڵەتەدا دەبێت هۆیەکە دابخرێ، بەڵام لەوبارەیەوە ناکۆکن ئایا لەم نمونەیەدا بیرهەڵکەنەکە دەبێت پابەند بێت بە قەرەبووکردنەوەی هەر زیانێك کە بەهۆی کارەکەی ئەو تووشی خەڵکی بووە. ڕا جیاوازییەکەش لێرەدا بە واقیعی بە دەوری ئەوەدا دەسوڕێتەوە ئایا حەرامکردنی کارێك لە ڕووی شەرعییەوە ئەو کەسە کە ئەنجامیداوە پابەند دەکات بە بژاردنی ئەو زیانانە کە لەبەرئەنجامی کارەکەی ئەوەوە بەر خەڵکی کەوتوون یان نا.

٢- نمونەش لەسەر کارێك کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆی ڕوودانی زیانێك بەڵام ئەگەرێکی (دەگمەن) بێت، لێرەدا لە شاتیبییەوە دەیگوێزینەوە، کە ئەویش بریتییە لە فرۆشتنی ترێ، تەنانەت با ئەوەش بزانرێ کە ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی لە دروستکردنی عەرەقدا بەکاری دەهێنن. زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە بنەمای داخستنی هۆکارەکان لەم حاڵەتەدا جێبەجێ ناکرێ، چونکە وایان سەیرکردووە کە سودەکانی فرۆشتنەکەی گەورەترە لە زیانەکەی، چونکە زیانەکەی بە بەراورد بە سودەکەی تەنها لەچەند بارێکی دەگمەندا ڕوو دەدات[1].

٣- نمونەش لەسەر زیانێك کە (ئەگەرەکەی زۆرترە)-بەپێی ئەوەی فیقهناسان هێناویانە-بریتییە لە فرۆشتنی چەك لە سەردەمێکدا کە پێی دەوترێ سەردەمی فیتنە (واتە لە ئان و ساتی پشێوییە شارستانییەکاندا)) هەروەها فرۆشتنی ترێ بە کەسی دروستکەری عەرەق[2]. ئەوا مالیکی و حەنبەلییەکان کۆدەنگن لەسەر

---

[1]- الموافقات، الشاطبي، ب٢، ل/٢٤٩.

[2]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٧٣.

داخستنی ئەو هۆکارە، بەڵام مەزهەبەکانی تر ڕایان جیاوازە چونکە دەڵێن دەبێت زیانەکە (دڵنیاکەر) بێت تا ببێتە پاساو بۆ داخستنی هۆیەکە.

٤- نمونەش لەسەر ئەو زیانە کە (ئەگەری ڕوودانی هەیە)-هەروەك فیقهناسان هێناویانە-سەفەری ئافرەتە بە تەنها بەبێ هاوڕێیەتی کەسی مەحرەم پێی، یان ئەو گرێبەستانەیە کە لە ڕواڵەتدا ساغ و دروستن بەڵام دەکرێنە هۆکارێك یان فێڵێك بۆ مامەڵکردن بە سووەوە[١]. لێرەشدا مالیکی و حەنبەلییەکان کۆدەنگن لەسەر داخستنی ئەو بەهانەیە، بەڵام مەزهەبەکانی تر ڕایان پێچەوانەیە و دەڵێن زیانەکە (دڵنیاکەر) نیەو (ڕوودانی ئەگەرەکە زۆر نیە).

ئەم نمونانەی لێرەدا هێنران لە واقیعدا ئەوەمان بە ڕوونی بۆ دەردەخەن کە حوکمدان لەسەر داخستنی هۆکارەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە، نەك لەژێر ڕێسای نەگۆڕدا بن. (سەفەرکردنی ئافرەت بە تەنها)، (فرۆشتنی چەك) و (فرۆشتنی ترێ) و هیتریش لەمجۆرە کارانە، ئەوا دەگونجێ لە هەندێ حاڵەتدا ببنە هۆی ڕوودانی زیانێك، بەڵام بەدڵنیایی کە کۆمەڵە کارێکن و سەرئەنجامیان ساغ و سەلامەتە، بەڵکو لە زۆر حاڵەتی تردا سودگەیەنەریشن. لەبەرئەوە پۆلێنکردنی کارەکان بەپێی ئەگەرەکان زیانیان لە بەشە چەقبەستووەکاندا حەتمییە، ئەویش پۆلێنکردنێکە کە کەمترین شتێك لەبارەیانەوە بوترێ وردەکاری زانستی تیایاندا بە خەرج نەدراوە. لە بەشی شەشەمدا پێشنیارێك بە بوارێکی کراوە لە ئەگەرەکانی زیانگەیاندن لە هەر کارێکدا بێت ئیتر هەرچی ببێت دەخەینەڕوو، بەجۆرێ توانایی بە فیقهناسان دەدات بە پانتایی ئەو بوارە بەپێی بارودۆخەکانی دەروبەر بجولێن، بێئەوەی هەر کارێك بە جیا لە بەشێکی دیاریکراودا پۆلێن بکرێ.

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٧٣

له کۆتاییدا بەپێی فەلسەفەی ڕەوشت، وا دەبینین کە حوکمی شەرعی بە داخستنی بەهانەکان بەپێی سەرئەنجامی کارەکان لەگەڵ حوکمی ڕەوشتیدا لەیەك دەچن[1]. دەکرێ بە هەندگرتنی سەرئەنجامەکان ببێتە ڕێگایەکی سودگەیەنەر لە هەندێ حاڵەتدا هەروەك لەو فەلسەفەیەدا ڕوون و زانراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا شیاوی خراپ بەکارهێنانی هەیە لەلایەن هەندێ فیقهناسی ڕووگرژەوە، یان لە لایەن هەندێ لایەنی سیاسییەوە کە خاوەنی ئەجێندای تایبەتن. خوێنەریش لە بەشی شەشەمدا باسی فراوانتر و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە دەبینێت.

**شەرعی ئاینەکانی پێش ئیسلام:**

لە قورئانی پیرۆزدا دەبینین کە خوای گەورەو باڵادەست هەروەك چۆن شەریعەتی ئیسلامی ناردووەتە سەر موحەممەد پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، چەندین ئاین و شەریعەتی دابەزاندووەتە سەر پێغەمبەرانی تر﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ﴾ المائدة: ٤٨[2]. لەبەرئەوە هەندێ لە مەزهەبە فیقهییەکان (شەرعی ئوممەتانی پێش ئێمە)یان کردووەتە بەڵگەی باوەڕپێکراو لە فیقهی ئیسلامیدا. بەڵام ئەو فیقهناسانەی کە پەیڕەوی لە حوکمەکانی (شەرعی ئوممەتانی پێش ئێمە) دەکەن بە مەرجیان گرتووە کە دەبێت ئەو حوکمانە لە دەقی قورئانی پیرۆز یان سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) باسکرابن[3]. بەڵگەشیان بۆ ئەم مەرجە ئەوەیە کە دەبێت فیقهناس دڵنیابێت ئەو حوکمە باسکراوانە لە شەریعەتە پێشووەکاندا بە حوکمی ئیسلامی نوێ هەڵنەوشێنرابنەوە.

---

[1] -Wolfe, About Philosophy p90.

[2]- بڕوانە: قورئانی پیرۆز، سورەتی الأنعام/٩٠، سورەتی الشوری/١٣، سورەتی المائدة/٤٤، سورەتی النحل/١٢٣.

[3]- إرشاد الفحول، الشوكاني، ل/٢٤٠.




**هێڵکاریی٤–٣٣: جیاوازی ڕاکان دەربارەی شەرعی ئاینەکانی پێش ئیسلام.**

بەڵام زاهیری و جەعفەرییەکان هاتوون پەیڕەوکردنی (شەرعی پێش ئێمە)یان ڕەتکردووەتەوە کە سەرچاوەیەك بێت بۆ حوکمە شەرعییەکان، ئەو بنەمایەش کە لەسەری ڕەتیانکردووەتەوە بریتییە لە تیۆری هەڵوەشاندنەوە. چونکە وتوویانە شەریعەتی ئیسلامی هەموو ئەو شەریعەتانەی پێش خۆی هەڵوەشاندووەتەوە. هەروەها ژمارەیەك لە فیقهناسان لەم مەسەلەیەدا بێدەگن چونکە وتوویانە بەڵگەیەکی گومانبڕیان پێ نیە تا حوکمی تێدا بدەن[1].

## ڕای هاوڵان:

پێشتر باسمانکردووە کە ڕا جیاوازییەك لە نێوان ئوسولییەکاندا هەیە دەربارەی ئەوە کە کێ سیفەتی هاوەڵی دەدرێتێ[2]، هەروەها ناکۆکییەکی تر دەربارەی حوجییەتی کارکردن بە ڕای هاوەڵ بوونی هەیە (بڕوانە هێڵکاریی ٤–٣٤ بکە). ڕای

[1]– سەرچاوەی پێشوو.

[2]– فواتح الرحموت، الأنصاري، ب٢، ل/١٨٦.

هاوەڵ لای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕایەکی ڕاست و دروستەو کاری پێدەکری لە حاڵەتێکدا فیقهناس بەڵگەی تری نەدۆزییەوە (واتە بەڵگەی تایبەت و ڕاستەخۆ) لە قورئان و سوننەتدا[1]. ئەبو حەنیفەش هەمان ڕای هەیە، بەڵام فیقهناسە حەنەفییەکانی دوای خۆی پێگەیەکی باڵاتریان داوە بە بنەمای پێوانەگیریی و داویانە بەسەر ڕای هاوەڵدا. شافیعیش–بە تەنیشت قورئان و سوننەتەوە–هاتووە کۆدەنگیی و پێوانەگیریی پێشخستووە لە کارپێکردندا و خستوونیەتە پێش کارکردن بە ڕای هاوەڵ[2]. بەڵام مالیك، مەرجێکی تایبەتی خۆی داناوە بۆ کارکردن بە ڕای هاوەڵ ئەویش ئەوەیە کە دەبێت تەباو گونجاو بێت لەگەڵ کاری خەڵکی مەدینەدا[3].




**هێڵکاریی٤–٣٤: جیاوازی ڕاکان لەسەر حوجبیەتی ڕای هاوەڵ.**

---

[1]– الرساله، الشافعی، ل/١٨١٠. إعلام الموقعين، إبن القيم، ب١، ل/٢٤–٢٥.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

[3]– حجية الأدلة، سلطان، ل/٥٣٧.

هەندێ لە زانایان باسیانکردووە کە جۆرێك لە (کۆدەنگیی) لەبارەی حوجییەتی ڕای هاوەڵەوە هەیە[1]، بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نیە ئەویش لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان چونکە فیقهناسە دواییەنەکان لە هەموو مەزهەبەکاندا ڕای هاوەڵیان بە تەنها خودی خۆی دانەناوە بە بەڵگەیەکی سەربەخۆ، لەوانەش بۆ نمونە غەزالی و ئامەدی و سوبوکی و شەوکانی و ئیبن تەیمییە[2]. دووەمیان ئیبن حەزم و (زاهیرییەکان بە گشتی) هەر لە بنەڕەتەوە ڕەتیدەکەنەوە کە چاو جگە لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە کەسیتر بکرێ، لەنێویشیاندا هاوەڵان-خوا لێیان ڕازی بێت-[3]. جەعفەری و زەیدییەکانیش جگە لە ڕای ئەو هاوەڵانە نەبێت کە لای ئەوان لە (ئالوبەیت)ن ڕای هیچ هاوەڵێکی تریان وەرنەگرتووە[4].

**کارەکانی خەڵکی مەدینە:**

کاری خەڵکی مەدینە (هەروەها پێی دەوترێ کۆدەنگیی خەڵکی مەدینە) لای مالیکییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکییە لە سەرچاوەکانی تەشریع. لەڕاستیدا پێشەوا مالیك زۆرێك لە فیقهی مەزهەبەکەیی لەسەر کۆدەنگیی خەڵکی مەدینە بونیاتناوە، هەر لە کۆدەنگیی خەڵکی مەدینەوە لەسەر ڕاڤەکردنی چەند ئایەتێکی دیاریکراو لە قورئانی پیرۆزدا، وە تا دانانی خەڵکی مەدینە بە پێوەرێك بۆ بڕواکردن بە ڕاستی فەرموودە ئاحادەکان، وە چەندینی تریش.

---

[1]- الإحكام، الآمدي، ب٤، ل/٢٠٥.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل/ ٢٠١. الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب٣، ل/٢٠٥. روضة الناظر و جنة المناظر، عبد الله إبن قدامة المقدسي، ط٢، ل/٨٤. أصول السرخسي، السرخسي، ب٢، ل/٢٠٦. فواتح الرحموت شرح مسلم الثبوت، الأنصاري، ب٢، ل/١٨٦. المسودة، إبت تيمية، ل/١٢٨. إرشاد الفحول، الشوكاني، ل/٢٤٣.

[3]- الإحكام، إبن حزم، ل/٥٣٩.

[4]- حركات الإجتهاد عند الشيعة، فرحان، ل/٦٥.




**هێڵکاریی٤–٣٥: ڕای جیاواز دەربارەی کاری خەڵکی مەدینە.**

هەندێ لە فیقهناسان لە مەزهەبەکانی تریش، وەك ئیبن تەیمییە و ئیبن قەییم لە حەنبەلییەکان، ڕەزامەندن لەسەر ڕاستگۆیی بەڵگەی کاری خەڵکی مەدینە–وەك بنەمایەك–، چونکە بەوەیان داناوە کە جۆرێکە لە ڕیوایەتی کۆمەڵیانە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر)، بەم پێیەش ئەوا ڕیوایەتێکە لە ڕیوایەتی فەرموودە ئاحادەکان زیاتر جێگای متمانە پێدانە[1]. بەڵام فیقهناسان لە هەموو مەزهەبەکانی تر ڕایان جیاوازەو کاریان پێنەکردووە. پێشەوا شافیعی ڕەتیدەکاتەوە کە خەڵکی مەدینە ئەو پێگە تەشریعییە تایبەتەیان هەبێت، مشتومڕی لەسەر ئەم ڕایە کردووەو دەڵێ ئەمجۆرە کۆدەنگییە، واتە کۆدەنگیی خەڵکی مەدینە، دەرگا دەکاتەوە تا هەرکەسەو لە ناوچەی خۆیەوە ئیدیعای کۆدەنگیی یان گرتنەدەستی کاربەدەستی بۆ ئەو ناوچەیە بکات کە خۆیی تێدایە[2].

ئیبن حەزم و ژمارەیەك لە فیقهناسان کاری خەڵکی مەدینەیان ڕەتکردووەتەوە و وتوویانە لەڕاستیدا کۆدەنگیی خەڵکی تەواوی شارێك بە قەبارەی مەدینە مەحاڵە لە ڕووی لۆژیکییەوە پێوانەگیریی لەسەر بکرێ، ئیبن حەزم ژمارەیەکی زۆر نمونە باسدەکات کە مالیك تیایاندا کۆدەنگیی خەڵکی مەدینەی هێناوە، هەرچەندە

---

[1]– کتب ورسائل وفتاوی، إبن تیمیة، ب٢٠، ل/ ٣١١، ٣١٦، ٣٢٠، ٣٢٨.

[2]– الرسالة، الشافعي، ل/١٥٥٨.

چەندین ڕای جیاواز لە پشتیوانانەوە هەن لەوانەی کە قورسایی خۆیانیان هەیەو ئەو ڕایانـەی خۆیانیـان پـێ قبـوڵ بـووە کـە ئـەوانیش لـە مەدینـەی درەوشـاوەدا لـە سەردەمی مالیك خۆیدا ژیاون[1].

**نەریتی کۆمەڵگا یان عورف:**

هەموو مەزهەبە فیقهییەکان عورفی کۆمەڵگا بە شێوازێك لە شێوازەکان دەخەنە ناو تیۆرەکانیانەوە (بڕوانە هێلکاریی ٤-٣٦). بەڵام ڕای جیاوازیان لەسەری هەیـە، هەندێك لە فیقهناسان عورف دادەنێن بە بەڵگەیەکی سـەربەخۆ بـەخۆی (ئەگەرچـی هەنـدێ مـەرجیان بـۆ پەسـەندکردنی سـەپاندووە)، هەنـدێکی تریـان عـورف بـەوە دادەنـێن کـە بریتییـە تـەنها لـە (پێـوەرێکی بـە هەنـدگیراو) و کاریگـەری هەیـە لـە پراکتیزەکردنی ئەو حوکمە شەرعییانەدا (کە فیقهنـاس لـە ڕێگـای بەڵگـەی تـرەوە پێیگەیشتووە).

حەنــەفی و مالیکییــەکان ڕێســایەکیان پــەیڕەو کــردووە کــە عــورف دەکاتــە (بەڵگەیەك)، ئەویش لەم دەقدا هاتووە کە وتوویانـە: (ئـەو مەسـەلەیەی بـە عـورف جێگیر دەبێت وەك ئەوە وایە کە بە دەق جێگیر دەبێت)[2]. ئەوەندە هەیە حەنـەفی و مالیکییەکان عورف بە بەڵگە دانانێن مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە (نابێت دژ بێت لەگەڵ بەڵگەیەکی قورئانی یان سوننەتدا)[3]. توفیش لـەم مەسـەلەیەدا لـە مەزهەبـە حەنبەلییەکەی دەرچووە، عورفی داناوە بە شێوازێك بـۆ دیـاریکردنی بەرژەوەنـدی (بە تەنیشت ئەوەوە کە ناوی ناوە ئەقڵ). لێرەوە دەتوانرێ بـوترێ تـوفی پێگـەی لەپێشتری داوە بەو عورفە کە دژ نیە لەگەڵ بەڵگە گومانبڕەکان و داویـەتی بەسـەر بەڵگە گوماناوییە تایبەتەکانی قورئان و سوننەتدا، بەڵام حەنەفی و مالیکییەکان تا

---

[1]- المحلى، إبن حزم، ب٣، ل/١٤٩، ١٦١، ٣٣١.

[2]- أصول السرخسي، السرخسي، ب٩، ل/٤. الأشباه والنظائر، جلال الدين السيوطي، ب١، ل/٩٩.

[3]- حجية الأدلة، سلطان، ل/٦٢٨. أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٥٥.

ئەو مەودایە هەنگاویان نەناوە ئەمجۆرە کاریگەرییە تەشریعییە بدەن بە گۆڕینی ژیانی خەڵکی بە درێژایی مێژوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر عورفیان بە بەڵگەیەك داناوە کە بەڵگەی گشتی لە دەقدا تایبەت دەکات[1].

بۆ نمونە لە فەرموودە ڕاستەکەدا ڕێگیرییەکی ڕاشکاو و ڕوون و ڕەهاو گشتی لە فرۆشتن و مەرج هەیە، واتە حەرامکردنی فرۆشتنی شتێك کە مەرجی تێدایە[2]. بەڵام حەنەفی و مالیکییەکان ڕێگایان بە فرۆشتن داوە لەگەڵ ئەو مەرجانەدا کە بە عورف ناسێنراون و پەسەندکراون. ئیبن عابیدینش گوزارشی لەم هەڵوێستەی مەزهەبی حەنەفی کردووە و لەبارەی بڵاوبوونەوەی عورفەوە نوسیویەتی و دەڵێ: (ئەگەر وتت: ئەگەر مەرجی عورف کارپێکراو گرێبەستەکە خراپ نەکات، ئەوا دەخوازێ عورف ببێتە دادوەر بەسەر فەرموودەکەوە؟ منیش دەڵێم: نابێتە دادوەر بەسەر فەرموودەکەوە بەڵکو بەسەر پێوانەگیریدا، چونکە فەرموودەکە بەهۆی ڕوودانی ناکۆکییەکەوە هاتووە کە گرێبەستەکە لە مەبەستی خۆی دەردەکات، ئەویش بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکەیە، عورفیش ئەو ناکۆکییە ناهێڵێت و بەم پێیەش تەبایە لەگەڵ واتای فەرموودەکەدا).

لێرەدا دەڵێم ئەم میتۆدە حەنەفییە بۆ تێگەیشتن لە (مانای) دەقی شەرعی بە بونیاتنان لەسەر ئاستی بەجێگەیاندنی عورفی خەڵکی–بە دەستەواژەی ئیبن عابیدین– یان ئەو مەبەستەی لە پشتیەوەیەتی بە دەستەواژەیەکی تر، ئەم میتۆدە نەرمییەکی تێدایە کە پشتگیری لە (کرانەوە)ی ڕشتەبەندی تەشریعی ئیسلامی و ڕەهەندی مەرامی مەبەستداری دەکات تیایدا، کە پاشتر لە بەشی شەشەمدا بە پشتیوانی خوای گەورە ڕوونکردنەوەی پێویستی لەسەر دەدەین.

---

[1]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٥٦.

[2]– فقه المقاصد، عودة، ل/٦٥.




**هێڵکاریی٤–٣٦: ڕای جیاواز دەربارەی بەڵگەی عورف.**

جگە لەوەی کە پێشتر باسکراوە، وە لەپێناو توانابوون لەسەر حوکمدانێکی ڕاست و دروست لەسەر مەسەلەکان بە پشتبەستن لەسەر ئەوەی کە بە عورف کۆدەنگیی لەسەرە، ئەوا فیقهناسانی مەزهەبی حەنەفی و حەنبەلی هاتوون مەرجێکی تریان سەپاندووە، ئەویش ئەوەیە دەبێت موجتەهید شارەزا بێت بەو زانستە کە ئیبن قەییم ناوی ناوە (فیقهی واقیع)[١]. بە ڕای منیش ئەو ئاوێتەبوون و کارلێکە کە لە نێوان زانستەکانی فیقه و نێوان زانستییە کۆمەڵایەتییەکاندایە لایەنێکی تری سەرەکییەو زۆر گرنگە، کەواتە بۆ حوکمدان بەسەر ئەو (واقیع)ەدا هەر دەبێت پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییە ژمێرییەکان یان ئەو چۆنێتییە کە پەیوەندە بە بابەتەکەوە بوونی هەبێت، پاشانیش پرۆسەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵە بنەمایەکی زانستی ئەنجامبدرێ، ئا بەمشێوەیە دەتوانرێ بڕیار بدرێ کە ئایا (ماناکە) یان (مەبەستەکە) جێبەجێ بووە لە واقیعدا یان جێبەجێ نەبووە.

[١]– الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، شمس الدين إبن القيم، ب١، ل/٥.

**بەردەوامبوون لەسەر حوکمی پێشوو (الاستصحاب):**

بەردەوامبوون لەسەر حاڵەتی پێشوو و بنەڕەتی میتۆدێکی ترە بۆ بیرکردنـەوەو ئیجتیهادکردن، نەك وەها کە خودی خۆی (بەڵگەیەکی) شەرعی بێت. ئیستیصحاب واتە بەردەوامبوون لەسەر هەر حاڵەتێکی پێشوو (وەك ڕێگاپێدان یان بێتـاوانیی، و هیتریش) تا ئەوکاتەی کە شتێك دێت و حاڵەتە پێشووە بەردەوامبوونەکە دەگۆڕێ. هەموو مەزهەبەکان ئەم پرەنسیپەیان وەك بەڵگەیەك لا پەسەندە، بەڵام موعتەزیلـە ڕەخنەیان هەیە لـەوەی دابنـرێ بـە بەڵگەیـەکی سـەربەخۆ، چـونکە وادەبیـنن کـە (بەڵگەی ئەقڵی) ئەمیش دەگرێتەوە[1]. جەعفەرییەکان ئیستیصـحاب بـە بەشـێك لـە (بەڵگەی ئەقڵی) دادەنێن، ئەوان بەپێی تێگەیشتن لە کۆمەڵە فەرموودەیەکی پیرۆز حوجییەتی ئیستیصحابیان لا پەسەندە[2]. فیقهناسانیش ئیستیصـحابیان لـە چـەند ڕوویەکەوە پێناسە کردووە، تەنها چوار لەو ڕووانەش ئەمانەن[3]:

١–ئیستیصحابی ڕێگاپێدان بە مەرجێ حەرامبوونی نەسەلمێنرابێت.

٢– ئیستیصحابی بێتاوانیی بە مەرجێ تاوانەکە نەسەلمێنرابێت.

٣–ئیستیصحابی وەسف بە مەرجێ پێچەوانەکەی نەسەلمێنرابێت.

٤–ئیستیصـحابی فـەرزبوونی مەسـەلەیەك بـە مـەرجێ پێشـتر بەجێگەیانـدنی نەسەلمێنرابێت.

دواتر لە بەشـی شەشـەمدا ڕوونیدەکەینـەوە کـە ڕێسـاکانی ئیستیصـحاب–وەك ئەوانەی سەرەوە باسکران–لـە واقیعدا بـریتین لـە تێگەیشـتن و پراکتیزەکـردن بـۆ فیقهی ئیسلامی کە لەسەر مەبەستەکان بونیاتنراوە.

---

[1]– المعتمد، البصري، ب٢، ل/٢٣٦.

[2]– دروس في علم الأصول، الصدر، ل/٣٨٠.

[3]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٧٨.

## بەڵگە لە پێشترینەکان (أولويات الأدلة):

لەم شێوەیەی خوارەوەدا (٤-٣٧) پوختەیەك بۆ ڕیزبەندی پرۆسەی کارکردن بە هەموو بەڵگەکان لای هەموو مەزهەبەکان دەردەکەوێ هەر بەوشێوەیە کە لەم باسەدا هاتوون. ئەم ڕیزبەندییەمان بۆ پێشخستنی گرنگترینی بەڵگەکان لە کتێبە ئوسوڵییە سەرەکییەکانی هەر یەك لە مەزهەبەکانەوە دەرهێناوە، هاوکات دەستخستنی دەرئەنجام لە ڕێگای لێگەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی (سنوردار) بۆ ئاراستە سەرەکییەکانی هەر مەزهەبێك بە جیا. هەندێجاریش ئەو ڕیزبەندییە بۆ کارکردن بە بەڵگەکان لە هەندێ حاڵەتی تایبەتدا گۆڕانی بەسەردا دێت (ئەمەش ئەو تیرانە ئاماژەی پێدەدەن کە لە هێڵکاریەکەدا خراونەتە سەر لیستەکان).






**هێڵکاریی ٤-٣٧: تێڕوانینێکی گشتی بۆ ڕیزبەندی بەڵگە جۆراو جۆرەکان لە هەموو مەزهەبەکاندا**

حەنەفییەکان پێگەی یەکەم دەدەن بە بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و لەسەرووی هەموو بەڵگەکانی ترەوە دایدەنێن، لەنێویشیاندا بەڵگەی سوننەت، ئەوان پەسەندیان نیە دەقە گشتییەکانی قورئانی پیرۆز بە فەرموودە تایبەت بکرێن. جا ئەگەر بەڵگەیەکیان لە قورئاندا نەدۆزییەوە، ئەوا دەڕواننە ئەو فەرموودە پیرۆزە کە

پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە. پاش ئەویش دێنە سەر ڕای هاوەڵان، ئینجا پێوانەگیریی، حەنەفییەکان پێوانەگیریی ڕاشکاو پێشدەخەن بەسەر فەموودەی ئاحاد دا. لە لایەکی تریشەوە ئەوا بەچاکزانین کە بە شێوەیەکی گشتی لەدوای پێوانەگیرییەوە دێت، دەخرێتە پێش ئەو ئەگەر بۆیان دەرکەوت کە پێوانەگیرییەکە (نە گونجاوە) یان (خراپە) بەپێی گوتەی ئەوان. واتە حوکمدان تەنها بە پێوانەگیرییەکە مەبەستی شەریعەت دەستەبەر نابێت، دوای ئەویش کۆدەنگیی دێت، لە ڕووی تیۆریەوە، چونکە من لەتوێی پشکنینمدا هیچ مەسەلەیەکم لە مەزهەبی حەنەفیدا نەبینیوە کە تەنها لەسەر کۆدەنگیی بونیاتنرا بێت، واتە سەربەخۆ بێت لە بەڵگەکانی تر، عورف و ئیستیصحابیش لای ئەوان دوو بەڵگەی سەربەخۆن بە خۆیان ئەگەر هاتوو هیچ یەك لەو بەڵگانەی سەرەوە نەچەسپان لەسەر حوکمەکە، ئەوەندە هەیە کە حەنەفییەکان عورف پێشدەخەن بەسەر واتای ڕواڵەتی فەرموودەدا ئەگەر هاتوو هەمان بەرژەوەندی بە ئامانج گیراو دەستەبەر بکات، هەروەك پێشتر باسکراوە.

شافیعییەکانیش بەڵگە بە قورئان و سوننەت دەهێننەوەو یەك پلەیان دەدەنێ، جا ئەگەر هاتوو (نەگونجان و نەیاربوون بە یەك) ئەوا ئەو دەستەواژەیە کە تایبەتکردن و دەستنیشانکردنی زۆرتری تێدایە دێن دەستەواژەی (گشتی) پێ سنوردار دەکەن. پاش ئەوانیش دێن کار بە کۆدەنگیی دەکەن (واتە کۆدەنگیی هاوەڵان)، بەو مەرجە دژ نەبێت لەگەڵ بەڵگەکانی قورئان و سوننەتدا، ئەگەر هاتوو کۆدەنگیی هاوەڵانیان لەبارەی مەسەلەیەکەوە پێنەگەیشت، ئەوا ڕای تاکە هاوەڵێك وەردەگیرێ و کاری پێدەکرێ، ئەگەرنا ئەوکات کار بە پێوانەگیریی دەکەن. پاشانیش کۆتا بەڵگە کە شافیعییەکان بگەڕێنەوە بۆ لای بەڵگەی ئیستیصحابە.

میتۆدی ئیجتیهاد لای جەعفەری و زەیدییەکان ئەوەیە کە کار بە قورئان دەکەن، پاشان بە سوننەت، پاش ئەوانیش کار بە ڕیوایەت لە عوترەوە یان بە

کۆدەنگیی عوترە دەکەن. پێناسەی شیعە بۆ ئیستیصحاب هەموو شێوازە جۆراو جۆرەکانی (بەڵگەهێنانەوەی ئەقڵی) دەگرێتەوە کە پەیڕەوی لێدەکەن، ئەگەر هاتوو لە مەسەلەکەدا بەڵگەی قورئانی یان سوننەت یان ڕیوایەتیان نەدۆزییەوە.

زاهیرییەکانیش بەڵگەهێنانەوەیان تەرخانکردووە لەسەر تێگەیشتنی زمانەوانی بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەت (کە بەهەمانشێوە یەك پلەی حوجییەت دەدەن بە قورئان و سوننەت)، ئینجا کار بە ئیستیصحاب دەکەن، ئیتر لەمانە بەولاوە کار بە هیچ سەرچاوەیەکی تر لە سەرچاوەکانی تەشریع ناکەن.

بەڵام مالیکییەکان ئەوا کار بە بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز دەکەن، پاشان بە سوننەت، پاشتریش بە کارەکانی خەڵکی مەدینە، ئینجا بە پێوانەگیریی، ئینجا بە بەرژەوەندی، ئیتر بەم ڕیزبەندییەیە. دەبێ بوترێ کە ئەوان پلەیەکی پێشتر بە کاری خەڵکی مەدینە دەدەن و دەیدەن بەسەر فەرموودەی ئاحاد دا ئەگەر هاتوو (نەگونجان و دژ بوون). هەروەها پلەیەکی پێشتر بە پێوانەگیریی دەدەن و دەیدەن بەسەر فەرموودەی ئاحاد دا ئەگەر هاتوو (دژ بە یەك بوون)، ئەمەش لە حاڵەتێکدا کە هیچکام لەوان واتە نە فەرموودەی ئاحاد و نە پێوانەگیریی دژ نەبوون لەگەڵ کاری خەڵکی مەدینەدا. دەبێ ئەوەش بوترێ کە مالیك زۆرجار بەڵگەی بەرژەوەندی پێشدەخست و دەیدا بەسەر بەڵگەی پێوانەگیریدا، ئەوەشی بە ناوی بەڵگەی بەچاکزانینەوە بووە.

بەڵام پێشەوا ئەحمەد، دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز، پاشان بۆ سوننەت، پاشتریش بۆ ڕای هاوەڵان. پێوانەگیریشی بە کۆتا چارەسەر داناوە، بەدەگمەن گەڕابێتەوە بۆ لای. بەڵام حەنبەلییەکان—دواتر هاتن—ئەم ڕیزبەندییەیان بۆ پلەی بەڵگەکان گەڵاڵە کرد: قورئانی پیرۆز، ئینجا سوننەت، ئینجا ڕای هاوەڵان، پاشان کۆدەنگیی، دواتر پێوانەگیریی، ئینجا بەرژەوەندی، دوای ئەو بەچاکزانین، ئینجا داخستنی بەهانەکان، دواجار ئیستیصحاب، ئیتر بەو ڕیزبەندییە. ئەم

ڕێزبەندییەی حەنبەلییەکان زۆر لە ڕێزبەندی حەنەفییەکان دەچێت، بە هەڵاوێردکردنی ئەو حاڵەتە کە کۆدەنگیی پێشدەخەن و دەیدەن بەسەر پێوانەگیریدا، هەروەها داخستنی بەهانەکانیان داناوە بە بەڵگەیەکی سەربەخۆ، هەندێجاریش کاریان بە کارەکانی خەڵکی مەدینە کردووە.

ئیبازییەکانیش کاریان بە بەڵگەکانی قورئان کردووە، پاشان بەو ڕیوایەتانەیان کە لە فەرموودەی پیرۆزدا هەیانبووە، پاشان بە کۆدەنگیی و پاشتریش بە پێوانەگیریی، ئیتر بەم ڕێزبەندییە. پاشانیش هاتوون ئیستیصحابیان پێشخستووەو داویانە بەسەر بەڵگەی بەچاکزانین و بەرژەوەندیدا.

دواجاریش، موعتەزیلەکان پێگەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی بە پلەی ئەقڵ دەدەن و بە ئاستێکی وەها کە دایدەنێن بە سەرچاوەیەکی سەربەخۆ و بەڵکو بە گرنگترین سەرچاوەی تەشریع[1]، لەبەرئەوە هەندێ لە فیقهناسەکانیان حەزیان وابووە بەڵگە ئەقڵییە -تیۆرییەکان- بخەنەپێش هەموو بەڵگەکانی تر[2]. بەڵام ئەگەر کەسێ بەدواداچوون بۆ شێوازی موعتەزیلە لە ئیجتیهادی فیقهی لە مەسەلە کردارییەکاندا بکات ئەوا دەبینێت کە تا ئاستێکی زۆر لە شێوازی مەزهەبەکانی تر دەچێت، بە تایبەتی مەزهەبە شافیعی. چونکە بەڵگەی ئەقڵ -بە ڕای من- دواجار بەڵگەیەکە لە فەلسەفەی کەلامی موعتەزیلەدا، زیاتر لەوەی بەڵگەیەك بێت لە تیۆرە فیقهییە ئیجتیهادییەکانیاندا.

---

[1]- المغني، عبد الجبار، ب٤، ل/١٧٤. فضل الإعتزال، عبد الجبار، ل/١٣٩.

[2]- أستراتيجية التأويل الدلالي عند المعتزلة، هيثم سرحان، ل/٢٨.

## ٤-٤ حوكمە شەرعییەکان:

### تێڕوانینی گشتی:

لەم باسەدا لێکۆڵینەوە لەسەر هەردوو جۆری حوکمە شەرعییەکان دەکەین: حوکمی بەرپرسێتی (تکلیف) و حوکمی دانراو (وضعي). ئینجا حوکمی بەرپرسێتی (تکلیف) لە ڕووی پلەکان و ئەو مەسەلانەوە شیدەکەینەوە کە پەیوەندن بە شیاوییەتیەوە. هەروەها مشتومڕ لەسەر هەر سێ جۆری حوکمە وەزعییەکان دەکەین کە ئەوانیش هۆ و مەرج و ڕێگرەکانن. خوێنەر لەم هێکاریەدا (٤-٣٨) پوختەیەك بۆ پۆلێنکردنی حوکمە شەرعییەکان لە مەزهەبە ئیسلامییە مێژووییەکاندا دەبینێت.




**هێڵکاریی ٤-٣٨: پۆلێنکردنی حوکمە شەرعییەکان بۆ حوکمی تەکلیفی و حوکمی وەزعی**

## پلەكانی بەرپرسێتی (تكلیف):

مەزهەبــە فیقهییــەكان بــە هــەڵاوێردكردنی حەنــەفی و مەعتەزیلــەكان پلــەكانی بەرپرسـێتی دابـەش دەكـەن بـۆ پێـنج پلـە، ئـەوانیش بـریتین لـە: فـەرز و سـوننەت و ڕێگاپێدراو و ناباش و حەرام. حەنەفییەكان دوو پلەی تریان بـۆ ئـەم پۆلێنكردنـە پێـنج پلــە كلاســیكییە زیــادكردووە ئــەویش بــە پشتبەســتن بــە(گومانبڕی) ئــەو بەڵگەیــەی لەلایانە. بەڵام موعتەزیلە حوكمی شەرعی هەر كارێك دابـەش دەكـەن تـەنها بـۆ فـەرز و حــەرام، كاریــان بــە هــیچ یــەك لــە پلــە ناوەنجییــەكانی بەرپرسـێتی نـەكردووە. ئـەم هەڵوێسـتەی موعتەزیلـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بنەمایـەیان كـە دەخـوازێ كارەكـان بـە (سروشتی) دابەشبكرێن بۆ كاری (چاك) و كاری (خراپ)، ئەقڵیش لای ئەوان دەتوانێـت پــەی بــە هــەردووكیان ببــات. هێڵكــاریی ٤–٣٩ پوختــەی ڕا جیاوازەكــان دەخاتــەڕوو، دواتریش ئەوەی كە لێرەدا بە كورتی هێناومانە بە درێژی ڕوونیدەكەینەوە.




**هێڵكاریی ٤–٣٩: جیاوازی ڕاكان لەبارەی پلەكان و پایەكانی بەرپرسێتی لە حوكمە شەرعییەكاندا**

**فەرزکراو و حەرامکراو:**

مەزهەبەکان کۆدەنگن لەسەر پێناسەکردنی فەرز و حەرام، ئەویش بەپێی ئەو فەرمانانە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون، ڕێسا ئوسولێیەکە دەڵێت: (مەسەلەکە فەرزبوون دەخوازێ) ئەمەش بنەڕەت و ئەسڵە. بەهەمانشێوەش، ئەسڵ لە قەدەغەکردنیشدا ئەوەیە واتای حەرامکردن بگرێتەوە[1]. فیقهناسان فەرزەکانیان لە ڕووی تیۆرییەوە بە چەند ڕێگایەك دابەشکردووە لەوانە: لە ڕووی کاتی ئەنجامدانەوە، لە ڕووی دیاریکردنی داواکراو یان ڕێگادان بە جێگرەوەکان یان بژاردەکان، هەروەها لە ڕووی ئەو کەسەی فەرز دەبێت لە سەری، ئینجا لە ڕووی خەملاندنەوە. لە هێڵکاریی ٤-٤٠ دا پوختەی ئەوە دەبینیت.




**هێڵکاریی ٤-٤٠: دابەشکارییەکانی فەرز**

---

[1]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٣٢.

### ئاستی سوننەتەکان (مندوبات):

ئەگەر بەڵگەیەك لەسەر بوونی کارێك هەبێت کە مەبەست پێی پابەندبوون نەبێت، واتە ڕێگابدرێ بە وازهێنان لە ڕاپەڕاندنی کارەکە، ئەوا کاری ناوبراو دەکەوێتە ژێر پۆلێنکردنێکی ترەوە لە فەرزەکان، زۆربەی فیقهناسان بە (سوننەت) ناوی دەبەن[1]. بەڵگەی ناوبراویش بەزۆری فەرموودەیەك ڕوونیدەکاتەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕازی بووە لەسەر ئەنجامدانی کارێك یان لە کاتێك لە کاتەکاندا کارێکی ئەنجامداوە کە (پێچەوانەبووە) لەگەڵ هەمان کاردا. بەڵگەی (نەیار)یش لە حاڵەتی ڕێگیریدا بەهەمانشێوە کارەکە لە ئاستی حەرامەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئاستی ناباش (مکروە). بەڵام حەنەفییەکان جیاوازی دەخەن لە نێوان دوو ئاست لە واجب و دوو ئاست لە قەدەغەکردن، ئەویش بەپێی پلەی (گومانبڕیی) بەڵگەکە لە لایان، ئەوکات حەنەفییەکان جیاوازی دەخەن لە نێوان فەرز و واجب دا، جیاوازی دەخەن لە نێوان حەرام و ناباشێك کە سەری لە حەرامەوە دەردەچێ. بەڵگەی گومان نەبڕیش) لای ئەوان بریتییە لە فەرموودەی ئاحاد.




**هێڵکاریی ٤–٤١ پۆلێنکردنی حەنەفییەکان بۆ پلەکانی فەرزبوون و قەدەغەکردن بەپێی (گومانبڕی) بەڵگەکە**

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٣٤.

لای حەنەفییەکان دەرئەنجامێکی کرداریش بۆ ئەو جیاوازی خستنە بوونی نیـە، ئەوەندە هەیە کە فەرز و حەرام لەم زاراوەیەدا دەبنە بەشێکی سـەرەکی لـە ئـاین، یان دەبنە ئەوە کە ناسراوە بە (مەعلومەیەکی ئاین کە زەروورییە)، واتە تەنها ئـەوە نیە کـە بەشـێك بێـت لـە پراکتیزەکردنـی ئیسـلام، بـەڵکو بەشـێکە لـە بیروبـاوەڕی ئیسلامی کە موسڵمان ناتوانێت نکوڵی لێبکات، بەڵام نکولیکردن لـە شـتێکی واجـب یـان لـە نابـاش کـە سەردەکێشـێ بـۆ حـەرام هـەمان ئاسـەواری لێناکەوێتـەوە. دەستەواژەی (مەعلومەیەکی ئـاین کـە زەروورییـە) وەسـفێکە هـەموو مەزهەبـەکانی تریش پەیڕەوی لێدەکەن، بێئەوەی جیاکردنەوەی حەنەفییەکان بـۆ فـەرز و واجـب پەسەند بکەن، هەروەها لە نێوان حەرامکراو و ناباشێك کە سەردەکێشێ بۆ حەرام. لە بەشی شەشەمدا باس لە پەیوەندی نێوان ئیدیعای گومـانبڕیی بەڵگـەو نێـوان بـە کافرکردنی ئەوانەدا دەکەین کە ڕایان جیاوازە.

بەهەمانشێوە، ئەگەر هاتوو ئـەو بەڵگەیـە کـە ئامـاژە دەدات بـە فـەرزێك (گومـانبڕ) بـوو، ئـەوا کـاری پەیوەندیـدار لای حەنەفییـەکان (ڕاسـت و دروسـتە)، ئەگـەرنا ئـەوا دەرئەنجامـە کـرداری و یاسـاییەکانی کارەکـە پوچـەڵدەبنەوە. بـۆ نمونـە ئەگـەر لای حەنەفییەکان گرێبەستێکی بارزگانی یەکێك لە مەرجە فەرزکراوەکانی تێـدا نـەبوو، وەك حەرامی شمەکی ئاڵوگۆڕپێکراو وەك عەرەق یان گۆشـتی بـەراز، ئـەوا گرێبەسـتەکە بـە ڕەهایی پوچەڵەو هەروەك ڕووینەدا بێت وەهایە. بەڵام ئەگـەر مەرجـە فەرامۆشـکراوەکە واجـب بـوو، وەك بـوونی شـایەتەکان، ئـەوا گرێبەسـتەکە بـە ڕاسـت و دروسـتی دەمێنێتەوەو دەبێت بـە شـەرعی پابەنـدبوون پێیـەوە هـەبێت، هەرچـەندە (گەنـدەڵی) تێکەوتووە (نەك پوچـەڵبوونەوە) و دوو کەسـی گرێبەسـتکاریش تووشـی گونـاه دەبـن. بەڵام مەزهەبەکانی تر بە هیچ جۆر کار بەم جیاوازی خستنە ناکەن و پەسـەندییان نیـە، بەم پێیەش ئەوا هەردوو گرێبەستەکە لای ئەوان پوچڵن، ئـیتر مـەرجی فەرامۆشـکراو — بۆ نمونە—فەرز بێت یان واجب بێت چوونیەکە.

**حوکمە دانراوەکان (الاحکام الوضعیة):**

حوکمـە دانراوەکـان بـریتیین لـە هۆکـار و مـەرج و ڕێگرەکـان. کەواتـە هـەرکات هۆکارەکە بوونی هەبوو، مەرجەکەش جێبەجێ ببێت، ڕێگرەکانیش بوونیـان نـەبوو ئەوا حوکمە شەرعییەکە جێبەجێ دەبێت. هۆکاریش لەو پاساوە دەچێت کە پێشتر باسمان لێکردووە. مەرجیش دەتوانرێ بناسرێ ئیتر بە دەق بێت یان بە عورف بێت (بە گشتی لە بواری گرێبەستەکاندا). ڕێگریش ئەو شـتەیە کـە ڕێگـیری دەکـات لـە بەجێگەیاندنی مەبەستی حوکمەکە یان هۆیەکە، بـەم پێیـەش لێکەوتـەی شـەرعی لەسـەر کارەکـە دروسـت دەبێـت. هـەرکات هۆیەکـە بـوونی هـەبوو، مەرجـەکانیش جێبـەجێ بـووبن، ڕێگرەکـانیش بوونیـان نـەما، ئـەوا ڕاسـت و دروسـتی حوکمەکـە دەستەبەر دەبێت، ئەگەرنا ئەوا حوکمەکـە گەندەڵـە یـان پوچـەڵە هـەروەك پێشـتر باسکرا.

بۆ نمونە نوێژ کە هەرکات (هۆیەکە) دەسـتەبەر بـوو ئـەویش کـاتی دیـاریکراوی خۆیەتی، دەستنوێژی بە مەرجگیراویش فەراهەم بوو، ڕێگرییەکانیش بوونیان نـەما وەك بوونی نەخۆشییەکی ئەقڵی ئەوا نوێژەکە فەرز دەبێت. نمونەیـەکی تـریش کـە مردن (هۆیەکە) بۆ میراتی بردن، ژیانی کەسی میراتبەریش مەرجە، کوشتنی کەسی خاوەن میراتی لەلایەن میراتبەرەوە لە شەرعدا ڕێگرەو بکوژەکە بێبەش دەکرێ لـە میراتی و حوکمەکە جێبەجێ نابێت. کۆتا نمونەش بریتییە لە گرێبەست (هۆیەکەی) بریتییە لە هەنـدێ پابەنـدبوونی دارایـی، بـوونی شـایەت لەسـەری مەرجـە، خـودی شمەکەکـەش حەرامـەو ئەمـەش ڕێگـرە لـە لێکەوتـەی دەرئـەنجامی شـەرعی لـەو گرێبەستەدا. وە چەندەها نمونەی تریش.

**شیاویەتیی (الآهلیة):**

فیقهناسـان شـیاویەتی لـە شـەریعەتی ئیسـلامدا پـۆلێن دەکـەن بـۆ دوو ئاسـت: شیاویەتی ئەنجامدان و شیاویەتی فەرز بوون. شیاویەتی ڕاپەڕانـدن هـەموو مـاف و ئەرك و لێهاتووییە شەرعییەکان دەگرێتەوە، بەڵام شـیاویەتی فـەرز بـوون مافـەکان دەگرێتەوە بەبێ ئەرك و لێهاتوویـیـە شـەرعییەکان[1]. فیقهناسـان چـوار قۆناغەکـەی ژیانی مرۆییان لە یەك جیاکردووەتەوە کە ئەمانەن: لە سکی دایکدا تا لـەدایکبوون، لە لەدایکبوونەوە تا تەمەنی جیاکردنەوە، لە تەمەنی جیاکردنـەوەوە تـا بـاڵغبوون، لە باڵغبوونەوە هەتا مردن.

| | ماوەی سکپڕی تا لە دایکبوون | لەدایکبوون تا تەمەنی جیاکردنەوەی چاك لە خراپ | لە جیاکردنەوەوە تا باڵغبوون | لە باڵغبوونەوە تا مردن |
|---|---|---|---|---|
| شـــــیاویەتی ئەنجامدان | – | – | بەشی | تەواو |
| شیاویەتی فەرز بوون | بەشی | تەواو | تەواو | تەواو |

**هێڵکاریی ٤–٤٢: پۆلێنکردنی فیقهناسان بۆ شیاویەتی شەرعی بەپێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆیی**

**(هێڵکارییەکەش ئەوەیە کە لە کتێبی–أصول التشریع الآسلامی–مامۆستا علی حسب الله دا هاتووە)[2]**

---

[1]– أصول التشریع، حسب الله، ل/٣٩٥.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

شیاویەتی فەرز بوون بۆ کۆرپەلە ئەوا تەنها مافەکانی دەگرێتەوە لەوەی سودی بۆی هەیەو سود بە ژیانی پێشبینیکراوی دەگەیەنێ. باسی (ماوەی سکپڕیی) لە فیقهدا لە میانەی ئەو مافانەدا کە سکپڕییەکە پیایدا تێدەپەڕێ باسدەکرێ، ئیتر بۆ دایکەکە بێت یان بۆ کۆرپەلەکە. فیقهناسان کۆدەنگن لەسەر کورتترین ماوەی سکپڕیی کە شەش مانگە، ئەویش بەپێی (بەڵگەی ژمارە) لە: ﴿ وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا ﴾ الأحقاف:١٥، ﴿ وَٱلْوَٰلِدَٰتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ﴾ البقرة:٢٣٣[١]. بەڵام لێرەدا ڕا جیاوازییەك دەربارەی درێژترین ماوەی سکپڕیی بوونی هەیە، چونکە لە مەزهەبە فیقهییەکاندا جیاوازییەکە لە نۆ مانگەوەیە تا حەوت ساڵ (!) بەڵگەی فیقهناسانیش کە پشتیان پێبەستووە بریتییە یان لە ڕای هاوڵێك یان لە عورف (بە پرسیارکردن لە کەسانی شارەزا لەوجۆرە مەسەلانەدا)[٢]، بەپێی گوتەی ئەوان.

تەمەنی جیاکردنەوەش (التمييز) لای فیقهناسان بریتییە لەو تەمەنە کە منداڵ (مانای کڕین و فرۆشتن) دەزانێت[٣]. فیقهناسان لەبارەی ئەو سنورەی کە منداڵ تیایدا دەگاتە تەمەنی جیاکردنەوە لە نێوان پێنج ساڵ و حەوت ساڵ و هەشت ساڵدا ڕایان جیاوازە. ئەم ڕایانەیان هەر لە ڕێگای ڕای هاوەڵێکەوە یان پرسیار لە کەسانی شارەزاوە پێیان گەیشتوون[٤].

---

[١]- المغني، عبد الجبار، ب٨، ل/٨٩. البحر المحيط في أصول الفقه، ط١، ب٢، ل/٥٣٩.

[٢]- تحفة المودود بأحكام المولود، محمد بن أبوبكر الزرعي، ط١، ب١، ل/٢٩١. كفاية الأخيار في حال غاية الأختصار، أبوبكر الحسيني، ب١، ل/٤٤٧. المجموع، يحيى أبو زكريا النووي، ب٩، ل/٣٤٢. الإنصاف في ال تنبيه على المعاني والأسباب التي أوجبت الأختلاف، عبد الله بن محمد، ب٩، ل/٤٣٠.

[٣]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٣١١.

[٤]- تحفة المودود بأحكام المولود، محمد بن أبوبكر الزرعي، ب١، ل/٢٩١. كفاية الأخيار، الحسيني، ب١، ل/٤٤٧. المجموع، النووي، ب٩، ل/٣٤٢. الإنصاف، البطليوسي، ب٩، ل/٤٣٠.

کەسێك تەمەنی لە نێوان ماوەی لەدایکبوون تا تەمـەنی جیاکردنـەوە بێـت هـیچ ئـەرکێکی بەرپرسـێتی ڕاپەڕانـدنی ناکەوێتـە سـەر، بـەڵام تـەواوی ئـەو مافانـەی بەدەستدێنێ کە لەبەرئەنجامی شیاوییەتی فەرزبونەوە پێیدراوە، وەك میرات بـردن و میرات بەجێهێشتن، حوکمەکانی زەکات و خێرکردنیش لەسەری جێبەجێ دەبێت، چەندین مافی تریش[1]. ئەم شیاویەتی فەرزبوونە بە کاملی هەتا مردن بۆی بەردەوام دەبێت، بەڵام لەوکاتەوە کە دەگاتە باڵغبوون ئـیتر شـیاویەتی ڕاپەڕانـدنی بـۆ زیـاد دەکرێ (بڕوانە هێڵکاریی ٤–٤٢).

دیاریکردنی تەمەنی باڵغییش لـە نێـوان مەزهەبـە فیقهییەکانـدا کەوتووەتـە بـەر بڕێـك ڕای جیـاواز، کـاتی تەمـەنی بـاڵغبوونی کـچ نـۆ سـاڵە، یـا دوازدە سـاڵە، یـان دەرکەوتنی مـووە لەسـەر ڕوومـەتی کـوڕ، یـان توانـایی کـچ بـۆ سـکپڕیی، توانـایی کوڕیش لەسەر دروستکردنی سکپڕیی[2]. لەمەشدا بەڵگەکان بریتین لـەو شـارەزاییانە کـە (خـەڵك) هەیانـە، هـەروەها هـەموو بەڵگـە دوور و ناڕاسـتەوخۆکانی هەنـدێ لـە دەقەکان[3].

بـەڵام تەمـەنی ئەنجامـدانی ئـەرك، واتـە دروسـتبوونی بەرپرسـێتییە لـە هـەر کەسـێکدا لـە کردەوەکـانی، نێـر بێـت یـان مـێ، هاوکـات بێنیازبوونیـەتی لـە بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدی کەسـیتر لـە کـاتی جێبـەجێکردنی گرێبەسـتەکانیدا. ئەوەندە هەیە کـە هـەر لـە تەمـەنی جیاکردنـەوەوە هـەتا تەمـەنی بـاڵغبوون هێـزو توانـایی ئـەو کەسـە بەشـییەو کامـڵ نیـە، چـونکە ئـەو بڕیارانـەی کەسـی ئـەرك

---

[1]– أصول التشريع، حسب الله، ل/٣٩٥.

[2]– الإنصاف، البطليوسي، ب٢، ل/٥١٤. شرح الزركشي على مختصر الخرقي، محمد بن عبد الله الزركشي، ب١، ل/٣١٧، الأم، الشافعي، ب٤، ل/٢٦١.

[3]– الأم، الشافعي، ب٤، ل/٢٦١.

پێسپێردارو لەو تەمەنەدا دەیاندات وەستاون لەسەر ڕەزامەندی سەرپەرشتکار یان سەرپەرشتکارەکانی[1].

دواجار، (نیشانەی مردن)یش لە نێوان مەزهەبە فیقهییە مێژووییەکاندا کەوتووەتە بەر ڕای جیاواز. بەپێی (عورف) هەندێك دەڵێن نیشانەی مردن بریتییە لە: هاتنەوەیەکی هەردوو مەمك، یان قەمچانەوەی لووت، یان شلبوونی هەردوو ناولەپی دەست و قاچ، یان وەستانی جووڵە[2].

ئەوەی کە خوێنەری بەڕێز دەتوانێت لەگەڵمدا لەم باسەدا تێبینی بکات ئەوەیە کە زۆرێك لە مەسەلەکانی شیاویەتی بە هەموو جۆرەکانییەوە دەکەونەبەر ئەوەی پێی دەڵێین (زانستەکان)، نەك لەژێر ئەو بەشەدا پێی دەڵێین (فیقه)، وەك: درێژترین ماوەی سکپڕیی، تەمەنی جیاکردنەوە، نیشانەکانی باڵغبوون، نیشانەی مردن. لەبەرئەوە نابێت لەمجۆرە مەسەلانەدا بگەڕێینەوە بۆ ڕای فیقهناسان، یان ئەوەی پێی دەوترێ (خەڵك)، بەڵکو ئەمجۆرە مەسەلانە بەپێی دەرئەنجامە سەرژمێرییە زانستییە توندوتۆڵ و باوەڕپێکراوەکان ڕووندەبنەوە، ئەو سەرژمێرییەش لەسەر ئەو بینراوانە دادەمەزرێن کە خشتەکانی ڕوونکردنەوە لەسەر نمونەیەکی وێناکراو لە واقیع وەریدەگرن، ئەم کارەش پسپۆڕانی بواری زانستی پێی هەڵدەستن لە پزیشکان یان زانایانی سروشت یان زانایانی کۆمەڵایەتی، بە هەموو جۆرەکانیانەوە. بەشی شەشەمیش باس لە چۆنێتی دەستەبەرکردنی (کرانەوە) دەکات لە ڕشتەبەندیی تەشریعی ئیسلامیدا، لەوێ لە پرۆسەی تێڕوانینی ڕشتەبەندیی تەشریعی ئیسلامیدا بە فراوانی باس لە ڕۆڵی گرنگی زانستە سروشتیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەین.

---

[1]- أصول التشريع، حسب الله، ل/٣٩٥.

[2]- الإنصاف، البطليوسي، ب٢، ل/٤٦٧. البحر الرائق، إبن نجيم، ب٨، ل/١٩٦. الدرّ المختار، الحسفكي، ب٦، ل/٣٠٩.

# بەشی پێنجەم
# تیۆرە هاوچەرخەکانی تەشریعی ئیسلامیی

**تێڕوانینی گشتی:**

ئەم بەشە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

* ئایا پەیڕەوکردنی مەزهەبە فیقهییە باوەکان (تەقلیدییە–مێژووییەکان) کە لە بەشی پێشودا خستنمانەڕوو هەتا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ورد بەردەوامە؟

* جا ئەگەر نەخشەی مەزهەب و تیۆرە مێژووییەکانی فیقهی ئیسلامی گۆڕدرا بێت، کە زۆرێك لە توێژەران جەخت لەمە دەکەن، ئەی چۆن بتوانین مەزهەبە تەشریعییە هاوچەرخەکان و تیۆرە پەیوەندیدارەکان پێیانەوە پۆلێن بکەین؟

* ئەو مەشخەڵە سەرەکییانە چین کە هەریەك لە مەزهەبە هاوچەرخەکان جیادەکاتەوە؟

* ئایا تا چ ئاست و مەودایەك ئەو مەزهەب و تیۆرانە ڕێکن لەگەڵ مەزهەبە مێژووییەکاندا و تا چ مەودایەك جیاوازن لێیان؟

هەوڵی ئەم بەشە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە لەپێشەوە هێنران، سـەرەتا بە خستنەڕووی پرۆسەی پۆلێنکردنـە جـۆراو جـۆرە هاوچـەرخەکان بـۆ تیۆرەکـانی تەشریعی ئیسلامی دەست پێدەکەین، پۆلێنکردنێکی نوێ دەخەینـەڕوو کـە لەسـەر چەمکەکان بونیـاتنراوە نـەك لەسـەر سیفەت و نیشـانەکان، تیایـدا فـرە ڕەهەنـدی دەردەکەوێ نەك تەنها لەسەر یەك ڕەهەند یان یەك پێوەر. ئەم تێڕوانینە کە لەسەر چەمکەکان بونیاتنراوە بریتییە لە هەوڵی زاڵبوون بەسەر هەندێ خاڵی نـەرێنی ئـەو پۆلێنکردنانە کە لەسەر سیفەت و نیشانە ڕواڵەتییەکان بونیـاتنراون. پاشـانیش لـە ڕێگای ئەو شیکردنەوەیەوە کە لەم بەشـەدا دەیخەینـەڕوو دەردەکـەوێ کـە تیـۆرە هاوچەرخەکان چۆن ڕەخنە دەگرن بە پلەی جیاواز لە تیۆرە مێژووییـەکانی فیقهـی ئیسلامی یان پەسەندییان دەکەن. ئینجا ئەو بەشە کـە لـەدوای ئـەم بەشـەوە دێت لەسـەر ئـەوە بونیـات دەنـرێ کـە لـەم بەشـەدا پێشکەشـی دەکـەین و لەسـەر ئـەو شیکردنەوەیەی لە بەشـی پێشـودا پێشـکەشمان کـرد، هـەمووی لـەپێناو پرۆسـەی بونیاتنانی تێڕوانینێکی ڕشتەبەندیی بۆ بنەماکانی فیقهی ئیسلامی.

## ٥-١ پرۆسەکانی پۆلێنکردن و زاراوە هاوچەرخەکان:

**دەستپێك:**

سـەدەی بیسـتەمی زایینـی گۆڕانکـاری گـەورەو یەکلاکـەرەوەی لـە نەخشـەی تیۆرەکانی فیقه و قوتابخانەکانیدا بەخۆیەوە بینی. هەر لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی سەدەی نۆزدەیەم، بـەهێزترین دەوڵـەتانی جیهـانی هاوچـەرخ زۆرینـەی هـەر زۆری دەوڵەتە ئیسلامییەکان و ئەو کۆمەڵگا موسڵمانە زەبەلاحانەش کە تیایانـدا بـوون داگیریان کردن[١]. ئـەو مۆدێرنەیـە کـە جیهـانی ئیسـلامی داگـیر کـرد وێـڕای هـەموو

---

[١]– تأريخ أكسفورد للإسلام، جون إسبوزيتو، ١٩٩٩، ل/٦٩٠.

شێوەکانی شکستخواردن و ستەمکردن کە لەخۆیدا هەڵیگرتبوو، هەر ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا بۆ هۆشیارکردنەوەی موسڵمانان بە زەرورەتی ئیجتیهادی ئیسلامی، ئەوەش لە دوو لایەنەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە کۆلۆنیالیزم کۆمەڵێ گرفت و کێشەی نوێی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە حاڵەتی پێویستبوون بە دۆزینەوەی چارەسەری نوێ بۆیان کەوتەڕوو، دووەمیان کۆلۆنیالیزم لەگەڵ خۆی کۆمەڵێ هزری نوێی لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا هێنا، کۆمەڵە هزرێك کە زانایان و فیقهناسان سودیان لێبینین. لێرەوە زانا و موفتییەکان بە هاتنی سەدەی بیستەم هەستیان کرد کە زەرورەتێکی زۆر هەیە بۆ بوونی ئیجتیهادێکی نوێ، وردە وردە دەرکەوت کتێبە فیقهییە کەلەپوریەکان کە هەڵگری ڕای زانایانن لە هەموو مەزهەبەکان وایان لێهاتووە بەس نین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانە کە لەبەرئەنجامی مۆدێرنەوە پەیدابوون. بەم پێیە، موفتییەکان لە هەموو مەزهەبەکان کەوتنە فراوانکردنی ئاسۆی زانستییان بە جۆرێ کە زانستی مەزهەبەکانی تریشیان لەخۆ گرت تا لە فەتواکانیاندا سودیان لێبینن. لە بەرئەنجامی ئەوەوە پرۆسەی لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان لە فیقهدا دەستیان پێکردو زەمینەیەکی بەرفراوانتریان گرتەوە، دامەزراوە زانستییە ئیسلامییە سەرەکییەکانیش بەهەمانشێوە دەستیان دایەو بەدییان کرد کە پێویستە چاکسازی و نوێبوونەوە لە تیۆرەکانی فیقهی ئیسلامیدا ئەنجامبدرێ.

لە لایەکی تریشەوە، مۆدێرنە کۆمەڵێ فەلسەفەی نوێ و هزری نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناو چوونە ناو دامەزراوە ئیسلامییەکانەوە بەتایبەتی لە ڕێگای هەندێ لە قوتابیانی ناوازەی موسڵمانەوە کە پسپۆڕیان لە یاساو فیقهدا هەبوو، ئەوانەی کە قەدەریان ڕایکێشان بۆ بەگژداچوونەوەی ڕاستەوخۆ بۆ مەعریفەی خۆرئاوایی، وەك ریفاعە تەهتاوی و موحەممەد ئیقباڵ و موحەممەد عەبدە و هیتریش. ئینجا هزری فەلسەفەی خۆرئاوایی ڕێگای خۆی دۆزییەوە بۆ کارکردنە سەر بیرکردنەوەی

ئیسلامی بە گشتی و فیقهی ئیسلامی بە تایبەتی، بۆ ئوسولّی فیقهیش بەهەمانشێوە.

لەڕاستیدا پرۆسەی پۆلّێنکردنی هاوچەرخ و واقیعی بۆ تیۆرەکانی فیقهی ئیسلامی بە گشتی لەسەر شێوازی مەزهەبی ناڕوات، واتە لەسەر شافیعی و حەنەفی و جەعفەری و مەزهەبەکانی تریش، بەلاّم جیاکارییەکی ڕوون بە گشتی لە نێوان مەزهەبەکانی سوننی و شیعی و ئیبازیدا دەبینرێ. هەتا ئێستاش کەمێکی کەم لە فیقهناسە سوننیەکان بەدی دەکرێن کە لە هەموو مەسەلەکاندا پابەندن بە یەکێك لە چوار مەزهەبە ناسراوەکەوە، بۆیە لەم کتێبەدا لەژێر ئاراستەی (مەزهەبگەرایی باو) دا پۆلّێن دەکرێن[١]. بەلاّم ڕوونیدەکەمەوە کە ئەوە ئاراستەیەکی سنوردارە، چونکە زۆربەی زانا هاوچەرخەکان گەڕانەوەیان بۆ مەزهەبە فیقهییە باوەکان (بۆ پشتگیرییە)، واتە بەو سیفەتە کە کۆمەڵە بەلّگەیەکی پشتگیرکارن، نەك وەها کە ببنە (حوججە) واتە لە خودی خۆیدا مەرجەعیەتێکی سەرەکی بێت. ئەم باسەی ئێستەمان پۆلّێنکردنێکی نوێیە بۆ تیۆرە هاوچەرخەکان لە تەشریعی ئیسلامیدا، وادەبینم ئەم پۆلّێنکردنە زیاترو فراوانتر لە مەزهەبە باوەکان واقیع لەخۆ دەگرێ. بەلّکو ئەو تێڕوانینە بەرفراوانە لە پۆلّێنکردنی واقیعی و تیۆری دا هەموو توێژەران و زانایانی فیقهی ئیسلامی بە جیاوازی سەرچاوەو ئاراستەو و شوێنی جوگرافیانەوە لە خۆرهەلاّت و خۆرئاوادا لەخۆ دەگرێ. هەنگاوی یەکەمیش لەم خستنەڕوویەی ئێرە ئەوەیە کە پۆلّێنکردنە جۆراو جۆرەکانی ئێستە بۆ تیۆرەکان –یان ئەوەی کە زۆرێك ناوی (ئایدۆلۆژیای)–ئیسلامییان لێناوە بخەینەڕوو و ڕەخنەیان لێبگرین.

---

[١]– ئەم زاراوەیە بەکاردێنم بەو واتایە کە دکتۆر تاریق ڕەمەزان بەکاریهێناوە، لە کاتێکدا کە پێناسەکەی من کەمێك جیاوازی هەیە لە پێناسەکەی ئەو: بڕوانە: Tariq Ramadan, New Tork; Oxford University 2004. P.24.

**ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییەکان:**

لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان لەسەر کۆمەڵگا ئیسلامییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندن بەوەوە کە پێی دەوترێ (ئیسلامی سیاسی)، بە سروشتی بە (پۆلێنکردنی ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییەکان) دەست پێدەکات، مەبەستی ئەمجۆرە پۆلێنکردنە بریتییە لە دابەشکردن و ناونانی هەموو کۆمەڵ و پیاوانی سیاسەت و هزر لە موسڵمانان، ئەویش بەپێی دەستەواژەی پۆلێنکاران بە ئامانجی دانانی ستراتیژێکی گونجاوە بۆ (مامەڵەکردن) لەگەڵ هەمووان. ئەو پۆلێنکردنانە کە بەناوبانگن، بریتین لەوانەی جیب، سمیت، حۆرانی، بایندەر، مەنتجیس و هەمفری و هیتریش کە خستوونیانەتە ڕوو، هاتوون ئەو ئایدیۆلۆژیانە دابەش دەکەن بۆ سێ جۆرە بەناوبانگەکە: (کلاسیکییەکان یان پێی دەوترێ ئوسوڵییەکان)، (نوێگەراکان) و (عەلمانییەکان)[1]. ئەم دابەشکردنە جۆرییە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا تەنها پۆلێنکردنێکە بۆ پەرچەکرداری موسڵمانان بەرانبەر هەژموونی سیاسی خۆرئاوایی لە جیهانی ئیسلامیدا، نەك پۆلێنکردنێك بێت بۆ تیۆرەکانی فیقه و هزری ئیسلامی، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا ئەمەیان دەوترێ. بەڵام جۆن ئیسبیسیتۆ بۆ نمونە لەجیاتی ئەوە ئایدیۆلۆژیاکان پۆلێن بکات وای بە باش زانیوە شیکردنەوە بکات لەسەر (هەڵوێستەکان بەرانبەر نوێگەری و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە–سیاسییەکان لە نێوەندە ئیسلامییەکاندا)[2]. ئەوانەش کۆمەڵە هەڵوێستێکن پۆلێنی کردوون بۆ (موحافیزکار) و (کلاسیکگەرایی نوێ) و (ئیسلاحی ئیسلامی) و (عەلمانیی). بەهەمانشێوە ئیفۆن حەدادیش دەبینین ئاماژە دەدات بە (هەڵوێستەکان) یان (ئاراستەکان) نەك ئایدیۆلۆژیاکان، دابەشیشیان دەکات بۆ

---

[1]-Leonard Binder, 1964. P. 31-40.
[2] -John Esposito, 1984. P. 216.

(جۆریی نویٚ) و (جۆریی) و (ئاویٚتەیی کەلتوری)[1]. بەلاٚم ویلیام شیبارد ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییەکان بەوە دادەنیٚ کە (پەرچەکردارن بۆ بەرکەوتنە خۆرئاواییەکە، کۆمەلٚە تیٚزیٚکن بۆ سەرلەنویٚ گیٚڕانەوەی شیاوبوونی میٚژووی ئیسلامی). ئینجا هەشت دەستەو جۆر لە نیٚو پۆلیٚنکردنیٚکی دوو ڕەهەندیدا دەخاتەڕوو، لە ڕەهەندیٚکەوە(گشتگیریی) و لە ڕەهەندیٚکی ترەوە (مۆدیٚرنە) لەخۆ دەگریٚ[2]. جۆن فۆلیٚش (شیٚوازەکانی مامەلٚەکردن لەگەلٚ میٚژووی ئیسلامیدا) شیدەکاتەوە و پۆلیٚنیان دەکات بۆ (خۆگونجیٚن) و (پاریٚزگار) و (ئوسولٚی)[3]. فەزلٚ ئەلرەحمان بەراوردی کردووە لە نیٚوان (ئوسولٚیەتی نویٚ) و (مۆدیٚرنەی ئیسلامی) دا کە بە ڕای ئەو مانای: (ڕوودانی گۆڕانکارییە لە ناوەڕۆکی شەریعەتدا)[4]. فەزلٚ ئەلرەحمان هەروەها تاقمی (ئوسولٚییەتی دوای مۆدیٚرنەی) خستووەتەڕوو کە پالٚنەرە سەرەکییەکانی لە دوژمنایەتیکردنی خۆرئاواوە وەردەگریٚ[5].

تیٚبینیمان لەسەر ئەو پۆلیٚنکردنانەی باسکران، ئەوەیە کە ویٚڕای فرە جۆریان، هەموویان لە نوسینە خۆرئاواییەکاندا بە دەوری سیٚ جۆرە کلاسیکییەکەدا دەسوڕیٚنەوە، کە ناونراوە بە ئوسولٚییەت و بە مۆدیٚرنەیی و بە عەلمانی. هەروەها ئاراستەیەکی تری گشتی لەو لیٚکۆلٚینەوانەدا هەیە کە باسمانکردن بۆ دابەشکردنی مۆدیٚرنە بۆ دوو ئاستی لەیەك جیا، واتە دواجار دەبنە چوار جۆر. خویٚنەر لە خشتەی ٥–١ دا پوختەیەك بۆ ئەو ناو و دەستەواژانە دەبینیٚ کە هەر چوار جۆرەکەی پیٚ وەسفکراوە:

---

[1] -Yvonne Haddad, 1982. No. 4. P. 1-14.
[2] -William Shepard, 1987. No. 19. P. 308.
[3] -Jon Voll, 1982.
[4] -Fazilur Rahman, 1979. No. 4. P. 311-317.
[5] –Akbar S. Ahmed. 2004. P. 160.

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
|---|---|---|---|
| ئوسوڵییەت | مۆدێرنەی بەرگریکار | مۆدێرنە | عەلمانییەت |
| کلاسیکیی | ئوسوڵییەتی نوێ | ئیسلاحی | لیبراڵی |
| سەلەفییەتی زاهیریی | کلاسیکیی نوێ | مۆدێرنەی نوێ | مۆدێرنە |
| ئوسوڵییەتی توندڕەو | موحافیزکار | سەلەفییەتی ئیسلاحی | ئاوێتەیی کەلتوریی |
| کلاسیکیی موحافیزکار | جۆریی نوێ | جۆریی | خۆگونجێن |
| موحافیزکار | کلاسیکی نوێی ڕەتکەرەوە | کلاسیکیی نوێی کراوە | ئیسلاحی ئەقڵانی |
| جۆریی | سەلەفییەتی ئیسلاحی | کلاسیکیی ئیسلاحی | |
| کلاسیکیی ڕەتکەرەوە | ئیسلاحیی کلاسیکیی | کلاسیکیی | |
| ئوسوڵیەتی پۆست مۆدێرنە | | | |

**خشتەی٥-١: پوختەی ئەو دەستەواژانە کە لە دابەشکردنی (ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییەکان) دا بەکارهێنراون**

شایانی باسە دکتۆر تاریق ڕەمەزان لە پۆلێنکردنەکەی خۆیدا پەیڕەوی ئەو سێ جۆرە باو و لەسەر ڕاهاتووانە ناکات، بەڵکو هاتووە (ئاراستەکان)ی (هێزی ئیسلامی) لەیەک جیادەکاتەوە، ئەوانیش کۆمەڵە ئاراستەیەکن لەو هێڵانەدا دەردەکەون کە هەموو کۆمەڵ و بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەیەک جیادەکاتەوە، ئەمەش بە ڕای من بەشێوەیەکی وردتر گوزارشت لە واقیع دەکات زیاتر لەو دابەشکردنانە کە باون[1].

[1] -Ramadan, p24.

**دابەشكردنەكەی دامەزراوەی ڕاند:**

لێرەدا دابەشكردنێكی تری گرنگ هەیە كە دامـەزراوەی ڕانـد بـۆ سیاسـەتەكانی ئەمەریكا لە ڕاپۆرتی خۆیدا لـەبارەی بـارودۆخی ئیسـلامیی ئامـادەی كـردووە و لـە ساڵی ٢٠٠٤ز دا بڵاویكردووەتەوە[١]. ڕاپۆرتەكە وا ڕایدەگەیەنێ كـە ئامـانجی ئەوەیـە هاوكاری پێشكەش بەوانە بكات هەوڵدەدەن ڕێگیری لە (بەریەككـەوتنی ژیارەكـان) بكەن. بەڵام پۆلێنكردنەكەی ڕاپۆرتی ڕاندی هزریی هەر لـەو پۆلێنكردنانـە دەچێت كە پێشتر خرانەڕوو، ئەمیش چوار جۆر باسدەكات، یان چوار (هەڵوێستی سیاسـی) كـە ناویاننـاوە بـە: ئوسـوڵییەت، كلاسـیكیی، مۆدێرنـەیی و عەلمانییـەت. بـەڵام ڕاپۆرتەكەی ڕاند لەم توێژینەوەیەمانـدا گرنگییـەكی تایبـەتی هەیـە چـونكە دەڵـێن گوایـا ئـەو (هەڵوێسـتانە) وێنـای هەڵوێسـتە فیقهـی و و باوەڕییـە جیاوازەكـانی موسڵمانان دەكەن لەسەر ژمارەیەك لە كێشەكانی سـەردەم. ڕاپۆرتەكـە دەڵـێ ئـەو كێشـانە: (بوونەتـە مایـەی نـاكۆكی لـە جیهـانی ئیسـلامیدا) كـە پەیوەنـدییان بـە: (ئازادی سیاسی و تاكەوە هەیە، بە فێركردن، بە بـارودۆخی ئـافرەت، ڕەخسـاندنی دادپـەروەری لـە یاسـاكانی تاوانـدا، شـەرعییەتی ئیسـلاح و گۆڕانكـاری، ڕەفتـاری هەڵسوكەوت لەگەڵ خۆرئاوادا). نمونە دیاریكراوەكان بۆ ئەو كێشانە كە ڕاپۆرتەكـە باسیكردوون بریتین لە: فرە ژنی، باڵاپۆشی، لێدان لە ئـافرەت، سـزای داری حـەدد (جلد)، بەشداریكردنی ئافرەت لە ژیانی گشتیدا و جیهاد (بە هەموو جۆرەكانییـەوە بەپێی دەستەواژەی ڕاپۆرتەكە).

لە خوارەوە خستنەڕوویەكی پوخـت بـۆ پۆلێنكردنەكـەی ڕانـد بـەبێ قسـەكردن لەسەری دەخەینەڕوو، پاشانیش هەندێ قسەو تێبینی لەسەری دەدەم.

---

[١]– بۆ نمونە بڕوانە، ڕاپۆرتی دامەزراوەی ڕاند ٢٠٠٤ز، بیرنارد.

(١) ڕاپۆرتەکە ئوسولیيەت دابەش دەكات بۆ ئوسولیيەتی دەقیی و ئوسولیيەتی توندڕەو:

(أ) ئەوەی ناویانناوە بە ئوسولیيەتی دەقیی باوەڕی بە بڵاوکردنەوەو هەژموونی ئیسلام هەیە کە باڵادەست بێت و جیانابێتەوە لە ڕەگە ئاینییەکانی، وە دەبێت کۆمەڵگا بە تەواوەتی و بەتوندی پابەند بێت بە حوکمە شەرعییەکانی ئیسلام، بۆ سەپاندنیشی توندوتیژی بەکاردەهێنێ. ئەوەش کە پەیوەندی بە فیقهی ئیسلامەوە هەیە ئەوا سەرچاوەکانیان تەنها قورئان و سوننەت و ڕێبازی کەسایەتییە گەورەکانی ئیسلام و نوسەرە توندگیرەکانیانە. ڕاپۆرتەکە گروپی شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان و وەهابییەکانی سعودیەو کۆمەڵی کابلانی تورکی لە نێو ئەوانەدا دادەنێ.

(ب) ئەوەی ناویانناوە بە ئوسولیيەتی توندڕەو باوەڕی بە ئیسلامێکی هەژموندار و فراوانخواز و جەنگاوەر هەیە، ئەگەری هەیە پەیڕەوانی ئەم تاقمە پەناببەنە بەر توندوتیژی و (تیرۆر). ئەوەندەش کە پەیوەندی بە فیقهەوە هەیە ئەوا سەرچاوەکانیان بریتییە لە قورئان و سوننەت و ڕێبازی کەسایەتییە گەورەکانی ئیسلام و فەلسەفەی ئیسلامییە. نمونەش بۆ ئەم ڕەوتە بەپێی ڕاپۆرتەکە بریتییە لە ڕێکخراوی قاعیدە و حیزبی تەحریر و بزووتنەوەی ئیسلامی تریش.

(٢) جۆری کلاسیکیشی دابەشکردووە بۆ کلاسیکی موحافیزکار و کلاسیکی ئیسلاحی.

(أ) کلاسیکی موحافیزکار تێگەیشتنێکی ڕواڵەتی بۆ ئیسلام پەیڕەو دەکات، بەڵام لایەنگیری توندوتیژی نیە، دەچێتەوە بەگژ مۆدێرنەو گۆڕانکاریدا. ڕۆڵەکانی کۆمەڵگای کلاسیکی بەوە وەسف دەکات کە ئاستی ڕۆشنبیری و تواناییان لەسەر جیاکردنەوە لە نێوان داب و نەریتە خۆجێییەکان و ڕێنماییە ئیسلامییەکاندا کەمە.

ئەوەش کە پەیوەندە بە فیقهەوە ئەوا سەرچاوەکانیان قورئـان و سـوننەت و داب و نەریتە ناوخۆییەکان و ڕای شـێخ و مامۆسـتاکانیانە کـە بەدەوربەریانـدان. ئـەو دوو نمونەیەش کە ڕاپۆرتەکە لەسەر ئەم گروپە هەڵیبژاردوون بریتین لە ئەکبەر ئەحمەد و عەبدوڕەحمان زەوی.

(ب) بەڵام بۆ گروپە کلاسیکییە ئیسلاحییەکان ئەوا ڕاپۆرتەکـە وەهـا وەسـفیان دەکات کە: (ئامادەیی زیاتریان تێدایە بۆ سازشکردن) لەو لایەنەوە کە تایبەتـە بـە تێگەیشتنی ڕواڵەتی بۆ کەلەپور ئەویش لە ڕێگای ئیسلاح و تێگەیشـتنێکی نوێـوە، لەگەڵ گرنگیدان بە پارێزگاریکردن لەسەر (ڕۆحی دەق). ئـەوەش کـە پەیوەنـد بـە فیقهی ئیسلامییەوە هەیە، سەرچاوەکانیان بریتین لە قورئان و سـوننەت و گوتـەی زانایانیان (لە نێویشیاندا—فەیلەسوفە عەلمانییـەکان—بـەپێی گوتـەی ڕاپۆرتەکـە)، هەروەها یاسا و ڕەوشتە نوێیەکان، وە ئەوەی کۆمەڵگا ڕاهاتووە لەسەری، ئەو دوو نمونەیـەش کـە ڕاپۆرتەکـە دەیانخاتـەڕوو بـریتین لـە یوسـف قـەرەزاوی و ڕوقییـە مەسعود.

(٣) بـەڵام مۆدێرنـە دابـەش نـەبووە بـۆ بەشـی لاوەکـی. مۆدێرنگـەراکان بـەوە وەسـف دەکـات کـە ((ئامادەباشـن بـۆ ئەنجامـدانی گۆڕانکـاری گـەورە لەسـەر تێگەیشتنی هەنووکەیی بۆ ئیسلام). ڕاپۆرتەکە هەروەها بەوە وەسفیان دەکات کـە باوەڕیان هەیە بـە (مێژووییـەتی ئیسـلام) واتـە: (ئـەو ئیسـلامەی کـە لەسـەردەمی پێغەمبــەردا (درودی خــوای لەســەر) پیــادە دەکــرا بــۆ ئێســتە نــەگونجاوە). سەرچاوەکانی ئەم گروپەکەش ئەوەی کە تایبەتە بە فیقهەوە بریتییە لـە قورئـان و سوننەت و گوتەی زانایان (بەهەمانشێوە ئەو کەسانەش کە ڕاپۆرتەکە ناوینـاون بـە —فەیلەسوفە عەلمانییەکان—)، هەروەها یاساو ڕەوشتە نوێیەکان، ڕاپۆرتەکە نـاوی ئەمانەی هێناوە: خالید ئەبولفەزڵ، موحەممەد شەحرور، سـەریف مـاردین، بەسـام تیبی، نەوال سەعداوی، وەك نمونەیەك لەسەر ئەو مۆدێرنگەرایانە.

(٤) بۆ ڕەوتی عەلمانییەتیش ئەوا ڕاپۆرتەکە دابەشی دەکات بۆ عەلمانییەتی جەماوەریی و عەلمانییەتی توندڕەو.

(أ) هەوادارانی عەلمانییەتی جەماوەریی (دەیانەوێت جیهانی ئیسلامی قبوڵی بێت ئاین و دەوڵەت لە یەك جیابکرێنەوە لەسەر هەمان ئەو ڕێبازە کە وڵاتە دیموکراسییە خۆرئاواییە پێشەسازییەکان پیادەی دەکەن، بە جۆرێ ئاین قەتیس بکرێ لە بواری پراکتیزەکردنی تاکدا).

(ب) بەڵام عەلمانییە توندڕەوەکان گروپێکن بەوە دەناسرێنەوە گوایا بەشێوەیەکی سەرەکی دژایەتی ئەمەریکا دەکەن و دوژمنایەتییان بۆی سەرسەختە.

لە خوارەوە قسەو توانجی خۆم لەبارەی ئەو پۆلێنکرنانەوە کە دامەزراوەی ڕاند باسیکردوون تۆمار دەکەم، کورتی دەکەمەوە لەم خاڵانەدا:

١-ئەم دابەشکردنە بە گشتی بونیاتنراوە لەسەر هەڵوێستەکانی ئەو تاقم و گروپانە لە بەرانبەر سیاسەتە دەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە تایبەتی ئەوەی پێی دەوترێ (جەنگ لە دژی تیرۆر). وانابینم ئەو پۆلێنکردنە بە شێوەیەکی ڕوون پەیوەست بێت بە فیقهی ئیسلامی یان بە بیروباوەڕی ئیسلامەوە وەها کە ڕاپۆرتەکە دەیڵێ، هەروەها بونیات نانرێ لەسەر (بەها خۆرئاواییەکان)، یان (کۆمەڵگای نێودەوڵەتی)، یان لەسەر (مۆدێرنە) وەها کە ڕاپۆرتەکە دەڵێ.

٢- هەرچەندە ڕاپۆرتەکە نمونەی زۆری ڕیزکردووە، کە زۆربەیان تەنها هەڵبژاردنی کەسایەتییەکانە، ئەوا مەرج نیە ڕەنگدانەوەیەك بێت بۆ (ئایدۆلۆژیاکان)، چونکە ئەو بەراوردکارییە کە تیایدا هاتووە باسی لە جیاوازییە هزری و تیۆرە سەرەکییەکان نەکردووە کە هەریەك لەو کۆمەڵانە پەیڕەوییان دەکەن، یان بە دەستەواژەیەکی تر لەسەر ئەو بنەمایانە بونیات نەنراوە کە ئەو کۆمەڵانە-ئەگەر ڕاست بێت-هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی خۆیانی لەسەر بونیاتناوە.

٣- ڕاپۆرتەکە باسی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پیرۆزی کردووە کە لە سەرچاوەکانی هەموو کۆمەڵەکانن (جگە لە عەلمانییەکان)، بەڵام پێویستە ئێمە ئاوڕبدەینەوە بە لای میتۆدی تێروتەسەلدا بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دوو سەرچاوەیەدا کە جیاوازییەکی زۆر لە تێگەیشتن لێیان بەدی دەکرێ، بەهەمانشێوە پێویستە ئاوڕبدەینەوە بۆ ڕۆڵی سەرچاوەکانی تریش (وەك بەرژەوەندی و عورف). بۆ نمونە هەندێ لە کۆمەڵە توندگرەکان دەبینین کە عورفە باوەکان کاریگەریان لە لایان زۆرترە لە خودی دەقەکانی قورئان و سوننەت، لە لقی دووەمی ئەم باسەماندا ئەوە ڕووندەکەینەوە. هەر ئەمەش ڕاڤەی ئەو سەرسوڕمانەی ڕاپۆرتی ڕاندمان بۆ دەکات کە هەندێ لەو کۆمەڵانە تا چ ئاستێك خۆیان دادەماڵن لە (حوکمە ئیسلامییە ڕوون و ئاشکراکان). نمونەیەکی تریش ئەو مامەڵە دەقاو دەقیەیە کە لەگەڵ قورئان و سوننەتدا دەکرێ لە لایەن ئاراستە مۆدێرنگەراکانەوە، کە هەندێجار دەبینین بیرۆکەی بەرژەوەندی و تێڕوانینێکی سیاسییان لا دروست دەکات کە ڕەنگی سودمەندی و بەرژەوەندی دەگرێ با لەسەر حیسابی دەقە شەرعییەکانیش بێت.

٤- لەڕاستیدا جیاوازی خستن لە نێوان ئوسولّییە دەقییەکان (بۆ نمونە وەك وەهابییەکان) و نێوان ئوسولّییە توندڕەوەکان (وەك قاعیدەو تالیبان) بەو پێیە کە ڕاپۆرتەکە ناویناوە (باوەڕ) جیاوازییەکی ورد نیە، چونکە هەموو ئەو گروپانە هەمان هەڵوێستی باوەڕییان هەیە کە لە مەزهەبی سەلەفدایە. لە بەرانبەریشەوە هەڵوێستی زۆرێك لە (شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان) دەبینین کە لە زۆر لایەنی باوەڕییەوە جیاوازن لە هەڵوێستی گروپە پێشووەکان (ئەگەر هەڵوێستی گشتی هەموو ئەو گروپانە بەرانبەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵاوێرد بکەین کە یەك هەڵوێستیان هەیە بەڵام ئەوە هەڵوێستێکی-باوەڕی- نیە). لە لایەکی تریشەوە شۆڕشگێڕە ئێرانییەکانیش بەهەمانشێوە لە کاتێکدا کە هەڵوێستیان لە بەرانبەر سیاسەتە دەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لەیەك دەچێت بەڵام

دابەش دەبن بەسەر هەموو هەڵوێستە ئیسلامییەکاندا. لە باسی لقیی ئایندەدا کە دێت ڕوونیدەکەینەوە چۆن هەندێکیان بەشداریکردووە لە (تێڕوانینە مۆدێرنـە)کانی فیقهی ئیسلامیدا، وەك موحەممەد خاتەمی و عەبدولکەریم سروش.

٥- وێـڕای شـیکردنەوەی وردی دامـەزراوەی ڕانـد بـۆ سـتراتیژیی (کلاسـیکییە موحافیزکارەکان) لـەوەدا کـە پەیوەنـدی بـە (ڕاڤەکردنـەوەی سـەرلەنوێی) دەقـە شەرعییەکانەوە هەیە، بەڵام (فەلسەفەی عەلمانی و یاساو ڕێسا نوێیەکانی ڕەوشت) بە دڵنیاییی کە (سەرچاوەی فیقه نین لای ئەوان) وەها کـە لـە ڕاپۆتەکـەدا هـاتووە. بـەڵام فەلسـەفەی عـەلمانی و ڕەوشـتە نوێیـەکان ئـەوە تـەواوە بـە کـردەییش سەرچـاوەی مۆدێرنگـەراکانن، چـونکە بـەهاکانی مۆدێرنـە لـە واقیعـدا ئـەو کرۆکـە ڕاستەقینەیەیە کە هەڵوێستی مۆدێرنگەراکانی لەسەر بونیاتنراوە، هـەر لەمەشـەوە هەنگاودەنێن بۆ سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوەی دەقەکان.

٦- بیرۆکـەی (مێژوویـیـەتی ئیسـلام) لـە ڕاپۆرتەکـەدا وەهـا باسـکراوە کـە لـە نیشانەکانی ئاراستەی مۆدێرنەیە، بەڵام ئێمە دواتر لەم باسەی تردا کە دێت شـێوە جۆراو جۆر و پلەکانی گوتەی مێژوویـیەتی دەهێنین و شیاندەکەینەوە، کە هەمووی دەبەستێتەوە بە فەلسەفەی پاش مۆدێرنەوە، نەك بە مۆدێرنەوە، ئەو بەشەش لـەو باسەدا جەختدەکات لەسەرگرنگێتی جیاوازی خستن لـە نێـوان هـەردوو هەڵوێسـتی مۆدێرنەو پاش مۆدێرنە کە بەدرێژی قسەی لێدەکەین.

٧-لەڕاسـتیدا ئـەوە وردتـرە کـە گروپـی مۆدێرنگـەراکان دابەشـبکەین بـەلانی کەمـەوە بـۆ دوو گـروپ، ئـەویش بـەپێی ئـەو جیاوازییـەی کـە لـە نێـوان هـەردوو سـتراتیژی (ڕاڤـەکردنی سـەرلەنوێ) و (ڕەخنـەگرتنی ڕیشـەیی) دا هەیـە، دواتـر دەیانخەینەڕوو.

٨- تێگەیشـتنی وردیـش بەهەمانشـێوە ئـەوە دەخوازێـت کـە هەڵوێسـتە ئیسلامییەکان لە دیدی تیۆر و بنەماکانەوە بخەینـەڕوو، نـەك وەهـا بخرێنـەڕوو کـە

پەیوەستن بە کەسایەتی و ناوەکانەوە، چونکە زۆرێك لەو کەسایەتییانە کە لە ڕاپۆرتەکەدا لەژێر گروپێکی دیاریکراودا ناویان هێنراوە هەڵوێستییان لە نێوان دوو هەڵوێست یان زیاتردا دێت و دەچێت، ئەویش بەپێی ئەو بابەتە کە توێژینەوەی لێدەکرێ. بۆ نمونە مامۆستا قەرەزاوی لەو مەسەلانەدا کە خۆی بە (بنەمای نەگۆڕ)یان دادەنێ پەیڕەو لە هەڵوێستێك دەکات کە دەتوانرێ ناوبنرێ بە (کلاسیکی)، لەو مەسەلانەشدا کە خۆی بە (گۆڕدراو)یان دادەنێ پەیڕەوی لە هەڵوێستی (ڕاڤەکردنی سەرلەنوێ بۆ دەقەکان) دەکات، بەڵکو لەو مەسەلانەشدا کە وایان دادەنێ دەکەونە ژێر (بواری بۆشایی تەشریعی) پەیڕەوی هەڵوێستێك دەکات کە دەکرێ دایبنێین بە هەڵوێستێکی (عەلمانی)[1] وە هەروەها هیتریش.

٩- جا وێڕای ئەوە کە ڕاپۆرتەکە هەریەك لە نەوال سەعداوی و موحەممەد شەحرور و خالید ئەبولفەزڵی خستوونەتە ناو یەك هەگبەوە کە ئەوانە (مۆدێرنگەران)، بەڵام لەڕاستیدا هەڵوێستی نەوالی سەعداوی جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە هەڵوێستی هەر یەك لە موحەممەد شەحرور و خالید ئەبولفەزڵ. چونکە لە کاتێکدا نەوال سەعداوی ڕەخنە لە (ئیسلام و هەموو ئاینەکان) دەگرێ بەوەی کە (نێرینەگەرین و ئازادی ئافرەت سنوردار دەکەن)[2]، ئەوا گومانی تێدا نیە کە قسەو باسەکانی موحەممەد شەحرور و خالید ئەبولفەزڵ لە چوارچێوەی خودی کەلەپوری فیقهی ئیسلامیدایە، هەرچەندە لە هەڵوێستی (سەرلەنوێ داڕشتنەوەدا) بۆ پشتگیری لە ئافرەت قسەیان لەسەرەو دەکرێ لە وردەکارییەکاندا هاوڕا یان ناکۆك بین لەگەڵیاندا[3].

## پۆلێنکردنی پەیوەست بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان:

---

[1]- مدخل، القرضاوي، ل/٢٠٠.

[2] -Nawal El-Saadawi, 2002.

[3] -Khalid Abou El-Fadl, 2003 .

لێرەدا پـۆلێنکردنێکی تـر هەیـە جیـاوازە لـە دابەشـکردنی کۆمەڵـەکان بـۆ ئـەو گروپانە کـە لەسـەر ئایـدیۆلۆژیای ئیسـلامی) دامـەزراون، چـونکە ئـەم پۆلێنکردنـە دامەزراوە لەسـە ر میتـۆدی مامەڵـەکردن لەگـەڵ هـەردوو سەرچـاوەی سـەرەکی لـە ئیسلامدا: ئەوانیش بریتین لە قورئان و سوننەت، زۆربەیجار ئەو بیرمەنـد و زانایانـە ئەم پۆلێنکردنە دەخەنەڕوو جەخت دەکەن کـە لـە بەرانبـەر قورئـان و سـوننەتەوە هەڵوێستی (میانڕەوی)یان هەڵبژاردووە، ئەم هەڵوێستەش هەوڵدەدات بۆ چاکسازی کردن، یان هەستانەوە، یان زیندووکردنەوە، هەڵوێستەکەشیان دەکەوێتە نێوان دوو هەڵوێسـتی (توندڕەوانـە)وە ئـەوانیش هەڵوێسـتی پیتگـەرایی و هەڵوێسـتی بەخۆرئاوابوونە[1]. لە خوارەوە نیشـانەکانی هەریـەك لـەو سـێ جـۆرە دەخەینـەڕوو، ئەمەش ئەو دابەشکردنەیە کە لـەم دواییانـەدا لـە کتێبـە هـزری و فیقهییەکانـدا بـە تایبەتی بە زمانی عەرەبی زۆر بڵاوەیکردووە:

١-زاهیریی یان دۆگمایی: زاهیرییەکان بەوە وەسف دەکرێن (مامۆستا قەرەزاوی ناویناون بە زاهیرییە نوێیەکان) کە پەیڕەوی لە مانا دەقییەکانی قورئان و سوننەت دەکەن و (مەبەستەکانیان فەرامۆش دەکەن)[2]. واتای دۆگمایيـان بـەو مانایەیـە کـە زۆر بـە تونـدی شـوێنکەوتەو پـەیڕەوکاری یـەك مەزهـەبی فـیقهین، لـە حاڵـەتی زاهیریەتی نوێیاندا پەیڕەوی لە مەزهەبی حەنبەلی دەکەن بەڵام لە وێنـە سـەلەفی/ وەهابییەکەیـدا. وەهـابیش بزووتنەوەیـەکی ئیسـلامییە ناوەکـەی لـە نـاوی دامەزرێنەرەکەی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب وەرگرتـووە کـە لـە دوورگـەی عەرەبیدا بزووتنەوەیەکی ڕاگەیاند، ئامانجەکەی (زیندووکردنەوەی شێوەی ڕەسەن

---

[1]- الإعلان العالمي، علي عزت بيجوفيتش، ط١، ل/٤٩. الإجتهاد المعاصر بين الإنضباط والإنفلات، يوسف القرضاوي. تجديد الفكر الإسلامي، محمد عمارة. الحجاب، أبو الأعلى المودودي. Mohammad Khatami Islam Liberty, p.24.

[2]- تجديد الفكر الإسلامي، محمد عمارة، ل/٥.

و پـاکی ئیسـلامەو پاککردنەوەیـەتی لـەو هـەموو بیدعـە سـۆفیگەرییە کـە لکـاون پێیـەوە)[1]. شـوێنکەوتووانی موحەممـەدی کـوڕی عەبـدولوەهاب پشـتگیرێکیان بـۆ خۆیـان دۆزییـەوە ئـەویش عەبدولعـەزیز ئـال سـعود بـوو، دامەزرێنـەری دەوڵـەتی سعودییەی نوێ، موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب لە پەیڕەوانی مەزهەبی حەنبەلی بوو، بە تایبەتی ئیبن تەیمییە.

٢- عەلمانییـەت یـان بـوون بـەخۆرئاوایی: نازنـاوی عـەلمانی یـان بـوون بـە خۆرئاوایی دەدرێ بەسەر ئەو ئاراستەیەدا کە ڕەخنەیەکی گڕئـامێز دەدات بـەڕووی بیرو فیقهی زانایانی ڕەوتی ئیسلامی باو و زاڵدا بە پشتبەستن لەسەر فەلسـەفە یـان میتۆدی نوێ. عەلمانییەکان بـەوە تۆمـەتبار دەکـرێن کـە (ڕیشـکە فەلسـەفەکەیان دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ژیـــاری خۆرئـــاوایی)[2]. هـــەروەها تۆمـــەتبار دەکـــرێن کـــە دوورکەوتوونەتـەوە لـە دەقـە شـەرعییەکان و بیرکردنـەوەی تایبـەتی خۆیانیـان لا باشترە تا ئەوان[3] .

٣- میـانڕەویی یـان زیندووکردنـەوە: ئەمـە ئاراسـتەیەکی نوێیـە لـە فیقهـی ئیسلامیدا، بەرگری لە هەڵوێستێك دەکـات لـە نێـوان ئـەو دوو هەڵوێسـتەدا کـە لـە سەرەوە هێنران. میانڕەوەکان بە گشتی خۆیان گەمارۆ نادەن لە نێو یەك مەزهەبی باو لە مەزهەبە فیقهییەکاندا، بەڵکو دێن هەڵبژاردن دەکەن لە نێو ڕای مەزهەبەکاندا ئەویش لەپێناو جێبەجێکردنی بەرژەوەندی موسڵمانان لە واقیعدا[4].

لێرەشدا ڕاو تێبینی لەسەر پۆلێنکردنە پێشووەکە دەدەین:

---

[1]- فتح المجيد شرح كتاب التوحيد، عبد الرحمن الشيخ، ل/١٣-١٤.

[2]- تجديد الفكر الإسلامي، محمد عمارة، ل/٥.

[3]- مقاصد الشريعة، العوا.

[4]- الأجتهاد المعاصر، القرضاوي، الإعلان الإسلامي، بيجوفيتش. تجديد الفكر الإسلامي.

١- ئەم پۆلێنکردنە، حاڵی وەکو حاڵی پۆلێنکردنە پێشووەکە وایە، وادابنێ ئەو گروپانە کە ناوبراون تەرخانن لەسەر چەند جۆرێکی سەپێنراوی بێگیاندا، وە وادانێ تاکەکانی هەر کۆمەڵەیەك ڕێکبخرێ لە جۆرێکدا کە کەسی تری تێنەچێت. ئەمە لە کاتێکدا هەریەك لەو ئاراستانە کە لەو پۆلێنکردنەدا باسکراون ئاراستەی لاوەکی تێدایەو توێژەر دەتوانێ جیایان بکاتەوە. بۆ نمونە زاهیرییەکان زۆرجار فەتوای وا دەدەن کە هەرگیز ناگونجێت لەگەڵ مانا ڕواڵەتییەکانی قورئان و سوننەتدا، بەڵکو بە پلەی یەکەم و بەشێوەیەکی سەرەکی گونجاون لەگەڵ تێگەیشتنی باوی ناو ژینگەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکاندا، ئیتر ئیسلامی بن یان غەیرە ئیسلامی.

٢- ئەوە کارێکی ورد و تێروتەسەلە بێین ڕێبازەکان پۆلێن بکەین نەك خەڵکی پۆلێن بکەین، چونکە زۆرێك لە زانایان لە هەڵوێستێکی تیۆرییەوە دێنەدەر و بەپێی بارودۆخی واقیعەکە دەڕۆن بەرەو هەڵوێستێکی تر.

٣- بەدڵنیایی کە قوتابخانەی میانەڕەویی بەشدارییەکی زۆر گرنگی هەبووە لە ڕزگاربوون لە پابەندبوونی بێگیان بە مەزهەبە ئیسلامییە باوەکانەوە با لەسەر حیسابی بەرژەوەندی خەڵکیش بووبێت. لە هەمانکاتیشدا تێگەیشتنێکی هاوچەرخانەی بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت پەیڕەو کردووە ئەویش بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە (ڕۆحی دەق). بەڵام ئێمە لە نێو ئەو گروپەدا کە سەر بە قوتابخانەی میانڕەوییە فرەجۆرییەکی زۆر دەبینین لە بەرنامەکانی تێگەیشتنی کلاسیکی بۆ مەزهەب و دەقەکان، ئەوە ڕاست و دروستە هەندێ لەو بەرنامانە وەسفبکرێن بە (مۆدیرنەیی) یان (عەلمانی)، هەندێکی تریشیان بە پیتگەراو زاهیریی ڕووت وەسفبکرێن.

٤- ئەوە ورد نیە هەردوو زاراوەی (بوون بەخۆرئاوایی) و (مۆدێرنەیی) وەها بەکاربهێنرێن کە دوو وشەی هاو واتان، موحەممەد خاتەمیش چاکی پێکاوە کاتێ

ئەمەی تێبینی کردووە[1]. جا هەرچەندە مۆدێرنە لە خۆرئاوادا دەرکەت، تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی سەرلەنوێی بەشێوازی جیا جیا بۆ کرا لە جیهاندا لەنێویشیاندا ئەو وڵاتانە کە زۆرینەیان موسڵمانن.

٥- گرنگە تێبینی بکەین کە فەلسەفەی (خۆرئاوایی) کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر خودی ڕەوتی میانڕەوی هەبووە ئەویش لە ڕێگای کاریگەری موحەممەد عەبدە و قوتابییە زۆرەکانیەوە.

٦- لەڕاستیدا زاراوەی (عەلمانییەت) زاراوەیەکە دەبردرێت بەسەر زۆر ڕێبازی بیرکردنەوەدا، هەندێکیان پەیوەندییان نیە بە (جیاکردنەوەی کەنیسە لە سیاسەت) کە زاراوەکە کاتێ لە خۆرئاوا دەرکەوت ئەم واتایەی دەبەخشی، کەواتە کاتێ لەبارەی عەلمانییەتەوە قسە دەکەین پێویستە بە دیاریکراوی ماناکەی دەستنیشان بکەین.

٧- حاڵەتی دابەشکردنی سەراپای جیهان بۆ (ئیسلام) لە بەرانبەر (خۆرئاوا)وە کە لە نوسینەکانی نوسەرە میانەڕەوەکاندا بوونی هەیە، وادەبینم لە هەمان دابەشکردنی نوسەرە پێشووەکانەوە سەرەوخوار بووەتەوە بۆمان کە جیهانیان بۆ وڵاتی ئیسلام لە بەرانبەر وڵاتی جەنگەوە دابەشکردووە. مەخابن کە کەشو هەوای سیاسی هاوچەرخ هاندەرە لەسەر پەیڕەوکردنی ئەم دابەشکردنە دوالیزمە سادەیە. سەدەی بیست و یەکمان بە چەند شەڕ و ناکۆکییەکی توندوتیژ و سەخت دەستپێکرد کە دوژمنایەتی قوڵتر کردەوەو ژمارەیەك لە دەوڵەتانی خۆرئاوا لەم دیدگایەوە دەڕواننە ئەوەی ناویاننناوە بە (جیهانی ئیسلامی). لە بەرانبەریشەوە لەلایەنی ئیسلامییەوە هەڵوێستێکی تەریب بەوە وەك پەرچەکردارێك بۆ حاڵەتی بەرگریکردنی ڕەوا لە خود پەیڕەو کرا.

٨- جیاوازییەك لە نێوان ئەو تێڕوانینە (مۆدێرنە)یانە کە بەشێوازێك لە شێوازەکان کاریگەر بوون بە مۆدێرنەوە، وە نێوان ئەوەی ئەم کتێبە داوای دەکات

---

[1]-25 Mohammad Khatami Islam Liberty, p.

که به تێڕوانینی (پۆست مۆدێرنە) بڕوانرێتە فیقهی ئیسلامی بوونی هەیە، ئەم هەڵوێستەش بە شێوازێك لە شێوازەکان کاریگەر بووە بە تیۆرو فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە، دواتریش بە درێژی باسیدەکەین.

ئێستەش هەڵدەستین بە خستنەڕووی پۆلێنکردنێك کە چڕدەبێتەوە لەسەر تیۆرو مەزهەبە هاوچەرخەکانی فیقە و هزری ئیسلامی، ئەوەش بەپێی چەند ڕەهەندێك کە ڕەهەندی (پلەکانی حوجییەت) و سەرچاوەکانی ئەو هزرە یان ئەو فیقهە دەگرێتەوە. بەڵام لەم باسەدا کە دێت سەرەتا هەڵدەستین بە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕەهەندانە.

## ٢-٥ دابەشکردنی پێشنیارکراو:

### پلەکانی حوجییەت:

زۆربەی باسەکانی زانستی ئوسوڵ بەدەوری دوو ئاستی لە ئاستەکانی حوجییەتدا دەسوڕێنەوە، واتە ئەوەی دادەنرێت بە بەڵگەیەکی پەسەندکراو لە بەرانبەر ئەوەوە کە بە بەڵگەی ناپەسەند دادەنرێت، کە لێرەوە بەپێی دەستەواژەی ئوسوڵی دەبێتە (ناڕەوا). حوجییەت بنەمایە بۆ حوکمی شەرعی، بەڵام ناڕەوا بریتییە لەو بەڵگەیە کە هەر لە بنەڕەتەوە ڕەخنەلێگیراوەو هیچ جۆرە بەڵگەیەکی لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا تێدا نیە، بەم پێیەش حوکمی شەرعی لەسەری دانامەزرێ. نمونەی ئەمەش ئەو کتێبت و بابەتانەیە کە پێشەوایان لەبارەی پوچەڵکردنەوەی هەندێ بەڵگەو شێواز نوسیویانە، هەروەك لە کتێبی **(بطلان الأستحسان)** ی شافیعی، هەروەها کتێبی **(إبطال قول الفلاسفة**–کتێبیکی گەورەیە لە سێ بەرگدایە–**)**، کتێبی **(إبطال التواتر) ی** ئیبن ڕاوەندی، وە تا دەگاتە کتێبی **(بطلان الكيمياء) ی** ئیبن قەییم و هیتریش[1]. خوێنەر لە شێوەی ٥–٢ دا دابەشکردنی دووانەیی باوی حوجییەت دەبینێت.

[1]– الفهرست، محمد أبو الفرج إبن النديم، ب١، ل٢٩٦، ٣٠٠، ٣٠٦. كتب ورسائل وفتاوى، إبن تيمية، ب١، ل٢١/.

| بەڵگەی ناڕاست (ناڕەوا) | بەڵگەی ڕاست (ڕەوا) |
| --- | --- |

شێوەی ٥–٢: بەڵگەکان لەم دابەشکردنە باوەدا دابەش دەبن بۆ دوو جۆر، بەڵگەیەکی ڕاست کە پێی دەوترێ حوججە، وە بەڵگەیەکی ناڕاست کە پێی دەوترێ ناڕەوا.

لە چەند حاڵەتێکی کەمدا ڕوودەدات کە هەندێ لە فیقهناسان لە هەموو مەزهەبەکان وەسفی (بۆ پشتگیریی) دەدەن بەسەر ئەو بەڵگانەدا کە حوجییەتی ڕاستەوخۆیان نیە، بەڵکو دەبنە پشتگیرکار بۆ بەڵگەی تر. پێدانی ئەم پلەیە لە حوجییەت گونجاوە کە پشتگیری بە بەڵگەی تر ببەخشێت، بەڵام خۆی نابێتە حوججە[1]. بۆ نمونە پێشەوا شافیعی فەرموودە مورسەلەکانی بە ڕیوایەتی ئیبن موسەییب بۆ (پشتگیری) پەسەند کردووە، نەك وەها کە خۆیان حوججە بن[2]. (بڕوانە شێوەی ٥–٣). جگە لەوەش چەند بەڵگەیەك هەن کە فیقهناسان لەسەر ئاستی (پشتگیریی) پشتیان پێبەستوون، بە تایبەتی لە مەزهەبی شافیعیدا، وەك (کارکردن بە کەمترین شتێك کە وتراوە) و (ئیلهام) و (مانای میانەیی) و (پارێزگاری)[3]. لەولاشەوە ئێمە لە تیۆرەکانی ئێستای فیقهی ئیسلامیدا ژمارەیەك بەڵگەی شەرعی بەپێی فیقهی بۆماوە دەبینین دادەنرێن بە بەڵگەی (ڕەسەن)، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان گوازراونەتەوە بۆ ئاستی بەڵگەی (پشتگیریی) هەروەك لەم بڕگەیەدا ڕوونیدەکەینەوە.

---

[1]– البرهان، الجويني، ب٢، ل/٨٣٢. الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب٢، ل/٢٨٥. شرح القواعد الفقهية، الشيخ أحمد الزرقا، ب١، ل/١١٢. التحبير شرح التحرير في أصول الفقه، علاء الدين مرداوي، ط١، ب٤، ل/١٧٦٦. الفرقان مع حواشيه، القرافي، ب٣، ل/٣٤٦.

[2]– اللمع في أصول الفقه، أبو إسحاق الشيرازي، ب١، ل/٧٥.

[3]– الأدلة الأستئناسية عند الأصوليين، أبو قدامة الشرف الكناني، ط١، ل/٢٢.

| | | |
|---|---|---|
| حوججە (ڕەوا) | بۆ پشتگیریی | ناڕەوا |

شێوەی ٥–٣: بۆ پشتگیری پلەیەکی مامناوەندە لە حوجییەت
کە لە هەندێ حوکمی شەرعیدا دەردەکەوێت.

ئاستێکی تریش لە حوجییەت بوونی هەیە کە بەمجۆرە ڕوونیدەکەینەوە: فیقهناسان لە کۆن و نوێدا هەندێجار ڕێبازی لێکدانەوەی مانا بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز یان فەرموودەی پیرۆز دەگرنەبەر[١]. من لێرەدا بەوەی دادەنێم کە پێی دەوترێ (لێکدانەوە)، ئەویش بریتییە لە میتۆدی (سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوەی قورئان) کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد، چونکە هەمیشە راڤەکردنێکی نوێ و جیاواز لە راڤەکردنەکانی تر کە لە تەفسیرە باو و بۆ ماوەکاندا هەیە دەخاتەڕوو.

بەلامانەوە گرنگە ئەوە بە بیربێنینەوە کە فیقهناسان چەند مەرجێکیان بۆ لێکدانەوە یان سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوەی قورئان داناوە تا لێکدانەوە نوێیەکە پەسەند بێت–زەرکەشی کورتیکردوونەتەوە لەم چەند مەرجەدا:

١– نابێت لێکدانەوە نوێیەکە دژ بێت بەو ڕێسا زمانەوانییانە کە بۆ سەلامەتی زمانی عەرەبی پێویستن.

٢– نابێت لێکدانەوە نوێیەکە پێچەوانە بێت لەگەڵ بەکارهێنراوە باو و بەربڵاوەکانی زمانی عەرەبیدا.

٣– نابێت تەفسیرە نوێیەکە دژ بێت لەگەڵ بنەما گشتییەکانی فیقهی ئیسلامیدا[٢].

---

[١]– التحبير شرح التحرير في أصول الفقه، ب٣، ل/٥٣، ٣٣٦، ٤٢٢. الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب١، ل/٢١٦. المنخول في تعليقات الأصول، أبو حامد الغزالي، ط٢، ل/٢٨٦. أصول السرخشي، السرخسي، ب١، ل/٣٦٩. البحر المحيط، ب٤، ل/٤٧٣. شرح التلويح على التوضيح لمتن التنقيح في أصول الفقه، سعد الدين التفتازاني، ب١، ل/١٢٦. تيسير التحرير، أمير بادشاه، ب١، ل/٢٣٣. كشف الأسرار، البخاري، ب٤، ل/٤٦٩.

[٢]– البحر المحيط، الزركشي، ب٣، ل٣٢.

پرۆسەی لێکدانەوەش بە سروشتی خۆی جۆرێك لە تایبەتکردنی مانای تێدایە، بۆ نمونە شافیعییەکان بڕیاریانداوە کە سەوزەوات لەو بەرهەمانەیە زەکاتی دەکەوێتە سەر، لە کاتێکدا کە فەرموودە پیرۆزەکە دەفەرموێ: ((سەزەوات زەکاتی ناکەوێتە سەر))، چونکە لێرەدا وەها لە وشەی صەدەقە گەیشتوون کە دەگەڕێتەوە بۆ خێرکردنی ئارەزوومەندانە نەك بۆ صەدەقەی زۆرەملێ کە زەکاتە[1]. کەواتە ئەم بەڵگەیە کە پشتی بە سەرلەنوێ لێکدانەوەو تێگەیشتنێکی نوێ بۆ دەقەکە بەستووە پشتی بە لێکدانەوە بەستووە، ئەمەش حوکمێکە گومانمان وایە لە هیچ حاڵەتێکدا ناگاتە پلەی حوجەی گومانبڕ. (بڕوانە شێوەی ٥-٤).

| حوجە (ڕەوا) | لێکدراوە | بۆ پشتگیریی | ناڕەوا |
|---|---|---|---|

**شێوەی ٥-٤: لێکدانەوە بریتییە لە پلەیەکی حوجییەت**
**لە نێوان حوجەو بۆ پشتگیریی دا**

فیقهناسان لە هەندێ حاڵەتی تردا ڕەخنەیان لە بەڵگەکان گرتووە بەڵام بەشێوازێك نا ئەو بەڵگەیە بە تەواوەتی بە شێوازی بەراوردکردن (واتە ڕاستی لە بەرانبەر ناڕەواوە) پوچەڵبکاتەوە، بەڵکو هاتوون دەستەواژەی وەك (شتێکی تێدایە) یان (شاراوەیەکی تێدایە) یان (کڕاندنێکی تیایە) ڕەخنەکەیان ئاراستە کردووە[2]. بۆ نمونە عەبدولحەی لەکنەوی، کە حەنەفی مەزهەبە، هاتووە ئەم دەستەواژەیەی پێشەوەی بەکارهێناوە تا ڕەخنە بگرێ لە مەزهەبە حەنەفییەکەی خۆی کە لە چارەسەرکردنی تەمومژی فەرموودە دژ بەیەکەکاندا هەڵوەشاندنەوەی پێشخستووەو داویەتی بەسەر (کۆکردنەوەدا)، کە لە ئایندەدا بە درێژی باسی دەکەین[3].

---

[1]- أصول الشاشي، الشاشي، ب١، ل/٧٦.

[2]- البحر المحيط، الزركشي، ب٤، ل/٥٨٢.

[3]- الأجوبة الفاضلة للأسئلة العشرة الكاملة، محمد عبد الحي اللكنوي، ل/١٨٣.

| حوججە | لێکدراوە | بۆ پشتگیریی | شتێکی تێدایە | ناڕەوا |
| --- | --- | --- | --- | --- |

**شێوەی ٥-٥: (شتێکی تێدایە) پلەیەکی حوجییەتی کەموکورتە لە نێوان بۆ پشتگیریی و ناڕەوادایە.**

جگە لەمانەی پێشەوە لەم ماوە نزیکانەدا دوو جۆر لێکدانەوەی تر لە بواری فیقهی ئیسلامیدا بڵاوبوونەوە ئەوانیش لێکدانەوەی پاساوهێنانەوە، وە لێکدانەوەی ڕیشەیی یان نوێ. لێکدانەوەی پاساوهێنانەوە هەوڵدەدات تەفسیرێکی (ئەقڵپەسەند) یان (لۆژیکی)-بەپێی دارشتنی خۆیان- بۆ حوکمە فیقهییە کلاسیکییە بۆماوەکان بدۆزنەوە، باوەڕیان وایە ئەو حوکمانە دژن لەگەڵ (ئەقڵ) یان لەگەڵ (ڕفتاری ئیسلامی پەسەندکراودا)، بێئەوەی ئەوکارە مانای گۆڕینی حوکمەکە بێت لە ڕووی پراکتیکییەوە، بەڵکو ئەوە تەنها پاساوهێنانەوەو پۆزش کردنە. با نمونەیەك لەسەر ئەم حاڵەتە بڵێین، بێئەوەی بە مەرج بگیرێ کە هیچ یەك لەو ڕایانە پەیڕەو بکەین، بۆ نمونە: لێکدانەوەی فرە ژنی لە ئیسلامدا، کە لە ئایەتی سێیەمی سورەتی النساء دا هاتووە، جا وەك پاساو و بیانوو هێنانەوەیەك لەبارەیەوە وتراوە: مەبەستەکەی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری نا هاوسەنگیی (سروشتییە) لە نێوان ژمارەی پیاوان و ئافرەتاندا (کە لەڕاستیدا سەرژمێرییەکی ورد نیە). نمونەی دووەمیش لە لێکدانەوەی ئایەتی ٢٨٢ ی سورەتی البقرة (ئایەتی قەرزدان) کە شایەتیدانی یەك پیاوی لە بەرانبەر شایەتیدانی دوو ئافرەتەوە داناوە، لێکدانەوەی پاساودارییش دەڵێ: (ئەمە باشترە لەو یاسایانە کە هەر لە بنەڕەتەوە شایەتیدانی ئافرەتیان پێ قوبوڵ نیە) یان ئەوە (تەرخانکراوە تەنها لەسەر مامەڵەی دارایی کە لە ئایەتەکەدا هاتووە، بۆ مەسەلەی تر نیە)[1]. هەروەها

[1] -Muslehuddin, Mohammad, 1985 p217.

لێکدانەوەی ئایەتی ٣٤ لە هەمان سورەتدا تایبەت بە (ڕاگرییەتی–القوامة) کە باس لە لێدانی ئافرەتانی (ناچیزە) دەکات، ئەو پاساوهێنەرانە دەڵێن مانای ئەوەیە کە (نابێت ئەم سزایە لە لێدان بە سیواك بەولاوە تێپەڕ بکات)[١].

لەلایەکی ترەوە، نابێت لێکدانەوەی ڕیشەیی یان تەواو نویێ دژ بێت لەگەڵ مانای ئەو وشانەدا کە لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا دەیانبینین، بەڵکو دەبێت لە دووتوێی دیسپلینە ڕێگا پێدراوەکانی لێکدانەوەدا بمێنێتەوە وەها کە فیقهناسان پێشتر باسیان کردووە. بەڵام لێکدەرەوە نوێیەکان هاتوون لێکدانەوەی ڕیشەیی وەهایان خستووەتەڕوو کە پێشتر شتی وا نەبووە، هەندێجار گونجاون و هەندێ جاری تریش دووردەکەونەوە لە بەکارهێنانەکانی وشە عەرەبییە ناسراوەکاندا–بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئوسوڵییەکان ڕێگای پێدەدەن–. بۆ نمونە لەبارەی ئەو ئایەتانەوە کە پێشتر باسمان کردن، هەندێ لەو لێکدەرەوانە لەسەر ئایەتی ٣ ی سورەتی النساء دەڵێن: لەڕاستیدا فرە ژنی لە فیقهی ئیسلامیدا تەرخانە لەسەر هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتانی بێباوکدا هەروەك لەفزی ئایەتەکە دەیڵێت، یان (مثنی و ثلاث و رباع) مەبەست پێی ژمارە نوێیە (!)، ئیتر بۆ مەسەلەی تریش هەروەها[٢]. بەهەمانشێوە ئایەتی ٢٨٢ لە سورەتی البقرة، کە پەیوەندی بە شایەتیدانی ئافرەتەوە هەیە، پێویستە لە لێکدانەوەی ڕیشەیی یان نوێدا ببەسترێتەوە بە (پێوەری مێژوویی واقیعییەوە)[٣]، واتە تەنها بە هۆکارەکانی هاتنەخوارەوەی. هەر ئەوانە دێن لێکدانەوە بۆ ئایەتی٣٤ لە سورەتی النساء دەکەن، کە وشەی (وآضربوهن) مانای ئەوەیە (وەك نمونە بۆیان بهێنرێتەوە) وەك

---

[١]– لە ڕاپۆرتی ڕاند لە ساڵی ٢٠٠٤ دا باسکراوە.

[٢]– نحو أصول جديدة، محمد شحرور، ل/٢٧٨.

[3] –Abdelwahab El-Affendi, 2001. P45.

جۆرێك لـە ئامۆژگـاریكردن، یـان لێـدان واتـە پشـت تێهـەڵكردن، شـتانی تـری لـەم بابەتەش هەن[1].

خوێنەر لە شێوەی ٥-٦ دا پوختەیەك بۆ هەریەك لە (ئاستەكانی حوجییەت) كە لەپێشەوە باسمانكردن دەبینێت.

| حوججە | لێكدانەوەی پاساودار | لێكدراوە | بـــــــۆ پشتگیری | شـتێكی تێدایە | لێكدانەوەی توندڕەو | ناڕەوا |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |

**شێوەی ٥-٦: ئەم كتێبە بە مەبەستی شیكردنەوە پێنج ئاستی تر لە ئاستە زیادكراوەكانی حوجییەت دەخاتەڕوو كە لە نێوان (حوججە) و (ناڕەوا) دان**

گومانی تێدا نیە ئەو تێڕوانینەی لەسـەر فـرە ڕەهەنـدی بونیـاتنراوە، كـە لـە بەشـی دووەمدا باسمانكردووە، جۆرە گواسـتنەوەیەكی لـە پـۆلێنكردنی بەرانبـەركێی ڕاهـاتوو لەسەر حوجییەت تێدایە، لە نێـوان ئـەوەدا كـە حوججەیـەو ئـەوەی پوچـەڵ و نـاڕەوای ڕەهایە، بەڵكو گواستراوەتەوە بۆ پۆلێنكردنێكی فرە ئاست كە پلـەكانی حوجییـەت لـە سەرچاوەكاندا لای بەڵگەهێنەران فرە ڕەهەندن ، هەروەك پێشتر ڕوونمان كردەوە.

هەروەها، ئەوەی لەگەڵ تیۆری ڕشتەبەندییەكاندا گونجـاوە ئەوەیـە كـە دەبێـت پۆلێنكردنـەكانی سـەرەوە بـەپێی پێـوەرێكی كـراوەبن نـەك لـەنێو سـندوق و چوارچـێوەی داخـراودا وەك ئـەوەی لـە شـێوەی ٥-٦ دا خسـتمانەڕوو. هـەروەها دەبێـت ئـەو سـودە پراكتیكییـە دەسـتەبەر ببێـت كـە (شـەبەنگێك لـە بەڵگـەكان) دەیخەنـەڕوو نـەك كۆمەڵـە چوارچـێوەیەكی سـنوردار بـۆی، ئـەویش بریتییـە لـە كردنەوەی دەرگا لەبەردەم چەندین ئاستی حوجییەتی نوێ جیاواز لـەوەی لێـرەدا

[1]- نحو أصول جديدة، محمد شحرور، ل/٣٢٣.

دەکەوێتە بەرچاوی توێـژەر، یـان ڕەخنـەگرتن لـە خـودی ئـەوەی بـە پێوەرێـك لـە پێوەرەکان دەیخەینەڕوو. دەتوانرێ لە ڕێگای شێوەی ٥–٧ ڕوونببێتەوە کە چۆن دەتوانین بڕوانینە ئاستی حوجییەتە جۆراو جۆرەکان لە شـەبەنگێکی بـەردەوام لـە نێوان حوججە لەلایەکەوەو پوچەڵ و ناڕەوا لەلایەکی ترەوە.




**شێوەی ٥–٧: شەبەنگێکی فرە بەها بۆ حوجییەت، لە حوججەوە دەست پێدەکات و لە ناڕەوادا تەواو دەبێت**

**(سەرچاوەکانی تەشریع) لە فیقهی ئیسلامیی هاوچەرخدا:**

پێشـتر لـە بەشـی چـوارەمدا بەشـێوەیەکی کـورت سەرچـاوەکانی تەشـریع و بەڵگەکانی فیقهی کلاسیکی بۆماوەمان خستەڕوو، ئەوانیش بریتی بوون لە: قورئانی پـیرۆز، سـوننەتی پێغەمبـەرێتی، کـۆدەنگیی، پێوانـەگیریی، بەچـاکزانین، عـورف، ڕەئی پێشەوا، ڕای هاوەڵان و ئیستیصحاب و هیتریش. بەڵام ئەگـەر ئێمـە بڕوانینـە تیۆرەکانی فیقهی ئیسلامی هاوچەرخ ئەوا دەبینین کە فیقهی خۆیان لە سەرچـاوەو بەڵگەی تری جگە لەوانەش کە باسکران وەردەگرن. ئەم بڕگەیەش هەوڵدەدات ئـەو سەرچـاوانە لەیـەك جیابکاتـەوە، ئـەویش بـە پشتبەسـتن لەسـەر ڕووپێـوکردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرچاوە هاوچەرخەکان، هەروەك لە پەراوێزەکاندا دەردەکەوێ.

فیقهناسه هاوچەرخەکان بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێنەوە بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمووده پیرۆزەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، هەروەها بۆ ئەو حوکمانەی کە لە مەزهەبە فیقهییە مێژووییەکانەوە بۆمان ماونەتەوە. بەڵام دەبێ بزانرێ تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و تێگەیشتن لە فەرمووده پیرۆزەکان، بەهەمانشێوەش لە هەموو ئەو حوکمانەی لەلایەن مەزهەبە فیقهییەکانەوە دەرچوون، زۆربەیجار دەکەونە بەر دەستنوسە بەردەستەکان کە چەندین توێژەر لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا هەستاون بە نوسینەوەو دەرهێنانیان. سەدەی بیستەم جوڵەو چالاکییەکی بەرفراوانی لە نوسینەوەو بڵاوکردنەوەی ئەو دەستنوسانە بەخۆیەوە بینی، بە تایبەتی ئەو کتێبە عەرەبیانە کە پەیوەندییان بە فیقهی ئیسلامی و سەرچاوەکانیەوە هەیە. دەزگاکانی بڵاوکردنەوە تا ئەوپەڕی ئاستی بەرفراوان هەستان بە چاپکردنی ژمارەیەکی زۆر کتێب بە تایبەتی لە بەیروت و قاهیرە، کە پێشتر نەدەگەیشتنە دەست کەس جگە لە کەمێکی کەم نەبێت لە پسپۆڕانی فیقهی ئیسلامی و قوتابیەکانی لە زانکۆ ئیسلامییە مێژووییەکاندا. شایانی باسە هەڵبژاردنی ئەو دەستنوسانە کە لە کتێبخانە دەستنوسییە سەرەکییەکان لە سەرتاسەری جیهاندا دەڕەخسان و بەردەست بوون دەکەوتنە بەر میتۆدە کلاسیکییەکان کە جێگای متمانەی ئەو زانکۆیانە بوون.

بەڵام لەم ماوە نزیکەدا کە ڕابورد ژمارەیەکی زۆر لە پێگە ئیسلامییەکان لەسەر ئینتەرنێت و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی سی دی CD مەوسوعەیی لەسەر ئاستێکی گەورە بەشداریان کرد لە بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبانەدا بە ژمارەیەکی زۆرترو زیاتر لەوەی کە پێشتر لەبەردەستدا بوون[١]. جگە لەوەش لێکۆڵینەوە لە دەستنوسەکان و قسەکردن لەسەریان بووە ئاراستەیەکی سەرەکی لە خاڵەکانی

---

[١]– دەکرێ بۆ بینینی سەرچاوەی فراوانترو هاوچەرخ لەبارەی (پێگە ئیسلامییەکان)ەوە بگەڕێینەوە بۆ:
Gary Bunt. 2007, http; //www. Virtuallyislamic. Com/

توێژینەوەدا بۆ خوێندنە باڵاکان کە پەیوستبوون بە فیقهی ئیسلامییەوە لە زانکۆ ئیسلامییەکاندا، تەنانەت لە بەش و لقی خوێندنە ئیسلامییەکانی دەرەوەی ئەو زانکۆیانەش لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا بڵاوەیان کرد.

لە توانادا نیە بێین بەدواداچوون یان ڕووپێویکی تەواو بۆ هەموو ئەو دەستنوسانە بکەین کە لە سەرتاسەری جیهاندا نوسراون یان چاپکراون و پەیوەستن بە فیقهی ئیسلامییەوە، بەڵام من، لە ڕێگای سەردانی بەردەوامم بۆ کتێبخانە زانکۆییەکان، هاوکات تێکەڵاوی دەستەویەخەم لەگەڵ پێشانگاکانی کتێب و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لە وڵاتاندا، توانیم لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو نوسەر و فیقهناسانە بکەم (لە نێوان سەدەی دووەم و سەدەی دوازدەیەمی کۆچیدا)، ئەوانەی کە دەستنوسە فیقهییەکانیان لەم سەردەمەدا چاپکراون و تێگەیشتنی هاوچەرخ بۆ ئەو فیقهە پێکدەهێنن. لە خوارەوە لیستێك بە ناوی ئەو زانایانە کە لە بواری تەفسیر و فەرموودەو فیقه و زانستی ئوسوڵدا لە هەموو مەزهەبەکاندا بەرهەمیان هەیە دەخەینەڕوو:

**١-تەفسیری قورئانی پیرۆز:** ئەو ڕاڤەکارانەی قورئانی پیرۆز کە لە ئەمڕۆدا لە نێو هەموو مەزهەبەکاندا ناوبانگیان دەرکردووە بریتین لەم زانایانە: إبن كثير، تەبەری، بەیزاوی، زەمخشەری، ڕازی، شەنقیتی، بەغەوی، ئەبو سعود، ئەلسەعدی، نەسەفی، تەباتەبائی، قوممی، تووسی، بەدرولموتەئەلیهین، واحیدی، سەعالیبی، سیوتی، قورتوبی، ئالوسی، سەمەرقەندی، کاشانی، جەنابیزی، عەبدولجەببار، سەمعانی، ئیبن تەیمییە، شەوکانی، مەواردی، حەربی، کوفی، هەوواری، ئیتفیش و خەلیلی.

**٢- کتێبەکانی فەرموودەی پیرۆز:** ناودارترینی ئەو فەرموودەناسانە لە هەموو مەزهەبەکان کە فەرموودەکانیان لە کتێبە باوەڕپێکراوەکاندا کۆکردووەتەوە بریتین

لەم زانایانە: بوخاری، موسلیم، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، حاکم، ئیبن جارود، ئیبن حەببان، ئیبن خوزەیمە، بەیهەقی، نەسائی، ئەبو داود، ئیبن ماجە، ترمزی، دارقوتنی، دارەمی، ئیبن بابەویە، تەحناوی، مالیك، شافیعی، ئەبو حەنیفە، عەبدوڕەزاق، تەبەری، تەبەرانی، ئیبن ئەبی شەیبە، بەززار، رەبیعی کوڕی حەبیب، کولەینی، مەجلیسی و عاملی.

**٣- فیقه و ئوسول:** لێرەشدا ناوی ناودارترینی ئەو فیقهناسانە دێنین کە لە ئەمڕۆدا هەریەکەیان لە مەزهەبی خۆیدا لە ڕێگای دەستنوسەکانییەوە دەرکەوتووە و لەم دواییانەدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، بەم پێیەش کتێبەکانیان بوونەتە (کتێبی باوەڕپێکراو) بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو مەزهەبانە.

**(أ) مەزهەبی حەنەفی:** ئەبو حەنیفە، ئەبو یوسف، موحەممەد کوڕی حەسەن، سورخوسی، بەزدەوی، ئیبن نەجیم، ڕازی، مەرغیانی، کاسانی، زەیلەعی، سەمەرقەندی، تەحاوی، سیواسی، ئیبن موسا، عەبدولحی لەکنەوی، شێخ زادە، ئیبن همام و ئیبن عابیدین.

**(ب) مەزهەبی مالیکی:** مالیك، ئیبن وەهەب، سەحنون، ئیبن عەرەبی، قەرافی، مەوواق، عەبدەری، سەعالیبی، غەرناتی، ئیبن عەبدولبڕ، کوردی، عەدوی، ئیبن ڕوشد، شاتیبی، دەردیر، ئیبن فەرحون، خورشی، وەنشریسی، شازلی و سەنوسی.

**(ت) مەزهەبی حەنبەلی:** ئیبن حەنبەل، میروەزی، خەللال، ئین تەیمییە، ئیبن قەییم، توفی، ئیبن ڕەجەب، ئیبن لەححام، ئیبن بەتتە، مەردەوی، بەهوتی، مەقدیسی، ئیبن موفلیح، ئیبن قودامە، بەغەوی، زەڕکەشی، بەعلی و خەرقی.

**(ث) مەزهەبی زەیدی:** زەید، واسیتی، ئیبن زەرقان، ئیبن موزاحیم، ئەحمەدی کوڕی عیسا، ئەلقاسم، ئەلهادی، ئیبن ئیسحاق، ئەنەسی، ئیبن مورتەزا، ئیبن موفەتتەح، لەم دواییانەشدا شەوکانی دەرکەوت.

**(ج) مەزهەبی ئیبازی:** جابیر کوڕی زەید، ئیتفەییەش، بەهلەوی، ئیبن جەعفەر، حوری، سولەیمی، شەمرەخی، عەوتەبی و شەقصی.

**(ح) مەزهەبی جەعفەری:** جەعفەر، کولەینی، ئیبن بابویە، ئیبن قولویە، ئیبن جونەید، سەددوق، موفید، مورتەزا، تووسی، خوئی، حەسەن حیللی، موحەقیق حیللی، ئیبن موتەهیر حیللی، عامیلی، تەباتەبائی و نەجەفی.

**(خ) مەزهەبی شافیعی:** شافیعی، قەففال شاشی، جوەینی، غەزالی، ماوەردی، شەربینی، فەیرۆزئابادی، صەنعانی، نەوەوی، حەزرەمی، هەیسەمی، بوجەیریمی، شیرازی، ئیبن صەلاح، ئەنصاری، ئیبن ڕەسلان، سوبکی، قەلیوبی، عومەیرە و ڕەملی.

**(د) مەزهەبی زاهیری:** داود، ئیبن حەزم.

**(ذ) مەزهەبی موعتەزیلە:** عەبدو لجەببار، ئەلباجی، ئەبو حوسەین بەسری، ئەبو هاشم، کەعبی، جوببائی، ئیبن خەللاد، نەززام، ئیبن هوزەیل و ئەبو موسلیم.

سەدەی بیستەمیش بڕێکی زۆر لە توێژینەوەو نوسینی لەبارەی چەندین مەسەلەوە کە پەیوەستن بە فیقهی ئیسلامییەوە بەخۆیەوە بینی، بە هەموو زمانە بەربڵاو و زیندووەکانی جیهان نوسراون. ڕەخنەی نوسەران و توێژەران بۆ کاری فیقهناسان لەوانەی کە لەسەرەوە ناومان هێنان بە پلەی جیاواز جیاوازن لە نێوان حوجییەتەوەیە بۆ (ڕەخنەی ڕیشەیی–بنەڕەتی)، هەروەك بەسەرماندا تێپەڕی.

بـــه تەنیشـــت ئەمـــەوە نوســـەران و توێـــژەران ســـەرنجیان داوە كـــە هەنـــدێ (سەرچاوە)ی تر لە توانایاندا هەیە خودی خۆیان ببەنە حوجییەت، وەك مەبەست و بەرژەوەندی و بەڵگە ئەقڵییەكان، بەها ڕەوشـتییەكان، بـەڵكو بەڵێننامـە جیهانییـە هاوچـەرخەكان بـۆ مافـەكانی مـرۆڤیش. لەبەرئـەوە لێـرەدا لیسـتێك لـە سەرچـاوە هاوچەرخەكانی فیقهی ئیسلامی وەها كە لە واقیعـی لێكۆڵینـەوە هاوچـەرخەكانەوە دەیانخوێنینەوە دەخەینەڕوو، پاشان لە جێباسـی لاوەكـی داهـاتوودا قسـە لەسـەر تێڕوانینە تیۆرییە جۆراو جۆرەكان دەكـەین كـە چـۆن سـەیری ئـەو سەرچـاوانەیان كردووە لە ڕووی ئاستی حوجییەتەوە یان ناڕەوابوونیانەوە یان ئەوەی لە نێوان ئەو ئاستانەدایە.

١- ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز: توێژەران بە سروشتی لەبەر ڕۆشنایی یەكێك لەو تەفسیرانەوە لێیان تێدەگەن كە كەمێك پێش ئێستە ناومان بردن.

٢- فـــەرموودە پیرۆزەكـــانی پێغەمبـــەر (درودی خـــوای لەســـەر): توێـــژەر بـــە سروشتی لە یەكێك لەو كۆمەڵە فەرموودانەوە وەریان دەگرێ كە باسمان كردن.

٣- بەرژەوەندی و مەبەستە شەرعییەكان: توێژەر لەو پێناوەدا دەگەڕێتەوە بـۆ قورئان و سوننەت، هەروەك لە بەشی یەكەمدا باسمان كردووە.

٤- دەقی حوكمە شەرعییەكان: كە لە هـەموو مەزهەبـە باوەكانـدا هـاتووە، بـە جۆرێ كە توێژەر بۆ گەڕان بە دوای (دەقێك لە مەزهەبـدا) دەگەڕێتـەوە بـۆ یـەكێك لەو مەزهەبانە باسمانكردوون.

٥- بەڵگە (ئەقڵییـەكان): توێـژەران زۆر جیـاوازن لەسـەر پێناسـەكردنی. بـەڵام نیشانەی گشتی بۆ هەر كەسێك كە كار بە بەڵگە (ئەقڵییـەكان) دەكـات ئەوەیـە كـە

پشت دەبەستێ تەنها بە بیرکردنەوەی مرۆیی، نەك لەسەر وەحی وەك سەرچاوەیەك بۆ مەعریفە لە مەسەلەیەکدا کە باسی لێدەکرێ.

٦- بەها ڕەوشتییەکان: وەها کە هاوچەرخەکان پێناسەیان کردووە، سەرچاوەکەش بە سروشتی گەڕانەوەیە بۆ جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و جاڕنامە هاوشێوەکان لەسەر ئاستە جیهانی یان نیشتمانییەکان.

خوێنەر لە شێوەی ٥-٨ دا ڕوونکردنەوەیەك دەبینێ کە لەبارەی سەرچاوەکانەوە پێیگەیشتووم، بەو سیفەتە کە وێنای ڕەهەندی شارەزایی مرۆڤ دەکەن لە بەرانبەر وەحییەوە. ئایەتە قورئانییەکان دەکەونە لایەنی چەپ لە دەستەی بژاردەکان، لە کاتێکدا کە شارەزاییە جۆراو جۆرەکانی مرۆڤ و پاشخانی هزریان کاریگەریی لەسەر تەفسیری ئایەتەکان هەیە، هەروەك لە زانستەکانی قورئانی پیرۆزدا ڕوونە. بەڵام فەرموودە پیرۆزەکان، ئەوا جیاوازن کە ئایا کامیان بۆ تەشریع و گەیاندنی پەیامی خوایەو کامەشیان بۆ تەشریع نیە، بەڵکو هەر ئەوەندەن کە گوزارشت لە هەڵسوکەوتە مرۆییەکان دەکەن بەو سیفەتە کە تەنها تەبیعەتێکی خۆڕسکی مرۆییەو هیچیتر، لە بەشی داهاتوودا باسی دەکەین. ئێمە لە بەشی یەکەمدا ڕوونمانکردەوە کە هەر فیقهناسێ بەپێی بۆچوون و دیدگای خۆی بۆ جیهان دەڕوانێتە بەرژەوەندییەکان، هەروەها بەپێی ئەو بەرنامەی چاکسازییە کە خۆی قەناعەتی پێیەتی. بەڵام حوکمە شەرعییەکان کە لەلایەن فیقهناسانی مەزهەبە باوەکانەوە دەرچوون، ئەوا ئەوانە کۆمەڵە فەتوایەکن لە دووتوێی میانەی مێژوویی و جوگرافی دیاریکراودا دەرچوون، لەوانەیە خوێنەریش تێبینی بکات کە چۆن ئیجتیهادمان کردووە بۆ دانانی ئەو فەتوایانە لەسەر ئەو تەوەرەیە کە نزیکترە لە (شارەزایی مرۆیی)ەوە زیاتر لەوەی لە (وەحی)یەوە بێت. هەروەها تێبینی

دەکات ئەوەی کە موسڵمانان بە (بەڵگەی ئەقڵی) دەیبینن لە واقیعدا گوزارشـکردنە لە شارەزاییەکی مرۆیی، نـە لـە (سروشـت) و نـە لـە (شـەریعەت)ەوەیە، ئەگەرچـی (بەڵگـە ئەقڵییـەکان) یـان (لۆژیکییـەکان) لـەبارەی ئیسـلام یـان ژیـان لـە هـەر کۆمەڵگایەکدا بێت ئەوا بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمی بۆچوونی دەستەجەمعین.

دواجـار هەنـدێ لـە سیاسـییە هاوچـەرخەکان بـە مەبەسـتی پاراسـتنی ئـەوەی ناویاننـاوە بە (کەرامەتی مرۆیی) چەندین بەڵێننامەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤیـان دا بـەڕووی جیهانـدا. ئێمـەش ئـەو بەڵێننامانـەمان هـەروەك لـە شـێوەکەدا دیـارە خستوونەتە کۆتا تەوەرەی شارەزایی مرۆیی، لێرەشدا هەر جۆرێك لە ئیجتیهادم بە خەرج داوە، ئیتر هاوڕابین لەگەڵیاندا یان ڕامان جیاواز بێـت. لەڕاسـتیدا هەنـدێ لـە نوسەرە هاوچەرخەکان لە بواری لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکاندا بـە تایبـەتی لـە زانکـۆ خۆرئاواییەکاندا، دەڵێن گوایا پێویستە ئەو بەڵێننامانە بکرێنە سەرچاوەی تەشـریع و لە توانادایە پابەندبین پێیانەوەو بەرگریان لێبکەین تـا فیقهـی ئیسـلامی ئـەمڕۆی لەسەر بونیات بنێین. دەبا لەم بڕگانـەدا کـە دێـن ئاوڕبدەینـەوە بـە لای وردەکـاری زیاتر لەبارەی ئەو سەرچاوانەو پراکتیزە هەمەجۆرەکانیان وەها کـە دەرئـەنجاممان دەستکەوتووە.




**شێوەی٥–٨: شەبەنگێکی درێژبووەوە لە سەرچاوەکانی تەشریع بەپێی هەردوو ڕەهەند یان هەردوو تەوەرە، شارەزایی مرۆیی لە بەرانبەر وەحییەوە.**




**شێوەی٥-٩: شێوەیەکی ڕوونکردنەوەی دوو ڕەهەندی بۆ باری ئاراستە پێشنیارکراوەکان و پەیوەندییان بە سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی لە بەرانبەر (پلەی حوجییەت)ەوە.**

**(ئاراستە) هەنوکەییەکان لە فیقهی ئیسلامیی دا:**

شێوەی ٥-٩ پۆلێنکردنێکی دوو ڕەهەندی دەخاتەڕوو، کە سەرچاوە هەنوکەییەکانی فیقهی ئیسلامیی ڕووندەکاتەوە، هەر بەوشێوەیە کە پێشتر مشتومڕمان لەسەریان کردووە، ئەوەش لە بەرانبەر ئاستەکانی حوجییەت کە دراوە بە هەر یەکێك لەوانە، ئەمیش هەر بەو شێوەیە کە مشتومڕمان لەسەریان کردووە. بە دەستەواژەیەکی تر بڵێین ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە پیرۆزەکان و

ئـەو حوکمــە فیقهییانــە کــە لــە مەزهەبــە باوەکانــەوە وەرگــیراون، هــەروەها مەبەستەکانی شەریعەت یان بەرژەوەندی و بەڵگە ئەقڵییەکان و بەڵێننامەکانی ماف و بەها نوێیەکان، هەریەکەیان حوجییەتێکی پێدراوە کە دەکەوێتە نێوان (بەڵگە) و (ناڕەوا)یی ئەویش بە پێی ئەو میتۆدە کە نوسەرە هاوچەرخەکان لـە موسـڵمانان و غەیرە موسڵمانەکان پەیڕەوی دەکەن، لە نێویشیاندا ئەو فرە پلەییە لە لێکدانەوەو ڕەخنـەگرتن لـەلایان. جـا ئەگـەر بـێین ئاراسـتە فەلسـەفییەکانی نێـوان ئـەو دوو ڕەهەندە شیبکەینەوە ئەوا سێ ئاراستەی سەرەکی دەبینین کـە هـەموو سەرچـاوە هاوچەرخەکانی فیقهی ئیسلامی دادەپۆشن، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم: ئاراسـتەی کلاسیکی، دووەم: ئاراستەی مۆدێرنەیی، سێیەم: ئاراستەی پۆست مۆدێرنەیی. لـە هێڵکاریی پێشودا ئەو ڕەوتانەمان خستووەتەڕوو کە ئەو سێ ئاراستەیە لە نێو سـێ شێوەی جیاواز لە بازنەکان تیایاندایە. ئەو ئاراستە گشـتییانەش مـەرج نیـە وێنـای زانایانێکی دەستنیشانکراو یـان توێـژەرانێکی دیـاریکراو بکـەن، چـونکە زۆربـەیجار زانایان بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕینی بابەتەکە یان مەسەلەکە کە لەژێر باسـدایە لـە نێوان ئەو (ئاراستانەدا) دەجوڵێن و هەڵوێستیان دەگۆڕن.

یەکتربڕینی بازنەکان لە هێڵکارییەکەدا ئەو وێکچوونە لـە هەڵوێسـت و بەڵگـەکان ڕووندەکاتـەوە کـە کەسـی شـیکار دەتـوانێ تێبینیـان بکـات لـە نێـوان ئـەو زانـاو توێژەرانەدا کە سەربە ڕەوتە تەواو لەیەك جیاوازەکاندان. بۆ نمونە کلاسیکییەکان و پۆست مۆدێرنەکان بەڵگەی هاوشێوە بە کاردەهێنن، ئیتر ئەو بەڵگانە ئەوانە بن کە (دژن بە سوڕانەوە بە دەوری خولگەی ئەوەدا کە ئەوروپییە) یـان ئـەوەی کـە (دژە بــە میتــۆدە ئەقڵانییــە هاوچــەرخەکان) یــان ئــەوەی کــە (دژە بــە مەرامگــەرایی مەبەستداریی) چوونیەکە. نمونەیـەکی تریشـمان هەیـە کـە هەنـدێ لـە کلاسـیکی و مۆدێرنگەراکان، وەها من دەیبیـنم، هاوبـەش دەبـن لـە بـەکارهێنانی (لێکدانـەوەی پاسـاوهێنانەوە) بـۆ حوکمـە شـەرعییەکانی مەزهەبـە باوەکـان، وێـڕای ئـەوە کـە

گونجاویش نیە بۆ واقیع، تەنها لەبەرئەوە کە سەربە تێگەیشتنێکی دیاریکراون بۆ قورئانی پیرۆز یان فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەرێتی. نمونەیەکی سێیەمیش ئەوەیە کە تێڕوانینی مۆدێرنگەراکان و پۆست مۆدێرنگەراکان هەندێجار مانای ڕواڵەتی بۆ قورئانی پیرۆز و فەرموودە پیرۆزەکان بەکاردەهێنن وەك بەڵگەی پشتگیرکار یان هەڵاوێردکراو، بێئەوەی بە گشتی ملکەچی دەستەڵاتی دەقەکان بن، بەڵکو دێن زاراوەی (مێژوویيەتی) بەکاردێنن، کە ئەمەش ڕێبازێکە بۆ ڕەخنەگرتنی ڕیشەیی بە شێوازێکی هاوشێوە لە مەزهەبە فیقهییە ئیسلامییەکان، هەروەك لەمەوپاش ئەو باسە دێت.

من وادەبینم هەریەك لەو (ئاراستانە) کە لەسەرەوە باسکران بریتییە لە بەرهەمی ژمارەیەك لەو (ڕەوتانە) کە پشکیان هەبووە تیایدا. ئەم سێ باسە لاوەکییەش کە لێرەدا بە جۆرێك لە درێژەپێدان و تێروتەسەلی دێنە بەرباس ئەو ڕەوتانە وەردەگرێ کە هەریەك لەو سێ ئاراستەیەی پێکهێناوە: باو-کلاسیکی، مۆدێرنەیی و پۆست مۆدێرنەیی، بەپێی ڕیزبەندی.

### ٥-٣ ئاراستەی باو (تەقلیدی):

ئاراستەی باو بریتییە لە بەرهەمی ژمارەیەك لق و ڕەوت کە پەیوەستن بە هەموو سەرچاوەکانی تەشریعەوە لەو ڕووەوە کە ئەو ئاراستەیە پەیڕەویان لێدەکات یان ڕەتیاندەکاتەوە، ئەو لقانەش لەیەك جیادەکەمەوە کە بریتین لە: مەزهەبگەرایی باو، مەزهەبگەرایی باوی نوێ، زاهیریی نوێ، وە ئەو تیۆرانە کە خاوەنی ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژین.

## مەزهەبگەریی باو (تەقلیدی):

مەزهەبگەریی باو[١] پابەندە بە دەق و ڕاکانی یەکێك لە مەزهەبە باوەکانی فیقهی ئیسلامییەوە وەك (مەزهەبی: شافیعی یان حەنەفی یان مالیکی یان حەنبەلی یان شیعە یان ئیبازی)، بەو سیفەتە کە دەقێکی بەڵگەدارەو چارەسەری ئەو کێشانە دەکات ڕووبەڕووی خەڵکی دەبنەوە، یان ئەوەی پێی دەوترێ (دەقێکە لە مەزهەبدا)[٢]. لەم حاڵەتەشدا ئەو ئایەت و فەرموودانە کە گونجاون لەگەڵ حوکمەکانی مەزهەبی متمانە پێدارودا هەڵدەبژێردرێن نەك ئەوانەی کە جیاوازن لەو، لەڕاستیدا ئەمەش بەجۆرێکی وەهایە ئایەتەکە یان فەرموودەکە تەنها بۆ خۆشی و پشتگیریکردنە. لەم ڕەوتەدا بەدەگمەن ئایەتێك یان فەرموودەیەکی پیرۆز هەڵبگۆزرێ وەها کە خودی خۆی بەڵگەیەکی زیندوو بێت بێئەوەی باسی ئەوە بکرێ کە مەزهەبە لەسەریەتی. تەنانەت کاتێك ئایەتەکە یان فەرموودە پیرۆزەکە دژە (لە ڕواڵەتی مەسەلەکەدا) بە مەزهەبەکە ئەوا یان ماناکەی دەگۆڕدرێ یان حوکمی هەڵوەشێنەری بەسەردا دەدرێ، ئەوەش بە مەبەستی پارێزگاریکردنە لە حوکمەکانی مەزهەبەکە لە هەر بارێکدا[٣]. قوتابخانەی تەقلیدیی مەزهەبیی هاوچەرخ ڕێگا نادات بە ئیجتیهاد تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە حوکمێکی پێشتری لە

---

[١]– ئەم زاراوەیە هەروەك دکتۆر تاریق ڕەمەزان بەکاردێنم، هەرچەندە زاراوەکەی من کەمێك جیاوازە لە زاراوەکەی ئەو. من کلاسیکی مەزهەبیی دەدەم بەسەر یەك قوتابخانەی کلاسیکی دا، بەڵام ئەو نایدات بەسەر یەك قوتابخانەدا، چونکە کلاسیکی مەزهەبی لای ئەو لە زاراوەی کلاسیکی نوێی من دەچێت. بڕوانە: Ramadan, p24.

[٢]– شرح القواعد الفقهية، أحمد الزرقا، ط٢، ١٩٩٨، ل/١٥٠. مامۆستا زەرقا سەربە مەزهەبی حەنەفییە، دەتوانرێ لەپێناو نمونەیەکی هەمان تێڕوانین لە مەزهەبە شیعییەکاندا سەردانی ئەو نوسینانە بکرێ کە پەیوەندن بە تەقلیدەوە، بۆ نمونە بڕوانە: L.Clarke, No. 1. 2001.

[٣]– بۆ بەدەستهێنانی نمونە لە هەموو مەزهەبەکاندا بڕوانە: إرشاد النقاد إلى تيسير الأجتهاد، محمد بن إسماعيل الصنعاني، ط١، ب١، ل/١٧.

مەزهەبەکەدا هەبێت، تەنانەت لەو حاڵەتەشدا هەر ئیجتیهاد لەسەر پێوانەگیریی لەسەر حوکمێکی پێشتری مەزهەبەکە دەکات کە پەیوەندیدار بێت، با لاوازیش بێت بەو مەسەلەیەوە کە بە هەند دەگیرێت.

لێرەدا دەکرێ نمونەیەکی ڕوونکردنەوە لەسەر مەزهەبگەرایی تەقلیدیی هاوچەرخ بخەینەڕوو، نمونەش زۆر زۆرن، ئەویش بریتییە لە تێزێکی خوێندنە باڵاکان کە پێشکەش بە زانکۆی موحەممەد کوڕی سعودی ئیسلامی کراوە لە ڕیاز، ناونیشانی تێزەکە بریتییە لە: (فەرمانڕەوایی ئافرەت لە فیقهی ئیسلامیدا)[1]. تێزەکە بە نیشاندانی تێگەیشتنی مەزهەبی حەنبەلی (بەتایبەتی ئیبن تەیمییە) بۆ ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەست پێدەکات کە دەفەرموێ: ((هەر قەومێك کاروباریان کەوتە دەست ئافرەت سەرکەوتوو نابن))[2]. لێرەدا نوسەرەکەی بەبێ پاساو، هەموو ئەو ناڕەزایی و ڕەخنە کۆن و نوێیانە لەسەر ئەو تێگەیشتنەی حەنبەلییەکان بۆ ئەم فەرموودەیە کە بە دەوری بارودۆخی سیاسی ڕەوشی فەرموودەکەدا دەسوڕێنەوە فەرامۆش دەکات، هەروەها ئەو پرسیارانەش کە بە دەوری دادپەروەری خودی کەسی ڕیوایەتکاردا ئاراستە دەکرێن، وە چەندین پێوەری تر کە نوسەر هیچ گرنگییەکی پێنەداون[3]. پاشان

---

[1]– ولاية المرأة في الفقه الإسلامي، أنور حافظ، ١٩٩٩، ل/١٠٧.

[2]– صحيح البخاری، البخاری، ژمارە/٧٠٩٩.

[3]– بڕوانە کتێبی: السنة النبوية بين أهل الفقه وأهل الحديث، محمد الغزالي، دار الشروق ١٩٩٦. لەو میانەیەدا لێکدانەوەی بۆ فەرموودەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کردووە کە باسی لە ئافرەتێکی دیاریکراو کردووە لەو سەردەمەدا جەنگاوە دژ بە موسڵمانان (ئەویش کچەکەی کیسرایە کە لە پاش مردنی باوکی فەرمانڕەوای وڵاتی فارس بووە، (ئەم کتێبەی مامۆستا موحەممەد غەزالی لە لایەن وەرگێڕی ئەم کتێبەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و ئامادەیە بۆ چاپکردن). (وەرگێڕ).

هەروەها فاتیمە مەرنیسی لێکۆڵینەوەیەکی وردتری لەبارەی میانەی سیاسی ڕیوایەتی ئەم فەرموودەیەوە پێشکەش کردووە و پەیوەندی بە ڕاویەکەوە (ئەبی بەکرە)وە هەیە کە لە کاتی جەنگی

تێزەکە بە دوورو درێژی مشتومڕی هەموو جۆر و پۆلێنکردنەکانی فەرمانڕەوایی و بەرپرسێتی دەکات کە ئافرەت توانایی هەیە بە هەمیشەیی بیانگرێتە دەست، ئینجا نوسەرەکە هاتووە حوکم بەسەر هەموویاندا دەدات کە (ناڕەوان و ڕێگایان پێنادرێ) جگە سێ جۆر لە کاربەدەستی نەبێت کە هاتووە بەبێ پاساوێکی ئەقڵپەسەند هەڵاوێردی کردوون، ئەوانیش ئەمانەن: بەرپرسێتی ئافرەت لەسەر ماڵ و سامانی خۆی، کاربەدەستی ئافرەت لە کارە فێرکاری و پزیشکییە دیاریکراوەکان کە تایبەتن بە ئافرەتەوە، هەروەها پێشنوێژیکردنی ئافرەت بۆ نوێژی بەکۆمەڵی ئافرەتان! ئیتر جگە لەوانە هەموو ئەو کارانەی کە ئافرەت لە توانایدایە بیانگرێتە دەست لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، یان یاسایی، یان سیاسی یان دادوەریی یان ڕگەیاندن یان ئابووری یان سەربازی یان فێرکاریی، ئەوا حوکمی بەسەردا داون کە ناڕەوان و ئەوەی کە ئەو ناوی (ئیسلامی) لێناوە ڕێگایان پێنادات. ئەو ڕاو بۆچوونانەش کە لەم تێزەدا خراونەتەڕوو نمونەی تری زۆری هەیە، بەڵکو زۆرێك لەو ڕایانە کراونەتە یاساو و لە هەندێ وڵاتدا کاریان پێدەکرێ. ئەم تێزەو هاوشێوەکانی ئەوە ڕووندەکەنەوە کە مەزهەبگەرایی تەقلیدیی ئەو توانایە نیە دادپەروەریی و یەکسانی لە واقیعی هاوچەرخدا دەستەبەر بکات، چونکە کاری هەرئەوەیە هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی هەندێ ڕیوایات و ڕای مەزهەبیی دابڕاو لە هەموو میانە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەیان و دێت ڕاستەوخۆ پراکتیزەیان دەکات بەسەر واقیعی هاوچەرخدا!

---

جەمەلدا ئەم فەرموودەیە گێڕاوەتەوەو مەبەستی بە عائیشە—خوا لێی ڕازی بێت—بووە. ڕاویەکان فەرموودەکەیان پەسەند بووە هەرچەندە ئەبی بکرە لە سەردەمی عومەردا سزایەکی بەسەردا سەپێنراوە.

## مەزهەبگەریی باوی نویٚ:

مەزهەبگەرایی نویٚ[١] کراوەیە لەسەر زیاتر لە مەزهەبێك لە مەزهەبە باوە ناسراوەکان ئەویش کاتێك کە حوکمەکانی ئەو مەزهەبە لە تێڕوانینی ئەوەوە ڕاست و دروستن، تەرخان نیە تەنها لەسەر یەك مەزهەب. چەندین پلە بۆ ئەم کرانەوەیە بوونی هەیە، پلەی باڵایان بریتییە لە کرانەوە بەسەر هەموو ئەو مەزهەبانەدا کە پێشتر ناویان هاتووە، ئەوانەیان کە ناسراون و ئەوانەشیان کە لەناوچوون، هەروەها بریتییە لە ڕاو بۆچوونی هەموو هاوەڵان و زانایان کە لەپێش دەرکەوتنی مەزهەبەکانەوە دەرکەوتوون. پاشانیش پلەیەك هەیە لە پلەی کرانەوە کەمترە ئەویش لە کاتی پەسەندکردنی ڕاکاندا دەردەکەویٚ، ئەوەش یان تەنها لە نێو بازنەی چوار مەزهەبە سوننیەکەدایە (هەندێجاریش مەزهەبی ئیبازیشیان تێدایە)، یان تەنها لە نێو بازنەی مەزهەبە شیعییەکاندایە. هۆکاری پێداگرتنی تەقلیدگەرایی نویٚ لەسەر هەڵبژاردنی یەك مەزهەب، لەجیاتی دامەزراندنی مەزهەبێکی نویٚ، بە تایبەتی لە مەسەلە نوێیەکاندا، ئەوەیە پەیڕەوانی ئەم ڕەوتە پێدادەگرن لەسەر پابەندبوون بە کۆدەنگییەوە کە یەکێکە لە بنەماکانی سەرچاوەکان لە لایان. جا وێڕای ئەوە کە جیاوازی زۆر هەیە لەبارەی پێناسەکردنی کۆدەنگیی، هەروەك پێشتر ڕوونمانکردووەتەوە، ئەوا ئەوانەی کە پابەندن پێیەوە وادەبینن کە بۆ هەڵبژاردنی ڕایەك لە ڕاکان دەبێت بەلانی کەمەوە یەکێك لە مەزهەبەکان پشتگیری لێبکات، نەك ڕایەك بێت کە پێشتر کەس نەی وتبێت[٢]. شایانی باسە کۆدەنگیی لای مەزهەبەکانی شیعەو ئیبازییەکان بریتییە لە کۆدەنگییەکی تایبەت تەنها بە مەزهەبەکەیان و مەزهەبی تری تێدا نیە[٣].

---

[١]– ئیبراهیم موسا دەستەواژەی مەزهەبگەریی نوێی بەکارهێناوە لە: Ebrahim Moosa, no. 1. 2002. لە شوێنی تریشدا بیٚ جیاوازی خستن لە نێوان تەقلیدیی و تەقلیدیی نوێدا دەڵیٚ: کاتێك تەقلیدیی دەست بە تێگەیشتنێکی گەورەتر دەکات بۆ هەڕەشەی خۆرئاوایی ئەوا دەبێتە تەقلیدییەکی نویٚ: بڕوانە: Muslih, 2006.

[2] -M. B. Arifin. London. 1986.

[3] -A. K. Ennami, Cambridge 1971.




## شێوەی ٥–١٠: ئاراستە تەقلیدییەکان لە ڕووی ئەو ڕەوتانەوە کە پشکیان هەیە تیایاندا

ئەو پێوەرانە کە مەزهەبگەرایی نوێ بۆ هەڵبژاردنی (ڕای لاسەنگ و پەسەند) لە نێوان مەزهەبەکاندا پیادەیان دەکات جیاواز جیاوازن. یەکێك لەو پێوەرانە بریتییە لە (ڕاست و دروستی) ئەو بەڵگەیە کە هەر مەزهەبێك پەیڕەوی لێدەکات، ئەویش بەپێی پێداچوونەوەیەکی سەردەمییانە بۆ سەنەدەکە بڕیاری لێدەدرێ، واتە بۆ زنجیرەی ڕاوییەکان، بۆ نمونە وەها بێت کە مامۆستا ئەلبانی دەریهێناوە یان هەر یەکێکیتر لە فەرموودەناسە هاوچەرخەکان[1]. لێرەدا پێوەرێکی تری بەربڵاو هەیە لە

[1]– وجوب الأخذ بحديث الآحاد في العقيدة والرد على شبه المخالفين، محمد ناصر الدين الألباني.

شێوەی (زۆرینەی دەنگەکان) دەچێت ئەویش بۆ ئەو ڕایە کە هەڵبژێردراوە لە لایەن ئەوانەوە پشتگیری دەکەن، واتە بۆ توێژەرەکە دەربکەوێ کە زۆربەی مەزهەبە باوەکانی ئەمڕۆ پشتگیری لەو ڕایە یان ڕایەکی تر دەکەن، ئەوکات متمانەی پێدەدرێت چونکە (ڕای جەماوەرە)[1]. هەروەها پێوەرێکی سێیەمیش لە نێو قوتابخانەی مەزهەبە باوەکاندا هەیە کەمتر بڵاوە –وێڕای ماقوڵی و پەسەندییەتی– کە بەهۆیەوە ڕای مەزهەبێکی دیاریکراو جیا لەوانیتر هەڵدەبژێردرێ، ئەویش (بەرژەوەندی خەڵك)ییە[2]، یان مەبەستی شەریعەت[3]. ئا لەم خاڵەدا –بە ڕای من– مەزهەبگەرایی باوی نوێ لەگەڵ چاکسازی مۆدێرنەدا پێکدێت (بگەڕێرەوە بۆ یەکتربڕینی بازنەکان لە شێوەی ٥–٩ دا). چونکە چاکسازی مۆدێرنەیی دەگەڕێتەوە بۆ قورئانی پیرۆز و فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەرێتی کە تەنها ئەوان بە شەرعی دەقی ئیسلامی متمانە پێدراون[4]، ئەگەرچی دەبێت تێگەیشتن لێیان –لای ئەوان– لە ڕێگای گەڕانەوە بێت بۆ ڕای زانایانی یەکێك لە مەزهەبە باوەکان، لە بڕگەی داهاتوودا ئەمەش دەخەینە بەر باسەوە.

وا دەبینم ئەم مەزهەبگەراییە باوە نوێیە ئەو ڕەوتەیە کە ئێستا لە دامەزراوە ئیسلامییە فێرکارییەکاندا باوە، وەك زانکۆ ئیسلامییەکان و پەیمانگاو و کۆمەڵگە فیقهییە کلاسیکییەکان لە تەواوی وڵاتاندا. ڕێبازێکی جۆرییە لە دەرکردنی فەتوا، یان توێژینەوەیە لە مەسەلەکە لەو بازنانەدا، بەراوردکردنێکی وەسفکاریی ئەو ڕایانەی تێدایە کە لە مەزهەبە فیقهییە باوەکاندان و پەیوەندن بە مەسەلەکەوە،

---

[1]– بۆ نمونە: مختلف الحديث، أسامة خياط، ل/٢٧١–٢٧٣.

[2]– بۆ نمونە: الأجتهاد المعاصر، القرضاوي، ل/٢٤.

[3]– مدخل، القرضاوي، ل/٢٧٧.

[4]– أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٣٧٧. فقه الزكاة، القرضاوي، ب١، ل/٣٠. مدخل، القرضاوي، ل/٢٧٧. الوجيز في أصول الفقه، عبد الكرين زيدان، ل/٤١١.

ئینجا هەڵبژاردنی یەکێکیانی بەدوادا دێت لە ڕێگای یەکێك لەو پێوەرانەوە کە لەپێشەوە باسمانکردن، کەواتە ئیجتیهادکردن لەم بازنەیەدا تەرخانکراوە لەسەر بواری فەتوا بەو چۆنێتییەی باسکراوە، نایەت باس لە بنەماکانی فیقھ یان بنەماکانی تەشریع بکات، کە ئەو ڕەوتە مەزهەبییە تەقلیدییە بە کۆمەڵە بابەتێکی نەگۆڕ و گومانبڕیان دادەنێ[1]. وە ئەگەر ئەو بڕە زەبەلاحەمان لە فەتواکان لە مەسەلە واقیعییەکاندا بێتەوە یاد، تەنانەت ئەوانەش کە خەیاڵ بۆیان دەچێت و لە ئێستادا بە ئاسانی لە کتێبە فیقهییە بۆماوەکاندا بۆ توێژەران لەبەردەستدان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەمیشە لە تواناداییە ڕایەك بدۆزینەوە کە لە رابردوودا هاتووەو لە نزیکەوە یان لە دوورەوە دەچەسپێت بەسەر مەسەلەیەکی هاوچەرخدا، با ڕەوش و بارودۆخیش لە نێوان ئەو ڕا کۆنانەو ئەم مەسەلە هاوچەرخانەی لەژێر باسکردنداند دوور بن لەیەکەوە[2]. بەڵام بەو هۆیەوە کە مەزهەبگەرا نوێیەکان خۆیان قەتیس کردووە لەسەر پێوانەگیریی لەسەر ئەو فەتوایانە کە لە سەردەمە پێشووەکاندا هاتوون، ئەوا ئەو بناغانەی کە زۆرجار فەتواکانیان لەسەری بونیات دەنێن گونجاو نین لەگەڵ واقیعی هاوچەرخدا.

نمونە لەسەر ئەمە ئەو فەتوایەیە کە ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتوادان و توێژینەوە (EFCR) دەریکردووە، کاتێك فەتوای داوە بە ڕێگەدان بە کەمینە موسڵمانەکان لە خۆرئاوا بە کڕینی خانووی نیشتەنی لە ڕێگای ڕەهنی بانکیی باوەوە، ئەوەش لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکەیان وەك ڕەوەند لەو وڵاتانەدا. بەڵام لە دەقی فەتواکەدا وتوویانە ئەم فەتوایەمان پشت ئەستورە بە فەتوایەکی کۆن لە مەزهەبی حەنەفیدا کە ڕێگا بە موسڵمان دەدات مامەڵە بە

---

[1]– تجديد الفقه الإسلامي، حوارات لقرن جديد، وهبة الزحيلي، ٢٠٠٠، ل/١٦٥. المصطلح الأصولي ومشكلة المفاهيم، علي جمعة، ل/٦٤.

[2]– بۆ ئاگاداربوون بەسەر هەندێ نمونەدا بڕوانە: A. A. M. al-Marzouqi, 1990.

سوەوە بکات لەوەدا کە ناویانناوە  بە (وڵاتی جەنگ-دار الحرب)[1]. مەعلومە کە هەردوو چەمکی (دار الحرب) و (دار الإسلام)یش دوو چەمکی کۆنن وەسفی جیهانێکی دابەشبوو بەسەر دوو سەربازگەی جیاکاری بەشەڕ هاتوو دەکەن کە سێیەمێکیان نیە: موسڵمانان و غەیرە موسڵمانان[2]. دەرکردنی فەتوایەکی هاوچەرخ لە ئەوروپادا چەمکێك وەبیردێنێتەوە کە بە چەندین هۆکاری ڕوونەوە زیانی لە سودی زیاترە، ئەمەش پێچەوانەیە بە بنەمای خودی ئەنجومەنی فیقهی ئەوروپی لەوەدا کە ناویانناوە بە ئاوێتەبوون بە کۆمەڵگا ئەوروپییەکان. نمونەیەکی تریش بریتییە لەو مشتومڕە کە لە هەمان ئەنجومەندا لەبارەی ئەو ئافرەتانەوە کرا کە باوەڕ بە ئیسلام دەهێنن لە کاتێکدا هاوسەرەکانیان هەر لەسەر ئاینی غەیری ئیسلام ماونەتەوە[3]. ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە توێژینەوەکانیاندا کە ئەنجومەن بڵاویکردنەوە وتوویانە ئەگەر هەردوو هاوسەرەکە لە وڵاتی جەنگ (دار الحرب) دا بوون ئەوا لەو حاڵەتەدا دەبێت هاوسەرگیرییەکە هەڵبوەشێتەوە.

دەکرێ لێرەدا نمونەیەکی سێیەمیش زیاد بکەین کە لێیەوە ڕیشکی قووڵی ئەو پۆلێنکردنە دوالیزمە ساکارە-واتە دار الحرب لە بەرانبەر دار الإسلام-لە میتۆدی مەزهەبگەرایی باوی نوێدا بەدی دەکرێ، ئەویش تێزێکی خوێندنی باڵایەو پێشکەش کراوە بە پەیمانگای باڵای دادوەریی لە ڕیاز، توێژەر تیایدا مشتومڕ لەسەر

---

[1]- ECFR Vol, p. 10, june 2002.

[2]- الأحكام السلطانية، علي الماوردي، سەرچاوەیەکی تریش. هەندێ لە توێژەران لەم دواییانەدا لە کەلەپوری فیقهییەوە چەمکێکی تریان هێناوەتەوە بە ناوی (وڵاتی پەیمان-دار العهد-) ئەویش وەك جۆرێکی سێیەم. بەڵام تەنانەت ئەم پۆلێنکردنە سیانەییە ئەو ئاڵۆزییەی ئێستا کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە دایناپۆشێ. بڕوانە: N. A. A. al-Yahya, Manchester, 1992.

[3]- ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوەکان، پێداچونەوەیەکی زانستییانە بۆ ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوەکان، بەرگی ٢، ك٢/٢٠٠٣ز.

مەسەلەی (جیاوازی دوو وڵاتەکە)دەکات[1]، واتە وڵاتی جەنگ لە بەرانبەر وڵاتی ئیسلام. ئەم نامەیە لێکۆڵینەوەی لەو حوکمانە کردووە کە پەیوەندن بە مامەڵەکردن لە نێوان دوو کۆمەڵە لە خەڵکی، یەکێکیان لە وڵاتی ئیسلامدا دەژی و ئەویتریان لە وڵاتی جەنگدا دەژی. توێژەر ئەم دابەشکردنەی وەك بنەمایەك پەیڕەو کردووە بۆ گەڕانەوە سەری وەك حوکمێکی بەڵگەنەویست لە بەڵگەنەویستەکان، پاشان بەردەوام دەبێت لە مشتومڕکردن لەسەر چەمکەکانی تر کە پەیوەندن بەوەوە، وەك: (بە کۆیلەکردن)، پاشگەزبوونەوە، پەیمان لە نێوان موسڵمانان و غەیرە موسڵمانان. ئەم توێژەرە نەهاتووە تەنها دەستکۆتا بێت لەسەر پەیڕەوکردنی مەزهەبی حەنبەلی، بەڵکو لەوە فراوانتر ڕۆیشتووەو چەندین ڕای کارپێکراوی لە مەزهەبە سوننییە باوەکانەوە هەڵبژاردووە ئەویش بەپێی (ڕای زۆرینە)، هەروەك پێشتر باسمانکردووە. بەڵام تەرخانکردنی بواری توێژینەوەکە لەسەر مەزهەبە فیقهییە باوەکان، وە وێڕای بوونی جیاوازی مێژوویی ڕوون و ئاشکرا و بوونی جیاوازی جەوهەری لە بارودۆخە سیاسییەکاندا لە نێوان سەردەمێك و سەردەمێکی تردا، وایکردووە توانایی توێژەرەکەی لەکارخستووە لەوەی بگات بە تێڕوانینێکی سەردەمییانەی واقیعی، سەرئەنجام بووەتە مایەی هێنانی کۆمەڵێ دەرئەنجامی فیقهی کە سەر بە ڕابردوون نەك سەر بەو واقیعە بن کە تیایدا دەژی.

چەمکی کۆدەنگیش، بەپێی پراکتیزەکردنی ئەم قوتابخانەیە، ڕێگیری لە فیقهناسە هاوچەرخەکانی دەکات بۆ مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەقە ئیسلامییە ڕەسەنەکان، لە ڕووی پراکتیکیشەوە وا مامەڵە لەگەڵ قورئان و سوننەت دەکات هەروەك (بەڵگەی پشتگیرکارین) نەك وەها کە پێویستە بەڵگەی ڕەسەن بن. ئەم شێوازی مامەڵەکردنە کاریگەری دەبێت لە نەبوونی نەرمی و میانەیی لە فیقهی

---

[1]- أختلاف الدارين، إسماعيل فطاني، ط٢، ١٩٩٨.

ئیسلامیدا بۆ چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بارودۆخ و کێشە نوێیەکان، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان غەیرە موسڵمانن.

بۆ نمونە: هەموو مەزهەبە باوەکان ڕێگا بە ئافرەتانی موسڵمان نادەن خۆیان گرێبەستی هاوسەرگیرییان یان شێوەی ڕەزامەندی نواندن و پەسەندکردن ئەنجامبدەن (لە مەزهەبی حەنەفیدا نەبێت ئەویش تەنها بۆ ئافرەتە بێوەژن و تەڵاقدراوەکانە). بەپێی مەزهەبە باوەکان گرێبەستی هاوسەرگیریی ئافرەت دانامەزرێ تا یەکێك لە کەسە مەحرەمەکانی نەکاتە بریکاری خۆی)[1]، ئەم ڕێکارەش گونجاوە لەگەڵ داب و نەریتی عەرەبیی کۆن نوێدا کە ئافرەت دەپارێزێ لەوەی (بێشەرمی بدرێتە پاڵی)[2]. بەڵام ئەم شێوازە ناچەسپێت بۆ نمونە لەگەڵ داب و عورفی خۆرئاواییدا! ئەو ڕا فیقهییەش کە ئەم داب و نەریتە پیادە دەکات لەسەر ئەو فەرموودە پیرۆزە بەرپا دەبێت کە دەفەرموێ: ((هەر ئافرەتێك گرێبەستی هاوسەرگیریی خۆی بەبێ مۆڵەتی سەرپەرشتکارەکەی ئەنجامبدا ئەوا هاوسەرگیرییەکەی ناڕەوایە، ناڕەوایە، ناڕەوا))[3]. ئەم فەرموودەیەش، جگە لەوەی کە ڕا جیاوازییەك لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە لەسەر ڕاست و دروستییەکەی هەیە[4]، هەر چەندین ئایەتی قورئانی هەن کە بە ڕوونی دژن لەگەڵ واتا ڕواڵەتییەکەیدا، هاوکات ڕەزامەندی دانی قورئانە بە پرەنسیپی یەکسانیش لەو ڕووە کە دەتوانین لە

---

[1]– بۆ نمونە بڕوانە أحكام القرآن، أبوبكر الجصاص، ب٢، ل/١٠١. البحر الرائق، زين الدين إبن نجيم، ب٣، ل/١١٧.

[2]– الهداية شرح بداية المبتديء، المرغياني، ب١، ل/١٩٦. حاشية ردّ المحتار، إبن عابدين، ب٣، ل/٥٥. شرح فتح القدير، السيواسي، ب٣، ل/٢٥٨.

[3]– فصول الزواج، أبو داود و ترمزى و ئيبن ماجة.

[4]– بۆ نمونە بڕوانە: الحاشية، محمد أمين إبن عابدين، ب٣، ل/٥٥.

ئەمڕۆدا ناوی بنێین بە (شیاوییەتی یاسایی)[1] کە پرەنسیپ و مافێکی گرنگە لە مافە یاساییە هاوچەرخەکان. بەڵام مەزهەبگەرایی باوی نوێ ناتوانێ ئەو کۆدەنگییە لەبارەی ئەو حوکمەوە بشکێنێ، لەبەرئەوە دەگەڕێت بە شوێن دەرچەی پاساوداردا بۆ دانانی کۆت و مەرج لەسەر شیاوییەتی یاسایی هەر ئافرەتێکی موسڵمان، هەرچەندە ئەو فەتوایە دژە لەگەڵ چەندین دەقداو دژە بە ئەگەری بەستنەوەی بە عورفەوە[2].

## مەزهەبی ڕواڵەتگەرایی نوێ (الظاهرية الجدد):

زاهیرییەتی نوێ[3] ئاراستەیەکی ترە لە تەقلیدگەرایی کە بەناوی مەزهەبی زاهیرییەوە ناودەبرێ، ئەویش مەزهەبێکی لەناوچووەو نەماوە[4]. زاهیرییەتی نوێ بە تەنها دیاردەیەکی سوننی نیە، بەڵکو دیاردەیەکی شیعەگەریشە، لە چاخەکانی ناوەڕاستدا کۆمەڵەیەکی شیعی هەبووە، پێی وتراوە قوتابخانەی ئەخباری، تەنها بەوەوە نەوەستاون کە نکولیان کردووە لە هەڵێنجانی حوکمەکان بە ڕێگای پێوانەگیریی بەڵکو هەموو جۆرەکانی ئیجتیهادیان ڕەتکردووەتەوە[5]. بەڵام لەوکاتەوە بزووتنەوەی چاکسازی کە پێشەوا بەهبەهانی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا پێی هەستا ئیتر کاریگەری ئەم ئەخباریانە لەسەر بیرکردنەوەی شیعە کز بوو[6].

---

[1]- بڕوانە: البقرة: ٢٣٤ ﴿ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا فَعَلْنَ فِيٓ أَنفُسِهِنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴾.

[2]- بڕوانە: مختلف الحديث، أسامة خياط، ٢٠٠٠، ل/٢٧١-٢٧٣.

[3]- مامۆستا یوسف قەرەزاوی ئەم زاراوەیەی داڕشتووە. منیش لە لەندن لە زاری خۆی گواستوومەتەوە.

[4]- الإحكام، إبن حزم، ب٢، ل/٢٢٩.

[5]- Robert Gleave, London, 1997.

[6]- الإجتهاد والتجديد في الفقه الإسلامي، شمس الدين، ل/٣٢. أصول الكافي، محمد الكليني، ب١، ل/٥٩-٦٢.

بەڵام جیاوازی لە نێوان مەزهەبی زاهیریی دێرین (بۆ نمونە هەروەك لای پێشەوا ئیبن حەزم هەیە) و مەزهەبی زاهیریی نوێدا، ئەوەیە کە زاهیرییە دێرینەکان کراوە بوون لەسەر کۆمەڵێکی زەبەلاح لە فەرموودە پیرۆزەکان (هەروەك لە کتێبی المحلّى ی ئیبن حزم بە ڕوونی دەبینرێ)[١]. بەڵام زاهیرییەتی نوێ زۆربەی کاتەکان پشت بە کۆمەڵە فەرموودەیەك دەبەستێ کە یەکێك لە مەزهەبەکان پشتی پێبەستوون (هەروەك پشتبەستنی بزووتنەوەی وەهابی لەسەر ئەو کۆمەڵە فەرموودانە کە مەزهەبی حەنبەلی پشتی پێبەستوون، وە پشتبەستنی شیعە تەقلیدگەراکان لەسەر کۆمەڵە فەرموودەکانی خۆیان دوور لە مەزهەبەکانی تر). هەروەها مەزهەبی زاهیریی دێرین پەیڕەوی لە پرەنسیپی ئیستیصحاب دەکرد وەك سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی تەشریع (لە دوای قورئان و سوننەت)، ئەمەش سەرچاوەیەکە کە لە میتۆدی بیرکردنەوەدا بڕێکی زۆر مەبەستداریی تێدایە، هەروەك لە بەشی داهاتوودا ڕووندەکرێتەوە. بەڵام زاهیرییە نوێیەکان هەڵوێستێکی تەواو دژیان بەو بیرۆکەیە هەیە کە پرەنسیپی مەبەستداریی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بێت بۆ ئیجتیهادکردن و بەڵگەدار بێت یان تەنانەت کاریگەری لەسەر حوکمە شەرعییەکان هەبێت. زاهیرییە نوێیەکان بەوەشەوە ناوەستن بەڵکو دێن بە توندی ڕەخنە لە تیۆری خودی مەبەستەکان دەگرن، بە هزرو (بیرۆکەی عەلمانی)[٢] دادەنێن، جێگای سەرنج و تێڕامانە کە هەمان ڕەخنەگرتن لە تیۆری مەبەستەکان و بە هەمان دەستەواژە، لای هەندێ لە مۆدێرنگەراکان بوونی هەیە، هەروەك لەمەوپاش دێت[٣].

---

١- المحلّى، إبن حزم.

٢- المقاصد والمناورة العلمية، أحمد إدريس الطعان، ٢٠٠٥، لە پێگەی http;//www. Ettwhed.com/vb/ Showthread. Php?t=2456 دەبینرێ. نقد الجذور الفكرية للديمقراطية الغربية، محمد علي مفتي، مجلة البيان، ٢٠٠٢، ل/١٦٧-١٩٠.

٣- Mohamed Arkoun 1994. P. 221.

یەکێکیتر لەو پرەنسیپ و بنەمایانە کە لە ئاراستەکانی زاهیرییە نوێیەکاندا دووبارە دەبێتەوە بریتییە لە پرەنسیپی داخستنی پاساوەکان، کە هەندێجار لە بواری سیاسیدا بەگەڕدەخرێ بە تایبەت لەو بوارانەدا کە پەیوەندییان بە ئافرەتەوە هەیە. چونکە بە ناوی داخستنی بیانووەکان ڕێگیریی لە ئافرەتان دەکرێ شۆفێری بکەن، بەبێ (مەحرەم) سەفەر بکەن، کاربکەن لە وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا، نوێنەری پەرلمانی بن، تەنانەت (ڕۆیشتن بە ناوەڕاستی شەقامدا)، ئەمە بەپێی گوتەی هەندێك لەو زاهیرییانە[1]. لێرەدا نمونەیەکی دانەسقە دەگوێزینەوە کە هەڵەی یەکێکیان لە پراکتیزەکردنی پرەنسیپی داخستنی بیانووەکان ڕووندەکاتەوە[2]. نمونەکەش بەمجۆرەیە:

(پرسیار): تکا دەکەم حوکمی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لە لایەن ئافرەتەوە ڕوونبکەنەوە، ڕاتان چییە لەو گوتەیە کە دەڵێ شۆفێریکردنی ئافرەت زیانی کەمترە لەوەی سواربێت لەگەڵ شۆفێرێکی نامەحرەمدا؟

–وەڵامی ئەم پرسیارە دادەمەزرێ لەسەر... کە هەر شتێك سەربکێشێ بۆ حەرامکراوێ خۆیشی حەرامکراوە... چونکە شۆفێری ئافرەت چەندین خراپەی گەورەی تێدایە. لەو خراپانەش: لابردنی باڵاپۆشییە، چونکە بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل دەبێ دەموچاو بەدەرەوە بێت ئەوەش جێگای فیتنەیە، دەبێتە شوێنی سەیرکردنی پیاوان،... لەوانەیە کەسێك بڵێ: لە توانادایە ئافرەت ئۆتۆمبیل لێبخوڕێ بەبێ باڵاپۆشی ئەویش بە داپۆشینی دەم و لووتی و چاویلکەی ڕەشیش بکاتە چاوی، وەڵام بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەمەش پێچەوانەی واقیعە لەو ئافرەتانەوە کە ئاشقی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلن... خراپەیەکی تر لە خراپەکانی شۆفێریکردنی ئافرەت نەهێشتنی شەرم و حەیایە تیایدا... یەکێکیتر لە خراپەکانی ئەوەیە کە شۆفێری دەبێتە هۆکارێ بۆ زۆر

---

[1]– قاعدة الذرائع، وجنات عبد الرحيم، ط١، 2226، ل/٦٠٨، ٦٣٢، ٦٥٠.

[2]– فەتوای شەرعی لە مەسەلە هاوچەرخەکاندا، http;//www. albaidha. net/vb/ Showthread. Php?t=17508

چوونەدەرەوەی ئافرەت لە ماڵ... خراپەیەکی تر لە خراپەکانی ئەوەیە کە ئافرەت ئازاد دەبێت لەوەی هەرکات ویستی بۆ کوێ بڕوات دەڕوات و هەرچۆنیشی ویست و بۆ هەر شتێك و هەر مەبەستێك کە خۆی بیەوێت، چونکە تەنیایە لە ئۆتۆمبیلەکەیدا هەرکات بیەوێت لە هەر سەعاتێکدا لە شەو یان لە ڕۆژدا، لەوانەشە بۆ کاتژمێرێکی درەنگی شەو بمێنێتەوە... یەکێکیتر لە خراپەکانی شۆفێریکردنی ئافرەت ئەوەیە کە دەبێتە هۆکارێك بۆ یاخیبوونی لە کەسوکارو مێردەکەی و بە بچوکترین هۆکار لەماڵەوە هەڵدەچێ و دەڕواتە دەرەوە بە خۆی و ئۆتۆمبیلەکەیەوە دەڕوات بۆ هەر شوێنێ خۆی بیەوێ تا حەوانەوەیەك بە دەروونی خۆی بدات... یەکێکیتر لە خراپەکانی ئەوەیە دەبێتە هۆکارێ بۆ فیتنە لە زۆر شوێندا، بۆ نمونە وەستان لە کاتی هێماکانی هاتووچۆدا، وەستان لە وێستگەکانی بەنزیندا... وەستانی لە کاتی دروستبوونی نوقصانی لە ئۆتۆمبیلدا لە ڕێگاکردندا ئەوکاتیش پێویستی بە بەدەمەوەهاتنی خێرا دەبێت، ئایا ئەوکات حاڵی چۆن دەبێت؟ لەوانەیە ڕێی لە پیاوێکی دەروون سوك و نزم بکەوێت و ئەویش لەگەڵیدا بکەوێتە سەوداگەری لەسەر شەرەف و ناموسی تا ڕزگاری بکات لەو تەنگانەیە کە تێیکەوتووە... یەکێکیتر لە خراپەکانی شۆفێریکردنی ئافرەت قەڵەباڵغی زۆری ئۆتۆمبیلە لە شەقامەکاندا، یان بێبەشبوونی هەندێ لە لاوان لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، کە ئەوان لە ئافرەت حەقدارترو شایستەترو بەتواناترن. یەکێکیتر لە خراپەکانی شۆفێریکردنی ئافرەت زۆری ڕووداوەکانە، چونکە ئافرەت بە سروشتی خۆی توندوتۆڵی و لێهاتوویی کەمترەو کورتبین ترەو توانایی کەمترە... پاشتریش لە بەشی داهاتوودا بە ویستی خوای گەورە قسە لەسەر شێوازی مەزهەبی مالیکی دەکەین لەبارەی هاوسەنگی کردن لە نێوان داخستنی بیانووەکان و کردنەوەی بیانووەکان، کە بە ڕای من ئەوە شێوازێکەو لە تیۆرەکان و لە کارە پراکتیکییە هاوچەرخەکانی فیقهی ئیسلامیدا سودی لێ وەرنەگیراوە، لە نێویشیاندا ئەو نمونەیەی کە باسمانکرد.

### ئەو تیۆرانەی خاوەنی ڕەوتی ئایدیۆلۆژین:

لەڕاستیدا ڕەوتی باوی (تەقلیدیی) هاوچەرخ لە پرسی ڕەخنەگرتن لە ئەقلگەرایی مۆدێرنە کە پڕە لە چەندین دژبەیەکی لەناوخۆیدا یەکتردەبڕێ لەگەڵ ڕەوتی هەڵوەشێنەری دوای مۆدێرنەدا، هەروەها لە ڕەخنەگرتن لە بەها هاوچەرخەکان کە تۆمەتبارکراون بە لایەنگیری بۆ سەنتەریی ئەوروپی، هەروەك لەمەوپاش باسدەکرێ. لەوانەیە هەر ئەم هۆکارەش لە پشتی پۆڵێنکردنەکەی فەزل ئەلڕەحمانەوە بێت بۆ شوێنکەوتووانی ئەم ڕەوتە باوە ئایدیۆلۆژییە بەوەی کە بوونەتە (ئوسوڵییەکانی دوای پۆست مۆدێرنەکان)[1]. ئەم ڕەوتە باوە کە خاوەنی ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژییە خۆی و هەموو بەڵگەکانی تەنها لە ڕێگای دژایەتیکردنی خۆرئاواوە بە هەموو ئەوەی کە تێیدایە پێناسە دەکات، بە تایبەتی پرەنسیپەکانی دیموکراسی و سیستمە دیموکراسییەکان، هەموویان بەوە وەسف دەکات کە (بە شێوەیەکی ڕیشەیی دژن لەگەڵ سیستمی ئیسلامی دا)[2]. بەڵگەی سەرەکی ئەم ئاراستەیە بریتییە لەوە کە (فەرمانڕەوایی و تەشریع و سەروەریی) تەنها مافی خوای گەورەن، ڕەوانیە مرۆڤ لە نێو هیچ گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی یان مافێکی بەدەستهاتوودا ئەو مافانەی پێبدرێ. ئەوانەی ئەم گوتانە دەکەن ژمارەیەك بەڵگەی پشتگیری دەهێنن کە بۆ بەکاربردنی جەماوەری بۆ هزرە ساکارەکانیان سودی هەیە، بە ڕای خۆیان بە دەوری ئەنجام و سەرئەنجامەکانی ئایندەی دیموکراسییەتدا دەسوڕێنەوە، وەك ئەو گوتەیەیان کە ناویاننـاوە بە: (ئازادی بێباوەڕی لە خۆرئاوادا... پشێوی سێکسیی...نەمانی ڕەوشت... سوخۆریی...

---

[1]– ما بعد الحداثة، أحمد، ل/١٦٠.

[2]–حقيقة الديمقراطية، الشريف، ل/٢٠.

قـۆرخكردن... ئـەو سیاسـەتانەی کـە بـە دوو شـایەن دەپێـون... هـەروەها عەلمانییەت)[1]. زۆرێکی تریش گوایا لە دەرئەنجامەکانی ئایندەی دیموکراسین.

کەواتـە ئـەو دۆزە کـە ئـەم ڕەوتـە بانگەشـەی بـۆ دەکـات و لێیـەوە خـۆیی پـێ پێناسە دەکات لە بنەڕەتداو لەپێش هەر شتێکی ترەوە بریتییـە لـە دژایـەتیکردنی خۆرئاوا[2]، هەروەك دکتۆر فەزل ئەلرەحمان تێبینـی کـردووە. لەبەرئـەوە زۆرێـك لـە سیاسییە ستەمکارەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئـاوادا پشـتگیری لـەم ڕەوتـە دەکـەن، هەریەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆی. منیش پشتگیری دکتۆر عەبدوالله نوعەیم دەکەم لەو گوتەیەیدا کە دەڵێ: (لەڕاستیدا ئیسلام وەك هەر کەلەپورێکی تری ئاینی وایـە، دەکـرێ بـەکاربهێنرێ بـۆ پشـتگیریکردن لـە مافـەکانی مـرۆڤ، بـۆ دیموکراسـی، بـۆ ڕێزگرتنی گەلان لە یەکتری، هەروەها دەتوانرێ بەکاربهێنرێ بۆ چەوساندنەوە، بـۆ ستەمکاریی، بۆ توندوتیـژی... لێـرەدا شـتێکی ڕیشـەیی بـە نـاوی (بەریەککـەوتنی ژیارەکان) بوونی نیە کە نەتوانرێ رزگار ببین لێی، کەواتە مەسەلەکە بـە تـەواوەتی پشت لەسەر ئەو بژاردانە دەبەستێ کە ئێمە هەڵیاندەبـژێرین، ئـیتر موسـڵمان بـین یان غەیرە موسڵمان)[3].

لەم باسەدا کە دێت قسە لەسەر شیکردنەوەی ئاراستە جۆراو جۆرەکان دەکەین کە بە هەموویانەوە ئـەو باسـە پێکـدەهێنن ناومانـناوە بـە (مۆدێرنـەی ئیسـلامیی) بەپێی پۆلێنکردنی ئەم باسەمان.

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٨-٤٨.

[2]- ما بعد الحداثة، أحمد، ل/١٦٠.

[3]- Abdullah An-Naim, no. 1 2003. P. 48.

## ٤-٥ مۆدێرنەی ئیسلامیی:

هەردوو زاراوەی (مۆدێرنەی ئیسلامیی) و (مۆدێرنگەرا ئیسلامییەکان) لەم ماوە دواییانەدا لە لایەن چەند توێژەرێکەوە بەکارهێنراون. بۆ نمونە تشارلز کیرزمان لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الحداثة الإسلامية) ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە تا پێناسەی بزووتنەوەیەکی پێبکات کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت و (کۆششی دەکرد بۆ بەرپاکردنی گونجاندن لە نێوان ئیسلام و بەهاکانی مۆدێرنەدا، بۆ نمونە بەهاکانی: سیستمی دەستوریی، زیندووکردنەوەی کەلتوریی، دەوڵەتی نیشتمانی، ئازادی باوەڕی ئاینی، ئازادی توێژینەوەی زانستی، خوێندنی نوێ، مافەکانی ئافرەت، چەندینی تر لەو بەهایانە)[1]. ئیبراهیم موساش ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە تا وەسفی کۆمەڵێك لە زانا موسڵمانەکانی پێبکات کە (بە تەواوەتی کاریگەربوون بە بەهاکانی مۆدێرنەو ڕاستییەکەی) و (بە تەواوەتی باوەڕیان هێناوە کە هزری ئیسلامی وەها کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرچەستە بوو هزرێکی نەرمەو شیاوە پشتگیری لە نوێگەری بکات و خۆی بگونجێنێ لەگەڵ گۆڕانکاریدا بە جۆرێ کە تەریب بێت لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێندا)[2]. لە لایەکی ترەوە زیائەدین سەردار هەمان دەستەواژەی بەکارهێناوە تا پێناسەی کۆمەڵێك لە کەسە چاکسازەکانی پێبکات کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتن، ئەوانەی (هەوڵێکی بەرچاو دەدەن بۆ بەرپاکردنی ئیجتیهاد لەپێناو نوێکردنەوەی ئیسلام ئەویش لە دووتوێی ڕەوشی شێوازەکانی بیرکردنەوەی خۆرئاوایی و سیستمی کۆمەڵایەتی خۆرئاواییدا، بە تایبەتی لە پرسی بە هەندگرتن و پەیڕەوکردنیان بۆ بەرژەوەندییەکان)[3]. بەڵام نیل ڕۆبنسۆن باس لەوە دەکات کە مۆدێرنگەراکان

---

[1] -charles Kurzman, Oxford, 2002, p. 4.
[2] -Ebrahim Moosa, Oxford, 2003, p. 113.
[3] -Sohail Inayatullah and….London; ziauddin Sardar Reader, 2003. P. 27. 70. 82.

(بانگەشە دەکەن بۆ بەرپاکردنی ئیجتیهادێکی نوێ کە مەزهەبە باوەکان ناخاتە نێو پرۆژەی بیرکردنەوەیەوە)[1].

جا لە کاتێکدا من وەك پرەنسیپ هاوڕام لەگەڵ ئەو پێناسانەدا باسکران، بەڵام هۆکارێك نابینم ئەو بزووتنەوەیە تەنها ئەو زاناو چاکسازانە بگرێتەوە کە لە ساڵەکانی سەرەتاو ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا بوون، چونکە ڕاستییەکە ئەوەیە کە بڵاوبوونەوەی ئاراستە نوێگەرە ئیسلامییەکان، هەروەك پاش کەمێکیتر ڕوونیدەکەینەوە، لە ئەمڕۆدا لە زیادبووندان چ لە نێو پەیمانگا زانستییە ئیسلامییەکان یان لە نێو خۆرئاواییەکاندا بێت. هەروەها لێرەدا باس لە مۆدێرنە دەکەم ئەویش لە ڕێگای تیۆر و ڕەوتەکانییەوە نەك لە ڕێگای زانایانێکی دیاریکراوەوە. کەواتە ئەو نمونانەی لێرەدا دەیانهێنین مەبەست پێیان ڕوونکردنەوەی واتای مۆدێرنەی ئیسلامییە، نەك پۆلێنکردنی زانایانی ناوبراو بەو سیفەتە کە (مۆدێرنگەران). چونکە زانایان –هەروەك باسی دووبارەبووتەوە– لە تێڕوانینەکانیاندا زۆربەیجار دەگوازنەوە لە نێوان بەرنامە جۆراو جۆرەکاندا ئەویش بە بونیاتنان لەسەر ئەو مەسەلانە کە دەیانخەنە ژێر باس، بەهەمانشێوە بە پشتبەستن بە پەرەسەندنی بیرکردنەوەیان لە ماوەی قۆناغەکانی ژیانیاندا.

لەمەودوا باس لە تێڕوانینی مۆدێرنەی ئیسلامی بۆ فیقهی ئیسلامی دەکەین ئەویش لە ڕێگای ژمارەیەك لق و ڕەوتەوە، ئەوانیش بریتین لە: لێکدانەوەی چاکسازیی، لێکدانەوەی پاساوهێنەرەوە، ئەو لێکدانەوەیە کە ڕەوتێکی وتوێژکاریی هەیە، ئەو تیۆرانەی بەرژەوەندییەکان بە هەند دەگرن، هەروەها داڕشتنەوەی سەرلەنوێ بۆ بنەماکان. ئەم لقانەش بە چەندین شێواز مامەڵەیان لەگەڵ سەرچاوە تەشریعییەکاندا کردووە، ئێمەش لێرەدا هێڵە گشتییەکانی ئەو شێوازانە دەهێنین، هەروەك خوێنەر لە هێڵکاری ٥–١١ دا پوختەیەکی دەبینێت.

---

[1] -Neal Robinson, 1999. P. 161.




رەوتەکانی مۆدێرنە------------

**شێوەی ٥–١١: ئاراستەکانی مۆدێرنە لە ڕووی ئەو لقانەوە**
**کە پشکیان هەیە لە پێکهێنانیدا**

لێرەدا دوو کەسایەتی پێشەوا هەن کە کاریان کردووەتە سەر مۆدێرنەی ئیسلامی بە هەموو لقەکانیەوە، ئەوانیش بریتین لە: شێخ موحەممەد عەبدە (١٨٤٩–١٩٠٥ز)، کە لە سەردەمی خۆیدا موفتی وڵاتی میسر بووە، هەموو خوێندنە ئیسلامی و فەرەنسییەکان کاریگەر بوون لەسەری، وە دکتۆر موحەممەد ئیقباڵ (١٨٧٧–١٩٣٨ز)، کە شاعیرو مافناس و فەیلەسوفێکی هیندی بووە، هاتووە بە تەنیشت خوێندنە ئیسلامییە باوەکانەوە لە هیندوستان لە بەریتانیاو ئەڵمانیاش خوێندویەتی،، هەریەك لەو دوو زانایە، لە هەردوو لای جیهانی ئیسلامییەوە، هەوڵیداوە جۆرێك لە تەواوکاری لە میتۆدەکەیدا لە نێوان پرەنسیپە ئیسلامییە

نـەگۆڕەكان و ڕۆشـنبیری خۆرئاواییـدا بدۆزێتـەوە، ئـەوەش وەك هـەوڵێكیان بـۆ چاكسـازیی ئیسـلامی. بیرۆكـەی سـەرلەنوێ ڕاڤەكردنـەوەی ئیسـلام و زانیارییـە ئیسلامییە بۆماوەكان بیرۆكەیەكی هاوبەش بووە لە نێوان ئەو دوو زانایەدا. ئیقبـاڵ لەلایەكەوە جیاكاری كردووە لـە نێـوان پرەنسـیپە گشـتییەكانی قورئـانی پـیرۆز، و نێوان ڕاڤەكردنی ئەو پرەنسیپانەو ئەو ڕێژەیە كە لە ژیانی پراكتیكی دێتە سەری لە لایەكی ترەوە[١]. موحەممەد عەبدەیش بەشێك لە تەفسیرەكەیی بۆ قورئـانی پـیرۆز بـەپێی تێگەیشـتنی تایبـەتی ڕاسـتەوخۆ لـە زمـانی عـەرەبی قورئـانی تـەواوكرد، بێئـەوەی لـە هـیچ سەرچـاوەو قوتابخانـە ناسـراوەكانی تەفسـیرەوە زانیارییـەكانی وەربگرێ، ئەوە كارەی لە مێژووی زانستەكانی قورئاندا شتێكی بـێ پێشـینە بـوو[٢]. جـا ئەگەرچـی موحەممـەد عەبـدە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ باسـی كاریگـەری تیـۆرە تەشریعییە فەرەنسییەكانی لەسەر خۆی و لەسەر شـێوازەكەی بـۆ تێگەیشـتنی لـە فیقهی ئیسلامی نەكردووە، بـەڵام توێـژەر لـە توانایدایـە پـەی ببـات بـە پەیوەنـدی نێـوان میتـۆدی لێكدانـەوە لای موحەممـەد عەبـدەو قوتابخانـەی فەرەنسـی (تەفسیری)، چونكە لەو سەردەمەدا كە موحەممەد عەبدە لە فەرەنسا لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا سـەرقاڵی خوێنـدنی یاسـا بـوو ئـەو قوتابخانەیـە لـە نێوەنـدە فەرەنسـییەكاندا ئامـادەبوونێكی بـەهێزی هـەبوو. موحەممـەد عەبـدە لـە ژیننامـە تایبەتەكەی خۆیدا نوسیویەتی كە پێش ئەوە بڕوات بـۆ فەرەنسـا بـە باشـی فێـری زمانی فەرەنسی بووە: (تا بتوانێ ڕاستەوخۆ لێكۆڵینەوە لە یاسای فەرەنسـی و لـە سەرچاوەكانی بكات)[٣]. فەرەنسـییەكانی قوتابخانـەی (تەفسـیری) كـە لـەو كاتـەدا ڕاڤـەی یاسـایان دەكـرد خوویـان گرتبـوو بـە (سـەرلەنوێ تەفسـیر)كردنی یاسـای

---

[1]- Mohammad Iqbal, Lahore; 1986.

[2]- Malcolm H. Kerr, 1966. P. 108.

[٣]- الأعمال الكاملة، محمد عبده. دار الشروق، ١٩٩٣.

فەرەنسی لەسەر شێوەی (هەمووەکی تەشریعییە گشتییەکان) بە چاوپۆشین لە شوێنی ئەو بەندانە کە ئاماژە دەدەن لەسەر ئەو هەمووەکانە لە دووتوێی کۆمەڵە یاساکاندا)[١]، میتۆدی (سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوە بۆ گەڕان بەدوای هەمووەکییەکاندا) پوختەی هەمان میتۆدی مامۆستا موحەممەد عەبدەیە کە لە تەفسیرەکەیدا پەیڕەوی کردووە، هەروەك لە تێبینییەکانی لەبارەی تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزەوە دەردەکەوێ[٢].

پاشتر مامۆستا موحەممەد ڕەشید ڕەزا هاتووە کە قوتابی پێشەوا موحەممەد عەبدە بووە، هەستاوە بە تەواوکردنی ئەرکی مامۆستاکەی لە سەرلەنوێ تەفسیرکردنەوە بە مەبەستی چاکسازی ئیسلامیی، ئەو مەبەستەشی لە تەفسیرێکی قورئانی پیرۆزدا بڵاوکردەوە و ناوی نا (**المنار**)[٣]. کە لە ئەمڕۆدا بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە خوێندنە قورئانییە نوێیەکاندا، هەرچەندە ڕەشید ڕەزا کۆچی دوایی کرد بەرلەوە تەواوی بکات. پاشتریش قوتابییەکی تری مامۆستا موحەممەد عەبدە هات ئەویش مامۆستا تاهیر ئیبن عاشور بوو، مامۆستای زانکۆی زەیتونە بووە لە سەردەمی خۆیدا، ئەویش تەفسیرێکی تەواوی بۆ قورئانی پیرۆز نوسیوە، ناوی ناوە (**التحرير والتنوير**)، لە پێشەکییەکیدا نوسیویەتی باوەڕی بە تەفسیرکردن وەهایە کە (بەپێی ئەو مانایانە بێت کە مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە زمانی قورئانی پیرۆزەوە وەریدەگرێ)[٤]. ئەو ڕاڤەکارە رابەرو پێشەنگانە ڕێگایان خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی ڕێبازی نوێ و میتۆدی نوێ بۆ تێگەیشتن و تەفسیر و لێکدانەوەی دەقی قورئانیی، هەموویان پشکییان هەیە لە بەشەکانی چاکسازیی هاوچەرخدا[٥].

---

[1] -Francois Geny, 1954. Vol. 2. P.190.

[٢]- الأعمال الكاملة، محمد عبده. دار الشروق، ١٩٩٦.

[3] -Kerr, Islamic Reform p. 188.

[٤]- التحرير والتنوير، بن عاشور، ١٩٩٧.

[5] -Nafi, Basheer. Tahir Ibn Ashur. No. 1 2005

لێکدانەوەکەی موحەممەد عەبدە ئامانجی ئەوە بوو بیسەلمێنێ کە ئیسلام (گونجاوە) لەگەڵ (زانست) و لەگەڵ (ئەقڵ)دا[1]. ئەمەش ئەو دەمەقاڵە دێرینەی فەلسەفەی ئیسلامیمان وەبیردێنێتەوە کە دەربارەی مەسەلەی (دژایەتی و نەگونجانی ئەقڵ و نەقڵ-دەق-) دەکرا هەروەك لەپێشەوە باسی لێکرا. بەڵام ئەوەی موحەممەد عەبدە ناویناوە (زانست) لەڕاستیدا فیزیکێکی ئەزموونی و زیندەزانییەکی ئەزموونی و میتۆدێکی ئەزموونی ماددی بوو هەر بەوشێوەیە کە مرۆڤایەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا شارەزا بوو پێی، ئەمەش وای لە موحەممەد عەبدە کرد بگەڕێ بەدوای تەفسیرکردنی هەستپێکراودا با دووریش بێت لە هەموو مەسەلەیەکی نادیار (غەیبی) کە لە پەڕاوەکەی خوای گەورەدا باسکراوە، ئەویش لە ڕێگای کۆمەڵە چەمکێکەوە لەوانەی کە لە تیۆرەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە باو و بڵاوبوون هەڵیگۆزین. ئەمەش بۆ نمونە لەو تەفسیکردنەیدا دەرکەوت کە بۆ درەختەکەو ئادەم و حەووا کردی، هەروەها کاری فریشتەکان، کاریگەری ئێرەیی و تادوایی. دوور نیە موحەممەد عەبدە-بەڕەحمەت بێت- کەوتبێتە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی داروین کە لەو سەردەمەدا جەماوەرێکی زاڵی هەبووە، ئەویش کاتێك تەفسیری ئەو ئایەتانەی کرد کە وەسفی ئادەم و حەووا دەکەن گوایا ئەو ڕووداوە کە قورئانی پیرۆز باسی دەکات چیرۆکێکی خوازراوە (مەجازییە) نەك ڕاستییەکی زانستی بێت، بەڵکو ئەوە تەنها پەند و وانەو نمونەیەکە بۆ مرۆڤەکان[2]. پاشان تەفسیری ئەو درەختەی کردووە کە ئادەم و حەووا لێیان خواردووە گوایا ئەوە خوازراوە (مەجازییە) مەبەست پێی (خراپەو سەرپێچییە) کە ئادەمیزاد دەکەوێتە ناوی نەك وەها کە درەختێکی ڕاستەقینە بێت[3]. بەهەمانشێوە

---

[1]- الأعمال الكاملة، عبده، ب٤، ل/١٤٣.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل/١٨٧.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ب٤، ل/١٤٥.

هاتووه تەفسیری فریشتەکان دەکات، لەوانەی کە قورئانی پیرۆز کاری دیاریکراوی داوەتە پاڵیان، گوایا ئەوانە تەنها هێزێکی سروشتی هەستپێکراون و چاوی سەر دەرکیان پێناکات.[1]. هەروەها تەفسیری ئێرەیی دەکات گوایا بریتییە لە کۆمەڵە پلانێکی خراپ و کەسی حەسود دایاندەڕێژێ تا زیان بەو کەسە بگەیەنێت کە ئێرەیی پێدەبات[2]، نەك وەهابێت کە ئێرەیی چییەتی و کاریگەری ڕۆحی یان غەیبی هەبێت، چونکە موحەممەد عەبدە هەر کاریگەرییەکی غەیبی بۆ هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی ڕەتکردووەتەوەو بە شتانی نا (زانستی) داناون.

مەسەلەی پشتگیریکردنی مامۆستا موحەممەد عەبدە بۆ (لۆژیکی ئەزموونیی)[3] وەها کە لە تەفسیرە نوێیەکەیدا بۆ قورئانی پیرۆز هاتووە، هەمان پشتگیریکردنی پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالیم بۆ لۆژیکی هەڵێنجانی ئەرستۆم وەبیردێنێتەوە کە غەزالی بۆ تەفسیرکردنی نویێ بۆ هەندێ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەکاریهێناوە، هەوڵیداوە بنەما سەرەکییەکانی لۆژیکی هەڵێنجان لە لۆژیکی خودی ئایەتەکان و حوکمە شەرعییە ناسراوەکاندا کە لێی دەکەونەوە بسەلمێنێ، وەك ئەو گوتانەی کە کردوونی لەسەر پەیوەندییەکانی: لەخۆگرتن، چەسپاندن، پێویستبوون، جیاکردنەوە، مەرج، یەکسانیی و هۆی لۆژیکیی[4]. دەگونجێ هەریەك لەم دوو تەفسیرە (تەفسیری لۆژیکی ئەزموونیی و تەفسیری لۆژیکی هەڵێنجان) ڕێگاپێدراوبن لە لایەنی زمانەوانی ڕووتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە قورئانی پیرۆز هیچ کام لەو دوو تەفسیرەی بەدیاریکراوی مەبەست بووبێت و کار بەو سیستمە لۆژیکییە یان ئەویتریان بکات. چونکە زانستی سروشتی و تیۆری لۆژیکیی

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ب٤، ل/١٤٣.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل/٥٤٦.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل/٤٤٥.

[4]- القسطاس المستقيم، أبو حامد الغزالي، ١٩٥٩. المستصفى، غزالي، ب١، ل/٧١.

هەردووکیان دوو بەرهەمی (مرۆیین) و هەر بەوشێوەیە دەمێننەوەو گومانیشی تێدا نیـە کـە بـەردەوام دەکەونـە بـەر گـۆڕان، ئەمـەش دەمانگێڕێتـەوە بـۆ (سروشـتی پـەیپێبردن) بـۆ تـەواوی بیرکردنـەوەی مرۆیـی، هـەروەك لـە بەشـی دووەمـدا باسمانکردووە.

لە لایەکی ترەوە، زانستی سەردەم لە ئێستادا دەڵێت کە نە بەڵگەی سـەلماندن و نـە بەڵگـەی ڕەتکردنـەوەی گریمانـە نادیـار (غیب)یـەکانی پـێ نیـە کـە دەکەونـە پشتەوەی زانستی مرۆیی، وەك مەسەلەی فریشتەکان، یان کاریگەری ڕۆحی چـاوی حەسود، هیتریش. لە واقیعیشدا دوایین توێژینەوەکانی سـەردەم، کـە قوتابخانـەی ڕۆحیی نوێ (یان سەردەمی نوی) کاریان پێدەکات، ئامـاژە دەدەن بـۆ ئاسـەواری ئەرێنی و نەرێنی ئەوەی کە پێی دەوترێ (وزە)، کە دەگوازێتەوەو کاریگەری هەیـە لـە دەرەوەی مـەودای پێـنج هەسـتە باوەکـە، بـەڵکو ئـەو توێژینـەوە نوێیانـەی (زانست)ی وێنەگرتنی وزە پشتگیری لە گریمانەکانیان دەکەن کە لـە توانایدایـە بـە ئامێری زۆر هەستیار ئەو وزەو بازنە تیشکییە ناڕوونانە وێنە بگرێ[1].

## ڕاڤەکردنی چاکسازیی (إصلاحي):

ئـەوەی لـەم ناونیشـانەدا مەبەسـتمە بریتییـە لـە بزووتنەوەیـەکی نـوێ لـە تەفسیرکردندا، پێناسە دەکرێ بە (قوتابخانەی تەفسـیری بابـەتیی–موضـوعي–)، یـان (قوتابخانـەی تەفسـیری خولگـەیی–محـوری–) بـەپێی دەسـتەواژەی فـەزڵ ئەلرەحمان[2]. لەو کەسـە یەکەمانـە کـە بەشـداریان کـرد لـەو ئاراسـتەیەدا: پێشـەوا موحەممەد عەبدە، پێشەوا تەباتەبائی، پێشەوا ئیبن عاشـور، پێشـەوا صـەدر. ئـەم قوتابخانەیـە قورئـانی پـیرۆز وەك یـەك یەکـەی کامـڵ و تـەواوکاری یـەکتری

---

[1] بۆ نمونە بڕوانە: –Shakti Gawain, 1989. P.155.

[2] –Fazlur Rahman. No. 4 1970. P. 229.

دەخوێنێتەوە، لە ڕێگای تێڕوانینێکی گشتگیرەوە هەمووەکی هێڵە گشتییەکانی قورئان لە سورەتەکانیدا یان لە کۆمەڵە ئایەتێکیدا دەردێنێ. پێشتر قوتابخانەکانی تەفسیرکردنی باو هەموو هەوڵی خۆیان چڕکردبووەوە لەسەر تەفسیرکردنی چەند وشەیەك یان چەند ئایەتێك بە تەنها، ڕاڤەکاران بە دەگمەن سەیری کۆمەڵە ئایەتێك یان چەند سورەتێکیان لە میانەیەکدا کردبێت. پاشان موحەممەد عەبدە و تاهیر ئیبن عاشور هاتن و لە پێشەکی تەفسیرەکەیاندا جەختیان کرد لەسەر گرنگێتی تەفسیرکردنی بابەتیی، هەردووکیان ئاماژەیان بە بوونی ڕایەڵە نوێیەکانی پێکەوەبەستن داوە لە نێوان چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا، وە نێوان برگەی دیاریکراو لە قورئان و برگەکانی تر لە میانە جۆراو جۆرەکاندا. بەڵام هیچکام لەم دوو زانایە هەڵنەستان بە نوسین لەسەر ئەم بابەتە. تا ئایەتوالله صەدر لەدوای ئەوان هەستا بە ئەنجامدانی ئەم کارە، کە زنجیرەیەك وانەبێژیی و بابەتی گرنگی لە نەجەف لە عیراق دەربارەی ئەم بابەتە پێشکەش کرد، واتە ڕێبازی تەفسیرکردنی بابەتیی، جێبەجێشی کردووە تا ڕوونیبکاتەوە کە قورئانی پیرۆز چۆن باسی بابەتی مێژوویی بە شێوەیەکی گشتی کردووەو چۆن باسی بونیاتنانی کۆمەڵگای نمونەیی دەکات[١]. پاش ئەو مامۆستا موحەممەد غەزالی، دکتۆر حەسەن تورابی، دکتۆر فەزڵ ئەلڕەحمان، مامۆستا عەبدوالله دەڕاز، مامۆستا سەیید قوتب، دکتۆر فەتحی عوسمان و دکتۆر تیجانی حامید هاتن، کە هەر یەکەیان قسەیان لەسەر تەفسیری بابەتیی نوێ کردووەو لەسەر ئەو ڕێبازە نوێیە کاریان کردووە[٢].

[١]– ئەم بابەتە لەژێر چەند ناونیشانێکدا بلاْوکراوەتەوە، بۆ نمونە بڕوانە: السنن التأريخية في القرآن، آية الله محمد باقر الصدر. الأعمال الكاملة، الإمام الصدر، ب١٣، ل/٣٨.

[٢]– الشيخ إبن عاشور والمشروع الذي لم يكتمل (في مقاصد الشريعة الإسلامية)، محمد الطاهر الميساوي، كوالالامبور، ١٩٩٩. ل/٧٣.

پاشتریش دکتۆر تەها عەلوانی بانگەشەی بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر کردووە بەشێوەیەك کە: (دەڵێ توانا ئەقڵیی و کەلتوریی و شارەزایی و زانستییەکانی خەڵکی بە تەواوەتی دادەڕێژرێ لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەیان کە بۆ قورئان و سوننەت هەیانە)[١]. عەبدولکەریم سروشیش تیشکی خستووەتە سەر نیشانەکانی تەفسیری هاوچەرخی ئیمام تەباتەبائی بۆ قورئانی پیرۆز بە بەکارهێنانی زمانی خودی قورئان، ئەویش لە نێو (بازنەیەکی لێکدانەوەدا) کە چڕنابێتەوە لەسەر واتای وشەکان، بەڵکو لەسەر ئەرکی وشەکان، بەپێی گوتەی ئەو[٢]. سروش هەر بە پشتبەستن لەسەر ئەو (ئەرکانە) بەردەوام دەبێ لەسەر تێڕوانینی خۆی و پێشنیاری کردووە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەو ئایەتانەدا کە (پەیوەندییان بە ژینگەی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و مێژوویییەوە هەیە، وە نێوان ئەو ئایەتانە کە وەها نین)[٣]. دکتۆر فەزڵ ئەلڕەحمان ڕەخنەی گرتووە لە بیرکردنەوەی ئیسلامی سەدەکانی ناوەڕاست کە بە ڕای ئەو نەهاتووە (کارێکی یەکگرتوویی لە ڕەوشتدا بەرهەم بێنێ کە ڕاستەوخۆ بونیات نرابێت لەسەر قورئانی پیرۆز، لە کاتێکدا چەندین کتێب لە ڕەوشتە ئیسلامییەکاندا بوونیان هەیە کە لە بنەڕەتەوە بونیاتنراون لەسەر فەلسەفەی یۆنانی)[٤]. سروش بەردەوام دەبێت و دەڵێ پێویستە تەفسیرێکی نوێ بۆ قورئانی پیرۆز بنوسرێت کە لەسەر زانستێکی نوێ بۆ ڕەوشت دامەزرابێت، ئەوەش وەك ڕێخۆشکردنێ بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی

---

[١]– مدخل إلى فقه الأقليات، طه جابر العلواني، پرۆژەیەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی ئەورووپی بۆ فەتواو توێژینەوەکانECFR کراوە، 224٦ز، ل/4٥.

[2] -Abdul-Karim Soroush, Oxford. 1998. P. 248.

[٣]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٥٠.

[4] -Fazlur Rahman, Islam p. 257.

تەشـریعی ئیسـلامی کـە شـیاوی لێکۆڵینـەوە بێـت[1]. کـاری چـڕبکاتەوە لەسـەر (مەبەستەکان)ی ئاکاری ڕەوشتیی نەك لەسەر شێوەکانی ئاکاری ڕەوشتیی[2].

دکتـۆرە سـەلوا موحەممـەد ئـەلعوا تێڕوانینێکـی زمانـەوانی هاوچـەرخی بـۆ تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز پەیڕەو کردووە، بەڵام تێڕوانینێکی ڕشتەبەندییە نـەك (هەڵوشێنەریی) (لە باسی داهاتوودا قسە لەسەر هەڵوەشێنەریی زمانیی دەکەین).

دکتۆرە سەلوا لە میتۆدی ڕشتەبەندیی قوتابخانەی لەنـدەنی زمانـەوانیی نوێـوە هەنگاوی ناوە تا لە کاتی تەفسیرکردنی قورئانی پـیرۆزدا گرنگێتـی بیرکردنـەوە لـە میانەکـەدا ڕوونبکاتـەوە (یـان ئـەوەی کـە ناویاننـاوە کەوانـەکان یـان دیاریکـاری میانەیی)، لەوانیش سۆزدارییی، کارامەیی و کەلتوریی، هەروەها ڕووونیکردووەتـەوە کە ئەو میانانە هۆکارن بۆ ئەوەی ناوی (ڕووەکـان) یـان (فـرە مانـایی) لێبنـرێ کـە تەفسـیرە کەلەپوورییـەکان لـە تەفسـیرکردنی ژمارەیـەك دەسـتەواژەی قورئانیـدا خستوویانەتەڕوو[3]. پاشان هاتووە لە توێژینەوەیەکی دواتریدا پێشنیاری (تێڕوانینی ڕشتەبەندی بۆ تەفسیرکردن ) کردووە[4].

گومانی تێدا نیە ئەم ڕەوت و میتۆدە نوێیانە لە پرۆسەی لێکدانەوەو سەرلەنوێ تەفسـیرکردن کـە باسمـانکرد کۆتاییهێنـا بـە قـۆرخکردن و دەستبەسـەراگرتنی تـاقمێکی دیـاریکراو بـە تەفسـیرکردنی قورئـانی پـیرۆز بـە درێـژایی سـەردەمە ئیسـلامییەکان، ئـەوانیش تـاقمی ڕاڤـەکارە باوەکـانن[5]. گرنگێتـی و کرۆکـی ئـەم تەفسـیرە چاکسـازییە نوێیانـە لەوەدایـە کـە ئیجتیهـادی نـوێ و هەڵوێسـتی نـوێی

---

1 -Ebrahim Moosa, Oxford. 2000. P. 61.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل/١٨٦.

٣- الوجوه والنظائر في القرآن الكريم، سلوى العوا، ط١، ١٩٩٨، ل/٦٩.

4 -Salwa M. S. El-Awa, 2006.

٥- ئەمەش ڕایەکە کە تا ئێستا لەلایەن هەندێ زانـای هاوچـەرخەوە بـاوەو بـرەوی پێـدەدرێ. بـۆ نمونـە بڕوانە: مباحث في علوم القرآن، مناع القطان، ط١١، ٢٠٠٠، ل/٢٣٢٢.

لێکەوتەوە لەوەدا کە پەیوەستە بە کێشە کردارییی و واقیعییەکانی موسڵمانانەوە، بۆ نمونە ئەوەی پەیوەندە بە خێزانەوە، بە ئابووری و سیاسەتەوە.

با لێرەدا نمونەیەك لەسەر ئەو تەفسیرە مۆدێرنگەرایانە بخەینەڕوو کە کۆمەڵی ئیجتیهادی نوێی لە بواری (ئیسلام و سیاسەت) دا بەرهەمهێنا.

مامۆستا عەلی عەبدوڕازق دادوەرێکی ئەزهەری بوو کە لە ساڵی ١٩٢٥ز دا دەمەقاڵەیەکی گەرمی نایەوە، ئەو دەمەقاڵەیە تا ئەمڕۆش خاوەنبووتەوە، لەبارەی ئەوەوە ئایا ئیسلام ئاینێکە (سروشتێکی سیاسی) هەیە یا نا؟ مامۆستا عەلی عەبدوڕازق میتۆدێکی تەفسیرکردنی نوێی پیادە کردووە کاتێ بەڵگەی بە ژمارەیەك ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی زانراوی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هێناوەتەوە تا بیسەلمێنێ کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) (خاوەنی دەستەڵاتی پێغەمبەرایەتی بووە) نەك دەستەڵاتی (پادشا یان جێنشینی یان سوڵتان) هەروەها (یەکبوونێکی ئاینی) دامەزراندووە نەك (دەوڵەتێکی سیاسی)[1].

ئەوەی من دەیبینم بیرۆکەکەی عەلی عەبدوڕەزاق کورتدەکرێتەوە لەو ڕایەیدا کە وتوویەتی تەشریعی ئیسلامی لە دیاریکردنی سیستمی سیاسیدا بێلایەنە، واتە کۆمەڵگا موسڵمانەکان-لای ئەو-ئازادن هەر سیستمێکی سیاسی کە خۆیان دەیانەوێ هەڵیبژێرن ئیتر سیستمی جێنشینی یان دەوڵەتی نیشتمانی بێت یان هەر سیستمێکی تر، بێئەوەی سیستمێکیان بە هەند بگیرێ کە لە ڕووی شەرعەوە دەبێت پابەندبوون پێیەوە هەبێت. وادەبینم ڕایەکەی عەلی عەبدوڕەزاق لە کرۆکیدا هاوشێوەی ڕا فیقهییە باوەکانە کە پێشەوایەتی واتە حکومەتداریی کردووەتە (فەرز بە ئەقڵ نەك بە شەرع)[2] بەپێی گوتەی ماوەردی. لێکدانەوەکانی عەلی

---

[1] -Ali Abd al-Raziq, Oxford. 1998. P. 32.

[2]- الأحكام، الماوردي، ل/٥.

عەبدوڕەزاق-با نوێیش نەبووبن-بەڵام هەر زۆر لەسەری کەوتن کە بوونە مایەی دادوەریکردنی بە چەندین تۆمەت، تا دواجار بڕوانامە ئەزهەرییەکەی لێسەنرایەوە[1].

**لێکدانەوەی پاساوهێن:**

جیاوازی نێوان لێکدانەوەی چاکسازیی و لێکدانەوەی پاساودار بریتییە لەوە کە ئامانجی لێکدانەوەی چاکسازیی ڕوودانی گۆڕانکاری ڕاستەقینەیە لە پراکتیزەکردنی فیقهی ئیسلامیدا، بەڵام ئامانجی لێکدانەوەی پاساودار هێنانەوەی پاساو و بیانووە بۆ شەرعییەتدان بە حاڵەتێك لە حاڵەتەکان یان هەر ڕشتەبەندییەك، ئیتر ئیسلامی بێت یان غەیرە ئیسلامی. لێرەدا چەند نمونەیەك لەسەر ئەو لێکدانەوانە دەهێنین کە پەیوەندییان بە بابەتی (ئیسلام و سیاسەت)ەوە هەیە، لەو کتێب و نوسینانەوە وەریان دەگرین کە دوای عەلی عەبدوڕازق دەرکەتن، ئێمەش بەوەیان دادەنێین کە نمونەن لەسەر (لێکدانەوەی پاساودار) و هیچیتر.

بۆ نمونە، مامۆستا مەحمود موحەممەد تەها جێبەجێکردنی (سوشیالیستی) داناوە بە ئامانجێکی خودی ئیسلام[2]. بەڵگەی بە هەمان ئەو ئایەتە هێناوەتەوە کە عەلی عەبدوڕەزاق کردوویەتی بە بەڵگەی گوتەکانی خۆی، ئەمەش لە شتە لێکجیابووە سەیرەکانە، ئەویش ئایەتی: ﴿ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴾ الغاشية: ٦٦ . مامۆستا مەحمود موحەممەد تەها دەڕوات بەرەو ڕاڤەکردنی ئەو ئایەتانە کە دەبێت موسڵمانان شورا و زەکات و چەندین حوکمی تر جێبەجێ بکەن، بەو پێیە کە ئەوانە بەپێی گوتەی ئەو: چەند قۆناغێکن هەردەبێ بکرێن وەك ئامادەباشی بۆ هاتنی سوشیالیستی).

---

[1] -James p. piscatori, 1996. P. 53-54.

[2] - Mahmoud Mohamed Taha, The Second Message of Islam 1998. P. 262. وە (ئیسلام هەروەك سوشیالیستییە دیموکراسیشە) ناونیشانی کتێبێکە کە مەحمود موحەممەد تەها بەڵێنی دابوو بینوسێ بەڵام ئەو کارەی نەکرد، لە ساڵی ١٩٨٥ بە تۆمەتی (پاشگەزبوونەوە) لە سێدارەدرا. چونکە ڕەخنەی گرت لە جێبەجێکردنی هەندێ (حوکمی شەرعی) لە سودان.

مامۆستا صادق سەلمانیش هەڵێنجانی لە هەمان ئەو ئایەتانەوە کردووە کە پەیوەندن بە شوراوە و دەڵێ: (دیموکراسی و شورا هاو واتان لە چەمك و لە پرەنسیپ دا... هەردووکیان یەك شتن)[1]. مامۆستا موحەممەد ئەحمەد خەلەف الله یش خودی شورای لەبەر ڕۆشنایی پراکتیزەکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لێکداوەتەوە، کە بریتییە لە (دەستەڵاتی دەنگدانی زۆرینە)[2]. دکتۆر عەبدولعەزیز ساشادینا لێکۆڵینەوەی لە قورئاندا کردووە بۆ (بنەما ئیسلامییەکان لەسەر فرەیی دیموکراسی) لە (کۆمەڵگای مەدەنی) لە مەدینەی مونەووەرە لە سەردەمی یەکەمین کۆمەڵگای ئیسلامیدا، ئەوەش بە مەبەستی: (شەرعییەتدانە بەو هزرە عەلمانییە هاوچەرخانە کە پەیوەندیان بە هاوڵاتیبوونەوە هەیە لە ڕۆشنبیری ئیسلامی سیاسیدا)[3]. وەها کە خۆی گوزارشت لە پڕۆژەکەی دەکات.

ڕاستە ئەگەر سروشتی نەرمی زمانی عەرەبی بە هەند بگرین ئەوا هەموو ئەو لێکدانەوانە لەلایەنی زمانەوانییەوە ڕاستن، بەڵام ناشێت هیچکامیان بکرێتە بەڵگە لەسەر ئەوە کە قورئانی پیرۆز پشتگیری لە سیستمێکی سیاسی دیاریکراو دەکات، سوشیالیستی بێت یان سەرمایەداری، یان پشتگیری دەکات لە سیستمی دەنگدان بە زۆرینە لە وەرگرتنی بڕیاری گشتیدا. بەڵام مامۆستا ڕاشید غەننوشی وریاتر بووە لە مۆدێرنگەراکانی تر کاتێك هاتووە دیموکراسی و بنەماکانی دیموکراسی بە هەند گرتووە نەك بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی ڕاستەخۆ بۆ دەقەکانی قورئانی پیرۆز، بەڵکو بە پشتبەستن لەسەر (ناوەڕۆکی شەریعەتی خوا) کە پەیامە ئاسمانییەکان لەپێناوی ئەودا هاتوونەتە خوارەوە، ئەویش بریتییە لە بەرپاکردنی دادپەروەری لە نێوان خەڵکیدا[4]. مامۆستا موحەممەد خاتەمی کە پێنجەمین سەرۆکی ئێرانە، هەمان

---

[1] -Sadek Sulaiman, Democracy and Shura, 1998. P. 98.
[2] -Mohammad Kaalaf-Allah, Legislative Authority, 1998. P. 45.
[3] -Abdulaziz Sachedina, Islamic…..2001. pp. 38, 83, 132.
[4] -Rachid Ghannouchi, Participation in Non-Islamic……….1998, p. 95.

میتۆدی پەیڕەو کردووە، بە بەڵکە هێنانەوە لەسەر پەیڕەوکردنی دیموکراسی وەك سیستمێك بۆ حوکمی ئیسلامی، وتوویەتی کە ئەو دیموکراسی پەیڕەو دەکات چونکە جێگرەوەی لۆژیکیی بۆی ستەمکارییە، ستەمکاریش دژە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا[1].

لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە ئەو بەڵگانەی کە هێناومانن مەبەست پێیان تەڕو پاراوکردنی دیموکراسی نیە لەسەر مۆدێلی ئەورووپی یان ئەمەریکی، یان شۆڕبوونەوە بە پەسەندکردنی ئەنجامەکانی دەنگدان بە زۆرینەی دەنگەکان، یان سیستمی حیزبەکان، یان میتۆدی خۆرئاوایی لە دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەو ئاستە لە وردەکاریی و درێژەپێدان بە (کاروبارەکانی دنیا) ئەوەندە پێویست بەوە ناکات ئەو قەبارە زەبەلاحەی پێبدرێ کە بێین لە ڕێگای چەماندنەوەی دەقەکانی قورئان و سوننەتەوە واتای پێشتریان پێببەخشین و بیانسەپێنین بەسەریاندا. چونکە بۆ نمونە ئەگەری هەیە دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆ هەمان پلەی سەرکەوتنی هەبێت یان لەوانەیە لەو سیستمە دیموکراسییە سەرکەوتووتر بێت کە لەسەر فرە حیزبی بەرپابووە و پێشتر وەك سیستمێکی (ئیسلامی) باسمانکردووە[2]، هەردوو سیستمەکەش ئامانجیان بەجێگەیاندنی هەمان ئاستە لە مەبەستەکان، کە هەر ئەوەش گرنگە. ئیتر سیستمی دەنگدان بێت لە ڕێگای ئاستە جۆراو جۆرەکانی دەنگدانەوە، یان سیستمی هەڵبژاردنەکان لەسەر لیستی دووانەیی، یان سیستمی فرەیی قۆناغەکانی دەنگدان، یان سیستمی سویدی لە فرەیی ئەندامێتی نوێنەری ناوچەکان، یان لە ڕێگای تریشەوە بێت، کە هەر هەموویان ئەڵتەرناتیفی پەسەندن، هەر هەمووشیان سیستمی دەنگدانن کە یەکسان دەبن یان سەرکەوتووترن لە دەنگدان بە زۆرینەی دەنگەکان، هەر هەمووشیان

[1] -Seyyed Mohammed Khatami, Islam, Liberty………..1998. p. 5.
[2] -Larry Johnston, Ontario. 1998. P. 370.

کۆشش دەکەن بۆ بەجێگەیاندنی نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانە تا بڕیاری گشتی تیایدا لە بەرئەنجامی بەشداریکردنێکی فراوان و هاوتای خەڵکییەوە هاتبێت[1].

جێبەجێکردنی ڕوونیی (الشفافية) لە کارو ئەمانتەپارێزی دا، لە پێکەوەژیانی هاوبەش، لە کەلتوری خۆبەخشی، لە کاری یەك تیمی، لە ئاڵوگۆڕکردنی بەرژەوەندییەکان و ڕێزگرتنی هاوبەش، مەرج نیە جێبەجێکردنی هەموو ئەمانە لە کۆمەڵگایەکدا لە ڕێگای گواستنەوەی دەقاودەقی نمونەی ئەمەریکییەوە بێت بۆ کۆمەڵگای مەدەنی، کە ناسراوە بە هەژموونی دامەزراوە نا حکومییەکان بەسەر کاری گشتیدا[2]. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ هەوڵی سەلماندنی بدەین بریتییە لەوە کە دەبێ تێگەیشتن لە دەقەکانی قورئان و سوننەت لەو بوارە گشتییانەدا لەبەر ڕۆشنایی مەبەستە باڵاکان و ئامانجە هەمووەکیەکانەوە بێت، نەك لەبەر ڕۆشنایی سیستم یان پەیکەرێکی سیاسی درێژدادڕدا کە بە بۆچوون و جێبەجێکردنێکی پێشتر بۆ داڕێژراو، وەها کە مۆدێرنگەرا پاساودارەکان دەیکەن.

هەمان تێڕوانین دەچەسپێ بەسەر ئەوەدا کە دەتوانرێ ناوی لێکدانەوەی ئافرەتگەریی بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەتی لێبنرێ[3]. ئەو تیمەی ئەم مەسەلەیە پەیڕەو دەکات، پێویستە تێڕوانینەکەی لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی کە باسمانکردن لە میانەی مەبەستەکان و بەهاو بەرژەوەندییە باڵاکاندا بێت کە دەقەکان ڕێنماییمان دەکەن ، نەك لەسەر بنەمای جۆرەکانی یەکسانی ئەویش بەپێی بۆچوونی پێشتر لە نمونەی خۆرئاوایی بۆ یەکسانیکردن لە نێوان پیاوان و

---

1 -H. Normi, 1987.

2 -Saad Eddin Ibrahim, Cairo. 1996.

٣- Leila Ahmed, Women and Gender in Islam, 1992……. المرأة والدين والأخلاق، هبة عزت رؤوف، دمشق، ٢٠٠٠ز. Fatima Mernissi, Oxford. 1998

ئافرەتاندا[1]. بەڵام ئەوەندە هەیە کە پرسەکانی ئافرەت لە ئیسلامدا ئاڵۆزترە لە پرسەکانی تر، چونکە خەڵکی بە تایبەتی لەم بەشەدا پابەندن بە کۆمەڵێ ڕاڤەکردنی دیاریکراوەوە کە ڕەگی خۆی نەوە لەدوای نەوە لە مێشکیاندا داکوتاوە، ئەو ڕاڤەکردنانە کە پێشینەکان لە سەردەمە یەکەمەکانەوە پەیڕەویان کردوون و داب و نەریت و عورف و دیدگایان بۆ جیهان و بۆ مرۆڤ کاریگەری لەسەریان هەبووە، کە پاشتر بە قووڵی چوونەتە ناو ڕەگ و جەستەی فیقه و هزری ئیسلامییەوە.

بە پشتبەستن بە هەموو ئەوەی لەپێشەوە وترا، ئێستە دەڵێین نابێت دەقەکانی قورئان و سوننەت، یەکەم: ئامرازێك بن بە دەستی فەرمانڕەواوە، دووەم: پەکبخرێن لەوەی ڕۆڵێکی کاریگەر و نوێکەرەوە لای نەوەکانی ئایندە بگێڕن ئەویش بەپێی نوێبوونەوەی ژیانی خەڵکی و بژێوییان. هەر ئەم هۆیەشە کە پڕاوپڕ بووتە مایەی عەیبدارکردنی لێکدانەوە پاساوداریەکان کە باسمانکردن و ئامانجیان پشتگیریکردن بووە لە چەند سیستمێکی سیاسی هەژموونداز. ئەمجۆرە لێکدانەوانە لە مێژووی ئیسلامیماندا لە ئەمڕۆدا بوونەتە بەشێکی جیانەبووە لەوەی کە خەڵکی بە (تەشریعی ئیسلام)یان دادەنێن و ڕەخنەگرتن لێیان زەحمەتە، بەڵکو هەر ئەو لێکدانەوە پاساوداره کۆنانەن هەر گەشەپێدانێکی سیاسی و چاکسازی ویستراو لە کۆمەڵگا ئیسلامییە هاوچەرخەکاندا پەکدەخەن. با لێرەدا نمونەیەکی کلاسیکی بێنینەوە، ئەویش کتێبی (الأحكام السلطانية)ی ماوەردی یە.

ماوەردی لەم کتێبەیدا شەرعییەتی داوە بە فەرمانڕەوایی خێڵەکی بۆماوەی یەك لەدوای یەك لای عەبباسییەکان، وەها سەیری کردووە هەروەك لە (الأحكام السلطانية)

---

[1] - لەپێناو ڕایەکی نا پاساوداریی دا بڕوانە: Seyyed Hossein Nasr, Ideals and Realities of Islam, 2000. pp. 112-113. بەڵام ئەو بیرۆکەیە کە پیاوان و ئافرەتان لەسەر هەریەکەیان بەپێی سروشتی خۆی ئەرکی لەسەرە ئەوا پرسیارێکی ئاڵۆز لەبارەی جیاوازی لە نێوان (سروشتمان و کەلتورمان) دەخاتە بەردەممان.

دا وتوویەتی گوایا باشترین سیستمی سیاسییە لە سەردەمی خۆیدا. ماوەردی هاتووە لێکدانەوەیەکی پاساوداریی بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت کردووە بەجۆرێ ئەم مانایە بدەن بەدەستەوە کە دەڵێ: پابەندکردنی موسڵمانان کە دەبێت فەرمانڕەوایەك حوکمیان بکات لە وەچەیەکی شەریف بێت (واتە وەك وەچەی عەبباسییەکان)[1]، پێویستە خەڵکی بەیعەت بەو جێنشینەی دواتریش بدەن کە جێنشینەکەی ئێستا لە وەچەی خۆی دایدەنێ بە چاوپۆشین لە لێهاتوویی[2]، دەبێت خەڵکی بەپێی وەچەو خزمایەتی و هۆزەکانیان لە بەیتولمال سامانیان بدرێتی[3]، تەنانەت مافی بە جێنشین داوە کە تەنها ئەو مافی ئەوەی هەیە (تاکڕەو بێت لە فەرمانڕەواییدا)[4]. لەوانەیە ئەو پاساو و بیانووانەی ماوەردی لە سەردەمی خۆیاندا هۆکاری خۆیان هەبووبێ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەم کتێبەی ماوەردی لە ئێستادا وەك سەرچاوەیەکی (ئیسلامی) لە زانستی (سیاسەتە شەرعییەکان)دا پشتی پێدەبەسترێ، وێڕای ئەوە کە ئەو بۆچوونانەی–گومانیشی تێدا نیە–کە نە دادپەروەری و نە فەرمانڕەواییەکی کامڵ و نە ژیانێکی مەدەنی بە مانایەکی پەسەند لە واقیعی هاوچەرخدا دەستەبەر ناکەن، چونکە ئەو ڕایانە لە ئەمڕۆدا دادەنرێن بە بەشێك لە (تەشریعی ئیسلامی) نەك بە بەشێك لە (مێژووی تەشریعی ئیسلامی). جگە لەوەش ئەوا هەر هەوڵێك بۆ نوێکردنەوەی ئەو ڕایانە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی بنەماکانی دادپەروەری و شورای ئیسلامی ڕەسەن مۆری لەکەداریی و شورەیی لە لایەن دەنگە تەقلیدییە باڵاکانەوە بەسەردا دەدرێ گوایا ئەوە بیدعەو داهێنانە[5].

---

[1]– الأحكام، الماوردي، ل/١٠٨.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٠.

[3]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٢٩.

[4]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٥.

[5]– حقيقة الديمقراطية، محمد شاكر الشريف، ل/٣. سەرچاوەیەکی تریش.

**ئەو تیۆرانەی لەسەر بەرژەوەندی بەرپابوون:**

ئـەو تێڕوانینـەی لەسـەر بەرژەوەنـدی بـەرپا بـووە، کـە لێـرەدا وەك یـەکێك لـە تێڕوانینەکانی (مۆدێرنە) پـۆلێنی دەکـەین کۆشـش دەکـات بـۆ دوورکەوتنـەوە لـەو لایەنە کەموکورتانەی لای پاساوگەراکان بوونیان هەیە، ئەویش بـەوە دەبـێ کـە لـە ڕووی بەرژەوەنـدی و مەبەسـتە گشـتییەکانەوە بڕوانرێتـە دەقــەکانی قورئــان و سوننەت و ئامانج ئەوە بێت لـە ڕێگـای ئەوانـەوە جێبـەجێیان بکـات، نـەك بیـانوو بێنێتەوە بۆ بۆچوونەکانی پێشتر وەها کە لـە لای پاسـاوگەراکان هەیـە. لەڕاسـتیدا هەریەك لە پێشەوا موحەممـەد عەبـدە و مامۆسـتا تـاهیر ئـیبن عاشـور گرنگییـەکی گەورەیان داوە بە پرسەکانی بەرژەوەندی و مەبەستەکان لە تەشـریعی ئیسـلامیدا، هەردووکیان مەبەستەکانی شەریعەتیان بەوە داناوە کـە بەشـێکی جیانەبووەیـە لـە بەرنامەی چاکسـازی ئیسـلامی[1]. پێشـنیارەکەی ئـیبن عاشـور بـۆ زیندووکردنـەوەو نوێکردنەوەی بنەماکانی فیقهی ئیسلامی لەسەر میتۆدێکی نوێ بەرپا بـووە کـە لـە بنەڕەتدا لەسەر مەبەستەکان بەرپابووە، دەڵێت: (ئەگەر بمانەوێت بنەمای گومـانبڕ بۆ شارەزابوون لە ئـاین تۆمـار بکـەین ئـەوا ئـەرکی سەرشـانمانە دەسـت ببـەین بـۆ پرسی بنەما زانراوەکانی فیقە و بێین بیانخەینە ناو بۆتەی تۆمارکردن و بە پێوەری سەرنجدان و ڕەخنەگرتن بیانپێوین.. پاشانیش بێین ئەو زانستە دابڕێژینەوەو ناوی **زانستی مەبەستەکانی شەریعەتی** لێبنێین، زانستی بنەماکانی فیقهیش لەسەر باری خۆی بهێڵین، تا لێیەوە شێوازی پێکهێنانی بەڵگە فیقهییـەکان وەربگیرێـن)[2]. ئـیبن عاشور زۆر بە توندی ڕەخنەی لـە هـەوادارانی مەزهەبـە باوەکـانی فیقهـی ئیسـلامی

---

[1]- بۆ نمونە بڕوانە: الشیخ إبن عاشور والمشروع الذي لم یکتمل، محمد الطاهر المیساوي، لە نـاو کتێبـی مقاصد الشریعة، ١٩٩٩، ل/٧٢.

[2]- مقاصد الشریعة الإسلامیة، إبن عاشور، ل/١١٥.

گرتووه کە مەبەستەکانی شەریعەتیان بە تەواوەتی پشتگوێ خستووە[1]، چونکە مەبەستەکان لە تێڕوانینی ئەوەوە (چرایەك بووە بۆ موجتەهیدەکان، سەرچاوەیان بووە لە کاتی دروستبوونی ڕا جیاوازی و ئاڵوگۆڕی گەردەلولەکاندا، پەناپێگرتنێ بووە بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان فیقهناسانی ناوچەکاندا)[2]. بەلاّم گرتنەبەری میتۆدی لێگەڕان و دەرهێنانی دەرئەنجامی لۆژیکیی نا تەواو (الاستقراء الناقص) بۆ مەبەستەکان لەنێو کۆمەڵە دەقە فیقهییە شەرعییەکاندا، کە ئیبن عاشوریش بە هەمانشێوە بۆ سەلماندنی گومانبڕی مەبەستەکان بەکاریهێناوە، ئەوا پێشتر ئەم شێوازە لە میانەی فەلسەفەی خۆرئاواییدا لە سەردەمی ئەرستۆدا ڕەخنەی لێگیراوە، ئەو ڕەخنەیەش دەقاودەق گوازراوەتەوە بۆ سەرچاوە ئیسلامییە باوە گەورەکان لە ئوسولّی فیقهدا، ئەوەش بەو پێیە کە ئەو لێگەڕان و دەرهێنانی دەرئەنجامە شتێکی (گومانییە)[3] هەروەك وتوویەتی (لە بەشی داهاتوودا مشتومڕی لەسەر دەکەین).

لەبەرئەوە، بەشداریکردنی گرنگی ئایەتوالله صەدر لە ڕەوتی تیۆرە هاوچەرخەکانی بەرژەوەندیی دا لەسەر ئاستی میتۆد لەوەدا وێنا دەکرێ کە حوجییەتی میتۆدی لێگەڕان و دەرهێنانی ئەنجامی سەلماندووە کە بەلّگەیەکە ئیتر لە زانستی نوێدا بێت یان لە زانستە ئاینییەکاندا بێت چوونیەکە[4]. ئایەتوالله صەدر بۆ سەلماندنی ئەوە فراوانتر چووەتە ناو باسەکەو لە توێژینەوە بەرفراوانەکەیدا لەبارەی لێگەڕان و دەرهێنانی ئەنجامەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (الاسس المنطقية للأستقراء) کە تیایدا دەلّێ: **(ئیستیقراء،** ئامڕازێکی گەورەیە بۆ ئەو بیرکردنەوەیە

---

[1]- أليس الصبح بقريب؟ الطاهر إبن عاشور، ١٩٨٨، ل/٢٠٤.

[2]- مقاصد الشريعة، إبن عاشور، ل/١١٥.

[3]- الأسس المنطقية للأستقراء، آية الله محمد باقر الصدر، ط٤، ١٩٨٢.

[4]- سەرچاوەی پێشوو.

که قورئانی پیرۆز بۆ سەلماندنی بوونی خوای گەورە بەکاریهێناوە)[1]. لە پاش ئـەوە شیکارییەکی ماتماتیکی ورد پێشکەش دەکات کە بۆ خۆم سەرم سوڕما لە زانست و لـە وردەکارییەکـەی، پێشـەوا صـەدر دانـی نـاوە بـە سروشـتی (گومانـاوی)دا بـۆ ئیستیقراء، بەڵام ڕوونیکردووەتەوە کە هەتا بەڵگەی ئەزموونی زیاتر بدۆزینەوە ئەوا ئـەو گومانییـە کـەمترو کـەمتر دەکـات، ئـەویش بـە پشتبەسـتن لەسـەر تیـۆری ئەگـەرەکان کـە لـە شـیکردنەوەکەیدا بـە شـارەزاییانە بـەکاریهێناوە. بـەڵام وێـڕای بەشـداریکردنی هـەردوو پێشـەوا ئـیبن عاشـور و صـەدر لـە پـڕۆژەی نوێکردنـەوەی بنـەماکانی فیقهـدا کـە بونیـاتنراوە لەسـەر مەبەسـت و بەرژەوەندییـەکان کـە لـە دەقەکانەوە خوێنراونەتەوە، ئەوا (پڕۆژەکە بەرلەوە تەواو بکرێ وازی لێهێنرا)[2].

## نوێکردنەوەی بنەماکانی فیقهـ (ئوسوڵی فیقهـ):

ڕەوتێکی تر لە (مۆدێرنەی ئیسـلامی) دا بـوونی هەیـە کـە هـەوڵی نوێبوونـەوەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنەماکانی فیقهـ دەدات، ئەوەش لە بەرانبەر دژایـەتیکردنی تەقلیدییە نوێیەکانەوەیـە لەوانـەی کـە هـەر لـە بنەڕەتـەوە نایانـەوێت هـیچ جـۆرە هەموارکردنێ بخەنە سەر (بنەماکان)[3]. جا وێڕای دڵڕەقـی هەنـدێ ڕژێـم کـە ئیـدیعا دەکەن گوایا (ئیسـلامین)[4] لەسـەر ئـەو مۆدێرنگەرایانـە کـە پـەیڕەوی لـەو میتـۆدە دەکەن، ئەوان هەر پێدادەگرن لەسەر ئەوە کـە: (نوێبوونـەوەی بەرچـاو لـە فیقهـدا

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٤٨٦.

[2]- الشيخ إبن عاشور، الميساوي، ل/١٥.

[3]- بۆ نمونە بڕوانە: تجديد الفقه الإسلامي، الزحيلي، ل/١٦٥. المصطلح الأصولي، جمعة، ل/٦٤.

[4]- بـۆ نمونـە: لـە سـێدارەدانی موحەممـەد مـەحمود تـەها و دوورخسـتنەوەی فـەزڵ ئـەلڕەحمان لەبەرئەنجامی ئەو هزرەیان بووە کە لە دەرەوەی چوارچێوە گشتییەکەدا بووە.

نایەتەدی هەتا نوێبوونەوە لەو میتۆدەدا ڕوونەدات کە ئەو فیقهە لەسەری بونیات دەنرێ)[1].

بۆ نمونە، مامۆستا موحەممەد عەبدە بەڵگەکانی داوای کۆدەنگیی بە هەردوو شێوەکەی، واتە بەڵگەکانی کۆدەنکی دەربارەی حوکمە شەرعییەکان، وە کۆدەنگیی لەبارەی ڕوایەتکردنی فەرموودەی پیرۆزەوە خستووەتە ژێر پرسیارەوە، داوای (تێڕوانینی ئەقڵی) کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، هەروەها (وەستان لەسەر فەرموودەی ڕاستی ئەقلێپەسەند) لە پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕیوایەتەکانی فەرموودەی پیرۆزدا، ئەمەش لە بری گواستنەوەی بۆماوە لە کتێبە فیقهییەکاندا[2]. ئەم (تێڕوانینە ئەقڵییە) مامۆستا موحەممەد عەبدەی بردووە بەرەو کۆمەڵێ پرسیاری ڕواڵەتی تەنانەت دەربارەی سەنەدی فەرموودە ئاحادەکان، نوسیویەتی: ئەو سەنەدە چ بەهایەکی هەیە کە خۆم پیاوەکانی ناناسم، بارودۆخیان نازانم، شوێن و پێگەیان لە متمانەو توندوتۆڵیدا نازانم؟ ئەوانە بریتین لە کۆمەڵە ناوێك کە مامۆستاکان بە چەند وەسفێکەوە وەریانگرتوون و ئێمەش لاساییان دەکەینەوە، ئێمە لەوەی ئەوان دەیڵێن ڕێگایەکمان نیە تا لێکۆڵینەوەی تێدا بکەین.[3]

موحەممەد عەبدە چەند بەڵگەیەکی لە قورئان دەرهێناوە کە داوا دەکەن هەڵسەنگاندن بۆ دەق (متن)ی ئەو ڕیوایەتانە بکرێ کە خەڵکی وەریان دەگرن، وەك ئەو ڕیوایەتانە کە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) گوازراونەتەوە و پەیوەندییان بە هەندێ حوکمی شەرعییەوە هەیە، هەروەها زانایان هەڵدەنێ زانستییان چڕبکەنەوە لەسەر (بنەماکانی ئیسلام) وەك (تێڕوانینی ئەقڵی بۆ

---

[1]- قراءات معرفية في الفقه الأصولي، سانو، ل/١٨٠.

[2]- الأعمال الكاملة، عبده، ب١، ل/١٨٣، ب٣، ل/٢١٤.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ب٣، ل/٣٠٣.

دەستخستنی باوەڕ) و (پێشخستنی ئەقڵ بەسەر ڕواڵەتی شەرعدا لە کاتێکدا دژ بە یەك بوون ڕووبدات) وە (پەیامی بنەڕەتی قورئانی پیرۆز بەوە دادەنێ کە بریتییە لە هاندان بۆ ڕەوشت، پاککردنەوەی دەروون، مەعریفە و ژیانی کۆمەڵایەتی باش[1]، بەڵکو ئەم تێگەیشتنەی خۆی بەوە داناوە کە تێگەیشتنی ڕاستەقینەیە)[2].

مامۆستا موحەممەد عەبدە بەو سیفەتە کە موفتی و دادوەر بووە، کاتێك پرەنسیپە ئەقڵگیرەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، گەیشتووەتە چەند فەتوایەك کە بە ڕوونی لەگەڵ (کۆدەنگیی) جێگیردا بەریەککەوتوون. بۆ نمونە فەتوای دەرکردووە بە قەدەغەکردنی فرە ژنی لە یاسای شارستانیدا، هەروەها دانی مافی خولع بە ئافرەتی موسڵمان بەبێ مەرج، وە بە حەڵاڵکردنی پەیکەری هونەری، تەنانەت بە هاندانی (هەموو شێوەکانی هونەری نوێ)، فەتوای داوە کە فەرزە هەر زانایەکی موسڵمان بە لانی کەمەوە فێری زمانێکی ئەوروپی ببێت[3].

ئایەتوالله صەدریش بەهەمانشێوە پێشنیاری داوە بە هەموارکردنی هەندێ لە بنەماکانی فیقه وەها کە لەلای شیعە هەن، وەك کۆدەنگیی ئالوبەیت–عترة– و شێوازەکانی چارەسەرکردنی دژ بەیەکی ڕاکان. جا بە تەنیشت ئەو پێناسە جەعفەرییە باوە کە بۆ کۆدەنگیی هەیەو بریتییە لە (کۆدەنگیی ئالوبەیت) ئەوا صەدر کۆدەنگیی پێناسە دەکات کە بریتییە لە: (ڕێککەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە فیقهناسان لەسەر حوکمێك)[4] ئەمەش نوێبوونەوەیەکی گرنگە. سەیید صەدر هاتووە تیۆری ئەگەرەکانی لێرەدا بەکارهێناوە تا بیسەلمێنێ کە زیادبوونی ژمارەی فیقهناسان واتە گۆڕینی گومانە لە فەتوایەکداو گواستنەوەیەتی بەرەو یەقین و

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ب٣، ل/٣٠١.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ب٤، ل/٩.

[3]– سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل/١٩٩، ٣٢٩، ٦٦٣–٦٩٣.

[4]– دروس في علم الأصول، الصدر، ل/٢٤٣.

بەڵگەی شەرعی[1]. لەوەشدا کە تایبەتە بە شێوازی چارەسەرکردنی بەڵگە دژ بە یەکەکان، ئەوا سەیید صەدر پێشنیاری کردووە بە گەڕانەوە بۆ (مەبەستەکانی شەرع) (واتە خوای گەورە یان پێغەمبەر–درودی خوای لەسەر–)[2]. ئەمەش هەمان ئەو بابەتەیە کە لە بەشی داهاتووی ئەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین و بە فراوانی مشتومڕی لەسەر دەکەین.

لە پرسی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پێناسەی کۆدنگیی چەند کەسێکی تر لە مۆدێرنگەرا هاوچەرخەکان هەروەك مامۆستا موحەممەد عەبدە و سەیید صەدریان کردووە،[3] هەروەها هیتریش لە بنەماکان وەك بەڵگەکانی هەڵوەشاندنەوە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا[4]، لێکۆڵینەوەکەش زیادی کرد تا گەیشتە پێداچوونەوە بە دەقی فەرموودە پیرۆزەکاندا بەو پێیە کە ئایا تا چەندە گونجاون لەگەڵ بنەماکانی قورئان و مەسەلە گومانبڕەکانیدا[5].

مامۆستا ئیبن عاشور جیاوازی خستووە لە نێوان ئەو فەرموودە پیرۆزانە دا کە مەبەست پێیان تەشریعەو، ئەو فەرموودانەدا کە تەنها بڕادەی مرۆیی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر) و مەبەست پێیان تەشریع نەبووە، هەروەك لە پێشەوە

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٤٤.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٤٢٧.

[3]– الأجتهاد، عبد المنعم النمر، القاهرة، ١٩٨٦، ل/٦٠. الإجتهاد والتجديد في الفقه الإسلامي، شمس الدين، الدين، ل/١٥٩. حجيّة، سلطان، ل/٨٦–١٩٨.

[4]– تجديد الفقه الإسلامي، حوارات لقرن جديد، جمال البنا، دمشق، ٢٠٠٠ز، ب٢، ل/٢٥١. نظرات في القرآن، محمد الغزالي، ل/١٩٤. النسخ في القرآن، محمد ندا، ل/٩.

[5]– بۆ نمونە سەیری: إعمال العقل، لؤي صافي بكه، ١٩٩٨، ل/١٣٠. السنة النبوية، محمد الغزالي، ل/٣٦. مدخل، العلواني، ل/٣٦،. الإجتهاد، النمر، ل/١٤. آية الله شمس الدين، سەرضاوةيةكى ثيَشتر، ل/٢١. قضايا، الترابي، ل/١٥٧. نظرات، الغزالي، ل/١٩، ١٢٥، ١٦١.

باسمانکردووە. ژمارەیەك لە زانا هاوچەرخەکان بە پشتبەستن لەسەر ئەم ڕایە بە فراوانتر چوونەتە ناو باسەکەوە[1].

ئیبن عاشور بەهەمانشێوە ڕەخنەی لە نوسینە کۆنەکان لە بواری بنەماکاندا گرتووە کە (مەبەستەکانی شەریعەتیان فەرامۆشکردووە)، نوسیویەتی و دەڵێ: (لەڕاستیدا زۆربەی مەسەلەکانی بنەماکانی فیقھ ناگەڕێنەوە بۆ خزمەتکردن بە شەریعەت و بە مەبەستەکانی) ئەمە بە هەڵاویردکردنی: (شاراوەیی هەندێ مەسەلە لە بنەماکانی فیقهدا یان بوونیان بەژێر دەرگا وێرانەکانیدا... ئەمانەش کۆمەڵە باسێکی بۆنەکانن و لە ڕێڕەوەکانی هۆکاردا پێویستن، هەروەها لە بابەتی بەرژەوەندییە ڕەهاکاندا بەکاردەهێنرێن،...)[2].

هەروەها ژمارەیەك لە مۆدێرنگەرا هاوچەرخەکان پرۆسەی فراوانکردن و لێکدانەوەیان بۆ چەندین چەمکی سەرەکی لە بنەماکان خستەڕوو، تا ڕێسای (گۆڕینی حوکمەکان بە گۆڕانی کات و و شوێنەکان)[3]یش بگرێتەوە یان بە دەستەواژەیەکی تر: تا ڕۆڵی کات و شوێن لە ئیجتیهادی سەردەمدا حیسابی بۆ بکرێ[4]. بۆ نمونە لێکدانەوە نوێیەکان بۆ بەرژەوەندی هەوڵدەدات ماناکەی لە پشتەوەی سنوری تاککەسییەوە فراوانتر بکات، تا ڕەهەندی کۆمەڵایەتیش بگرێتەوە، واتە لەجیاتی ئەوە کە تەنها بەرژەوەندی تاکی مەبەست بێت بێت

---

[1]- السنة التشريعية و غير التشريعية، علي الخفيف، القاهرة، ٢٠٠١. قضايا التجديد: نحو منهج أصولي، حسن الترابي، ل/١٦٨. تجديد الفقه الإسلامي، الزحيلي، ب٢، ل/٢٥٥. التحرير والتنويرإبن عاشور. إعمال العقل، لؤي صافي، ١٥٣. الإجتهاد والتجديد في الفقه الإسلامي، ل/١٣٧.

[2]- مقاصد الشريعة الإسلامية إبن عاشور، كولا لامبور، ١٩٩٩، ل/١١٨-١١٩. أليس الصبح بقريب؟ الطاهر بن عاشور، ل/٢٣٧.

[3]- السنة التشريعية، الخفيف، ل/٧٠. خلافة الإنسان بين الوحي والعقل، عبد المجيد النجار، ل/١٥٨. في النظام السياسي للدولة الإسلامية، محمد العوا، ل/٥٧.

[4] -Tabatabaei Lotfi, Ijtihad in Twelver……1999.

حیساب بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگا بکات[١]. مۆدێرنگەراکان هەروەها ڕای جۆراو جۆریان هەیە دەربارەی جێبەجێکردنی بەرژەوەندی بە کرداریی و پەیوەندبوونی بە ئەقڵەوە لەم سەردەمەی ئێستاماندا[٢].

ئەو کۆمەڵەیە بەهەمانشێوە دەستیان برد بۆ پێداچوونەوە یان سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بنەماکان لە نێویشیاندا بنەمای پێوانەگیریی، کە ئەمەش هەروەك بینیمان یەکێکە لە سەرچاوە لاوەکییەکانی تەشریع، مەبەستیشیان لە تێگەیشتنی نوێ بۆ پێوانەگیریی ئەوەیە کە لە چوارچێوەی بونیاتی هەڵێنجانی باوەوە بێتەدەر (کە تیایدا یەك مەسەلە لە دەقەکانەوە وەك بناغەیەك بۆ حوکمدان لەسەر مەسەلەی نوێ وەردەگرێ) تا ببێتە هەڵێنجانێکی دەستەجەمعی (ئەویش بە لێگەڕان لە زۆرترین ژمارە لە حاڵەتەکان کە پەیوەندن بە بابەتەکەوە و هەڵێنجانی بنەماو مەبەستی گشتی کە حوکمەکانی لەسەر بونیات دەنێ)[٣]. ژمارەیەك لەوانەی بانگەشەی پێداچوونەوە بە بنەماکاندا دەکەن لەسەر ئەم شێوازە نوێیەی پێوانەگیریی ناوی (پێوانەگیریی بەرفراوان)یان لێناوە[٤].

### تەفسیری زانستی بۆ قورئانی پیرۆز:

لە نێو ڕەوتەکانی مۆدێرنەی ئیسلامیدا ڕەوتێکی تر هەیە کە تێڕوانینێکی جیاواز بۆ لێکدانەوە پەیڕەو دەکات، ئەویش بریتییە لە قوتابخانەیەکی نوێ لە تەفسیرکردن کە (تەفسیرێکی زانستی بۆ قورئان و سوننەت) دەکات. لەم

---

[1]- مدخل، العلواني، ل/٣٦. السنة النبوية بين.........، الغزالي، ل/٣٦. قضايا التجديد، الترابي، ل/١. إعمال العقل، لؤي الصافي، ل/١٥٤.

[2] -Carl Sharif El-Tobgui 1997.

[٣]- الإجتهاد، النمر، ل/٣٤٦. قضايا التجديد، الترابي، ل/١٦٦. نحو تفعيل مقاصد الشريعة، عطية، ل/٣٥. تعريف، موسى، ل/١٨٦. إعمال العقل، صافي، ل/١٩٥.

[٤]- نظرية المصلحة في الفقه الإسلامي، حسان، ل/١٤. قضايا التجديد، الترابي، ل/١٦٦. المقاصد الكلية والإجتهاد المعاصر–تأسيس منهجي وقرآني لآلية الأستنباط، ط١، الفصل الأول.

تێڕوانینەدا پێناسەی (ئەقڵ) وەها دەکات کە گونجاوە لەگەڵ (زانست)دا (بە واتای زانستی سروشتی)، لێکدانەوە بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە پیرۆزەکان بە جۆرێ دەکات کە گونجاو بێت لەگەڵ داهێنانە زانستییەکاندا[1]. منیش وایدەبینم کە لە یەك کاتدا تێڕوانینێکی پاساودایی چاکسازییە، لەو ڕووەوە کە چاکسازییە، ئەوا دەرگای لێکدانەوەیەکی نوێ بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەکاتەوە ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەو (ڕاستییە) زانستییانەوە کە لە ئەمڕۆدا بوونەتە زانراو لای مرۆڤ. لەو ڕووەوەش کە لێکدانەوەیەکی پاساوداریییە، ئەوا هەندێجار ملی دەق بادەداتەوە تا قسە لەسەر هەندێ تیۆری زانستی بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەو زانستە خۆی بەردەوام لە باری گەشەسەندن و پێداچوونەوەیەکی گشتیدایە.

لە کۆتاییدا، دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی بوترێ ئەو تێڕوانینە مۆدێرنەیانە بۆ تەشریعی ئیسلامی و سەرچاوەکانی توانیویانە زاڵبن بەسەر چەند حاڵەتێکی نەرێنی لە تێڕوانینە کۆن و دێرینەکاندا، کۆمەڵێ وەڵامیان پێشکەشکردووە کە نزیکترن لە واقیعی گرفتەکانی ڕۆژانەی موسڵمانانەوە. بەڵام هەروەك مۆدێرنەی خۆرئاوایی کەوتەبەر ڕەخنەی (گوتاری دوای پۆست مۆدێرنە)، ئەوا مۆدێرنەی ئیسلامیش بەهەمانشێوە ڕەخنەی لێدەگیرێ لەو میانەیەدا کە لێرەدا ناوی دەبەم بە (تێڕوانینی پۆست مۆدێرنە بۆ تەشریعی ئیسلامی). کە لە برگەی داهاتوودا فراوانتر قسەی لێدەکەین.

---

[1] -Zaghloul al-Najjar, London. 2005.

## ٥-٥ تێڕوانینی پۆست مۆدێرنە بۆ تەشریعی ئیسلامیی:

پۆست مۆدێرنە بریتییە لە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کەلتوری و فەلسەفی هاوچەرخی بەهێز، ئامانجی هەڵوەشاندنی کۆمەڵەیەکی زەبەلاحە لە عورفی هونەری و کەلتوری و هزری و پاشانیش هەستان بە بونیاتنانەوەیان. ئەم زاراوەی (پۆست مۆدێرنە)یە ژمارەیەکی زۆر پێناسەی دژ بەیەکی هەیە، لەوەی کە وشەی پرژوبڵاوی دژ بەیەك بن، یان پێکهاتەیەکی هەڕەمەکی بێت لە جۆرەها سەرچاوەوە، یان قوتابخانەیەکی گومان ئامێزی نوێ بێت، یان قوتابخانەیەکی نوێی دژ بە ئەقڵگەرایی بێت[١]. بەڵام من وادێتە بەرچاوم هەموو شوێنکەوتووانی بزووتنەوەی پۆست مۆدێرنە، بە شێوەیەك لە شێوەکان کۆدەنگن، لەسەر شکستی بزووتنەوەی مۆدێرنە، بە تایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بە تایبەتی بەهۆی بەهاکانییەوە، کە وەسفدەکرێ بە ملهوڕی و گشتگیریی[٢]. ژمارەیەك توێژەر لە بواری لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکاندا چوونە ناو هەموو ڕێبازو و بنەماکانی پۆست مۆدێرنە و هاتن پراکتیزەیان کرد لەسەر تەشریعی ئیسلامی، هەروەك لەمەوپاش دێت.

ئەو شێوازە کە هەموو ڕێبازەکانی پۆست مۆدێرنە گرتیانەبەر بریتی بوو لە (هەڵوەشاندن)، هەڵوەشاندنیش بریتییە لە بیرۆکەو ڕێبازێك، هەروەها پرۆژەیەکە کە جاك درێدا لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا خستییەڕوو، کە ئەویش لە بانگەشەکەی هایدگەرەوە هەنگاوی هەڵگرت کە داوای (ڕوخاندنی) هەر کەلەپورێکی میتافیزیکی خۆرئاوایی کرد[٣].

---

1 -V.Taylor and c. Winquist nwew York. 2001. P. xiii.
2 -Jim Powell, Ney York. 1998. P. 10.
3 -Taylor, ed, London. 1987.

هەڵوەشاندن بریتییە لە (میکانیزم یان ئامڕازێك بۆ رزگاربوون لە بە سەنتەر بوون)[١]، واتە لەکارخستنی هەموو قوچکە ڕیزبەندییە سەپێنراوە هەڕەمەکییەکان– وەها کە دەڵێن–. ئامانجی درێدا هەڵوەشاندنی (لۆگۆ سنتریزم) واتە (بە سەنتەر بوونی وشە) بوو، کە ئەویش دەستەواژەیەکە وەرگیراوە لە هەردوو وشەی (لۆگۆ) و (سەنتریزم) واتە بە سەنتەری بوون، واتە ئەوەی لە سەنتەردایە، مانای ڕەسەنی لۆگۆس واتە وشە یان بە دیاریکراوی واتە (وشەی خوا)[٢].

**درێدا وەسفی (بە سەنتەری بوونی وشەی خوا) بەمجۆرە دەکات کە:**

بریتییە لە چڕکردنەوەی تەواوی بایەخپێدان لەسەر میتافیزیکای نووسین بە پیتی ئەلفبیٚ کە بە شێوەیەکی سەرەکی –بە هۆکاری ناڕوون کە هەر دەبوو وابێت، وە نەگەیشتن بە ڕێژەی مێژوویی ساکار تیایدا– لەوە زیاتر نیە کە ڕەسەنترین و بەهێزترین شێوەکانی سەنتەربوونی مرۆڤە بۆ سەپاندنی خۆی بەسەر جیهاندا، بە کۆنترۆڵکردنی ئەم مەسەلانە و بە هەمان ئەم ڕیزبەندییە: (١) چەمکی نوسین لە جیهانێکدا کە نوسینی ئەلفبائی تێیدا بشاردرێتەوە واتە بەکارهێنانی ئەلبفای نوسین و کوێرکردنەوەی مێژووەکەی کە لە ڕێگای ئەوەوە بەرهەمهاتووە، (٢) مێژووی میتافیزیکا (کە تەنهایە)، واتە ئەو مێژووە کە بە هەمیشەیی وشە یان خوا (لۆگۆس) دەکاتە تاکە حەقیقەتی بنەڕەتی: چونکە مێژووی حەقیقەت، یان حەقیقەتی حەقیقەت، کە کەمکردنەوەیە لە بەهای نوسین، هەروەها جلەوکردنییەتی بۆی لە دەرەوەی بازنەی قسەکردن (بە شێوە تەواوەکەی)[٣].

لەوانەیە ئەم پێناسەیە زۆر ناڕوون بێت، دەبا دەستەواژەیەك پێشکەش بە خوێنەر بکەم کە ناڕوونی کەمتر بێت. بۆیە دەڵێم درێدا باوەڕی وابووە کە زاراوە

---

[1] -Powell, Postmodernism. P. 104.

[٢]– سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٣٢ز

[3] -Jacques Derrida, 1976. P. 3.

(دوالیزمـەکان) –واتـە دابەشـکردنی کارەکـان بـۆ دوو جەمسـەری حـەتمی– کـە چڕدەبنەوە لەسـەر وشـەیەك یـان وشـەی خـوا (لۆگـۆس) (وەك چاکە لـە بەرانبـەر خراپەوە، پیاوی سپی پێست لە بەرانبەر ئافرەتی ڕەش پێستەوە، یان ئـەورووپا لـە بەرانبەر ئەفەریقیاوە) مەرج نیە بۆ کۆمەڵەی یەکـەم وشـەکان هـەبن کـە شـوێنێکی هەژموونداری داگیر بکەن، وە (ناوەندەکان)ی هەبێت کە (ئەویتر) لە کۆمەڵەی دووەم بـە دەوریـدا بسـوڕێتەوە، بـەجۆرێ کـە زاراوەکـانی (ئـەویتر) –وەك خراپـە، یـان ئافرەت، یان ڕەش پێست، یـان ئەفـەریقیا–پـەراوێز بخـرێن، بـەپێی دەسـتەواژەی پۆست مۆدێرنەکان.

دریدا هەروەها بانگەشەی کردووە بۆ ئەوە کە ناویناوە (لۆژیکی تـر)، کـە زاراوە سەنتەرییەکانی لۆگـۆس تیایـدا هەڵدەوەشـێنرێن، ئـەویش بـە گواسـتنەوەی زاراوە پەراوێز خراوەکان تا (هەمان پلـەی شـەرعییەتیان هـەبێت کـە زاراوەکـانی لۆگـۆس هەیانە ئەویش بەوە دەبێت شوێنی خۆی بەشـێوەیەکی کـاتی لـە سـەنتەردا داگـیر بکـات).[1] ئـەم ڕیزبەندییـە قوچـکەییە نوێیـە بـۆ (دەسـتەڵات) پاشـتر زەمـەنێکی بەسەردا دێت کە ئەویش هەر جێگیر نیـە، تـا کـار دەگاتـە ئـەوە خـەڵکی قەناعـەت دەکەن بە (یاریکردنی ئازادانە بە دژ بەیەکـەکان) هـەروەك دریـدا دەڵـێ[2]. جگـە لـە دریدا کەسانیتر لە بیرمەندان کە سەر بە هـەمان قوتابخانـەن بـە هـەمان ئاراسـتەدا ڕۆیشتوون کە یاری دەکەن بە لـەفزی دەقـەکان و بـەو واتـا گەیـەنراوەش کـە دەق مەبەستییەتی.

جا وێڕای سروشـتی لـۆژیکی (دوالیزمـەیی) ئاسـانکەر و ڕوون لـە هەڵوەشـاندنی ئەویتردا، ئەوا هەموو شێوازەکانی پۆست مۆدێرنە کە باس لە شـەریعەتی ئیسـلامی

---

1 -Powell, Postmodernism, pp. 101-103. .

٢– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٠٥.

دەکەن[1]. پەیڕەوی لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە دەکەن وەك هەوڵێك بۆ داماڵینی بە سەنتەر بوون لە هەندێ لـە دوالیزمـەیی لۆگۆس، یـان ئـەوەی بـە زمـانی عـەرەبی ناویاننـاوە بە (دەستەڵاتی دەق) یان (دەستەڵاتی گوتاری ئاینی).

ئێمەش بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەو شـێوازانە دابـەشمان کـردوون بـۆ چـەند ئاراسـتەیەك، ئـەوانیش بـریتین لـە: دوای بونیادگـەریی، مێژووییـەتی، لێکۆڵینـەوە ڕەخنـەگرە یاسـاییەکان، لێکۆڵینـەوەکانی پـاش کۆلۆنیـالیزم، ئەقڵگـەرایی نـوێ، بەرهەڵستکردنی ئەقڵگەرایی، عەلمانییەت. هەموو ئەم ئاراستانەش لە هێڵکاری ٥-١٢ دا بە ڕوونی دەردەکەون.

تێبینی دەکرێ هەموو ئەم ئاراستانە یەك ئامانجیـان هەیـە ئـەویش هێرشـکردنە سەر بـە سـەنتەر بـوونی وشـەیە، ئـیتر بـە واتـای گفتـاری خـوای گـەورە بێـت یـان سەردەمی پـەیامی ئیسـلام بێـت یـان مەزهەبـە مێژووییـە ئیسـلامییەکان بێـت یـان عورفـە بۆماوەکـان بێـت، یـان خۆرهەڵاتناسـی بێـت. هـەر یـەك لـەو ئاراسـتانە لـە ڕاڤەکردنی بیرۆکەکەی خۆیاندا هەر هەمان مەبەستی سـەرەوە دەپێکـێ، بـۆ نمونـە زاراوەی بە سەنتەر بـوو لای مێژووییـەکان ئاماژەیـە بـۆ سـەردەمی پێغەمبەرایـەتی (درودی خوای لەسەر)، لای بەرهەڵستکارانی ئەقڵگەرایی سەنتەر لای ئەوان بریتییە لە ئەقڵگەرایی نوێ، مەبەست بە سـەنتەر لای لێکۆڵینـەوە ڕەخنـەگرە یاسـاییەکان بریتییە لە مەزهەبە ئیسـلامییە دێرینـەکان و دابـە و عورفـە بڵاوەکانـە لـە جیهـانی ئیسـلامیدا، بــە تایبــەتی ئـەو عورفانــە کــە مــافی ئــافرەت و کەمینــە ئــاینی و ئەتەنییــەکانی تــر زەوت دەکــەن لــەو کۆمەڵگایانــەدا کــە موســڵمان زۆرینــەی دانیشــتوانیان پێکــدەهێنن، دواجــار ســەنتەرگەریی وشــە لای لێکۆڵــەرانی دوای

[1]- هەندێ لە توێژەران وەسفی شێوازەکەیان بە شـێوازی پۆسـت مۆدێرنـە دەکـەن، لەوانـە نەصـر ئـەبو زەید، ضیاء الدین سردار، ئیبراهیم موسا و هایدا موغیسی، بەپێی تێگەیشتنی من ژمارەیەکی تـریش لـە توێژەران هەن کە ئەوانیش هەر دەچنە ناو ئەم دەستەیەوە.

کۆلۆنیالیزم به واتای زاڵبوونی خۆرئاوایه بەسەر غەیری خۆیدا ئەویش لە ڕێگای خۆرهەڵاتناس و توێژینەوە خۆرهەڵاتناسییە تەقلیدییەکانەوە. با لێرەدا کەمێك فراوانتر قسە بکەین لەسەر هەریەك لەو ئاراستانە بە هەمان ڕیزبەندی سەرەوە.

## دوای بونیادگەریی:

دوای بونیادگەریی دادەنرێت بە ئامرازێکی شیکردنەوەو لە خزمەتی پۆست مۆدێرنەدایە، لێیەوە شیکردنەوە بۆ (دەقەکان) ڕوودەدات، وەها دەڕوانێتە دەق وەك بڵێی بناغەی قسەکەیە[1]، هەمووی مەعریفەی مرۆیی بە (دەقیی) دادەنێن ئیتر زاریی بێت یان نوسین بێت[2]. ژمارەیەك لێکۆڵەری موسڵمان هەڵوێسی هەڵوەشێنەری دوای بونیادگەری پیادەکردووە یان هەڵوێستی دوورکەوتنەوە لە سەنتەر لە تێڕوانین بۆ (دەق)ی قورئان و بۆ (دەستەڵاتەکەی)، چونکە ئەوانە پێیان خۆش نیە قورئان پێگەیەکی سەنتەریی داگیر بکات لە رۆشنبیری ئیسلامیدا[3]. لێرەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ قورئاندا لای ئەو تاقمە سەرلەنوێ چەمکی (وەحی) تەفسیر دەکرێتەوە و پاشگەزبوونەوەیە لەو هەڵوێستە باوە کە دەڵێ قورئان پەیامێکی ڕاستەوخۆی خواییە، تا دەگەنە ئەوە کە شێوازی وەرگرتنی قورئان لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) وەك پەیامێکی هێمایی (جفرەیی) دادەنێن، ئەویش (درودی خوای لەسەر) بە زمانی خۆی و بەپێی میانەی ڕۆشنبیری باوی ئەو سەردەمە گەیاندوویەتی بە خەڵکی[4]. مەبەستیش بەم پرۆژە هەڵوەشێنەرە ئەوەیە تا خەڵکی ڕزگاریان ببێت لە (دەستەڵاتی دەق)، ئەوەش زاراوەیەکی باو و بەربڵاوە

---

[1] –Taylor, ed, p. 85

[2] -Powell, p. 93.

[3] – مفهوم النص: دراسة في علوم القرآن، نصر حامد أبو زيد، ١٩٩٠، ل/٣١.

[4] – سەرچاوەی پێشوو، ل/٤٦.

له نوسینەکانی موحەممەد ئەرکۆن و نەصر حامید ئەبو زەید و حەسەن حەنەفی و تاهیر حەداد و ئیبراهیم موسا دا[1].

له سەرووی ئەوەشەوە ئێمە دەبینین کە تیۆری سیمیائی (واتە لێکۆڵینەوە لە هێماو ئامارژەکان) لای ئەوانە وا تێگەیشتنی لێدەکرێ کە (زمان ڕاستەوخۆ ڕاستیی ناگەیەنێت)[2]، چەمکەکانی پشتەوەی حەقیقەتیش بەپێی هەڵوێستی پۆست مۆدێرنگەراکان سەیریان دەکرێ–هەر لە نیچەوە تا دریدا–کە ئەوە وەك جۆرێك لە سەپاندنی خودە بەسەر واقیعدا نەك وەها کە حەقیقەت بوونێکی سەربەخۆی هەیە[3]. ئەمەش ئەو ڕێبازەیە کە دکتۆر حەسەن حەنەفی لە کتێبەکەیدا بە ناوی **التراث والتجديد** پەیڕەوی کردووە، هەر ئەوەش دەیگەیەنێتە ئەم دەرئەنجامە کە دەڵێ: (لەڕاستیدا زانایانی بنەماکانی ئاین، کاتێ باس لە خوا و لە حەقیقەت و لە ناوەکان و لە کردارەکانی دەکەن، ئەوا باسی مرۆڤێکی کامڵ دەکەن کە زیادەڕەوی کراوە لە نیشانەکانیدا تا گەیشتووەتە ئەوپەڕی ئاست کە خەیاڵ لە توانایدا بێت بیگاتێ)[4]. لەبەرئەوە دکتۆر حەسەن حەنەفی لەبارەی خواو بەهەشت و دۆزەخ و ڕۆژی دوایی داوای گۆڕینی دەستەواژە ڕەهاو گومانبڕەکان دەکات بە چەمکی (ڕوون) کە بە دەوری ئازادی و دیموکراسی و سروشت و ئەقڵدا بسوڕێتەوە[5]. منیش تێناگەم کە چۆن دەبێت ئەم چەمکانەی دوایی (واتە ئازادی و دیموکراسی و سروشت و ئەقڵ) –سروشتی– و –ئەقڵی بن– و دووربن لە لێڵی و ناڕوونی و

---

[1]– بۆ نمونە بڕوانە: الإمام الشافعي وتأسيس الأيديولوجية الوسطية، نصر حامد أبو زيد، ط٣، ٢٠٠٣، ل/١٥. التفكير في الإسلام من جديد اليوم، أركون، ل/٢١١. التراث والتجديد، حسن حنفي، ل/٤٥.

[2]– ئەمە بیرۆکەیەکی گشتییە لە نێوان هەڵوەشێنەرەکاندا. بڕوانە: Ellis, Against..........pp. 8-13. سەرچاوەیەکی تر.

[3]– بڕوانە: Derrida, OF Grammatology, p. 3.

[4]– التراث والتجديد، ل/١٠٨.

[5]– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٠٣

تەفسیر و گۆڕینی مانا ! بـەڵکو هـەر تێناگـەم کـە دکتـۆر حەسـەن حەنـەفی بۆچـی باوەڕی وایە کە بە حەتمی هەردەبێ دژ بن لەگەڵ ئەو چەمکانەدا کـە پـێش ئـەمان باسـیان لێکـراوە (واتــە خـواو بەهەشـت و دۆزەخ و ڕۆژی دوایـی)! ئایـا ئـەمجۆرە شێوازی بیرکردنەوەیـە بریتـی نیـە لـە شـێوازی بیرکردنـەوەی دوالیزمـەیی حـەتمی ساکار (سپی و ڕەش) کە پۆست مۆدێرنەکان هەستان بە دژایەتیکردنی؟

ڕەوتەکانی پۆست مۆدێرنە..




**هێڵکاریی ٥–١٢: ئاراستەی پۆست مۆدێرنە**

**لە ڕووی ڕەوتە هاوبەشەکان لە پێکهاتنیدا**

لەوانەیە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە ئەگەر لە بۆچوونی سـیمیائی فەلسـەفی ڕووتـەوە بۆی بڕوانین بیرۆکەو پرۆسـەیەکی بـە کـەڵك بێت، چـونکە ئێمـە دواجـار دەتـوانین بـەو

بگەینە دامالینی سەنتەرگەریی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خۆسەپێنەردا و لە یاسا دەمارگیرییە جیاکەرەوەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا، ئەمەش لە کاتێکی داهاتوودا رووندەکەینەوە. بەڵام لەپێناو خستنەڕووی تیۆرێك بۆ نوێکردنەوەی تەشریعی ئیسلامی، کە بونیادگەراکان کۆششیان بۆ کردووە، ئەوا هەردەبێ کارکردن بۆ ئەمە لە زەمینەی باوەڕی پتەو جێگیرو نەگۆڕی موسڵمانانەوە هەنگاو هەڵبگرێ، ئەگەرنا ئەوا بە سانایی دەڵێین کە تیۆرەکە نا ئیسلامییە، گومانیشی تێدا نیە کە لەو حاڵەتەشدا لە ڕووی پراکتیزەکردنەوە ڕووناکی نابینێ.

لەبەرئەوە وادەبینم بیرۆکە پۆست مۆدێرنەکەی دکتۆر تەلال ئەسەد دەربارەی (کەلەپوری گەشەسەندوو) لە ئاراستەکردنی گوتاری موسڵمانە هاوچەرخەکاندا بەسودە ئەویش لەبەر ڕۆشنایی میانەی ژیانیان. تەلال ئەسەدیش بیرۆکەکەی خۆی لەسەر هزرەکانی فۆکۆی فەیلەسوف دامەزراندووە تا پێناسەی (کەلەپوری پەرەسەندووەکە)ی پێبکات کە گوتارێکە ئامانجی ئەوەیە ڕێنمایی باوەڕداران بکات بۆ شێوەو مەبەستە (ڕاست و دروستەکان) بۆ ئەو کردەوە کەلەپووریانەی لەسەری ڕاهاتوون[1]. تەلال ئەسد بیرۆکەیەك دەخاتەڕوو کە دەڵێ ئیسلام بە چەمکە باو و بەربڵاوەکەیەوە کەلەپورێکی گەشەسەندووە، چونکە (بە بەردەوامی پێناسەی خۆی لەسەر دەقە دامەزرێنەرەکانی دووبارە دەکاتەوە، ئەوانیش قورئان و سوننەتە)[2]. بەمجۆرەش ئەوا پەرەسەندنە ناوخۆییەکان لە ژیانی موسڵماناندا لەسەر لێکدانەوەو ئاوێتەبوونێکی بەردەوام لەگەڵ چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری چەمکی ئیسلام بەرپا دەبێت، کە دەقە سەرەکییەکانی تێدایە.

چونکە هەموو موسڵمانان، بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانی نێوانیان، باوەڕیان بە خوای گەورەو بە موحەممەد پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەیە، باوەڕیان بە

---

1 -Talal Asad, 1986. P. 14.

2– سەرچاوەی پێشوو.

قورئان هەیە کە وەحی خوای گەورەیە، ئەم سێ پایەیەش بریتین لەو پایانە کە هەرکەس موسڵمان بێت دەگەڕێتەوە سەریان، ئیتر هەر کەس بێت. لەبەرئەوە ئەوا گروپی دوای بونیادگەرەکان ئەوانەی کە دواجار مەبەستیان (هەڵوەشاندنەوە)ی چەمکەکانی وەك باوەڕ بە خوای گەورەو بە پێغەمبەران و بە پەیامەکانە کە ڕەوانەی کردوون بۆ مرۆڤ ئەوا هیچ ڕاستگۆییەکیان بۆ نامێنێتەوە ئیتر تا هەرچەندە پێشنیاری ماقوڵ بۆ بە هاوچەرخکردنی تەشریعی ئیسلامی پێشکەش بکەن، ئەوانە بە شێوازی خۆیان شتێك دەخوڵقێنن کە ناوی دەنێم بە (بۆشاییەکی مەعریفی) واتە: —بۆشاییەك لەو تیۆرە مەعریفیەدا کە خستوویانەتە ڕوو—.

بۆ فاکتەری مێژوویش، ئێمە لە واقیعدا پێویستمان بەوە نیە بڵێین قورئان بە (پەیامی جفرە) هاتووەتە خوارەوە و موحەممەد پێغەمبەریش بە بەکارهێنانی زمانی تایبەتی مرۆیی هەستاوە بە کردنەوەی ئەو جفرەیە، پێویستمان بەوە نیە بیسەلمێنین کە تێگەیشتنمان بۆ زمانی قورئان و بۆ (هێماکانی) کاریگەری میانەی دوورگەی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا لەسەر بووە. هەموو ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی ئەوەیە بە سانایی جیاوازی بخەین لە نێوان بەشەکانی قورئاندا کە بابەتی تایبەتی چارەسەر دەکەن، یان ڕووداوی تایبەت، واتە ئەوەی پەیوەندە بە میانەی ژیان لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامدا، وە نێوان بابەتەکانی تر لە دەقە پیرۆزەکەدا ئەوانەیان کە باس لەو حوکم و بەهایانە دەکات کە خزمەت بە بەرژەوەندی مرۆڤ دەکەن لە هەموو سەردەم و شوێنەکاندا (ئەمە دەڵێین با هەوادارانی پۆست مۆدێرنەش گرفتیان هەبێت دەربارەی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی یان هەمووەکییەکەی).

## مێژووگەرایی (التأريخانية):

قوتابخانەی مێژووگەرایی پۆست مۆدێرنە وادەبینێ کە هزرمان لەبارەی دەقەکان و کەلتور و ڕووداوەکان، بە حاڵ و ئەرکەکانیەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەمان میانە ڕەسەنەکانی مێژووییبوونەوە، هەروەها وادەبینێ کە هزرمان دەکەوێتە ژێر ئەو پەرەسەندنە مێژووییانەوە کە دواتر بەسەر میانە ڕەسەنەکاندا دێت[1].

هەندێ لە هەڵوەشێنەران هەستان بە پراکتیزەکردنی بیرۆکەی مێژووییەتی لەسەر خودی قورئانی پیرۆز هەروەك چۆن پراکتیزەیان کرد بەسەر دەقە وێژەییەکانی تردا، ئەمەش گەیاندنە ئەو بیرۆکەیە کە بڵێن قورئانی پیرۆز بریتییە لە (بەرهەمێکی کەلتوری) و لەو کەلتورە کەوتووەتەوە کە بەرهەمیهێناوە[2]. لێرەوە ئەوانە دەڵێن گوایا قورئان (بەڵگەنامەیەکی مێژووییە)، واتە بەسودە بۆ تێگەیشتن لەو کۆمەڵگە مێژووییە دیاریکراوە کە بوونی ڕێکەوتە لەگەڵ کاتی ڕەوانەکردنی پێغەمبەردا[3]. بۆ نمونە هایدا موغیسی دەڵێت: (شەریعەت گونجاو نیە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دادپەروەری نێوان مرۆڤەکان)[4]. ئیبن وەڕاقیش دەڵێ مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا: (وا نابینرێن کە پشتگیری لە پرەنسیپەکانی ئازادی بکەن)[5]. ئیبراهیم موسایش دووپاتیدەکاتەوە کە شەریعەتی ئیسلامی ناتوانێ ڕێنیشاندرێ بێت بۆ (دیدێکی ڕەوشتی) بە واتای هاوچەرخ[6]، ئەم تێڕوانینە لە هەموو بارێکدا

---

1 -Taylor, ed, encyclopedia of Postmodernism ……… p.178 Lodon; 1972.
2 -Abu Zaid. ……..p. 199.
3 – الإمام الشافعي، أبو زيد، ل/٢٠٩.
4 -Moghissi, Feminissm,……….p. 141.
5 -Ibn Warraq, 2006. P. 53.
6 -Moosa, Introduction, p. 42.

هەڵوێستێکە هاوشێوەی هەڵوێستی مێژوویيە خۆرئاواييەکانە بەرانبەر بە تەشریعی خۆرئاوایی بە هەموو قوتابخانەکانیەوە[١].

پۆست مۆدێرنەکان بەهەمانشێوە ڕەخنەدەگرن لە هەموو تاقمە مۆدێرنگەراکان لەوەی کە ناویاننناوە بە (پابەندبوون بە ئوسوڵییەتی دەقیی)یەوە ئەویش وەها کە دێن مانای قورئان دەگۆڕن، بەجۆرێ کە پشتگیری لە بەها ڕەوشتییە هاوچەرخەکان بکات، ئەمە دەڵێن لە کاتێکدا کە-مێژووییەکان-دەڵێن خودی دەقەکانی قورئان و سوننەت دژن لەگەڵ ئەو بەهایانەدا[٢]. یەکێك لەو نمونە بەربڵاوانە کە لە میانەی ڕەخنەگرتن لە مۆدێرنگەراکان هاتووە، ئەوەیە کە دەقەکانی قورئانی پیرۆزو سوننەت بەجۆرێ لێکدەدەنەوە کە پشتگیری لە هەڵوێستی یەکسانیی بکات لەبەردەم سیستمی سیاسی لە ئیسلامدا، وە لە پێگەی ئافرەت لە تەشریعی ئیسلامیدا[٣]. بۆ نمونە هایدا موغیسی دەڵێ: (هەتا هەر ئاستێك گەردنی دەقەکان بچەمێنرێنەوەو نەرمبکرێن هەر ناتوانرێ بمانگەیەننە ئاستی گونجاندن لە نێوان قورئان و ڕێنماییەکانی کە تایبەتە بە مافەکانی ئافرەت و ئەرکەکانییەوە لە لایەك و بیرۆکەی یەکسانکردن لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا لە لایەکی ترەوە[٤]. موحەممەد ئەرکۆنیش هەر بزووتنەوەیەکی تەفسیرکردن و مەبەستە هاوچەرخەکانی بەوە وەسفکردووە کە بریتین لە: (بزووتنەوەیەکی عەلمانی و خۆی بە گوتارێکی ئاینی داپۆشیوە)[٥].

یەکێك لەوانە کە لە مەسەلەی پەیوەندی مێژووییەتی بە فەرموودە پیرۆزەکانەوە شوێن پێی میتۆدی ئەرکۆنی هەڵگرتووە مامۆستا موحەممەد

---

[1] -Christopher Berry Gaay, ed, 1999. P. 371.
[2] -Moosa, Introduction, p. 42.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٣٧.

[4]-140. Moghissi, Feminissm,…p.
[5] -Arkoun, Rethinking Islam Today, p. 221.

شەحرورە، دەڵێ: هەندێ لە فەرموودە پیرۆزەکان (دانانرێن بە تەشریعی، بەڵکو بە یاسای مەدەنی دادەنرێن، دەکەونەبەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) لە پرسی ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا لە سنوری ڕێگاپێدروی شەرعدا کاری پێکردوون، ئەوەش لەو هەوڵەیدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی و کۆمەڵگای عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا)، بەم پێیەش ئەوا: (ناکرێ ئەو حوکمانە هەتا هەتایی بن، تەنانەت با دەقەکەش سەد دەر سەد ڕاست و جێگیر بێت[١].

لێرەدا پێمباشە بڵێم سەیرکردنی دەقەکانی قورئان و سوننەت بە تێڕوانینی (مێژوویيەتی) بەگشتی، هەروەها دانانی سیستمی ماف و بەهاکان بە (نا ڕەوشتی)، دژە لەگەڵ بنەماکانی باوەڕ بە سەرچاوە خواییەکەی کە قورئانە و بە جوانی سیستمی ئەو بەهایانە کە لە پراکتیزەکردنی موحەممەد پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بۆیان دەردەکەوێ. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم من باوەڕم وایە ئەو ڕووداوە مێژووییانەو ئەو حوکمە فیقهییە سنوردارانە کە قورئانی پیرۆز بە تێروتەسەلی باسیکردوون هەر دەبێت لە میانە کەلتوری و جوگرافی و مێژووییەکانی پەیامی ئیسلامدا لە کاتی هاتنەخوارەوەی قورئاندا تێگەیشتنیان لێبکرێ.

کاتێکیش بەو تێگەیشتنە لێیان تێدەگەین، ئەوا دەتوانرێ ئەو دەقە تایبەتانەی قورئانی پیرۆز لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی گشتییاندا لە هەموو کات و شوێنێکدا دەربکەون، با دەقی تایبەتیش بن، چونکە پێویستە لەسەرمان بگەڕێین بەدوای مەبەست و بەها ڕەوشتییەکانی چیرۆکە جۆراو جۆرەکان و حوکمە تێروتەسەلەکاندا کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای ئیجتیهادکردن تا بتوانرێ دەقە قورئانییەکان دابەزێنرێنە سەر

---

[١]- نحو أصول جديدة، شحرور، ل/١٢٥.

بارودۆخەکەمان کە بەردەوام و لە هەموو کات و شوێنێکدا لە گۆڕاندان، واتە لەگەڵ مێژوو و جوگرافیاشدا بەهەمانشێوە.

تەشریعیش کە بەرهەمی ئیجتیهادە هەرگیز نابێت پێچەوانە بێت لەگەڵ بەها ڕەوشتییە سەرەکییەکان و مەبەستە ڕەسەنەکانی ئیسلامدا. کاتێکیش بەرزو بالاَیی بەها ڕەوشتییەکانی سیستمی تەشریعی ئیسلامیمان بیردەکەوێتەوە، ئەوا باش وایە گوتە بەناوبانگەکانی ئیبن قەییممان بێتەوە یاد کە دەڵێ شەریعەتی ئیسلامی:

((بنەماو بنچینەو بناغەکەی لەسەر حوکم و بەرژەوەندی خەڵکی لە دنیاو لە ڕۆژی دوایی بونیاتنراوە، هەمووی دادپەروەرییە، هەمووی بەزەییە، هەمووی حیکمەت و داناییە، هەمووی بەرژەوەندییە، هەر مەسەلەیەکیش لە دادپەروەری دەربچێت و بەرەو ستەم بڕوات، لە بەزەییەوە بەرەو دژەکەی بڕوات، لە بەرژەوەندییەوە بەرەو خراپەکاریی بڕوات، لە حیکمەت و داناییەوە بڕوات بەرەو بێهودەیی و گاڵتەو گەپ، ئەوا ئەوە شەریعەت نیە، با چەندەها مانا گۆڕینیشی بەسەردا بێت)[1].

ئەم هەڵوێستەی باسمانکرد پشت دەبەستێ بەو باوەڕە کە پەیوەندە بە قورئانی پیرۆزەوە، شێوەیەکە لە شێوەکانی لێکدانەوەو دەکەوێتە سەر سنور و ڕووبەرێکی هاوبەش لە نێوان شێوازی مۆدێرنەیی و شێوازی پۆست مۆدێرنەیی، ئەمەش هەڵوێستێکە کە ژمارەیەك لە زانا هاوچەرخەکان پەیڕەوی دەکەن، بۆ نمونە ئایەتوالله شەمسەدین زانا هاوچەرخەکان هاندەدات لەسەر گرتنەبەری هەڵوێستێکی کارا بەرەو بنەماکان، وەها نەڕواننە هەر دەقێك لە دەقەکان کە تەشریعێکی ڕەهاو گشتییە، با ئەقڵیان بکەنەوە بۆ ئەو ئەگەرە کە دەکرێ دەق پەیوەندی بە حاڵەتێکی تایبەتەوە هەبێت، بۆ بارودۆخێکی تایبەت هاتبێت، وەهاش حوکم بەسەر

---

[1]– إعلام الموقعين، شمس الدين إبن القيم، ١٩٧٣، ب١، ل/٣٣٣.

فەرمووده پیرۆزەکاندا نەدەن کە بێئاگان لە میانەکە، با نەیانکەنە ڕەهایەك و دوور لەو بارودۆخ و کات و شوێن و میانەیە کە تیایدا هاتوون، هەروەها ئەو مرۆڤانەش کە ئاراستەیان کراوە[١]. ئەم زانایە بەردەوام دەبێت و دەڵێ کە خۆی مەیلی بە لای ئەو تێگەیشتنەدایە، بەڵام لەم کاتە هەنووکەییەدا هیچ حوکمێك بونیات نانێت لەسەری. دووپاتیشی دەکاتەوە لەسەر پێویستبوونی ئەو تێڕوانینە لەو حوکمانەدا کە پەیوەستن بە ئافرەتان و حوکمە داراییەکان و جیهادەوە[٢].

هەروەها لای دکتۆر فەتحی عوسمان نمونەیەکی تر دەبینین، ئەو دەیەوێت بڕوانێتە ئەو (پێوەرە کرداریيانە) کە شایەتیدانی ئافرەت دەکەنە پلەیەکی کەمتر لە شایەتیدانی پیاو، هەروەك لە ئایەتی ٢٨٢ سورەتی البقرة دا هاتووە، فەتحی عوسمان لەم پێگەیەوە لێکدانەوە بۆ ئایەتەکە دەکات کە مەرجدارە بەو پێوەرە کرداریانەوە[٣]. دکتۆر حەسەن تورابیش هەمان ڕای هەیە لەبارەی زۆرێك لەو حوکمانە کە پەیوەندن بە ئافرەتان و ژیانی ڕۆژانەیانەوە[٤]. شێوازی فەیلەسوف ڕۆجیە غارودیش لە گوزارشتکردن لەسەر ئەو بابەتە ئەمەیە کە: (دەقەکانی بەشکردووە بۆ بەشێك کە دەتوانرێ مێژوویيەتی بچەسپێت بەسەریدا) وەك ئەو حوکمانە کە پەیوەندن بە ئافرەتانەوە، بەشێکی تریش کە (وێنای بەها نەمرەکان دەکەن لە پەیامە ئاسمانییەکەدا)[٥]. عەبدولکەریم سروشیش بەهەمانشێوە پێشنیاری کردووە کە دەبێت دەقەکان دابەشبکرێن بۆ دوو بەش: (دەقی سەرەکیی

---

[١]- الإجتهاد والتجديد في الفقه الإسلامي، شمس الدين، ل/١٢٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل/١٢٩.

[3] -El-Affendi, ed………p45.

[4]- Hassan al-Turabi, Emancipation of Women; London, 2003. P. 29. لەم مەسەلەیەدا لە وتووێژێکی زارەکیدا لە ئابی/٢٠٠٦ز مشتومڕم لەگەڵدا کردو قەناعەتی پێکردم.

[٥]- الإسلام والقرن الحادي والعشرون، شروط نهضة المسلمين، روجية غارودي، ل/٧٠-١١٩.

و دەقی بارودۆخی کاتی، بارودۆخییەکەش مەرجدارە بە ژینگەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە کە پەیوەندن بە بەجێگەیاندنی پەیامی سەرەکییەوە)[1].

مامۆستا موحەممەد غەزالیش کاتێ جیاوازی خستووە لە نێوان (هۆکارەکان) و (مەبەستەکان)دا هاتووە دەستەواژەیەکی هاوشێوەی خستووەتەڕوو، یەکەمی بەوە داناوە کە بۆ ئەوە دەشێ ناوبنرێ بە (کۆتایی) بەڵام دووەم شیاوی تەواوبوون نیە. منیش وادەبینم ئەوەی کە مامۆستا موحەممەد غەزالی خستوویەتەڕوو دەستەواژەیەکی نوێیە لەسەر هەمان شێوازی لێکدانەوەی مێژوویی کە باسمانکردووە، بەڵام ڕووبەرێکی ئارامیی هێشتووەتەوە لە نێوان خۆی و نێوان هەڵوەشاندنەوەی (مێژوویەتی)دا. مامۆستا غەزالی وەك نمونەیەك لەسەر ئەو (هۆکارە گۆڕدراوانە) باسی لە سیستمی دەستکەوتە جەنگییەکان کردووە[2]. لەم دواییەدا، دکتۆر یوسف قەرەزاوی و مامۆستا فەیصەڵ مەولەوی بە فراوانتر چوونەتە ناو گرنگێتی جیاوازی خستن لە نێوان هۆکارەکان و مەبەستەکان، لە سەروبەندی وتووێژەکانی ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوەکان پرۆژەیەکی جێبەجێکردنیان بۆ هەمان بیرۆکەی ناوبراو لەسەر بینینی سەرەتای هەڵهاتنی مانگی ڕەمەزان پێشکەش کرد کە هۆکارێکە بۆ زانینی سەرەتای مانگ نەك خۆی مەبەستێك بێت، لێرەوە ئەو دەرئەنجامەیان دەستکەوت کە ژمێرياريی لەم سەردەمەدا باشترین هۆکارە بۆ دیاریکردنی سەرەتای مانگ[3]. مامۆستا قەرەزاوی هەمان بیرۆکەی پراکتیزە کردووە بەسەر پەچەی ئافرەتی موسڵماندا کە لە

---

[1] -Soroush, The Evolution………… p. 250.

[2]- السنة النبوية، الغزالي، ل/١٦١.

[3]- وتووێژێکی زارەکی، سراییفو، بوسنە، مایس/٢٠٠٧ز، لە توێی هەژدەیەم دانیشتنی فەرمی بۆ ئەنجومەنی ئەوروپی بۆ فەتواو توێژینەوەکان.

سورەتی الأحزاب دا باسکراوە، کە من بە هۆکارێکی دادەنێم بۆ بەجێگەیاندنی مەبەستی پاکیزەیی ئافرەت نەك خۆی مەبەستێك بێت[١].

باوەڕم وایە بیرۆکەی (جیاوازی خستن لە نێوان هۆکارەکان و مەبەستەکان) دەرگا دەکاتەوە بۆ کۆمەڵێك ئیجتیهادە نوێ و ڕیشەیی بەرفراوان لە فیقهی ئیسلامیدا. بۆ نمونە مامۆستا تەها عەلوانی (پرۆژەیەکی چاکسازی) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (قضايا التفكير الإسلامي المعاصر) پێشنیار کردووە، بە وردی شێوازی تایبەتی خۆی بۆ (جیاوازی خستن لە نێوان هۆکارەکان و مەبەستەکان) دەستنیشان کردووە. با لە خوارەوە چۆنێتی پراکتیزەکردنی مامۆستا عەلوانی بۆ ئەو تێڕوانینەی لەسەر مەسەلەی یەکسانکردنی هەردوو ڕەگەز ڕوونبکەینەوە (هەر بەوجۆرە کە لە کۆپییە ئینگلیزییە بڵاوکراوەکەدا هاتووە)، دەڵێ:

قورئانی پیرۆز لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی وەحی دا خەڵکی گواستەوە بۆ گۆڕەپانی باوەڕ لەسەر بنەمای یەکسانکردنی ڕەها لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا. دەکرێ ئەوە لە خودی خۆیدا ڕاستییەك لە ڕاستییەکانی ئاین بێت، زیاتر لە هەر ڕاستییەکی تر، ئەمەش وێنای شۆڕشێکی دەکرد لە بیرکردنەوەدا کە کەمتر نەبوو لە ڕیسواکردنی ئیسلام بۆ هاوەڵگەریی، لەڕاستیدا بۆ یەکەمین کۆمەڵگای ئیسلامی لە ژینگەی دوورگەی عەرەبیدا کە لە یاداوەری خۆیدا کۆمەڵێ داب و نەریت و هەڵوێستی هەڵگرتبوو، زۆر پێویست بوو ئەم گۆڕانکاریانە بە قۆناغبەندی ڕووبدەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بتوانێت خۆی بگونجێنێ لەگەڵیاندا... قورئانی پیرۆز مەبەستی بوو بێت لە ڕێگای دانانی بنەماکان بۆ ڕۆڵی ئافرەت لە پرسی شایەتیدان لەسەر گرێبەستەکان، لە سەردەمێکدا کە لەو جۆرە مەسەلانەدا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو شایانی باسکردن بێت، بە شێوازێکی پراکتیکی ئافرەت بکاتە هاوبەش لە ژیاندا...

---

[١]- مقاصد الشريعة الإسلامية: دراسات في قضايا المنهج وقضايا التطبيق، محمد سليم العوا، ٢٠٠٦، ل/١١٧-١٢١.

مەبەستیشی ئەوە بوو ئەو چەمکە باوە لەسەر ئافرەتان کۆتایی پێبێنێت، بەوەی کە کردنی بە بەشێك ﴿ مِمَّن تَرۡضَوۡنَ مِنَ ٱلشُّهَدَآءِ ﴾البقرة:٢٨٢. مەسەلەی شایەتیدان تەنها هۆکارێك بوو نەك مەبەست بێت، یان شێوازێکی پراکتیکی بوو بۆ دامەزراندنی بیرۆکەی یەکسانیی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا. بەڵام لە تەفسیری ڕاڤەکارانەوە بۆ ئایەتی ﴿أَن تَضِلَّ إِحۡدَىٰهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحۡدَىٰهُمَا ٱلۡأُخۡرَىٰۚ ﴾ البقرة: ٢٨٢ ئەوە تێڕوانینێکە بونیاتنراوە لەسەر ئەو گریمانەیە کە دابەشکردنی شایەتیدان بۆ دوو نیوە لە باری ئافرەتدا پەیوەندی بە شێوازێکەوە هەیە کە ئافرەت هاوتای پیاو نیە. ئەم بیرۆکەیە هەروەك لای ڕاڤەکارانی دێرین هەیە بە هەمانشێوە لای ڕاڤەکارە نوێیەکانیش بوونی هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە چەندەها نەوە لە موسڵمانان لەسەر ئەوە بەردەوامبن کە پابەندبن بە تێگەیشتنی هەڵەوەو چەمکی چاولێکەریی ڕابەرایەتییان بکات، بێگومان ئەو هەڵوێستانەش کە لەم تێگەیشتنە هەڵەیەوە پەیدابوون بۆ دوورتر لە پشتەوەی بازنەی فیقهییەوە درێژبوونەتەوە...)[١].

ئەو تێڕوانینەش کە باسمانکرد بریتییە لە تێڕوانینی پۆست مۆدێرنە، تەنها لەو ڕووەوە کە دەقەکان دەبەستێتەوە بە بارودۆخە مێژووییەکانیان، بەڵام ئاماژەدانی بۆ دەقەکان کە سەرچاوەی خواییین بۆ حوکمەکان، تەنانەت بەو واتایە کە هەندێ لەو حوکمانە هۆکارن بۆ مەبەستەکان ئەوا ئەمە لێکدانەوەیەکی مۆدێرنەییە (با تێڕوانینەکەش ڕیشەیی بێت).

## ئەقڵگەرایی نوێ:

[1] -Taha Jabir al-Alwani, Issues in Contemporary…………2005, p. 164-166.

ئەقڵگەرا نوێیەکان پەیڕەوی لە تێڕوانینێك دەکەن کە خودی تەشریعی ئیسلامی بە مێژوویی دەکەن، لەمەشدا دەگەڕێنەوە بۆ مەزهەبی موعتەزیلەو –کە بە بەرز ڕاگرتنی پێگەی ئەقڵ ناسراوە– وەك سەرچاوەیەکی کەلەپوری لێیەوە ڕاکانی خۆیان وەردەگرن[1]. جا وێڕای ئەوە کە موعتەزیلە ئەقڵیان دانابوو بە سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بۆ تەشریع، بەڵکو بە یەکەمین بەڵگە لە بەڵگەکانی تەشریع، کە پێشتر باسمانکردووە[2]، ئەوا جیاوازی لە نێوان ئەقڵگەرا نوێیەکان و ئەقڵگەرا دێرینەکاندا ئەوەیە کە موعتەزیلەکان هەروەك لە بەشی پێشوودا هاتووە، بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پیرۆز و سەرچاوە لاوەکییەکانی تری تەشریعی ئیسلامییان، بەشێوەیەك جێبەجێ کردووە کە هاوشێوە بووە لەگەڵ ئەوەدا کە مەزهەبە باوەکان پەیڕەویان کردووە[3]. موعتەزیلە دێرینەکان ئیقرار بە (دەستەڵاتی دەق) دەکەن لە قورئانی پیرۆزدا وەك سەرچاوە بۆ تەشریعێك کە ئەقڵ پیادە دەکات، چونکە وتوویانە دەتوانرێ بە ئەقڵ چاك و خراپ لەیەك جیابکرێنەوە، لە تواناشیدایە حوجییەتی قورئانی پیرۆز بسەلمێنێ، حوجییەتی فەرموودەی پیرۆز و کۆدەنگیش بەهەمانشێوە[4]. بەڵام ئەقڵگەرا نوێیەکانیان یان موعتەزیلە نوێیەکان دەستەڵاتێك بە (ئەقل) دەدەن کە ناویانناوە بە (هەڵوەشاندنەوەی) دەقەکان[5]. وێڕای ئەوە کە فەیلەسوفەکانی پۆست مۆدێرنە، وەك دورەید و موسا، وادەبینن (ئەقڵ) یەکێکە

---

[1]– بۆ نمونە بڕوانە: Abu Zaid, Al- Imam Al-Shafi p.15.

[2]– المغني، عبد الجبار، ب٤، ل/١٧٤. فضل الإعتزال، عبد الجبار، ل/١٣٩.

[3]– أسترتتيجية التأويل الدلالي عند المعتزلة، سرحان، ل/٣٠.

[4]– المغني، عبد الجبار، ب٤، ل/١٧٤.

[5]– الإمام الشافعي، أبو زيد، ل/١٥. التراث والتجديد، حنفي، ل/٤٥.

لەو چەمکانە کـە مۆدێرنـە (لـە سـەنتەردا) دایـدەنێ، بۆیـە دەبێـت ئـەویش بچێتە ژێرباری هەڵوەشاندنەوەوە نەك ئەو هەموو دەستەڵاتەی پێبدرێ[١].

## لێکۆڵینەوە ڕەخنەگرە یاساییەکان:

لێکۆڵینــەوە ڕەخنــەگرە یاســاییەکان بریتییــە لــە بزووتنەوەیــەك لــە وڵاتــە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا پـەیدا بـوو، ئامـانجی هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو سیسـتمە یاساییانە بوو کاریان پێدەکرا، ئەویش بـە مەبەسـتی پشـتگیریکردن لـە سیاسـەتی چاکسازی سودمەندیی (پراگماتی)[٢]. پرۆسەی هەڵوەشـاندنەوە لـەم بزووتنەوەیـەدا ئاراستەی ئەو هەڵوێستانە کراوە پەیوەستن بەو (دەستەڵات)ەوە یاساکەی دانـاوەو شەرعییەتی پێبەخشیوە[٣]. ژمارەیەك فەیلەسوف و چـالاکوانی سیاسـی لـە هـەموو ئاراستەکان چوونە نـاو بزووتنـەوەی لێکۆڵینـەوە ڕەخنـەگرە یاسـاییەکانەوە، وەك پشتیوانانی مافـەکانی ئـافرەت و تیۆریزەکـارانی دژایـەتیکردنی ڕەگەزپـەرستی بـە هەموو شێوەکانیەوە. چەند توێـژەرێکیش لـە لێکۆڵینـەوە ئیسـلامییەکاندا ڕێبـازی لێکۆڵینەوە ڕەخنـەگرە یاسـاییەکانیان بـەکارهێنا لـەپێناو شـیکردنەوە، بـەڵکو بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی هـەموو (دەسـتەڵاتەکان) کـە کاریگـەرییان لەسـەر سیسـتمی تەشریعی ئیسلامی هـەبووە، سـەرەتا لـە (دەسـتەڵاتی پیـاوەوە) دەسـتیپێکرد تـا (دەستەڵاتی هۆزە عەرەبییە هەژموونداراەکان).

بۆ نمونە، پشتیوانانی ڕەواتی (ئافرەتگەریی ئیسـلامیی)–ئەگـەر دەسـتەواژەکە دروست بێت– هاتووە ڕەخنەی لە داب و نەریتە عەرەبییـەکان گرتـووە کـە فـەزڵی نێرینەکان دەدەن بەسەر مێینەکانداو فەزڵی داوە بەسـەر سیسـتمەکانی دادوەری و

[١]- Powell, Postmodernism. P.101. موسایش هەمان ڕای هەیە لە (الأدبيات)........

[2] - Taylor, ed, encyclopedia of Postmodernism p. 67.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو.

فەتوا ئیسلامییە باوەکاندا، تەنانەت بەسەر ڕیوایەتەکانی فەرموودەی پیرۆزدا کە پەیوەندییان بە ئافرەتەوە هەیە[1]. بەڵام دەبێت ئەوە تێبینی بکرێت کە پشتیوانانی ئافرەتگەریی ئیسلامی پۆست مۆدێرنە تێڕوانینێکی جیاواز لە پشتیوانانی ئافرەتگەریی پۆست مۆدێرنگەراکانی تر بە گشتی پەیڕەو دەکەن. لە کاتێکدا پۆست مۆدێرنگەراکانی تر لە پشتیوانانی مافەکانی ئافرەت هەر لە بنەڕەتەوە هەڵدەستن بە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دژایەتی دوالیزمەیی، واتە ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی هەموو جیاوازییەکانی نێوان نێرو مێ[2] ، ئەوا پشتیوانانی ئافرەتی موسڵمان بە دیاریکراوی جەخت دەکەن لەسەر ئەنجامەکانی (ململانێی) مێژوویی لە نێوان پیاوە موسڵمان و ئافرەتە موسڵمانەکاندا بەبێ ڕەتکردنەوەی جیاوازییە (سروشتییە)کان کە لە نێوان پیاوان و ئافرتاندا هەن.

هەردوو لایەن واتە مۆدێرنگەراکان و پۆست مۆدێرنگەرا موسڵمانەکان لە پشتیوانانی ئافرەت ڕەخنە دەگرن لە کاریگەری ململانێی کلاسیکی نێوان پیاو و ئافرەت لەسەر دەستەڵاتە تەشریعییە باوەکان، وەك فیقهناسان و پێشەوایان لە هەموو مەزهەبەکان[3]. بەڵام پۆست مۆدێرنگەرا موسڵمانەکان لە پشتیوانانی ئافرەت ڕا جیاوازن لەو بارەیەوە چونکە لەو ڕەخنەگرتنەیاندا خودی (دەستەڵاتی دەق) دەخەنە بەر ڕەخنە کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)[4]. بۆ نمونە ئەوەتا فاتیمە مەرنیسی بە توندی ڕەخنە دەگرێت لە هەموو حوکمێك لە ئیسلامدا[5]، ئەو تەنها بەو حوکمانە دەستکۆتا نەبووە کە تایبەتن

[1]- بۆ نمونە بڕوانە: Mernissi, .........p. 53.

[2]-Taylor, ed, encyclopedia of Postmodernism pp. 148-49 .

[3]- نحو أصول جديدة، شحرور، ل/٣٥٩.

[4]- بۆ نمونە بڕوانە: Mernissi, ........pp. 21-22.

[5]- ما وراء الحجاب، فاطمة المرنيسي، ١٩٩٧، ل/١٧٠.

به گرێبەستی هاوسەرگیریی و حوکمە شەرعییەکانی تەڵاقەوە، بەڵکو بە توندی ڕەخنە دەگرێت لەوەی منداڵان بدرێنە پاڵ باوکانیان، هەروەها حوکمەکاتی عیددە، وە تێگەیشتنی ئەو بۆ باڵاپۆشی، ئەو ڕەخنەگرتنەی تەنانەت مەسەلەی (حەرامکردنی لەشفرۆشی) شی گرتووەتەوە[١]. !

پاشانیش لێکدانەوەیەك دەبینین کە لە توندڕەویدا لەوەی پێشوو کەمتر نیە، ئەگەرچی لە وردەکاریشدا جیاواز بێت، وادەبینێت کاتێ ئەو دەقانەی لە قورئان و سوننەتدا هاتوون و باس لە فرە (ڕەنگی) خەڵکی دەکەن وەك نیشانەیەك لە نیشانەکانی دەستەڵاتی خوای گەورە، وادەبینێ ئاماژەن بۆ (سروشتی فرەجۆری لە زەوقی سێکسییاندا)[2]. ئینجا ئەو وەسفەی کە قورئانی پیرۆز بە بێئابڕوییی (فاحشة) ناویبردووە کە قەومی لوط ئەنجامیان داوە هاتووە ماناکەی دەگۆڕێ تا واتای (ڕەفتارێکی دوژمنکاریی بەرانبەر بە میوانەکانیان) ببەخشێ نەك هەر گوناهێکی تر کە پەیوەندە بە سێکسەوە![٣].

خوێنەر لەم نمونانەوە بۆی ڕووندەبێتەوە کە هەوادارانی ئەم شێوازە بە ناوی لێکدانەوەی قورئان و سوننەت هەڵدەستن بە قەمچاندنەوەی گەردنی ماناکان کە هیچ جۆرە بادانێ هەڵناگرن، ئەمەش بە مەبەستی سنورشکاندنی حەرامیی چەند کردارێکی دیاریکراوە، ئیتر با ئەو لێکدانەوەشیان دژ بێت لەگەڵ بنەما ئیسلامییە جێگیرەکاندا کە دوو موسڵمان ڕا جیاواز نین لەسەریان، وەك نێربازی و لەشفرۆشی! کەواتە ئەو (لێکدانەوە توندڕەوە) حاڵی حاڵی (لێکدانەوەی پاساوداریی)ە کە پێشتر باسمان لێکرد، ئەم کارەیان تەنها ئامرازێکە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ چەند چەمکێکی پێشتر

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل/ ٦٣، ٧٦، ٨١، ١٤٧. بەڵام میتۆدی مەرنیسی لە کتێبەکەیدا الحجاب والنخبوية الذكورية جیاوازە، چونکە دەکەوێتە ئەو مەودایە کە دەکرێ ناوی بنێین بە (إعادة التأويل الحداثي) نەك (التفكيكية الما بعد حداثية) کە لە کتێبەکانیدا باوە.

[2] -Omid Safi, ed, Progressive Muslims; ……….2003. p. 197-203.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٢١٧.

دياريكراو. بەڵام ڕەخنەگرتنی من لەمجۆرە لێكدانەوە لارو وێرە بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە كە پشتگیری لە هەر جۆرە توندوتیژییەكی ڕێكخراو یان نا ڕێكخراو دژ بە هەوادارانی ئەم بۆچوونە دەكەم. چونكە حوكمدان لەسەر كارێك لە كارەكان كە (سەرپێچی) بێت شتێكەو، چەوساندنەوە یان تەنانەت سزای مەدەنی لەسەر تاوانەكان شتێكی تەواو تەواو جیاوازە !

هەندێ زانای تریش هاتوون شێوازی لێكۆڵینەوەی ڕەخنەگربیان لە میانەی گومانبردن بە پاڵنەرە سیاسییەكانی هۆزە عەرەبییە بەهێزەكان پەیڕەو كردووە، وەك قورەیش و بەنو ئومەییە، لەوەدا كە پەیوەستە بە كۆمەڵێ حوكمی فیقهی و ئوسوڵی دیاریكراوەوە. بۆ نمونە دكتۆر نەصر حامید ئەبو زەید لە كتێبەكەیدا لەبارەی پێشەوا شافیعییەوە وادەبینێ كە لە بنەماكانی فیقهی ئیسلامیدا حەزێكی مێژوویییەتی لای هۆزی قورەیش هەبووە بە (گۆڕینی عادەت و كەلەپوریان بۆ جۆرێك لە وەحی)[١]. دكتۆرە باتریشا كرۆن لەلایەن خۆیەوە پرسیارێك دەوروژێنێ لەسەر كاریگەری جێنشێنیی بەهێزی ئومەوییەكان لە پێكهێنانی فیقهێكی مێژوویی دا[٢]. بەڵام شایانی باسە كە دكتۆر وائیل حەللاق بە توندی دژ بەم ئاراستەیە وەستاوەتەوە[٣]، دكتۆر عەبدولمەجید صەغیر شیكردنەوەیەكی دوورو درێژی نوسیوە تا ڕایەكی دژ بە ڕایەكەی كرۆن بسەلمێنێ، بە چەندین ڕیوایەتی مێژوویی سەلماندویەتی كە پێشەوا شافیعی و فیقهناسانی تریش بنەماكانی فیقهی ئیسلامییان بۆیە خستووەتەڕوو تا (فیقە بپارێزن) لە هەواو هەوەس و لە

---

١- Abu Zaid, Al-Imam Al- Shafie, p. 44. سەیری ڕا جیاوازەكانی دژ بەم ڕایە بكە (لە تێڕوانینی تەقلیدییە نوێیەكانەوە) لە چەند سەرچاوەیەكی تر بە زمانی ئینگلیزی.

2 -Patricia Crone,…………….. Cambridge, 2002.

3 -Wael Hallaq,………………no. 2, 2003.

بەرژەوەنـدی تـاکی دەسـتەڵاتی فـەرمانڕەوا، بـە تایبـەتی ئومەوییـەکان، نـەك پێچەوانەکەی[1].

### لێکۆڵینەوەکانی دوای سەردەمی خۆرهەڵاتناسیی:

توێژینەوەکانی دوای خۆرهەڵاتناسی دامەزرا تا پشتگیری لەو دەنگانە بکات کـە لـە رابـردوودا لەلایـەن کۆلۆنیـالیزمی خۆرئـاواوە پـەراوێز خرابـوون، ئـەوەش بـە مەبەستی (ڕەتکردنەوەی بانگەشەی خۆرئاوا بوو لەبارەی پێشـکەوتنی کـەلتوری و نەژادیی خۆی[2]. دکتۆر ئیدوارد سەعید، کاتێ لەسەر بیرۆکەکەی فۆکۆی فەیلەسوف لـەبارەی پەیوەنـدی نێـوان شـێوەکانی مەعریفـەو هێـزدا تێـزی خـۆی خسـتەڕوو، دادەنـرێ بـە ڕابـەری ئـەم مەیدانـە بـەڵکو دامەزرێنـەری توێژینـەوەکانی دوای خۆرهەڵاتناسی یان (دوای کۆلۆنیالیزم)[3].

پاشان ژمارەیەك توێژەر هەستان بە پەیڕەوکردنی تێڕوانینی پۆست مۆدێرنـەیی بـۆ توێژینـەوە ئیسـلامییەکان لـە دیـدی دوای خۆرهەڵاتناسـییەوە[4]، ئامـانجی ئـەم ئاراستەیە هەڵوەشاندنی (هێزەکانی جیهانگیریی و سـەپاندنی ڕەگـەزی خۆرئـاوایی بوو)[5]، هەروەها هەوڵی خۆرئاواییەکان بۆ ئەوەی عەیبـەکانی خۆیـان بـدەن بەسـەر ئـەوانی تـردا[6] و گریمانـەی پێشـترینیان گوایـاو خۆرئـاوا سـەنتەری جیهانـە[7] و

---

[1]- الفكر الأصولي وإشكالية السلطة العلمية في الإسلام، عەبدولمەجید الصّغیر، ط١، ١٩٩٤ز ل/٢١-٢٨.

[2]- Taylor, ed, encyclopedia of Postmodernism p. 299.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧. هەروەها بڕوانە: Edward Said,................1979.

[4]- بۆ نمونە بڕوانە: موسا، رۆبنسۆن، ستیوارت، بیسکاتۆری، ساردار، حسان، موغیسـی، حـەللاق، وەك سەرچاوە.

[5]- Mosa, Introduction, p. 24.

[6]- Robinson, Islam. P. 230.

[7]- مقاصد الشريعة وأهداف الأمة، حسن حنفي، مجلة المسلم المعاصر، العدد، ١٠٣، ٢٠٠٢، ل/١٠٠

لاساییكردنەوەی خۆرئاوا كە هاو واتایە بە هاوچەرخیی[1]، هەروەها نیشاندانی ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی ئیسلامیی كە (ئاینێكی نا ئەقڵانییە)[2] هەروەها خۆرئاوا لەم دواییانەدا هەستاوە (بە بڵاوكردنەوەی ئەو بیرۆكەیەی پێی دەوترێ–هەڕەشەی ئیسلامی بۆ سەر ژیاری خۆرئاوایی)[3]. هەربۆیە شوێنكەوتووانی بزووتنەوەی دوای كۆلۆنیالیزم داوا لە خۆرئاواییەكان دەكات زۆر ڕێز بگرن (لەو جیاوازییانە كە كەلتوری ئەوانیتر لە كەلتورمان جیادەكاتەوە)[4].

ئاسەواری توێژینەوەكانی دوای خۆرهەڵاتناسی بە ڕوونی دەركەوت ئەویش لە ڕەخنەگرتنی یەكێك لە توێژەران كە لە توێژینەوەكەیدا بۆ فیقهی ئیسلامی ڕەخنەی ئاراستەی خۆرهەڵاتناسیی دەكات، كە لە پێگەی (كۆمەڵێ گومان و لایەنداریی ڕیشەیی دەربارەی كەلتورە ئیسلامییەكان)[5] هەنگاو هەڵدەگرێ. پێش هەموو شتێك دێت دەڵێ: (كەمترین شتێك كە لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامی بوترێ ئەوەیە كە تا ئاستێكی دوور قەرزاری كەلەپوری ئاینی ئەو كەلتورانەیە كە ژیاری خۆرئاوایی لێ لەدایكبووە، خراپترین شتێكیش كە لە بارەیەوە بوترێ زیاتر نیە لەوە كە كۆپییەكی دووبارەی ئەو داب و نەریتانەیە)[6]. مرۆڤ دەتوانێ چەندین نمونەی جۆریی بۆ ئەو ئاراستانە كە خۆرهەڵاتناسان پەیڕەویان كردووە بدۆزێتەوە، كە زۆرینەی زۆری خۆرهەڵاتناسە نوێیەكانی ئەمڕۆ وازیان لەو ئاراستەیە هێناوە، بۆ ئەمەش دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ كتێبەكانی جۆڵدزیهر و شاخت و جب لە نوسینە نوێیەكانیدا[7].

---

[1]– ماهية المعاصرة، طارق البشري، ١٩٩٦، ل/١٣.

[2]- Piscatori,…………p.56.

[3]- Ataullah Bagdan,……………p. 133.

[4] -Inayaullah,……………..p.52.

[5] -Hussein Hassan,………..2001. p. 203.

[6] -Hallaq. The Quest for Origins,…………..1985.

[7] -H. A. R. Gibb, Islam;……….pp. 25-27.

جا وەك كۆتاییهێنان بەم بەشە دەڵێین: لەڕاستیدا ئاراستەكانی پۆست مۆدێرنە بۆ لێكۆڵینەوە لە تەشریعی ئیسلامی بووە هەڕەشە بۆ هەردوو ئاراستەكە: كلاسیكی و مۆدێرنەیی، چونكە ڕەخنەو كۆمەڵێ پرسیاری گرنگیان دەربارەی ئەو دەستەڵاتە خستەڕوو كە هەندێ زاراوەو مەزهەب و فیقهناسان و سەركردە سیاسییەكان بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی ئیدیعایان كردووە. بەڵام پۆست مۆدێرنە خۆی وێڕای ئەوی كە دەیڵێ گوایا شەڕی ڕاگەیاندووە دژ بە (دوالیزمە دژ بەیەكەكان) هەر مەیلی بە لای بیركردنەوە لە میتۆدی دوالیزمە دژ بەیەكەكاندا دەچێت، هەروەها بەرەو كورتكردنەوەو و یەك ڕەهەندی هەنگاو دەنێ.

ئەم بەشەی لەمەوپاش دێت هەڵدەستێ بە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە ڕەخنەگرتن لە پۆست مۆدێرنە، كە لەم بەشەدا خستمانەڕوو، ئینجا هەوڵدەدەین بیرۆكەی ڕەخنەگرتنی ڕیشەیی پەرەپێبدەین و ببیەین بەرەو میتۆدی (فرە ڕەهەندی) و (هەمووەكی). ئەم بەشە هەروەها، بە پشتبەستن لەسەر شیكردنەوەی تیۆرە مێژووییەكان و هاوچەرخەكانی فیقهی ئیسلامی كە لە دوو بەشی ڕابردوودا خستنمانەڕوو، هەڵدەستێ بە خستنەڕووی دیدێكی ڕشتەبەندی بۆ تیۆری تەشریعی ئیسلامی، پێشنیاری دیاریكراو دەخاتەڕوو بۆ بەهێزكردنی (كرانەوەكەی) و (مەبەستەكانی). ئینجا ئەو تیۆرەی كە لەسەر شیكردنەوە خراوەتەڕوو و تا ئێستە پێشكەشمان كردووە بونیاتی دەنێ لەسەر سەرچاوەكان و بەڵگەكان و بەڵگەكانی تیۆرە ئوسوڵییە مێژووییەكان، هەروەها هەڵدەستێ بە بونیاتنان لەسەر كەلەپوری مەزهەبە فیقهییەكان كە تەقلیدگەراكان پەیڕەویان كردووە، وە لەسەر سەرلەنوێ تەفسیركردنەوە كە مۆدێرنگەراكان پەیڕەویان كردووە، بەڵكو لەسەر ئەو ڕەخنەگرتنەش كە پۆست مۆدێرنەكان خستوویانەتەڕوو.

# بەشی شەشەم
# تێڕوانینی ڕشتەبەندیی بۆ تیۆرەکانی تەشریعی ئیسلامی

**تێڕوانینی گشتی:**

مەبەستەکانی شەریعەت چۆن بتوانن هەستن بە بینینی ڕۆڵێکی کارا لە بەرنامە ئیجتهادییە فیقهییەکاندا؟ چۆن بتوانرێ سیفەتی مەبەستداریی ڕشتەبەندیی بۆ (مەبەستی) فیقهـ بەگەڕبخرێ؟ چۆن بتوانین سود لە پێشنیاری (فەلسەفەی ڕشتەبەندییە ئیسلامییەکان) لە تیۆری تەشریعی ئیسلامیدا وەربگرین تا سیفەتی (نوێبوونەوە) و (ژیان) بۆ فیقهی ئیسلامی دەستەبەر ببێت؟ تێڕوانینی ڕشتەبەندی بۆ تیۆرەکانی تەشریعی ئیسلامی چۆن بتوانێ سود وەربگرێ لە سیفەتەکانی فەلسەفەی ڕشتەبەندیی وەك سیفەتی مەعریفی و گشتگیریی و فرە ڕەهەندی و کرانەوە؟ چۆن بتوانین کەموکووڕییەکانی تیۆرە کلاسیکیی و مۆدێرنەکان و پۆست مۆدێرنەکان نەهێڵین، کە لە بەشەکانی پێشوودا خستنمانەڕوو؟

ئەم بەشە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە ئەویش لە ڕێگای تێڕوانینێکی ڕشتەبەندی بۆ بنەماکانی فقهی ئیسلامی:

* ئـەم بەشــە ئـەو بـوارە دیاریکراوانــە دەستنیشــان دەکـات کـە فەلســەفەی ڕشتەبەندیی لە توانایدایە پشکی هەبێت لە پەرەدان بە بنەماکان تیایاندا.

* لەم بەشەدا سیفەتەکانی ڕشـتەبەندیی جـارێکیتر دەهێنینـەوە کـە لـە بەشـی دووەمدا خستنمانەڕوو، ئەوانیش مەبەستداریی و پەیپێبردنی مرۆیی و گشتگیریی و فرە ڕەهەندی و کرانەوەن.

* دواجاریش شێوازەکانی خستنەگەڕی ئەو سیفەتانە لە بەرنامە ئوسوڵییەکانی فیقهی ئیسلامیدا دەخەینەڕوو.

## ٦-١ دەربارەی شەرعییەتدان بە هەموو ( پەیپێبراوەکان ):

### ئایا ئیجتیهاد (وەحی)یە؟

مانای فیقه لای فیقهناسان بـە واتـای (تێگەیشـتن)[١]، (بۆچـوون)[٢]، (پـەیپێبردن) دێت[٣]. کەچی زۆربەیجار ئاماژە بە ڕا و فەتوا فیقهییەکان دەکـرێ گوایـا بـریتین لـە (حـوکمی خـوای گـەورە). ئـەم کتێبـەش لـە چـەندین میانـەو بۆنـەی جیـاوازدا ڕوونیکردووەتـەوە وێـڕای ئـەو ڕاسـتییە کـە دەقـە تەشـریعییەکانی پـەڕاوی خـوای گەورەو سـوننەت وەحـی ئاسمـانین، بـەڵام هـەر تێگەیشـتن لـە قورئـان و سـوننەت دەکەونــە بــەر تێگەیشــتن لــە ژیــان و لــە بینینــی جیهــان لەلایــەن ڕاڤــەکار یــان فیقهناسـێکەوە، کەچـی تێبینـی دەکـرێ کـە لێکدانـەوە مرۆییـەکان و ئیجتیهـادی خەڵکی لە قورئان و سوننەتدا زۆرجار وا پیشاندەدرێن کە ئەوە (فەرمان و حـوکمی

---

[١]- کتب ورسائل وفتاوى، إبن تيمية، ب١٣، ل/١١٣.

[٢]- الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب١، ل/٣٩.

[٣]- التقرير، الحج، ب١، ل/٢٦.

خوای گەورەن)، ئەمەش ستەمێکی مەبەستدارەو مەرامی جێبەجێکردنی حەزی ژمارەیەکی کەمە لە کەسەکان بەڵام لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە جێبەجێ دەکرێت[1].

جگە لەمەش زۆرجار دەرئەنجامە ئیجتیهادییەکان دادەنرێن بە بەشێك لە (وەحی)، ئەمە لە کاتێکدا کە خودی پێناسەی ئیجتیهاد و شەرعیبوونی شێوازەکانی دەکەونە بەر فرەجۆری ڕاکان و جیاوازییە مرۆییەکان، پێشتریش قسەمان لەم لایەنە کردووە. ڕوونترین نمونە لەسەر ئەم بابەتە مەسەلەی کۆدەنگییە: جا هەرچەندە دەربارەی خودی پێناسەی کۆدەنگیی جیاوازییەکی گەورە لە ڕاکاندا هەیە، هەروەك پێشتر ڕوونمانکردووە، ئەوا هەر زۆرێك لە فیقهناسان لە پێشینان و فەرموودەناسان چوونیەك، هەر مەسەلەی کۆدەنگیی دادەنێن بە (بەڵگەیەکی گومانبڕ هەروەك دەق)، وە بریتییە لە (بەڵگەیەك خوای گەورە دایناوە)، تەنانەت ڕەتکردنەوەی کۆدەنگیی بە بێباوەڕی دادەنێن، وتوویانە: (هەرکەس نکوڵی لە کۆدەنگیی بکات بێباوەڕە)[2]. بەڵام مەعلومە هەر خوێنەرێك کە شارەزاییەکی لە کتێبە فیقهییە باوەکاندا هەبێت دەزانێ کە فیقهناسان زۆرجار باس لە بوونی کۆدەنگیی لە کۆمەڵە حوکمێکدا دەکەن کە جێگای ناکۆکی و مشتومڕێکی ڕوون و زانراون، ئەمەش هەر بە مەبەستی سەرخستنی ڕایەك لە ڕایەکان.

بۆ نمونە، ئیبن تەیمییە لە کتێبێکیدا بە ناوی **نقد مراتب الإجماع** پێداچوونەوەی بە کتێبێکی ئیبن حەزمدا لەبارەی کۆدەنگییەوە کردووە. ئیبن تەیمییە دەڵێ ئیبن حەزم ژمارەیەك نمونەی گواستووەتەوە کە فیقهناسان لە سەروبەندی باسکردنیان لەسەر کۆمەڵە مەسەلەیەکی ئیجتیهادی، ورد نەبوون لەو داوایەیاندا کە وتوویانە کۆدەنگیی هەیە لەسەریان، لایان نەکردووەتەوە بەلای فرە جۆری ڕاکان دەربارەی ئەو بابەتە کە قسەیان لەسەر کردووە، لێرەوە ئیدیعای کۆدەنگییەکە

---

[1]- بۆ نمونە بڕوانە: El-Fadl, Speaking in GodNama .

[2]- التقرير، الحاج، ب٣، ل/١٥٨. الدرّ المنثور، جلال الدين السيوطي، ب٣، ل/٨٦.

پوچەڵبووەتەوە. ئیبن تەیمییە نمونەیەکی هێناوە: گوایا کۆدەنگیی لەسەر کەسێ هەیە نکوڵی لە کۆدەنگیی بکات کە بە کەسێکی پاشگەزبوو ناوزەد دەکرێ، هەروەها کۆدەنگیی هەیە لەسەر ڕێگانەدان بە ئافرەتان لە هیچ بارودۆخێکدا پێشنوێژی بۆ پیاوان بکەن ، هەروەها بوونی کۆدەنگیی لەسەر بڕی سەرانە (جزیە) گوایا دیاریکراوە بە چوار دیناری ئاڵتونی![1]

منیش وادەبینم کۆدەنگیی سەرچاوەیەك نیە لە سەرچاوەکانی تەشریع وەها کە دەوترێ، بەڵکو تەنها میکانیزمێکە بۆ کۆکردنەوەو یەکخستنی ڕاکان، یان با بڵێین کە بە زمانی زاراوەی هاوچەرخ میکانیزمێکە بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی کۆمەڵیانە. بەڵام کۆدەنگیی لە لایەن هەندێ لە فیقهناسە دواییەکانەوە بەکارهێنراوە (یان خراپ بەکارهێنراوە) تا فەتوا قۆرخ بکەن و تەرخان بێت تەنها لەسەر دەستەیەکی بژاردە کە دەیانەوێت-بەپێی زاراوەی پۆست مۆدێرنە-فەتوا سەنتەریی بێت و ئەوانیتر فەرامۆش بکەن، من هاوڕام لەگەڵ مۆدێرنگەراکان کە وتوویانە دەتوانرێ پرەنسیپی کۆدەنگیی لە ئەمڕۆدا (وەك میکانیزمێك بۆ گەیشتن بە فەتوایەکی کۆمەڵیانە) بەکاربهێنرێ[2] بە تایبەتی بەهۆی هەبوونی (تەکنیکی نوێ و بەیەکگەیشتن لە ئان و ساتێکدا لە نێوان سەرتاسەری جیهاندا[3]. لە لایەکی تریشەوە ڕەزامەندم لەسەر ئەو پێشنیارانەی تر کە هەوڵدەدەن پەرەبدەن بە کۆدەنگیی تا ببێتە شێوەیەك لە شێوەکانی ڕای گشتی ئەوەش بە مەبەستی (بەشداریکردنی کۆمەڵیانە لە کاروبارەکانی دەوڵەتدا)[4].

---

[1]- نقد مراتب الإجماع، أحمد إبن تيمية، ط١، ١٩٩٨.

[2]- الحجية، سلطان، ل/١٠٠.

[3] -Mawil Izzi Dien, Islamic Law;…………….2004. p. 47.

[4]- نحو أصول جديدة، شحرور، ل/٢٠٧.

لە لایەکی ترەوە هەندێ لە فیقهناسان شێوازی هەڵێنجانی ئیجتیهادیی کە پێی دەوترێ پێوانەگیریی بەوە دادەنێن بریتییە لە شێوازێك کە حوجییەتی خۆی لە وەحییەوە وەردەگرێ. بەڵگەشیان بەوە هێناوەتەوە کە: وێکچواندنی لق بە ئەسڵ وێکچواندنی خوای گەورەیە) واتە وێکچواندنی خوای گەورەیە نەك پێوانەگیریی مرۆڤ بێت[1]. لەبەرئەوە، ئەوا تەنانەت لە حاڵەتە ڕوونەکانی ئیجتیهادیشدا لە ڕێگای پێوانەگیرییەوە، فیقهناسان هەر خۆیان بەوە دادەنێن کە (قسەکەرن بە ناوی خوای گەورەوە)[2]. ئەمجۆرە بیرکردنەویە کارەساتە هەروەك غارودی دەڵێت، کە وتوویەتی: (حوکمەکان لە نێوان گفتاری خوای گەورەو گفتاری مرۆڤەکاندا وندەبێت)[3].

## جیاوازی لە نێوان وەحی و نێوان (پەیپێبردن):

کۆمەڵی لە فیقهناسان، کە لە کتێبە ئوسوڵییەکاندا ناسراون بە: (مصوّبة)، پەیڕەوی ئەو ڕایەیان کردووە کە دەڵێ حوکمە شەرعییەکان بریتین لەوانە کە ڕاست و دروستی تیایاندا زاڵە بەسەر گومانی موجتەهیدەکان کاتێ کە بەڵگە بە دەقەکان دەهێننەوە. ئەمجۆرە دیاریکردنەش جیاوازییەکی ڕوون و زەروری دەخاتە نێوان ڕای مرۆڤ و دەقی وەحییەوە[4]. هەر ئەم تاقمە گەیشتوونەتە ئەوەی تایبەتە بە ڕا فیقهییەکانەوە کە وێڕای دژ بەیەکی و بەریەککەوتنیان هەر هەموویان گوزارشت لە ڕاستی دەکەن، هەمووشیان ڕاست و دروستن[5]. ئەم تاقمە دوورتر لەمەش ڕۆیشتوون

---

[1]- التقرير، الحاج، ب٣، ل/١٥٨.

[2]- Wl-Fadl. Speaking in God,s Name, p. 275.

[3]- الإسلام، جارودي، ل/١٠٣.

[4]- التقرير، الحاج، ب٣، ل/٤١٢، إرشاد الفحول، الشوكاني، ب١، ل/١٤٠.

[5]- فتح الباري شرح صحيح البخاري، أحمد إبن حجر، ب١٣، ل/٣٢٠. التقرير، الحاج، ب١، ل/٢٨. الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب٣، ل/٢٥٩. البرهان في علوم القرآن، عبد الملك الجويني، ط٤، ب٢، ل/٨٦٨.

کاتێ کە وتوویانە (حەق و ڕاستی فرەجۆرە)[1] ئەمەش بیرۆکەیەکە دواتر کاریگـەری کردووەتە سەر فەلسەفەی خۆرئاوایی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئـەویش لـە ڕێگـای ئـیبن ڕوشـدەوە[2]. لەڕاسـتیدا زۆربـەی ئـەو فیقهناسـانە کـە پـەیڕەوی ئـەم ڕایـەیان کردووە لە تیمی فیقهناسـە فەیلەسـوفەکان بـوون، وەك ئەبولحەسـەنی ئەشـعەری، ئەبوبـەکر ئـیبن عـەرەیی، ئـەبو حامیـدی غـەزالی و ئـیبن ڕوشـد، ژمارەیـەکیش لـە موعتەزیلەکان، وەك ئەبو هوزەیل، ئەبو عەلی، ئەبو هاشم، غەزالیش گوزارشـی لـەو ڕایەیان کردووە و وتوویەتی: (حوکمی خوای گەورە ئەوەیە[3] کە بۆچـوونی ڕاسـت و دروستی زاڵە بەسەر فیقهناسدا). بەڵام غەزالی ئەو حوکمـە شـەرعییانەی هـەوڵاوێرد کـردووە کـە (بـە دەق سـەلمێنراون)[4]. پێشـتریش ڕوونمـان کـردەوە کـە (دەق) لـە توانایدایە چەند لێکدانەوەو واتایەك هەڵبگرێ، ئەمەش وا لـە هـەموو حوکمـەکان – وەها من بەدی دەکەم– دەکات بگەڕێنەوە بۆ (ڕاست و دروستی ئـەو ڕایـە کـە زاڵـە بەسەر گومانی فیقهناسدا).

بەڵام تێڕوانینی فیقه لە دیدی ڕشتەبەندییەوە بریتییە لە سـەیرکردنی فیقـه کـە ڕشتەبەندییەکە بـە واتـای ئـەنتۆلۆجی پێناسـەکە، واتـە ئـەوەی کـە پەیوەنـدە بـە تیـۆری بوونـەوە (وجـود). ئـا لێـرەوە، ئـەوا پراکتیزەکردنـی سیفەتی (سروشـتی پـەیپێبردنی سیسـتمەکان) دەمانبـات بـۆ دەرئـەنجامێکی هاوشـێوە لـەوەی کـە (مصوبة)کان پێیگەیشتوون، واتە حوکمی شەرعی بریتییە لەو حوکمە کە فیقهناس بە پەیپێبردنی مرۆیی خۆی وەهـا حـوکمی بەسـەردا دەدات کـە نـزیکترین شـتە لـە ڕاسـت و دروسـتییەوە، ئەمـەش ئـەوە دەسـەپێنێ کـە هـەموو ڕا فیقهییـە جـۆراو

---

[1]– كشف الأسرار، البخاري، ب٤، ل/٢٧.

[2]– فصل المقال في تقرير ما بين الشريعة والحكمة من أتصال، الوليد إبن رشد،

[3]– المستصفى، الغزالي، ب١، ل/٢٥٢..

[4]– سەرچاوەی پێشوو

جۆرەكان  دەربڕینی  ڕاست و دروستن بۆ حەق و ڕاستی (یـان ڕووی جـۆراو جـۆری خودی ڕاستیین)، كە هەموویان ڕاست و دروستن.

جا بۆئەوەی بەشـێوەیەكی سـاغ و سـەلیم ئـەوەی كـە وەحییـە جیایبكەینـەوە لەوەی كە فیقهە یان پەیپێبردنـە، ئـەوا شـێوەی ١-٦ سـەرلەنوێ پەیوەندییـەكانی نێوان فیقهـ و شەریعەت و عورف و یاسا دەخاتەڕوو، ئـەوانیش ئـەو پەیوەندییانـەن كە پێشتر لە شـێوەی ١-٣ دا خسـتنمانەڕوو، بـەڵام ئـەم شـێوە نوێیـە (سروشـتی پەیپێبردن) دادەنێت بە ڕشتەبەندییە مرۆییەكان، كە فیقهیشی لەناودایە، لەبەرئەوە فیقهـ لێرەدا لە بواری (مەعریفەی وەحییەوە) دەگوێزێتەوە بۆ بـواری (پـەیپێبردنی مرۆیی بۆ مەعریفەی وەحی). مەبەستیش لەمە دانانی جیاكارییەكی ڕوونە لە نێوان شــەریعەت و فیقهــدا، واتــە ڕایــەكی فیقهــی نیــە كــە پەیوەنــدی بــە مەســەلە پراكتیكییەكانەوە هەبێت و شایستەی ئەوە بێت پێی بـوترێ (مەسـەلەی بـاوەڕ)، ئەمە بە چاوپۆشین لە ئاستی سەلمێنراوی بەڵگەكان و ئـەو كۆدەنگییـەی لەسـەری بونیاتنراوە، یان ئەو پێوانەگیرییە كە بەكارهێنراوە بۆ گەیشتن پێی.

دەبێ بوترێ، بەپێی ئەو جیاكارییـەی كـە لـە نێـوان هەڵسـوكەوتەكانی پێغەمبـەردا (درودی خـوای لەسـەر) لـە ڕووی مەبەسـتەكانیانەوە هەیـە، ئـەوا بەشـێك لـە سـوننەتی پێغەمبەرایـەتی گوێزراوەتـەوە بـۆ دەرەوەی بازنـەی (وەحـی) و بەشـێكی تـری هەیـە پێویسـتە بكەوێتـە (بەشـی سـنوری) لەسـەر چێوەی بازنەكـە، ئەمـەش دەسـتەواژەی زاراوەی تیۆری ڕشتەبەندییەكانە[1]. ئـەم بەشـە سـنورییە بریتییـە لـەو هەڵسـوكەوتانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) كـە چارەسـەری چـەند حاڵـەتێكی تایبـەتی پێكـردووە وەك دادوەری و پێشەوایەتی، كە قەرافی و ئیبن عاشـور ڕوونیـان كردووەتـەوەو پێشـتر باسـكراوە، بـەم پێیـە ئـەوا دەكەوێتـە سـەر سـنوری نێـوان وەحـی و حوكمـە مرۆییـە ڕووتەكان.

---

1- Ohilosophy of Islamic Law; A نامەی دكتۆرا لە زانكۆی ویلز، جاسر عودە، ٢٠٠٨.




**هێڵکاری ٦–١: فیقه و بەشێك لە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە لێرەدا لە پۆلێنکردنی (وەحی)یەوە گوازراونەتەوە چونکە گوزارشت لە (پەیپێبردنی مرۆیی بۆ وەحی) دەکەن.**

لەبەرئەوە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەروەك لە شێوەی ١–٦ دا دەردەکەوێ پۆلێن دەکرێن لە ژێر یەکێك لە سێ جۆرەکە، واتە (أ) و (ب) و (ج) بەشێوەیەك کە جۆری (ج) پەیوەندی بە تایبەتمەندی مرۆیی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) هەیە کە هەر لە بنەڕەتەوە ناچێتە ناو شەریعەتەوە.

(أ) فەرموودەکانی ئەم دەستەیە بریتییە لە گواستنەوەی ڕاستەوخۆی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ پەیامی ئاسمانی، کە قەرافی ناویناوە بە (هەڵسوکەوتی گەیاندن).

(ب) فەرموودەکانی ئەم دەستەیە بریتییە لە کۆمەڵە ئیجتیهادێکی ڕاست و دروست بەلاّم بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراون کە پەیوەستبوون بە حاڵەتە هەنووکەییەکانەوە، بەلاّم گواستنەوەیەکی ڕاستەوخۆی پەیامی ئاسمانی نەبوون، کەواتە دەبێ تێگەیشتن بۆ ئەم فەرموودانەو پراکتیزەکردنیان لە میانەیەکی هاوشێوەی میانە ئەسڵییەکەدا بکرێ.

(ج) فەرموودەکانی ئەم دەستەیە دەچنە ناو بـواری ژیـانی عـادەتی مرۆییـەوەو ناو ئەو شتانەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بڕیاری لەسەریان وەرگرتووە، یان هەڵسوکەوتی لەبارەیانەوە کردووە، ئیبن عاشور وەسفی ئەم حاڵەتە دەکات بە حاڵەتی (دابڕاو لە ڕێنماییکردن)، بەپێی دەستەواژەی ئەو.

لە لایەکی ترەوە، شێوەی (١–٦) ئاماژە دەدات بۆ یەکتربڕین لە نێوان عورف و فیقهدا کە پێویستە لە ئاستێکی قوڵتردا تێگەیشتنی لێبکرێ، ئەویش بە هەندگرتنی عورفە لە هەندێ شـتی ڕواڵـەتی و شـێوەزاریەوە لـە کـاتی جێبـەجێکردنی حوکمـە شەرعییەکاندا. لەمەوپاش باسێك دێت کە بە تێروتەسەلی پەیوەندی لە نێوان فیقه و عورفدا ڕووندەکاتەوە، ئـەویش لەبـەر ڕۆشـنایی مەبەسـتی جیهـانگیریی لـە فیقهـی ئیسلامیدا، کە ئـیبن عاشـور لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی **مقاصـد الشـريعة الإسـلامية** خستوویەتەڕوو. کەوابوو دەبێت فیقه لە لایەنی پراکتیکییەوە ئەو عورفە لەخۆبگرێ کە مەبەستەکانی شەریعەت جێبەجێ دەکات، تەنانەت با ئەو عورفەش جیاواز بێـت لە واتای ڕواڵەتی دەق. ئەم بەشـە پاشـتر بـە فـراوانتر لەبـەر ڕۆشـنایی (تێڕوانینـی جیهان)وە قسە لەسەر واتای عورف دەکات. دواجار دەڵێین دەبێت هەریەك لە فیقه و عورف پشکیان هەبێت لە دروستکردنی ماددەکانی یاسادا، بەشێوەیەك کە دەبێت لە پرۆسەی گواستنەوەی عورف یان حوکمە فیقهییەکان بۆ ئەو یاسا تێروتەسەل و وردانە کە دادەنرێن بوار لەبەردەم یاساداڕێژەراندا کراوە بێت، بەجۆرێك ئەو ماددانە گونجـاوتر بـن بـۆ کۆمـەڵگاو بـۆ پێداویسـتییەکانی، دەبێـت بـە باشـی تێـڕوانین و وردەکاریان تێدا بکرێ ئینجا ببنە یاسا، نـەك بـە گواسـتنەوەی حـوکمی فیقهـی لـە مەزهەبێك لە مەزهەبەکانەوە، یان لە داخوازییە عورفییەکانەوە چوون خۆی.

## ٦-٢ بەرەو جێبەجێکردنی سیفەتی هەمووەکی تەشریع:

**(گوماناویی) بەڵگە تاکەکان:**

هەندێ لە فیقهناسان کەموکورتی تێڕوانینی کورتکردنەوەی بەش بەشکەریان تێبینی کردووە کە هەندێ لە ڕێبازە ئوسوڵییەکان پەیڕەویان کردووە. بەڵام ڕەخنەگرتنیان لە بەڵگە بەش بەشییەکان لەسەر بنەمای (گومانـاویی) ڕەسەن بووە، بە پێچەوانەی (یەقین) یان (گومانبڕیی) کە لایەنی بەرانبەرە لەو ئاوێتەیەدا دەکەوێتە نێوان بەڵگە بەش بەشیی و هەمووەکییەکان. پێشەوا فەخرەدینی ڕازی لەو کتێبەیدا کە لەبارەی ئوسوڵی فیقهەوە نوسیویەتی ئەو هۆ جۆراو جۆرانە کە زانایان باسیان کردوون کورتکردووەتەوە کە (بەڵگەی ئاخاوتن) لە دەقدا–هەر دەقێك–وا لێدەکات (گومانـاوی) بێت[١].

با لێرەدا پوختەیەکی ئەو هۆکارانە بێنین کە ڕازی تۆماری کردوون بۆ گومانـاویی بەڵگەهێنانەوە بە یەك دەق کە دووەمێکی نیە لەسەر هەر مەسەلەیەك لە مەسەلەکان:

١–ئەگەری هەیە ئەو حوکمە کە لە یەك دەقەوە وەردەگیرێ سنوردار بێت بە بارودۆخێکی دیاریکراوەوە، لەوانەیە شاراوە بێت لە ئێمە.

٢– ئەگەری هەیە ئەو داڕشتن و دەربڕینە کە لە یەك دەقدا بوونی هەیە خوازراو بێت و مانای ڕاستەقینەی مەبەست نەبێت.

٣– گومانی تێدا نیە سەرچاوەی ئێمە بۆ تێگەیشتن لە دەق زماناسانن، ئەوانیش لە هەندێ وشەو دەستەواژەدا دەکەونە بەر هەڵەکردن.

٤– لەڕاستیدا ڕێزمانی عەرەبی لە ڕێگای شیعری عەرەبی دێرینەوە گواستراوەتەوە بۆمان، ئەم دواییەش لە ڕێگای گێڕدراوە تاکەکانەوە گوازراوەتەوە

---

[١]– المحصول، محمد بن عمر الرازي، ١٤٠٠ه، ب١، ل/٥٤٧–٥٧٣.

بۆمان، ئەو ڕیوایەتانەش ڕاستی دڵنیاکەر نین، چونکە شاعیرە عەرەبەکان خۆشیان کەوتوونەتە بەر هەڵەی ڕێزمانییەوە.

٥- ئەگەری هەیە یەك دانە یان زیاتر لە وشەکانی ناو ئەو دەقە زیاتر لە مانایەك هەڵبگرن.

٦- ئەگەری هەیە یەك دانە یان زیاتر لە وشەکانی دەقەکە بە تێپەڕبوونی کات و بە گواستنەوە کەوتبنە بەر گۆڕان، بەشێوەیەك کە مانا ئەسڵییەکەیی گۆڕی بێت.

٧- ئەگـەری هەیـە داڕشـتن و گوزارشـت لێکردنـی ئـەو تاکـە دەقـە مانایـەکی شاراوەی مەبەست بێت، بەڵام ئێمە لێی تێنەگەیشتبین.

٨- ئەگەری هەیە ئەو حوکمە شەرعییە کە لە دەقە ئاحادەکەوە هەڵێنجانی بۆ دەکەین هەڵوەشێنرابێتەوە بێئەوەی ئەوە گەیشتبێتە زانستی ئێمە.

٩-ئەگەری هەیە ئەو حوکمە شەرعییە کە لە دەقە ئاحادەکـەوە هـەڵێنجانی بـۆ دەکەین دژ بێت بە حوکمی (ئەقڵ).

پێشەوا ڕازی لەم حاڵەتەدا دەڵێت یان ڕیوایەتەکە یان حـوکمی ئـەقڵ یـەکێکیان کەوتووەتە بەر هەڵەیەك، پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێ ئەقڵ ئـەو ئامڕازەیـە کـە دەگەڕێینەوە بۆ لای تا دڵنیابین لە ڕاست و دروستی خـودی فـەرموودە پیرۆزەکـە، ئەمــەش مانــای ئەوەیــە کــە ئــەقڵ لەپێشــترەو پێشــدەخرێ. لەبەرئــەوە ئــەرکی سەرشانمانە لەمجۆرە حاڵەتانەدا پشت بە ئەقڵی دڵنیاکەرو یەقینی ببەسـتین، نـەك لەسەر ئەو بەڵگە زمانییە گوماناوییە کە لە تاکە فەرموودەیەکی پیرۆزەدا دەیبینین و لەسەر مەسەلەیەك ڕیوایەت کراوە.

دەکرێ منیش ئەم چەند ئەگەرەی تر بخەمە سەر نۆ ئەگەرەکەی پێشوو:

١-ئەگەری هەیە دەقە ئاحادەکـە هـەڵگری واتایـەکی (دژ) بێـت بـەو مانایـە کـە دەقـە ئاحادەکـانی تـر هـەڵیانگرتووە، ئەمـەش لـە ڕێژەیـەك دەقـدا کـە کـەم نـین

ڕوویداوە، لەم ڕاستییەوە هەنگاو هەڵدەگرین بۆ بابەتێکی دەوڵەمەند ئەویش بابەتی (دژ بەیەکی) یان (ڕا جیاوازی)یە.

٢- چەند تارماییەك لە ئەگەرەکانی هەڵەکردن لـە مەسـەلەی ورد گواسـتنەوەی فەرموودە ئاحادەکاندا بوونیان هەیە، ئەوانیش ئەو فەرموودانەن کە زۆرینەی هەرە زۆری فەرموودە پیرۆزەکان پێکدەهێنن.

٣- چەند تارماییەك لە ئەگەرەکانی پرۆسەی (لێکدانەوە)ی هەر تاکە دەقێکدا بوونیان هەیە، ئەمەش کاردەکاتە سەر شێوازی بۆچوونمان بۆ ماناو بۆ بەڵگەکانی.

لەڕاستیدا پێشینەی فەلسەفی ڕازی پشکی هەبووە لەو بڕیارەیدا کـە دەڵـێ ئـەو گوتەیەی دەڵێ دەتـوانرێ (ڕاسـتی دڵنیاکـەر) لـە ڕێگـای یـەك بەڵگـەی لەفزییـەوە بەدەسـتبهێنرێ ئـەوە گوتەیـەکی واقیعـی نیـە. بـەڵام گرنگـی پێـدانی ڕازی بـە (گومانـاویی) بەڵگـەی ئاحـاد ڕێگـیری کـردووە لـەوەی ئاوڕبداتـەوە بـەلای گرفتـە گەورەکـەدا کـە بەڵگەهێنانـەوە بـەپێی یـەك بەڵگـە لەخۆیـدا هـەڵیگرتووە، ئـەویش گرفتی لۆژیکی هۆکارییە کە بەڵگەهێنانەوەکە لەسەری بونیاتنراوە.

### سنورداریی (هۆکارگەریی) لە تیۆرە کلاسیکی و مۆدێرنەکاندا:

پێشتر ڕوونمان کردەووە کە عقیدەناسان (کەلامییەکان) دەرهەق بەکردارەکانی خـوا گـەورە چـۆن باسـیان لـە هۆکارگـەریی کـردووە، هـاتوون کردارەکـانی خـوای گەورەیان دابەشکردووە بۆ (کرداری بەدیهێنراو) و (کرداری تەشریعی)[1]. هەڵوێستی زۆربـەی فیقهناسـان، لـە ئەشـعەری و سـەلەفی و زاهیرییـەکان، لەسـەر کـردارە بـەدیهێنراوەکان ئەوەیـە کـە ئـەو کردارانـە (لەسـەرووی هۆکارەکـان)ەوەن، بـەڵام جەختیان لەوە کردووە کە کردارە تەشـریعییەکانی خـوای گـەورە هۆکـار بـەخۆیان

[1]- الآمدي، حسن الشافعي، ل/١٥٠.

هەیــە، بــەجۆرێ کــە حوکمــەکان لەگــەڵ هۆکارەکانــدا دەســوڕێنەوە، لەلایــەکی تریشەوە، موعتەزیلەو شیعەو ماتوریدییــەکان باوەڕیــان بــە هۆکارگــەریی هەیــە لــە هەموو کردارەکــانی خــوای گــەورەدا. ئــەم ڕا جیاوازییــە کاریگــەری نــەبووە لەســەر هــەژموونی بیرکردنــەوەی (هۆکارگــەریی) لەســـەر هــەموو مەزهەبــە باوەکــان و تــا ئەمڕۆش بە هەموو ڕەوتەکانیەوە.

هەندێ لە ئوسوڵییەکان جەختیان کردووە لەسەر گرنگێتی ئەو بابەتە ناویاننناوە (بەڵگەی هەمووەکی)، بەڵام ئەم بەڵگە هەمووەکییە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نــەبووە لەسەر خودی میتۆدی ئوسوڵی، چونکە ئەو میتۆدە تا ئاستێکی دوور بونیــاتنراوە لەسەر هۆکارگەریی ئیتر لە بواری باوەڕدا بووبێت یان لە بــواری فیقهــدا. بــۆ نمونــە جوەینی گەڕانەوەی بۆ هەمووەکییەکان لە فیقهی ئیسلامیدا وەك بەڵگەیەك لەســەر حوکمەکان بە شێوازێکی پەسەند داناوە، ناوی ناوە بە (پێوانەگیریی هەمووەکی)[1]. بەڵام شاتیبی وا دادەنێ کــە ئوســوڵی فیقــە بونیــاتنراوە لەســەر (هەمووەکییــەکانی شــەریعەت)[2]. شــاتیبی هــەروەها ڕێســا گشــتییەکانی پێشخســتووە بەســەر ئاحــادە بەشییەکاندا. پاساویشی ئەوە بووە کە (مەبەست بە حوکمە بەشییەکان پشــتگیری کردنــە لــە ڕێســا هەمووەکییــەکان، کــە ئــەوانیش مەبەســتەکانی فــیقهن و دەبێــت پاێزگاریان لێبکرێ[3]. جارێکی تر دەڵێین گومانی تێدا نیــە ئــەم هزرانــە لــە میتــۆدی فیقهناس و کەلامییەکاندا بەرهەمیان نەداوە چــونکە هــەر لــە بناغــەوە بونیــاتنراون لەسەر لۆژیکی هۆکارگەریی.

---

[1]- البرهان، الجويني، ب٢، ل/٥٩٠.

[2]- الموافقات، الشاطبي، ب١، ٢٩.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل/٦١.

له لایەکی ترەوە مۆدێرنگەرا ئیسلامییەکان ئەو تەومژە گشتییەی کە خۆی لە تێڕوانینە بەشیی و تاکەکانی فیقهی ئیسلامیدا وێنا دەکات ڕوونکردووەتەوە [1]. بۆ نمونە زانا هاوچەرخەکان هەوڵیانداوە، هەروەك پێشتر وتوومانە، چارەسەری (گرفتی تاککەسی) لە تێگەیشتن لە مەبەستەکانی شەریعەت بکەن. مامۆستا تاهیر ئیبن عاشور بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پێشخستووە بەسەر مەبەستە تاککەسییەکاندا، مامۆستا ڕەشید ڕەزا چاککردنی کۆمەڵگاو مافەکانی خستووەتە ناو تیۆری مەبەستەکانەوە، مامۆستا تەها عەلوانی مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی خستووەتە سەر تیۆری مەبەستەکان، ئەو مەبەستانەش کە لای مامۆستا یوسف قەرەزاوی لەسەر قورئان بونیاتنراون بریتین لە مەبەستە گشتییەکان کە ئامانجیان بەرپاکردنی خێزان و ئوممەتێکی چاکەخوازە [2].

بەڵام وێڕای ئەوەی کە وتوومانە، هەر بە سەیرکردنی ئەو ئاستە کە فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەم سەپاندوویەتی بەسەر مۆدێرنەی خۆرئاواییدا، ئەوا مۆدێرنەی ئیسلامیش لە سەدەی بیستەمدا نەیتوانیوە رزگاری ببێت لەو چوارچێوە کلاسیکییە کەلامییە کە لەسەر هۆکارگەریی بونیاتنراوە.

بەڵام لەم دواییانەدا مۆدێرنەی ئیسلامی پراکتیزەکردنی پرەنسیپی هەمووەکی لە بیرکردنەوەدا بە هەند گرتووە، ئەویش بریتییە لە تەفسیری بابەتیی، دیارترین نمونەش کتێبەکەی مامۆستا حەسەن تورابییە بە ناوی **التفسير التوحيدي** [3]. مامۆستا تیایدا ڕوونیکردووەتەوە کە شێوازی یەکگرتن یان هەمووەکی پەیڕەوی ژمارەیەك شێواز دەکات لەسەر ئاستە جۆراو جۆرەکان، لەوانە: لەسەر ئاستی زمان

---

[1]- التفسير التوحيدي، حسن الترابي، ط١، ٢٠٠٤، ب١، ل/٢٥.

[2]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/٥٠، مقاصد الشريعة، العلواني، كيف نتعامل مع القرآن العظيم؟ القرضاوي.

[3]- التفسير التوحيدي، المقدمة، الترابي،

بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ زمانی قورئانیدا شوێن زمانی ئەوانە دەکەوێت کە لە کاتی هاتنەخوارەوەی وەحی دا وەریانگرتووە، لەسەر ئاستی مەعریفەی مرۆییش شوێن تێڕوانینی گشتگیر بۆ هەردوو جیهانی غەیب و بینراو دەکەوێ، بە هەموو ئەو پێکهاتەو ڕێسایانە کە حوکم دەدەن بەسەریاندا. لەسەر ئاستی بابەتەکانیش، شوێن میتۆدی مامەڵەکردنی هەمووەکی لەگەڵ بابەتە قورئانییەکان دەکەوێت بە چاوپۆشین لە ڕیزبەندی ئایەتەکان، لەگەڵ بەستنەوەی ئەو بابەتانە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە، وە لەسەر ئاستی مەودا ئەوا هەمووی مرۆڤەکان دەگرێتەوە بە چاوپۆشین لە شوێن و سەردەمیان، بەهەمانشێوە شوێن یاسایەکی هەمووەکی دەکەوێت بۆ ڕەوشت و مەسەلە ڕۆحییەکان ئەویش لە تێڕوانینێکی هەمووەکی گشتگیردا[١].

بەڵام فەلسەفەی ڕشتەبەندییە هاوچەرخەکان، چەندین شێوازی بیرکردنەوەی ئاوێتەیی و تەواوکاری و گشتگیری کە لە بنەڕەتەوە جیاوازن خستووەتەڕوو[٢]. فەیلەسوفانی ڕشتەبەندیی جەخت دەکەن لەسەر ئەوە کە: (فراوانکردنمان بۆ پەیوەندی هۆکار و دەرئەنجام، کە پەیوەندییەکی سادەیەو لە دوو وشەدا کورتدەکرێنەوە، بریتییە لەوە هەوڵبدەین زنجیرەکی ئالۆز لە پەیوەندییەکانی هۆکار و دەرئەنجامەکان بخەینە ناو ئەو پێناسەیەوە کە نزیکتربن لە پێکهاتەی ئەم جیهانە، بە ئاستی زانیاریمان بەم جیهانە)[٣].

بەڵام ئێمە لە نوسینەکانی فەلسەفەی ڕشتەبەندیدا دەبینین کە هەروەك ڕەخنە لە لۆژیکی هۆکارگەریی دەگیرێ، ئەوا بەهەمانشێوە ڕەخنە لە هەر باوەڕێکی پاشکۆشی دەگیرێ کە لە فەلسەفەی ئاینەکاندا پەیوەستە پێیەوە، وەك

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٢٠.

[2] -Smuts Holism and Evolution p. v.

[3] -Korzybski, An Introduction......................p. 217.

ڕەخنەگرتن لە: (چەمکی بیرکلی لەسەر خوای گەورە) و (ماددەی خوایەتی لای سپینۆزا) و (پەنابردنی لیبنیز بۆ ڕێکوپێکی پێشتر دیزاینکراو)[1]. لێرەوە دەتوانرێ هەمان ئەو ڕەخنەیەش کە تیۆریزەکارانی ڕشتەبەندیی ئاراستەی دەکەن پراکتیزە بکرێ لەسەر لۆژیکی هۆکارگەریی لە زانستی کەلامی ئیسلامیدا، ئەو بەڵگانەش بگرێتەوە کە لەسەر هۆکارگەریی بونیاتنراون و کەلامییەکان پێشنیاریان کردووە[2]. ڕەخنەکان هەروەها ئەو پاساو بەڵگە ئیمانیانە دەگرێتەوە کە پێشەوایان خستوونیانەتەڕوو، وەك پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئیبن سینا، ڕازی، ئەشعەری، عەبدولجەببار، غەزالی، ماتوریدی، ئامەدی، شاتیبی، ئیبن تەیمییە، ئیبن ڕوشد[3] و پاشانیش موحەممەد عەبدە[4].

فەیلەسوفانی ڕشتەبەندیی باس لە ژمارەیەك هەڵە دەکەن کە دەتوانرێ بکرێنە پاساو و بیرکردنەوەی هۆکارگەریی هەڵبوەشێننەوە، ئەویش بەپێی بیرکردنەوەی هەمووەکی تەواوکاریی. بۆ نمونە کۆرزیسکی باس لە ژمارەیەك لەو هەڵانە دەکات، وەك: (هەڵەی دەرئەنجام دەدرێتە پاڵ یەك هۆکار لە کاتێکدا کە لە پشتەوەی چەندین هۆکاری تر بوونیان هەیە)، (ئەو هەڵەیە کە ئەگەر فاکتەرێك ڕۆڵی هەبوو، ئەوا فاکتەرەکەی تر ڕۆڵی نابێت)، (هەڵەی هەڵێنجانی دەرئەنجامی نەرێنی بەجۆرێ کە شتێك لەو تێبینییە ئەرێنیانە ڕەتبکاتەوە کە هەبوونی شتێکی تر دووپات دەکەنەوە)، هەروەها (ئەو هەڵەیە گوایا دەتوانرێ سەرچاوەی سیفەتەکانی

---

1 -Smuts, Holism and Evolution p. 270-72.

2 –Gerard Jahami, Mafhoom AL-Sababiyah.....................1992. p. 78-79.

٣– الإحكام، الآمدي، ب٣، ل/٢٤٩. تهافت التهافت، الوليد إبن رشد، ط١، ل/٧٨٥. إعلام الموقعين، إبن القيم، ب٣، ل/٣. نظرية المقاصد، الطيب. الموافقات، الشاطبي، ب٢، ل٦.

٤– رسالة التوحيد، ل/٢٦.

بونـەوەرە زینـدووەکان دابەشـبکریَ بـۆ دوو جـۆر، هەریەکـەیان سـەربەخۆ بێـت لەویتریان، کە ئەوانیش فاکتەری بۆماوە و فاکتەری ژینگەن)[1].

بـەڵام مـن وادەبیـنم شـتێك نیـە بـە نـاوی پێکەوەبەسـتنی حـەتمی لـە نێـوان چەمکەکانی باوەڕ و لۆژیکی هۆکارگەریی دا، مەگەر ئەوە تەنها لـە ئـەقڵی زانایـانی کەلامدا بـوونی هـەبێت، ئەوانـەی کـە (پرەنسـیپی هۆکارگـەری)یان بـۆ سـەلماندنی بوونی خوای گەورەو مەسەلەی تریش لە بواری بـاوەڕدا بـەکارهێناوە. واتـە ئەگـەر لۆژیکی هۆکارگەریی گەشە بکات تا لـە زانسـتی مرۆیـی و لـە فەلسـەفەی مرۆیـی دا ببێتە لۆژیکێکی تەواوکاریی هەمووەکی، ئەوا بەڵگەکانی بـاوەڕ لەگـەڵ لۆژیکـدا بـە سانایی گەشە دەکەن.

لەڕاسـتیدا ئـەوەی لێـرەدا دەیخەمـەڕوو ئەوەیـە کـە چـەمکی هـەمووەکی لـە فەلسەفەی ڕشتەبەندییەکاندا دەتوانیَ لە پرۆسـەی نوێکردنـەوەی ڕا پێشـنیارکراوە ئیسلامییە هاوچەرخەکاندا ڕۆڵی خۆی بگێڕیَ ، نەك بە تەنها لە فیقهـی ئیسـلامیدا، بەڵکو لە زانستی کەلامیشدا بەهەمانشێوە. لێـرەدا هـەر لـە سـەرەتاوە و تـەنها لـە چەند ناونیشانێکی پان و بەریندا دەڵێین، ئەوەی کەلامییەکان ناویاننـاوە (بەڵگـەی داهێنان) ئەوا لـە فەلسـەفەی ڕشـتەبەندیی ئیسـلامیدا پشـت بـەوە دەبەسـتێت کـە مەحاڵە کارێك بەبیَ مەبەست بوونی هەبێت، ئەمـەش بەڵگەیـەکی کلاسـیکیی بـاو و بـڵاوە. هـەروەها ئـەوەش کـە کەلامییـەکان ناویاننـاوە بـە (بەڵگـەی چـاودێری) پێویستە لە فەلسەفەی ڕشتەبەندیی ئیسلامییدا پشت ببەستیَ بـە هاوسـەنگیی ورد و مەبەسـت پێـی خزمـەتکردن و سـەلامەتی مـرۆڤ بێـت، ئـیتر لـە ڕشـتەبەندییە زیندووەکاندا بێت یان نا زیندووەکان کە بۆ خزمەتی مرۆڤ ڕامهێنراون، نەك وەها کە پشت ببەستیَ بە پشتگیریی بـیَ مـەرجی ڕاسـتەخۆی کلاسـیکی. هـەروەها ئـەوەی

[1]-5 . Korzybski, An Introduction…………………p.

کەلامییەکان ناویاننـاوە (بەڵگـەی بـوون)، پێویسـتە لـە فەلسـەفەی ڕشـتەبەندیی ئیسلامیدا دامەزرابێت لەسەر دیزاینێکی ڕشتەبەندیی تەواوکار لـە بونـەوەردا، وەهـا کە لە ئەمڕۆدا لامان زانـراوە، نـەك دامـەزرابێت لەسـەر بەڵگـەی (یەکـەم بزوێنـەر)، بەپێی گوزارشت لێکردنی کلاسیکی، کە مامۆستا موحەممەد عەبدە لـەم دواییانـەدا لە کۆتا هەوڵە نوێبوونەوەکانی لە زانستی کەلامدا بەکاریهێناوە.

## ٦-٣ بەرەو کرانەوەو نوێبوونەوەی خودیی:

پێشـتر لــە (بەشــی دووەم)دا باسمــانکردووە کــە لــەپێناو مانــەوەی هــەر ڕشتەبەندییەك بە زیندوویی، پێویستە لەسەری پارێزگاری بکات لەسەر ئاستێك لـە کرانــەوە و نوێبوونــەوەی خــود. جـا لــەپێناو دەســتەبەرکردنی ئــەو کرانــەوەو نوێبوونەوەیـە کـە لـە فیقهـی ئیسـلامیدا داواکـراون ئـەوا ئـەم باسـە دوو میکـانیزم دەخاتەڕوو. یەکێك لەو دوو میکانیزمە بریتییە لە گۆڕینی حوکمە فیقهییەکان بەپێی گۆڕانی تێڕوانین بۆ جیهان یان ئەوەی پێی دەوترێ کەلتوری پەیپێبراو، ئەمەش لـە ڕشـتەبەندی فیقهـی ئیسـلامیدا میکانیزمێکـە بـۆ کرانـەوە. میکانیزمەکـەی تـریش بریتییە لەوە کە (کرانەوەی فەلسەفی) لە ڕشتەبەندیی فیقهی ئیسلامیدا دابنێین بە میکانیزمێکی گرنگ بۆ نوێبوونەوەی خود.

### گۆڕینی حوکمەکان بەپێی گۆڕانی کەلتوری پەیپێبراو یان جیهانبینی:

زاراوەی جیهانبینی لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئەڵمانییـە (Weltanschauung) واتە تێڕوانین بۆ جیهان[1]. جیهانبینیش بریتییە لە (کۆمەڵە گریمانەیەك کـە پێشـتر لـە ئەقڵمانـدا لـەبارەی پێکهاتـەی سـەرەکی جیهانـەوە هەڵیانـدەگرین)[2] ئـەویش

---

[1] -David K.Naugle…………………………2002. p.2.

[2] -Sire, James W. naming the Elephant…………………2004. P. 19-20.

(چوارچێوەیەکی سەرچاوەییە کە لە شارەزایی مرۆییەوە وەرگیراوە)[١] هەروەها لە (ڕشتەبەندیی باوەڕەکانەوە)[٢]. بەمشێوەیە ئەوا تێگەیشتن لە جیهان بریتییە لە بەرهەمی چەند فاکتەرێك کە پەیپێبردنی مرۆیی بۆ جیهان دادەڕێژێ، لە خوارەوە چەند نمونەیەك بۆ تیۆرە جۆراو جۆرەکان دەخەینەڕوو کە پێکهاتەکانی بینینی جیهان لای مرۆڤ دەخەنەڕوو.

١– خوا، بونەوەر، مرۆڤ، ژیانی دواڕۆژ، مەعریفە، ڕەوشت و مێژوو[٣].

٢– ئەفسانە، باوەڕ، ڕەوشت، سروتەکان و کۆمەڵگا[٤].

٣– باوەڕ، چەمکەکان، هۆیەکانی هەستکردن بە ڕێکوپێکی، بەها کۆمەلایەتییەکان، نمونە پەیڕەوکراوەکان و فەرمانە ڕەوشتییەکان[٥].

٤ – جیهانی سروشتی، ڕەوشت، سیاسەت، بایۆلۆجیا، دەروونناسی، شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی و چەندین هۆکاری تریش[٦].

٥– خوا، خودی مرۆڤ، سروشت، گەردوون و کات و سەردەم[٧].

تیۆرە پێشووەکان وا پیشان دەدەن کە هەموو شتەکانی دەوروبەرمان تێگەیشتنمان بۆ جیهان دادەڕێژن، سەرەتا لە ئاینەوە و بە تێپەڕبوون بەسەر وێنەی خود و جوگرافیا و ژینگەو تا دەگاتە جیهانی سیاسەت و کۆمەڵگاو ئابووری و زمان. جا بە پشتبەستن بە چەمکی (کەلتور) بە واتا فراوانەکەی، ئەوا جیهانبینی

---

1 -O. B. Jekins, What Is Worldview?……………………..1999.
2 -Richard Dewitt, Worldviews,…………………2004. P. 3.
3 –Sire Naming,…………………. 1999. P. 19-20

٤– سەرچاوەی پێشوو، ل/٤ لە لاپەڕەکانی پێشەکی.

5 –Jenkins, What Is Worldview?
6 –Dewitt, Worldviews;……………………..p. 5.

٧– رؤية العالم عند محمد عبده، سيف عبدالفتاح، ك١، ٢٠٠٥، ل/٧

وێنـــای کـــەلتورێکی پـــەیپێبراو دەکـــات[1]. کـــەلتوری پـــەیپێبراویش بریتییـــە لـــە چوارچێوەیەکی ئەقڵی و هەستکردنە بە حەقیقەت کـە مرۆڤـەکان لێیـەوە دەڕواننـە جیهانی دەوروبەریان و ئاوێتە دەبن لەگەڵیدا.

عورفیش دادنرێ بە بنەمایەکی ڕەسەن لە ڕشتەبەندیی فیقهی ئیسلامیدا بـاودا، وێنای یەکێك لـە شـێوازەکانی ئاوێتـەبوونی ئـەو ڕشـتەبەندییە دەکات لەگـەڵ ئـەو جیهانەدا کە دەورەی مرۆڤی داوە. بنەمای عورف لای حەنەفییەکان وەك یەکێك لە بنەماکانی ئوسولّی فیقە بڕیاری لێدراوە چونکە دەڵێن: (ئەوەی بـە عـورف زانـراوە وەك ئەوە وایە کە بە دەق فەرزکراوە)[2]، لە نێوان هەموو مەزهەبەکاندا کۆدەنگییەك لەسـەر ئاسـتی جێبـەجێکردنی ئـەو پرەنسـیپە هەیـە، ئەمـەش لـە حاڵەتێکـدا کـە دەقێکی تایبەتی دیاریکراو نـەبێت بتـوانرێ بگەڕێنـەوە بـۆی[3]. مەبەسـتیش لـە بـە هەندگرتنی عورف واتە هەڵسـوکەوتکردن لەگـەڵ بـارودۆخ و داب و نـەریتی هەنـدێ خەڵکی کە دەکرێ داب و نەریتییان لە داب و نەریتی عەرەبی جیاواز بێت، ئەو داب و نەریتانە کە فیقهناسان بە هەندییان گرتوون و حوکمی شەرعی زۆریان لەسەریان بونیاتناوە[4]. بەڵام پراکتیزەکردنی کردارییـی بـۆ عـورف لـە بـواری فیقهـی بـاودا زۆر سنوردارە. چونکە ئەو نمونانە دەربارەی ئەو حوکمانە کـە دەچـنە ژێـر عورفـەوەو خەڵکی ڕاهاتووە لەسەریان و لە کتێبەکانی ئوسولّدا باسـکراون بـریتین لـە: بـەهای مارەیی، ئەو دراوە کە بەکاردەهێنرێ لە کڕین و فرشتندا، پیاو سەری دابپۆشێ یان داینەپۆشـێ، هـەروەها بـەکارهێنانی وشـەی عـەرەبی جـۆراو جـۆر لـە شـێوەزارە

---

[1] –Sire Naming,……………p. 28. 

[2]– مجلة الأحكام العدلية، المجلة، ذمارة، ٣٤، ٤٥. الحاشية، إبن عابدين، ب٤، ل/٥٥٦.

[3]– الحجية، سلطان، ل/٦٢٠.

[4]– مدرسة المتكلمين، مسعود بن موسى فلوسي، ٢٠٠٤، ل/٣٥٤.

جیاوازەکاندا[1]. ئەوا ئاشکراو ڕوونە کە ئەم نمونە باوانە لە بازنەیەکی سنورداردا نەبێت کە چەندین سەدە تێپەڕیوە بەسەریاندا دانانرێن بە عورف گۆڕین.

بەمشێوەیە زۆرێك لە حوکمە ئیسلامییەکان بۆ ماوەی دوو سەدە یان سێ سەدەی یەکەم لە مێژووی ئیسلام پەیوەست بوون بە داب و نەریتە عەرەبییەکانەوە، هەروەها هەموو ئەو وڵات و خواردن و سەرچاوە ئابووری و و سیستمە کۆمەڵایەتییانە کە تێیاندا بووە دەکەونە نێو سنوری سیاسی ئەو ماوەیە، یان بە دەستەواژەیەکی هاوچەرخ بڵێین: بریتی بووە لە بینینی جیهان لەو ماوەیەدا.

نمونە لەسەر ئەمە شێوەی سەرفیترە دانە کە فیقهی باو کاری پێدەکات و تا ئێستاش خۆی لەو خواردنە ناسراوە عەرەبییانەدا دەبینێتەوە کە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا کاری پێکراوە، هەروەك لە فەرمووە پیرۆزەکەدا هاتووە، واتە خورما، یان مێوژ، یان جۆ یان کەشك[2]. نمونەیەکی تر: تا ئێستاش زۆرێك لە حوکمە شەرعییەکان لای زۆرێك لە زانایانی ئەمڕۆ لەسەر بنەمای سنوری سیاسی مێژوویی نێوان سنوری وڵاتی ئیسلام و وڵاتی جەنگ بونیات دەنرێن[3]. نمونەیەکی تریش: لە هەموو یاساکانی خێزاندا کە لە کتێبەکانی فیقهەوە وەرگیراوە ئەوەیە کچی موسڵمان خۆی بە خۆی ناتوانێت گرێبەستی هاوسەرگیری ببەستێ هەتا باوکی یان یەکێك لە سەرپەرشتکارانی لە پیاوان نەکاتە بریکاری خۆی، ئەمەش داب و نەریتێکی عەرەبییە کە ئیسلام پشتگیری لێکردووە بەڵام نەیکردووەتە فەرز لە هەموو حاڵەتەکاندا–بەپێی هەندێ ڕای باوەڕپێکراو. نمونەیەکی تر: تا ئێستاش حوکمی خوێنبایی لە حاڵەتەکانی کوشتنی هەڵەدا لەسەر هۆزی ئەو کەسەیە کە

---

[1]– وەك وشەی (ولد) کە لەوانەیە بە مانای (أولاد)یش بێت، یان (لحم) کە بە واتای (لحم البقر) یان (لحم البقر والطیور) بێت، ئەمە بەپێی ئەو ناوچەیە کە قسەکەر سەربەو شوێنەیەو بەپێی شێوەزارەکەیەتی.

[2]–. تاج العروس في جواهر النفوس، محمد الزبیدي.

[3]– أحكام أهل الذمة، إبن القیم، ب٢، ل/٧٢٨

کوشتنە هەڵەکە لەسەر دەستی ئەو ڕوویداوە[١]. ئەم ڕایە تا ئێستاش کارپێکراوە تەنانەت لەو ژینگانەدا کە باریان گۆڕاوەو سیستمی هۆزگەرایی لەوەوە نزیکە کە نەمابێ تیایاندا. نمونەیەکی تر: تا ئێستاش ئەو حوکمانە کە پەیوەندییان بە سزای کوشتنەوە هەیە لە کاتێکدا کە بکوژ نەزانراو بێت سزاکە (بە ڕێگای بەرپرسێتی خستنە سەر ناوچەکە دیاری دەکرێ، هەروەك لای حەنەفی و زەیدییەکان کاری پێدەکرێ، بەرپرسێتیش بەپێی مەزهەبەکانی تر دەکەوێتە ئەستۆی نزیکترین کەس بە خوێن)[٢]. لەڕاستیدا دنیاو تێڕوانین بۆ جیهان لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە لە هەموو ئەم نمونانەی پێشەوەدا گۆڕدراوە.

ڕوونترین نمونە لەسەر کاریگەری جیهانبینی کە بەسەر فیقهی ئیسلامییەوە دەردەکەوێ ئەو تێڕوانینە عەرەبیە دێرینەیە کە لە کتێبەکەی ئیبن تەیمییەدا بە ناوی (أقتضاء الصراط المستقيم) دەیبینین، لە کتێبی ناوبراودا دەڵێت: ئەهلی سوننە باوەڕیان وایە کە ڕەگەزی عەرەب باشترن لە ڕەگەزی عەجەم) تەنانەت ئیبن تەیمییە وەسفی ئەوانە دەکات کە دژن لەگەڵ ئەم ڕایەداو پێیان دەڵێ (شعوبییەکان)، چونکە (فەزڵی گەلانی غەیرە عەرەب دەدەن بەسەر عەرەبدا).[٣] گومانی تێدا نیە کە هەر گەلێك لەم دنیایەدا و هەر کۆمەڵێکی نەژادی لایەنداری لەمجۆرەی بۆ ڕەگەزی خۆی هەیە، بەڵام ئەمجۆرە لایەندارییە ئیبن تەیمییەی بردووە بەرەو دەرکردنی حوکمی (شەرعی)، کە بەپێی تێڕوانینی هاوچەرخی ئێمە بۆ جیهان بە جیاکاری ڕەگەزی وەسف دەکرێ! ئەمە لە کاتێکدا ئەو بنەمایە کە لە ئیسلامدا ڕەسەنە بنەمای یەکسانبوونە لە نێوان ڕەگەزەکاندا، هەروەك چەندین دەق لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەڵگەن

---

[١]- فقه السنة، السيد سابق، ب٣، ل/٢٩.

[2] -Peters, Rudolph,………………………no. 2. 2002. P.133.

[٣]- أقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم، إبن تيمية، ط٢، ل/١٤٨-١٥٠.

لەسەر ئەو یەکسانییە. جگە لەوەش ئیبن تەیمییە لەو کتێبەیدا فەتوای داوە کە نابێت غەیرە عەرەب فەرمانڕوایی عەرەب بکەن، بەڵکو تەنانەت ڕەتیکردووەتەوە کە غەیرە عەرەب پێشنوێژی بۆ عەرب بکەن لە نوێژی کۆمەڵیانەدا. هەروەها ڕێنمایی داوە کە هەموو موسڵمانان پۆشاکی عەرەب بپۆشن، حوکمی بەسەر پۆشاکی غەیرە عەرەبیدا داوە کە شەرعەن خراپە، هەروەها دەبێت عەرەب لە بەیتولمال سامانی زیاتر لە غەیرە عەرەب ببەن[1]، بەڵکو ئەگەر کەسێکی غەیرە عەرەب هاتە داخوازی ئافرەتێك ئەوا لێهاتوویی لە کەسێکی عەرەب کەمترە کە بچێتە خوازبێنی هەمان ئافرەت[2].

ڕوون و ئاشکرایە ئەمجۆرە حوکمانە پێچەوانەن لەگەڵ مەبەستی یەکسانیی لە نێوان مرۆڤەکاندا کە ژمارەیەکی زۆر ئایەتی قورئانی و فەرموودەی موتەواتیر بەڵگەن لەسەر ئەو یەکسانییە کە گوزارشت لە ڕۆحی ئیسلام و سروشتی جیهانبینی بۆ جیهان دەکەن.

بە پشتبەستن بە (سروشتی پەیپێبردن لە فیقهی ئیسلامیدا) کە پێشتر باسمانکردووە، ئەوا عورف ئەو شتەیە کە فیقهناس بە عورفی دادەنێ، ئەویش بەپێی جیهانبینی لە دیدی ئەوەوە، بە مەرجێ ئەو عورفە دژ نەبێت لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی مەبەستەکانی شەریعەتدا. بەمشێوەیە (جیهانبینی لە لایەن فەقیهەوە) دەخرێتەڕوو تا ببێتە هاوەڵی عورف بەو سیفەتە کە شێوازێکە بۆ لەخۆگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر داب و نەریتە عەرەبییەکاندا دێت کە لە سەدە یەکەمەکانی ئیسلامدا باو بوون. و زۆرێك لە فیقهناسانمان لێیانەوە هەنگاویان هەڵگرتووە.

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٣٧، ٥٩-٦٠، ١٥٨.

[2]- ئەمە ڕای زۆرینەی مەزهەبە فیقهییەکانە. دەکرێ لەپێناو لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکار، گەڕانەوە بکرێ بۆ لای ئیبن ڕوشد. بداية المجتهد ونهاية المقتصد، ب٢، ل/١٢.




**شێوەی ٦–٢: جیهانبینی لەلای فیقهناس**
**فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ وێناکردنی فیقە**

خوێنەر لە  شێوەی ٦–٢ دا ئەو پێگەیە دەبینێ کە (جیهانبینی فیقهناس) لە ڕشتەبەندیی پێشنیارکراوی فیقهی ئیسلامیدا داگیری دەکات. شێوەکە پیشانی دەدات کە فیقهناس چۆن چۆنی پێگەیەکی ناوەندی لە بۆچوونی فیقهدا داگیر دەکات، کە لەبەرئەنجامی هێنانەناوی بینینی جیهانە لە ڕشتەبەندییەکەدا.

ئەمەش جیاکردنەوەیە لە نێوان خودی فیقهناس و نێوان قورئانی پیرۆز و نێوان سوننەتی تەشریعی کە سەرچاوەی مەعریفەی فیقهناسن، کە ئەوانیش هەر بەشێکن لە جیهانبینی لای ئەو. چەندین پێکهاتەی تریش لە جیهانبینی فیقهناسدا بوونیان هەیە کە لەگەڵ (سەرچاوەکان) ئاوێتە دەبن بۆ بەرهەمهێنانی فیقە و تێڕوانینە هەمووەکی و بەڵگە گومانبڕەکانی.

بەڵام پێویستە جیهانبینییەکی (هۆشیار)انە بێت، واتە نە گوماناوی و نە خەیاڵ ئامێزی ڕووت بێت، بەڵکو دەبێت بونیاتنرابێت لەسەر بینینێکی (زانستییانە)،

هەروەك لەمەوپاش ڕاڤەی دەكەین. كاتێكیش فیقهناس تێگەیشتنێكی باشی بۆ جیهان نیە وەها كە لە واقیعدا هەیە ئەوا ئەوكات كەسێكی (لێهاتوو) نابێت بۆ گەیشتن بە كۆمەڵە ڕایەكی فیقهی ڕاست و دروست. ئەم تێگەیشتنەش بۆ جیهان گوزارشتكردنێكی ترە كە دەبێت فیقهناس شارەزا بێت بە (فیقهی واقیع)، كە ئیبن قەییم كردوویەتە مەرج بۆ هەستان بە ئیجتیهادێكی باوەڕپێكراو[1].

لەڕاستیدا ئەم پێشنیارەمان دوو ئاسەواری لەسەر فیقهناس هەیە، ئەوانیش ئەمانەن: یەكەم: دەربارەی ئەو گۆڕانكارییانە كە لە سۆنگەی (تێگەیشتنی جیهان)ەوە لای فیقهناس هاتوونەتەڕوو، ئەو بەرهەمە دەدات كە تێگەیشتنی دەقاودەقی بۆ فیقهی ئیسلامی كەمدەكاتەوە. چونكە پەیڕەوكردنی حوكم بە واتا دەقاودەقییەكەی وا لەو حوكمە دەكات جۆرێك لە سروشتی چەقبەستوویی هەبێت. بەڵام ئەوەی كە دەبێت دووبارە جەختی لەسەر بكەم بریتییە لەوە كە گرنگە لە بواری پەرستشەكاندا پەیڕەوی دەقاودەقی فیقه بكرێ، وەك نوێژ و ڕۆژوو و حەج. بەڵام لە توانادایە بەردەوام زیادەڕەوی بكرێت لە فراوانكردنی بازنەی پەرستشەكان لەسەر حیسابی مامەڵەكان. كەواتە ئەوەی كە پێویستە جێبەجێ ببێت گەیشتنە بە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو بوارەكەدا.

با لێرەدا چەند نمونەیەك بێنین كە ئەم خاڵە ڕووندەكەنەوە: گومانی تێدا نیە كە مەبەست لە دانی سەرفیترە یارمەتیدانی هەژارە، لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) گێڕدراوەتەوە كە فەرموویەتی: ((بێنیازیان بكەن (واتە هەژاران) لە داواكردن لەم ڕۆژەدا))[2]. بەڵام ئەم سەرفیترەیە لە ژێر بەندی پەرستشەكاندا باسكراوە، لەبەرئەوە لە هەموو شوێنێك و لە هەموو سەردەمێكدا دەقاودەق پراكتیزە كراوە، بەڵام كاتێك شوێن دەگۆڕدرێت و كۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا دێت تا

[1]– الطرق الحكمية، ب١، ل/٥.

[2]– فتح الباري شرح صحيح البخاري، إبن حجر، ل/٣٧٥.

ئەو ئاستە کە خورماو مێوژ و جۆ سودێکی ئەوتۆیان نابێت بۆ هـەژاران (کەشـکیش کـە لـە زۆربـەی وڵاتانـدا بـوونی نـەماوە)، ئـەوا پراکتیزەکردنـی ئـەم سـەرفیترەیە بەشێوەی دەقاودەق لەسەر ئەو بنەمایـە کـە پەرستشـێکی ڕووتـە بـە حـەتمی ئـەو مانایە کە مەبەستە پێی و لەپێناویدا فەرزکراوە وندەبێت.

بەهەمانشێوە کەسوکاری مرۆڤ لە زۆربەی وڵاتـە دواکەوتووەکانـدا کـە زۆرینـەی دانیشتوانیان موسڵمانن بەرپرسێتی دانی خوێنبایی هەڵدەگرن ئەمـە لـە حاڵەتێکدا ئەو مرۆڤە بە ئەنقەست تاوانی کوشتنەکەی ئەنجام نەدابێت، چـونکە دادەنـرێن بـە (خزمانی لە باوکەوە)، کە پێشتر ئاماژەمان پێداوە[١]. بەڵام ئەگەر مانایەك لە هەندێ ژینگەدا بۆ هۆزی کەسـەکە یـان کۆمەڵـە نەژادییەکـەی کـە شـایانی باسـکردن بێـت نەمابێتەوە، ئەوەش بەهۆی گۆڕانی (جیهانبینی) لەوەی کە پەیوەندە بەو پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەوە کـە ئـەو کەسـە تیایـدا دەژی، ئـەوا جێبـەجێکردنی دەقـاودەقی خوێنبایی لەسەر خزمایەتی دژە لەگەڵ دادپەروەریدا کە مەبەستە.

نمونەی سێیەم بریتییە لە گرێبەستی هاوسەرگیریی عەرەبی و لە وتـاری هـەینی بە زمانی عەرەبی کە تێگەیشتن لێیان بە گشتی لەو کۆمەڵگایانەدا بە غەیری زمانی عەرەبی ئاخاوتن دەکەن ئاسان نیە[٢]. کەواتە پێداگرتن لەسـەر زمـانی عـەرەبی لـەم دوو بوارەدا دەگەڕێتەوە بۆ حوکمە پێشـووەکان کـە زمـانی گرێبەسـت یـان وتـاری هەینیان بەوە داناوە کە لە خۆیاندا (پەرستشن). بەڵام ئەنجامدانی ئەم گرێبەست و وتارانە بە زمانی عەرەبی واتای مرۆیی لەو گرێبەستەو واتای کۆمەڵایەتی لـە وتـاری هەینیدا وندەکات. شایانی باسە ئەم شیکردنەوەیەمان بەو مانایە نیە کە پەرسـتش و مامەڵـەکان دوو بـواری جیـاوازن و یـەکترنابڕن. چـونکە پەرسـتش لـە حوکمـە

---

[١]- نمونە بۆ ئەمە وڵاتی ئوردونە، بەپێی شارەزایی کەسیی هەندێ هاوەڵە ئوردونییەکان.

[٢]- ئەمە حاڵی زۆربەی ئەو مزگەوتانەیە کە لە بەریتانیا چوومەتە ناویان و سەرم لە مەسەلەکە سوڕما.

شەرعییە ئیسلامییەکاندا خۆی مەبەستە. ئەوەندە هەیە کە پێویستە هاوسەنگی لە نێوان لایەنی پەرستش و مەبەستە کۆمەڵایەتییەکاندا جێبەجێ ببێت.

ئاسەواری دووەم بۆ مەرجی پێشنیارکراو لە فەراهەمهێنانی دیدو تێگەیشتنێکی هۆشیارانە بۆ جیهان، بریتییە لە بەجێگەیاندنی کرانەوەی فیقهی ئیسلامی لەسەر ئەو پێشکەوتنە کە مرۆڤایەتی لە زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەستەبەری کردووە، لە ئەمڕۆدا ناکرێ کەسێك ئیدیعا بکات کە حوکمی شەرعی دەرکردووە و گونجاوە لەگەڵ (واقیع)دا بێئەوەی توێژینەوەی زانستییانەی لەبار و بونیاتنراو لەسەر میتۆدی زانستی ئەنجامدرابێت، ئیتر سروشتی بن یان کۆمەڵایەتی. ئێمە بینیمان کە چۆن هەندێ مەسەلەی پەیوەندیدار بە لێهاتوویی شەرعییەوە، وەك (نیشانەی مردن) یان (کۆتا ماوەی سکپڕی) یان (تەمەنی جیاکردنەوە) یان (تەمەنی باڵغبوون) کە فیقهناسان لە کۆندا حوکمیان لەبارەیانەوە دەرکردووە بەپێی (پرسیاری خەڵکی) و جۆری گوزارشتکردنیان بووە.

چونکە (میتۆدی وەڵامدانەوەی پرسیارە زانستییەکان) بەشێکە لە چۆنێتی (جیهانبینی) هەروەك ڕیتشارد دی ویت ڕۆشنی کردووەتەوە[1]، کەواتە کەس ناتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات کە توانای وەڵامدانەوەی (پرسیاری خەڵکی) هەیە با فیقهناسیش بێت، بێئەوەی هەستێ بە پرۆسەی پێشکەشکردنی بەڵگەی ژمێریاری! ئەمەش دەمانبات بەرەو زانستەکان (ئیتر زانستی سروشتی یان کۆمەڵایەتی) بێت، کە دەخوازێ میکانیزمێکی ئاوێتەبوون هەبێت لە نێوان فیقهی ئیسلامی و بوارە مەعریفییەکانی تردا. لەبەرئەوە پێویستە فیقهناس بگەڕێتەوە بۆ لای پسپۆڕەکان، بۆ نمونە لە بوارەکانی پزیشکیدا پرسیاریان لێبکات تا نیشانەکانی مردنی بۆ دیاری بکەن، هەروەها کۆتا ماوەی سکپڕی و کەمترینی، تادوایی. پێویستە زانیارییە ئەمبریقییەکان (واتە ئەو زانیارییانە کە لەسەر سەرنجدانی زانستییانە بونیاتنراون)

---

[1] -Dewitt, Worldviews;……………………p.5.

حوجییەتیان هەبێت لەو بوارەدا، تەنانەت با سەرچاوەی ئەو زانیارییانە لێگەڕان و بەدواداچوونی گوماناوی بێت بەپێی لۆژیکی کلاسیکی ئەرستۆیی. بۆ پسپۆڕانی بواری دەروونناسیش بەهەمانشێوەیە کە دەبێت لەپێناو دیاریکردنی (تەمەنی جیاکردنەوە بگەڕێنەوە) بۆ لای، هەروەها ئەوە پسپۆڕانی بواری ئابوورین کە (بەشی دەوڵەمەندیی) و (سنوری هەژاریی) دیاری دەکەن، بۆ شتەکانی تریش هەر بەوشێوەیە.

ڕاستە (زانست) بەردەوام بە تێپەڕبوونی کات لە گەشەسەندندایە، ئەوەش دەخوازێ پێداچوونەوەو نوێکردنەوەی بەردەوام بۆ بڕیار و وەڵامە زانستییەکانمان هەبێت، مەعلومە کە پەرەسەندنی زانستەکان بەشێکە لە پەرەسەندنی سروشتی جیهانبینی لای فیقهناس، بردنی زانستیش بۆ ناو میتۆدی فیقهی بەم مانایەی باسکراوە گەرەنتی (کرانەوە) دەدات بە ڕشتەبەندی فیقهی ئیسلامی.

### نوێبوونەوە لە ڕێگای کرانەوەی فەلسەفییەوە:

فیقهی ئیسلامی لە توانایدایە لە ڕێگای کرانەوەوە نوێبوونەوەیەکی خودی دەستبەر بکات بۆ پێکهاتەیەکی تر لە پێکهاتەکانی جیهانبینی فیقهناس، ئەویش فەلسەفەیە. جا مادامێ بنەماکانی فیقهی ئیسلامی بە کردەیی فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامین، ئەوا پێویستە (بنەماکان) پارێزگاری لە پلەیەك لە کرانەوە بکەن لەسەر توێژینەوەی فەلسەفی، کە بە گشتی بە پەرەسەندنی مەعریفەی مرۆیی ئەویش پەرەدەستێنێ.

بەڵام ئەوەی کە بەدرێژای مێژوو ڕوویداوە ئەوەیە زۆرینەی هەر زۆر لە زانایانی پێشینە لە تەواوی مەزهەبە فیقهییەکان هەرجۆرە هەوڵێکیان بۆ سود وەرگرتن لە فەلسەفە بۆ گەشەدان بە میتۆدی فیقهی ئیسلامی یان مەعریفەی ئیسلامی بە گشتی ڕەتکردووەتەوە. ئەو زانایانەش لەو ڕەتکردنەوەیاندا بەڵگەیان بە هەندێ

تیۆری یۆنانی هێناوەتەوە کە پەیوەستن بە پشتەوەی سروشت و پێچەوانەن بە باوەڕە ئیسلامییە ناسراوەکان[1]، لێرەوە هاتوون فەتوای حەرامکردنی خوێندن و وتنەوەی فەلسەفەیان دەرکردووە، چونکە لەسەر بنەمای باوەڕی نا ئیسلامی بونیاتنراوە[2]. بە پشتبەستن بەم فەتوایانە، ئەوا کاتێك مرۆڤ ناچار دەبێت هەڵبژاردن لە نێوان دوو بژاردەدا بکات کە سێیەمێکیان نیە، ئەوانیش یان فەلسەفەیە یان شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆزە، چونکە فەیلەسوفەکان لەو فەتوایانەدا تاوانبار دەکران بە پاشگەزبوونەوە، ڕێگایان پێنەدراوە کتێبەکانیان دەستبخەن، یان بیانفرۆشن، یان هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەن، لەو زانایانەش ئەو فەتوایانەیان دەرکردووە ئەم گەورە زانایانەش بوون کە خەڵکی لە هەموو مەزهەبەکانەوە گەڕاونەتەوە بۆ لایان، وەك ئیبن عەقیل (ت ٥١٢ك/ ١١١٩ز)، نەوەوی (ت ٦٧٥ك/ ١٢٧٧ز)، سیوتی (ت ٩١٠ك/ ١٥٠٥ز)، قوشەیری )٥١٠ك/ ١١٢٧ز)، ئیبن ڕەسلان (ت١٠٠٣ك/ ١٥٩٥ز)، شەربینی (٩٨٦ك/ ١٥٧٩ز) و ئیبن صەلاح (٦٤٣ك/ ١٢٤٦ز)[3]. فەتواکەی ئیبن صەلاح زۆرترینی ئەو فەتوایانەیە کە لەبارەی ئەم بابەتەوە لە فیقهی ئیسلامیدا شتی لێوەرگیراوە، لە فەتواکەیدا لەسەر فەلسەفە دەڵێ: (بریتییە لە بنچینەی گەوجی و تێکەڵ و پێکەڵکردن و ئاوەژووکردن، شمشێر ئەو ئامڕازەیە کە دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مامۆستایانی

---

[1]– وەك گوتەی فەیلەسوفەکان بە نەمری جیهان. لەو مشتومڕە بەناوبانگەی لەسەر (التهافت) لە نێوان غەزالی و ئیبن ڕوشدا دروست بووە، ئیبن ڕوشد دەیسەلمێنێ ئەو گوتەیەمان کە دەڵێین جیهان کۆنە واتە ئەبەدییە بەرانبەر بە ئایندە، هەروەك غەزالی باوەڕی پێیەتی، جیاوازی نیە لەو گوتەیەمان کە دەڵێین جیهان کۆنە لە بەرانبەر ڕابردووەوە، فەیلەسوفەکانی یۆنان و غەیری ئەوانیش هەر ئەم قسەیەیان کردووە.

[2]– درء تعارض العقل والنقل أحمد إبن تيمية، ١٩٩٧ز، ب٣، ل/٢١٨.

[3]– الدرّ المنثور، السيوطي، ب٣، ل/٨٦. فتاوى إبن صلاح، أبو عامر بن صلاح، ٢٠٠٥.

فەلسەفەدا بەکاربهێنرێ[١]. ئەم هەڵوێستە توندوتیژە بەرانبەر بە فەلسەفە وای کرد کە گرنگی پێدانی لە زۆربەی دامودەزگا ئیسلامییەکاندا سنوردار بکات[٢]. هەرکەسێکیش لە قوتابیانی زانست و زانایان چوونیەك بیویستایە فەلسەفە یان لۆژیك بخوێنێ دەبوایە بە نهێنی ئەو کارەی بکردایە، نەیدەتوانی بە کەسێکیتری بلێیتەوە جگە لەوانەی کە لە نزیکترین قوتابیان و دڵسۆزترینی کەسەکانی ببوونایە، پاشانیش ئەوەی کە فێری دەبوو هەرگیز نەدەبوو لە نوسینەکانیدا ئاشکرای بکات[٣]. کاتێك ئیبن ڕوشد (ت٥٨٤ك/ ١١٨٩ز) کە لە یەك کاتدا فیقهناس و فەیلەسوف بوو- سەرپێچی ئەو فەرمانەی کرد چەوسێنرایەوەو کتێبەکانی سوتێنران[٤].

ژمارەیەکی کەم لە زانایان ڕتکردنەوەی فەلسەفەی یۆنانی و بەرنامەکەییان ڕاگەیاند کە (دژ بوو لەگەڵ ئیسلامدا)، بەڵام ڕایان لەوانەی پێش خۆیان جیاواز بوو چونکە ئەمان هاتن لەپێناو ڕەخنەگرتن لەو فەلسەفەیە بە ڕەخنەگرتنێکی زانستی و بە بەرنامەڕێژی زەحمەتی زۆریان کێشا، بەڵکو هەندێکیان هەوڵیاندا هزرو بیرۆکەی ئەلتەرناتیف تایبەت بە لۆژیك بەپێی تێڕوانینی کەسێتی خۆیان بخەنەڕوو، ئەمەش بۆ نمونە ئەو هەڵوێستە بوو کە هەردوو پێشەوا ئیبن حەزم[٥] و ئیبن تەیمییە[٦] گرتیانەبەر.

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- علامة المنطق باللغة عند فلاسفة المسلمين، حسن بشير صالح، ٢٠٠٣، ل/٨٦؟

[٣]- إمام الحرمين، الديب، ل/٣٩.

[٤]- الخطاب الفلسفي عند إبن رشد و آثاره في كتابات محمد عبده وزكي نجيب محمود، عصام نصار، ٢٠٠٣، ل/١٦-٢١.

[٥]- إبن حزم ومواقفه من الفلسفة والمنطق والأخلاق، مصطفى وديع. ٢٠٠٠ز

[٦]-. درء تعارض العقل والنقل، إبن تيمية

ئیبن حەزم –وێڕای ئەوە کە زاهیری بوو– هەر لۆژیکی ڕەتنەکردووە کە زاناکانی تر ڕەتیانکردەوە، بەڵکو وایدەبینی لۆژیك ئەو پێوەرەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بەپێی ئەو مەعریفە ڕاستبکاتەوە، واتە (پێوەری هەموو زانستێکە)[١]. ئیبن حەزم ڕوونیکردووەتەوە کە دەکرێ دەرئەنجامەکانی لۆژیکی ئەگەریی تەریب بێت بە ئەنجامەکانی لۆژیکی فەرزیی لە فیقهی ئیسلامیدا، ئەمەش بیرۆکەیەکە لەوانەیە تیایدا قەرزاری کتێبی (المستصفی)ی غەزالی بێت[٢]. لەبەرئەوە –بەپێی زانیاری من– کتێبەکەی ئیبن حەزم بە ناوی (تقریب المنطق) یەکەمین هەوڵێك بووبێت بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی هاوتەریبی لە نێوان توانابوون و مۆڵەتدا، لە نێوان گەرەنتی و فەرزبووندا، لە نێوان مەحاڵیی و قەدەغەکردندا[٣]، ئەم هەوڵەش بە هەشت سەدە لەپێش دەرکەوتنی تیۆری هاوچەرخی فۆن ڕایت دەربارەی ڕەوشت و پابەندبوونەکان کەوتەڕوو[٤]. لە لایەکی ترەوە ئیبن حەزم هەستا بە خوێندنەوەی سەرلەنوێ بۆ ڕاکانی ئەرستۆ لە پێوانەگیریی دا لە پۆشاکێکی نوێدا کە دەمەقاڵەی زۆری نایەوە، ئەوەیش بە جۆرێك بوو کە خزمەت بە ڕێبازەکەی خۆی و مەزهەبە زاهیرییەکەی بکات–پێشتر باسمانکردووە–[٥]. بۆ نمونە ئیبن حەزم لە دیاردە سروشتییەکاندا کاری بە بیرۆکەی هۆکارگەریی کردووە، بەڵام نەك لە شەریعەتدا کە وەحی بووە، لێرەوە هاتووە هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی پێوانەگیریی ڕەتکردووەتەوە، هاوکات ڕەخنەی لە لۆژیکی هەر کەسێك گرتووە کە ئەمجۆرە هەڵێنجانەی پەیڕەو کردووە[٦].

---

١–. إبن حزم، مصطفى، ل/٢٠٣.

٢– المستصفى في أصول الفقه، الغزالي.

٣– تقريب المنطق، علي إبن حزم، ط١.

4 -G. H. von Wright, …….no. 237. 1951

٥– ظاهرية إبن حزم الأندلسي: نظرية المعرفة ومناهج البحث، أبو الزعبي، ١٩٩٦، ل/٤٩.

٦– سەرچاوەی پێشوو، ل/١٠٠–١٠٣.

له لایەکی تریشـەوە، ڕەخنـەگرتنی ئـیبن تەیمییـە لـە ئەرسـتۆ ڕەخنـەگرتنێکی تێروتەسەل و یەکلاکەرەوە بووە[1]. ئیبن تەیمییە پرۆسەی جیاوازی خستنی ئەرستۆ کە لە نێوان کرۆك و ڕواڵەتدا کردوویەتی بە جیاوازییەکی هەڕەمەکی وەسـفکردووە، لێرەوە هەرجۆرە ڕاستییەك لە مەسەلە گشتییەکاندا کە لە ڕێگای (پێناسە)کردنەوە بڕیاری لەسەر بدرێت ڕەتکردووەتەوە[2]. چونکە لای ئیبن تەیمییە جیاوازی لە نێوان خورمـای پێنەگـەییو و خورمـانی نیـوە گـەییو و خورمـای تـەواو گـەییودا واتـای ڕەنگدانەوەی سێ کرۆك نیە وەهـا کـە هـەوادارانی ئەرسـتۆ دەڵـێن[3]. بـەڵکو ئەوانـە شتانی (هەمووەکین لە زەیندا، بەپێی دەستەواژەی ئیبن تەیمییە[4]. لەبەرئەوە ئیبن تەیمییە ڕەخنە لە ئابلۆقەدانی شـیکردنەوەی لـۆژیکی دەگرێـت لـەناو پێوانـەگیریی لۆژیکیدا، کـە لەسـەر کۆمـەڵێ گریمانـەی هـەمووەکی دادەمـەزرێت. ئـیبن تەیمییـە پێوانەگیریی وێکچوونی وەك نمونەیەك بۆ میتۆدی هاوتا بـە پێوانـەگیریی لـۆژیکی خستووەتەڕوو[5]. ئیبن تەیمییە ئەویش وەك ئیبن حەزم هاتووە شـیکردنەوە ڕەخنـە ئامێزەکـەی بـەکارهێناوە بـۆ پشـتگیری کـردن لـە پـڕۆژە فەلسـەفییەکەی، کـە لـە کرۆکیدا پڕۆژەیەکی ناویی بووە[6]، ئیبن تەیمییە هەروەها هاتووە ڕەخنە لە غەزالی و زانایانی تریش دەگرێت، ئەوانەی کە وتوویانە گوایا تـەنها وەك ئـامڕازێکی لـۆژیکی پشتگیری لە فەلسەفەی یۆنانی دەکـەن بێئـەوەی بـێن کـار بـە بنـەما غەیبیـەکانی بکەن[7].

---

[1] -John F. Sowa,……………………………2000. p. 359.
[2] -W. Hallaq, Ibn Taymiyya,……………………………………1993.

[3]- سەرچاوەی پێشوو.

[4]- إصلاح العقل في الفلسفة العربية، أبو يعرب المرزوقي، ١٩٩٤، ل/١٧٦.

[5]- درء تعارض العقل والنقل، إبن تيمية، ب١، ل/٢٠٣.

[6]- إصلاح العقل في الفلسفة العربية، المرزوقي، ل/١٧٧. المنطق عند الغزالي، العجم.

[7]- درء تعارض العقل والنقل، إبن تيمية، ب٣، ل/٢١٨.

لەڕاستیدا ژمارەیەك لە فیقهناسـان بڕیایانـدابوو مەسـەلەی پشـتەوەی سروشـت (غەیب) لای یۆنانیەکان وەلانێن، هەر ئەوەندە فەلسەفەی یۆنانیان لا پەسەند بێت کە تەنها وەك ئامڕازێك بەکاری بێنن. بۆ نمونـە پێشـەوا غـەزالی (ت٥٠٤/١١١١ز) زۆر بە توندی ڕەخنەی لە فەلسەفەی یۆنانی گرتـووە کـە (بتپەرسـتییە) و فەیلەسـوفە موسڵمانەکانی تۆمەتبارکردووە بە پاشگەزبوونەوە، ئەمە لە لایەکەوە[1]، بەڵام غەزالی لە لایەکی ترەوە (ئامڕازی) (ئۆرغانۆن)ی ئەرستۆی پەسەند بووە، واتە ئەو ئامڕازە کـە بـەکاریهێناوە، تەنانـەت بـەوەی دانـاوە کـە (پێشـەکییەکە پێویسـتە بـۆ هـەر زانستێك) کە بەبێ ئەو زانا ناتوانێت متمانە لـە هـیچ لقێـك لـە لقـەکانی زانسـتدا بـە دەستبێنێ[2].

غەزالی خۆیشی چووتە ناو هەناوی لۆژیکی یۆنانیەوەو کردوویەتی بە میتـۆدێکی بیرکردنەوە، لـە ئـەنجامی ئـەوەوە توانیویـەتی شـێوازێك لـە ئاوێتـەکردنی هـەردوو لۆژیکی هەڵێنجانی یۆنانی و ئیجتیهادی ئیسلامی دابهێنێ. غەزالی لە کتێبەکەیدا بـە ناوی (**القسطاس**) سەلماندنی بۆ ژمارەیەك لە هەڵێنجانەکانی ئەرستۆ کردووە، وەك: (ڕێسـای دووپاتکردنـەوە لـە ڕێگـای دووپاتکردنـەوەوە، واتـە بـۆ نمونـە ئەگـەر هەڵوێستی (أ) ڕاست بوو ئەوا هەڵوێستی (ب) یش ڕاستە. وە ئەگەر (أ) ڕاست بـوو ئەوا بە لۆژیك (ب) ڕاست دەبێت. هەروەها ڕێسای نـەخێری لـە ڕێگـای نـەخێرەوە، واتە: ئەگەر هەڵوێستی (أ) ڕاست نەبوو ئەوا هەڵوێستی (ب) ڕاست نیـە، وە ئەگـەر (أ)یش ڕاست نەبوو ئەوا بە لۆژیکی (ب) یش ڕاست نابێت. غەزالی بـە گەڕانـەوە بـۆ ئەوە کە ناویناوە (بەڵگە لۆژیکییەکان) لە قورئانی پیرۆزدا ڕاسـتی ئـەو ڕێسـایانەی

[1]– – تهافت الفلاسفة، أبو حامد الغزالي.

[2]– المستصفى في أصول الفقه، ل/٣.

سەلماندووە[١]. بۆ نمونە ئایەتی: ﴿ لَوۡ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا ﴾ الأنبیاء: ٢٢ی هێناوە، پاشان غەزالی ڕێسای (نەخێری لە ڕێگای نەخێرەوە) بەکارهێناوە بە گەڕانەوە بۆ ئەم ئایەتەو دەڵێ[٢]: (لەڕاستیدا هەبوونی زیاتر لە خوایەك واتە پشێوی. جا لەبەرئەوە کە لە بونەوەردا پشێوی نیە ئەوە مانای ئەوەیە کە خوایەکی تر بوونی نیە). غەزالی لەم نمونەیە و نمونەی تریشدا چەندین بەڵگەی عەرەبی بەکاردێنێ کە ڕاستەوخۆ لە قورئانی پیرۆزەوە یان لە زاراوە فیقهییە زانراوەکانەوە وەریگرتوون، ئەو نەهاتووە زاراوە فەلسەفییە زانراوەکان بەکاربێنێ. بۆ نمونە وشەی (الحکم) لە جێگای (المحمول)، (العلة) لە جێگای (الحد الوسط)، وە (الأصل) لە جێگای (المقدمة)، (الفرع) لە جێگای (النتیجة) وە (المباح) لە جیگای (الممکن) بەکاردێنێ[٣].

زۆرترین ئەو هزرانەی غەزالی کە داهێنانی جوانیان تێدایە ئەوەیە کە پێوانەگیریی لۆژیکی خستووەتە ناو پرۆسەی پێوانەگیریی فیقهییەوە[٤]. هەوڵیداوە برێك لە سیستمی ڕێکوپێکی بخاتە سەر پاککردنەوەی دیاریکردنی هۆ لە حوکمەکاندا، هاتووە کۆمەڵێ پێوانەگیریی ئازادی لەسەر حاڵەتی یەکەم پراکتیزە کردووە[٥]. بۆ نمونە ئەم شیکردنەوەیەی پێشنیار کردووە: (کاتێك نرخێك بەراورد دەکەیت بە

---

[١]- Rosalind Ward Gwynne, Logic,………………..2004. p. 156. المنطق عند الغزالي، العجم، ل/١٦٣-١٦٥.

[٢]- القسطاس المستقیم، أبو حامد الغزالي، ١٩٥٩، ل/٦٢.

[٣]- المنطق عند الغزالي، العجم، ل/٦٥.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو.

[٥]- پێوانەگیریی پەیپێبردن: یان ئەوە یان ئەوە ڕاستە یان هەردووکیان ڕاستن، بەڵام ناکرێ هەردووکیان ناڕاست بن. جا ئەگەر زانیمان کە لایەکیان ناڕاستە، ئەوا دەبێت لایەنەکەی تر ڕاست بێت. بە سەرزارەکی گوزارشت لەمە دەکەین و دەڵێین: ئەگەر أ بەرانبەر بە ب بێت ، وە أ ناڕاست بێت ، ئەوا ب ڕاستە.

نرخێکی تر ئەوا هەردەبێت لەو گەورەتر بێت، یان یەکسان بێـت پێـی، یـان کـەمتر بێـت لـەو. جـا ئەگـەر یـەکێك لـەو سـێ حاڵەتـەمان سـەلماند ئـەوا دەبێـت هـەردوو حاڵەتەکەی تر سـاختە بـن)[١]. پاشـتر غـەزالی پێوانەگیرییـەکی گریمانـەیی پێشـنیار دەکات، وا دادەنێت کە (سنوری ناوەند) بۆ هەردوو بابەتەکە خودی هۆیەکەیـە، تـا هەمان حـوکم لەسـەر حاڵـەتی یەکـەم بگوێزێتـەوە بـۆ حاڵـەتی دووەم[٢]. بـۆ نمونـە نوسیویەتی: (هەموو عەرەقێك سەرخۆشکەرە، هەموو سەرخۆشکەرێکیش حەرامە، کەواتە عەرەق حەرامـە)[٣]. لـەم قسـەیەدا تێبینـی بکـە کـە غـەزالی سەرخۆشـکردنی داناوە بە (سنوری ناوەند) یان هۆ(بەپێی زاراوە ئیسلامییەکانی ئەو)، هەرچەندە نا ڕێکوپێکیشە کە ئەوەش مەرجێکە غەزالی و فیقهناسان بە مـەرجیان گرتـووە لـەودا کە ناویاننـاوە بە هۆ.

لێرەوە دەبینین کە وێڕای هێرشـی تونـدی غـەزالی بـۆ سـەر فەلسـەفەی یۆنـانی کەچی هەر بەکارهێنانی لۆژیکی ئەرستۆ بۆ لۆژیکی بیرکردنەوەی فیقهیی ئیسـلامی خۆی لەنێو پرەنسیپێکی ڕاستگۆیانەو بە ئاراستەیەکی داهێنـانی جوانـدا بـووە، لـە کاتێکدا ئەو بەکارهێنانەی بووەتە هۆی ئەوە کە ڕەخنەی لاقرتی ئامێزی لـە لایـەن هەردوو تاقمی ناوییەکان و زاهیرییەکانەوە دابارێت بەسەریدا[٤]. هەر یەك لە ئامـەدی (ت٦٣٣ك/ ١٢٣٦ز) و سوبوکی (ت٧٥٥ك/١٣٤٧ز) و چەندین زانای تر، بەتایبەتی لە مەزهەبەکانی ئەشعەری و مەزهەبی شافیعی کە غەزالی سەر بەوانـە، هـاوڕای غـەزالی

---

[١]- محك النظر، أبو حامد الغزالي، ل/٤٣.

[٢]- پێوانەگیریی گریمانەیی: ئەگەر دوو دەسـتەواژەمان هـەبوون یـەك شـت بگرنـەوە، بـە جـۆرێ لایـەنی یەکەم لە یەکەمدا هەمان لایەنی دووەم بێت لە دووەمـدا، ئـەوا دەتـوانین ئـەو بەشـە هاوبەشـە لاببـەین و هەردوو لایەنی مـاوە لـە یـەك دەسـتەواژەدا بـە یـەك بگەیـەنین. بـۆ نمونـە ئەگـەر لـە أ-ب دا (أ ب یـش بگرێتەوە) وە ب-ج، کەواتە أ-ج ە.غەزالی لە جێگای ب زاراوەی هۆی لەم نمونەیەدا بەکارهێناوە.

[٣]- محك النظر، الغزالي، ل/٣١.

[٤]- بڕوانە: ئیبن تەیمییەو ئیبن حەزم. المنطق عند الغزالي، العجم.

بوون لەو جیاوازی خستنەی لە نێوان (ئامێرە ڕووتەکان) کە موسڵمانان دەتوانن لە غەیری موسڵمانانەوە بیانگوێزنەوە، وە نێوان هزرو چەمکەکانی تردا، کە نابێت لە غەیری موسڵمانانەوە بگوێزرێنەوە[1]. ئەم ڕایە لە هەندێ لە فەتواکانی (زاهیرییە نوییەکان) دەچێت لەم سەردەمەماندا، کە جگە لە تەکنیکی ماددی ڕووت نەبێت ئیتر ڕێگا نادەن جۆرەکانی مەعریفە کە پەیوەندن بە زانستە مرۆڤایەتییەکان یان زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە خۆرئاواوە وەربگیرێ

جا بەو هۆیەوە کە غەزالی خاوەنی جەماوەرێکی زۆر بووە ئەوا ئەو هێرشەی کە بە گشتی کردوویەتە سەر فەلسەفە پشکی هەبووە لە سنوردانان بۆ بیرکردنەوەی تیۆری ئازادانە لە میتۆدی ئوسولّی و لەسەر بیرکردنەوەی فیقهی بە گشتی لە هەموو مەزهەبەکاندا. لێرەوە زانستی ئوسولّ هەر لە بۆتەی چڕکردنەوە لەسەر گەڕان بە دوای واتا زمانەوانییەکان و مەسەلەی هەڵێنجانی لۆژیکی دەقاودەقیدا مایەوە، پرۆسەی لۆژیکیی هەڵێنجانی فیقهی هەر وەك سیستمێکی (ئامێری) مایەوە کە مامەڵەی تەنها لەگەڵ فەرزەکان و قەدەغەکراوەکاندا دەکرد بێئەوەی حیساب بۆ مەبەستەکان بکات.

بەلاّم لە سەردەمی ئەمڕۆدا، نزیکترین شتێك کە لە بیرکردنەوەی فیقهی باو بچێت ئەو بیرۆکەیەیە کە ڕایت ناویناوە بە لۆژیکی ڕەوشتیی هاوچەرخ، جا مرۆڤ لێرەدا تێبینی دەکات وێڕای ئەوە کە زاراوەی (لۆژیکی ڕەوشتیی) زاراوەیەکە فۆن ڕایت لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دایهێناوە[2]، ئەوا ئەو سیستمی پێوانەگیرییەی فۆن ڕایت و پەیوەندبوونی بە لۆژیکی ڕواڵەتی و سەلمێنراوە سەرەکییەکانییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە بیرکردنەوەی فیقهی باو دەچێت کە لای غەزالی و زانایانی ترەوە کەوتەڕوو. چونکە یاسای (پابەندبوون) لای فۆن ڕایت

---

[1]– الآراء الفقهية، علي السبكي، ب٢، ل/٦٤٤.

[2] -Von Wright, Deontic Logic.

دەڵێ: (ئەگەر بۆ ئەنجامدانی کارێك پێویست بەوە هەبوو کارێکی تر ئەنجامبدرێ، ئەوا پێویستە لەسەرمان ئەو کارەی تریش ئەنجامبدەین)[١] ئەمە هەمان ڕێسای فیقهی ئیسلامییە کە دەڵێ: (هەر کارێك کە بەبێ ئەو نەتوانرێ فەرزێك ئەنجامبدرێ ئەوا ئەو کارەش دەبێتە فەرز)[٢]. بەڵام فەلسەفەی یاسای هاوچەرخ لۆژیکی ڕەوشتیی ڕایتی وەك ڕێسایەك بۆ لۆژیکی بیرکردنەوەی یاسایی لا پەسەند نیە[٣]. هۆیە سەرەکییەکانیشی ئەمانەن: (١) چونکە پۆلێنکردنی لۆژیکی ڕەوشتیی توند بۆ شتەکان لە دوالیزمەیەکدایە لە فەرز و قەدەغەکراو، (٢) لە دەستخستنی دەرئەنجامە تەنها لۆژیکییەکاندا حیسابی بۆ فاکتەری کات نەکردووە، (٣) حاڵەتە هەڵاوێردکراوەکانی بە تەواوەتی فەرامۆشکردووە[٤].

لە لایەکی تریشەوە، تیۆری فیقهیی ئیسلامی سودی لەو زیادە زانیارییە جۆرییانە وەرنەگرتووە کە فەیلەسوفە موسڵمانەکان بەشدارییان هەبووە لە پەردان بە فەلسەفەی یۆنانی و بونیاتنان لەسەری، بە تایبەتی لە زانستی لۆژیکدا. بۆ نمونە ئیبن سینا (ت٤٢٩ك/١٠٣٧ز) دوای ئەوە ئەو حاڵەتانەی کە پەیوەندن بە ڕەهەندی کاتەوە جیایکردوونەتەوە، بەشدارییەکی ناوازەی هەبووە لە زانستی لۆژیکدا ئەویش کاتێك هەستاوە بە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی تیۆری ئەرستۆ لە لۆژیکی ڕواڵەتیدا بەشێوەیەکی ورد[٥]. کە دەکرا ئەو بەشدارییە بەرهەمی خۆی بدات لە خستنەسەری ڕەهەندی کات بەو هەڵێنجانە کلاسیکییانە کە پشت بە پێوانەگیریی دەبەستن، ئەم

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب١، ل/١١٨. المحصول، الرازي، ب٢، ل/٣٢٢. المستصفى في أصول الفقه، ب١، ل/٥٧. المسودة في أصول الفقه، أحمد إبن تيمية، ط٢، ل/٥٨. الوافقات، الشاطبي، ب١، ل/١٢٥.

[3] -C. W. Demarco, , Deontic Legal Logic, 1999.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو.

[5] -Rescher, Arabic Logic Vol. 4. P.526.

کارەش دەبووە هۆی حیسابکردن بۆ کات کە لە لۆژیکی فیقهی ئیسلامیدا زۆر پێویستە.

بەهەمانشێوە چەندین بەشداریکردنی ڕەسەنی ترمان هەن کە پێنوسی فەیلەسوفە موسڵمانەکان قەڵەمیان تیایاندا بە بڕشت بووەو فیقهناسە موسڵمانەکان سودیان لێ وەرنەگرتوون، وەك تیۆرەکەی فارابی (ت٣٣٨ك/ ٩٥٠ز) لە بەڵگەهێنانەوەو ئەنجامگیریی بە ڕێگای بەدواداچوون و لێگەڕان (ئیستیقراء)[١]، دەکرا ئەمیش ڕەهەندێکی تر بخاتەسەر فیقه کە پێویستی پێی هەیە ئەویش بیرکردنەوەیە لە ئەنجامگیریی بە لێگەڕان و بەدواداچوون. توێژەران ڕایان وایە ڕخنەگرتنی ئیبن حەزم و ئیبن تەیمییە بۆ لۆژیکی ئەرستۆ (بواری بۆ جۆن ستیوارت میل) ڕەخساندووە کە گەشەبدات بە لۆژیکی لێگەڕان و بەدواداچوون[٢]، کەچی فیقهی ئیسلامی سودی لەو ڕەخنەگرتنە نەبینیوە.

پاشان دادوەر وەلید ئیبن ڕوشد -بە پێچەوانەی زۆربەی فیقهناسەکان- هەڵوێستێکی تەواو کراوەی لەسەر مەعریفەی مرۆیی پەیڕەو کردووە. ئیبن ڕەشد بەڵگەی بە قورئانی پیرۆز هێناوەتەوە کە فەرزی کردووە لەسەر خەڵکی بیربکەنەوەو تێڕامان لە بەدیهێنراوەکانی خوای گەورە بکەن، تا لەم بناغەیەوە کار بە هەر جۆرە ڕایەکی فەلسەفی ساغ و دروست بکەن، (بێئەوەی ئاوڕبدەنەوە بەلای ئاینی بێژەرەکەیدا)[٣]. ئەو چارەسەرەی ئیبن ڕوشد خستوویەتە ڕوو بۆ گرفتی (دژ بەیەکی) کە لە نێوان ئەقڵ و دەقدا بەدیکردووە بریتییە لەوە کە (لێکدانەوە) بۆ دەقەکان بکرێ بەو ئاستە کە زمان ڕێگای پێداوە تا بگونجێن لەگەڵ ئەقڵدا[٤]. ئیبن

---

[١] - سەرچاوەی پێشوو، ب٤، ل/٥٢٧.

[٢]- تأريخ الفلسفة الإسلامية، فخري ماجد، ط٢، ل/٣٥٣.

[٣]- فصل المقال، إبن رشد.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو.

ڕوشد گلەیی لە غەزالی و فیقهناسانی تریش هەیە کە پەلەیان کردووە لە تۆمەتبارکردنی فەیلەسوفەکان بە بێباوەڕی بێئەوەی لە هەڵوێستەکانیان تێبگەن.

شێوازی ئیبن ڕوشد بۆ ئاوێتەکردن لە نێوان ئەقڵی مرۆیی و دەقی خواییدا، هەروەها کرانەوەی لەسەر (ئەویتر) و ڕەتکردنەوەی خێرا تۆمەتبارکردنی فەیلەسوفەکان بە بێباوەڕی، وە بانگەشەکردنی بۆ سود وەرگرتن لە فەلسەفە لە چاکسازی واقیعیدا، هەموو ئەمانە بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو کاریگەری ڕوونیان هەبووە لەسەر بزافی چاکسازی ئیسلامی هاوچەرخ[1]. بەڵام بەپێی ئەو دەستنوسانەی لەبەردەستماندان[2] ئیبن ڕوشد هیچی لەسەر پەیوەندی نێوان ڕاکانی خۆی لەسەر فەلسەفەو ڕاکانی خۆی لەسەر فیقه نەنوسیوە. لەبەرئەوە باوەڕم وایە، بەپێچەوانەی ڕای هەندێ لە توێژەرانی تر[3]، کە بۆشاییەك لە نێوان ئیبن ڕوشدی فەیلەسوف (ڕاڤەکار) یان (مامۆستای دووەم)دا، کە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (**فصل المقال**) ڕاڤەیەکی بەناوبانگی هەیە لەسەر شاکارەکانی ئەرستۆ و تیایدا بەرگری کردووە لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکەی خۆی[4]، وە نێوان ئیبن ڕوشدی دادوەر و فیقهناسدا هەیە، کە زۆربەیجار پشتگیری لە مەزهەبە مالیکییەکەی دەکات ئەویش لەو مەوسوعە تێروتەسەلەیدا کە بە ناوی (**بداية المجتهد**) لەسەر فیقهی ئیسلامی نوسیویەتی. جا بۆئەوەی فیقه بەدواداچوونی هەبێت بۆ نوێکردنەوەی خۆی ئەوا دەبێت کرانەوەکەی ئیبن ڕوشد بۆ هەر توێژینەوەیەکی فەلسەفی بە هەند بگرێ، بەڵکو بێت ئەو کرانەوەیە فراوانتر بکات تا پشکی هەبێت لە نوێکردنەوەی خودی بنەماکانی فیقهیشدا.

---

[1]- الخطاب الفلسفي، نصار. قضايا التجديد، ل/١٩٣.

[2]- النزعةالعقلية في فلسفة إبن رشد، عاطف العراقي، ط٥، ل٣٦٩.

[3] –Gray, ed. ……………….p. 439.

[4]- النزعة العقلية في فلسفة إبن رشد، عاطف العراقي، ط٥، .ل/٧٠

## ٦-٤ بەرەو فرە ڕەهەندیی:

پێشتر لە بەشی دووەمدا، بە دەستەواژەی کورت و پوخت، سنوری پۆلێنکردنی دووانـەیی سـادەو سـاکارمان ڕوونکـردەوە، هـەروەها گرنگێتـی تێڕوانینـی فـرە ڕەهەندییش تا ببنە پرەنسیپێك و نیشـانەکانی ڕشـتەبەندییەکان زۆر واقیعییانـەتر جیابکاتەوە، یان ڕوونتر بلێم تا پەیوەست بێت بە ژیانی ڕۆژانەوە کـە بـە سروشـتی خۆی فرە ڕەهەندە –هەروەك ڕوونمانکردووەتەوە–، بە جـۆرێ کـە شـەبەنگێك لـە ئاستەکانی نێوان چەمکە دوالیزمەکان بگرێتەوە. ئێمـە ئـەم چـەمکەمان لـە بەشـی پێنجەمدا پراکتیزە کرد لەسەر بابەتی (حوجییـەت) کـە جـوداو جیـاوازە لـە نێـوان حوجییەتی کامڵ لە لایەك و ناڕەوایی ڕەها لە لایـەکی تـرەوە، کـە ئـەوەش بـەپێی سەرچاوەکانی مەعریفەیە، لە ئەقڵییـەوە بـۆ ئاسمـانی. بـەڵام لـەم باسـەماندا، سا بەڵکو چەند هەنگاوێکی پاڵ بە فیقهـی ئیسـلامییەوە ڕوو بـە فـرە ڕەهەنـدی بنـێین ئـەویش لـە ڕێگـای پراکتیزەکردنـی ئـەم ئاراسـتەیە لەسـەر دوو چـەمك لـە چـەمکە ئوسوڵییەکان، ئەوانیش چەمکی (گومانبڕیی) و (دژ بەیەکی یان گوماناویی)ن.

### شەبەنگی گومانبڕین:

عادەت وایە کە دەبێت لە سەرەتای هەر بابەتێك لە بابەتەکانی ئوسوڵدا توێـژەر هەستێ بە پێناسەکردنی چەمکەکە، ئەو پێناسەیەش –وەها من دێتە پێشچاوم لـە کاریگـەری ئەرسـتۆیە– یـان لەسـەر بنـەمای چـییەتی شـتەکەیە یـان لەسـەر (سـنورداركردنیەتی)–، یـان لەسـەر بنـەمای وەسـفکردنی شـتەکەیە یـان (وێنەکەیـەتی)، پێناسـەکردن لەسـەر بنـەمای سـنورداركردن بـە کلاسـیکی شیکردنەوەیەکی زمانـەوانی دەگرێتـەوە کـە دەگـەڕێت بـەدوای ڕیشـکی وشـەکەدا، ئەوەش بە مەبەستی گەیشتنە بە (چییەتی) ئەو چەمکەی کە پەیوەستە پێیـەوە[١].

---

[١]– مدرسة المتكلمين، فلوسي، ل/٣٣٢.

مەششائییەکان پێناسەی چەمکەکان یان زاراوەکانیان بەپێی سیفەتەکان دەکرد کە (جیایان دەکردنەوە) لە چەمك و زاراوەکانی تر[١]. بەلاَم ئیبن تەیمییە لە گەرمەی ڕەخنەگرتنی لە فەلسەفەی یۆنانی بە درێژی قسەیکردووە لەسەر ڕۆڵی پێناسەکان لە جیاکردنەوەی چەمکەکاندا، ڕەخنەی لە ئەشعەری و موعتەزیلەو جەعفەرییەکان گرتووە، ئەوانەی ڕێبازی غەزالییان گرتووەتەبەر کە لە پێناسەکردندا پەیڕەوی لە بنەمای سنوردارکردنی شتەکە کردووە[٢]. ئیبن تەیمییە ڕەخنەی لە پێشەکییە لۆژیکییەکی غەزالی گرتووە کە لە کتێبی (**المستصفی**)دا دایڕشتووە، بەڵگەی ئیبن تەیمییە ئەوەیە کە مەبەست بە پێناسەکە بە پشتبەستن بە (سنوردارکردن) لە هەر حاڵەتێکدا بریتییە لە جیاکردنەوەی چەمکەکان و لەوە زیاتر نیە[٣].

بەمشێوە ئەوا ڕێبازی فیقهناسان لە پرۆسەی جیاکردنەوەیان لە نێوان چەمکەکاندا، ئیتر لەسەر بنەمای پشتبەستن بێت بە سنوردارکردن یان لەسەر وێنەکە، وا لەو جیاکردنەوەیان دەکەن کە بەردەوام بمانبات بۆ پێناسەکردنی هەر چەمکێك لە ڕووی پەیوەندییەوە بە لایەنی بەرانبەریەوە لە جۆرە دوالیزمەییەکدا، یان وەهایە کە لە پەندە عەرەبییە باوەکەدا دەیبینین کە دەڵێ (شتەکان بە دژەکەیاندا جیادەکرێنەوەو دەناسرێنەوە).

| | |
|---|---|
| **گومانبڕ (یەقینی)** | **گوماناویی** |

**شێوەی ٦-٣: بەڵگە فیقهییەکان بە کلاسیکی دابەش دەبن بۆ (گومانبڕ) و (گومانا‌ویی)**

[١]- المنطق والفقه، علي، ل/١٥٠.

[٢]- درء تعارض العقل والنقل، إبن تيمية، ب١، ل/١٤.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل/ ١٥-٢٣.

دابەشکردن بۆ گومانبڕی و گومانـاویی دابەشـکردنێکی دوالیزمەییـەو لـە هـەموو میتۆد و مەزهەبە فیقهییە ئیسلامییەکاندا بـاوە (شـێوەی ٦–٣)[1]. تەنانـەت غـەزالی پێناسـەی خـودی لۆژیـك دەکـات کـە بریتییـە لـەو (یاسـایەی پێناسـەو پێوانـەکان جیادەکاتەوە، جیاوازی کردووە لە نێوان مەعریفەی یەقینی و شتانی تردا)[2]. بەڵکو هەنـدێ بەڵگـەی ئوسـوڵی پەسـەندن تـەنها بـەوەی کـە (بـواری یـەقینیان فـراوانتر کردووە) لە فیقهی ئیسلامیدا، بۆ نمونە عەلی جومعە بەڵگە بـە زەرورەتـی کـارکردن بە کـۆدەنگیی دێنێتـەوە، دەڵـێ: (قەتیسـکردنی ئـامرازە سـەرەکییەکان تـەنها بـۆ تێگەیشـتن لـە بەڵگـەی دەقـەکان بـواری یـەقینی لـەوەی کـە زەرورەت دەیخـوازێ بچوکترە دەکاتەوەو بووەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی گرفتێکـی ڕاسـتەقینەو وایکـردووە کۆدەنگیی بە زەروری بکرێتە بەڵگەیەك تا بازنـەی یـەقین فـراوانتر بکـات و بەڵگـەو واتا گوماناوییەکان ببات بەرەو بازنەی ڕەهایی)[3]. بـەڵام ئـەم یەقینـەی فیقهناسـان ئیدیعا دەکەن کە پێیگەیشتوون، کەچی هێشتا هەر کۆششـی بـۆ دەکـەن، جۆرێـك کەشو هەوای ڕەهایی هێناوەتە کایەو بووتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین گرفـت، ئـەو فیقهناسانە لە چەندین مەسەلەی فیقهـی ئیجتیهـادی دا بـەجۆرەها شـێوە بـاس لـە یـەقینی ڕەهـا دەکـەن، کـە هەیانـە شـێوەی زمانـەوانی یـان (بەڵگـەی گومـانبڕ)ی وەرگرتووە، هەیانە شـێوەی مێـژوویی یـان (گومـانبڕی سـەلماندن)ی وەرگرتـووە، هەیانە شێوەی لۆژیکی یان (گومانبڕی لۆژیکی) وەرگرتووە.

کەواتە با لێرەدا هەندێ لەو شێوەو واتا نەرێنییانە بخەینەڕوو:

یەکەم: کەسانێك دەڵێن دەقە (ڕوونەکان)ی–بـە مانـای زمانـەوانیی– قورئـان و سوننەت دەقـی (بەڵگـەی گومـانبڕن). دەبـا چـەند نمونەیـەك بـۆ چـوار فـەرموودە

---

[1] – القطع والظن في أصول الفقه الإسلامي، عبدالله ربيع، ل/٢٤–٢٧.

[2] – مقاصد الفلاسفة، أبو حامد الغزالي. ١٩٦١، ل/٣.

[3] – علم أصول الفقه وعلاقته بالفلسفة الإسلامية، ١٩٩٦، ل/٢٩.

پیرۆزەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە هەموویان فەرموودەی ڕاست یان باشن وەربگرین.

١-پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) گوێبیستی دوو کەس بوو کە-لەسەر بەکرێدانی زەوی-ناکۆکییان بوو، فەرمووی: ((ئەگەر ئەمە داب و نەریتتان بێت زەوییەکە مەدەن بە کرێ))[١].

٢- پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە ئافرەتە تەڵاقدراوەکەی فەرموو: ((تۆ تا شوو نەکەیت حەقدارتری بە منداڵەکە))[٢].

٣- پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((موسڵمان زەکاتی ئەسپەکەی نادات))[٣].

٤- پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((خوێنبایی کوشتنی ڕۆحێك سەد وشترە))[٤].

مانای زامانەوانی ڕووت بۆ چوار فەرموودەکەی سەرەوە و (حوکمە گومانبڕەکانی) کە ئاماژەی پێدەدەن بەمجۆرەیە:

١-بەدڵنیایی کە بەکرێدانی زەوی کشتوکاڵ حەرامە[٥].

٢- هەرکات ئافرەتی تەڵاقدراو شووی کردەوە ئەوا مافی دایەنی منداڵەکەی لە دەست دەدات[٦].

٣- ئەسپ زەکاتی لێنادرێ[٧].

---

١- السنن، سليمان أبو داود، ب٣، ل/٢٥٧.

٢- المستدرك على الصحيحين، الحاكم النيسابوري، ب٢، ل/٢٥٥.

٣- الصحيح، البخاري، ب٥، ل/٢٢١٦.

٤- المستدرك على الصحيحين، النيسابوري، ب١، ل/٥٥٣.

٥- الصحيح، البخاري، ب٢، ل/٥٣٢.

٦- بداية المجتهد، إبن رشد، ب٢، ل/٤٣.داية

٧- شرح الفتح القدير، السيواسي، ب٢، ل/١٩٢.التمهيد، إبن عبد البرّ، ب٤، ل/٢١٦.

٤- بڕی خوێنبایی بریتییه له سەد وشتر[١].

لەڕاستیدا میتۆدی دەرهێنانی حوکمەکانی سەرەوە لـە دەقـە (ڕاشـکاو)ەکانەوە ئەوە دەگەیەنێ کە حوکمی گومانبڕو کۆتایی بن، لە واقیعدا حیساب بۆ ئەوە ناکات کە دەکرێ دەقی تر هەبن ئاماژە بدەن بە هەموارکردنی ئەو حوکمانە کە وا گومـان دەبرێ حوکمی فەرزبوون بن. زانایان پێداگرییان کردووە کە دەبـێ ئـەو فاکتـەرەی تر هەمان پلەی گومانبڕی فەرموودەی یەکەمی هەبێت[٢]، ئەگەر نا، ئەوا ئەو فەرزەی کە لە فەرموودەی یەکەم سودی لێوەرگیراوە لەسەر حاڵەتی خۆی دەمێنێ. چونکە فەرمانی یەکەم ڕاستەوخۆ لە خوای گـەورە یـان پێغەمبەرەکەیـەوە (درودی خـوای لەسەر) هـاتووە، کەواتـە هـەر دەسـتەواژەیەکی تـر کـە دەکـرێ کاریگـەری لەسـەر مەسـەلەکە هـەبێت دەبێـت لـە هـەمان سەرچـاوەوە بێـت، تەنانـەت بـا ئـەو سەرچاوەیەی تر دانپێدانان و ڕەزامەندی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بێت ئەوا هـەر جێگـای فـەرمانێکی ڕاشـکاوانە ناگرێـت. گریمـان یـەکێك لـە لێکدانـەوەکانی فەرمانەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەوە بێت کە مەبەستی بە گفتارەکـە ئەوە نەبووە کە گومانبڕ و سنوردار بێـت، بـەڵکو گفتارەکـەی پەیوەسـت بـووە بـە میانەیەکی تایبەت کە پێویستی بە دەرکردنی ئەو فەرمانەوە بووبێت (واتە میانـەی ئابووری یان سیاسی یان ژینگەیی سنوردار). لە خـوارەوە چـەند نمونەیـەك لەسـەر ئەو لێکدانەوانە یـان (تایبەتکردنانـە) کـە دەربـارەی چـوار فـەرموودە پیرۆزەکـەی پێشەوە هاتوون دەخەینەڕوو:

١- پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) ڕێگـیری لـە هـاوەڵانی کـردووە کێڵگـە کشتوکاڵییەکان بدەن بە کرێ تەنها لەبەر ئەو ناکۆکییە کە ڕوویداوە، بـەم پێیـەش

---

[١]- فتح الباري في شرح صحيح البخاري، إبن حجر، ب١٠، ل/٣٧٥.

[٢]- الإحكام في أصول الأحكام، علي الآمدي، ب٦، ل/١٢٤.

ئەوا فەرمانەکەی لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئەگەری ڕوودانی ناکۆکی لە ئارادا بێت جێبەجێ ناکرێ[1].

٢- پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) زانیویەتی کە ڕێکخستنی دایەنگەیی باشترین ڕێگاچارەیەکی بەردەستە لە نێو میانەیەکی کۆمەڵایەتی سنورداردا کە مامەڵەی لەگەڵدا بکات. کەواتە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە کاتی خۆیدا فەرمانێکی گشتی دەرکردووە. بە دەستەواژەیەکی تریش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا کردووە کە لەبەردەستیدا بووە وەك دادوەر نەك وەك گەیەنەرێکی فەرمانی پەروەردگارەکەی[2].

٣- ئەگەر نرخی ئەسپ گەیشتە بڕێکی باش لە سامان، ئەوا زەکاتی لەسەر فەرز دەبێت[3].

٤- لەڕاستیدا بڕی خوێنبایی و سەد وشتر مەسەلەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ عورفی ژیانی ئەو سەردەمە لە دوورگەی عەرەبیدا کە لە کاتی هاتنی پەیامدا ئەوە باو بووە[4].

مەزهەبە باوەکان جگە لە لێکدانەوەی یەکەم ئیتر هیچ یەك لەو چوار میانەیە کە باسمانکردن بە هەند ناگرن. هۆکاری پەسەندکردنی مەزهەبەکان بۆ ئەو میانەیە ئەوەیە کە فەرموودەی هاوتا لە پلەی ڕاست و دروستدا هەن کە بەڵگەن لەسەر ئەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕەزامەندی بە هەندێ گرێبەستی بەکرێدانی زەوی داوە. بەڵام سێ مەسەلەکەی تر، بەڵگەی (گومانبڕ) نین تا پشتگیرییان لێبکەن، هەربۆیە ئەمان ڕەتکراونەتەوە. چونکە تەنها بەڵگەو دەقی ڕاستەوخۆی فەرمانەکان

---

[1]- السنن، أبوبكر البيهقي، ب٦، ل/١٢٤.باسیکردووە بەڵام دەقی پشتگیرکاری نەهێناوە.

[2]- سبل السلام، محمد الصنعاني، ب٣، ل/٢٢٧. باسیکردووە بەڵام دەقی پشتگیرکاری نەهێناوە.

[3]- منهج عمر، بلتاجي، ل/١٩٠.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ل/١٩٠.

دانراون به گومانبڕ، له بەرانبەرەوە ئەو باروددۆخە گریمانەییانە کە لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا بە دەقێکی ڕاشکاو نەهاتوون کە گەیشتبنە هەمان پلەی گومانبڕی ئەوا بە هەند ناگیرێن، بەم پێیە دەچنە پلەی (گومانەوە). ئەی چۆن نا چونکە ڕێسایەکی شەرعی تر هەیە کە دەڵێ: (یەقین بە گومان لاناچێت). دەرئەنجامەکە ئەوەیە مادامێ ئەو فەرمانانەی کە بە دەق هاتوون ئەوا بە سروشتی لە قورئان یان لە فەرموودەوە هاتوون، زۆرجاریش ڕاڤەی بارودۆخ و ئەو میانانەی کە بوونەتە هۆی دەرکردنی ئەو فەرمانانە هاودەمی فەرمانەکان نەبوون، کە پێشتر باسمانکردوون، کەواتە پەیوەندی دوالیزمەیی (یەقین/گومان) دەرهەقیان جێبەجێ دەکرێ، ئەوەش تەنها لە ڕووی بەڵگەی زمانەوانییەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی تەمومژو ئاڵۆزی لە دەرکردنی حوکمی فیقهی بەرتەسك و لە دەرەوەی میانەی هاوچەرخ.

بۆ ئەو یەقینەش کە پەیوەستە بە ڕاست و دروستی مێژووییەوە واتە (گومانبڕی سەلمێنراو) ئەوا بە پلەی جیا جیا دابەش دەبێت، لە فەرموودەی موتەواتیرەوە پلە بە پلە دەست پێدەکات تا دێتە سەر فەرموودەی ئاحاد. کاتێك حوکم بەسەر فەرموودەیەکدا دەدرێ کە موتەواتیرە (کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی ترەوە گواستبێتییەوە کە ڕێکەوتن لەسەر درۆکردن لە نێوانیاندا مەحاڵ بێت)[1]. هەمووی قورئانی پیرۆز و ژمارەیەکی کەم لە فەرموودە پیرۆزەکان دەکەونە ناو ئەم دەستەیەوە[2]. بەڵام زۆرینەی زانایان ئەو فەرموودە ئاحادنەیان کە ئوممەت پەسەندی کردوون خستووەتە ناو گومانبڕی سەلمێنراوەوە کە وتوویانە ئەوانیش هەر یەقینین. لەبەرئەوە پێشەوا ئیبن صەلاح لە کتێبە سەرچاوەییە گرنگەکەیدا لە زانستی زاراوەکانی فەرموودەدا دەڵێ ئەو فەرموودەیەی کە هەردوو پێشەوا

---

[1]- تدريب الراوي، جلال الدين السيوطي، ب٢، ل/١٨٠.

[2]- النشر في القراءات العشر، إبن الجزري (ت٨٣٢ك/ ١٤٢٩ز) لە کتێبێکیدا دەربارەی ڕیوایەتەکانی قورئانی پیرۆز. ل/١١٧-٢٨٠.

بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری ئەو (ڕاست و دروستییەکەی گومانبڕە)، چونکە ڕێککەوتنی ئەم دوو پێشەوایە لەسەر فەرموودەیەك مانای ئەوەیە کە (پێویست دەکات) ڕێککەوتنی هەمووی ئوممەتی لەسەر بێت، جا بەو پێیە کە ئوممەت (بێ هەڵەیە) ئەوا ئیبن صەلاح بەردەوام دەبێت لە گوتەکانیداو دەڵێ ئەو فەرموودانە (زانستی تیۆری یەقینی) بەدوای خۆیاندا دێنن[1].

زۆرێك لە زانایان گوتەکەی ئیبن صەلاحیان لا پەسەندە. بۆ نمونە ئیبن تەیمییە لە کارکردنی بە فەرموودەی ئاحاد کە ئوممەت بە پەسەند وەریگرتوون هەمان بەڵگە بەکاردەێنێ تا ببنە بەڵگەیەك لەسەر (سەلماندنی بنەماکانی ئاین)[2]، چونکە ئیبن تەیمییە مەسەلە باوەڕییەکانی والێکردووە کۆمەڵە مەسەلەیەك بگرێتەوە وەك: (باوەڕبوون بە سیفەتەکانی خوای گەورە)، (ئارامگرتن لەسەر پێشەوایانی قورەیش)، (دەستهێنان بەسەر هەدوو خوفدا لە دەستنوێژگرتندا)، دانانی سۆزی سۆفی بە (بیدعە لە ئایندا)[3]. جا ئەو مەترسییەی لەمجۆرە گوتانەدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە وەك ئەوەی ئیبن تەیمییە، کاتێکە کە بزانین پێوەرەکانی متمانەبوون لە زۆرێك لە ڕیوایەتکاراندا لە هەموو نەوەکان دەکەوێتە بەر ڕا جیاوازییەك تەنانەت لە نێو یەك مەزهەبیش لە مەزهەبە باوەڕپێکراوەکاندا، کەواتە ئەمجۆرە ڕا جیاوازییەش دەبێتە هۆی جیاوازی لەو مەسەلەیەدا کە پێی دەوترێ (باوەڕ) و ناتوانرێ چارەبکرێ ، سەرئەنجام ناکۆکی و دووبەرەکی مەترسیداریان لێدەکەوێتەوەو دەگاتە ئاستی شەڕ و کوشتار، ئەمەش بە کردەیی لە مێژووی ئیسلامیدا ڕوویداوە

---

[1]- المقدمة في علوم الحديث، إبن صلاح، ل/٢٨.

[2]- المسودة في أصول الفقه، إبن تيمية، ل/٢٢٣.

[3]- كتب ورسائل وفتاوى، إبن تيمية، ل/٧٨-٨٣.

٢- التحديث بأسم الله، ل/٢٣٨.

که لەبەرئەنجامی هێنانە ناو کۆمەڵ مەسەلەیەکی (باوەڕ)ەوە لە لایەن هەندێ لە زانایانەوە بووە.

لەبەرئەوە لەپێناو گەشەدان بە کەلتوری لێبوردەیی و پێکەوەژیان گرنگە بێین جیاوازی بخەین بە لانیکەمەوە لە نێوان فەرموودە ئاحادە گوماناوییەکان و مەسەلە باوەڕییە یەقینییەکاندا، حوکمدانیش لەسەر مەسەلە گوماناوییەکان–هەروەك خالید ئەبو لفەزڵ نوسیویەتی–حوکمێك بێت بونیاتنرابێت لەسەر سەرنجدان و ئەزموون، واتە ئەوەی دەمێنێتەوە زانستی کۆمەڵناسیی بڕیاری لەسەر بدات[1].




**شێوەی ٦–٤: کاتێك بەڵگەکە سەلمێنراو و گومانبڕ بێت و بەڵگەی بەواتای گومانبڕ بێت ئەوا دەبێتە (بنەما باوەڕییە گومانبڕەکان لە ئایندا کە نکوڵی لێناکرێ).**

پاشان زانایان دەستەیەکی نوێیان دۆزییەوە کە زەمینەیەك بێت بۆ یەکتربڕین لە نێوان دوو دەستە پێشووەکەدا کە لە شێوەی ٦–٤ دا دەبینرێ، واتە لە نێوان دەستەی سەلمێنرای گومانبڕ و دەستەی بەڵگەی مانایی گومانبڕدا، ئەم دەستەیە یەقین بوونی باڵاترە، وتوویانە بریتییە لە (معلوم من الدين بالضرورة) واتە بنەما باوەڕییە گومانبڕەکانی ئاین. بەم پێیە زۆربەی زانایان کۆدەنگن ئەگەر کەسێك

---

[1]– الدرّ المنثور، السيوطي، ب٣، ل/٨٦.

نکولی بکات له یەکێك لەو مەسەلانە کە بەڵگەی سەلمێنراوی گومانبڕن و بەڵگەی مانایی گومانبڕن ئەوا دەچێتە ناو پێناسەی پاشگەزبوو–مرتد–ەوە[1].

خودی (کۆدەنگیی زانایان)یش بە درێژایی سەدەکان کەوتووەتە بەر پرۆسەی (لێکۆڵینەوەو یەقین بوون) لە ڕوودانی. جا وێڕای مەحاڵبوونی لێکۆڵینەوە لەو ڕا جیاوازە زۆر زۆرانە دەربارەی هەمان پێناسەی کۆدەنگیی–وەك پێشتر باسکران– ئەوا هەر بووە هۆی هاتنە ناوی کۆمەڵە مەسەلەیەکی زۆر گوایا ئەوانەش لە (گومانبڕەکانن)، لە کاتێکدا کە ئەوانە هەر لە بنەڕەتەوە کۆمەڵە مەسەلەیەك بوون ناکۆکییان لەسەر بووە. ئەنجامەکەشی چەندین شەڕو دووبەرەکی مێژوویی لێکەوتووتەوە کە بونیادنراون لەسەر تۆمەتبارکردن و دژە تۆمەتبارکردن بە داهێنان لە ئایندا و پاشگەزبوونەوە لە نێوان پەیڕەوانی هەموو مەزهەبە فیقهی و سیاسییەکاندا، پێشتر ڕوونمانکردووەتەوە. هەموو ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییانەش کە دەوروژێنران لەوبارەیەوە بوو کە پەیڕەوانی هەر لایەنێك قەناعەتی تەنها بەوە بوو کە خۆی بە بنەما باوەڕییە گومانبڕەکانی دادەنا (معلوم من الدين بالضرورة).

لێرەدا دوالیزمەیەکی سێیەم لە دوالیزمەکانی (یەقین) بوونی هەیە ئەویش بریتییە لە بواری (بەڵگەی لۆژیکی گومانبڕ) یان زەرورەتی لۆژیکیی، یان یەقینی لۆژیکی. لە توێژینەوەی فیقهیدا لەوەدا کە پەیوەستە بە پێوانەگیرییەوە بەڵگەی لۆژیکی بەکاردەهێنرێ، ئەویش بەرپا دەبێت لەسەر وێکچوونی هۆ لە نێوان دوو حوکمدا، پێشتر ئاماژەی پێکراوە. بەڵام بە تەنیشت شیعەو زەیدی و زاهیریی و هەندێ لە موعتەزیلە–کە هەموویان حوجییەتی پێوانەگیریی هەر لە بنەڕەتەوە ڕەتدەکەنەوە–[2] هەندێ لە زانایانی مەزهەبە سوننییەکانیش گوزارشتیان داوە لە

---

[2]– حجية الأدلة، سلطان، بەشی سێیەم.

گومانیان له یەقینی لۆژیکیی کە کار بە پێوانەگیریی بە هۆ دەکات، لەو زانایانەش پێشەوا غەزالییە، دەڵێ شەش هۆکار هەن کە خرانە پاڵ حوکمێکی دیاریکراو وای لێدەکەن لە حاڵەتی (ئەگەردا) بمێنێتەوە[1]، دەڵێ:

١-ئێمە وا دادەنێین کە هۆکارێکی دیاریکراو بۆ حوکمێك بوونی هەیە، لە کاتێکدا لای خوای گەورە ئەو هۆکارە هەر بوونیشی نیە[2].

٢- لەوانەیە حوکمەکە لای خوای گەورە هۆکاری هەبێت، بەڵام ئێمە بە هەڵە لێی تێدەگەین.

٣- لەوانەیە حوکمەکە لای خوای گەورە زیاتر لە هۆکارێکی هەبێت، بەڵام ئێمە بە هەڵەدا دەچین کە کورتیدەکەینەوە لە یەك هۆکاردا.

٤- لەوانەیە حوکمەکە لای خوای گەورە یەك هۆکاری هەبێت، بەڵام ئێمە بە هەڵەدا دەچین و هۆکاری ناڕاستی تری بۆ زیاد دەکەین.

٥- دەکرێ ئێمە بە تەواوەتی سەرکەوتووبین لە دیاریکردنی هۆکاری حوکمەکە، بەڵام بە هەڵەدا بچین ئەو حوکمە وێکبچوێنین بە حوکمێکی تر، کە لای خوای گەورە وانەبێت.

٦- دەکرێ لەوەدا هەڵەبین بێین بە بۆچوونی خۆمان هۆکارێك بدەینە پاڵ حوکمێك، بێئەوەی کۆششی پێویستمان لە ئیجتیهاکردندا کردبێت.

پاشان غەزالی لە واقیعدا ڕای (مصوبة)کانیشی کردووەتە هۆکارێك و خستوویەتە پاڵ شەش هۆکارەکەی پێشەوە، ئەویش بریتییە لەوە کە ئەگەری هەیە خوای گەورە یەك هۆکاری ڕاستی بۆ هەر حوکمێك نەدابێت، بەڵکو هۆکاری ڕاست ئەوەیە کە ئەقڵی هەر موجتەهیدێك بە ڕاستی دەبینێت. لەڕاستیدا جیاوازی خستنی غەزالی

---

[1]- المستصفى، الغزالي، ل/٣٠٤.

[2]- ئەمە بەپێی مەزهەبی غەزالی ئەشعەریی، باوەڕیان وایە کە خوای گەورە (پاکوبێگەردە لەوەی کارەکانی مەرام و مەبەستییان هەبێت)، لە باسی ٣-١ دا ڕوونمانکردووەتەوە.

لـه نێـوان ڕاسـت (لای خـوای گـەورە) و ڕاسـت (لای موجتەهیـد)، لـە میانـەی شیکردنەوەی بۆ هۆکار کە پێشتر باسمانکردووە، پشتگیری لە سروشتی پەیپێبردن بۆ بیرکردنەوەی فیقهی بـە گشـتی دەکـات، کـە لـە باسـی ٦–١ دا بـۆ شـیکردنەوە خستمانەڕوو. ئەمجۆرە ئاڕاستەیە وا لە پێوانـەگیریی دەکـات کـە لـەجیاتی ئـەوەی بکەوێتە ناو بەڵگە (یەقینییەکانەوە) لە نێوان بەڵگە (ئەگەرییەکاندا) بێت، کە ئەمە نزیکترە لە وردەکاری زانستییەوە.




**شێوەی ٦–٥: یەقین/ ئەگەر (بە زیادکردنێکی هێڵ نەکێشراو) زیاد دەکات ئەویش بەپێی ژمارەی بەڵگە بەردەستەکان.**

بـەڵام دابەشـکردنی مەسـەلەکان تـەنها بـۆ یـەقین و گومـان بووەتـە بەشـێك لـە مێژوو! بەڵگە سەلمێنراوەکانی لۆژیکی نوێ ئەوە دەخـوازن بـوونی ئەگـەر لـە هـەر دەرئەنجامێکدا بەهێز بکەین ئـەویش بـە پشتبەسـتن بـە ژمـارەی ئـەو بەڵگانـە کـە پشتگیری لێدەکەن. لەبەرئەوە (شـەبەنگێك) لـە پلـەکانی یـەقین و گومانـدا بـوونی هەیە، نەك تەنها دوو پلەی ساکاری چەقبەستووبن. کەواتە پلەی یەقین، یان ئەگەر

بتەوێت دەتوانی ناوی پلەی ئەگەری لێبنێیت، بە شێوازێکی گەورەبوون (یان نا هێڵیی) بەپێی ژمارەی بەڵگە بەردەستەکان زیاد دەکات (بڕوان شێوەی ٦–٥). تەنانەت لۆژیکی قورئانی پیرۆز لە سەلماندنی بوونی خوای گەورەدا وەك شەبەنگێك دەبینم نەك وەك دابەشکردنێکی دوالیزمەیی: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ ﴾ یونس:١٠١، ﴿ فَٱرۡجِعِ ٱلۡبَصَرَ هَلۡ تَرَىٰ مِن فُطُورٖ ﴾ الملك:٣. کەواتە هەتا مرۆڤەکان بەڵگەی بوونی زاتی خوا لایان زیاتر بێت ئەوا یەقینیان زیاتر دەبێت، بەڵگەکانیش لەسەر بوونی زاتی الله لە ژمارە نایەن. جەختکردنیش لە بڕی (گومان) کە ڕیشکی لە پرۆسەی ئیجتیهادی فیقهیدا داکوتاوە دەبێتە هۆی نەرمی نواندن لەو حوکمانەدا کە لەبەرئەنجامی ئەو پرۆسەیەوە سەرهەڵدەدەن.

### چارەسەرکردنی (ناتەبایی و بەریەککەوتن) بە فرەیی ڕەهەندەکان:

جیاوازییەکی ئوسوڵی لە نێوان ئەوەدا پێی دەوترێ ناتەبایی و بەریەککەوتن یان جیاوازی بەڵگەکان–تعارض– (واتە ئایەتەکان یان فەرموودەکان) و نێوان پێچەوانە بوونیاندا –تناقض– بوونی هەیە[١]، دژ بەیەکی وەها پێناسە دەکرێ کە دەرئەنجامێکی لۆژیکییە بۆ دابەشکردنی ڕاستگۆیی و درۆ، یان بوونی ڕاست یان ناڕاست لە هەمان مەسەلەدا و ئەگەرێکی سێیەم بوونی نیە[٢].

بەڵام بەریەککەوتن یان جیاوازی لە نێوان بەڵگەکاندا وەها پێناسە دەکرێ کە بریتییە لە (بەریەککەوتن لە زەینی موجتەهید دا نەك لە هەمان مەسەلەدا)[٣].

---

١– المستصفى في أصول الفقه، الغزالي، ل/٢٧٩. الموافقات، الشاطبي، ب٤، ل/١٢٩. كتب ورسائل وفتاوى، إبن تيمية، ب١٩، ل/١٣١.

٢– مقاصد الفلاسفة، الغزالي، ل/٦٢.

٣– كتب ورسائل وفتاوى، إبن تيمية، ب١٩، ل/١٣١.

ئەمەش مانای ئەوەیە کە کاتێ دوو بەڵگە دێنە لای موجتەهید (لە قورئان یان لە فەرموودەدا) و لە ڕواڵەتدا لەیەك جیاوازن، ئەوە مانای ئەوە نیە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە جیاوازن و شیاوی چارەسەر نین. لەوانەیە جیاوازییەکە لە تێگەیشتنی فیقهناسەکەدا بێت، بەجۆرێ هەردوو بەڵگەکە وا دەربکەون کە شیاوی ئەوە نین گونجاندنیان بۆ بکرێ، چونکە کەموکورتییەك لە تێگەیشتنی فەرموودەکەدا هەیە، هەرچەندە ئەگەرێك هەیە کە زۆرتر دێتە ناو، ئەویش بوونی کەموکورتییە لەو زانیارییانەدا کە لە ڕیوایەتەکاندا هاتوون لە کات یان بارودۆخ یان ئەو جێگایەدا کە دەقەکەی تێدا هاتووە، هەموو ئەم فاکتەرانەش کاریگەری گەورەیان لەسەر تێگەیشتن و پراکتیزەکردن هەیە[1].

لە لایەکی ترەوە جیاوازی ڕاستەقینە لە شێوەی ڕووداوێکی ناوازەدا ڕوودەدات کە بە چەندین شێوەی جیاواز لەسەر زمانی هەمان ڕیوایەتکار یان لەسەر زمانی ڕیواتەکارە جۆراو جۆرەکانەوە دێن [2]، گومانی تێدا نیە ئەمجۆرە جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەکانی ڕیوایەتەکە بەهۆی لاوازی بیروهۆشەوە، یان بەهۆی نیەت خراپییەوە ئەگەر لە نێو ڕیواتەکاراندا کەسی بڕواپێنەکراویان تێدا بێت[3]. ئەوەی کە مرۆڤ لە حاڵەتەکانی جیاوازیدا لە ڕووی لۆژیکییەوە پێی دەگات ئەوەیە کە بوترێ یەکێك لە فەرموودەکانمان بە شێوەی ورد پێنەگەیشتووەو دەبێت ڕەتبکرێتەوە (لەوانەیشە هەردوو فەرموودەکە ڕەتبکرێنەوە).

با ئەم نمونەیە وەربگرین، ئەبو هورەیرە گێڕاویەتەوە، هەروەك ئەحمەد کوڕی ئەبی حەسان دەریهێناوە، کە دوو کەس چوونەتە سەردانی عائیشەو وتوویانە: ((ئەبو هورەیرە دەڵێ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی:

---

[1]- كشف الأسرار، عبد العزيز البخاري، ب٣، ل/٧٧.

[2]- فقه المقاصد، عودة، ل/٦٥-٦٨.

[3]- الإبهاج في شرح المنهاج، السبكي، ب٣، ل/٢١٨.

نەگبەتی لە ئافرەت و لە وڵاغی سواری و لە خانوودایە))[١]. عائیشە-خوا لێی ڕازی بێت- وتوویەتی: ((سوێند بێت بەو زاتە کە قورئانی ناردووتە خوارەوە بۆ ئەبولقاسم پێغەمبەر بەمجۆرەی نەفەرمووە، بەڵکو پێغەمبەری خوا دەیفەرموو: خەڵکانی سەردەمی نەفامی دەیانوت: نەگبەتی لە ئافرەت و لە وڵاغی سواری و خانوودایە))[٢]. لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ ئەم دوو فەرموودە ڕاستە جیاوازن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجڕاکێشانە ئەوەیە کە زۆربەی ڕاڤەکارانی فەرموودە فەرموودەکەی عائیشەیان ڕەتکردووەتەوە، لە کاتێکدا کە فەرموودەی تر هەن پشتگیری لێدەکەن، وەك ئەو فەرموودەیە کە موعاویەی کوڕی حەکیم لە مامەیەوە میخمەر کوڕی موعاویە ڕیوایەتی دەکات کە وتوویەتی: گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم (درودی خوای لەسەر) دەیفەرموو: ((نەگبەتی نیەو لەوانەیە بەرەکەت لە ئافرەت و ئەسپ و خانوودا بێت، وە وێڕای بەڵگەهێنانەوەی عائیشە بە واتای ئایەتەکەی سورەتی الحدید کە دەفەرموێ[٣]: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴾ الحديد:٢٢ بەڵام ئیبن جەوزی دەبینین کە دەڵێ: (ئەمە ڕەتکردنەوەی فەرموودەیەکی ڕاشکاوە کە ڕیوایەتکارانی بڕواپێکراون)، وێڕای ئەوە کە خودی فەرموودەکەی عائیشە فەرموودەیەکی ڕاشکاوەو ڕیواتکارانی متمانەپێکراون، ئایا وا نیە؟ ڕەخنەش لە ئەبوبەکر کوڕی عەرەبی دەگرێ کە وەسفی گوتەکەی عائیشە-خوا لێی ڕازی بێت- دەکات کە وتوویەتی (گوتەیەکی داڕوخاوە)، چونکە پێشەوایەکی وەك ئەو بۆی نیە دەربارە بە عائیشەی دایکی باوەڕداران شتی وا بڵێ![٤].

---

[١]- الصحيح، البخاري، ل/٦٩.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- فقه المقاصد، ل/١٠٦.

[٤]- عارضة الأحوذي، أبوبكر المالكي إبن العربي، ب١٠، ل٢٦٤.

بەڵام جیاوازیی بەو مانایەی کە هێنامان بە پێی هەموو لێکۆڵینەوە کەلەپوری و هاوچەرخەکان دەربارەی بابەتی جیاوازی یان جیاوازی فەرموودەکە مەسەلەیەکی دەگمەنە[1]. زۆربەی حاڵەتەکانی جیاوازی جیاوازییە لە نێوان دوو فەرموودەدا ئەویش بەهۆی دەستخستنی بۆنەی هاتنی فەرموودەکەوەیە وەها ئێمە دەیبینین، نەك بە واتای دژ بەیەکی و پێچەوانەیی دەربارەی هەمان ڕووداو[2].

لێرەدا شەش میکانیزم هەن کە ئوسوڵییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی جیاوازیی لە مەزهەبە فیقهییە مێژووییەکاندا دەستنیشانیان کردوون، ئەوانیش ئەمانەن:

١-**کۆکردنەوە:** ئەم شێوازە لەسەر پرەنسیپێکی سەرەکی بەرپا دەبێت کە دەڵێ (بەدڵنیایی کە کارکردن بە دەق لەپێشترە لە فەرامۆشکردنی)[3]. لەبەرئەوە ئەو فیقهناسەی کە دەگات بە دوو فەرموودەی لەیەك جیاواز پێویستە بگەڕێ بەدوای بۆنەکە یان میانە ونبووەکەدا، دەبێت هەوڵبدات لێکدانەوە بۆ هەردوو فەرموودەکە بکات بەپێی ئەو میانەیە یان ئەو بۆنەیە[4].

٢- **هەڵوەشاندنەوە**: ئەم شێوازە ئاماژە بەوە دەدات ئەو دەقە کە لە ڕووی مێژووییەوە لەدوای دەقی یەکەمەوە هاتووە دەبێت دەقە کۆنەکە هەڵوەشێنێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك ئایەتێك لەگەڵ ئایەتێکی تردا ناگونجێت، ئەوا ئەو ئایەتەی کە لەدوای ئایەتەکانی ترەوە هاتووتە خوارەوە دادەنرێت بە دەقێکی هەڵوەشێنەر، ئایەتەکانی تر دەبنە هەڵوەشێنراو، بۆ فەرموودە لەیەك جیاوازەکانیش هەر بەهەمانشێوەیە، ئەو فەرموودەیە کە وادەزانرێ پێغەمبەر

---

[1]- أدلة الترجيح المتعارضة ووجوب الترجيح بينها، بدران بدران، ١٩٧٤.

[2]- فقه المقاصد، عودة، ل/٦٤.

[3]- الأشباه والنظائر، السيوطي، ب١، ل/١٩٢.

[4]- دروس في علم الأصول، آية الله محمد باقر الصدر، ط٢، ب٢، ل/ ٢٢٢.

(درودی خوای لەسەر) دوای فەرموودەکانی تر فەرموویەتی (ئەمە لە حاڵەتی زانینی بەرواری فەرموودەکان یان بتوانرێ ئەو ئەنجامە بگیرێ) ئەوا ئەم فەرموودە دواترینە هەموو فەرموودە جیاوازەکانی پێشی هەڵدەوەشێنێتەوە. زۆربەی زانایان ڕەزامەند نین لەوەی فەرموودەیەك ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هەڵبوەشێنێتەوە تەنانەت با دڵنیاش بین کە فەرموودەکە لەدوای ئایەتە قورئانییەکەوە هاتووە. هۆکارەکەش بریتییە لە (پلەی یەقین) کە ئەمەش کارتێکردنێکی لۆژیکی ساغ و دروستە بۆ جیاوازی پلەکانی یەقین لە نێوان ئایەتە پیرۆزەکان و فەرموودە ئاحادەکاندا.

بەڵام چەمکی هەڵوەشاندنەوە بە هەر مانایەك لەو مانایانەی کە هێنامانن لە فەرموودەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) لە کتێبە باوەڕپێکراوەکاندا بەڵگەیەکی نیە پشتگیری لێبکات. منیش هەستام بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕووپێوی بۆ ڕیشەی وشەی هەڵوەشاندنەوە –نسخ– (نَ سَ خَ) و هەموو داتاشراوەکان کە ئەگەری بوونیان هەیە لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە کتێبە فیقهییە ناسراوەکانی ئەمڕۆدا، لە نێویشیاندا بوخاری، موسلیم، ترمزی، نەسائی، ئەبو داود، ئیبن ماجە، ئەحمەد، مالیك، دارەمی، موستەدرەك ، ئیبن حەببان، ئیبن خوزەیمە، بەیهەقی، دارولقوتنی، ئیبن ئەبی شەیبە و عەبدولڕەزاق، تەنها یەك فەرموودەی ڕاست یان باش کە درابێتە پاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بوونی نیە کە هیچ یەك لەو وشە داتاشراوانەی تێدا بێت. لە کاتێکدا کە نزیکەی چل حاڵەت لە هەڵوەشاندنەوە (نسخ) لەو کتێبانەدا هاتووە، هەمووشیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕای یەکێك لە ڕیوایەتکاران یان ڕاڤەکاران لە ڕاڤەکردنی جیاوازیی، نەك بۆ هەمان دەقی فەرموودە پیرۆزەکە. ئێمە بابەتی هەڵوەشاندنەوە لە قسەو باسی هاوەڵان و کەسانی تریشدا لەسەر فەرموودەی پیرۆز دەبینین، بەڵام زۆربەیجار بە واتای (تایبەتکردن) هاتووە، واتە ڕاڤەی حاڵەتەکانی جیاوازییان لەسەر یەکێك لە دوو فەرموودەکە کردووە کە

(حاڵەتێكی تایبەتە) لەو پرەنسیپەدا كە دەقی فەرموودەكەی تری لەسەرە، نەك هەڵوەشاندنەوە بێت بە واتای سڕینەوەو لابردنی. هەروەها دەبینین كە كتێبە تەفسیرە كلاسیكییەكان تیۆری هەڵوەشاندنەوە لە قورئاندا ناسەلمێنن واتە لابردنی حوكمەكانی پێشتر بە حوكمەكانی دواتر، چونكە ئەو ئایەتە دیاریكراوانە كە دەوترێ هەڵوەشێنراونەتەوە بەزۆری كەوتوونەتە بەر ڕای جیا جیاوە[1].

٣- **پێشخستن (الترجیح)**: ئەم شێوازە بە واتای كاركردن دێت بەو فەرموودەیە كە (ڕاستێتی زیاترە)، ئینجا لابردن و پشتگوێخستنی فەرموودەكانی تر. ئەو ڕیوایەتە كە هەڵبژێردراوە ناودەبرێ بە ڕیوایەتی پێشخراو، ئەویش بە یەكێك یان زیاتر لەم نیشانانە لە ڕیوایەتی دواخراو جیادەكرێتەوە: بوونی ژمارەیەكی زۆرتر لەو فەرموودانە كە پشتگیری لە ماناكەی دەكەن، یان سەنەدەكەی كورتترە، یان گێڕەرەوەكانی زاناتر و فەرموودەی زۆرتریان لەبەرەو متمانەپێكراوترن، یان ڕیوایەتەكە ڕاستەوخۆ بێت نەك وەك ڕیوایەتەكانی تر لە گێڕەرەوەیەكی ترەوە گێڕدرابێتەوە، یان كاتی نێوان ڕیوایەتەكەو ئەو ڕووداوەی كە دەیگوێزێتەوە كورترە لە ڕیوایەتەكانی تر، یان ڕیوایەتكاران توانایان هەیە لەسەر هێنانەوەبیر یان هێنانی بەرواری ڕووداوەكە بە بەراورد لەگەڵ كەسێكی تردا كە ئەو توانایییەی نیە، یان ڕیوایەتەكە ناڕوونی كەمتر بێت یان كەمتر مانای مەجازی هەڵگرتبێ، هەموو ئەمانەش لەنێو چەند هۆكارێكی تردا[2].

٤- **وەستان**: لە كاتێكدا ڕێنمایی بە كاركردن بەم شێوازە دەدرێ كە موجتەهید نەتوانێت بڕیار بدات كامە دەق هەڵبژێرێ تا ئەوكات كە یەكێك لە سێ شێوازە پێشووەكەی لا ڕووندەبێتەوە.

---

[1]- التفسیر الكبیر، الرازي، ب٣، ل/٢٠٤. مجمع البیان في تفسیر القرآن، فضل بن الحسین الطبرسي، ب١، ل/٤٠٦. النسخ في القرآن، محمد ندا، ل/٢٥.

[2]- أدلة الترجیح، بدران، بەشی چوارەم.

٥- **لابردنیان لەکارخستنی**: ڕێنمایی بە موجتەهید دەدرێ بە کارکردن بەم شێوازە کە هەردوو ڕیوایەتەکە پشتگوێ بخات یان لایان بەرێت، ئەویش بەو هۆیەوە کە گومانی لە هەردووکیان هەیە.

٦- **سەرپشککردن (التخيير)**: ئەم شێوازە ڕێگا بە موجتەهید دەدات ئەو ڕیوایەتانە هەڵبژێرێ کە گونجاوترن بەو مەسەلەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

حەنەفییەکان هەڵوەشاندنەوە لەپێش هەر میکانیزمێکی ترەوە جێبەجێ دەکەن، پاشان پێشخستن[1]. کەچی هەموو مەزهەبەکانی تر لەپێشتری -بە تیۆری- دەدەن بە میکانیزمی کۆکردنەوە. جا لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی مەزهەبە فیقهییەکان کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە کارکردن بە دەق لەپێشترە لە فەرامۆشکردنی، کەچی زۆربەی زانایان وانابینرێن کە لەپێشتری -بە پراکتیکی- بدەن بە میکانیزمی کۆکردنەوە، ئەو دوو میکانیزمەش کە بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتی جیاوازی زیاتر لە میکانیزمەکانی تر بەکارهێنراون بریتین لە هەڵوەشاندنەوەو پێشخستن[2].

لەبەرئەنجامی ئەمەوە بینیمان ژمارەیەکی زۆر لە بەڵگەکان لەژێر ناوێك لە ناوەکاندا فەرامۆش دەکرێن، ئەوەش تەنهاو تەنها بەو هۆیەوەیە کە فیقهناس سەرکەوتوو نەبووە لە پێکەوە تێگەیشتن لە هەموو بەڵگەکان کە لەناو چوارچێوەیەکدا کۆیانبکاتەوە.

من وا دەبینم مەسەلەی پوچەڵکردنەوەی زۆرێك لە دەقەکان تا سنورێکی کەم یان زۆر بە هەڕەمەکی بووە، چۆن دەبێت فەرموودەیەك فەرامۆش بکرێ و بە دواخراو دابنرێ هەربەوە کە یەکێك لە ڕاوییەکان (مێژووی ڕووداوەکەی) لابردبێت، یان ئەو وشانەی کە دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فیقهناس وای

---

[1]- التقرير، الحاج، ب٣، ل/٤.

[2]- فقه المقاصد، عودة، ل/١٠٥-١١٠.

ببینیٚ كه شێوازی مه‌جازیی له‌وانیتر زیاتر تێدایه‌، یان ئه‌گه‌ر وا ڕێكه‌وت كه‌ ڕاویه‌كه‌ ئافره‌ت بێت، چونكه هه‌ندێكیان ڕیوایه‌تی نێرینه ده‌ده‌ن به‌سه‌ر ڕیوایه‌تی مێینه‌دا له حاڵه‌تێكدا ڕیوایه‌ته‌كه‌ی جیاواز بێت له ڕیوایه‌ته‌كه‌ی ئه‌و[1]! له‌ڕاستیدا پرۆسه‌ی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌و پێشخستن ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئاراسته‌یه‌كی گشتی بیركردنه‌وه‌ی دوالیزمه‌یی ده‌كه‌ن له خودی لۆژیكدا، له كاتێكدا گرنگ ئه‌وه‌یه كه شێوازی كۆكردنه‌وه له نێوان ده‌قه‌كاندا سود له چه‌مكی فره ڕه‌هه‌ندی وه‌ربگریٚ بۆ زاڵبوون به‌سه‌ر كه‌موكورتییه‌كه‌دا.

بێگومان یه‌كێك له ده‌رئه‌نجامه پراكتیكییه‌كانی پشتگوێخستنی ژماره‌یه‌كی زۆر له ئایه‌ت و فه‌رمووده‌ی پیرۆز به ناوی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌و پێشخستنه‌وه بریتییه له‌وه كه بڕێكی گه‌وره له نه‌رمی له فیقهی ئیسلامیدا له‌ده‌ست ده‌دریٚ، دواتریش نه‌توانایی ده‌قه هه‌ڵنه‌وشێنراوه‌كان یان پێشخراوه‌كانه له‌سه‌ر له‌خۆگرتنی گۆڕینی بارو حاڵه‌ته‌كان. هه‌روه‌ها تێڕوانینی سه‌رله‌نویٚ بۆ زۆرێك له فه‌رمووده پیرۆزه‌كان كه به (جیاواز) داده‌نرێن ئه‌وه ده‌رده‌خه‌ن كه جیاوازییه‌كه‌یان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ جیاوازی بارودۆخ و ئه‌و میانانه كه ده‌وره‌یان داون، وه‌ك میانه‌ی شه‌ڕ یان ئاشتی، یان هه‌ژاریی یان ده‌وڵه‌مه‌ندیی، یان مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ژیانی شار یان لادیٚ و ده‌وارنشینی، یان هاوین یان زستان، یان نه‌خۆشی یان له‌شساغی، یان لاوێتی یان پیریی، هیتریش به‌هه‌مانشێوه. ڕێنماییه‌كانی قورئانی پیرۆزیش په‌یوه‌ستن به هۆكاره‌كانی هاتنه خواره‌وه‌یان و به كرداره‌كانی پێغه‌مبه‌ره‌وه (درودی خوای له‌سه‌ر) و به فه‌رمانه‌كانییه‌وه هه‌ر به‌وجۆره كه ئاماده‌بووانی ڕیوایه‌تیان كردووه و به واقیعیش جیاوازییان تێدایه به‌پێی جیاوازی ئه‌و بارودۆخ و میانانه. شاره‌زانه‌بوون به‌و بارودۆخه كه ده‌قه‌كه‌ی تێدا هاتووه پرۆسه‌ی تێگه‌یشتن له

[1]- منهج التوفيق والترجيح بين مختلف الحديث وأثره في الفقه الإسلامي، ط١، ل/٣٩٥.

نەرمی دەقەکە سنوردار دەکات. بۆ نمونە ڕەتکردنەوەی ئەو بەڵگانە کە لە بارودۆخی ئاشتیدا هاتوون، بۆ بەرژەوەندی ئەو بەڵگانە کە لە بارودۆخی شەڕدا هاتوون، ئەمە بە تەنیشت ئەو شێوازانەوە کە لە مامەڵەی زاهیرییەکانەوە نزیکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەکانی شەردا، هەموو ئەمانە توانایی فیقهناس سنوردار دەکەن لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بارودۆخە سیاسییە جۆراو جۆرەکاندا. جا ئەگەر لۆژیکی دوالیزمەیی توند بخەینە سەر ئەمانە ئەوا دەرئەنجامەکە بریتی دەبێت لەوە کە کۆمەڵە دەقێکی سنوردار هاتوون بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخێکی سنوردار، پاشانیش وەها بەکاردەهێنرێن وەك بڵێی دەقی گشتی و هەتا هەتایی بن.

ئەمە نمونەیەکە کە ئاستی بڵاوبوونەوەی گوتەی هەڵوەشاندن بەبێ بەڵگە دەخاتەڕوو، ئەویش ئایەتی پێنجەمە لە سورەتی التوبة، کە وایلێهاتووە ناوبنرێ بە (ئایەتی شمشێر)، ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ فَإِذَا ٱنسَلَخَ ٱلۡأَشۡهُرُ ٱلۡحُرُمُ فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡ وَخُذُوهُمۡ وَٱحۡصُرُوهُمۡ وَٱقۡعُدُواْ لَهُمۡ كُلَّ مَرۡصَدٖ ﴾ التوبة:٥. کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ بۆنەی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە دەبینین کە لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا دابەزیوە، ئەویش کاتێك بوو کە جەنگ لە نێوان موسڵمانان و بێباوەڕانی مەککەدا ڕوویدا، ئەو ئایەتانەش کە دەوری ئەم ئایەتەیان داوە ئەوانیش دەچنە ناو میانەی ئەو جەنگەوە، چونکە سورەتەکە باس لە جەنگەکە دەکات. بەڵام تەفسیرەکەی ئایەتەکەی لە نێو میانەی ئایەتەکانی تر و بارودۆخی جەنگەکە کە بەهۆیەوە دابەزیوە دەرهێناوە، بەو مانایەی لێکراوە کە نەخشەڕێگای پەیوەندی نێوان موسڵمانان و بێباوەڕان لە هەموو کات و شوێنێك و لە هەر بارودۆخێکدا دەکێشێ. لێرەوە ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن حوکمیان بەوە داوە کە ئەم ئایەتە زیاتر لە دووسەد ئایەتی لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز هەڵوەشاندووەتەوە، هەموشیان داوای دانوستان و ئازادی بیروباوەڕ و لێبوردەیی و ئاشتی دەکەن،

تەنانەت ئەو ئایەتانەش کە داوای ئارامگرتن دەکەن! کە تاکە بژاردەیەك بووە لەبەردەم زۆرێك لە ڕاڤەکارانی قورئانداو لەپێناو نەهێشتنی (جیاوازی)دا پەنایان پێبردوون هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە دەڵێن ئەم ئایەتە لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هاتووەتە خوارەوە، کەواتە هەموو ئایەتێکی تر کە پێش ئەم هاتبێتە خوارەوەو جیاواز بێت پێی و بەریەککەوتنی لەگەڵدا بکات هەڵیدەوەشێنێتەوە.

لەبەر ئەم هۆیە دەڵێن ئەم ئایەتانەی کە لێرەدا بۆ نمونە هاتوون هەموویان ئایەتی لەکارخراون: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ البقرة: ٢٥٦، ﴿ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱصۡفَحۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴾ المائدة:١٣، ﴿ ٱدۡفَعۡ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾ المؤمنون: ٩٦،﴿ فَٱصۡبِرۡ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقٌّ ﴾ الـــــروم: ٦٠ ،﴿ وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾ العنکبوت: ٤٦، ﴿ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴾ الکافرون:٦، چەندین ئایەتی تریش.

هەروەها بە هەمان گوتەی بێ بەڵگە ژمارەیەکی زۆر فەرموودەی پیرۆزیان هەڵوەشاندووتەوە کە ڕێگا دەدەن بە گرێدانی پەیماننامەی ئاشتی و پێکەوەژیان لە نێوان هەموو تایفەو کەلتورەکاندا، بەپێی زاراوەی ئەمڕۆ. یەکێك لەو فەرموودانە ڕێکەوتننامە یان پەیماننامەی مەدینەیە، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ جولەکەکاندا مۆری کرد بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ئەو جولەکانە کە نیشتەجێی مەدینە بوون، دەقی پەیماننامەکە دەڵێ موسڵمانان و جولەکە (یەك گەلن) موسڵمانان ئاینی خۆیانیان هەیەو جولەکەش ئاینی خۆیانیان هەیە[١]. بەڵام زۆرێك لە ڕاڤەکاران دەڵێن ئەم ڕێکەوتننامەیە بەپێی ئایەتی شمشێر و ئایەتە هاوشێوەکانی کە باس لە جەنگ دەکەن هەڵوەشێنراوەتەوە[٢]. کاتێکیش مرۆڤ

---

[١]- الصحیفة، برهان زریق، ط١، ل/٣٥٣.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٢١٦.

دەڕوانێتە هەموو ئەو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانە کە هەندێکیان باس لە جەنگ و هەندێکی تریان باس لە ئاشتی دەکەن لەوانەیە جۆرێك لە جیاوازی و بەریەککەوتن بەدی بکات، بەڵام من تێناگەم مرۆڤ بۆچی ناچار دەبێ کە دەبێت لە هەموو بارودۆخ و کات و بارێکدا یان ئاشتی بەردەوام یان شەڕی بەردەوام هەڵبژێرێ؟

ئەوەی تەمومژو ئاڵۆزی هەڵوەشاندنەوەی زیاتر کردووە ئەوەیە ژمارەی ئەو حاڵەتانە کە شوێنکەوتووان و شوێنکەوتووانی ئەوانیش بە هەڵوەشێنەیان داناون زۆرترن لە ژمارەی حاڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوە کە خودی هاوەڵان وتوویانە[1]. پاشانیش مرۆڤ تێبینی دەکات کە بە تێپەڕبوونی سەدە یەکەمەکان فیقهناسان لە هەموو مەزهەبەکان کەوتوونەتە زیادکردنی ژمارەی حاڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوە، چەندین حاڵەت هەن کە خودی شوێنەکەوتووان باسیان نەکردوون، وەك بڵێی هەڵوەشاندنەوە بووەتە ئامرازێك و فیقهناس بەهۆیەوە بەرپەرچی ئەو کەسانەی داوەتەوە کە لە کەسانی غەیری مەزهەبەکەی خۆی هاوپیشەی بوون. بۆ نمونە ئەبولحەسەنی کەرخی (ت٩٥١ز) دەڵێ: (ڕێسای پەیڕەوکراو لای ئێمە ئەوەیە هەر ئایەتێك پێچەوانە بێت لەگەڵ ڕای هاوەڵانمان ئەوا یان خراپ لێکدانەوەی بۆ کراوە یان هەڵوەشێنراوەتەوە)[2]. لێرەوە جێگای سەرسوڕمان نیە کە لە کتێبە فیقهییەکاندا حوکمێك بەپێی مەزهەبێك لە مەزهەبەکان ببینین هەڵوەشێنەر بێت بەڵام هەمان حوکم بەپێی مەزهەبێکی تر هەڵوەشێنراو بێت، تا هەڵوەشاندن لای ژمارەیەك لە فیقهناسە دواییەکان وایلێهات بووە مەسەلەیەك وەك بڵێی بێ دیسپلین بێت. ئەم بەکارهێنانە هەڕەمەکییە بۆ میتۆدی هەڵوەشاندن گرفتی نەتوانایی لە تێگەیشتن لە بەڵگەکان بە تێگەیشتنێکی فرە ڕەهەندی زیاترو گەورەتر کرد.

---

[1]– بەپێی هەمان ئەو لێکۆڵینەوە ڕووپێوییە کە بۆ کتێبەکانی فەرموودە ئەنجامم دان.

[2]– مقاصد الشريعة، طه جابر العلواني، ٢٠٠١، ل/٨٩.

چونکە تێگەیشتنی فرە ڕەهەندی، بە تەنیشت تێڕوانینی مەبەستدارییەوە، لەتوانایدایە چارەسەرێك بۆ گرفتی بەڵگە جیاوازەکان دەستەبەر بکات، بۆ نمونە سیفەتێك کە ڕەهەندێ نەرێنی و ڕەهەندێکی ئەرێنیشی هەیە (بڕوانە شێوەی ٦–٦). ئەوا لێرەدا هەردوو بەڵگەکە ئەوەندەی کە بە دیاریکراوی پەیوەستن بەم سیفەتەوە (جیاوازن)، وەك شەڕ و ئاشتی، یان فەرمانپێدان و قەدەغەکردن، یان وەستان و دانیشتن، یان پیاوان و ئافرەتان، وە هەروەها. جا ئەگەر چاومان بڕییە سەر تەنها یەك ڕەهەند ئەوا ڕێگاچارەیەك نادۆزینەوە بۆ گونجاندن لە نێوان ئەو بەڵگە (جیاوازانەدا). بەڵام کاتێك ئاسۆی یەك ڕەهەند فراوان دەکەین تا ببێتە دوو ڕەهەند، ئەوا دەتوانین گرێی جیاوازیی و بەریەککەتنەکە (بکەینەوە)، ئەویش بە کۆکردنەوەی هەردوو بەڵگەکە لە ناو میانەیەکی هاوبەشدا، ئەوکاتیش تێگەیشتن و لێکدانەوەمان بۆ بەڵگەکان لەناو میانەیەکی یەکگرتوودا دەبێت.




**شێوەی ٦–٦: ئەو جیاوازییە کە لە سیفەتەکاندایە بەپێی ڕەهەندێکە کە دەکرێ بە هەتا هەتایی دژ نەبێت بە ڕەهەندێکی تر کە پەیوەندی بە مەبەستەکانەوە هەبێت.**

لێرەدا چەند نمونەیەکی بەناوبانگ دەربارەی جیاوازی یان بەریەککەوتنی بەڵگەکان لە کتێبە فیقهییەکاندا دەخەینەڕوو، کە لە هەمانکاتیشدا وێنای ڕای کلاسیکی و مۆدێرنەیی هاوچەرخ دەکەن. بەڵام ئەوەی شایانی سەرنجدانە ئەوەیە کە ئەو جیاوازی و بەریەککەوتنە گوماناوییەی لای هەندێ لە فیقهناسان بوونی هەیە هەندێکی تریان توانیویانە چارەسەری بکەن ئەویش بە شێوازی فرە ڕەهەندی و مەبەستەکان.

١-ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی جیاواز بوونیان هەیە کە پەیوەندن بە سروتە جۆراو جۆرەکانی پەرستشەکانەوە، هەموویشیان بە ڕیوایەتی ڕاست و دروست دراونەتە پاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر). ئەم ڕیوایەتە جیاوازانەش زۆربەی کات بوونەتە هۆی دووبەرەکی لە نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکاندا لەناو مزگەوتەکان و گردبوونەوە ئیسلامییەکاندا. بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی مەبەستی ئاسانکاریدا تێگەیشتن لە هەموو ئەو فەرموودە لەیەك جیاوازانە بکرێ مانای ئەوەیە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەموو کارە پەرستشییەکانی لە کاتە جۆراو جۆرەکان و بە شێوازە جیاوازەکان ئەنجامداوە، تا ئوممەت بە ئاگابێنێتەوە بەو لێبوردەیی و نەرمییەی لەو بەشەدا هەیە[١]. لە نمونەی سروتەکانی ئەو پەرستشانە شێوەکانی وەستان و جووڵە جۆراو جۆرەکانە لە کاتی ئەنجامدانی نوێژدا[٢]، شێوەکانی شایەتومانە لە کاتی تەحییات دا[٣]، وردەکارییەکانی سوژدەی سەهوە[٤]،

---

[١]- الرسالة، الشافعي، ل/٢٧٢-٢٧٩. شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك، محمد الزرقاني، ط١، ب١، ل/٢٢٩.

[٢]- شرح فتح القدير، السيواسي، ب١، ل/٣١١. أصول السرخسي، السرخسي، ب١، ل/١٢. بدائع الصنائع، الكاساني، ب١، ل/٢٠٧.

[٣]- الرسالة، الشافعي، ل/٢٧٢-٢٧٥.

[٤]- الجانع الصحيح، محمد بن عيسى الترمذي، ب٢، ل/٢٧٥.

ژمـارەی الله ئەکبــەرەکانی نوێــژی جەژنــە[1]، هــەروەها چــۆنێتی ڕۆژووگرتنــەوەی موسڵمانە بۆ ئەو ڕۆژووەی ڕۆژانـی ڕەمەزانـە کـە نـەیگرتووە[2]، وە وردەکارییـەکانی ئەنجامدانی سروتەکانی حەجە، چەندینی تری لـەمجۆرەش، کـە ئەصـڵ لـە هـەموو ئەمانەدا لێبوردەیی و فرەجۆری و نەرمی نواندنە.

٢- چــەندین فــەرموودە هــەن کــە پەیوەنــدییان بــە عورفــەوە هەیــە، وەهــا پۆلێنکراون گوایا جیاوازن و بەریـەك دەکـەون. جـا وێـڕای ئـەوە کـە دەتـوانرێ لـە ڕێگای مەبەستی (جیهانێتی شەریعەتەوە) لێکدانەوە بۆ هەموویان بکـرێ، هـەروەك ئیبن عاشور خستوویەتەڕوو[3]. هـەر وادەبیـنین کـە دەبێـت تێگەیشـتن لـە جیـاوازی نێوان ئەو فەرموودانەدا وەها بکرێ کە ئەو جیاوازییە لە عورفەکاندا مەبەست ئـەوە بووە دانییان پێدا بنرێ یان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ، ئیتر هیچ پێویست ناکات بــە جیــاواز و بەریەککــەوتن دابنــرێن. نمونــە لەســەر ئەمــە دوو فــەرموودە هــەن، هەردووکیشیان لە ڕێگای عائیشەوە-خوا لێی ڕازی بێت-گێڕدراونەتەوە، یەکێکیان ڕێگیری لە هەر ئافرەتێك کردووە کـە خـۆی بـە خـۆی بـەبێ وەرگرتنـی مۆڵـەت لـە سەرپەرشتکارەکەی هەستێ بە گرێدانی گرێبەستی هاوسەرگیریی: ((هەر ئافرەتێـك بەبێ مۆڵەتی سەرپەرشتکارەکەی خۆی مارە بکات ئەوا گرێبەستەکەی ناڕەوایـە))، بەڵام فەرموودەکەی تریان ڕێگا بە ئافرەتی بێوەژن دەدات کە بـۆ شـوکردنی کۆتـا قسە لای خۆیەتی، ((بێوەژن مۆڵەتی لـێ وەردەگـیرێ))[4]. هـەروەها گێڕدراوەتـەوە عائیشە-خوا لێی ڕازی بێت-کە هەردوو فـەرموودە پێشـووەکەی گێڕاوەتـەوە، لـە هەنـدێ حاڵەتـدا (مـەرجی مۆڵـەتی سەرپەرشـتکاری) جێبــەجێ نــەکردووە (لــە

---

[1]- المجموع، النووي، ب٤، ل/١٤٥.

[2]- المستصفى، الغزالي، ب١، ل/١٧٢-١٧٤.

[3]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/٢٣٦.

[4]- البحر الرائق، إبن نجيم، ب٣، ل/١١٧. الهداية شرح بداية المبتديء، ب١، ل/١٩٧.

فەرموودەیەکـدا هــاتووە کــە کچــەکەی عەبــدوڕەحمانی برایــی داوە بەشــوو و عەبدوڕەحمان خۆی ئامادە نەبووە، زانایان وتوویانە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کـە مەزهــەبی عائیشــە ڕێگەدانــە بــە هاوســەرگیریی بــەبێ مۆڵــەتی سەرپەرشــتکار)[1]. تێگەیشـتنی حەنەفییـەکان بـۆ ئەمـە وەهایـە کـە عـورفی عـەرەب ئـەوە دەخـوازێ ئافرەت لە ڕێگای سەرپەرشتکارییەوە شوو بکات نەبادا تۆمـەتی بێشـەرمی بدرێتـە پاڵ)[2]. کەواتە تێگەیشتن لە هەردوو فەرموودەکە لەنێو میانەی دانپێدانان بە عورفە باوەکاندا بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستی (جیهانێتی شەریعەت)، ڕێگیری لە تەمومژی جیاوازی دەکـات، هاوکـات ئاسـتێك لـە نـەرمی فەراهەمـدێنێ لـەو مەسـەلەیەدا کـە تایبەتە بە ڕێکـاری گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی بـەپێی عورفـە جـۆراو جۆرەکـان لـە هەموو کات و شوێنەکاندا.

٣- ژمارەیەك فەرموودە بەوە دادەنرێن کە (هەڵوەشێنراونەتەوە)، ژمارەیەك لە فیقهناسـان دەڵـێن ئـەوە تـەنها چـەند حاڵـەتێکی پلەبەندییـە لـە جێبـەجێکردنی حوکمەکاندا. مەبەستیش بە پلەبەندی لە جێبەجێکردنی حوکمەکاندا بە شێوەیەکی گشـتی بریتییـە لـە ئاسـانکاری، واتـە ئاسـانکاری گواسـتنەوە بـۆ جێبـەجێکردنی حوکمـەکان لـە ڕێگـای گـۆڕینی ئـەو داب و نەریتانـەوە کـە ڕیشـکی قووڵیـان لـە کۆمەڵگادا هەیە[3]. بەمجۆرە فەرموودە لەیەك جیاوازەکان لەبارەی عەرەق و سـوو و فەرزکردنی نوێژ و ڕۆژوو و تادوایی هاتوون، ئەوا پێویستە تێگەیشتن بۆ هەموو ئەم فەرموودانە وەها بکرێ کە (سوننەتی پێغەمبەرێتین)و پێویستە پلەبەندی بکرێ لـە جێبەجێکردنی نمونە باڵاکان و حوکمە نوێیەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا.

---

[1]- شرح فتح القدير، السيواسي، ب٣، ل/٢٥٨.

[2]- حاشية ردّ المختار، إبن عابدين، ب٣، ل/٥٥.

[3]- نظريات في القرآن، محمد الغزالي، ٢٠٠٢، ل/١٩٤.

٤- هەروەها ژمارەیەك لە فەرموودە لەیەك جیاوازەكان بەوە دادەنرێن كە (دژ بەیەكن) چونكە دەستەواژەكانیان بۆ حاڵەتە هاوشێوەكان ئاماژە بە حوكمی جیاواز دەدەن. بەڵام ئێمە كاتێك سەرنج دەدەینە ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەبینین ئەو تاكانەیان دواندووە واتە (هاوەڵان) كە بارودۆخیان جیاواز بووە، ئەوكاتیش لەتوانادایە ئەو جیاوازییە چارەسەر بكرێ. چونكە مەبەستی شەرعی كە خۆی لە (دەستەبەركردنی بەرژەوەندیدا) دەنوێنێ دەبێتە كلیلێك بۆ لێكدانەوەی ئەو فەرموودانە، ئەویش لەسەر بنەمای جیاوازی نێوان هاوەڵان. فەرموودەیەك-بۆ نمونە-بۆمان دەگوێزێتەوە كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئافرەتێكی تەڵاقدراوی ئاگادار كردووە كە هەركات شووی كردەوە بە پیاوێكی تر ئیتر مافی دایەنیەتی منداڵەكەی لەدەست دەدات (فەموودەكە ئەمەیە: ((تۆ حەقدارتری بە منداڵەكەت ئەگەر شوو نەكەیتەوە))[1]. بەڵام لەولاشەوە چەند فەرموودەیكی تر (دژ و نەیار) بەم فەرموودەیە هەن دەریدەخەن كە ئافرەتانی تەڵاقدراو دەتوانن لەدوای شووكردنەوەشیان منداڵەكانیان لای خۆیان بن و لەژێر چاودێریاندا بن. بۆ نمونە یەكێك لەو فەرموودانە پەیوەندی بە حاڵەتی ئوم و سەلەمەوە هەیە، كە لەدوای ئەوە شووی كردەوە بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) مافی دایەنیەتی منداڵەكانی بۆمایەوە[2] . ئا بەمشێوەیە، زۆربەی مەزهەبەكان لەم مەسەلەیەدا پشتیان بە فەرموودەی یەكەم بەستووە بە گواستنەوەی دایەنیەتی منداڵ بە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی لە دایكییەوە بۆ جێگایەكی تر كاتێ كە شوو دەكاتەوە. بەڵگەشیان بە پێشخستنی ئەم فەرموودەیە بەسەر دەستە فەرموودەكەی دووەمدا ئەوەیە كە فەرموودەی یەكەم (ڕاستترە)

[1]- المستدرك على الصحيحين، النيسابوري، ب٢، ل/٢٥٥.

[2] - بداية المجتهد، إبن رشد، ب٢، ل/٤٣.

چونکە بوخاری گێڕاویەتەوە، ئەحمەدیش لە موسنەدەکەیدا گێڕاویەتـەوە[1]. کەچـی ئیبن حەزم دەستەی دووەمـی فـەرموودەکانی پێشخسـتووە، فـەرموودەی یەکـەمی ڕەتکردووەتەوە چونکە گومانی لە لەبەرکردنی یەکێك لە ڕیوایەتکارانی هەیە[2]. بەڵام صـەنعانی حوکمەکـەی گێڕاوەتـەوە بـۆ: (بەرژەوەنـدی منداڵەکـە، ئەگـەر هـاتوو دایکەکـــە پـــارێزەرتر بـــوو لـــە باوکەکـــە و بەپەرۆشـــتر بـــوو لـــەو ئـــەوا پێشدەخرێ...منداڵەکەش لای ئەوکەسە دەبێت کـە سـودی زیـاتری بـۆی هەیـە)، پاشان دەڵێ: (شەریعەتیش جگە لەمە هیچیتر هەڵناگری)[3]. لەم قسـەیەدا دەبیـنین کـە دادگـەری و بەرژەوەنـدی بوونەتـە پێـوەر، ئەمـەش ڕاسـت و شایسـتەترە بـە شـەریعەت. تێڕوانینـی فـرە ڕەهەنـدی هـەروەها ئـەوە دەگەیـەنێ کـە زیـاتر لـە مەبەستێك لە یەك مەسەلەدا بە هەند دەگرێ، ئەگەر هاتوو میانەکە ڕێگـای ئـەوەی دا. لەم حاڵەتەشدا پێویستە بۆ چارەسـەرکردنی جیـاوازی و بەریەککـەوتن حاڵـەتی لەپێشـتری بـدرێت بـە شـێوازێك کـە دەسـتەبەرکردنی هـەموو ئـەو مەبەسـتانە بـە باشترین شێوە کۆدەکاتەوە.

**فرە ڕەهەندیی و پۆست مۆدێرنە:**

فرە ڕەهەندیی بەهەمانشێوە سیفەتێکی گرنگـە لـە چارەسـەرکردنی یـەکێك لـە گرنگترین کێشەکانی فەلسـەفەی لـۆژیکیی پۆسـت مۆدێرنـەیی دا، ئـەویش بریتییـە لەوە کە وێڕای کۆششی هەموو ڕەوتەکانی پۆست مۆدێرنە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو چەمکە کە نـاوی لـۆژیکی دوالیزمـەییان لێنـاوە، کەچـی هـەر هـەموو ئـەو ڕەوتانـە هەڵگری دوالیزمەیەکی کورتکردنەوەو یەکانییەتن لـە ڕەهەنـدەکانی بیرکردنـەوەدا.

---

[1]– سبل السلام شرح بلوغ المرام من أدلة الأحكام، محمد بن إسماعيل الصنعاني، ب٣، ل/٢٢٧.

[2]– سەرچاوەی پێشوو.

[3]– سەرچاوەی پێشوو.

ڕاسته که تێڕوانینی پۆست مۆدێرنه بۆ هزر و فیقهی ئیسلامی کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگی لەبارەی (سەنتەرییەوە) وروژاندووە کە لە هەندێ چەمك و مەزهەبی فیقهیدا پاساوێکیان نیە، وە لەسەر هەندێ کەسایەتی و گروپەکان. ڕاستیشه که هەوادارانی پۆست مۆدێرنە لە مەسەلەی داڕشتنی تیۆرە فیقهی و حوکمە فیقهییەکان و (میتۆدەکانی لێکدانەوە)دا کە بە درێژایی مێژووی فیقهی ئیسلامی پەرەی سەندووە هەوڵی خۆیانیانداوە لە خستنەڕووی ڕەهەندە کەلتوری و مێژووییەکان. بەڵام هەوادارانی پۆست مۆدێرنە مەیلیان بە لای چڕکردنەوەیە لەسەر یەك ڕەهەند و یەك تێڕوانین بۆ تیۆری فیقهی ئیسلامی بە گشتی، یان ئەوەیە کە تێڕوانینەکەیان زمانییە، یان مێژووییە، یان کەلتورییە، ئیتر ڕەهەندەکانی تر فەرامۆش دەکەن.

بۆ نمونە لێکۆڵینەوەکانی (ئافرەتگەریی ئیسلامیی) بریتییە لە تێڕوانینێك ئاماژە دەدات بە کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگ و ڕیشەیی، بەڵام لەڕاستیدا (ململانێی نێرینەیی–مێینەیی تاکە ڕەهەند نیە یان تاکە هێز نیە کە مێژووی داڕشتووە لەنێویشیدا داڕشتنی فیقهی ئیسلامی بەدرێژایی مێژووەکەی، چونکە چەندین ڕەهەند و هێزی تر بوونیان هەیە، وەك ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و هیتریش، بە هەموویانەوە فیقهییان داڕشتووە، کەچی تێبینی دەکرێ هەوادارانی پۆست مۆدێرنە زۆربەی کاتەکان ئەم فرە ڕەهەندییە پشتگوێ دەخەن.

بەهەمانشێوە تێبینی دەکەین کە هەوادارانی ئاراستەی ڕەخنەگریی دوای کۆڵۆنیالیزم لە هەڵسەنگاندنیان بۆ کۆششی زانستی خۆرئاوایی لە لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکاندا مەیلیان بە لای کورتکردنەوەیە لەسەر خۆرهەڵاتناسی کلاسیکی کە لایەنداری کۆڵۆنیالیزمە، زۆربەیجار ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەکانی توێژینەوەی گەرموگوڕو جیددی و بەشداریکردنی بەرهەمدار لە بوارەکانی لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکاندا بۆ زۆرێك لە توێژەرە خۆرئاواییەکان لە قۆناغی دوای کۆڵۆنیالیزم و تا ئێستاش فەرامۆش دەکەن.

ئەوەی ئەم کتێبە بانگەشەی بۆ دەکات بریتییە لە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە بەڵام فرە ڕەهەند بۆ فیقهی ئیسلامی، ئەوەش بە مەبەستی دوورکەوتنەوەیە لە ڕایە کورتکەرەوەکان و لە بیرکردنەوە تەنها لە سنوری هەڵبژاردنە دوالیزمە درۆینەکاندا. لەم پێگەیەوە هەوڵمداوە بچمە ناو قووڵایی ژمارەیەك ڕەهەندەوە لە تیۆری تەشریعی ئیسلامیدا، وەك سەرچاوەکانی، واتا زمانەوانییەکانی، شێوازەکانی هەڵێنجانی حوکمە شەرعییەکان، ڕێبازەکانی بیرکردنەوەو ئاراستە فەلسەفییەکان کە لە سنوریدا کاردەکەن، وە بە هەندگرتنی چەند ڕەهەندێکی گرنگی تریش، وەك ڕەهەندە کەلتوری و مێژووییەکان، ڕەهەندی کات و شوێن. هەموو ئەمەش لە دووتوێی ئەو قەناعەتەوە کە بەشە پرژو بڵاو و هەڵوەشێنراوەکان لە توانایاندا نیە وێنەیەکی تەواو و تێروتەسەل بگوێزنەوە بۆمان ئەگەر بێتو ئاوڕ نەدەینەوە بە لای پەیوەندییە نێوانییە ڕشتەبەند ئامێزو بونیادگەرەکان کە ئەو بەشانە دەبەستن بەیەکەوە. ئا بەمجۆرە ئەوا وێڕای جەنگی ڕاگەیەنراوی پۆست مۆدێرنە لەسەر (تیۆرە گشتگیرەکان)، من باوەڕم وایە کە تێڕوانینێکی ڕشتەبەندی مەبەستدار و ڕەخنەگرانەی فرە ڕەهەند چوارچێوەیەکی گشتگیرمان بۆ دەستەبەر دەکەن کە بەس بێت بۆ شیکردنەوەو گەشەدان بە تیۆری تەشریعی ئیسلامی.

### ٦-٥ بەرەو (مەبەستداریی):

بەشی دووەمی ئەم کتێبە ڕوونیکردەوە کە ئەم توێژینەوەیە لە تێڕوانینە ڕشتەبەندییەکەیدا چەمکی مەبەستداریی بە نیشانەیەکی سەرەکی دادەنێت، لە کاتی خۆیشیدا ڕوونمانکردەوە کە (مەبەستداریی) چۆن چۆنی دەتوانێت ئەڵقەیەکی پێکەوەبەستن لە نێوان هەموو نیشانە سەرەکییەکانی تری ڕشتەبەندییەکەدا فەراهەم بێنێ، وەك سیفەتی سروشتی پەیپێبردنی ڕشتەبەندیی، گشتگیرییەکەی، کرانەوەی، ڕیزبەندییە قوچکەییەکەی، پەیوەندییە نێوانیی و فرە ڕەهەندییەکەی.

له لایەکی تریشەوە بەشی یەکەم تیۆری مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی وەك پرۆژەیەکی هاوچەرخ بۆ نوێکردنەوەو چاککردنی فیقهی ئیسلامی پێشکەش کرد. بەشی یەکەم هەروەها ڕوونیکردەوە کە تیۆری مەبەستەکان چۆن چۆنی پێوەرە سەرەکییەکانی میتۆدگەریی بۆ تیۆرەکانی تەشریع دەستەبەر دەکات، لە پێوەری ئەقلگەرایی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و پشتگیریکردن لە دادپەروەریی و ڕەوشت. بەڵام لەم باسەدا، ئەوا بە پشتبەستن بە پێداچوونەوە بە بنەماکانی فیقهی ئیسلامی دا، بە مێژوویی و هاوچەرخەکانییەوە، کە تا ئێستا لەناو توێژینەوەکەدا خستمانەڕوو، لەمەوپاش هەڵدەستین بە باسکردن و ڕوونکردنەوەی ئەوە کە دەستەبەرکردنی نیشانەی مەبەستداریی، یان بە ناوی بنێین تێڕوانینی مەبەستداریی، چۆن دەتوانێت بەشداری هەبێت لە نوێکردنەوەی بنەماکانی فیقهی ئیسلامیدا، هەروەها لە پەرەدان بە هەوڵە هاوچەرخەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێ لایەنی کەموکووڕیی تیایدا. ئەم باسە لاوەکییانەی لەمەوپاش دێن هەر یەکێکیان نزیکدەکەوێتەوە لە بەشێکی دیاریکراو لە بنەماکانی فیقهی ئیسلامی بە دابەشکردنە باوەکەی.

### واتای مەبەست:

فیقهناسانی پێشین –بە کاریگەری پرەنسیپی هۆکارگەریی لە فەلسەفەی یۆنانیدا وەها کە دێتە پێشچاو– وا دادەنێن کە واتا لەفزییەکانی دەستەواژە و زاراوەکانی قورئان و سوننەت واتای زمانەوانی مەبەستداریی ئەوتۆیان تێدا نیە. چونکە دەستەواژەی (ڕوون) کە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆی دەقەکە (حەنەفییەکان ناویاننناوە بە دەستەواژە، شافیعییەکانیش ناویانبردووە بە ڕاشکاو) لەپێشترە لە هەموو دەستەواژەکان. ئەم خوێندنەوەیە دەچەسپێت بەسەر ئەو واتا دەقاودەقییەدا کە ناونراوە بە توندوتۆڵ –محکم، یان بە دەق–النص، یان ڕواڵەت–

الظاهر– لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی کەم لە نێوان ئەم زاراوانەدا. بەڵام ئەگەری هەیە (مەبەست–مقصود)ی دەستەواژەکە بکەوێتە ژێر یەکێك لەم جۆرانەوە (نا ڕوون) یان (نا ڕاشکاو)، کەواتە لەفز یان ڕاڤەکارە یان ئاماژەیە یان خواستە یان هێمایە. ئەمجۆرە لەفزانەش هەروەك پێشتر ڕوومانکردووەتەوە، نابنە حوجییەت چونکە لە بەرانبەر بەڵگەی گومانبڕی واتای لەفزیی توندوتۆڵەوە یان لە بەرانبەر دەقەکەوە ئەمانە بە گومانیی وەسفدەکرێن.

جگە لەوەش بەڵگەی پێچەوانە (دلیل المخالفة)، کە هەموو مەزهەبەکان جگە لە مەزهەبی حەنەفی کاریان پێکردووە، تەرخان بووە لەسەر زاراوەکانی (نازناو یان وەسفکردن یان مەرج یان مەرام –بە واتای مەودا–یان ژمارە) هەروەك پێشتر باسکراوە. ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر یەکێك لەم زاراوانە لە دەقێکدا دانی پێدانرا، ئەوا واتای دەستەواژە پێچەوانەکە بوونی نامێنێت، بە چاوپۆشین لە بە هەندگرتنی مەبەست لە هەریەك لە دوو دەستەواژەکەدا. کەواتە هەر نازناو یان وەسفێك یان مەرج یان مەرام یان ژمارەیەك پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەو واتایەدا کە لە دەقەکەدا هاتووە پەسەند نیە، با ئیتر بە شێوازێکی هاوشێوە یان باشتر لەویش مەبەستەکە دەستەبەر بکات. چونکە لێرەشدا هەر دەڕوانرێتە مانای بە مەبەست گیراو کە دەقێکی گومانیی لەسەر نیە تا ڕێگای پێنەدرێ دژ بێت لەگەڵ بەڵگەی پێچەوانەی لۆژیکیدا. هەموو ئەمەش خراوەتە سەر سروشتی گشتی بەڵگە فیقهییەکان کە بە دەقاودەق (حرفی) ناوزەد دەکرێن، هەروەها لەسەر ئەو بنەما تیۆرییانە کە لەسەری بونیاتنراوە و ئەو دەقاودەقییەی جێگیرکردووەو بنەمادۆزی بۆ کردووە.

ئەم ڕایەی لێرەدا بۆی دەچم –هەرچەندە توندی و زبرییەکی تێدایە– مامۆستا ئیبن عاشور بەڕەحمەت بێت پشتگیری لێدەکات، کاتێ کە دەڵێ:

... زۆربەی مەسەلەکانی ئوسوڵی فیقە ناگەڕێنەوە بۆ خزمەتکردنی حیکمەتی شەریعەت و مەبەستەکەی، بەڵکو دەسوڕێنەوە بە دەوری خولگەی هەڵێنجانی

حوکمەکان لە لەفزەکانی خوای گەورەدا... ئەوپەڕی هەمووی ئەوەیە کە لێکدانەوەیان لەسەر لەفزەکانی شەریعەت بە تاکیی و بە کۆیی و لە جیابوونەوەیاندا بۆ دەکرێ، تا تێگەیشتنی کەسی زۆر شارەزا لە زانایانی زمانی عەربی ڕەوان نزیکبکاتەوە لێیان، وەك مەسەلەکانی پێداویستی لەفزەکان و جیاوازی نێوانیان لە: گشتگیریی و ڕەهایی و دەق و دەرکەوتن و حەقیقەت و دژییەتییان، هەروەها وەك مەسەلەکانی بەریەککەتنی بەڵگە شەرعییەکان: لە تایبەتکردن و پشتگیری و لێکدانەوەی ماناو کۆکردنەوەو پێشخستن و هاوشێوەکانیان. هەموو ئەمانەش لە دەرکردنی بابەتەکانیاندا جیا لە باسکردن و ڕوونکردنەوەی حیکمەتی گشتی شەریعەت و مەبەستە گشتی و تایبەتەکانی لە حوکمەکاندا ئەنجامدەدرێ، چونکە ئەوان (واتە فیقهناسان) باسەکانی خۆیان تەرخانکردووە لەسەر لەفزەکانی شەریعەت...[١].

دەکرێ لێرەدا جێگای سود بێت بڵێین گرفتی پیتگەرایی و نەدانی پلەی پێزانینی پێویست بە واتای مەبەستەکە یان (ڕۆحی دەقەکە) دیاردەیەکی گشتییە لە بەرنامەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە یاسایی و دەستوورییەکاندا بە گشتی، تەنانەت لە قوتابخانەکانی فەلسەفەی نوێی یاسادا [2]. ئەمەش هەر بەوجۆرە مایەوە تا دوو قوتابخانەی فەلسەفەی نوێی یاسایی بەرپابوون، یەکێکیان ئەڵمانی بوو بە تایبەت لە کتێبەکانی یرینغ دا[٣]، ئەویتریشیان فەرەنسی بوو بە تایبەت لە کتێبەکانی جینی دا[٤]، کە داوای مەبەستداریی زیاتریان کردووە، بەڵکو بۆ (داڕشتنەوەی سەرلەنوێ)ی یاسا بە پشتبەستن لەسەر مەبەستەکانی

---

[١]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/٢٣٤.

[2] -Von Jhering, ………………………p. xxii

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ل/٥٢ لە ژمارەی لاپەڕەکانی پێشەکی.

[4] -Geny, Methode D, interpretation………………………vol.2. p. 142.

دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و دادپەروەری[1]. یرینغ داوای گۆڕینی (میتۆدی هۆکارگەریی میکانیکی) کردووە بۆ میتۆدی مەبەستداریی یان مەرامداریی. ڕای خۆی لەم چەند وشەیەدا ڕوونکردووەتەوە کە وادەزانم لەم میانەیەی ئێمەدا جێگای سود بێت، دەڵێ:

ئەو کردارەی لەسەر هۆکار بەرپا دەبێت بە زۆری نەرێنییە، چونکە هەمووی مەسەلەکە وادەبینرێ وەك بلێی یەك خاڵە لە بونەوەردا کە یاسای هۆکارگەریی تیایدا لە هۆکار و دەرئەنجامدا ئابلۆقە دراوە. بەڵام لە حاڵەتی (مەبەست)دا، ئەوا ئەو کردارەی داوای مەبەستێك دەکات کردارێکی ئەرێنی خودییە. چونکە هۆکار پەیوەندی بە رابردووەوە هەیە، بەڵام مەبەست پەیوەندی بە ئایندەوە هەیە. جا کاتێك لە سروشتدا بەدوای هۆکاردا دەگەڕێین، ئەوا دەمانباتەوە بۆ رابردوو، بەڵام ویستی مەبەستداریی دەمانبات بۆ ئایندە... جا سروشتی مەبەستەکە هەر چۆن و هەر جۆر بێت، ئەوا هەر ناتوانرێ بوونی کردارێکی بێ مەبەست بخەینە مێشکمان. کەواتە (کردار) و (کردار لەپێناو مەبەستێکدا) هەردووکیان یەك مانایان هەیە. مەحاڵبوونی کردار بەبێ مەبەستێك وەك مەحاڵبوونی کردارێکە بەبێ هۆکار، هەردوو حاڵەتەکە چوونیەکن[2].

(جینی)ش داوای دۆزینەوەی شێوازێکی کردووە تا واتایەکی گەورەتر بە (مەبەستی تەشریع) بدات کە (لە دەقەوە هەڵبگوزرێ)، بەم پێیەش ڕێنمایی تەفسیرکردنی یاسا بە ڕاڤەکارانی دەدات[3]، وە تادوایی. بەڵام ئەم بانگەشە مەبەستدارانە گۆڕانی سەرەکییان نەهێنا بەسەر میتۆدی گشتی فەلسەفەی یاسای

---

[1]- Von Jhering…….. Geny, Methode D, interpretation…….vol.2. p. 142..

[2]-……………….p.7-9. Von Jhering,

[3] -Geny, Methode D, interpretation…….vol.2. p.190

دەستکردو وەزعی دا[١]. کەواتە بەهێزکردنی مەبەستداریی بەشێکە کە لە فەلسەفەی یاساو تەشریعدا بە گشتی زۆر پێویستە.

بەڵام لە فیقهی ئیسلامیدا، لەم دواییانەدا دەستەواژەی (واتای مەبەست) لای مۆدێرنگەرا ئیسلامییەکان لە نێو زاراوەکانی بنەماکانی فیقھ لای ئەوان کەوتەڕوو[٢]. بەڵام ئەم دەستەواژەیە هەرگیز و بە هیچ جۆر تا ئێستاش بەوە دانانرێ کە بەس بێت بۆ پێدانی حوجییەتی فیقهیی. ئێمە لە بەشی پێنجەمدا خستمانەڕوو کە مۆدێرنگەراکان چۆن ڕەخنە لە زاهیرییەتی هاوچەرخ دەگرن لە فیقهی ئیسلامیدا، خۆیان وا دەخەنەڕوو گوایا مامناوەندن لە نێوان (زیادەڕۆیی زاهیریی و بێ دیسپلینی عەلمانییەتدا). بەڵام مادامێ حوجییەتی باڵا دەدەنە دەست بەڵگەی ڕاشکاوی زمانەوانی و دەیخەنە سەرووی دەستەواژە ناڕاشکاوەکان یان گومانییەکان کە لە هەڵێنجانی مەبەستەکان و بەها باڵاکاندا بەکاردەهێنرێن. ئەوا مەیلداریی بە لای زاهیرییەتدا هەر بە سیفەتێکی گشتی دەمێنێتەوە، تەنانەت لای لقی چاکسازییش لەناو میانڕەوەکاندا،

جگە لەوەش مۆدێرنگەرا ئیسلامییەکان هەڵوێستێکی ڕوونیان دەربارەی بابەتی (گوماناویی) خودی مەبەستەکان بۆ خۆیان دیاری نەکرد. وێڕای ئەوە کە هەڵوێستی شاتیبی زۆرتر سەلمێنەرتر بوو بۆ مەبەستەکان کاتێ لە کتێبی **الموافقات** دا وەسفی مەبەستەکان دەکات کە بریتییە لە: (بنەماکانی ئاین و ڕێساکانی شەریعەت و پرەنسیپە گشتییەکانی ئایین)[٣]. بەڵام ئیبن عاشور کە پێگەی یەکەمی هەیە لە نێوان مەبەستگەرا هاوچەرخەکاندا، بەمجۆرە وەسفی مەبەستەکان دەکات کە:

---

[1]- Von Jhering, ……………………….p. xxii

[٢]- أمالي الدلالات ومجالي الأختلافات، عبد الله إبن بيّه، ط١، ٢٠٠٧. قضايا التجديد، حسن الترابي، ل/١٥٧.

[٣]- الموافقات، الشاطبي، ب٢، ل/٢٥.

(بەڵگەی گومـانبڕە، یـان گومانییـەکی نزیـك لـە گومانبڕەوەیـە)[1]. کەچـی زانسـتی مەبەستەکان لە ڕووی تیۆرییەوە هەر بەوجۆرە سەیر دەکرا کە توانای نیە هەستێت بە بینینی ڕۆڵی سەرەکی لـە هـەڵێنجانی حوکمـەکان لـە دەقەکانـەوە کـە ئامـاژەی پێدەدەن، ئیتر چ جای ئەوە کە حوکمەکان بە بوون و نەبوون لەگەڵیدا بسوڕێنەوە.




**شێوەی ٦-٧: ئەم شێوەیە واتای مەبەست دەخاتە سەر واتا و مانا بەهەندگیراوەکان، بۆ مەودای لەپێشتر بوونیشی ئەوا پشت دەبەستێ لەسەر گرنگێتی مەبەستەکە کە دەقەکە ئامازەی پێدەدات.**

لـە لایـەکی تـرەوە پۆسـت مۆدێرنـەی ئیسـلامی مەبەسـتەکانی لـە دەقەکانـدا (هەڵوەشـاندووەتەوە)، ئـەویش بـە هـەمان ئـەو شـێوازە کـە خـودی دەقــەکانی هەڵوەشـاندووەتەوە. لـە بەشـی پێنجەمـدا ڕوونمـانکردەوە کـە پۆسـت مۆدێرنـە ئیسـلامییەکان چـۆن هـاتوون پرۆسـەی لێکدانـەوەی مۆدێرنـەیی کـە لەسـەر بەرژەوەندی یان مەبەست بونیاتنراوە و قەمچاندنەوەی دەقەکان و دەرهێنانیان لـە میانـەی خۆیـانی[2] ناونـاوە بـە (جوڵانەوەیـەکی عەلمانییـە و خـۆی لـە پۆشـاکی

[1]– مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/٢٢٥.

[2] -Moghissi,……………….p.140.

فـەرموودەی ئاینیـدا شـاردووەتەوە)[1]. کـە پۆسـت مۆدێرنـەکان مۆدێرنگـەراکان تۆمـەتبار دەکـەن بـەوەی کـە (جوڵانەوەیەکـە پاسـاو بـۆ فـەرمانڕەوای سـتەمکارو تاکڕەوەکـان دێنێتـەوە)[2]. هـەروەها تۆمـەتباریان دەکـەن بـەوەی کـە لـە ڕێگـای لێکدانەوەکانـەوە وەك ئەوانـەی کـە مەبەسـتەکان پێشکەشـی دەکـەن هـانی (ئوسوڵییەکان) دەدەن[3]. بەڵام سیستمی واتا زمانەوانییەکان لـە بنـەماکانی فیقهـی ئیسلامیدا لە توانایدایە مەبەستەکان باشتر دەستەبەر بکات ئەویش لە ڕێگای چەند پێشنیارێکی دیاریکراوەوە، کە ئەمانەن:

١-پێویسـتە واتـای مەبەسـت بخرێتـە پـاڵ جۆرەکـانی تـری واتـای زمانـەوانی دەقـەکان (بڕوانـە شـێوەی ٦-٧). دەبـێ ڕەچـاوی ئـەوە بکـرێ کـە دانـی پلـەی لەپێشتری پێی-بە بەراورد بە واتاکانی تر-نابێت بە شێوەیەکی چەقبەستوو جێگیر بکرێ. بەڵکو دەبێـت بچێتە ژێـر ئـەو حاڵەتـەوە کـە لـەژێر بـاس و توێژینەوەدایـە هەروەها ژێر گرنگێتی خودی مەبەستەکە.

٢- بوونی توانایی لەسەر تایبەتکردن و لێکدانەوەو هەڵوەشاندنەوە بـریتین لـەو سێ پێوەرە کـە جیاکـاری بـە جۆرەکـانی دەسـتەواژە دەدات، واتـە تونـدوتۆڵیی و دەقەکەو ڕواڵەتیی و ڕاڤەکراو. بەڵام ئەم پێوەرانە -جگە لەوەی هەژموونداررن، کـە لـە بەشـی پێنجەمـدا ڕوونمکردووەتـەوە- دەکـرێ خـودی مەبەسـتەکان بکرێنـە بناغەیـەك بـۆ تایبـەتکردن و لێکدانـەوە. واتـە دەکـرێ دەسـتەواژەکە بـە خـودی مەبەسـتەکە تایبـەت بکـرێ یـان لێکبدرێتـەوە، یـان دەکـرێ تایبـەت بکـرێ یـان لێکبدرێتەوە بەپێی مەبەستی دەستەواژەیەکی تر کـە نـەیارە پێـی. جگـە لـەوەش خودی هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە جۆرێك لە جۆرەکـانی پراکتیزەکردنـی پلەبەنـدی

---

[1] -Arkoun,……………..p.221.

[2]- إصلاح العقل في الفلسفة العربية، المرزوقي، ل/١٢.

[3]- Moosa, Poticse

بۆ حوکمە شەرعییەکان و دەبێت لەناو میانەی مەبەستی ئاسانکاریی بۆ فیقهی ئیسلامی تێگەیشتنی لێبکرێ.

٣- دەبێت مەبەستی دەستەواژەکە دان بنێت بە ڕاست و دروستی کارکردن بە چەمکی پێچەوانەی ئەو دەستەواژەیەدا، بە پێچەوانەی ئەو ڕایە کە حوجییەتی چەمکی پێچەوانە بەستووەتەوە بەوەوە کە (یەك هۆ لەتوانایدا بێت لە یەك کاتدا دوو حوکمی بەرانبەر بەیەك لەخۆ بگرێ)[١]. جا ئەگەر دەقی تر هەبوون کە ئاماژە بن بۆ مانا پێچەوانەکان ئەوا دەبێت هەموو واتا نەیارەکان لە چواوچێوەی تێگەیشتنی مەبەستە گشتی و تایبەتەکاندا دابنرێن.

٤- کاتێ دەستەواژەیەك لە قورئان یان لە سوننەتدا دێت کە پەیوەستە بە مەبەستەکانی شەریعەتەوە، بە سروشتیش دەستەواژەیەکی (گشتی) و (ڕەهایە)، ئەوا بە گشتی نابێت تایبەت بکرێ یان سنوردار بکرێت بە دەقی تایبەتەوە. لە بەرانبەریشەوە نابێت دەقە تایبەتەکان بە هۆی دەقی گشتی و ڕەهاوە فەرامۆش بکرێن. چونکە دەبێت واتای هەموو دەستەواژەکان لەسەر حوکمدانەکە ڕۆڵی خۆیانیان پێبدرێ، ئەویش لە نێو چوارچێوەیەکی گشتیدا لە مەبەستە گشتی و تایبەتەکاندا.

٥- لەڕاستیدا پەیوەندی لە نێوان دەستەواژە ڕەها و سنوردارەکان کە لە ڕێگای چەند مەسەلەیەکی جۆراو جۆرەوە پەیوەندییان بە هەمان حوکمەوە هەیە - ئەمەش بابەتێکە ڕای جیاوازی لەسەرە- دەبێت بەپێی گونجاندنیان لەگەڵ مەبەستەکان پێناسە بکرێن، نەك بەپێی ڕێسای زمانەوانی یان لۆژیکی گشتی.

---

[١]- أصول الفقه، أبو زهرة، ل/١٣٩.

**ڕاڤەکردنی مەبەستداریی بۆ دەقە شەرعییەکان:**

وادەبینم قوتابخانەی ڕاڤەکردنی بابەتیی بۆ قورئانی پیرۆز، هەنگاوێکە بەرەو تەفسیرکردنێ کە زیاتر مەبەستدارییە، خوێندنەوەی قورئانیش بە شێوەی بابەتیی بۆ دەرهێنانی بابەت و پرەنسیپ و مەبەستەکانی، بەرپا دەبێت لەسەر تێگەیشتن لە قورئان لەسەر ئەوە کە هەمووەکییە یان یەك یەکەیە[١]. جا بەپێی ئەو تێڕوانینە گشتگیرە هەمووەکییە، ئەوا ژمارەیەکی کەم لەو ئایەتانە کە پەیوەندن بە حوکمەکانەوەو بە کلاسیکی پێیان دەوترێ (ئایەتەکانی حوکمەکان)، لە چەند سەد ئایەتێکەوە فراوان دەبن بۆ سەراپای قورئانی پیرۆز. هەموو ئەو سورەت و ئایەتانە کە باس لە باوەڕ و چیرۆکی پێغەمبەران و ژیانی دواڕۆژ و بونەوەر دەکەن بە هەموویانەوە بەشێك لە وێنە هەمووەکییەکە پێکدەهێنن، کەواتە ڕۆڵی خۆیان هەیە لە داڕشتنی حوکمە فیقهییەکاندا نەك تەنها باوەڕ و چیرۆك بن و بەس. بێگومان ئەم ئاراستەیە ڕێگا دەکاتەوە بۆ پرەنسیپ و بەها ڕەوشتییەکان، کە ئەمەش مەبەستی پشتەوەی چیرۆکە قورئانییەکان و ئەو بڕگانەیە کە وێنەی ڕۆژی دوایی دەگرن ، کە ببنە هۆکار بۆ حوکمەکان، ئەمە بە تەنیشت هۆیە لەفزییەکانەوە کە لە ڕێگای شێوازی کلاسیکییەوە لە پرۆسەی (دەرهێنانی هۆکار)ەوە دەردەهێنرێن. ئەمجۆرە بە هەندگرتنەی مەبەستەکان بەشدارییان دەبێت لە پاککردنەوەی هۆکار و لێکۆڵینەوە لێی.

میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودە پیرۆزەکان لە چمکی مەبەستەکان و پرەنسیپەکانەوە وەك کۆمەڵە بابەتێك بۆ سوننەت، ئەوە دەخوازێ کە پەیپێبردنێکی گشتگیر و هەمووەکی بە ژیانی پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر) کردارەکانی بوونی هەبێت. ئەم شێوازەش دواتر سودی خۆی دەبێت لە ڕەخنەگرتن

[١]– التفسير التوحيدي، الترابي، ل/٢٠. المقاصد الكلية، جابر، ل/٣٥.

لـه دەق (مـتن) و لـه ڕیوایەتـەکانی ئـەو فەرموودانـە کـە گونجـاو نـین لەگـەڵ بـەها ئیسلامییە ڕاشکاوەکاندا و کۆدەنگییان لەسەرە. ئەمجۆرە ڕەخنەگرتنە لە دەق لەو ڕوانگەیەوە کە لەگەڵ پرەنسیپە هەمووەکییەکان گونجاو نیە هەنگاوێك لە ڕەخنەی (نامۆیی دەق) لەپێشترە، کە ئەمەیان پێوەرێکە لە پرۆسەی لاوازکردنـی دەقـدا لـە زانستە باوەکانی فەرموودەدا بەکارهێنراوە. چونکە نامۆیی دەقی فەرموودەیەك لـە فەرموودەکان لەسەر ئەوە بەرپا دەبێت—ئەوەی کە لـە زانسـتی فـەرموودەدا کـاری پێدەکریٚ— فەرموودەکە نەیارو بەریەك بکەوێت لەگەڵ فەرموودەیەکی تـردا (ئـیتر لەسەر زمانی هەمان گێڕەرەوە بێت یان کەسیترەوە). کەسی موجتەهیدیش توانای نەبێت لەسەر گونجانی واتاکە (واتە واتای زمانەوانی) بۆ هـەردوو فەرموودەکـە یـان گونجاندنی دوو هۆیەکە لـە هـەردوو فەرموودەکـەدا، ئـەوکات ئـەو فەرموودەیـە کـە پلەی گومانبڕییەکەی کەمترە دادەنرێت بە نامۆ لە دەقدا.

ئەوەی لێرەدا لەسەر پێـوەری (نـامۆیی میتـۆدیی) دەیخەینـەڕوو بـەو مانایەیـە فەرموودەی نامۆ ئەو فەرموودەیەیـە کـە گونجـاو نیـە لەگـەڵ پرەنسـیپ و بنـەما و مەبەسـتە گشـتییەکانی ئیسـلامدا، وەهـا کـە لـە ڕێگـای تێگەیشـتنی هـەمووەکی دەقەکانــەوە دەردەکــەویٚ، نــەك تــەنها لــە ڕێگــای جیــاوازی و بەریەککــەوتنی بەشییەوە. بەمشێوەیە دەکریٚ (نامۆیی میتۆدیی) ببێتە ئـەو زاراوەیـە کـە بـبڕدریٚ بەسـەر ئـەو شـێوازەدا زۆرێـك لـە توێـژەرە هاوچـەرخەکان گرتوویانەتـە بـەر لـە ڕەخنەگرتنیان لە ڕیوایەتی فـەرموودەکان کـە گونجـاو نـین لەگـەڵ پرەنسـیپەکانی قورئـان و هەمووەکییەکانیـدا[1]، نـەك تـەنها لـە ڕێگـای (جیـاوازی و بەریککـەتنی) بەشییەوە. کەواتە پێشنیار دەکەین کە (نـەبوونی نـامۆیی میتـۆدیی) بخرێتـە سـەر

[1]– مدخل الى فقه الأقليات، العلواني، ل/٣٦. السنة النبوية، الغزالي، ل/١٩، ٦١، ١٢٥. نظرات في القرآن، الغزالي، ل/٣٦.الإجتهاد، النمر، ل/١٤٧. قضايا التجديد، الترابي، ل/١٥٧. إعمال العقل، صافي، ل/١٣٠. الإجتهاد والتجديد في الفقه الإسلامي، ل/٢١.

مەرجەکانی ڕاست و دروستی دەقی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) (کە لە شێوەی ٤-٦ دا وێنامان کردووە).

دواجار دەڵێین، لەڕاستیدا شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ فەرموودە لە ڕێگای مەبەستەکانەوە دەتوانێ بەشداری هەبێت لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی زیندوو لە ڕیوایەتی فەرموودەی پیرۆزدا بە گشتی، ئەویش ئەو بۆشاییەیە کە لەبەرئەنجامی کەموکورتی باسکردنی میانەی دەقەکەو بارودۆخی دەوروبەرییەوە پەیدا بووە. زۆرینەی هەرە زۆری ئەو فەرموودانە کە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) گێڕدراونەتەوە بریتیین لە ڕستەیەك یان دوو ڕستە، یان وەڵامی پرسیارێك یان دوو پرسیار، بێئەوەی ڕاڤەی میانەی مێژوویی یان سیاسی یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان ژینگەییان بۆ کرابێت کە پەیوەندن بەو فەرموودەیەوەو بەدڵنیایی کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر تێگەیشتن لە واتاکەی. بەڵام هەندێجار لە کۆتایی هەندێ فەرموودەدا چەند وشەیەك دێن کە کەسی گێڕەرەوە پێیان کۆتایی بە ڕوایەتەکەی دێنێت، وەك: نازانم ئایا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەمەی بۆ فلانە حاڵەت فەرمووە یان نا...، یان لە هاوشێوەی ئەم نمونەیە. بەڵام میانەو کاریگەری میانەکە لەسەر تێگەیشتنی فەرموودەکە هەر بە کراوەیی لەبەردەم پێشبینی کەسی گێڕەرەوەو فیقهناسدا دەمێنێتەوە. کەواتە وێنەی هەمووەکی و میانەی هەمووەکی کە لێرەدا پێشنیار دەکرێ ببن بەشدارییان دەبێت لە زاڵبوون بەسەر کەموکورتی ئەو زانیارییانەدا ئەویش لە ڕێگای تێگەیشتن لە مەبەستە گشتییەکانی شەریعەت بە گشتی.

**مەبەستەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر):**

دەكرێ مەبەستەكانی شەریعەت، كە لێرەدا بە واتـای مەبەسـت یـان نیەتـەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دێت لە گفتار یان لـە هەڵسـوكەوتە پیرۆزەكانیـدا، سودیان هەبێت لە هەڵێنجانی میانەی فەرموودە ویستراوەكەدا. لە بەشی چوارەمدا ڕوونمانكردەوە كە قەرافی جیاكاری كردووە لە نێـوان هەڵسـوكەوتەكانی پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەر) لەسەر بنەمای پێڕاگەیاندن و ڕێنمایی، یـان دادەوریـی، یـان پێشـەوایەتی و ڕابەرایـەتی. قـەرافی ڕۆشـنی كردووەتـەوە كـە هـەر یـەك لـەو مەبەستانەی (شوێنەواری خۆی هەیە لە شەریعەتدا). باسمـانكرد كـە ئیبن عاشـور چەند جۆرێكی تری لە مەبەستەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) زیـادكردووە، ئەمەش فراوانكردنێكی گرنگ بوو لە بابـەتی واتاكانـدا لـە ڕێگـای مەبەسـتەكانەوە. ئـیبن عاشـور ڕاڤـەی جۆرەكـانی هەڵسـوكەوتی پێغەمبـەرێتی كـە خسـتوونیەتەڕوو كردووە ئەویش لە ڕێگای چەند نمونەیەكەوە لە فـەرموودەی پـیرۆز[١]. لـە خـوارەوە هەندێ لەو نمونانە دەهێنین كە ئیبن عاشور باسیكردوون[٢]:

١-**بە مەبەستی تەشـریع:** یـەكێك لـەو نمونانـە لەسـەر مەبەسـتی تەشـریع لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بریتییە لەو گوتارەی لە كـاتی حـەجی ماڵئاواییـدا فەرموویـەتی، لێـی دەگێڕنـەوە كـە لـەو ئـان و سـاتەدا فەرموویـەتی: ((سـروت و پەرستشەكانتان لێمەوە وەربگرن نازانم لەوانەیە لـەدوای ئـەم سـاڵەوە ئـیتر پێتـان نەگەمەوە)). هەروەها لـەدوای تـەواوكردنی ئـەو گوتـارەی فەرموویـەتی: ((بـا ئـەو كەسەتان ئامادەیە ڕایبگەیەنێ بەو كەسەتان كە لێرە نیە)).، ئەمجۆرە كردارانـەش دەبێت وەك خۆیان پەیڕەوییان لێبكرێ.

---

[١]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، بەشی شەشەم.

[٢]- لێرەدا لە كۆپیە ئینگلیزییەكەدا گەڕاومەتەوە بۆ وەرگێڕانەكەی محمد طاهر الميساوي بـۆ كتێبەكـەی ئیبن عاشور لە مقاصد دا. بحث إبن عاشور في المقاصد الشرعية، وەرگێڕانی محمد طاهر الميساوي ٢٠٠٦.

٢- به **مەبەستی فـەتوا**: نمونـە لەسـەر ئـەم مەبەسـتە بریتییـە لـە فـەتواکانی پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لـە کـاتی حـەجی ماڵئاواییـدا، بـۆ نمونـە پیاوێـك هاتووتـە خزمـەتی و وتوویـەتی: (قوربانییەکـەم سـەربڕی بەرلـەوە ڕەجـم بکـەم)). پێغەمبەریش پێی فەرمووە: (ڕەجم بکەو هیچ سەغڵەتی تێدا نیە)). پاشان پیاوێکی تر هاتووەتە خزمەتی و وتوویەتی: (سەرمتاشی بەرلەوە قوربانییەکـەم سـەربڕم). پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) فەرموویـەتی: (سـەربڕەو هـیچ سـەغڵەتی تێـدا نیە)). گێڕەرەوەی فەرموودەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێ پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لـەو ڕۆژەدا هـەر پرسـیارێکی پێشخسـتن یـان دواخسـتنی لێکـرا بێـت فەرموویەتی: ((ئەنجامی بدەو هیچ سەغڵەتی تێدا نیە)). لەم نمونەیەدا کە هێنامان مـوفتی فێردەبێـت کـە ڕیزبەنـدی کردارەکـانی حـەج بـە گشـتی پابەنـدبوونی دەقاودەقییان تێـدا نیـە، مەگـەر ئەوانـەیان نـەبێت کـە دەقێکـی ڕاشـکاو لەسـەری هاتبێت.

٣- بـە **مەبەسـتی دادوەریـی:** نمونـەکانی ئەمانـەن: (أ) دادوەریـی پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەر) لـە نێـوان دوو کەسـدا، لەسـەر پارچـە زەوییـەك، یـەکێکیان خەڵکی حەزرەمەوت بووەو ئەویتریان خەڵکی کیندە بووە. (ب) دادوەریی پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لـە نێـوان کەسـێکی دەشـتەکی و نەیارەکەیـدا، کاتێـك کـە دەشتەکییەکە وتوویەتی: ((ئەی پێغەمبەری خوا دادوەریی لە نێوانماندا بکە))، (ج) دادوەریی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە نێوان حەبیبەو سـابیت دا، حەبیبـەی کچـی سـەهل سـکاڵای لای پێغەمبـەری خـوای (درودی خـوای لەسـەر) کـرد کـە مێردەکـەیی خۆشـناوێت و دەیـەوێت لێـی جیاببێتـەوە. پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسەر) فەرمووی پێی: ((ئایا بێستانەکەی بۆ دەگێڕیتەوە؟)) حەبیبە وتـی: هـەموو ئەوەی پێیداوم لەلام ماوە. پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەر) فەرمانیـدا بـە سـابیت کە بێستانەکەی وەربگرێتەوەو تەڵاقی بدات. ئەمجۆرە فەرموودانە نابنە تەشریعێکی

گشتی، هەروەك قەرافی باسیکردووە، بەڵکو حوکمەکە تیایدا بە فـەرمانی دادوەرە، بەو ئیجتیهادکردنەی کە بەپێی کێشەکە پێی دەگات دادوەریی تێدا دەکات.

٤- **بە مەبەستی سەرکردایەتی:** نمونەش لەسـەر ئەمـە مۆڵەتـدانی پێغەمبـەرە (درودی خوای لەسەر) بە پێدانی موڵکداریێتی زەوی هاوبەش بەو کەسە کە ئاوەدانی دەکاتـەوە، هـەروەها ڕێگیریکردنـی لـە خـواردنی گۆشـتی گوێدرێـژ لـە جـەنگی خەیبەردا، وە گفتاری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە کـاتی جـەنگی حونەینـدا کـە فەرموویـەتی: ((هەرکـەس کەسـێ بکـوژێ و شـایەتی هـەبێت لەسـەری ئـەوا شمەکەکەی بۆ بکوژەکەیە)). ڕێسا گشتییەکەش ئەوەیە ئەو فەرموودانە کە باس لە مەسەلە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکان دەکەن دەبێت لەبەر ڕۆشنایی مەبەستە باڵاکاندا تێگەیشتنیان لێبکرێ بەجۆرێ کە سـود بـە بەرژەوەنـدی گشـتی بگەیـەنن نـەك بـە دەقاودەقی و بە لەفزەکانیان.

٥- **بە مەبەستی ڕێنمایی (کە فراوانترە لە چەمکی تەشریع)**: نمونەی ئەمە لە فەرموودەکـەی ئـیبن سـوید دا دەردەکـەوێ کـە بوخـاری گێڕاویەتـەوە، تیایـدا وتوویەتی: ((گەیشتم بە ئەبو زەڕ و بەکارگوزارێکی کـە کارگوزارەکـەی پۆشـاکێکی دەرەدامانی لەبەردا بوو، بە ئەبو زەڕم وت: ئەمە چییە؟ ئەویش وتی: ((وەرە پێـت بڵێم:: من تانەم لە بەندەیەکم دا و بە دایکی عەیبدارم کرد، ئەویش لای پێغەمبەری خوا سکاڵای لێکردم، پێغەمبەری خوا فەرمووی: ئەی ئەبو زەڕ بە دایکی عەیبـداری دەکـەیت؟ وتم: بـەڵێ، فـەرمووی: تـۆ کەسـێکی نـەفامیت تێدایـە. بەنـدەکانتان براتانن)). لەم فەرموودانەدا ڕێنمایی پێغەمبەرێتی دەبینین بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی تایبەتی هاوەڵان لەگەڵ بەندەکانیاندا لەو زەمانەدا.

٦- بە **مەبەستی ئاشتەوایی:** نمونە لەسەر ئەمە ئەوەیە کـە پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەر) داوای لە بەریرە کرد بگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی دوای ئەوە کە لێی جیابووبوویەوە، بەریرە وتی: ((ئایا فـەرمانم پێدەدەیت ئـەی پێغەمبـەری خـوا؟))

فەرمووی ((نەخێر، بەڵکو من ناوبـژیوانم)). بـەریرە وتـی: ((پێویسـتم پێـی نیـە)). بوخاریش فەرموودەیەك دەگێڕێتەوە کە نمونەیەکی تر دەدات بەدەستەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێ باوکی جابر مرد، جابر داوای لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کـرد تا قسە لەگەڵ خاوەن قەرزەکانیدا بکات سا بەڵکو لە بڕێك لـە قەرزەکـەیان خـۆش ببن. پێغەمبەری خوایش (درودی خوای لەسەر) قسەی لەگەڵ کردن بەڵام داواکەیان ڕەتکردەوە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) قوبوڵی کـرد. فەرموودەیـەکی تـر لەسـەر ئاشـتەوایی ئەمەیـە کـە کـەعب کـوڕی مالیـك داوای لـە عەبـدوالله ی کـوڕی حەدرەد کرد قەرزەکەیی بداتەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) داوای لە کەعب کرد لە نیوەی قەرزەکـەی خـۆش ببێـت، کـەعبیش ڕەزامەنـدی دا. لـە هـەموو ئـەم فەرموودانەدا هاوەڵان تێگەیشتوون کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەر) مەبەسـتی ئەوە نەبووە کەس بەزۆر پابەند بکات بەڵکو مەبەستی ئاشتەوایی بووە.

٧- بە **مەبەستی ئاماژەدان بە ڕاوێژپێکەر:** نمونە لەسەر ئەمـە فەرموودەکـەی عومەری کوڕی خەتتابە کە ئەسپێکی ڕەسەنی چاکی بەخشـیوە بـە کەسـێك تـا لـە ڕێگای خوادا بەکاری بێنێ، کەچـی خاوەنەکـەی وەکـو پێویسـت گـوێی پێنـەداوە، ئینجـا عومـــەر حـــەزیکردووە لـــە خاوەنەکـــەیی بکڕێتـــەوە، چـــونکە عومـــەر وا هەستیکردووە کە بە نرخێکی هەرزان دەیفرۆشێت، بۆیە لەوبارەیەوە پرسـیاری لـە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) کـردووە، پێغەمبـەریش (درودی خـوای لەسـەر) فەرموویەتی: ((نەیکڕیتەوە با بە درهەمێکیش پێت بفرۆشێت، چونکە ئەو کەسـەی لــە خێرێــك پاشــگەزبێتەوە کــە کردوویــەتی وەك ســەگ وایــە بگەڕێتــەوە ســەر ڕشانەوەکەی)).کەسیش واینەزانیوە کە ئـەو ڕێگیرییـەی پێغەمبـەری خـوا (درودی خوای لەسەر) ڕێگیرییەکی گشتی بووە. نمونەیەکی تر ئەو فەرموودەیەیە کە زەیـد گێڕاویەتەوە، تیایدا هاتووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((تـا چاکی بەروبوومەکە نەکەوێتە بەرچاو کڕین و فرشتنی پێوە مەکـەن))، بـەڵام زەیـد

لەســـەر فەرموودەكـــەی پێغەمبـــەر (درودی خـــوای لەســـەر) وتوویـــەتی: (وەك ڕاوێژپێكردن وایە كە ئاماژەیان پێدەدات لەسەری لەبـەر زۆری نـەیاربوونیان). لـەم دوو فەرموودەیەدا، هاوەڵان تێگەیشتوون، هەروەك لە بڕگەی پێشوودا هاتووە، كـە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) مەبەستی ئەوە نەبووە كە بەزۆر پابەندییان بكـات بە شتێكەوە.

٨- بە **مەبەستی ئامۆژگاری:** بۆ نمونە نیعمانی كوڕی بەشـیر گێڕاویەتـەوە كـە باوكی هەواڵی بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) داوە شتێكی خۆی داوە بە یەكێك لـە كوڕەكـانی. پێغەمبــەر (درودی خـوای لەســەر) پرسـیاری لێكـردووە: ((ئایـا لـە هاوشێوەی ئەوەت داوە بە هــەموو منداڵـەكانت؟)) ئـەویش وتوویـەتی: (نـەخێر!)) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((مەمگرە بە شایەت لەسەر ستەم)). لێرەدا فەرموودەیەكی تری ڕاشكاو هەیە كە نە مالیك و نە ئەبو حەنیفەو نە شافیعی لـە مەبەسـتەكەی تێنەگەیشـتوون، ئـەویش ئەوەیـە كـە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسەر) مەبەستی قەدەغەكردنی ئـەو دیارییـە بـووە نـەك پوچـەڵكردنەوەی خـودی دیاری بووبێت، لە هەندێ ڕیوایەتی تری ئەم فەرموودەیـدا هـاتووە كـە پشـتگیری ئـەم ڕایـە دەكـات چـونكە فەرموویـەتی: ((نـەخێر، كەسـێكی غـەیری مـن بكـە بـە شایەت)).

**٩- بە مەبەستی ڕاهێنانی دەروونەكانە لەسەر باشترینی حاڵەتە شەرعییەكان:** ئەمەش لە فەرمانەكانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بۆ هاوەڵانی زۆرە كە بـە مەبەستی كاملكردنی دەروونییانـە، مەبەسـت ئـەوە نـەبووە كـە هـەمووی ئوممـەت پابەند بكرێت پێیانەوە. لە صەحیحی بوخاریدا لە بەرائی كوڕی عازەبـەوە هـاتووە وتوویەتی: ((پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرمانی پێداین بە ئەنجامدانی حەوت كار و ڕێگیری لێكردووین لە ئەنجامدانی حەوتی تر: فەرمانی پێداین سەردانی نـەخۆش بكـەین، شـوێن جـەنازە بكـەوین، بـە كەسـی پـژمیو بڵـێین خـوا ڕەحمـت

پێبکات، وەفا بکەین بە سوێند، سەرخستنی ستەملێکراو، وەڵامدانەوەی سڵاو، چوون بەدەم بانگهێشتەوە، ڕێگیریەشی لێکردووین لە کردنە دەستی ئەنگوستیلەی ئاڵتون، لە بەکارهێنانی قاپ و قاچاغی زیو، لە بەکارهێنانی زینی سور و سپی نەقشکراو، هەروەها لە پۆشاکی میسری کە بە پەراوێزی ئاورێشم ڕازێنراوەتەوە، لە بەکارهێنانی هەردوو قوماشی ئیستەبرەق و دیباجی ئاورێشمی. هەندێ لەم فەرمانانە بەشێوەیەکی گومانبڕ فەرزن یان قەدەغەکراون، هەندێکیشیان لەپێناو خۆپارێزی هاوەڵانە لە دیاردەکانی زیادەڕۆیی و ماڵ بەفیڕۆدان، نەك حەرامکردنیان.

١٠- **بە مەبەستی فێرکردنی حەقیقەتە باڵاکان:** یەکێك لەوانە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پرسیاری لە ئەبو زەڕ کردو فەرمووی: ((ئایا ئوحود دەبینی؟-واتە کێوی ئوحود-)) ئەبو زەڕ وتی: بەڵێ. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: ئەگەر بە قەد کێوی ئوحود ئاڵتونم هەبێت، هەمووی دەبەخشم جگە لە سێ دیناری نەبێت)). مەبەستی ئەوە نەبووە ئەو ویستەی بچەسپێ بەسەر هەموو موسڵمانێکدا. بەهەمانشێوە بەرائی کوڕی عازەب دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ((پێغەمبەری خوا فەرمانی پێداین پارێزگاری لە حەوت شت بکەین و ڕێگیریشی لێکردین لە حەوت شت: فەرمانی پێداین سەردانی نەخۆش بکەین، شوێن جەنازە بکەوین، دۆعا بۆ پژمیو بکەین، وەفادار بین بەرانبەر سوێندخواردن، یارمەتی ستەملێکراو بدەین، سڵاو لە یەکتر بکەین و بیکەینە داب و نەریت ، بچین بەدم بانگهێشتەوە. ڕێگیریشی لێکردووین ئەنگوستیلەی ئاڵتون بکەینە دەست، لە قاپ و قاچاغی زیودا بخۆین و بخۆینەوە، زینی ئاورێشم بەکاربێنین، پۆشاکی میسری ئاورێشمی یان دیباج بەکاربێنین)). عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش دەڵێ: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) ڕێگیری لێکردم لە بەکارهێنانی ئەنگوستیلەی ئاڵتون، وە لە پۆشینی ئاورێشم و لە پۆشاکێ کە بە زەعفەران بۆیاخ کرابێت، وە لە خوێندنی قورئان لە ڕکوع و سوژدەدا، من ناڵێم ڕێگیری لە ئێوە کردووە بەڵکو دەڵێم ڕێگیری لێکردم)).

هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) وەك فێرکارێ بە رافیعی کوڕی خودەیجی فەرمووە: ((زەوییەکەت مەدە بە کرێ، بەڵکو خۆت بیکێڵە)).

١١- بە **مەبەستی تەمبێکردن:** ئیبن عاشور دەڵێ بە مەبەستی هەڕەشەکردن هەندێ گەورەکردنی تێدا کراوە. وەك ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((سوێند بە خوا باوەڕی نیە، سوێند بە خوا باوەڕی نیە)). وتیان: ئەوە کێیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((ئەو کەسەیە کە دراوسێکەی سەلامەت نیە لە فێڵ و تەڵەکەکانی)). مەبەستەکە نەبوونی باوەڕی کامڵە نە ئەسڵی باوەڕ.

١٢- بە **مەبەستی ڕێنمایی کردن نیە (واتە بە مەبەستی فێرکردن نیە):** ئەمەش پەیوەندی بە تەشریع یان ئاینداریی یان پەروەردەکردن یان سیستمی ئوممەتەوە نیە، لەوانەش داب و نەریتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە خواردن و خواردنەوەیدا، لە پۆشاکەکەی، لە خەوتنی، لە ڕێکردنی، لە سواربوونی وڵاغەکەی، نمونە: گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە کاتی حەجی ماڵئاواییدا لەسەر تەپۆڵکەی میحصەب وەستاوە کە ڕوانیویەتی بەسەر ئاوی بەنو کینانەدا، عائیشە-خوا لێی ڕازی بێت-لەسەر ئەمە دەڵێ: ((میحصەب باسێك نیە)) واتە دابەزینی لەو شوێنەدا لە سروتەکانی حەج نیە، بەڵکو ئەوە شوێنێك بووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) شەو تیایدا ماوەتەوە تا ئاسانتر بێت بۆ ڕۆیشتنی بەرەو مەدینە.

لەڕاستیدا پرۆسەی فراوانکردنی واتای فەرمووده پیرۆزەکان لە لایەن ئیبن عاشورەوە، هەروەك لە نمونەکانی پێشەوە خستمانەڕوو، ئاستی مەبەستداریی زیاتر دەکات زیاتر لەوەی کە لە میتۆد و شێوازەکانی هەڵێنجانی حوکمەکان کە پێشتر لەسەری بوون، هەروەها نواندنی بڕی نەرمی لە لێکدانەوەی فەرموودەکان و پراکتیزەکردنیان زیاتر دەکات.

**پێوانەگیریی لە ڕێگای مەبەستەکانەوە:**

زۆربەی مەزهەبەکان و فیقهناسان ڕێگا بە پێوانەگیریی دەدەن ئەویش بە پشتبەستن بەو هۆیە کە حوکمەکە لەسەری بەرپا دەبێت، نەك بە پشتبەستن بە حیکمەتی پشتەوەی حوکمەکە، ئەمەش مەسەلەیەکە پێشتر ئاماژەمان پێداوە. پاڵنەری فیقهناسان لەمەدا بۆ پارێزگاریکردن بووە لەسەر (توندوتۆڵی) لە ڕێگای هۆکاری حوکمەکەوە. مەبەستیشیان بە توندوتۆڵی هۆکارەکە نەگۆڕینیەتی لەگەڵ گۆڕانی کات و شوێندا. بە دەستەواژەیەکی تریش، لەپێناو پارێزگاریکردن لەسەر یەکبوونی شێوەکە لەسەر ئاستی ئەنجامدان، ئەوا فیقهناسان دەڵێن ئەو هۆیە کە لە پشتەوەی حوکمەکانەوەیە دەبێت هێماو نیشانەیەك بێت کە بە گۆڕانی بارودۆخەکان هەرگیز نەگۆڕێت. تەنانەت ئەو فیقهناسانەش کە ڕێگا دەدەن چەمکی (حیکمەت) ببێتە هۆکاری حوکمەکە، ئەوانیش هەر مەرجێك بۆ ئەوە دادەنێن ئەویش ئەوەیە کە دەبێت ئەو حیکمەتە (توندوتۆڵ) بێت[1].

بەڵام شیکردنەوەی لەسەرخۆ بۆ (توندوتۆڵی) کە مەرجە لە هۆیەکەدا بوونی هەبێت ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بە سروشتی دەکەوێتە ژێر گۆڕانکارییەکان، چونکە ناتوانرێ بە شێوەیەکی ورد پێناسە بکرێ، ئیبن قودامە کە گەورە فیقهناسێکی حەنبەلییە ئەمەی ڕوونکردووەتەوە[2]. ئیبن قودامە لەم بەشەدا کە لە کتێبەکانی ئوسوڵدا هاتووە پشتی بەستووە بەم پەندە بەناوبانگە ئەویش بریتییە لە ڕۆژووەوانی نەخۆش کە بەڕۆژوو نەبێت بە پشتبەستن لەسەر توندوتۆڵی هۆیەکە ئەویش نەخۆشییە، ئیبن قودامە قسەی لەسەر ئەمە کردووەو دەڵێ: (بەڵام نەخۆشی توندوتۆڵ ناکرێ، چونکە نەخۆشی فرە جۆرە، هەندێ لە نەخۆشییەکان زیان بە ڕۆژووەوان دەگەیەنن و هەندێکیشیان پەیوەندییان بە ڕۆژووەوە نیە، وەك

---

[1]– الإحكام، الآمدي، ب٥، ل/٤٢.

[2]– المغني، إبن قدامة، ب٣، ل/٤٢.

ئازاری ددان، برینە بچوکەکان، ئاوسانەکان، زامە بچوکەکان، تادوایی. بەمشێوەیە ناتوانرێ نەخۆشی لە خودی خۆیدا ببێتە پێوانەیەکی ڕاست، بەڵکو حیکمەتەکە دوورخستنەوەی زیانەکەیە کە دەبێت وەك پێوەرێك پشتی پێببەسترێ[1]. لە واقیعیشدا پاساوەکەی ئیبن قودامە دەچەسپێت بەسەر هەموو جۆری هۆکارەکاندا، جگە لەوەش ئەو (حیکمەتە) لەو نمونەیەیدا کە ئاماژەی پێکردووە و لەپێشەوە هێنامان بریتییە لەوە کە فیقهناسان بەپێی مەزهەبەکانیان ناویاننـاوە بە (بۆنە)، یان (ئەسڵ)، یان (بەرژەوەندی). لە بەشی یەکەمدا ڕوونمانکردەوە کە فیقهناسان هەر لە سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە (بەرژەوەندییەکان)یان بە واتای (مەبەستەکان) پێناسەکردووە، ئەوان بەم گواستنەوەیان کەوتنە مامەڵەکردن لەگەڵ (بۆنەی هۆکار)دا کە بە واتای مەبەستی حوکمەکەیە.

جارێکیتر دەگەڕێینەوەو دەڵێین لەڕاستیدا ئەو (گومان ئامێزییە)ی کە لە مەبەستەکاندا هەیە ڕێگیری لە فیقهناسان کردووە وەك هۆیەکی گومانبڕ پەسەندی بکەن، بەجۆرێ کە حوجییەتی سەربەخۆی هەبێت. لەوانەیە زۆربەی زانایان لەژێر کاریگەری لۆژیکی یۆنانیدا بووبن، بە تایبەتی لۆژیکی ئەرستۆ (کە لە ڕێگای ئیبن سیناوە گەیشتووە پێیان)، ئەویش کاتێك ڕەزامەندییان نواند پێگەیەك بە هەڵێنجان بدەن لە سەرووی پێگەی ئەنجامگیرییەوە بێت کە لە ڕێگای لێگەڕان و بەدواداچوونەوە (إستقراء)) بەدەست دەخرێ، تا هەڵێنجان ببێتە ئامرازیان لە گەیشتن بەوەی کە دەڵێن (یەقینی لۆژیکییە). ئەرستۆ پێشتر باسیکردووە کە دەبێت ئیستیقرا یان تەواو تەواو بێت (واتە کاتێ هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندارن) یان دەبێت نوقصان بێت (واتە کاتێك هەموو ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە کە پەیوەندارن)، ئا بەمشێوەیە ئەو پێشنیاری کردووە کە بە پشتبەستن لەسەر (گومانبڕی تەواوی ئیستقرا) و (گومانیی نوقصانی ئیستیقرا)، ئەوا ئیستیقرا ئەو ئامرازە نیە ببێتە

---

[1]- سەرچاوەی پێشوو.

یـەقینێکی لـۆژیکی[1] . ئـەم پاسـاوەش هـەمان پاسـاوە کـە فیقهناسـان لـە هـەموو مەزهەبەکانـدا دەقـاودەق بـەکاریان هێنـاوە، هـەر لـە ڕازی و غەزالییـەوە تـا سـیوتی و ئامەدی[2] .

بەمجۆرە ئەوا پێوانەگیریی بەشیی ڕواڵەتیی، کە لەسەر یەك بەڵگە بونیـاتنراوە، پێگەیـەکی پێـدراوە لەسـەرووی ئـەو چـەمکە هەمووەکییانەوەیـە کـە لەسـەر مەبەستەکان بونیاتنراون، لە هەمانکاتیشدا بەرپابووە لەسـەر مەعریفـەی ڕووپێـوی ئیستیقرائی، کە بە سروشتی خۆی ئیستیقرائێکی تەواو نیە. لە باسێکی پێشترماندا بۆ دیدی فرە ڕەهەندی بۆ چەندین پلەی گومان و یەقین، مەبەستمان بوو پشتگیری بکەین لە پرەنسیپی مەبەستداریی لە ئامڕازەکانی بنەماکانی فیقهدا کـە پەیوەنـدن بە پێوانەگیرییەوە.

## ئەو بەرژەوەندییانەی گونجاون لەگەڵ مەبەستەکان:

زۆرێك لە فیقهناسان بە پێدانی پێگەیەکی سەربەخۆ بە (بەرژەوەندییەکان) وەك سەرچاوەیەکی تەشریع هەست بە دڵەڕاوکە دەکـەن، چـونکە دوور نیـە ببێتـە هـۆی بەریەککەوتن لەگەڵ دەقە ڕاشکاوەکانی قورئان و سوننەتدا[3] . توێژەرانی فەلسەفەی یاسایش دەربارەی پەیوەندی نێوان مەبەستەکان و ماناکان و نێوان ڕواڵـەتی دەقـە تەشریعییەکان گوزارشت لە هەمان دڵەڕاوکە دەکەن. لێرەوە –بۆ نمونـە– دادگـای باڵا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یاساناسە بەریتانییەکان مەرجێکیان دانـاوە بۆ پەسـەندکردنی هـەر مەبەسـتێك کـە دەویسـترێ جێبـەجێ بکـرێ، لەوانەیـە لـەم باسـەماندا سـودی لێـوەربگیرێ، ئـەوان پێـداگری دەکـەن لەسـەر ئـەوە کـە (تاکـە

---

[1]– أعمال أرسطو، أرسطو.

[2]– المستصفى، الغزالي. التفسير الكبير، الرازي، ب٣، ل/١٣٣. تـدريب الـراوي في شـرح تقريـب النـووي، جلال الدين السيوطي، ب١، ل/٢٧٧. التقرير، الحاج، ب١، ل/٨٦.

[3]– نظرية المصلحة في الفقه الإسلامي، حسان.

سەرچاوەیەکی پەسەند کە بکرێتە بەڵگە لەسەر مەبەستی یاسا دانەر بریتییە لە خودی دەقە تەشریعیەکە)[1]. وادەبینم دەکرێ هەمان مەرج چارەسەری ئەو دەمەقاڵەیەی لای ئێمەش بکات لەبارەی مەسەلەی شیاوێتی بەرژەوەندییەکان تا ببنە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی تەشریع لە فیقهی ئیسلامیدا. جا مادامێ ئەو مەبەستە شەرعییانەی ڕێکەوتن لەسەریان هەیەو لە دەقە شەرعییەکانەوە ئەنجامگیرییان بۆ کراوە، ئەوا بەرژەوەندیش خاوەنی پاساوی شەرعییە چونکە هاوواتای مەبەستەکانە هەروەك لای زۆرێك لە فیقهناسان بەوجۆرەیە[2]. بەم پێیەش بەرژەوەندییە (گرنگەکان) و (ڕەهاکان) –بەپێی دابەشکردنی غەزالی– دواجار لەناو یەك دەستە لە بەرژەوەندییەکان کە بە ڕاشکاوی یان بە ئەنجامگیری لە دەقەکانی وەحییەوە ئاماژەیان پێدەدرێ ئاوێتە دەبن. خوێنەر دەتوانێ لە شێوەی ٦–٨ دا پۆلێنکردنێکی نوێ بۆ بەرژەوەندییەکان ببینێ ئەویش بە پشتبەستن لەسەر دەستەبەرکردنی مەبەستەکان.




**شێوەی٦–٨: پۆلێنکردنی بەرژەوەندییەکان**
**بەپێی گونجاندن یان دژایەتییان لەگەڵ مەبەستی دەقەکان**

---

1 -Gray, ed, The Philosophy of Law…………p. 428.

٢– الغياثي، الجويني، ل/٢٥٣. المستصفى، الغزالي، ب١، ل/١٧٢. المحصول في علم الأصول، الرازي، ب٥، ل/٢٢٢. الإحكام، الآمدي، ب٤، ل/٢٨٦. التعيين، الطوفي، ل/٢٣٩.

**بەچاكزانین (الإستحسان) لە ڕووانگەی مەبەستدارییەوە:**

ئـەو مەزهەبانـەی كاریـان بـە پرەنسـیپی بەچـاكزانین (**الإستحســان**) كـردووە هەوڵیانـداوە ئـەو تەمومـژو ئاڵۆزییـەی لـە پێوانـەگیریی ڕواڵـەتیی تونـد دا هەیـە چارەسەری بكەن–پێشتر باسكراوە[1]. بەڵام من باوەڕم وایە بناغەی تەمومژەكە نیە لـە شـێوەی ڕواڵـەتیی پێوانەگیریـدا، بـەڵكو لـە جـۆری پێناسـەكردنی دەقـاودەقی (توندوتۆڵییەكەدایـە)، ئەمــەش ئــەو پێناســەیەیە كــە زۆرجــار (مەبەســتەكە)ی پشتەوەی خودی حوكمەكە وندەكات. پرەنسیپی بەچـاكزانین بـە زمـانێكی سـادەو ساكار لای ئەو مەزهەبانە كـە كـاری پێدەكـەن واتـە چاوپۆشـین لـە واتـای ڕواڵـەتی لـەفزەكان لــە چــەند حاڵــەتێكی دیـاریكراودا و لــە پراكتیزەكردنــی ڕاســتەوخۆی مەبەستەكەدا.

لێرەدا چەند نمونەیەك لەو حاڵەتانە دەخەینـەڕوو كـە لـە كتێبـی (**المبسـوط**)ی سورخوسـی وەرمـانگرتوون. مێـژووی هەنـدێ لـەو نمونانـە دیـارە، بـەڵام لێـرەدا تۆماریـان دەكـەین تـەنها بـۆ ڕوونكردنـەوەی بیرۆكـەی پەیوەسـتبوونی پرەنسـیپی بەچاكزانین بە مەبەستەكانەوە:

**١–**ئەبو حەنیفە پرەنسـیپی بەچـاكزانینی بـۆ لێخۆشـبوون لـە هەنـدێ تاوانبـار پراكتیـزە كـردووە، وەك ئەوانــەی شــت دەشــارنەوە، جـا ئەگـەر ئەوانــە لــە دوای ماوەیەك دوور بكەونەوە لەو ڕەفتارە خراپەیان و بیسەلمێنن كە تەوبەیان كـردووە، ئەوا ئەبو حەنیفە لەو حاڵەتەدا فەرمانیـداوە سـزا نـەدرێن، جـا هەرچـەندە هۆیەكـە بوونی هەیە، بەڵام مەبەست لـە سـزادان گێڕانـەوەی خەڵكییـە لـە تـاوانكردن، لـەم حاڵەتەشدا مەبەستەكە نەبووە[2].

---

[1]– المغني، إبن قدامة، ب٥، ل/١٤٨.

[2]– المبسوط، السرخسي، ب٩، ل/٢٠٥.

٢- ئەو گرێبەستانەی کە ڕادەستکردنیان دوادەخرێ بە مەرجی ڕوودانی چەند مەسەلەیەکی دیاریکراو (لە کاتە دیارینەکراوەکاندا) لای حەنەفییەکان گرێبەستی (ناڕەوان). بەڵام بەرژەوەندی خەڵکی وای لە موحەممەد کوڕی حەسەنی شەیبانی- بەڕەحمەت بێت-کردووە پرەنسیپی بەچاکزانین بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو گرێبەستانە جێبەجێ بکات بەو مەرجە کڕیار بڕی پارەی شایستە لە ئان و ساتی گرێبەستەکەدا ڕادەست بکات[١].

٣- ئەبو حەنیفە ڕێگای بە هەندێ (نەزانیی) یان دیارینەکردن لە گرێبەستەکاندا داوە ئەویش کاتێك کە سەرناکێشێ بۆ دووبەرەکی بەپێی عورفە ناوچەییەکان، وەك دیارینەکردنی ورد بۆ پانی و درێژی خانوو. چونکە جێبەجێکردنی فەرموودەکان بە تەواوەتی هیچ بوارێك بۆ هیچ جۆرە نەزانییەك لە گرێبەستەکاندا ناهێڵێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی ڕای ئەبو حەنیفەیە کە بە ڕەچاوکردنی مەبەستی فەرموودەکە کە بریتییە لە (ڕێگیریکردن لە ناکۆکی و دووبەرەکی)[٢] پرەنسیپی بەچاکزانینی پراکتیزە کردووە.

٤- ئەبو حەنیفە بە شێوازێکی هاوشێوە ڕێگا دەدات بە گرێبەستی بەکرێدان کە بە کاتێکی زۆر ورد دیاری نەکرابێت، بۆ نمونە کاتی دەرچوونی کاروانی حاجییان لە کوفەوە بەرەو مەککە. چونکە مەرجی کاتی دیارینەکراو لە گرێبەستەکەدا بەپێی پێوانەگیریی ڕاستەوخۆ کە پشت بە لەفزەکانی فەرموودە پیرۆزەکە دەبەستێت کە لەو مەسەلەیەدا هاتوون وا لە گرێبەستەکە دەکات ناڕەوا بێت، بەڵام بەچاکزانین ڕێگا بەو حاڵەتە دەدات ئەویش بە مەبەستی ئاسانکاری کردن[٣].

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل/١١٧.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ب١٦، ل/٢٥.

٥- ئەبو حەنیفە پرەنسیپی بەچاکزانینی پراکتیزە کردووە کاتێ ڕێگایداوە بە بەکارهێنانی چەند وشەیەکی عەرەبی تایبەت بە **هاوسەرگیریی** لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا، ئەگەر هاتوو ئەو وشانە لەو وشانە بن کە خەڵکی لە شێوەزارێکی دیاریکراو بە مەبەستی گرێدانی هاوسەرگیرییەکە بەکاریان بێنن[١]. لێرەشدا هەر حیساب بۆ مەبەست یان نیەت کراوە نەك بۆ شێوەی ڕواڵەتی وشەو لەفزەکان با لە فەرموودەکەشدا هاتبن.

٦- ئەگەر کەسێکی کڕیار مامەڵە بکات بۆ کڕینی وڵاغێکی سواری و بێت سواری وڵاغەکە ببێت، ئەوا بەو کارەی پەسەندکردنی گرێبەستەکەی ڕاگەیاندووە، ئەمە حوکمی حەنەفییەکانە، بەڵام وتوویانە ئەگەر هاتوو سواربوونی وڵاغەکە بە مەبەستی ئەوە بێت بیبات بۆ خۆراکپێدان یان ئاوخواردنەوە، ئەوا ئەم کارە بەوە دانانرێ کە ڕازییە بە کڕینەکە، لێرەدا پشت بەستراوە بە بەچاکزانین کە دەچێتە ناو ئەو نیەتەوە لە کارەکەدا مەبەستە نەك لەسەر شێوە ڕواڵەتییەکەی[٢].

٧- ئەگەر پشیلەیەك ئاوی لە دەفرێکدا خواردەوە، ئەوا لای حەنەفییەکان پاشماوەکەی وا لە دەفرەکە دەکات پیس ببێت ئەوەش بە پشتبەستن بە پێوانەگیریی لای ئەوان کە پاشماوەی گیاندارو گۆشتەکەی دەبەستن بە یەکەوە، گۆشتی پشیلەش لای ئەوان حەرامە. بەڵام لەبەرئەوە کە جێبەجێکردنی ئەم حوکمە بەسەر پشیلەیماڵیدا زەحمەتە، ئەبو حەنیفە حوکمی داوە کە ئەو دەفرە (پاکە بەڵام باش نیە). لێرەدا مەبەستی ئاسانکاری کردن کراوەتە پێوەر بۆ حوکمدان بەسەر ئەو مەسەلەیەدا[٣].

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل/٦٢.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ب٥، ل/١٨١.

[٣]- سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل/٥٠.

٨- ئەبو حەنیفە پرەنسیپی بەچاکزانینی پراکتیزە کردووە کاتێك ڕێگایداوە زەکاتی وشتر بە بڕی زەکاتی هاوتای لە مەڕ دەربکرێ هەروەك لە فەرموودە پیرۆزەکەدا هاتووە، یان بە بڕی بەرانبەری لە وشتر، بەپێچەوانەی وشەی دەقاودەقی فەرموودەکە، چونکە ئەمە سودی بۆ خاوەنی ڕانەکە باشترە. بەمشێوەیە لەم مەسەلەیەشدا مەبەستی سودگەیاندن کراوەتە پێوەر بۆ حوکمەکەی نەك پێوەری شێوەی ڕواڵەتی کە تەنها مەزهەبەکانی تر کاری پێدەکەن[1].

| | | |
|---|---|---|
| **مەبەستە خراپەکان:** | **مەبەستە بێلایەنەکان:** | **مەبەستە باشەکان:** |
| **هۆکارەکان حەرامن** | **هۆکارەکان ڕێگاپێدراون** | **پابەندبوون بە هۆکارەکانەوە فەرزە** |

**شێوەی ٦-٩: ئاستی مەبەستەکان و فرەجۆری هۆکارەکان لە بەرانبەریانەوە، وەها کە قەرافی دەڵێ.**

| | | |
|---|---|---|
| **ئاستی خراپی مەبەستەکان** | **هۆکارەکان بێلایەنن** | **ئاستی چاکی مەبەستەکان** |
| **ئاستی حەرامی هۆکارەکان** | **هۆکارە ڕێگاپێدراون** | **ئاستی پێویستبوونە هۆکارەکان** |

**شێوەی ٦-١٠: شەبەنگێ لە ئاستەکان لە نێوان مەبەستە چاکەکان و هۆکارە زەرورییەکانی لە لایەکەوە، وە نێوان مەبەستە خراپەکان و و هۆکارە حەرامەکانی لە لایەکی ترەوە.**

[1]- سەرچاوەی پێشوو، ب٣، ل/٥٣.

ئـا بـەمجۆرە هـەروەك لـە نمونـە پێشـوەكاندا بـە ڕوونـی دەردەكـەویٚ، ئـەوا بەچاكزانین لـە میتـۆدی بیركردنـەوەی فیقهیـدا هـەر لـە بنەڕەتـەوە شـێوەیەكە لـە شێوەكانی جێبەجێكردنی مەبەستداریی، ئەو مەزهەبە فیقهییانـەش كـە كاریـان بـە پرەنسیپی بەچاكزانین نەكردووە هـەر هەوڵیانـداوە بـە ڕێگـای میتـۆدی تـر هـەمان مەبەستداریی دەستەبەر بكەن.

**(كردنەوەی هۆكارەكان) لەپێناو جێبەجێكردنی بەرژەوەندی و مەبەستەكان:**

هەنـدیٚ لـە مالیكییـەكان بـە تەنیشـت دەسـتەواژەی (داخسـتنی هۆكارەكـان) هــاتوون دەســتەواژەی (كردنــەوەی هۆكارەكان)یــان خســتووەتەڕوو[1]. قــەرافی حوكمەكانی دابەشكردووە بۆ (هۆكارەكان) و (مەبەستەكان)، دەڵیٚ ئەو بەهانانە كە سەردەكێشـن بـۆ مەبەسـتی حـەرامكراو و خـراپ پێویسـتە دابخـرێن، بـەڵام ئـەو بەهانانەی سەردەكێشن بۆ مەبەستی حـەڵاڵ و چـاك پێویسـتە بكرێنـەوە[2]. قـەرافی بەمشێوەیە حوكمدانی لەسەر بەهانـەكان بەسـتووەتەوە بـە حوكمـدان لەسـەر ئـەو شـتە كـە سەردەكێشـیٚ بـۆ مەبەسـتەكان، سـیٚ ئاسـت لـە مەبەسـتەكانی پێشـنیار كردووە، ئەوانیش خراپ و چاك و مامناوەند یان ئاستی بیلایەن لـە نێـوان خـراپ و چــاكدا، هــەروەك شــێوەی ٦-٩ ڕوونیكردووەتــەوە. ئــیبن فــەرحۆن (ت٧٦٩ك/ ١٣٦٧ز) كـە ئـەمیش هـەر مالیكییـە دەربـارەی (كردنـەوەی بەهانـەكان) هـاتووە بیرۆكەكەی قەرافی پراكتیزە كردووە بەسەر چەند حوكمێكدا[3].

---

[1]- الذخيرة، القرافي، ب١، ل/١٥٣. الفروق مـع حواشـيه، القـرافي، ب٢، ل/٦٠. تبشـيرات الحكـام في أصـول القضية ومناهج الأحكام، برهان الدين إبن فرحون، ب٢، ل/٢٧٠.

[2]- الذخيرة، القرافي، ب١، ل/١٥٣. الفروق مع حواشيه، القرافي، ب٢، ل/٦٠.

[3]- تبصرة الحكام، ب٢، ل/٢٧٠ و ئەوەی بەدوایدا دێت.

بەم پێیە مالیکییەکان لە دەرکردنی حوکمەکاندا خۆیان قەتیس ناکەن تەنها لە لایەنی نەرێنیدا بەپێی (سەرئەنجامە نەرێنییەکانی)، ئەمەش دەستەواژەیەکە لە فەلسەفەی ڕەوشتییەوە خواستوومانە، بەڵکو شێوازی بیرکردنەوەیان فراوانتر دەکەن بەجۆرێ لایەنی ئەرێنی ئەو سەرئەنجامانەش بگرێتەوە، کە بە دەستەواژەی کردنەوەی بەهانەکان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی و مەبەستەکان گوزارشیان لێکردووە، با ئەو مەبەستانەش لە دەقەکانی وەحی دا بەشێوەیەکی ڕاشکاو نەهاتبن.

خوێنەر لە شێوەی ٦-١٠ دا هەوڵێك دەبینێ بۆ پێدانی نەرمییەکی زیاتر لەسەر کۆششی قەرافی بۆ فراوانکردنی داخستنی بەهانەکان بە پشتبەستن بە ئاراستەی مەبەستداریی، لە شێوەی ناوبراودا شەبەنگێکی بەردەواممان پێشنیار کردووە لە (چاکترینی مەبەستەکان) لە لایەکەوە بۆ (خراپترینی مەبەستەکان) لە لایەکی ترەوە بەپێی زاراوەکانی قەرافی، نەك تەنها سێ ئاست یان چوار ئاست. ئا لەم چەمانەوەیەدا ئاستە (بێلایەنەکان) پێویستییان بە (هۆکارە ڕێگاپێدراوەکان) هەیە، مامەڵکردنیش لێرەدا لەگەڵ هەموو جۆرەکانی سەرئەنجامەکان مامەڵەیەکی ڕێژەییە.

### عورفەکان و مەبەستی (جیهانگەریی):

تاهیر ئیبن عاشور بە پشتبەستن بە مەبەستەکانی شەریعەت هاتووە شێوازێکی نوێی بۆ تێگەیشتن لە عورف پێشنیار کردووە، هەروەها تێڕوانینێکی نوێی بۆ بنەمای عورف بەپشتبەستن لەسەر مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی خستووەتەڕوو. لە کتێبەکەیدا بەناوی (مقاصد الشريعة) بەشێکی تایبەت کردووە بە عورفەوە، ناویناوە بە (گشتگیریی شەریعەتی ئیسلام)[1]. ئیبن عاشور لە بەشی

---

[1]- مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/٢٣٤.

ناوبراودا نەهاتووە کاریگەری عورف لەسەر جێبەجێکردنی فەرموودە پیرۆزەکان باس بکات وەها کە لەوەوپێش عادەت بووە، بەڵکو گرنگیداوە بە کاریگەری داب و نەریتە عەرەبییەکان لەسەر تێگەیشتنمان بۆ خودی فەرموودە پیرۆزەکان.

ئیبن عاشور بە ڕوونکردنەوەیەك دەست پێدەکات کە هەردەبێت توێژەر لە چەمکی جیهانگەرییەوە هەنگاو هەڵبگرێ، چونکە زانایانی ئیسلام جەختدەکەن لەسەر گونجان و شیاوێتی ئیسلام بۆ هەمووی مرۆڤایەتی و بۆ هەموو کات و شوێنێك، ئەم ڕاستییەش ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە پیرۆزەکان ڕوونیانکردووەتەوە، ئیبن عاشور ژمارەیەك لەو دەقانەی هێناوە[1]. پاشان ئیبن عاشور فراوانتر چووتە ناو ئەو حیکمەتانەوە کە لە پشتەوەی هەڵبژاردنی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) بووە لە ناو عەرەبدا. یەکێك لەو حیکمەتانە دابڕانی عەرەب بووە لە شارستانی، ئەمەش ئامادەی کردوون تا تێکەڵاویی و ئاوێتەبوونێکی نەرم و بێ گرێ و گۆڵ لەگەڵ گەلانی تردا دروستبکەن لەوانەی کە دوژمنایەتی لە نێوان عەرەب و ئەواندا نەبووە، بە پێچەوانەی فارس و ڕۆمە بیزەنتی و قیبتییەکان. نوسیویەتی و دەڵێ[2]:

گەورەترین شتێك کە گشتگیریی شەریعەت دەیخوازێ ئەوەیە حوکمەکانی بۆ هەموو ئەو ئوممەتانەی کە شوێنکەوتەی ئەون بەپێی توانا چوونیەك بێت... خوای گەورە لەبەر ئەو حیکمەت و تایبەتمەندییە شەریعەتی لەسەر بە هەندگرتنی حیکمەت و هۆیەکان بونیادناوە کە هەردووکیان لە دەرکپێکراوە ئەقڵییەکانن، بە

---

[1]– ئیبن عاشور دوو ئایەتی هێناوە ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةً لِّلنَّاسِ ﴾ **سبأ**: ٢٨، ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ﴾ الأعراف: ١٥٨، ئەم فەرموودە پیرۆزەش کە دەفەرموێ: ((هەر پێغەمبەرێك بۆ ئوممەتە تایبەتەکەی خۆی ڕەوانەکراوە بەڵام من بۆ گشت مرۆڤایەتی ڕەوانە کراوم)) موسلیم گێڕاویەتەوە.

[2]– مقاصد الشريعة الإسلامية، إبن عاشور، ل/٢٣٦.

جیاوازی ئوممەتان و سەردەمەکان ناگۆڕێن... ئێمە دڵنیاین کە داب و نەریتی گەلێك–بەو پێیە کە داب و نەریتە–مافی ئەوەی نیە بدرێت بەسەر گەلانی ترو بکرێتە تەشریع لەسەریان، بەهەمانشێوە نابێت بدرێت بەسەر تاکەکانی ئەو گەلەی تردا... ئەمەش دەبێتە بەرچاوڕوونی بۆمان تا پاڵبنرێ بەو دۆشدامان و سەرگەردانییە گەورەیە کە بۆ تێگەیشتن لە ڕێگرییەکانی شەریعەت لە شتانێك کە هیچ ڕوویەکی خراپییان تێدا نیە تووشی زانایان دەبێت، وەك حەرامکردنی لکاندنی قژی ئافرەت و ددان باریك کردن و خاڵکوتان... ئەو بۆچوونەی لای من دروستبووە کە کەسێکی ترم نەبینیوە ئەم بابەتە بەمشێوەیە بدرکێنێ ئەوەیە ئەو حاڵەتانە لەناو عەرەبدا نیشانە بوون لەسەر لاوازی پارێزبەندی ئافرەت، ڕێگیریکردنی لێیان ڕێگیریکردنە لە بەهانەی کەوتنە بەر هێرشی ئابڕوبردنی ناموسە بەهۆیانەوە،. قورئانی پیرۆز دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴾ الأحزاب: ٥٩، ئەمە شەرعێکە داب و نەریتی عەربی ڕەچاوکردووە، ئەو گەلانەی کە پۆشاکی پان و پۆڕ و دەرەدامانیان نیە ئەم تەشریعە نایانگرێتەوە... هەربۆیە مانای شیاوێتی شەریعەتی ئیسلام بۆ هەموو زەمان و شوێنێك دەخوازێ حوکمەکانی هەمووەکی بن و مانای لەسەر حیکمەت و بەرژەوەندییەکان تێدا بێت و بگونجێ و شیاو بێت کە حوکم و لق و پۆپی جۆراو جۆری لێ دەربهێنرێ بەڵام مەبەستەکانی یەك مەبەست بن.

لەبەرئەوە ئیبن عاشور بە پشتبەستن بە مەبەستی (جیهانگەریی) لە تەشریعی ئیسلامیدا شێوازێکی بۆ تێگەیشتنی فەرموودە پیرۆزەکان پێشنیار کردووە ئەویش بەپێی تێگەیشتن لە میانە عەرەبییەکەی کە فەرموودەکان حیسابیان بۆ کردووە، ، نەك بە تێگەیشتن لە فەرموودەکان وەك ڕێسایەکی ڕەفتاری ڕەهاو بێ مەرج. ئیبن

عاشـور ئـا لێـرەوە لـەو دەقانـە تێگەیشـتووە کـە پـێش کـەمێك لـە نێـو مەبەسـتە ڕەوشتییەکاندا کە دەگەڕێنەوە بۆیان باسمانکردن، نەك وەها کە کۆمەڵە وشەیەکی تەواو و بڕاوەن. شێوازی لەمشێوەیە ڕێگا دەدات بە پێدانی نەرمییـەکی گـەورە بـە شـەریعەت و بـە پراکتیزەکردنـی لـە نێـو ژینگـە ناوخۆییـە جـۆراو جۆرەکانـدا، بـە تایبەتی لە ژینگە غەیرە عەرەبییەکاندا.

## هێشـتنەوەی حوکمێـك لەسـەر بـاری خـۆی تـا پێچـەوانەکەی دەسـەلمێت (الإِستصحاب):

ئیستیصحاب واتە: مانەوەی شتێك لەسەر باری خۆی تا بەڵگـەی پێچـەوانەکەی دەسـەلمێت. پرەنسـیپی ئیستیصـحاب وەهـا کـە فیقهناسـان بـۆی دەڕوانـن (بەڵگەیـەکی ئەقڵییـە)، بـەڵام جێبـەجێکردنی ئـەم بەڵگەیـە دەتـوانرێ وەهـا بـۆی بڕوانرێ کە پراکتیزەکردنە بۆ مەبەستەکانی شەریعەت. بۆ نمونە ئیستیصحاب واتە (بێتـاوانیی ڕەسـەنە) تـا تاوانبـارکردن دەسـەلمێت، یەکـەمین مەبەسـتیش بـۆ پارێزگاریکردنە لە پرەنسیپی دادپـەروەریی[1]، وە پـەیڕەوکردنی حـوکمی حـەڵاڵ تـا حەرامییەکـەی دەسـەلمێت لـە هـەر مەسـەلەیەکی نوێـدا کـە مەبەسـت پێـی پارێزگاریکردنـە لـە پرەنسـیپی ئـازادی هەڵبـژاردن[2]، وە پـەیڕەوکردنی کۆمەڵـە سـیفەتێکی دیـاریکراو وەك نـەتوانایی دارایـی[3]، پـەیڕەوکردنی نیـەتی پەرسـتش[4]، مەبەست پێیان پارێزگاریکردنە لەسەر مەبەستی ئاسانکاریی.

---

[1]- الفروق مع حواشيه، القرافي، ب٤، ل/٤٩. أصول الفقه، أبو زهرة، ل/٢٧٨.

[2]- الذخيرة، القرافي، ب١، ل/١٥١. قواعد الأحكام في مصالح الأنام، ب١، ل/٢٣.

[3]- كتب ورسائل وفتاوى، إبن تيمية، ب٢، ل/٢١٤.

[4]- سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل/٥٦.

دکتۆر حەسەن تورابی پێشنیاری فراوانکردنی ئیستیصحابی باوی کردووە تا ئیستیصحابێك بگرێتەوە کە ناوی‌ناوە بە (بەرفراوان) کە ڕەچاوی دەستەبەرکردنی دادپەروەریی و بەرژەوەندی خێزانی تێدا بکرێ، هەروەها مەبەستی پەرستشیش، عورفەکانیش لەسەر باری خۆیان بهێڵینەوە هەر بەوشێوەیە کە ناسراون لای خەڵکی و هەڵسوکەوتیان پێوە دەکەن، پاشان: (پێوانەگیریی لە بەش بەشییەکاندا فراوانتر بکەین، تا دایانبنێین بە دەستەیەك لە دەقەکان، ئینجا لە کۆی هەموویان هەڵێنجان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە مەبەستەکانی ئاین یان بەرژەوەندییەکی دیاریکراو لە بەرژەوەندییەکانی بکەین، پاشتر بەپێی بارودۆخ و ڕووداوە نوێیەکان بگەڕێین بەدوای ئەو مەبەستەداو داوای بکەین، ئەمەش فیقهێکە نزیکماندەکاتەوە لە فیقهی عومەر)–بەپێی گوتەی ئەو[1]. بەمجۆرە پرەنسیپی ئیستیصحاب لە شێوە مێژوویی و مۆدێرنەکەیدا جۆرێکە لە دەستەبەرکردنی مەبەستەکانی شەریعەت.

**مەبەستەکان زەمینەی هاوبەشی نێوان مەزهەبەکانە:**

لەم ڕۆژانەماندا کە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمە پەرتبوون و ناکۆکی زۆر تیژ لە نێوان ئەهلی سوننەو شیعەدا دەبینین، گوایا پەرتبوونی بنەڕەتین، زۆرێك بە پاڵنەری جۆراو جۆر پێیانخۆشە وەك ناکۆکی تایفی سەیریان بکەن، ڕاستییەکەش ئەوەیە کە جیاوازییە فیقهی و فەرموودەییەکان لە نێوان هەموو تاقم و دەوڵەتە سوننی و شیعەکاندا دواجار دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی سیاسی ستەمکارانە، نەك بۆ هەڵوێستی باوەڕیی. بەڵام مەسەلەکە هەرچۆن بێت هەر لە ئەمڕۆدا ناکۆکییەکی قووڵ لە نێوان سوننەو شیعەدا لە دادگاکان و مزگەوتەکان و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیدا لە هەموو شوێنێك دەبینین، کە ئەم حاڵەتانە ئەوەندەی

---

[1]– قضايا التجديد، الترابي، ل/١٦٧.

تـر ناكۆكییـەكان گـەورەتر دەكـەن و هەنـدێجار –زۆر بەداخـەوە– دەگـۆڕدرێن بـۆ دووبەرەكی و ناكۆكییەكی خوێنـاوی و پاكتـاوكردنی ڕەگـەزیی لـە نێـو ژمارەیـەكی زیـادبوو لــە وڵاتانــدا. ئـەو دابەشــبوون و ناكۆكییانــەش پشــكییان هەیــە لــە بڵاوبوونەوەی كەلتورێكی بەرفراوان لە نەبوونی لێبوردەیی لەگـەڵ هاوبەشـەكان لـە ژیـانی شارسـتانیدا، لـە شكسـتخواردن لـە پێكـەوە ژیـان لەگـەڵ (ئـەویتردا) بـا ئیسلامیش بێت.

هەربۆیــە هەســتام بــە لێكۆڵینەوەیــەكی ڕووپێــوی دەربــارەی نــوێترین لێكۆڵینەوەكان لەسەر مەبەستەكان تا بەراوردی بكـەم لەگـەڵ ئـەو نوسـینانەدا كـە زانا دیارەكانی سوننەو شیعە نوسیویانن، لێیەوە بۆم دەركەوت كـە چەسـپاندنێكی بەرچاو لە تێڕوانینەكانی هەردوو تاقمەكەدا بۆ زانستی مەبەستەكان بـوونی هەیـە[1]. چـونكە هـەردوو تێڕوانینەكـە بـاس لـە هـەمان بابەتـەكان دەكـەن وەك (ئیجتیهـاد، پێوانەگیریی، مافـەكان، ڕشـتەبەندی بـەهاكان، ڕەوشـت و تـادوایی)، بەڵگـەش بـە هەمان فیقهناسان و هـەمان كتێبـەكان دەهێننـەوە وەك (كتێبـی **البرهـان** نوسـینی جوەینی، كتێبی **علل الشريعة** نوسینی ئیبن بابویـە، كتێبـی **المستصـفی** نوسـینی غەزالی، كتێبی **الموافقات** نوسینی شاتیبی، كتێبی **المقاصد** نوسینی ئیبن عاشور)، بــەڵكو هــەمان پۆلێنكردنــە تیۆرییــەكان بــەكاردەهێنن وەك (بەرژەوەندییــەكان، زەرورییەكان، پێویسـتییەكان، جوانكردنـەكان، مەبەسـتە گشـتییەكان و مەبەسـتە تایبەتەكان و تادوایی).

زۆربــەی جیاوازییــە فیقهییــەكان لــە نێـوان مەزهەبــە ســوننی و شــیعەییەكاندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەسـەر هەنـدێ فـەرموودەی ئاحـاد و وردەكـاریی حوكمـە لاوەكییـەكان، بــەڵام تێڕوانینــی مەبەسـتاریی بـۆ فیقـه بریتییـە لـە تێڕوانینێكـی

---

[1]– بۆ نمونە بڕوانە: مقاصد الشريعة، شمس الدين، مقاصد الشريعة، فضل الله. مقاصد الشريعة، العلواني، مقاصد الشريعة، عبد الهادي الفضلي، المدخل، القرضاوي.

هەمووەکی و خۆی کۆت و بەند و سنوردار ناکات بە فەرموودەیەکەوە یان بە فەتواییەکی بەشیی دیاریکراوەوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپە گشتییەکان و خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان مەزهەبەکاندا. لەبەرئەوە، پێویستە پراکتیزەکردنی مەبەستە باڵاکان، وەك مەبەستەکانی یەکبوون و گونجاندن لە نێوان موسڵماناندا، پلەی لەپێشترو باڵاتری هەبێت بەسەر جێبەجێکردنی وردەکارییە فیقهییەکاندا. هەربۆیە ئایەتوالله مەهدی شەمسەدین ڕێگیریکردووە لە دەستدرێژی کردن لە ڕێگای هێڵی سوننی شیعییەوە، ئەوەش بە پشتبەستن بە (بەرژەوەندییە باڵاکان کە خۆیان لە گونجاندن و یەکبوون و دادپەروەریدا دەنوێنن)[١]. کەواتە تێڕوانینی مەبەستداریی جەختدەکات لەسەر مەسەلەی ڕووپێوە فەلسەفییە باڵاکان، بەم پێیەش زاڵدەبێت بەسەر ئەو جیاوازییانەدا کە بەدەوری مێژووی سیاسی دوورودێژی موسڵمانان دا دەسوڕێنەوە، هاوکات هانی کەلتورێك دەدات کە موسڵمانان زۆر پێویستییان پێیەتی، ئەویش کەلتوری گونجاندن و پێکەوەژیانی ئاشتییانەیە.

## ڕەچاوکردنی مەبەستەکان پێوەری سەرەکییە بۆ سەلامەتی ئیجتیهادکردن:

پوختەی باسەکە ئەمەیە کە بەپێی ئەو شیکردنەوەیەی هێنامان و بە زمانی ڕشتەبەندیی ناوی (مەبەستداریی)مان لێنا، هاوکات هەوڵماندا بەگەڕی بخەین لە بەڵگە ئوسوڵییە جۆراو جۆرەکاندا، لە زمانەوانی و ئەقڵییان، لەوانەیە ئێستە ئیتر ڕوون بێت کە بەگەڕخستنی مەبەستەکان لە پرۆسەی ئیجتیهادکردندا قەتیس نەکراوەو گەمارۆنەدراوە تەنها لە یەك یان دوو ئامرازی ئوسوڵیدا وەك پێوانەگیریی یان بەرژەوەندیی، کە ئەم دواییانەیان لە تیۆرە کلاسیکی و هاوچەرخەکاندا زۆر

[١]– مقاصد الشريعة، شمس الدين، ل/٢٦.

جــەختی لەســەر دەكــرێ. ئێســتە دەمــەوێ بڵــێم لەڕاســتیدا دەســتەبەركردنی مەبەســتەكانی شــەریعەتی ئیســلامی ئامــانجی بنــەڕەتی و ڕەســەنە لــە هــەموو میتۆدەكــانی ئیجتیهــاد دا چ زمانــەوانی و چ ئەقڵییــەكانی، بــە چاوپۆشــین لــە جیاوازییەكان لە ناو و لە تێڕوانینەكانیدا. با ئەمەش زیاد بكەین كە جێبەجێكردنی مەبەستەكان لە ڕشتەبەندی تەشریعی ئیسلامیدا زەرورەتە بۆ پارێزگاریكردن لە كرانەوەو نوێكردنەوە تیایدا، لە واقیعیبوونی، لە نەرمییەكەی لەگەڵ گۆڕانی كات و شوێنەكان.

لەبەرئەوە پێویستە پلەی ڕاست پێكانی هەر ئیجتیهادێكی ئوسوڵی ئاستی (مەبەستدارییەكەی) دیاری بكات، واتە ئاستی دەستەبەركردنی مەبەستەكانی شەریعەت بە تیۆری و فەلسەفییانەوە. بەهەمانشێوە ڕاست پێكانی هەر فەتوایەك دەبێت ئاستی دەستەبەركردنی مەبەستەكان لە زەمینەی واقیع و لە دنیای خەڵكی دیاری بكات. هەروەها هەڵبژاردن لە نێوان ڕا ئیجتیهادییەكاندا، كە لە ڕابردوودا بەپێی ڕیزبەندییەكی پێشتر بۆ حوجییەكان و سەرچاوەكان ئەنجامدەدرا وەك (جۆرەكانی واتا، كۆدەنگیی، پێوانەگیریی، ڕای هاوەڵ، كارەكانی خەڵكی مەدینەو تادوایی، كە لە نێوان مەزهەبەكاندا ڕا جیاوازییەك لەسەر حوجییەت و ڕیزبەندكردنی بەڵگەكان هەیە)، دەبێت ئێستە بەپێی دەستەبەركردنی مەبەستەكان بێت، بە چاوپۆشین لە مەزهەبی مێژوویی فیقهناس یان حەزو لایەندارییە دەروونییەكەی.

جا ئەگەر بەڵگەی یەكێك لە مەبەستەكان دژ و نەیاربوو بە بەڵگەی مەبەستێكی تر، ئەوا ئەو مەبەستەی وا دەردەكەوێ كە باڵاتر و گرنگترە-بەپێی ڕیزبەندییە قوچكەییەكە كە لە بەشی یەكەمدا ڕوونمانكردەوە-دەبێت پلەی لەپێشتری پێبدرێ. بە كورتی و پوختی پرۆسەی ئیجتیهاد كردن بە هەر هەموویەوە لە واقیعی خۆیدا دەبێتە مایەی دەستەبەركردنی مەبەستداریی لە فیقهی ئیسلامیداو دواتریش لە زەمینەی واقیعدا.

## دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە

ئەم کتێبە چەندین باس و لێکۆڵینەوەی خستەڕوو، باس لە هەموو ئەو چەمکانە دەکەن پەیوەندن بە بیرۆکەی کتێبەکەوە، کە بریتییە لە پێشنیاری تێڕوانینی ڕشتەبەندیی مەبەستداریی بۆ فەلسەفەو بنەماکانی تەشریعی ئیسلامی. لێرەدا پوختەیەك لەو دەرئەنجامانە پێیان گەیشتووین دەخەینەڕوو کە لە نێوان تیۆری فەلسەفی و ڕا فیقهییەکاندا دێن و دەچن، ئەم دابەشکردنە بەپێی ڕیزبەندی بابەتەکان و ئەو مەسەلانەیە لەم کتێبەدا باسمان لێکردوون.

**چەمکە مێژووییەکان و پۆلێنکردنی مەبەستەکان:**

پێناسەی مەبەستە مێژوویی و هاوچەرخەکان و پۆلێنکردنیان لەم کتێبەدا گرنگییەکی تایبەتییان پێدراوە. فیقهناسان چەمکی (مەبەستە)کانیان بە واتای مەرام و ئامانج و پرەنسیپ و نیەت و سەرئەنجامە کۆتاییەکان بەکارهێناوە، هەروەها چەمکی (بەرژەوەندییە)کانیان بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێناوە. مەبەستەکان لە ڕابردوو و لە توێژینەوەی هاوچەرخدا چەند پێناسەیەکی بەپێی ڕەهەندە جۆراو جۆرەکان بۆ کراوە، لەوانەش بۆ نمونە: ئاستەکانی زەرورەت، بەپێی بەشە فیقهییەکان کە پەیوەندن بە مەبەستەکانیانەوە، بەپێی خودی مەبەست، واتە مەبەستەکان بەپێی نیەتەکان، وەك مەبەستی ئەرك پێسپێردراو و مەبەستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، وە بەپێی ئاستە گشتی و تایبەتەکان. ئەوەشمان بینی ئەو مەبەستانە کە فیقهناسان بۆ شەریعەت پێیگەیشتوون تا ئاستێکی زۆر لە قوچکەکەی ماسلۆ دەچن کە لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا لەبارەی پاڵنەرە مرۆییەکانەوە خستوویەتەڕوو.

لـه لایـەکی تریشـەوە تیۆریزەکـارە هاوچـەرخەکانی فیقـه لەبـەر چـەند هۆیـەك ڕەخنـەیان لـە پـۆلێنکردنی مێـژوویی زەرورەتـەکان گرتـووە، بـۆ نمونـە فیقهناسـە دێرینەکان لە دیدێکی تاککەسییەوە سەیری زەرورەتەکانیان کـردووە، کـە پێـوەرە بە هەندگیراو و بەها گشتی و مرۆییەکان پەراوێز دەخات، هەروەها ڕەخنە دەگرن لە ئـەنجامگیریی (ئیسـتقراء) مەبەسـتەکان کـە بـەپێی خسـتنەڕووی نوسـین و فـەتوا فیقهییەکان ئەنجامدراوە نەك لەسەر ئەنجامگیریی لە قورئـان و سـوننەت کـە تـەنها ئەوە ڕەسەن و بنەڕەتییە. لەبەرئـەوە توێژینـەوەی هاوچـەرخ لـە فیقهـدا پرۆسـەی پۆلێنکردنی مەبەستەکانی لەسەر رزگاربوونی لەو لایەنە کەموکورتییانە بونیاتنـاوە کـە تێبینییـان کـردووە، دەبیـنین کـە چـۆن هـەر خسـتنەڕوویەك بـۆ مەبەسـتە هاوچەرخەکان ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی ئـەو زانایەیـە کـە پێشـنیاری مەبەسـتەکەی کــردووە، ئاراســتە چاکسازییەکەشــی بەهەمانشــێوەیە، هــەروەها ڕووبینــای (نوێکردنـەوە) لـە فیقهـی ئیسـلامیدا لـە لای ئـەو. کەواتـە باشـترین وەسـفێك بـۆ (بونیادی) مەبەستەکان ئەوەیە کە بونیادێکی فرە ڕەهەنـدە، بـەجۆرێ ئاسـتەکانی زەرورەت و بەشـەکان و مەسـەلە بـە مەبەسـت گیراوەکـان و ئاسـتە گشـتی و تایبەتەکان و هیتریش هەر هەموویان ڕەهەندی ڕاست و دروستن و تێڕوانینی ڕاسـت و پۆلێنکردنی بەهادار دەنوێنن.

من هاوڕای مامۆستا تاهیر ئیبن عاشورم کە دەڵێ مەبەستی (ئازادیی) –وەها کە ژمارەیەك لە نوسـەرو فیقهناسـە هاوچـەرخەکان لـە نێـو مەبەسـتەکانی شـەریعەتدا خستوویانەتەڕوو– جیاوازە لە مەبەستی ئازادیی بە واتای ئـازادکردن (العتـق)، کـە مەزهەبـە مێژوویـیـەکان لـە بەرانبـەر کۆیلایەتییـەوە (بـە هـەر حـاڵ بـە واتـا مێژووییەکەی) باسیان کردووە، نەك ئـازادیی بـە واتـا هاوچـەرخەکەی. لـە کاتێکـدا مانای هاوچەرخ بۆ ئازادیی لە نێو ژمارەیەك لـە چـەمکە ئیسـلامییەکاندا ڕەسـەن و ڕوونە، ئەگەرچی گوزارشتکردن لێی بە زاراوەی جیاوازیش بێت.

ئەم کتێبە بەهەمانشێوە پرسی پەرەسەندنی تیۆری مەبەستەکانی شەریعەتی بە درێژایی مێژووی ئیسلامی خستووەتەڕوو، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) و دوای ئەویش هەتا چەرخە نوێیەکان، لەوانەیە لێرەدا جێگای سود بێت ئەو خستنەڕووە مێژوویە کورتبکەینەوە، هەر لە ئیجتیهادی هاوەڵانەوە-خوا لێیان ڕازی بێت-بە تایبەتی عومەر- هەتا شاتیبی، کە تیۆری مەبەستەکان لەسەر دەستی ئەو پەرەیسەندوو و گەیشتە ئەوپەڕی پلەکان لە مێژووی ڕابردوودا.

ئیجتیهادی عومەر-خوا لێی ڕازی بێت-بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە هاوەڵان لە هەموو بارودۆخەکاندا پابەند نەبوون بەو باسەوە کە ئوسولییەکان دواتر ناویاننناوە بە (بەڵگەی لەفز)، هاوەڵان بە زۆری ئەم دەستەواژەیەیان بەکارهێناوە کە ئێمە لەم کتێبەدا ناومانبردووە بە (بەڵگە مەبەست). بەڵام بیرۆکەی مەبەستەکان لەو سەردەمەدا و هەتا کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی نەبووبووە بابەتی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ یان بایەخپێدانی تایبەت، ئەویش کاتێك بوو کە یەکەم کتێبی ناسراو لە نوسینی ترمزی حەکیم دەرکەوت، کە بە ناونیشانی لێکۆڵینەوە لەسەر نوێژ زاراوەی (مەبەستەکانی) بەکارهێناوە تیایدا، یەکەمین کتێبیش لەبارەی مەبەستەکانی مامەڵەکردنەوە بریتییە لە کتێبەکەی ئەبو زەیدی بەلخی بەناوی **الإبانة عن علل الديانة**، کۆنترین دەستنوسیش کە لەبارەی مەبەستەکانەوە دەستمکەوت بریتییە لە کتێبەکەی قەففالی گەورە کە شافیعی مەزهەبە بە ناوی **محاسن الشريعة**، لەم توێژینەوەیەدا داوامکردووە گرنگییەکی زیاتر بدرێت بەم دەستنوسە ئەویش وەك هەنگاوێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە تیۆری مەبەستەکان.

دواجار ڕا جیاوازییەك لەسەر ئەو دەنگوباسە هەیە گوایا توێژینەوە لەسەر مەبەستەکانی شەریعەت تا سەدەی بیستەم قۆرخ بووە لەسەر زانایانی مەزهەبە سوننییەکان، بۆیە دەڵێین کتێبەکەی ئیبن بابەویهی صەدوقی قوممی بە ناوی **علل**

**الشريعة** کۆنترین کتێبە کە زانایەکی شیعی دەربارەی مەبەستەکان نوسیویەتی، ئەمیش کتێبێکی گرنگە.

بەڵام دەربارەی مێژووی زاراوەی پارێزگاریکردن لە زەرورەتەکان، ئەوا کۆنترین پۆلێنکردنی مێژوویی ئەوەیە کە عامیری فەیلەسوف لە کتێبەکەیدا بە ناوی **الإعلام بمناقب الإسلام** لەسەر پۆلێنکردنی **سزاکان** نوسیویەتی. پاشان جوەینی هاتووە دەستەواژەی جۆراو جۆری بۆ (زەرورەتەکان) داڕشتووە کە تا ئەمڕۆش بەکاریان دەهێنین، کتێبەکەی جوەینی بە ناوی **غیاث الأمم** بەشداریکردنێکی بەهاداری ترە لە تیۆری مەبەستەکاندا، هەروەها پرۆژەیەکی زووەختە لە (سەرلەنوێ داڕشتنەوەی) فیقهی ئیسلامیدا بەپێی مەبەستەکانی. پێشەوا ئەبو حامیدی غەزالیش، کە قوتابی جوەینی بووە، حوجییەتی سەربەخۆی نەداوە بە هیچ یەك لەو مەبەست و بەرژەوەندییانە کە باسیکردوون، لەوانەیە هۆکارەکەش ئەوە بووبێت کە شافیعی مەزهەب بووە. بەڵام بەشداریکردنی غەزالی گرنگی خۆی هەبووە کاتێ هاتووە (مەبەستەکانی) بە سیفەتی هۆ لە هەندێ لە ئیجتیهادەکانیدا خستووەتەڕوو، ئەگەرچی وەسفی دەکات بە نا توندوتۆڵ و بەوەی کە (گوماناوییە).

پاشان لەڕاستیدا گرنگترین پەرەسەندن لە تیۆری مەبەستەکان لە لای پێشینەکان لەسەر دەستی پێشەوا شاتیبی بووە لە کتێبەکەیدا بە ناوی **الموافقات في أصول الشريعة**. پێشتر باسی سێ لایەنم کردووە کە شاتیبی بەشداریکردووە لە گەشەدان بە تیۆری مەبەستەکان، ئەوانیش ئەمانەن: گواستنەوەیان لە بەرژەوەندییە ڕەهاکانەوە بۆ بنەماکانی شەریعەت، لە حیکمەتی پشتەوەی حوکمەکە بۆ بنەمای حوکمەکە، لە گومانەوە بۆ گومانبڕیی.

## گرنگێتی چەمکە هاوچەرخەکان لە مەبەستەکاندا:

ئــەم کتێبــە قۆناغــەکانی پەرەســەندنی تیــۆری مەبەســتەکان و چــەمکەکانی خستووەتەڕوو، بەڵگـەی هێنـاوە کـە بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی کێشـە هاوچـەرخە سـەپێنراوەکان ئـەوا چـەمکە هاوچـەرخەکان لـە چـەمکە مێژووییـە کلاسـیکییەکان نزیکترن. روونمانکردەوە کە (پاراستنی وەچە) چۆن پەرەیسـەند تـا ببێتـە (پاراسـتنی خێزان) و (چاودێریی خێزانی)، هەروەها پێشنیاردان دەربارەی (سیستمی کۆمەڵایـەتی ئیسلامی) شارستانی. وە چۆن (پاراسـتنی ئـەقڵ) پەرەیسـەند تـا ببێتـە گەشـەدان بـە (بیرکردنــەوەی زانســتی) و (ســیفەتێکی زانســتی) و (ســەفەرکردن بــۆ داواکردنــی مەعریفــە)، هــەروەها (چارەســەرکردنی ئەقڵییــەتی دابــڕان)، تــا (دوورکەوتنــەوە لــە کۆچـکردنی ئەقڵـەکان). وە چـۆن (پاراسـتنی ئـەمن و ئاسـایش) پەرەیسـەند تـا ببێتـە (پاراستنی کەرامەتی مرۆیی) و پاشتریش ببێتە (پاراستنی مافەکانی مرۆڤ).

ئەوەی پێشنیارم کردووە ئەوەیە کە دەکرێ تێڕوانین بۆ مافەکانی مـرۆڤ لەسـەر بناغەی مەبەستەکان پشتگیری بکات لە جاڕنامەی جیهانیی ئیسلامیی بۆ مافەکانی مـرۆڤ، لـەو بیرۆکەیـەوە کـە ئیسـلام لەتوانایدایـە ڕەهەنـدی ئـاینی نـوێ و ئـەرێنی بخاتەسەر ڕشتەبەندی مافەکانی مرۆڤ.

لــە لایــەکی تــرەوە (پاراســتنی ئــاین) پەرەیســەند هــەروەك لــەم کتێبــەدا باسمــانکردووە تــا بــە تەنیشــت پاراســتنی ئیســلام (ئــازادی بــاوەڕ)یش بــەپێی دەستەواژەی هاوچـەرخ بگرێتـەوە. هـەروەها (پاراسـتنی (سـامان) پەرەیسـەند تـا ببێتە مەشخەڵێك لەسەر هزرەکانی (گەشەی ئابووری) و (کەمکردنەوەی بۆشایی لە نێوان ئاستە ئابوورییەکاندا) و هیتریش. ئەم کتێبە چەمکی (گەشـەی مرۆیـی) وەك ئەلتەرناتیفێ بۆ چەمکی (بەرژەوەندی) خسـتووەتەڕوو. گەشـەی مـرۆییش شـیاوی پێوانەگیریی زانستییە ئەویش لە ڕێگای (ئامانجە تێروتەسەلەکانەوە) کە بەرنامـەی گەشەدانی نەتەوە یەکگرتووەکان خستوویەتەڕوو، ئەمیش زۆر بە کەڵکە.

**فرەیی پسپۆڕییەکان:**

لەڕاستیدا ئەزموونی ئەم توێژینـەوە فـرە پسـپۆڕییە پێـی سـەلماندم کـە نابێت بیرۆکەی (پسپۆڕی) ببێتە ئاستەنگ لە بـەردەم داهێنـانی هزریـدا، یـان لـە بـەردەم هێنانـەوەو وەربـەرهێنانی چـەمکە بەسـودەکانی هـەر توێژینەوەیـەکی زانسـتی گەرموگوڕدا، هەروەها نابێت پسپۆڕی لە یەك بوار لە بوارەکانی توێژینەوەدا ببێتـە پاساوێك بۆ قۆرخکردنی ڕاسـتیی و دەسـت بەسـەرداگرتنی ئـەوانیتر لـە بوارەکـانی تری مەعریفەدا، یان ببێتە بیانوویـەك بـۆ دامرکانـدنی حـەزی داهێنـان و شـکاندنی باوی لەسەر ڕاهاتوو، یان پاساوێك بێت بۆ ڕێگیریکردن لـە دەرکـەوتنی هـزری نـوێ هەرچەندە سودگەیەنەریش بن.

جا ئەوەی پەیوەستە بە پەرەسەندن و نوێکردنەوەی بـواری فیقهـی ئیسـلامی و بنەماکانی، ئەوا پێویستە کراوە بین لەسەر ئەو هزرە بونیاتنەرانە کە لە بوارەکـانی تری توێژینەوەکـەدا پەیوەندیـدارن، جـا ئەگـەر ئەمـە نەکـەین ئـەوا تیـۆری فیقهـی ئیسلامی هـەر بـە ئابلۆقـەدراوی بـە شـێوەیەکی بەرتەسـك لـە نێـو سـنوری فیقهـی بۆماوەو دەستنوسەکانیدا دەمێنێتەوە، هەروەها دەرئـەنجامی حوکمـەکانی فیقهـی ئیسلامی هەر بەوجۆرە دەمێننەوە هەروەك بڵێی (کاتیان بەسەرچووە).

**شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی:**

پێشتر ئاراستەی گشتی مێژوویی بۆ شیکردنەوەی فەلسەفی لەجیاتی ئـەوە کـە هەمووەکی و گشتگیر و فرە ڕەهەند بێت، کورتکـەرەوەو هـەڵپاچ و یـەك ڕەهەنـد و ئەنجامی دوالیزمەی هەبووە، تیۆری سەرەکی شـیکردنەوە بەپێچـەوانەی ئـەوە کـە دەبوو شیکردنەوەیەکی ڕشتەبەندی بێـت و بـریتی بێـت لـە تێڕوانینـی دینـامیکی و هەمووەکی، کاری چڕکردنەوە بووە لەسەر پەیوەندییە چەقبەستووەکان لـە نێـوان توخمە هەڵوەشێنراوەکاندا. چـونکە شـیکردنەوەی ڕشـتەبەندی لەسـەر پێناسـەی

ڕشتەبەندییەکان بەرپا دەبێت، کەواتە ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە شیکردنەوە دەبێت سەرەتا دەستبکات بە پێناسەکردنی (ڕشتەبەندیی) و نیشانەکانی، پاشانیش نیشانەکانی ڕشتەبەندیی بۆ ئەو شتە دیاری بکات کە شیکردنەوەی بۆ دەکات، بەڵام شێوازە هەنووکەییەکان کە لەسەر ڕشتەبەندیی بەرپابوون هێشتا هەر لەسەر پێناسەیەکی سادەو ساکاری ڕشتەبەندیی دامەزراوە بەو سیفەتە کە: کۆمەڵەیەکە پێکهاتووە لە چەند یەکەیەکی پێکەوە ئاوێتەبوو)، ئەمەش بێبەشی دەکات لە نیشانە زۆرەکانی ڕشتەبەندیی، کە سودێکی گەورەی هەیە لە شیکردنەوەدا. جگە لەمەش زۆرێك لەو تیۆرانە کە لەسەر ڕیزبەندی قوچکەیی بونیاتنراون بە شێوەیەکی سەرەکی حەزیان بە لای مامەڵەکردنە لەگەڵ جیهانی ماددی دا، بەم پێیەش ناچەسپێت بەسەر باسی بواری هزرەکان و تەشریعدا. بە تەنیشت ئەمانەوە زۆرێك لەو پۆلێنکردنانە کە لەسەر ڕشتەبەندیی بونیاتنراون هێشتا هەر یەك ڕەهەندن، مەسەلەکان بە شێوەیەکی دوالیزمەیی سادەو بەرانبەر بەیەك دابەش دەکەن، ئەمەش زۆر پێچەوانەیە بە نیشانەی فرە ڕەهەندی کە بەشێکە لە سروشتی ڕشتەبەندی–هەر ڕشتەبەندییەك–وەها کە تیۆریزەکارانی ڕشتەبەندییەکان خستوویانەتەڕوو.

جا لەپێناو زاڵبوون بەسەر ئەو لایەنە کەموکورتانەدا، ئەم کتێبە پێشنیاری ژمارەیەك لە نیشانەکانی ڕشتەبەندیی دەکات، بەکاریان دەهێنین لەو مەسەلەیەدا ناومانناوە بە (شیکردنەوەی ڕشتەبەندیی بۆ تەشریعی ئیسلامی)، ئەوانیش بریتین لەمانە: سروشتی پەیپێبردن لە ڕشتەبەندییدا، گشتگیریی، کرانەوە، ڕیزبەندی قوچکەیی کە بەشەکانی ئاوێتەن بە یەك، فرە ڕەهەندی و مەبەستداریی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم دواییینە کە لە نێوان نیشانەکانی ڕشتەبەندیدا نیشانەی هەژمووندارە.

**مەزهەبە کەلامییەکان لە دۆزی مەرام یان هۆکاردا:**

ئەم کتێبە هەروەها هەستاوە بە خستنەڕووی هەڵوێستە جۆراو جۆرەکان کە مەزهەبە کەلامییەکان لەوەدا کە تایبەتە بە پراکتیزەکردنی پرەنسیپی (مەرامی کردارەکە) لەسەر شەریعەتی خوای گەورە پەیڕەویان کردوون. موعتەزیلەو شیعە وا دادەنێن کە (پێویستە لەسەر خوای گەورە) هۆکار و مەبەستی هەبێت، ئەویش بە پشتبەستن بە پرەنسیپی (چاککردن و خراپکردن) لای ئەوان. بەڵام ئەشعەری و سەلەفی وتوویانە کردەوەکانی خوای گەورە لە سەرووی هۆکار و مەبەستەکانەوەن و خوای گەورە پاکوبێگەردە لێیان، وە ئەگەر شەریعەت نەبوایە ئەوا حوکمدان لەسەر کردەوەکان بە چاك و بە خراپ بێمانا و بێبنەما دەبوو، دواجار ماتوریدییەکانیش هەن کە هەوڵیانداوە ڕێگایەکی مامناوەند لە نێوان هەردوو ڕایە پێشووەکەدا بگرنەبەر بەوەی کە وتوویانە کردەوەکانی خوای گەورە هۆکارو مەبەستییان هەیە ئەوەش لە فەزڵ و بەزەیی خوای گەورەیە نەك لە پێگەی پرەنسیپی چاککردن و خراپکردنی ئەقڵییەوە.

بەڵام ڕەخنەگرتن لە مەرام یان هۆکارگەریی مانای هەڵوەشاندنەوەی باوەڕ و باوەڕە غەیبییەکان نیە، وەها کە زۆرێك لە تیۆریزەکارانی ڕشتەبەندیی دەیڵێن. بۆیە ئەم کتێبە بیرۆکەیەکی خستووەتەڕوو بریتییە لەوە کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان خوای گەورەو بیرۆکەی هۆکارگەرییدا نیە مەگەر تەنها لە ئەقڵی کەلامییەکان یان ئەو فەیلەسوفانەدا بێت کە بیرۆکەی پرەنسیپی هۆکارگەریی وەك بەڵگەیەکی فەلسەفی بەکاردەهێنن بۆ سەلماندنی بوونی خوای گەورەو مەسەلە باوەڕییەکانی تریش، کەواتە دەکرێ بەڵگە هەمووەکییە نوێیەکانی ڕشتەبەندیی ئەلتەرناتیفێکی نوێ و قەناعەتکەر بە ئەقڵی هاوچەرخ لە مەسەلە کەلامییە گەورەکاندا لە بواری باوەڕدا فەراهەم بێنن، لەبەرئەوە تێڕوانینی ڕشتەبەندیی لەم بوارەشدا سودی خۆی هەیە.

## تەشریعی ئیسلامیی چییە؟

ئەم کتێبە پێشنیار دەکات جیاکردنەوەیەکی ڕوون لە نێوان ژمارەیەك زاراوەدا بکرێ، هەموویان لەو کتێبانەدا کە بە زمانی ئینگلیزی دەرچوون وەك هاومانا بۆ تەشریعی ئیسلامی بەکارهێنراون، ئەو زاراوانەش بریتین لە: فیقه، شەریعەت، یاسا، عورف. (فیقه) وەك لایەنی پەیپێبردن بە تەشریعی ئیسلامی تێگەیشتنی بۆ دەکرێ، بەڵام زاراوەی (شەریعەت) لایەنی وەحی ئاسمانی لە تەشریع دەنوێنێ. هەر پشتگوێخستنێ بۆ هێڵی جیاکەرەوەی نێوان فیقه و شەریعەت دەرگا دەکاتەوە بۆ گوتەی هەندێ کەس کە سیفەتی پیرۆزی بدەن بەو ئیجتیهادە کە لەسەر دەستی مرۆڤدا ئەنجامدەدرێ، بەم پێیەش بەشدار دەبێت لە کەلتوری توندوتیژی کە لەبەرئەنجامی تاوانبارکردنی ڕای ئەوانیترەوە بە دنیاپەرست و بێباوەڕ دێتەڕوو، بە شێوەیەکی گشتی ئاستەنگێك دروست دەکات لەبەردەم نوێکردنەوەی فیقه و هۆشیاری ئیسلامیدا. لە لایەکی تریشەوە (یاسا) سیستمێکی یاسایی دیاریکراو دەنوێنێ، (عورف)یش داب و نەریتی مرۆڤەکان و عاداتە جۆراو جۆرەکانیان دەنوێنێ.

## پەرەسەندنی مەزهەبە فیقهییە مێژووییەکان:

ئەم کتێبە ئەو فاکتەرانە کورتدەکاتەوە کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی دوو قوتابخانەی سەرەکی مێژوویی، واتە قوتابخانەی: (ئەهلی ڕەئی) و (ئەهلی دەق). ئەو فاکتەرانەش بریتین لە: ناکۆکییە سیاسی و تایفییەکان، کۆچکردنی هاوەڵان– خوا لێیان ڕازی بێت– بۆ ناوچە جۆراو جۆرەکان، هەروەها کەسایەتی پێشەوایان لە سەردەمە پێشینەکانی مێژووی ئیسلامدا. ئاراستەی (ئەهلی ڕەئی) تەنها لە عیراقدا نەبووە، چونکە ئەهلی حیجاز بە تایبەتی لە شاری مەدینەی مونەووەرە، مەیلیان بە لای ڕەئیدا بووە، ئەویش لە ڕێگای کارکردنیان بە پرەنسیپی

بەرژەوەندی، بە تایبەتی لە فیقهی پێشەوا مالیك و قوتابییەکانیدا. هەروەها مەسەلەی ناکۆکی نێوان ئەهلی ڕەئی و ئەهلی دەق مەسەلەی (پارێزگاران) لە بەرانبەر (لیبراڵەکان)ەوە لە حوجییەتی دەقەکاندا نەبووە، چونکە هەریەك لە دوو ئاراستەیە وێنای میتۆدێکی جیاوازی کردووە لە متمانەپێدان و پراکتیزەکردنی خودی دەقە شەرعییەکاندا، هەمووشیان بەدەوریدا سوڕاونەتەوە.

هەروەها ڕەخنەم لە پۆلێنکردنی کلاسیکی مەزهەبە فیقهییەکان گرتووە کە لەسەر نیشانەی چەقبەستوو و یەك ڕەهەندی بونیاتنراون، کە پرۆسەی شیکردنەوەو دۆزینەوەی وێکچوون لە (بەڵگە)کانی نێوان مەزهەبە جۆراو جۆرەکان بەسەریدا تێپەڕیوە، هەرچەندە ناو و زاراوەی جۆراو جۆری لە هەموو مەزهەبەکاندا پێدراوە، شیکردنەوەو هەروەها چڕکردنەوە لەسەر جیاوازی نێوان (بەڵگە)کان کە وێڕای جیاوازی تیۆرەکانیان مەزهەبە مێژووییەکان ناوی هاوشێوەیان پێداون. پۆلێنکردنی کلاسیکی کەمتەرخەم بووە لە لەخۆگرتنی هۆیەکانی جیاوازی کە لە دوالیزمەیی دژ بەیەکدا نەخەملیون، وەك فاکتەری مێژوویی و جوگرافیی.

پاشانیش، بەدواداچوونی (زنجیرەی قوتابییەتی) لەم توێژینەوەیەدا دەریخستووە کە مەزهەبە فیقهییەکان-نەوە لەدوای نەوە-بە ئاراستەی لەیەك دوورکەوتنەوەی زیاتر و کەمتر ئاوێتەبوون ڕۆیشتوون، ماوەی (بەش بەشبوون) کاتێ دەستی پێکرد کە فیقهناسان دەستیاندایە وەرگرتنی زانست تەنها لە یەك مەزهەبەوە، کاتێکیش دەستدراوەتە پێدانی دەستەواژەی (دەق) ئەوا هەر مەبەست لە ڕای پێشەوای مەزهەبەکەو قوتابییەکانی بووە، ئەوکاتیش کتێبەکانی قوتابیان زۆر ئاڵۆز و زۆر تایبەت بوون بە مەزهەبێکەوە.

**بنەماکان و سەرچاوەو دەقەکان:**

لە نێوان هەموو مەزهەبە فیقهییەکانـدا کۆدەنگییـەکی گشـتی دەربـارەی دەقـی قورئانی پیرۆز بوونی هەیە وەها کە لەبەردەستماندایەو هەربەوجۆرە کـە هاتووەتـە خوارەوە پارێزراوە. بۆ موصحەفەکەی عەبدواللە ی کوڕی مەسعودیش، کە جۆرێ لە جیاوازی تێدایـە بـە تایبـەتی لـە ڕووی ڕێکخسـتنەوە و مەزهـەبی حەنـەفی لـەپێناو هـەڵێنجانی فیقهـی لـە چـەند مەسـەلەیەکدا کـاری پێکـردووە، ئـەم موصـحەفە لـە مەزهەبە فیقهییەکاندا بەگشتی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. بـەڵام ڕا جیـاوازی و ناکۆکی لە نێوان مەزهەبە سوننی و شیعییەکاندا لە بواری زانستی فەلسەفەی کەلام و لە بواری ئەو هەڵوێستانەدا بووە کە بوونەتە هۆی هەڵگیرسـانی نـاکۆکی سیاسـی یان چەکداری لە نێوان هاوەڵان یـان شـوێنکەوتووان و شـوێنکەوتووانی ئەوانیشـدا، نەك لە بواری سەرچاوەکان و تەنانەت لە حوکمە فیقهییەکاندا بێت.

لــەو مەســەلانە کــە ئــەم کتێبــە لەمبارەیــەوە ڕوونیکردووەتــەوە کۆمەڵــە فەرموودەیـەکن وەك فــەرموودەی پیتانــدنی دارخورمــا و فــەرموودەی شــیردانی ئافرەتی سکپڕ، بـەڵام پرسـیارێك کـە هێشـتا یەکلانەبووتـەوە ئـەو پرسـیارەیە کـە دەربـارەی دیـاریکرنی ئـەو فـەرموودە پیرۆزانەیـە کـە پەیوەنـدییان بـەوەوە هەیـە ناودەبرێ بە (کاروبارەکانی دنیـا). هـەروەها پرسـیار دەربـارەی هەڵسـوکەوتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە پەیوەندی بە ژیانی خۆیەوە هەیە وەك مرۆڤێك لە بەرانبەر ئەوەوە کە (پەرستشە) ئەویش هەر یەکلانەبووەتەوە، چونکە پەرستش زۆربەی جار وەها پێناسە کراوە کە بریتییـە لـە (ئـەقڵ پـەی بـە ماناکـەی نابـات)، ئەمیش هەر گرفتە.

**واتا زمانەوانییەکان:**

لەڕاستیدا پۆلێنکردنەکانی ئاستی واتا، وەك ئاستی توندوتۆڵ (المحكم) و دەق (النص) و ڕواڵەتی (الظاهر)، کە لەم کتێبەدا خستمانەڕوو، دەریدەخات کە تا ئاستێکی گەورە پۆلێنکردنی (نا سنوردارن)، بە تایبەتی کاتێ قەبارەی ناکۆکییەکانمان بیردەکەوێتەوە لەبارەی زۆربەی ئایەتەکان و ئەو فەرموودانەوە کە پەیوەندن بە حوکمەکانەوە، کە کامیان دەچێتە ناو تایبەتکردنەوە یان لێکدانەوە یان هەڵوەشاندنەوەوە. لەو بابەتانەی تریش ئەم کتێبە خستوویەتە بەر ڕەخنە ڕێسای (چەمکی پێچەوانەیە) بەو سیفەتە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستێکە وەك (یان لەگەڵمان بە یان دژمان بە) وایە، کە ئەمەش ئامرازێکی دوالیزمەی توندوتیژە هیچ بوارێك بۆ فرەیی لە ناو حوکمەکاندا ناهێڵێتەوە کە وەڵامگۆی بارودۆخە گۆڕدراوەکان بێت.

بەم پێیە ئەوا (چەمکی پێچەوانە) بەشدار دەبێت لە زیاترکردنی ژمارەی ئەو حاڵەتانە کە ناودەبرێن بە (جیاوازی و بەریەککەوتن) لە نێوان دەقەکاندا و بڕیارەکانی پێشخستن و هەڵوەشاندنەوە بەدوایدا دێت، واتە نەهێشتنی کاریگەری ئایەتی توندوتۆڵ یان فەرموودەی سەلمێنراو. ئەم کتێبە لە ڕێگای شیکردنەوەوە دەریخستووە کە بە پاساوی پابەندبوون بە دەقەکانەوە چۆن چۆنی لەپێشتری ڕەها دراوە بە واتا زمانییەکان، فیقهناسە موجتەهیدەکانیش هاتوون بنەماکانی (تایبەتکردن) و (سنوردارکردن)یان بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان دەقەکان خستووەتەگەڕ زیاتر لە خستنەگەڕی بنەماکانی (دادپەروەریی) و (بەرژەوەندیی).

**بەڵگە ئەقڵییەکان:**

بۆ بەڵگەکانی تری بنەماکان ئەوا لە ڕووی جیاوازی ڕاکان لەبارەی ڕاست و دروستییانەوە شیکردنەوەیان بۆکراوە، هەروەها دەربارەی وێکچوون و گونجاندنیان لە گەڵ مەبەستەکاندا. لە خوارەوە ئەوەی لەو بوارەدا پێیگەیشتووم لە شێوەی خاڵبەندیدا دەیخەمەڕوو:

١- بنەمای (کۆدەنگیی) بوونی نیە، تەنانەت دەربارەی پێناسەی خودی (کۆدەنگی)یش، مەگەر تەنها ئەو کۆدەنگییەی ئوممەت نەبێت لەسەر وەحی کە لە هەموو بارێکدا نەگۆڕە.

٢- لە هەڵێنجانی پرەنسیپی پێوانگیریدا جیاوازی هەیە لە نێوان هۆ و حیکمەت و مەبەست دا، ئەوانە سێ بازنەی لە یەك جیان و یەکتربڕیشن.

٣- هەر مەزهەبێکی فیقهی پرەنسیپی بەرژەوەندی ڕەتکردبێتەوە ئەوا بە جێگرەوەیەك قەرەبووی کردووەتەوە، جگە لە مەزهەبی زاهیریی.

٤- (داخستنی بەهانەکان) شێوازێکە دەتوانرێ لە لایەن هەندێ فیقهناسی ڕەشبینەوە یان کەسانی خاوەن پاڵنەری سیاسییەوە خراپ بەکاربهێنرێ.

٥- ئیستیصحاب بریتییە لە شێوازێك بۆ بیرکردنەوە، نەك وەها کە لە خودی خۆیدا سەرچاوەیەك بێت لە سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی.

**تیۆرە هاوچەرخەکانی فیقهی ئیسلامی:**

دوای ئەوە ئەم کتێبە پۆلێنکردنی هاوچەرخی بۆ (ئاراستەکان) یان (ئایدیۆلۆژیا) ئیسلامییەکان خستەڕوو، گەیشتینە ئەوە کە ئەو پۆلێنکردنانە هێشتا هەر-بە تایبەتی لە نوسینە خۆرئاواییەکاندا-دەسوڕێنەوە بەدەوری گریمانەی بوونی سێ (جۆر) ئیسلامی، ئەوانیش (ئوسوڵی) و (مۆدێرنەیی) و (عەلمانی)ن. دامەزراوەی ڕاند لەم دواییانەدا لە لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژدا پۆلێنکردنێکی

کردووە کە ئەو (ئاراستانە) دەخاتەڕوو، شایستەی ئەوەبوو هەوڵێکی تایبەت بدرێ بۆ شیکردنەوەی. بەڵام دامەزراوەی ناوبراو سەلماندی کە لێکۆڵینەوەکەی بونیاتنراوە لەسەر هەڵوێستی ئاراستە ئیسلامییە جۆراو جۆرەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، نەك لەسەر جیاوازییە بنەڕەتییەکان کە دامەزراوەکە ئیدیعای شیکردنەوەو تێگەیشتنی بۆ کردوون. جگە لەوە کە ڕاپۆرتەکە کۆمەڵێك هەڵەی لەخۆگرتووە، بۆ نمونە (فەیلەسوفە عەلمانییەکانی) کردووەتە سەرچاوەی مەعریفە بۆ زانا کلاسیکی و پارێزگارەکان، هەروەها (مێژوویەتی) وەك ئاراستەیەکی مۆدیرنەیی پۆلێنکردووە نەك وەك (پۆست مۆدێرنەیی)، ڕەچاوی جیاوازییە گرنگەکانی نێوان هەموو ئاراستەکانی (مۆدێرنەی ئیسلامی) نەکردووە.

بەڵام پۆلێنکردنە باو و بڵاوەکان کە ئاراستە ئیسلامییەکان دابەش دەکەن بۆ زاهیریی و ئیسلاحی و میانەڕەویی و بەخۆرئاوابووان، کە لە لایەن ئیسلاحییە میانڕەوەکانەوە دەخرێتەڕوو، ئەمانەش بریتین لە چەند دابەشکردنێکی گشتاندن، زانایان و توێژەران پۆلێن دەکات نەك بێت میتۆد و ئاراستەکان پۆلێن بکات، کە ئەمە وردترە، هاوکات برێك لە نەبوونی وردەکاری تێدایە ئەویش کاتێك هەردوو وشەی (بەخۆرئاوابوون) و (مۆدێرنە) وەك دوو وشەی هاوواتا بەکاردەێنێ، هەروەها کاتێ کە هەموو ڕا ئەقڵییەکان لەبارەی تەشریعی ئیسلامییەوە پۆلێن دەکات گوایا ڕای (عەلمانین).

### پۆلێنکردنی پێشنیارکراو بۆ تیۆرەکانی تەشریعی ئیسلامی:

کتێبەکە پێشنیار دەکات ئاستەکانی حوجییەتی بەڵگەکان دابنرێن لە نێوان ئەوەدا کە ئایا بەڵگەن یان پوچەڵن یان شەبەنگێکن بۆ ئاستەکانی حوجییەتی بەڵگەکان یان سەرچاوەکان. هەموو ئەو سەرچاوانە کە لە ئێستادا کاریگەرن لەسەر هزری ئیسلامی–لەدوای قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەرێتی–بەستراونەتەوە

لـەناو مەزهەبـە مێـژوویی و ئەقڵانییـە هاوچـەرخەکاندا، هـەروەها لـەناو بەڵێننامـە جیهانییـەکان بـۆ مافـەکانی مـرۆڤ. کتێبەکـە هـەموو ئاراسـتە هەنووکەییـەکانی دەربارەی هەموو تیۆریزەکردنە تایبەتەکان بـە تەشـریعی ئیسـلامی خسـتووەتەڕوو کە بریتین لە: کلاسیکی، مۆدێرنـەیی و پۆسـت مۆدێرنـەیی، ڕوونیکردووەتـەوە کـە هەریەك لەو ئاراستانە بەرهەمی ژمارەیەك ڕەوتی تیۆرین کە بەشدارییان کردووە لـە پێکهێنانیدا، ڕوودەدات ئەو ڕەوتانە لەبارەی کۆمەڵە مەسەلەیەکی دیاریکراوەوە لـە نێوان خۆیاندا تێهەڵکێش بەیەك ببن.

ئاراسـتەی کلاسـیکی ئـەم ڕەوتانـە دەگرێتـەوە: مەزهەبگـەریی پارێزگـار، مەزهەبگـەریی کلاسـیکی نـوێ، زاهیرییـەتی نـوێ، تیـۆرە ئایدیۆلۆژیـەکان. مەزهەبگـەریی پارێزگـار دەسـت دەگـرێ بـە یـەکێك لـە مەزهەبـە مێژووییەکانـەوەو دایدەنێ بە کۆتا سەرچاوەی تەشریع، ڕێگا بە ئیجتیهـاد نـادات مەگـەر لـە کاتێکـدا نەبێت کە مەسەلەی داواکراو حوکمێکی پێشتری لە مەزهەبی هەڵبـژێردراودا لەسـەر نەبێت و لەو مەسەلانەش نەبێت کە پێوانەگیریی لەسەر بکرێ. بەڵام مەزهەبگـەریی کلاسیکی نوێ ئەوا کراوەترە لەسەر زیـاتر لـە مەزهـەبێك کـە لـەپێناو گەیشـتن بـە حوکمی شەرعی دەگەڕێتەوە بۆ لای، تەرخان نیە تەنها لەسەر یـەك مەزهـەب، ئـەم کرانەوەیەش جیاواز جیاوازو پلە بەپلەیە، لە کرانەوە لەسـەر هـەموو مەزهەبـەکانی فیقهـ بۆ کرانەوە لەسەر یەك بازنەی مەزهەبە سوننی یـان شـیعییەکان. زاهیرییـەتی نـوێیش دیاردەیەکـە لـە ئاراسـتە سـوننیەکاندا بـوونی هەیـە هـەروەها لـە ئاراسـتە شیعییەکانیشدا هەر هەیە، ئەم زاهیرییەتە جیاوازە لە زاهیرییەتی مێژوویی کـە کـار تەنها بەو کتێبانەی فەرموودە دەکـات کـە یـەك مەزهـەب کاریـان پێـدەکات، بـەڵام زاهیرییەتی نوێ گونجاوە لەگەڵ زاهیرییەتی مێژووییدا کـە هـەردووکیان نـەیارن بـە بیرۆکەی کارکردن بە مەبەستەکان وەك سەرچاوەیەکی پەسەند لـە فیقهـدا. دواجـار ئـەوا ئـەو تیۆرانـەی پـەیڕەوی لـە ئایدۆلۆژیایـەکی دیـاریکراو دەکـەن ڕەخنـە لـە

ئەقڵگەرایی نـویێ و لـە بـەهاکانی دەگـرن چـونکە ڕەنگدانـەوەی (بـە سـەنتەربوونی خۆرئاوا) ن و مەیلیان بەلای ئەودایە.

مۆدێرنـەی ئیسـلامیش چـەند ڕەوتێـك دەگرێتـەوە کـە بـریتین لـە: گێڕانـەوەی تەفسـیری پاسـاوهێنانەوە، گێڕانـەوەی تەفسـیری چاکسـازیی، گێڕانـەوەی ئـەو تەفسـیرە کـە پشـت بـە وتوویـژ دەبەسـتێت، وە تیۆرەکـان کـە پشـت بـە بەرژەوەندییەکان دەبەستن، هەروەها پێداچوونەوە بە بنەماکاندا. ئەو کەسایەتییە سەرکییانە کە بەشداریان هەیە لە مۆدێرنەی ئیسلامیدا هەستاون بە ئاوێتەکردن لـە نێوان زانستە ئیسلامییە کلاسیکییەکەیان و ڕۆشنبیرییە خۆرئاواییەکەیانـدا تـا لـەو ڕێگایـەوە هـزری نـویێ بـۆ چاکسـازی ئیسـلامی و (سـەرلەنویێ تەفسـیرکردنەوە) بەدەست بێنن. هەریەك لـە مامۆسـتا موحەممـەد عەبـدە و دوو قوتابییەکـەی تـری مامۆستا موحەممەد ڕەشید ڕەزا و مامۆستا تاهیر ئیبن عاشور بەشدارییان کـردووە لە پەرەدان بە قوتابخانەی نویێ بۆ تەفسیرکردنی قورئـان کـە گونجـاو بێـت لەگـەڵ زانستی نویێ و ئەقڵگەرایی نویێ دا. ئەم قوتابخانەیە، کە لـەم کتێبـەدا لـەژێر نـاوی (گێڕانەوەی تەفسـیری چاکسـازیی) دا باسمـان لێکـردووە شـێوازی (تەفسـیرکردنی بابەتی) وەك شێوازێکی نویێ بۆ تەفسیرکردن بەکارهێناوە.

بۆ قوتابخانەی گێڕانـەوەی تەفسـیری پاسـاوهێنانەوە ئـەوا بـە پێچـەوانەی ئـەم کۆمەڵە دواییینەیە، دەستکۆتا دەبێت تەنها بە بەرگریکردن لە حاڵەتێکی هەنووکەیی لە بوارێك لە بوارەکاندا، ئەمەش بە سروشتی خۆی بەپێی ئاراستەیەکە لـە ئاراسـتە سیاسییەکان. بەڵام من ڕوونمکردووەتەوە کە نابێت مەسەلە دنیاییەکان و کاروبارە سیاسییەکان دەورە بدرێن بە کۆمایەك پیرۆزی کە مانایەکی دیاریکراو لـە ماناکـانی قورئـان یـان سـوننەت بـە زۆر بـدریێ بەسـەریاندا و خـەڵکی لـە هـەموو سـەردەم و شوێنێکدا پابەند بکرێن پێیانەوە.

دواجار، هەوادارانی پێداچوونەوە بە بنەماکاندا هەوڵیانداوە بنەماکانی فیقهـ هەموار بکەن وەك پێگەیەك بۆ چاکسازی کردن، ئەویش لە ڕێگای پرسیارکردنیان لەبارەی ئەو چەمکانەوە کە پەیوەندن بە (کۆدەنگیی) و بە (ڕاست و دروستی) و بە (هەڵوەشاندنەوە)، هەروەها بە پێشنیارکردنیان بە لێکدانەوەی نوێ بۆ بەرژەوەندی.

کۆمەڵەی پۆست مۆدێرنەی ئیسلامیش چەند ڕەوتێك دەگرێتەوە کە بریتین لە: پۆست بونیادگەریی، مێژوویییەتی، لێکۆڵینەوە یاساییە ڕەخنەگرەکان، هەروەها پۆست کۆلۆنیالیزم، وە ئەقلگەرایی نوێ و نائەقلانی، هەروەها ئەوەی کە پێی دەوترێ (عەلمانیەت). سەرنج دەدەین میتۆدی هاوبەش لە نێوان هەموو تێڕوانینەکانی پۆست مۆدێرنەدا بریتییە لە پرۆسەی (هەڵوەشاندن)، بەو مانایە کە لای دریدا و کەسانی تریش دەیبینین، ڕەوتی پۆست بونیادگەریی هەوڵدەدات بۆ (ڕزگارکردنی خەڵکی لە دەستەڵاتی دەق)، بۆ ئەم مەبەستەش تیۆری زانستی هێماو ئاماژەپێدان لەسەر قورئانی پیرۆز پراکتیزە دەکات بە ئامانجی جیاکردنەوەی (لەفز لە مانا). ڕەوتی پۆست مۆدێرنەی مێژوویی دەڕوانێتە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پیرۆز گوایا بەرهەمی کەلتورێکی باوی مێژووین، لەسەر ئەم بناغەیە دەڵێن مافەکان تاکە بناغەن بۆ ڕەوشت و تەشریع، بەلام ڕەوتی ئەقلگەرایی نوێ و نائەقلانییەکان ئەوا ئاماژە دەدەن بە مەزهەبی موعتەزیلە وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی بۆ هەندێ لە ڕاکانیان، ئەمەش لە لایەنی میتۆدەوە ورد نیە. هەروەك پێشتر باسکراوە.

لێرەدا دەستەیەکی تریش هەیە کە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بۆ یاسا گرتووەتەبەر ئەوەش بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی (دەستەڵات) کە کاریکردووتە سەر فیقهی ئیسلامی، وەك هۆزە عەرەبییە بەهێزەکان، هەژموونی نێرینەیی، و هیتریش. هەر لێرەدا وتووێژێکی پێکەوە ئالێنراوی هەمەلاین بوونی هەیە کە ئایا فیقهناسان

کاریان بۆ (خزمەتی بەرژەوەندی فەرمانڕەواکان) کردووە یان هەستاون بە (پاراستنی فیقه لە فەرمانڕەواکان). لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمیش هاتوون ڕەخنەیان گرتووە لە ئاراستە خۆرهەڵاتناسییە کلاسیکییەکان بەرانبەر بە شەریعەتی ئیسلامی، بانگەشەیان کردووە بۆ کۆمەڵە ئاراستەیەك کە بەرپا نابێت لەسەر لایەنداریی جۆریی دژ بە کەلتوری ئیسلامییەکان.

## تێڕوانینی ڕشتەبەندی بۆ تیۆرەکانی تەشریعی ئیسلامی:

ئەم توێژینەوەیە دواجار هاتووە تێڕوانینێکی ڕشتەبەندی بۆ تیۆرەکانی فیقهی ئیسلامی و بنەماکانی پێشکەش کردووە، بە شێوەیەك کە نیشانە پێشنیارکراوەکانی ڕشتەبەندی دەستەبەر بکات، ئەوانیش بریتین لە: (سروشتی پەیپێبردن لە تەشریعی ئیسلامیدا، گشتگیریی، کرانەوە، ڕیزبەندی قوچکەیی کە بەشەکانی پەیوەستن بەیەکەوە، فرە ڕەهەندی، مەبەستداریی) ئەوەش لە ڕێگای کۆمەڵە پێشنیارێکی تیۆریی دیاریکراوەوە ئەنجامدەدرێ.

جا لەپێناو تێگەیشتن لە سروشتی (پەیپێبردن)ی تەشریعی ئیسلامی ئەوا ئەم کتێبە پێشنیار دەکات کە پێویستە پرۆسەی ئیجتیهاد ئیدیعای ئەوە نەکات ئەوەی کە بەدەستی دەێنێ شارەزابوونە بە (فەرمانەکانی خوای گەورە) بەڵکو تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ (فەرمانەکانی خوای گەورە)، تەنانەت با ئەو ئیجتیهادە لەسەر کۆدەنگیی یان پێوانەگیریش دامەزرابێت ، ئەم هەڵوێستەش ئەم کتێبە پەیڕەوی دەکات وێکدەچوێنرێ بە هەڵوێستی (المصوبة)، کە هەڵوێستێکە دان دەنێت بە (سروشتی پەیپێبردن) لە فیقهی ئیسلامیدا، واتە دەستەبەرکردنی ڕاستی و دروستی لە خودی ئیجتیهادەکەدایە. بۆ پەیپێبردنیش بە مەبەستەکان یان بە نیەت لە گفتار و هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەم کتێبە ڕایەکانی قەرافی و

ئـیبن عاشـور دەربـارەی مەبەسـتەکانی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) پـەیڕەو دەکـات، ئەمــەش بـە مەبەسـتی فراوانکردنــی پـۆلێنکردنی کلاسـیکی بـۆ کـردار و گفتارەکانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) کە یان کردارو گفتاری تەشریعین یان مرۆیین، تـا پۆلێنکردنـەکانی تـریش بگرێتـەوە بـە پێکەوەبەسـتنی فـەرموودەکانی پێغەمبــەرێتی بـــە مەبەســـتە دیاریکراوەکانـــەوە وەك دادوەریـــی و سیاســـەت و تەمبێکردن و هیتریش.

هەروەها دەربارەی جێبەجێکردنی تێڕوانینی گشتگیریی بۆ ڕشتەبەندیی فیقهـی ئیسـلامی، ئـەم توێژینەوەیـە بەدواداچـوونی کـردووە بـۆ کاریگـەری بیرکردنـەوەی فیقهیـی بونیـاتنراو لەسـەر (پرەنسـیپی هۆکارگـەریی)، لێـرەدا جێگـای سـود بـوو وەڵامی ڕازی بۆ ئەو گوتەیە کە دەڵێت (یـەقین) لـە بەڵگـە تاکەکانیشـدا دەسـتەبەر دەبێت بخەینەڕوو، بەڵام ڕازی نەچووە بە لای گرفتێکی سەرەکیدا، ئەویش بریتییە لــە تێڕوانینـــی بـــەش بەشـــی هۆکارگـــەریی. لەبەرئـــەوە تێڕوانینـــی ڕشـــتەبەندی سودگەیەنەرە لە میانەی پێشنیارەکانی نوێکردنەوەی هاوچـەرخدا، نـەك تـەنها لـە فیقهـ و بنەماکانیدا بەڵکو لە زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامیشدا.

بـۆ دەسـتەبەرکردنی نیشـانەی کرانـەوەو نوێبوونـەوەی خـودی لـە ڕشـتەبەندی فیقهی ئیسلامیدا، ئەم کتێبـە پێشـنیاری گـۆڕین لـە حوکمەکانـدا دەکـات، ئـەویش لەگـەڵ گـۆڕینی جیهـانبینی یـان کـەلتوری پـەیپێبردنی دەسـتەجەمعی، جـا وەك میکانیزمێـك بـۆ کرانـەوە لـە ڕشـتەبەندی فیقهـی ئیسـلامیدا، ئێمـە پێشـنیاری (کرانەوەی فەلسەفی)مان کـردووە وەك میکانیزمێـك بـۆ نوێبوونـەوەی خـود، واتـە نوێبوونەوەی خودی فیقهی ئیسلامی.

ئاسەواری پراکتیکی ئەو بەڵگەیە کـە لـە فیقهـی کۆنـدا لـە عورفـەوە وەرگـیراوە تەواو سنوردارە، حوکمە فیقهییەکان تا ئەمڕۆش بونیاتنراون لەسـەر داب و نەریتـە عەرەبییەکان. لەبەرئەوە ئەم کتێبە پێشنیار دەکات (جیهانبینی) وەك فراوانکردنێ

بۆ پێوەری عورف لای فیقهناس بوونی هەبێت، ئەوەش بە مەبەستی گەیشتنە بە گشتگیریی تەشریع و جیهانیبوونەکەی. ئەو (فیقهی واقیعە) کە زانایان داوای دەکەن لە ئەمڕۆدا (تێڕوانینی واقیعی بۆ جیهان) دەگرێتەوە، کە کرانەوەیەك بە ڕشتەبەندی فیقه دەدات لەسەر ئەو پێشکەوتنەی کە لە زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا لە ئەمڕۆدا چوون یەك دەکەوێتەڕوو. بۆ کرانەوەی فەلسەفیش، ئەم کتێبە وادەبینێ کە تیۆری تەشریعی ئیسلامی لە سەردەمە ئاڵتونییەکانی مێژووی ئیسلامدا سودی وەرنەگرتووە لە بەشدارییە گرنگەکانی فەیلەسوفە موسڵمانەکان لە زانستی فەلسەفەو لۆژیك ، وەك ئیبن سینا کە ڕەهەندی کاتی بە گرنگ گرتووە، هەروەها تیۆرەکەی فارابی لە حوجییەتی ئیستقرادا، کرانەوەی ئیبن ڕوشد لەسەر حوجییەتی فەلسەفە ئیتر بێژەرەکەی هەرکەس بووبێت، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی ئیبن حەزم و ئیبن تەیمییە کە ڕەخنەیان لە لۆژیکی ئەرستۆ گرتووە. غیفهی ئیسلامیش لە ئەمڕۆدا دەتوانێت نوێبوونەوەیەکی خودی بەدەستبێنێ ئەویش لە ڕێگای کرانەوە لەسەر توێژینەوەی فەلسەفی هاوچەرخ.

ئەوەش کە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی نیشانەی فرە ڕەهەندییەوە هەیە لە تەشریعی ئیسلامیدا، ئەوا ئەم کتێبە لە دووتوێی دوالیزمە دژ بەیەکەکاندا بەدواداچوون بۆ بنەماکانی بیرکردنەوە دەکات وەك ئەوەی لە مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامیدا باو و بڵاوە. فیقهناسان لە هەوڵیاندا بۆ جیاکاری خستن لە نێوان ماناکاندا، ئیتر لەسەر سنوردارکردن یان وەسفکردن دامەزرابن، ئەوا لە هەموو حاڵەتەکاندا دەگەنە سنوردارکردنی هەر چەمکێك بە بەراورد بە دوالیزمەییەکی دژ بەیەك. بەڵام کۆششکردن بۆ گەیشتن بە (یەقین) لە بیرکردنەوەی فیقهیدا، ئیتر لەسەر شێوەی بەڵگەی زمانەوانی بێت، یان سەلماندنی مێژوویی، یان لەسەر بەڵگەی لۆژیکی بێت، سودێکی نیە. بەڵکو دەبێت مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلەی یەقین بەپێی شەبەنگێك لە ئەگەرەکان بێت نەك لەسەر بنەمای پۆلێنکردنی

دووالیزمـــەیی (گومـــانبڕی یـــان گومـــان)، بەڵگـــە لەســـەر ئەمـــەش لـــە سەرچـــاوە ئیسلامییەکاندا بریتییە لە لۆژیکی قورئانی پیرۆز لە سەلماندنی بوونی خوای گەورە کە بە ئاراستەیەکی هەڵکشاو و بە کۆمایەك لە چەندەها بەڵگە هـەنگاو دەنـێ، نـەك لەسەر بناغەی دووالیزمەیی و دژایەتی لە نێوان یەك بەڵگەو دژەکەیدا.

لـە لایـەکی تـرەوە، کـاتێ فـرە ڕەهەنـدی پەیوەسـت دەبێـت بـە تێـڕوانینی مەبەستدارییەوە ئەوا لـە توانادایـە چارەسـەرێکی تیـۆری بـۆ گرفتـی بەڵگـە دژ بـە یەکەکان بدۆزێتەوە، هەروەك پێشتر باسکراوە.

ئەم کتێبـە ڕوونیکردووەتـەوە وێـڕای ئـەوە کـە تێڕوانینـەکانی پۆسـت مۆدێرنـە کۆمـەڵێ پرسـیاری گـرنگ دەربـارەی چـڕبوونەوە بـە دەوری دوالیزمـەکانی فیقهـی ئیسلامیدا دەوروژێنێ، هەر هەمان ئەو تێڕوانینانە ئـەوەیان بەسـەردا زاڵـدەبێت کـە بکەونە دوالیزمەیی ڕەهاوە یان یەك ڕەهەندییەوە. بە کورتی ئەم شێوازە هـەڵپاچ و کورتکەرەوانە هەموویان تێڕوانینە فرە ڕەهەندییەکان پەکدەخەن وێڕای گرنگێتییان بۆ نوێکردنەوەی بیردۆزی فیقهی ئیسلامی، کە لە چەند لایەنێکەوە زەرورییە.

لـە کۆتاییـدا دەڵـێین، ئـەم توێژینەوەیـە وەك هـەوڵێك بـۆ دەسـتەبەرکردنی (مەبەسـتداریی) لـە ڕشـتەبەندی فیقهـی ئیسـلامیدا چـەند پێشـنیارێکی ئوسـوڵی خستووەتەڕوو، کە قووڵترینی نیشانەکانن لە بیرکردنەوەی ڕشتەبەندیدا بە گشـتی، هەروەك لە نێو ئەم کتێبەدا ڕوونمانکردووەتەوە. لێرەدا پوختـەی ئەو پێشنیارانە بە شێوەی خاڵبەندی دووبارە دەکەینەوە، کە ئەمانەن:

١- پێویسـتە بـە تەنیشـت پێـدانی حوجییـەت بـە واتـای زمانـەوانیی ڕووت، حوجییەت بە (واتای مەبەست)یش بدرێ.

٢- دەبێت پێدانی پلەی لەپێشتری بە واتای مەبەست بە بەراورد بە واتاکانی تر بەپێی ئەو مەسەلەیە بێت لێکۆڵینەوەی لێدەکرێ، هـەروەها بـەپێی ئـەو مەبەسـتە بێت لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ دەکرێ.

٣- پێویستە مەبەستی دەستەواژەیەك لە دەستەواژەكان دان بنێت بە ڕاست و دروستی یان ناڕاستی (چەمكی پێچەوانە)ی ئەو دەستەواژەیەدا.

٤- دەربڕین و لێدوانی قورئان یان سوننەت دەربارەی یەكێك لە مەبەستەكانی شەریعەت، كە بە سروشتی دەربڕینێكی گشتی ڕەهایە، نابێت (تایبەت بكرێت) یان (سنوردار بكرێت) بە هەر دەقێكی تاك.

٥- پێویستە پرەنسیپە ڕەوشتییەكان پێگەیەكی هاوتا بە مەبەستەكانیان پێبدرێ لە بازنەی ئەو حوكمانەدا كە پەیوەندییان پێیەوە هەیە، هەروەها بەو هۆ ڕواڵەتییانە كە بە ڕێگا كلاسیكییەكان هەڵێنجانیان بۆ دەكرێ.

٦- ئەم كتێبە پێشنیاری بەكارهێنانی (گونجاندن لەگەڵ ڕشتەبەندییە تەشریعییە گشتییەكان)دا دەكات وەك پێوەرێك بۆ ڕاست و دروستی فەرموودەكە و وەك درێژبوونەوەیك بۆ پێوەری (نەبوونی نامۆیی لە دەق)دا لە زانستی فەرموودەدا.

٧- تێڕوانینی مەبەستداریی لە توانایدایە كەلێنی كەموكورتی لە باسی بۆنەی فەرموودەكەو میانەكەیدا پڕبكاتەوە، ئەویش كەلێنێكە كە مرۆڤ لە زۆرێك لە فەرموودە پیرۆزەكاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

٨- مەبەستەكان لەتواناياندایە، بە مانای مەبەستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) سود وەربگرێ لە دیاریكردنی ئەو میانەیەدا كە فەرموودە پیرۆزەكەی تێدا وتراوە، هەر بەوجۆرە كە قەرافی و ئیبن عاشور دابەشیانكردووە، بەشەكانیش ئەمانەن: مەبەستی تەشریع، مەبەستی فەتوا، مەبەستی دادوەریی، مەبەستی ڕابەرایەتی، مەبەستی ڕێنمایی، مەبەستی ئاشتەوایی، مەبەستی ئاماژەدان بە ئامۆژەپێكەر، مەبەستی ئامۆژگاری، مەبەستی ڕاهێنانی دەروونەكان لەسەر كامڵترین حاڵەكان، مەبەستی فێركردنی حەقیقەتە باڵاكان، مەبەستی تەمبێكردن، ئینجا مەبەستی ڕێنمایی نەكردن (واتە كردەوە مرۆییە خۆڕسكەكان).

٩- لەڕاستیدا شیکردنەوەی ورد بۆ (توندوتۆڵی) هۆکار ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە زۆرێ لە حاڵەتەکاندا دەگۆڕێت و ناتوانرێ بە دیاریکردنێکی جێگیر دیاری بکرێ بەجۆرێ کە بە گۆڕانی کات و شوێنەکان لە هەموو بارەکاندا نەگۆڕێت، وەها کە فیقهی باو دەڵێت.

١٠- لەڕاستیدا دەمەقاڵە لەسەر ئەوە ئایا بەرژەوەندییەکان دەتوانن بە تەنها خۆیان ببنە بەڵگە، دەڵێین ئەگەر چەمکی بەرژەوەندییەکان پەیوەست بوو بە چەمکی مەبەستەکانەوە کە لە دەقە شەرعییەکانەوە هەڵێنجانی بۆ کراوە ئەوا ئیتر ئەو دەمەقاڵەیە بوونی نامێنێت، چونکە لەو کاتەدا ئیتر بەرژەوەندی هاو واتا دەبێت بە مەبەست و جۆرەکانی دابەش دەبن بۆ هەمان دابەشکردنە مەبەستییەکان.

١١- پرەنسیپی بەچاکزانین جۆرێکی ترە لە مەبەستداریی بۆ بیرکردنەوەی فیقهی، بەڵام ئەو مەزهەبانەی کاریان بە پرەنسیپی بەچاکزانین نەکردووە هەوڵیانداوە ئەو مەبەستدارییە بە شێوازی تر دەستەبەر بکەن.

١٢- (داخستنی بەهانە) نابێت تەنها لایەنی نەرێنی بگرێتەوە واتە ڕەچاوکردنی تەنها سەرئەنجامە نەرێنییەکان.

١٣- قەرافی و کەسانی تریش بۆ ڕێسای (داخستنی بەهانەکان) بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە خراپەکان، هاتوون هەوڵیانداوە فراوانکردنێ بە پرەنسیپەکە بدەن تا بە مەبەستی دەستخستنی بەرژەوەندییەکان (کردنەوەی بەهانەکان)یش بگرێتەوە، تا ببێتە شەبەنگێکی ڕێژەیی لە چاکی بەرژەوەندییەکانەوە لە لایەکەوە دەست پێدەکات، لە قێزەونی خراپەکانیشەوە لە لایەکی ترەوە کۆتایی پێبێت.

١٤- شیکردنەوەکەی ئیبن عاشور بۆ کاریگەری داب و نەریتە عەرەبییەکان لەسەر خودی فەرمودە پیرۆزەکان مەبەستی جیهانگەریی لە تەشریعی ئیسلامیدا بەهێز دەکات.

١٥- لەڕاستیدا پرەنسیپی ئیستیصحاب لەم کتێبەدا وەك یەکێك لە پراکتیزەکانی مەبەستەکان خراوەتەڕوو، وەك مەبەستی دادپەروەریی، یان ئاسانکاری، یان ئازادی هەڵسوکەوتکردن.

لە کۆتاییدا دەڵێین: تێڕوانینی مەبەستداریی بەمشێوەیە کە باسکرا ئیجتیهادی فیقهی دەگوێزێتەوە بۆ ئاسۆیەکی باڵاتر لە ئاستی فەلسەفی، کەسی موجتەهید بەهۆیەوە لە توانایدایە ناکۆکییە مێژووییەکان لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکان لە نێوان مەزهەبە فیقهییەکاندا تێپەڕێنیٚ، مانای مەبەستەکان بەهەمانشێوە هانی کەلتوری ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە دەدات کە لە ئەمڕۆدا زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستە. لەبەرئەوە، پێویستە دەستەبەرکردنی مەبەستەکان لە واقیعی ژیان و لە دنیای خەڵکیدا ببێتە خولگەیەك بۆ هەموو بەرنامە سەرەکییەکانی ئیجتیهاد. زمانەوانی بن یان ئەقڵیی، بە چاوپۆشین لەوەی هەر هەموویان هەر ناوێکیان لێدەنریٚ و چەندەها مەرج و وردەکاری بەدوایاندا دێت. بۆیە مەرجی ڕاست و دروستی هەر ئیجتیهادێکی ئیسلامی لەسەر هەر ئاستێك بێت پێویستە بەپێی ئاستی دەستەبەرکردنی مەبەستەکانی شەریعەت بێت.

# سەرچاوە عەرەبییەکان


١. إبراهيم ، سعد الدين. محرراً. مصر والإسلام والديمقراطية: أثنا عشر مقالاً، المجلد ١٩، الكتيب ٣، أوراق القاهرة في العلوم الأجتماعية: (مطبعة الجامعة الأمريكية في القاهرة، ١٩٩).

٢. إبن آدم، يحيى، الخراج ) لاهور، باكستان: المكتبة العلمية، ١٩٧٤).

٣. إبن بيه، عبد الله، علاقة مقاصد الشريعة بأصول الفقه، الطبعة الأولى (القاهرة: مؤسسة الفرقان للتراث الإسلامي، مركز دراسات المقاصد، ٢٠٠٦).

٤. —. أمالي اللالات ومجالي الأختلافات، الطبعة الأولى، (جدة: دار المنهاج، ٢٠٠٧).

٥. إبن تيمية، أحمد، المسودة، تحقيق م. محى الديتتن عبد الحميد (القاهرة: المدني، بدون تأريخ).

٦. —. دقائق التفسير، تحقيق محمد الجلينيد (دمشق: مكتبة علوم القرآن، ١٤٠٤ه).

٧. —. درء تعارض العقل والنقل (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧).

٨. —. أقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أصحاب الجحيم، تحقيق محمد حامد، الطبعة الثانية (القاهرة: مطبعة السنة، ١٣٦٩هجري).

٩. —. كتب ورسائل وفتاوى، تحقيق عبد الرحمن النجدي، الطبعة الثانية (الرياض: مكتبة إبن تيمية، بدون تأريخ).

١٠. —. نقد مراتب الإجماع، الطبعة الأولى (بيروت: دار الفكر، ١٩٩٨).

١١. إبن الجرزي، النشر في قراءات العشر (القاهرة: مكتبة القاهرة، بدون تأريخ.

١٢. إبن حجر العسقلاني. فتح الباري شرح صحيح البخاري، بدون تأريخ.

١٣. —. تقريب التهذيب، تحقيق محمد عوامة (دمشق: دار الرشيد، ١٩٨٦).

١٤. إبن حزم، علي. الإحكام في أصول الأحكام، الطبعة الأولى (القاهرة: دار الحديث، ١٩٨٣).

١٥. –. المحلى، تحقيق لجنة إحياء التراث العربي، الطبعة الأولى (بيروت: دار الآفاق، بدون تأريخ).
١٦. –. تقريبي المنطق، تحقيق إحسان عباس، الطبعة الأوللا (بيروت: بدون تأريخ).
١٧. إبن خلدون، عبد الرحمن. مقدمة إبن خلدون، الطبعة الخامسة (دار القلم، ١٩٨٤).
١٨. إبن خلكان، أحمد. وفيات الأعيان و أنباء الزمان، تحقيق إحسان عباس (بيروت: دارا لثقافة، بدون تأريخ).
١٩. إبن رشد، الوليد. بداية المجتهد ونهاية المقتصد (بيروت: دار الفكر، بدون تأريخ).
٢٠. –. فصل المقال في تقرير ما بين الشريعة والحكمة من أتصال، ضمن فلسفة وثيولوجيا إبن رشد، ترجمة محمد جميل الرحمن (أ. ج. ويدجري، ١٩٢) (جرى أقتباسه في الثامن من كانون الثاني/يناير، ٢٠٠٥)، منوفر في موقع http;LLwww. Muslimphilosophy. Com.
٢١. –. مختصر منطق أرسطو، تحقيق جيرار جهامي (بيروت: دار الفكر اللبناني، ١٩٩٢).
٢٢. –. تهافت التهافت، تحقيق سليمان دنيا، الطبعة الأولى (القاهرة: دار المعارف، ١٩٦٤).
٢٣. إبن سينا، أبو علي. ملاحظات وتنبيهات، ترجمة شمس إناتي، المجلد الأول (تورنتو: معهد بونتيفيكال للدراسات الشرق أوسطية، ١٩٨٤).
٢٤. إبن صلاح، أبو عمرو. المقدمة في علوم الحديث (بيروت: دار الفكر، ١٩٧٧).
٢٥. –. فتاوى إبن الصلاح، ٢٠٠٥.
٢٦. إبن عابدين، محمد أمين. حاشية ردّ المختار (بيروت: دار الفكر، ٢٠٠٠).
٢٧. –. نشر العرف فيما بني من الأحكام على العرف، القاهرة، بدون تأريخ.
٢٨. إبن عاشور، الطاهر. أليس الصبح بقريب؟ (تزنس: الشركة التنوسية لفنون الرسم، ١٩٨٨).
٢٩. –. التحري والتنوير (تونس: دار سحنون، ١٩٧٧).

٣٠. ـــ. مقاصد الشريعة الإسلامية، تحرير الطاهر الميساوي (كوالالامبور: الفجر، ١٩٩٩).

٣١. ـــ. أصول النظام الأجتماعي في الإسلام، تحرير محمد الطاهر الميساوي (عمّان: دار النفائس، ٢٠٠١).

٣٢. ـــ. إبن عاشور. دراسة في مقاصد الشريعة، ترجمة محمد الطاهر الميساوي، المجلد الأول (لندن و واشنطن: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ٢٠٠٦).

٣٣. إبن عبد البرّ، أبو عمر. التمهيد، محمد علوي و محمد البكري (المغرب: وزارة عموم الأوقاف، ١٣٨٧ه).

٣٤. ـــ. قواعد الأحكام في مصالح الأنام، (بيروت: الر النشر، بدون تأريخ).

٣٥. إبن العربي، أبوبكر المالكي. المحصول في أصول الفقه، تحقيق حسن علي اليادري و سعيد فودة، الطبعة الأولى (عمّان: دار البيارق، ١٩٩٩).

٣٦. ـــ. عارضة الأحوذي (القاهرة: دار الوحي المحمدي، بدون تأريخ).

٣٧. إبن فرحون، برهان الدين. تبصرة الحكام في أصول الأقضية و مناهج الأحكام، تحقيق جمال مرعشلي (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٥).

٣٨. إبن قدامة المقدسي، عبد الله. روضة الأنظار و جنة المناظر، تحقيق عبد العزيز عبد الرحمن السعيد، الطبعة الثانية (الرياض: جامعة محمد بن سعود، ١٣٩٩هجري).

٣٩. ـــ. المغني في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني، الطبعة الأولى (بيروت: دار الفكر، بدون تأريخ).

٤٠. إبن القيم، شمس الدين. أحكام أهل الذمة، تحقيق أبو براء وأبو حمدي (الرياض: رمادي، ١٩٩٧).

٤١. ـــ. الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تحقيق م. جميل غازي (القاهرة: المدني، بدون تأريخ).

٤٢. ـــ. إعلام الموقعين، تحقيق طه عبد الرؤوف سعد (بيروت: دار الجيل، ١٩٧٣).

٤٣. إبن كثير، إسماعيل. البداية والنهاية (بدون تأريخ).

٤٤. إبن منظور، محمد. لسان العلاب (بيروت: دارصادر، بدون تأريخ).

٤٥. إبن نجيم، زين الدين. البحر الرائق، الطبعة الثانية (بيروت: دار المعرفة، بدون تأريخ).

٤٦. إبن النديم، محمد أبو الفراج. الفهرست (بيروت: دار المعرفة، ١٩٧٨).

٤٧. أبو داود، سليمان. السنن (دمشق: دار الفكر).

٤٨. أبو زهرة، محمد. أصول الفقه (القاهرة: دار الفكر العربي ١٩٥٨).

٤٩. —. الإمام زيد. (القاهرة: دار الفمر العربي، ١٩٦٥).

٥٠. —. تأريخ المذاهب الإسلامية (القاهرة: دار الفكرالعربي، بدون تأريخ).

٥١. أبو زيد، نصر حامد. الأمام الشافعي وتأسيس الإيديولوجية الوسطية، الطبعة الثالثة (القاهرة: مدبولي، ٢٠٠٣).

٥٢. —. مفهوم النص: دراسة في علوم القرآن (القاهرة، الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٩٠).

٥٣. أبو الفرج، عبد الرحمن. صفة الصفوة، تحرير، محمد فاخوري وقلعجي، الطبعة الثانية (بيروت: دار المعرفة، ١٩٧٩).

٥٤. أبو يوسف، يعقوب. الخراج (القاهرة: المطبعة الأميرية، ١٣٠٣هجري).

٥٥. الأسنوي، جمال الدين. نهاية السّول شرح منهاج الأصول، تحرير عبد القادر محمد علي (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٩).

٥٦. أشرف الكناني، أبو قدامة. الأدلة الأستئناسية عند الأصوليين، الطبعة الأولى (عمّان: دار النفائس، ٢٠٠٥).

٥٧. الأشقر، عمر سليمان. تأريخ الفقه الإسلامي، الطبعة الأولى (الكويت: مكتبة الفلاح، ١٩٨٢) ص. ١١٩.

٥٨. الأصبهاني، أبو نعيم. حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، الطبعة الرابعة (بيروت: دار النشر العربي، ١٩٨٥).

٥٩. الألباني/ محمد ناصر الدين. وجوب الأخذ بحديث الآحاد في العقيدة والرّد عللى شبه المخالفين (بنها والكويت: دار العلم ودار السلفية، بدون تأريخ).

٦٠. الآلوسي، شهاب الدين. روح المعاني في تفسير القرآن العظيم (بيروت: دار إحياء التراث العربي، بدون تأريخ).

٦١. إمام، محمد كمال. الدليل الإرشادي إلى مقاصد الشريعة (لندن: نركز دراسات مقاصد الشريعة، ٢٠٠٧).

٦٢. الآمدي، علي أبو الحسن. الإحكام في أصول الأحكام (بيروت: دار الكتاب العربي، ١٤٠٤هجري).

٦٣. الأنصاري. إبن نظام الدين. فواتح الرحموت شرح مسلم الثبوت، تحقيق عبد الله محمود م. عمر، الطبعة الأولى (بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٢).

٦٤. إنور، حافظ. ولاية المرأة في الفقه الإسلامي (أطروحة ماجستير، جامعة الإمام محمد بن سعود، نشر دار بلنسية، ١٩٩٩).

٦٥. البخاري، علاء الدين. كشف الأسرار عن أصول فخر الإسلام البرذوي، تحرير عبد الله محمود م. عمر (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧).

٦٦. البخاري، محمد. التأريخ الكبير، تحقيق محمد هاشمي الندوي (دار الفكر، بدون تأريخ).

٦٧. بدران، بدران. أدلة الترجيح المتعارضة ووجوب الترجيح بينها (الأسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة، ١٩٧٤).

٦٨. البرذوي، علي بن محمد . أصول البرذوي–كنز الوصول إلى معرفة الأصول (كراتشي: مطبعة جاويد، بدون تأريخ).

٦٩. البشري، طارق. ماهية المعاصرة (القاهرة: دار الشروق، ١٩٩٦).

٧٠. البصري، محمد الطيب. المعتمد في أصول الفقه، تحقيق خليل الميس، الطبعة الأولى (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣م/ ١٤٠٣هجري).

٧١. البطليةسي، عبد الله بن محمد. الإنصاف في التنبيه على المعاني والأسباب التي أوجبت الأختلاف، تحقيق محمد رضوان الداية، الطبعة الثانية (بيروت: دار الفكر، ١٤٠٣هجري).

٧٢. البغدادي، أبوبكر. الفقيه والمتفقه، تحقيق عادا بن يوسف الغرازي (المملكة العربية السعودية: دار إبن الجوزي، ١٤٢١هجري).

٧٣. بلاكبيرن، سايمون. قاموس أكسفورد للفلسفة (أكسفور: مطبعة جامعة أكسفورد، ١٩٩٦).

٧٤. بلتاجي، محمد. (منهج عمر بن الخطاب في التشريع، الطبعة الأولى (القاهرة: دار السلام، ٢٠٠٢).

٧٥.البنّا، جمال. تجديد الفقه الإسلامي، حوارات لقرن جديد (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠٠).

٧٦. البوطي، محمد سعيد رمضان. ضوابط المصلحة في الشريعة الإسلامية، الطبعة السادسة (دمشق: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠١).

٧٧. بيضاوي. تفسير البيضاوي (بيروت: دار الفكر، بدون تأريخ).

٧٨. البيهقي، أبوبكر. السنن (المدين: الدار، ١٩٨٩).

٧٩. الترابي، حسن. التفسير التوحيدي، الطبعة الأولى، المجلد الأول (لندن: دار الساقي، ٢٠٠٤).

٨٠. —. قضايا التجديد: نحو منهج أصولي (بيروت: دار الهادي، ٢٠٠٠).

٨١. الترمذي، محمد بن عيسى. ح سنن الترمذي، تحقيق أحمد م. شاكر (بيروت: دار إحياء التراث العربي، بدون تأريخ).

٨٢. التفتازانى الشافعي، سعد الدين. شرح التلويح على التوضيح لمتن التنقيح في أصول الفقه، تحقيق زكريّا عميرات (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٦).

٨٣. جابر، حسن حامد. المقاصد الكلية والإجتهاد المعاصر—تأسيس منهجي وقرآني للآليات و الأستنباط، الطبعة الأولى (بيروت: دار الحوار، ٢٠٠١).

٨٤. —. "(المقاصد في مدرسة الشيعة) ضمن كتاب العوا، محمد سليم، محرراً. مقاصد الشريعة الإسلامية: دراسات في قضايا المنهج وقضايا التطبيق، الطبعة الأولى (القاهرة: مؤسسة الفرقان، مركز المقاصد، ٢٠٠٦)، ص. ٣٢٥. وأيضاً: محاور شفهية حول هذه القضية في الإسكندرية، مصر، آب/آغسطس، ٢٠٠٦).

٨٥. جارودي. روجية. الإسلام والقرن الواحد والعشرون: شروط نهضة المسلمين، ترجمة كمال جاد الله (القاهرة: الدار العالمية للكتب والنشر، ١٩٩٩).

٨٦. الجرزي، المبارك. النهاية في غريب الحديث والأثر (بيروت: المكتبة العلمية، ١٩٧٩).

٨٧. الجصّاص، أبوبكر. أحكام القرآن، تحقيق محمد السادك قمحاوي (بيروت: دار إحياء التراث، ١٩٨٤).

٨٨. جغيم، نعمان. طرق الكشف عن مقاصد الشريعة (الجامعة الإسلامية العالمية، ماليزيا، نشر دار النفائس، ٢٠٠٢).

٨٩. جمعة، علي. المصطلح الأصولي ومشكلة المفاهيم (القاهرة: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ١٩٩٦).

٩٠. —. علم أصول الفقه وعلاقته بالفلسفة الإسلامية (القاهرة: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ١٩٩٦).

٩١. الجويني، عبد الملك. البرهان في أصول الفقه، تحقيق عبد العظيم الديب، الطبعة الرابعة (المنصورة: الوفاء، ١٤١٨هجري/ ١٩٩٨م).

٩٢. —. عبد الملك. البرهان في أصول القرآن، الطبعة الرابعة (المنصورة، مصر: الوفاء، ١٩٩٧).

٩٣. —. غياث الأمم في التياث الظُّلَم، تحقيق عبد العظيم الديب (قطر: وزارة الشؤون الدينية، ١٤٠٠هجري).

٩٤. الحاج، إبن أمير. التقرير والتحبير في علم أصول الفقه (بيروت: دار الفكر، ١٩٩٦).

٩٥. حدّاد، إيفون. (البديل الإسلامي) ذا لينك ١٥، عدد ٤ (١٩٨٢).

٩٦.حسّان، حسين حامد. نظرية المصلحة في الفقه الإسلامي (القاهرة: مكتبة المتنبي، ١٩٨١).

٩٧. الحسيني، أبوبكر. كفاية الأخيار في حال غاية الأختصار، تحقيق أ.أ. بلتاجي و م. وهبي سليمان، الطبعة الأولى (دمشق: دار الخير، ١٩٩٤).

٩٨. حسب الله، علي. أصول التشريع الإسلامي (القاهرة: دار المعارف، بدون تأريخ).

٩٩. الحصكفي. الدرّ المختار (بيروت: دار الفكر، ١٣٨٦هجري).

١٠٠. حنفي، حسن. التراث والتجديد (بيروت: دار التنوير، ١٩٨٠).

١٠١. —. (مقاصد الشريعة وأهداف الأمة) المسلم المعاصر، عدد ١٠٣ (٢٠٠٢).

١٠٢. الخشوعي، الخشوعي. غاية الإيضاح في علوم الإصطلاح (القاهرة: جامعة الأزهر، ١٩٩٢).

١٠٣. الخضري، محمد. أصول الفقه (بيروت: المكتبة العصرية، ٢٠٠٢).

١٠٤. الخفيف، علي. (السنة التشريعية) ضمن كتاب السنة التشريعية وغير التشريعية، محمد عمارة (القاهرة: نهضة مصر، ٢٠٠١).

١٠٥. خلف الله، محمد. (السلطة التشريعية) ضمن كتاب الإسلام الليبرالي: كتاب مرجعي، تحرير تشارلز كيرزمان (أكسفورد: مطبةعة جامعة أكسفورد، ١٩٩٨).

١٠٦. خياط، أسامة. (مختلف الحديث) أطروحة ماجستير، أم القرى، نشر دار الفضيلة، ٢٠٠١).

١٠٧. الدمشقي، حمد. الكاشف في معرفة من له رواية في الكتب الستة، تحقيق محمد عوامة، الطبعة الأولى (جدة: دار القبلة للثقافة الإسلامية، ١٩٩٢).

١٠٨. الديب، عبد العظيم. (إمام الحرمين) ضمن كتاب غياث الأمم في التياث الظلم (الدوحة: الشؤون الدينية، ١٤٠٠هجري).

١٠٩. الذهبي، محمد. سير أعلام النبلاء، تحقيق شعيب الأرناؤوط و محمد نعيم العرقسوسي، الطبعة التاسعة (بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٩٣).

١١٠. الرازي، محمد بن عمر. المحصول، تحقيق طه جابر العلواني (الرياض: مطبعة جامعة الإمام محمد بن سعود، ١٤٠٠هجري).

١١١. —. التفسير الكبير (بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٠).

١١٢. ربيع، عبد الله. القطعية والظنية في أصول الفقه الإسلامي، (القاهرة: دار النهار، بدون تأريخ).

١١٣. رضا، محمد رشيد. الوحي المحمدي: ثبوت النبوة بالقرآن (القاهرة: مؤسسة عز الدين، بدون تأريخ).

١١٤. –. (مجمل الأحوال السياسية) العروة الوثقى، ٢٩ شباط/ فبراير، ١٨٩٨.

١١٥. الريسوني، أحمد. نظرية المقاصد عند الإمام الشاطبي، الطبعة الأولى (هيرندن، فيرجينيا، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ١٩٩٢).

١١٦. –. محمد الزحيلي ومحمد شابير. (حقوق الأنسان محور مقاصد الشريعة، كتاب الأمة، رقم ٨٧ (٢٠٠٢).

١١٧. الزبيدي، محمد. تاج العروس في جواهر القاموس (بيروت: دار النشر، بدون تأريخ).

١١٨. الزحيلي، وهبة. تجديد الفقه الإسلامي، حوارات لقرن جديد (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠٠).

١١٩. الزرعي، محمد بن أبي بكر. تحفة المودود بأحكام المولود، تحقيق عبد القادر الأرناؤوط، الطبعة الأولى (دمشق: دار البيان، ١٩٧١).

١٢٠. الزرقا، أحمد. شرح القواعد الفهة، تحقيق مصطفى أحمد الزرقا، الطبعة الثانية (دمشق: دار القلم، ١٩٨٩).

١٢١. الزرقاني، محمد. شرح الزرقاني على موطأ الإمام مالك، الطبعة الأولى (بيروت: دار الكتب العلمية، بدون تأريخ).

١٢٢. ، تحقيق سعيد الأفغاني، الزركشي بدر الدين. الإجابة لإيراد ما أستدركته عائشة على الصحابة، الطبعة الثانية، (بيروت: المكتب الإسلامي، ١٩٧٠).

١٢٣. –. البحر المحيط في أصول الفقه، تحقيق م. م. تامر. الطبعة الأولى (بيروت: ٢٠٠٠).

١٢٤. –. شرح الزركشي على مختصر الخرقي، تحقيق عبد المنعم خليل إسماعيل، الطبع

ة الأولى (بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٢).

١٢٥. زريق، برهان. الصحيفة: ميثاق الرسول، الطبعة الأولى (دمشق: دار نمير ودار معاد ، ١٩٩٦).

١٢٦. الزعبي، أنور. ظاهرية إبن حزم الأندلسي: نظرية المعرفة ومناهج البحث (عمّان: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ١٩٩٦).

١٢٧. الزنجاني، محمود أبو المناقب. تأريخ الفروع، تحقيق محمد أديب صالح، الطبعة الثانية (بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٣٩٨هجري).

١٢٨. زيدان، عبد الكريم. الوجيز في أصول الفقه، الطبعة السابعة (بيروت: الرسالة، ١٩٩٨).

١٢٩. سابق، السيد. فقه السنة (القاهرة: دار الفتح للعالم العربي، ١٩٩٤).

١٣٠. سانو، قطب. قراءات معرفية في الفكر الأصولي، الطبعة الأولى (كالالامبور: دار التجديد، ٢٠٠٥).

١٣١. السبكي، علي. الإبهاج في شرح المنهاج (بيروت: دار النشر، ١٩٨٣).

١٣٢. —. فتاوى (لبنان: دار المعرفة، بدون تأريخ).

١٣٣. سرحان، هيثم. أستراتيجية التأويل الدلالي عند المعتزلة (اللاذقية، سورية: دار الحوار، ٢٠٠٣).

١٣٤. السرخسي، محمد بن أحمد. أصول السرخسي (بيروت: دار المعرفة، بدون تأريخ).

١٣٥. سلطان، صلاح الدين. (حجية الأدلة المختلف عليها في الشريعة الإسلامية) أطروحة دكتوراه، دار العلوم، جامعة القاهرة، ١٩٩٢).

١٣٦. السمعاني، أبو مظفر. قواطع الأدلة في الأصول، تحقيق إسماعيل الشافعي (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧).

١٣٧. السوسره، عبد المجيد. منهج التوفيق والترجيح بين مختلف الحديث وأثره في الفقه الإسلامي، الطبعة الأولى (عمّان: دار النفائس، ١٩٩٧).

١٣٨. السيواسي، كمال الدين. شرح فتح القدير، الطبعة الثانية (بيروت: دار الفكر، بدون تأريخ).

١٣٩. السيوطي، جلال الدين، الأشباه والنظائر (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٤٠٣هجري).

١٤٠. —. الدرّ المنثور (بيروت: دار الفكر، ١٩٩٣).

١٤١. —. تدريب الراوي في شرح تقريب النووي، تحقيق عبد الوهّاب عبد الطيف (الرياض: مكتبة الرياض الحديثةو، بدون تأريخ).

١٤٢. الشاشي، أبو محمد القفال. أصول الشاشي (بيروت: دار الكتاب العربي، ١٤٠٢هجري).

١٤٣. —. (محاسن الشرائع) ضمن مخطوطات الفقه الشافعي، مخطوطة رقم ٢٦٣ (القاهرة: دار الكتب: ٣٥٨ هجري/ ٩٦٩م).

١٤٤. الشاطبي، أبو إسحاق. الأعتصام (مصر: المكتبة التجارية الكبرى، بدون تأريخ).

١٤٥. —. الموافقات في أصول الشريعة، تحقيق عبد الله دراز (بيروت: دار المعرفة، بدون تأريخ).

١٤٦. الشافعي، حسن. الآمدي وآراؤه الكلامية، الطبعة الأولى (القاهرة: دار السلام، ١٩٩٨).

١٤٧. الشافعي، محمد بن إدريس. الأم، الطبعة الثانية (بيروت: دار المعرفة، ١٣٩٣هجري).

١٤٨. —. الرسالة، تحقيق أحمد شاكر (القاهرة: المدني، ١٩٣٩).

١٤٩. شحرور، محمد. نحو أصول جديدة للفكر الإسلامي، دراسات إسلامية معاصرة (دمشق: مطبعة الأهالي، ٢٠٠٠).

١٥٠. الشريف، محمد شاكر. حقيقة الديمقراطية (الرياض: دار الوطن، ١٩٩٢).

١٥١. شمس الدين، السيد مهدي. الإجتهاد والتجديد في الفقه الإسلامي، (بيروت: المؤسسة الدولية، ١٩٩٩).

١٥٢. —. (مقاصد الشريعة) ضمن كتاب مقاصد الشريعة، تحرير عبد الجبار الرفاعي (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠١).

١٥٣. الشوكاني، محمد بن علي. إرشاد الفحول إلى تحقيق علم الأصول، تحقيق محمد سعيد البدري، الطبعة الأولى (بيروت: دار النشر، ١٩٩٤).

١٥٤. الشيباني، علي. الكامل في التأريخ، الطبعة الثانية (بيروت: دار النشر، ١٩٩٤).

١٥٥. شيخي–زادة، عبد الرحمن. مجمع الأنهار (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٨).

١٥٦. الشيرازي، أبو إسحاق. اللمع في أصول الفقه (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٥).

١٥٧. الشيخ، عبد الرحمن. فتح المجيد شرح كتاب التوحيد (القاهرة: مؤسسة قرطبة، بدون تأريخ).

١٥٨. صافي، لؤي. إعمال العقل (بيتسبيرغ: دار الفكر، ١٩٩٨).

١٥٩. صالح، حسن بشير. علاقة المنطق باللغة عند فلاسفة المسلمين (الإسكندرية: الوفاء، ٢٠٠٣).

١٦٠. صالح، محمد عثمان. (الإسلام هو نظام صالح لحماية وتعزيز حقوق الإنسان) (ورقة قدمت في المؤتمر الدولي للإسلام وحقوق الإنسان، الخرطوم، ٢٠٠٦).

١٦١. الصدر، آية الله محمد باقر. الأصول المنطقية للأستقراء، الطبعة الرابعة (بيروت: دار التعرف، ١٩٨٢).

١٦٢. —. دروس في علم الأصول، الطبعة الثانية (بيروت: دار الكتاب اللبناني، ١٩٨٦).

١٦٣. —. (السنن التأريخية في القرآن) ضمن كتاب الإمام الصدر: الأعمال الكاملة (بيروت: دار التعرف، ١٩٩٠).

١٦٤. الصغير، عبد المجيد. الفكر الأصولي وإشكالية السلطة العلمية في الإسلام، الطبعة الأولى، دراسات الإسلامية (بيروت: دار المنتخب العربي، ١٩٩٤).

١٦٥. الصنعاني، محمد بن إسماعيل. سبل السلام شرح بلوغ المرام من أدلة الأحكام، تحقسيق محمد عبد العزيز الخولي (بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٣٧٩ هجري).

١٦٦. —. إرشاد النقاد إلى تيسير الإجتهاد، تحرير صلاح الدين مقبول أحمد، الطبعةالأولى (الكويت: الدار السلفية، ١٤٠٥ هجري).

١٦٧. الطبرسي، الفضل بن الحسين. مجمع البيان في تفسير القرآن (بيروت: دار العلوم، ٢٠٠٥).

١٦٨. الطبري، محمد بن جرير. جامع البيان عن تأويل آىي القرآن (بيروت: دار الفكر، ١٩٨٥).

١٦٩. العغان، أحمد إدريس. المقاصد والمناورة العلمية، منتدى التوحيد، ٢٠٠٥ (جرى أقتباسه في ١٠ مارس، ٢٠٠٧) متوفر في موقع http;//www. Eltwhed. Com/ Php?t=2456. vb/showthread.

١٧٠. الطوفي، نجم الدين. الطاعن في شرح الأربعين (بيروت: الريان، ١٤١٩ هجري).

١٧١. الطيب، أحمد. (نظرية المقاصد عند الشاطبي ومدى أرتباطها بأصول الكلامية) المسلم المعاصر، رقم ١٠٣ (٢٠٠٢).

١٧٢. العامري، أبو الحسن الفيلسوف. الإعلام بمناقب الإسلام، أحمد غراب (القاهرة: دار الكتاب العربي، ١٩٦٧).

١٧٣. عبد الجبار، أبو الحسن القاضي. المغني في أبواب التوحيد والعدل، تحقيق طه حسين وإبراهيم مدكور. (القاهرة: وزارة الثقافة بمصر، ١٩٦٥).

١٧٤. —. فضل الأعتزال وطبقات المعتزلة. تحقيق فؤاد سيد. (تونس: الدار التونسية للنشر، ١٩٧٤).

١٧٥. عبد الفتاح، سيف. (حول صورة العالم عند الإمام محمد عبده) ورقة قدمت أثناء الذكرى المئوية للشيخ محمد عبده (مكتبة الإسكندرية، مصر، كانون الأول/يناير، ٢٠٠٥).

١٧٦. عبده، محمد. رسالة التوحيد، تحرير محمد رشيد رضا. الطبعة الخامسة عشر (القاهرة: دار المنار، ١٩٥٣).

١٧٧. —. الأعمال الكاملة، تحرير محمد عمارة (القاهرة: دار الشروق، ١٩٩٣).

١٧٨. العجم، رفيق. المنطق عند الغزالي في أبعاده الأرسطية وخصوصيته الإسلامية (بيروت: دار المشرق، ١٩٨٩).

١٧٩. العراقي، عاطف. النزعة العقلية في فلسفة إبن رشد، الطبعة الخامسة (القاهرة: دار المعارف، ١٩٩٣).

١٨٠. العزّ بن عبد السلام. قواعد الأحكام في مصالح الأنام (بيروت: دار النشر، بدون تأريخ).

١٨١. —. مقاصد الصوم، تحقيق إياد الطباع، ط٢ (بيروت: دار الفكر، ١٩٩٥).

١٨٢. —. مقاصد الصلاة، تحرير إياد الطباع، ط٣ (بيروت: دار الفكر، ٢٠٠٠).

١٨٣. عزّت، هبة رؤوف. (المرأة والدين والأخلاق) ضمن كتاب حوارات لقرن جديد (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠٠).

١٨٤. عطية، جمال. نحو تفعيل مقاصد الشريعة (عمّان: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ٢٠٠١).

١٨٥. —. تجديد الفقه الإسلامي (بيروت: دار الفكر، ٢٠٠٠).

١٨٦. العلواني، طه جابر. (مدخل إلى فقه الأولويات). ورقة قدمت في المجلس الأوروبي للفتوى والبحوث، ECFR، دبلن، كانون الثاني/يناير، ٢٠٠٤.

١٨٧. —. (مقاصد الشريعة) تحرير عبد الجبار الرفاعي. الطبعة الأولى (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠١).

١٨٨. —.مقاصد الشريعة، الطبعة الأولى (بيروت: المعهد العالمي للفكر الإسلامي ودار الهادي، ٢٠٠١).

١٨٩. علي، محمود محمد. العلاقة بين المنطق والفقه عند مفكري الإسلام (القاهرة: عين للدراسات الإنسانية والإجتماعية، ٢٠٠٠).

١٩٠. عمارة، محمد. تجديد الفكر الإسلامي (القاهرة: كتاب دار الهلال، ١٩٨١)

١٩١. —. (السنة التشريعية) ضمن كتاب السنة التشريعية وغير التشريعية، تحرير محمد عمّارة (القاهرة: نهضة مصر، ٢٠٠١).

١٩٢. العيني، بدر الدين. عمدة القاريء شرح صحيح البخاري (بيروت: دار إحياء التراث العربي، بدون تأريخ).

١٩٣. —. قضايا في الفكر الإسلامي المعاصر (لندن–واشنطن: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ٢٠٠٥).

١٩٤. العوّا، سلوى محمد سليم. الوجوه والنظائر في القرآن الكريم، الطبعة الأولى (القاهرة: دار الشروق، ١٩٩٨).

١٩٥.—. العوّا، محمد سليم. العلاقة بين السنة والشيعة، الطبعة الأولى (القاهرة: مطبعة السفير الدولية، ٢٠٠٦).

١٩٦.—. الفقه الإسلامي في طريق التجديد (القاهرة: المكتب الإسلامي، ١٩٩٨).

١٩٧. —. في النظام السياسي للدولة الإسلامية (القاهرة: دار الشروق، ١٩٩٨).

١٩٨. —. محرراً. مقاصد الشريعة الإسلامية: دراسات في قضايا المنهج وقضايا التطبيق (القاهرة: مؤسسة الفرقان للتراث الإسلامي، مركز دراسات المقاصد، ٢٠٠٦).

١٩٩. عودة، جاسر. فقه المقاصد: إناطة الأحكام الشرعية بمقاصدها (فيرجينيا: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ٢٠٠٦).

٢٠٠. —. (دوران الأحكام والشريعة مع مقاصدها وجوداً وعدماً: دراسة أصولية نقدية تطبيقية) (أطروحة ماجستير في أصول الفقه، الجامعة الأمريكية الإسلامية، ٢٠٠٤).

٢٠١. —. (من حفظ الضرورات) إلى (تنمية الأمة): أثر رؤية العالم على تصور المقاصد الشرعية. مؤتمر: مقاصد الشريعة الإسلامية ووسائل تحصيلها في المجتمعات الإسلامية. الجامعة الإسلامية العالمية في ماليزيا، ماليزيا.

٢٠٢. —. (مقاصد الأحكام الإسلامية وعللها). ضمن كتاب دراسات في فلسفة الفقه الإسلامي: النظرية والتطبيقات، مركز دراسات مقاصد الشريعة الإسلامية، لندن: المملكة المتحدة.

٢٠٣. —. (تجدية التفكير الإسلامي حول ضرورة مواجهة التحديات الإسلامية العالمية). صحيفة المدينة صحيفة يومية (المدين المنورة: المملكة العربية السعودية العام٧٢، رقم ١٥٦٥٧).

٢٠٤. —. (إناطة الأحكام الشرعية بمقاصدها)). مجلة التجديد، (الجامعة الإسلامية العالمية في ماليزيا، عدد١٩/١، ماليزيا).

٢٠٥. —. (حول صورة العالم عند محمد عبده كما رآها د. سيف الدين عبد الفتاح)، ورقة قدمت في مئوية الشيخ محمد عبده (مكتبة الإسكندرية، الإسكندرية، مصر، كانون الأول/ديسمبر، ٢٠٠٥).

٢٠٦. —. (المقاصد والعلل فب الأحكام الإسلامية). ندوة مؤسسة الفرقان للتراث الإسلامي حول مقاصد الشريعة الإسلامية، لندن، المملكة المتحدة، مارس، ٢٠٠٥).

٢٠٧. الغزالي، أبو حامد. المنخول في تعليقات الأصول، تحقيق محمد حسن هيتو، الطبعة الثانية (دمشق: دار الفكر، ١٤٠٠ هجر).

٢٠٨. —. المستصفى في علم الأصول، تحقيق محمد عبد السلام عبد الشافي، الطبعة الأولى (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٤١٣ هجري).

٢٠٩. —. القسطاس المستقيم (بيروت: كاتوليك بابليشنج هاوس، ١٩٥٩).

٢١٠. —. محك النظر (القاهرة: المطبعة الأدبية، بدون تأريخ).

٢١١. —. مقاصد الفلاسفة (القاهرة: دار المعارف، ١٩٦١).

٢١٢. —. تهافت الفلاسفة، ترجمة م. س. كمالي (مجلس باكستان للفلسفة، ١٩٦٣ جرى إقتباسه في الثامن عشر من كانون الثاني/يناير، ٢٠٠٥، متوفر في موقع http;//www.Muslimphilosophy. Com.

٢١٣. الغزالي، محمد. نظرات في القرآن (القاهرة: نهضة مصر، ٢٠٠٢).

٢١٤. —. السنة النبوية بين أهل الفقه وأهل الحديث، الطبعة الحادية عشر (القاهرة : دار الشروق ١٩٩٦).

٢١٥. فرحان، عدنان. حركة التجديد عند الشيعة الإمامية، الطبعة الأولى (بيروت: دار الهادي، ٢٠٠٤).

٢١٦. فضل الله، محمد حسين. (مقاصد الشريعة) ضمن كتاب مقاصد الشريعة، تحرير عبد الجبار الرفاعي (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠١).

٢١٧. الفضلي، عبد الهادي. (مقاصد الشريعة) ضمن كتاب مقاصد الشريعة، تحقيق عبد الجبار الرفاعي (دمشق: دار الفكر، ٢٠٠١).

٢١٨. فطاني، إسماعيل. أختلاف الدارين، الطبعة الثانية (القاهرة: دار السلام، ١٩٩٨).

٢١٩. فلوسي، مسعود بن موسى. مدرسة المتكلمين (الرياض: مكتبة الرشد، ٢٠٠٤).

٢٢٠. الفيروزآبادي، إبراهيم. شرح اللّمع، تحقيق عبد المجيد تركي (بيروت: دار الغرب الإسلامي، ١٩٨٨).

٢٢١. القرافي، شهاب الدين. الذخيرة (بيروت: دار العرب، ١٩٩٤).

٢٢٢. —. الفروق (مع حواشيه)، تحقيق خليل منصور (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٨).

٢٢٣. القرضاوي، يوسف. الإجتهاد المعاصر بين الإنضباط و الإنفراط (القاهرة: دار التوزيع، ١٩٩٤).

٢٢٤. —. في فقه الأقليات المسلمة، الطبعة الأولى (القاهرة: وهبة، ٢٠٠١).

٢٢٥. —. فقه الزكاة (أطروحة دكتوراه، جامعة الأزهر، مصر، نشر الرسالة، الطبعة الخامسة عشرة، ١٩٨٥).

٢٢٦. —. كيف نتعامل مع القرآن العظيم؟ الطبعة الأولى (القاهرة: دار الشروق، ١٩٩٩).

٢٢٧. —. مدخل لدراسات الشريعة الإسلامية (القاهرة: وهبة، ١٩٩٧).

٢٢٨. القطان، منّاع. مباحث في علوم القرآن، الطبعة الحادية عشر (القاهرة: وهبة، ٢٠٠٠).

٢٢٩. القُمّي، إبن بابويه الصدوق. علل الشريعة، تحقيق محمد صادق بحر العلوم (النجف: دار البلاغة، ١٩٦٦).

٢٣٠. الكاساني، علاء الدين. بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، الطبعة الثانية (بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٢).

٢٣١. الكليني، محمد. أصول الكافي، تحرير علي أكبر الغفاري (طهران: دار المنشورات الإسلامية، بدون تأريخ).

٢٣٢. اللكنوي، محمد عبد الحيّ. الأجوبة الفاضلة للأسئلة العشرة الكاملة، تحقيق عبد الفتاح أبو غدة (حلب: مكتبة المطبوعات الإسلامية، ١٣٨٤ هجري).

٢٣٣. مالك. موطأ الإمام مالك، تحقيق فؤاد عبد الباقي (القاهرة: دار إحياء التراث العربي، بدون تأريخ).

٢٣٤. الماوردي، علي. الأحكام السلطانية (القاهرة: المكتبة التوفيقية، بدون تأريخ).

٢٣٥. المجلة، جمعية. مجلة الأحكام العدلية، تحقيق نجيب هواويني (كارخانه تجاة كتب، بدون تأريخ).

٢٣٦. المجلس الأوروبي للفتوى والبحوث. ا لأستعراض العلمي للمجلس الأوروبي للفتوى والعلوم، تحرير: عبد المجيد النجار، المجلدات ١-١١، دبلن، منذ حزيران/ يونيه ٢٠٠٢).

٢٣٧. المرداوي، علاء الدين. التحبير شرح التحرير في أصول الفقه، تحقيق عبد الرحمن جبرين وأحمد السرّة، الطبعة الأولى (الرياض: مكتبة الرشد، ٢٠٠٠).

٢٣٨. المرزوقي، أبو يعرب. (إصلاح العقل في الفلسفة العربية) (أطروحة دكتوراه، نشر مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٤).

٢٣٩. المرغياني، علي. الهداية شرح بداية المبتديء (المكتبة الإسلامية، بدون تلأريخ).

٢٤٠. مرنيسي، فاطمة. ما وراء الحجاب، الطبعة الأولى (دمشق: دار حوران، ١٩٩٧).

٢٤١. مسلم، أبو الحسن. صحيح مسلم، تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي (بيروت: دار إحياء التراث العربي، بدون تأريخ).

٢٤٢. مصطفى، وديع. (إبن حزم وموقفه من الفلسفة والمنطق والأخلاق) أطروحة ماجستير، جامعة الإسكندرية، نشر المجمع الثقافي، ٢٠٠٠).

٢٤٣. مصلح الدين، محمد. فلسفة التشريع الإسلامي والمستشرقون، الطبعة الأولى (دلهي: مركز مكتبي إسلامي، ١٩٨٥).

٢٤٤. مصلح. مشروع تجديد Revivalism إسلامي، (ليدن، جامعة ليدن، ٢٠٠٦).

٢٤٥. مفتي، محمد علي. نقد الجذور الفكرية للديمقراطية الغربية (الرياض: المنتدى الإسلامي ومجلة البيان، ٢٠٠٣).

٢٤٦. المودودي، أبو الأعلى. الحجاب، (جدة: الدار الصعودية للنشر والتوزيع، ١٩٨٦).

٢٤٧. النيساوي، م. الطاهر. (الشيخ إبن عاشور ومشروع لم يكتمل) ضمن كتاب مقاصد الشريعة الإسلامية (كوالا لامبور: الفجر، ١٩٩٩).

٢٤٨. ميمني، وجنات عبد الرحيم. قاعدة الذرائع، الطبعة الأولى (جدة: دار المجتمع، ٢٠٠٠).

٢٤٩. النجّار، عبد المجيد. خلافة الإنسان بين الوحي والعقل (فيرجينيا: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ١٩٩٣).

٢٥٠. نداء محمد. النسخ في القرآن (القاهرة: الدار العربية للكتب، ١٩٩٦).

٢٥١. النّسفي، عبد الله بن أحمد. كشف الأسرار شرح المصنف على المنار، الطبعة الأولى (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٨).

٢٥٢. نصّار، عصمت. الخطاب الفلسفي عند إبن رشد وأثره في كتابات محمد عبده وزكي نجيب محمود (القاهرة: دار الهداية، ٢٠٠٣).

٢٥٣. النمر، عبد المنعم. الإجتهاد (القاهرة: دار الشروق، ١٩٨٦).

٢٥٤. النووي، يحيى أبو زكريا. المجموع (بيروت: دار الفكر، ١٩٩٧).

٢٥٥. النيسابوري، الحكيم. المستدرك على الصحيحين (بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٠).

٢٥٦. هوفمان، مراد. الإسلام عام ألفين، الطبعة الأولى (القاهرة: مكتبة الشروق، ١٩٩٥).

## سەرچاوە بیانییەکان


1. Abd al-Raziq, Ali. Message Not Goverunment, Religion Not State. InLiberul Islam; A Sourcebook, edited by Charles Kurzman, Oxford: Oxford University Press, 1998.

2. Abdul Haqq,Irshad, Islamic Law: An Overview of Its Origin And Elements. *Journalof Islamic Law Culture 27 (Spring/Summer) (2002).*

3. Abu Zaid, Nasr Hamed, Divine Attributes in the Quran . *In Islam and Modernity: Muslim Intelloctuals Respond, editedby John Cooper,* Ronald L. Nettler and Mohamed Mahmoud. London: I.B. Tauris. 1998.

4. Ackoff, r.*Creating* the Corporate Future. New York:John Wiley, 1981.

5. -, Towards a Systems of systems Concepts. Management Science 17, no 11 (1971).

6. Ahmed,Akbar, postmodernism and Islam: Predicament and Promise. 7th ed. London and new York: Routledge, 2004.

7. Ahmed, Leila, Women and Gender in Islam. NewHaven, CT.Yale University press, 1992.

8. al-Azami, Mohammad OnScahacht,s Origins ofMohammadan Jurisprudence. Riyadh: King Saud Univeristy and John Wiley, 1985.

9. al-Alwani, Taha Jabir, Issues in Contemporary Islamic Thought. London-Washington: International Institute of Islamic Thought (IIIT)), 2005.

10. al-Mrzouqi, A. A.M., Human Rights in Islamic Law.ph. D.diss, University of Exeter 1990.

11. al-Najjar, Zaghloul, *wonderful Scientfic Signs in the Quraan.* Lobdon: al-Firdous, 2005.

12. al- Nami. Amr K,., Studies in Ibadhism. www. Islamfact. Com. 2006.

13. al- Turabi, Hassan, *Emancipation of Women: An Islamic Perspective.* 2nd ed. London: Muslim Information Centre. 2000.

14. al- Yahya, N. A. A. Ibn Qudamahs Methodology and His Approach to Certain Aspects of the Islamic Law of Internaitional Relations in the Hanbal,I Juristic Tradition , Ph. D. diss, University of Manchester, 1992.

15. Ali, A. K., Al-shafie,s Contribution to Hadith with an Annotated Ttranslation of His Work Jimeae Al-Ilm. Ph. D. diss, university of Hull, 1998.

16. Ali, S. S. Equal before Allah, Unequal before Man? Negotiating GendeHierarchies in Islsm and International Law. Ph. D. diss, University of Hull, 1998.

17. An-Naim, Abdullahi, Islam and Human Rights. Tikkun 18, no. 1 (2003(: 47.

18. Arifin, M. B. The principles of Umum and Takhsis in Islamic Jurisprudence. Ph. D. diss.. University of Edinburgh. 1988.

19. Aristotle, Ethics. Translated by W.D. Ross. Edited by J. L. Ackrill. London: Faber & Faber, 1973.

20. -. *The works of Aristotle. Vol. I. great Books of the Western World*. London: Encyclopaedia Britannica INC., 1990.

21. Arkoun, Mohamed, Rethinking Islam Today. *In Liberal Islam: A. Sourcebook,* edited by Charles Kurzman. Oxford University Press, 1998.

22. -. Rethinking Islam: Common Qestions, Uncommon Answers. Translated by Robert d. Lee. Edited by Robert d. Lee. Boulder: Westview Press, 1994.986.

24

23. Asad, Talal, The Idea of an Anthropology of Islam, Washington, D. c: Georgetown University Center for Contemporary Arab Studies, 1986.

24. Asmal, A. M. Muslims under NoMuslim Rule: The Fight (Legal) Views pf ibn Nujaim and Al-Wansharisi, Ph. D. diss., University of Manchester, 1998.

25. Auda, Jasser, Cooperative Modular Neural Network Classifiers, University of Waterloo, PHD Thesis, 1996.

26. -. And M. Kamel , A Modoular Neural Network for Vague Classification. Lecturie notes in Computer Science Vol. 2005: Lecture notes in Artificial intelligence (2005).

27. -. Islam. In: Eucyclopedia of the Developing World. New york: Routlege.

28. -. A Framework for Applying Sytstems Theory in Islamic Judicial Reasoning. Journal of The Internaitioal Institute of Advanced

Systems Research (iias)> Special Edn: Systems Theory in Theology, Baden-Baden, German, July, 2004.

29. -. Abrogation of Rulings Methodology: A. Critique, Intellecttual Discourse Journal, Islamic University of Malaysia, Vol. 12, No. 2. Malaysia, 2004.

30. Audi, Robert, The Cambridge Dictionary of Philosopgy. $2^{nd}$ ed. Vol. I. Cambridge: Cambridge University Press, 1999.

31. Baderin, m. a.., Modern Muslim States Between Islamic Law and International Human Rights Law. Ph. D. diss, University Nottingham, 2001.

32. Beany, Michael, Analysis , Stanford Encyclopedia of Philosophy 2003. Available from http://Plato. Stanford . edu/entries/ analysis/.

33. Beer, S., Brain of the Firm. London: Penguin Press, 1972.

34. Bernard, Jeremy, An Introduction to the Principles of Morals and Legislation http://utilitarianism. Com, 1781 CE cited Jan $10^{th}$, 2007.

35. Bernard, Cheryl, civil Democratic Islam, Partners, Resources, and Strategies. Santa Monica: RAND, 2004, 2004.

36. Bertalanffy, L.von, General Systems Theory. Main Currents In Modern Thought. Vol. 71, 1955.

37. Bhutto, Bennazir, Politics and the Muslim Woman. In Liberal Islamic: A. Sourcebppk, edited by Charles Kurzman. Oxford:University Press, 1998.

38. Bin Saleh, Hasan, The Application of Al-Qawaid Al-Fighiyyah of Majallat Al-Ahkam Al-Adliyyh: An Analytical Jurstic Study with Particular Reference to Jordanian Civil Code and United Arab Emirates Law of Civil Transactioins.ph. D. diss., University of Lampeter, 2003.

39. Binder, Leonard, Ideological Revolution in the Middle East, Edited by John Wiley. New York, 1964.

40. Blackburn, Simon, The Oxford Dictionary of Philosophy. Oxford: Oxford University Press, 1996.

41. Bora Laskin Law Library. University of Toronto. International Protection of Human Rights 2004 cited Jan. $15^{th}$, 2005. Available from http://www. LaIib, utoronto, ca/resguide/humrtsgu. Htm.

42. Boulding, K., Ecodynamics. London: Sage Publications, 1978.

43. -. General Systems as a Point of View. “In Views on General Systems Theory, edited by A. Mesarovic. New York: John Wiley, 1964.

44. Bowle, d., General Systems Thinking. New York: North Holland, 1981.

45. Bunt, Gary, *Virtually Islamic: Research and News About Islam in the Digital Age,* 2000 Isat visited Mar. 15th, 2007. http://www. Virtuallyislamic. Com.

46. Carson, Robert and Ewart Flood, *Dealing with Complexity: An Introduction to the Theory and Appliction of systems Science.* Vol. 2. New York and London: Plenum Press, 1993.

47. Checland, Peter, SystemsThinking Practive. New York: wiley, 1999.

48. Choudhry, Masudul Alam, "Syllogistic Deductionism in Islamic Social Choice Theor." *International Journal of Social Economies* 17, no ll (1990): 4-21.

49. Churchman, w., *The Design of Inquiring Systems: Basic oncepts of Systems and Organizations*. New York: Basic Books, 1979.

50. Clarke, L., "The Shiconstruction of Taqlid." Journal of Islamic Studies 12, no. I (2001): 40-46.

51. Cook, N., *stability and Flexibility. An Analysis of Natural Systems*. New York: Pergamon Press, 1980.

52. Corning, Peter A., "Synergy: Another Idea Whose Time Has Come?" *Journal of Social and Evolutionary Systems* 1. No. 21. (1998)>

53. Crone, Patricia, Roman. Provincial and Islamic Law: The Orgins of the Islamic Patronate, Cambrdige Studies in Islamic Civilization. Cambrdige: Cambrdige University Press, 2002.

54. de Chardin, T., The Phenomenon of Man, without date.

55. Demarco, C. W., "Deontic Legal Logic." In The Philosophy of Law: An Encyclopedia, edited by Christopher Gary, 521=24. New York and London: Garland Publishing, 1999.

56. Derrida, Jacques, *Of Grammatology*. Translated by Gatatri Chakravorty Spivak. Baltimore: John Hopkins University Press, 1976.

57. Descartes, Rene, *Rules for the Direction of the Mind the Philosophical Writings of Descartes. Edited by J. Cottingham et al*. 3 vols. Cambrdige: Cambrdige University Press, 1684.

58. Dewitt, Richard, *Worldviews: An Introduction to the History and Philosophy of Science*. Malden, MA: Blackwell, 2004.

59. Dutton, Tassin, *The Origins of Islamic Law: The Quran, the Muwatta and Madinan. Surrey*: Curzon, 1999.

60. Dworkin, Gerald,

## د. جاسر عەودە

*مامۆستای یاریدەدەر لە کۆلیژی لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکان لە دامەزراوەی قەتەر.

* ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان و ئەندامی نوسینگەی ڕاپەڕاندنە.

* بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆڕی فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامی بەراوردکار بە تەشریعاتە خۆرئاواییەکان لە زانکۆی ویلزی بەریتانی وەرگرتووە، دکتۆرای دووەمی لە شیکردنەوەی ڕشتەبەندییەکاندا لە زانکۆی واترلۆ لە کەنەدا بەدەستهێناوە، بڕوانامەی ماجستێری لە بنەماکانی فیقهدا لە زانکۆی ئەمەریکی ئیسلامی بەدەستهێناوە، ئەمانە جگە لە خوێندنە سەرەتاییەکان و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە ئەڵقەکانی زانکۆی ئەزهەردا.

*وەك بەڕێوەبەرێکی دامەزرێنەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوە لە مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە لەندەن کاریکردووە، لە دەیان زانکۆ و پەیمانگاو سەنتەرەکانی توێژینەوە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا وانەی وتووەتەوەو بابەتی پێشکەش کردووە، چەندین بەرهەم و نوسینی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی هەیە.

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

- سالّی ١٩٥٣ز لە گوندی هانەی دن لە ناوچەی هەورامان لەدایکبووە.
- سالّی ١٩٧٣-١٩٧٤ز پەیمانگای مامۆستایانی لە موسڵ تەواوکردووە.
- ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پەروەردەو دەروونناسیدا لە کەرکوك بەدەستهێناوە.
- وەرگێڕان یان لێکۆڵینەوەی بۆ زیاتر لە (٣١) کتێب کردووە، (٢٣) بەرهەمیان چاپکراون.
- لە هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤاردا بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە. چەند توێژینەوەیەکی لە چەند بوارێکدا نوسیوە.
- بەشداری چەند کۆڕ و کۆنگرەیەکی هزری و ئەدەبی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان کردووە.

## پێڕستی هێڵکارییە ( خشتە ) ڕوونکەرەوەکان

– هێڵکــاریی ١-١: ڕێکخســتنی قوچــکەیی بــۆ مەبەســتەکانی شــەریعەتی ئیسلامی.(بەپێی ئاستەکانی زەروەت)

– هێڵکاریی ١-٢: بەپێی (سروشتی پەیپێبردن) ی تەشریعی ئیسلامی، هەموو ئـەو پێکهاتانەی سەرەوە کە بۆ مەبەستەکانی شەریعەت هاتوون ڕاست و دروستن.

شێوەی ١-٣: لاپەڕەی یەکەم لە کۆپی دار الكتب المصرية لە دەستنوسی قـەففالی گەورە: شتە چاکەکانی شەریعەت.

– هێڵکاریی ٢-١: (أ) پێکهاتە قوچکەییە تەریبەکان لای لازلۆ.

– هێڵکاریی ٢-١ (ب) پێکهاتەی قوچکەیی لای سوك بۆ (پۆلێنکردنی سروشتی).

– هێڵکاریی ٢-٢: وێنە ڕەنگنەکراوەکە (سپی و ڕەش) هـەموو وردەکارییـە جـۆراو جۆرەکان دەشێوێنێ کە لە وێنە ڕەنگکراوەکـەدا هـەن، بـەڵام ئـەو (شـێواندنە) کـە بەهۆی قەتیسبوون لەسەر سپی و ڕەش ڕوودەدات هەر کۆمەڵێ زانیـاری گـەورەمان بۆ دەهێڵێتەوە، بۆیە دەتوانرێ لەم هێڵکارییەدا، تەنها بە سەیرکردنی وێنە سـپی و ڕەشـەکە وێنەیـەکی ناڕوونمـان دەسـتبکەوێت، وەك بڵێـی کۆمەڵـە حوجییـەتێکی وروژێنراوبن.

– هێڵکاریی ٣-١ هێڵکارییەك کە پەیوەندی (کلاسیکی باو) لـە نێـوان چـەمکەکانی شـەریعەت و فیقـه و عـورف و یاسـادا ڕووندەکاتـەوە، سـەرنجبدە کـە چـۆن فیقـه دراوەتە پاڵ قورئـان و سـوننەت وەك بەشـێك لـە (وەحـی) کـە ئەمـەش وردەکـاری کەمی تێداکراوە.

نەخشەی ٣-٢: ئەم نەخشەیە ئەو ڕێگایانە بە ڕوونی نیشـاندەدات کـە جەنگـەکانی سەدەی یەکەمی کۆچی (حەوتەمی زایینی) پیایاندا ڕۆیشتوون.

– هێڵکاریی ٣–٣ خشتەیەك کە پوختەی (سەرچاوەکانی تەشریع) دەخاتەڕوو بەو وەسفە کە (نیشانەکانی پۆلێنکردنن) بۆ جیاکاری کردن لە نێوان مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامیدا. ئەم شێوازە لە پۆلێنکردن بە سنورداری لە لایەنی زۆردا وەسفدەکرێ، بۆ نمونە تاکلایەنی ڕەهەند و گشتاندنی زیادەڕەو.

– هێڵکاریی ٣–٤: زنجیرەی ئەو قوتابیانەی کە بە تێپەڕبوونی کات مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامییان پێکهێناوە، سەرەتا لە ژمارەیەك هاوەڵی هەڵبژاردەوە، کۆتاییەکەی بە ژمارەیەکی هەڵبژاردە لە ئوسوڵییەکان.

– هێڵکاریی ٤–١: (بەڵگەکان) پۆلێنکراون بەپێی بەهەندگرتنیان (وەك پرەنسیپ) لای هەموو مەزهەبە فیقهییەکان.

– هێڵکاریی ٤–٢: پۆلێنکردنی ڕیوایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەپێی پلەی راست و دروستییان.

– هێڵکاریی ٤–٣: پۆلێنکردنی ئەو پەیوەندییانە کە لە نێوان فەرموودەو قورئانی پیرۆزدا دروست دەبن.

– هێڵکاریی ٤–٤: پۆلێنکردنی کردەوەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەو ڕووەوە کە تەشریعن یان تەشریع نین.

– هێڵکاریی ٤–٥ پۆلێنکردنی ڕیوایەتەکانی فەرموودەی پیرۆز لە ڕووی ژمارەی گێڕەرەوەکانیانەوە.

– هێڵکاریی ٤–٦: مەرجەکانی راستێتی فەرموودەی ئاحاد لای فەرموودەناسانی پێشینە.

– هێڵکاریی ٤–٧: هەڵوێستی هەندی لە مەزهەبە فیقهییەکان لەسەر فەرموودەی مورسەل.

– هێڵکاریی ٤–٨: لەفزەکان لە ڕووی ڕوونییان، واتاکەیان، گشتگیریانەوە.

– هێڵکاریی ٤–٩: پۆلێنکردنی لەفزە ڕوون و ناڕوونەکان.

- هێڵکاریی ٤-١٠: پۆلێنکردنی لەفزە ڕوونەکان لە ڕووی توانابوون لەسەر تایبەتکردن و لێکدانەوەو هەڵوەشاندنەوەی.

- هێڵکاریی ٤-١١: پۆلێنکردنی جۆرەکانی لەفزە ناڕوونەکان، بەپێی هۆکاری ناڕوونییان.

شێوەی ٤-١٢: واتای خوازراو لە لەفزەکاندا لای حەنەفییەکان.

- هێڵکاریی ٤-١٣: چەمکی واتا داواکراوەکان لای مەزهەبی شافیعی.

- هێڵکاریی ٤-١٤: جۆرەکانی واتای پێچەوانە.

- هێڵکاریی ٤-١٥: پۆلێنکردنی لەفزەکان لە ڕووی تەوەرەیانەوە.

- هێڵکاریی ٤-١٦: ڕا جیاوازی دەربارەی پەیوەندی لە نێوان فەرموودەی ئاحاد و ئایەتێك کە لەفزەکەی گشتییە.

- هێڵکاریی ٤-١٧: ڕا جیاوازەکان دەربارەی لەفزی ڕەها لە بەرانبەر لەفزی سنوردارکراو.

- هێڵکاریی ٤-١٨: پۆلێنکردنی مەعریفە لە فەلسەفەی ئیسلامیدا.

- هێڵکاریی ٤-١٩: پۆلێنکردنی لەفزەکان لە فەلسەفەی ئیسلامیدا.

هێڵکاری ٤-٢٠: هەندێ لە ڕا جیاوازەکان کە لەبارەی پێناسەی (کۆدەنگیی)ەوە دابەشبوون.

هێڵکاری ٤-٢١: بەراورد لە نێوان هەندێ لە ڕاکاندا دەبارەی مەرجەکانی موجتەهید کە کۆدەنگیی گرتوویەتییەوە.

- هێڵکاریی ٤-٢٢: ڕای جیاواز لە دەربارەی حوجییەتی پێوانەگیریی.

- هێڵکاریی ٤-٢٣: (أ) چوار بەشەکەی پێوانەگیریی، (ب) چۆنێتی ئاوێتەبوون و کارلێکی بەشەکان لە پرۆسەی پێوانەگیریی دا.

- هێڵکاریی٤-٢٤: چوار جۆرەکە بۆ وەسفی گونجاو.

- هێڵکاریی٤-٢٥: ڕێکارە ڕەاڵەتییەکانی پێوانەگیریی.

- هێڵکـــاریی٤-٢٦: پـــۆلێنکردنی بەرژەوەندییـــەکان لـــە ڕووی باســـکردنی (دەقاودەق)یان لە دەقەکاندا.

هێڵکلریی٤-٢٧: ڕا جیاوازەکان لەبارەی بەرژەوەندی ڕەهاوە.

- هێڵکاریی ٤-٢٨: جیاوازی ڕاکان لەبارەی بە چاکزانین.

- هێڵکاریی ٤-٢٩: حوکمدان لەسەر مەسـەلەیەکی دیـاریکراو بـەپێی ڕێسـایەك کـە جیاوازە لەو بنەمایەی حکم لەسەر حاڵەتە وێکچووەکان دەدات.

- هێڵکاریی: ٤-٣٠: پۆلێنکردنی بنەماکانی بەچاکزانین.

- هێڵکاریی ٤-٣١: جیاوازی ڕایەکان لەسەر داخستنی بەهانەکان.

- هێڵکـاریی٤-٣٢: چـوار جـۆر لـە ئەگـەرەکان لای ئـەو فیقهناسـانە کـە کـار بـە داخستنی بەهانەکان دەکەن.

- هێڵکاریی٤-٣٣: جیاوازی ڕاکان دەربارەی شەرعی ئوممەتانی پێش ئێمە.

- هێڵکاریی٤-٣٤: جیاوازی ڕاکان لەسەر حوجییەتی ڕای هاوەڵ.

- هێڵکاریی٤-٣٥: ڕا جیاوازی دەربارەی کاری خەڵکی مەدینە.

- هێڵکاریی٤-٣٦: ڕاجیاوازی دەربارەی بەڵگەی عورف.

- هێڵکاریی ٤-٣٧: تێڕوانینێکی گشتی بـۆ ڕیزبەنـدی بەڵگـە جـۆراو جۆرەکـان لـە هەموو مەزهەبەکانـدا. - هێڵکـاریی ٤-٣٨: پـۆلێنکردنی حوکمـە شـەرعییەکان بـۆ حوکمی تەکلیفی و حوکمی وەزعی.

- هێڵکاریی ٤-٣٩: جیـاوازی ڕاکـان لـەبارەی پلـەکان و پایـەکانی بەرپرسـێتی لـە حوکمە شەرعییەکاندا.

- هێڵکاریی ٤-٤٠: دابەشکارییەکانی فەرز.

- هێڵکاریی ٤-٤١ پۆلێنکردنی حەنەفییەکان بۆ پلەکانی فەرزبوون و قەدەغەکردن بەپێی بەڵگەی (گومانبڕ).

– هێڵکــاریی ٤–٤٢: پــۆلێنکردنی فیقهناســان بــۆ شایســتەیی شــەرعی بــەپێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆیی

(هێڵکارییەکەش ئەوەیە کە لـە کتێبـی–أصـول التشـریع الآسـلامی–مامۆسـتا علـی حسب الله دا هاتووە).

خشــتەی٥–١: پوختــەی ئــەو دەســتەواژانە کــە لــە پــۆلێنکردنی (ئایــدیۆلۆژیا ئیسلامییەکان) دا بەکارهێنراون.

– هێڵکاریی ٥–٢: بەڵگەکان لـەم دابەشـکردنە بـاوەدا دابـەش دەبـن بـۆ دوو جـۆر، بەڵگەیەکی ڕاست کە پێی دەوترێ حوججە، وە بەڵگەیەکی ناڕاست کە پێی دەوترێ ناڕەوا.

– هێڵکاریی ٥–٣: بۆ خۆشی پلەیـەکی مامناوەنـدە لـە حوجییـەت کـە لـە هەنـدێ حوکمی شەرعیدا دەردەکەوێت.

– هێڵکاریی ٥–٤: لێکدانەوە بریتییە لە پلەیەکی حوجییەت لە نێوان حوججـەو بـۆ خۆشی دا.

– هێڵکاریی ٥–٥: (شتێکی تێدایە) پلەیەکی حوجییەتی کەموکورتـە لـە نێـوان بـۆ خۆشی و ناڕەوادایە.

– هێڵکاریی ٥–٦: ئەم کتێبە بە مەبەستی شیکردنەوەی پێنج ئاستی تر لە ئاسـتە زیادکراوەکانی حوجییەت دەخاتەڕوو کە لە نێوان (حوججە) و (ناڕەوا) دان.

– هێڵکاریی ٥–٧: دەسـتەیەکی فـرە بـەها بـۆ حوجییـەت، لـە حوججـەوە دەسـت پێدەکات و لە ناڕەوادا تەواو دەبێت.

– هێڵکاریی–٨: دەستەیەکی درێژبووەوە لە سەرچاوەکانی تەئریع بـەپێی هـەردوو ڕەهەند یان هەردوو تەوەرەی شارەزایی مرۆیی لە بەرانبەر وەحییەوە.

– هێڵکاریی–٩: شێوەیەکی ڕوونکردنەوەی دوو ڕەهەندی بۆ باری ئاراستە پێشنیارکراوەکان و پەیوەندییان بە سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلامی لە بەرانبەر (پلەی حوجییەت)ەوە.

– هێڵکاریی ٥–١٠: ئاراستە تەقلیدییەکان لە ڕووی ئەو ڕەوتانەوە کە پشکیان هەیە تیایاندا.

– هێڵکاریی ٥–١١: ئاراستەکانی مۆدێرنەلە ڕووی ئەو لقانەوە کە پشکیان هەیە تیایدا.

– هێڵکاریی ٥–١٢: ئاراستەی پۆست مۆدێرنە لە ڕووی ڕەوتە هاوبەشەکان لە پێکهاتنیدا.

هێڵکاری٦–١: فیقه و بەشێك لە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە لێرەدا لە پۆلێنکردنی (وەحی)یەوە گوازراونەتەوە چونکە گوزارشت لە (پەیپێبردنی مرۆیی بۆ وەحی) دەکەن.

– هێڵکاریی ٦–٢: بینینی جیهان لای فیقهناس فاکتەرێکی سەرەکییە لە تێڕوانینی فیقهدا.

– هێڵکاریی ٦–٣: بەڵگە فیقهییەکان بە کلاسیکی دابەش دەبن بۆ (گومانبڕ) و (گوماناویی).

– هێڵکاریی ٦–٤: کاتێك بەڵگەکە گومانبڕی سەلمێنراو و گومانبڕی بەڵگەی مانایی بێت ئەوا دەبێتە (بنەمایەکی سەرەکی لە ئایندا و نکوڵی لێناکرێ.

شێوەی ٦–٥: یەقین/ئەگەر زیاد دەکات (بە زیادکردنێکی ناهێڵی)بەپێی ژمارەی بەڵگە بەردەستەکان.

– هێڵکاریی ٦–٦: ئەو جیاوازییەی کە لە سیفەتەکاندا بەپێی ڕەهەندێك دەکرێ بە هەتا هەتایی دژ نەبێت لەگەڵ ڕەهەندێکی تردا کە پەیوەندی بە مەبەستەکانەوە هەبێت.

- هێڵکـاریی ٦-٧: ئـەم شـێوەیە واتـای مەبەسـت دەخاتـە سـەر واتاکـان و مانـا متمانەپێکراوەکان، ئیتر مەودای لەپێشتری ئەوا پشت دەبەستێ لەسـەر گرنگێتـی مەبەستەکە کە دەقەکە ئاماژەی پێدەدات.

- هێڵکاریی٦-٨: پۆلێنکردنی بەرژەوەندییەکان لە ڕووی گونجاندن یان دژایەتییان لەگەڵ مەبەستی دەقەکان.

- هێڵکـاریی ٦-٩: ئاسـتی مەبەسـتەکان و ئـەوەی کـە لـە بەرانبەریانەوەیـە لـە فرەجۆری هۆکارەکان، وەها کە قەرافی دەڵێ.

- هێڵکـاریی ٦-١٠: شـەبەنگێ لـە لـە ئاسـتەکان لـە نێـوان مەبەسـتە چاکەکان و هۆکـارە خوازراوەکـانی لـە لایەکـەوە، وە نێـوان مەبەسـتە خراپـەکان و و هۆکـارە حەرامەکانی لە لایەکی ترەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە پێشکەشکردنی دیدێکی رشتەبەندیی (منظومي)، ئەویش بە مەبەستی دارشتنی فەلسەفەی تەشریعی ئیسلامی کە لە پێگەی مەبەستەکانی شەریعەتەوە هەنگاو هەڵدەگرێ، نوسەر وادەبینێ بۆ ئەوەی حوکمە ئیسلامییەکان مەبەستەکانی خۆیان لە دادپەروەریی و یەکسانیی و مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدان و باشی پەیوەندییەکان لەسەر ئاستی جیهانی هاوچەرخ بپێکن و جێبەجێ بکرێن، ئەوا دەبێت مەبەستەکانی شەریعەت بە هەند بگیرێن و حیسابی جیددییان بۆ بکەین، چونکە مەبەستی خودای گەورەیان تێدایە، هەروەها ناوەرۆکی ڕەوشتی شەریعەتیان تێدایە، کە ئەم دووانە دڵ و بناغەی تەشریعی ئیسلامین. دکتۆر عەودە شێوازێکی نوێ لە شیکردنەوەو پۆلێنکردن و جیاکردنەوە پیادە دەکات کە سود لە روخسارە گونجاوەکانی تیۆری رشتەبەندیی وەردەگرێ، وەك گشتگیریی، فرەیی رەهەندەکان، کرانەوە، سروشتی مەعریفی و مەبەستداریی رشتەبەندییەکان بە شێوەیەکی تایبەت.




نرخ (١٠٠٠٠) دینار